# ڕەوسەی تەمەن

## ١٩٨٥ – ٢٠١٥

**ئەسعەد عەدۆ**

هەولێر – کوردستان
٢٠١٥

## ناسنامەی کتێب

کتێب : رەوسەی تەمەن

نووسینی : ئەسعەد عەدۆ

دیزاینی بەرگ و ناوەوە : کۆمپیوتەری هیوا

تیراژ : ٥٠٠ دانە

چاپی یەکەم / هەولێر ٢٠١٥ .

ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە (      )ی سالّی ٢٠١٥ی پێدراوە

## بۆ مێژوو دەیڵێم :

**وەفادارییەك ....**

**شەونخونی هێندە ساڵەم لە نێوان (١٩٨٥-٢٠١٥) بۆ نووسینەوەو بەرهەمهێنانی ئەم بەرهەمە دەکەمە ملوانەیەکی وەفاداری بە گەردنی برای ئازیز و بەوەفا و خۆشەویستم کاك خالد خۆشناو (خاوەنی هێمن گرووپ) دەکەم کە لە ژیاندا خۆم بە قەرزاری دەزانم و منەتباریمە....**

**ئەسعەد عەدۆ**

# عەدۆ
# ستوونووسێکی شیرینزمان

قسەکردن لەسەر (ستوون)ی رۆژنامەوانی، قسە کردنێکە لەسەر ناساندنو زۆر ناچێتە نێو چوارچێوەو شیکردنەوەی بابەتەکانەوە، بۆیە قسە کردن لەسەر بابەتەکانی ئەم پەرتووکە، لەسێ ڕەهەندەوە بایەخو گرینگی تایبەت بەخۆیان هەیە کە دەشێت لەم چەند دێرەی خوارەوە هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت.

زمانی (ئەسعەد عەدۆ) زمانێکی خوماڵیانەیە کەشیرینی چیرۆکەکانی بەر ئاگردانیان لەدەست نەداوە، زمانێکە دەمانگێڕێتەوە بەرەو قووڵایی ئەو زمانەی کە تاوەکو ئێستایشی لەگەڵدا بێت نەتوانراوە بەستاندارد بکرێت. شیرینیی زمانی عەدۆ وامان لێ دەکات کە واز لەو نووسینە ستوون ئاساییەی نەهێنینو بەبزەوە ئەو جیدییەتە وەربگرین کە لە کرۆکیاندا خۆیان مەلاس داوە، ئەمەیش هونەرکارییەکی تایبەتە لە گۆشە یا ستوونووسینی ئەم نووسەرە.

تایبەتمەندییەکی دیکە لەوردە بابەتەکانی عەدۆ، باسکردنی کێشەکانی رۆژانەیە بەو زمانەی کەدەشێت بڵێین زمانێکی هەم رەخنە گێڕانەیە

لەئێستاو هەم زمانێکی بنیاتنەرە لەسەر رابردوو، بۆیە ئەسعەد عەدۆ میانرۆیانە لەگەڵ پرسەکانی رۆژدا رێ تەی دەکاتو خوازیاری ئەوەیش نییە بەگۆترە بەسەریاندا تێپەڕێت، چونکە لەبنەڕەتدا عەدۆ سازشکار نییە لەسەر لاریو چەوتییەکانی کۆمەڵگە.

نووسین هێندەی کەئەرك و بەرپرسیارییەتی لەسەر شانی نووسەر دروست دەکات، هێندە ئەو چێژەی پێنابەخشێت کە دەشێت لە بەرهەمێکی نووسینیدا هەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لەنووسینەکانی عەدۆدا هەردوو لایەن لەسەر خودی خوێنەر خۆیان بەرجەستە دەکەن، بەو پێیەی کەهەم ئەو رۆحە بەرپرسیارەتییەی تێدا دروست دەکەن کە نووسەر پەی پێ بردووەو هەم تێهەڵکێشی زمانە پەند ناساو خۆماڵییەکەی عەدۆ وا دەکات کە پیاو لەخوێندنەوەی ستوونەکانی بەردەوام بێتو چێژیان لێ وەرگرێت.

**جەواد قادر**

# له نێوان عەلی حەریری و عەلی عاشق دا

بە هۆی ژێردەستی سەدان ساڵەی میللەتەکەمان و نەبوونی کیانێکی نەتەوەیی دەسەڵاتدار لەسەر خاك و میللەتی مشەخت، هەروەها درێغی نەکردنی دوژمنان لە پێشێلکردنی کەلەپوورو لێڵکردنی مێژووی ئەدبیاتی نەتەوەکەمان .. ئەمانە هەمووی بوەتە هۆی شێواندنی روخساری رەسەنایەتیمان .

ئەگەر سەرنج بدەینە دیوانی شاعیرە کلاسیکەکانمان، گەلێجار شیعری شاعیرێکی دیکە لە دووتوۆی کتێبی شاعیرێکی دیکە خۆی دەدۆزێتەوە، بەڵام هەندێکجار لێکۆڵەوەران زیرەکانە دەیپێکن وەك بلێی داوەموویێك لە نێو ماستدا دەردێنن، ئەوجۆرە هەلانە دەدۆزنەوەو بە چەندان بەلگەو مۆرکی تایبەتی .. شیعرەکان بەرەو خاوەنی خۆی دەگەڕێننەوە، مەسەلەی شیعرەکەی ئەسیری (کوردە دەزانی لە کوێ ساکنە قەومانی تۆ ★) شاهێدی ئەم قسەیەمانە .

دڵنیاشم تا ئێستا (دە)یان، شیعری دیکەش چاوەڕوانی هەڵمەتی لێکۆڵەوەرانە، ئەگەر بارودۆخی میللەتیش بەرەوباشتر بچێ ئەوە بێگومان ئەوجۆرە کارانە بە پووختەیی ئەنجام دەدرێ .

هەوێنی نووسینی ئەم چەند دێرە .. شیعرێکە بە ناوی (بەخێرهاتی پەریزادە) دوورنیە کەسانی دیکە لەسەر ئەو مەسەلەیە نووسینیان بلاوکردبێتەوە، بەڵام نەمبینیوە! مامۆستا صادق بەهادین خوای لێخۆشبێ لە کتێبە بەنرخەکەیدا (هۆزانڤانیت کوردی) باسی پایەو مەنزلەتی عەلی

حــەریری * شــاعیر دەکــات و ئــەم شــیعرە ناســکەی خــوارەوەی وەك نموونــە بلاَوکردۆتەوە :

پەریزادە تو  وا هاتی
لەسەر چاڤێن دە من شالا
مە لەو زانی تو وا هاتی
ژ دەنگێ تەوق و خرخالا

ژ دەنگێ بازن و زەندا
نەما عەقلێ عەقلمەندا
هەندی من گوت سی و چەندا
تو چێتر بوی ژ هەڤالا
تو چێتر بوی ژ لەیلایێ
شیرینتر بوی ژ زولەیخایێ
مەم و زین هەردو یەك تایێ
سیا زولفێ کرم تالا

سیا زولفێ تو ناترسی
ژ ئەحوالی مە ناپرسی
مبارك بیت تە ئەو کورسی
تو روینی گوە دە عەبدالا

تو روینی گوە بدە بەیتێ
ل پیشی تو وەکی زەیتێ
د سۆژیت مەجلسا مەی تێ
وەکی پویشی ل کەندالا

وەکی تە ڤنوس بی پەروانم
حەزینم ئەز قەت تیر نابم
ژ دیدارا خەت و خالا

لدیدار تە ئەز زینکەم
هەتا کەنگی روح تی نەکەم
کەسەر بوم جالاکی بینکەم
خودانا تیت و دەسمالا

خودانا تیت و جەبهەت بی
خەراج و ئەردو قیمەت بی
دیدار تە ب قیمەت بی
ل عیدو جەژن و سەر سالا

ئەول کارو کەسێ من توی
یەقین فرنا دەرسی من توی
ل زیرومال و پر نالا

ل زیرومال و پر رەنجم
کەسادم صاحبم گەنجم
ل باژیرا گوهەر سەنچم
سەفەر دویرە هەتا مالا

سەفەر دویرە شەبی تاری
ئەی عەلی و تو پر رایی
دابکەین زکری جەباری
بەلکی ل مە خوشبت شالا

کەچی لە کاتی خۆیدا * بینەرێکی بەرنامەی (لەکەلەپوورەوە *) ئەم شیعرەی بە شێوە بە لەزەتەکەی موکریان بۆ ناردوین ئێمەیش لە ئەلقەی (٣٣) شەوی دوو شەممە رێکەوتی ١٩٨٨/١٢/١١ بلاومانکردۆتەوە، گوایە ئەم شیعرە .. شیعری عەلی عاشقی * شاعیری ناوچەی موکریانە .

دەگێڕنەوە کە لە کاتی خۆیدا ئەو عەلی عاشقەو سەیی عەلی ناوێک ئاشقی خانزادە خانی سۆران دەبن! کاتێ ئەم هەواڵە دەگاتە خانزادی هەریرو هەریر بەگیان .. بانگیان دەکات و لەسەر کانیاوی هەریر رادەوەستێ و پێیان دەڵێ : فرمێسکی کامەتان تێکەڵ بە ئاوی ئەم کانیە نەبێ .. عیشقی ئەو ڕاسترەو بۆ ئەو دەبم!

لە ئەنجامدا عەلی عاشق گرەوەکە دەباتەوە، لە شەوی بەزاوابوونیدا دەچێتە ژێر پەردەی بووکینی و شیعرەکەی بۆ خاتوو خانزادەخان دەڵێ و لە سۆزی عیشقیدا قەقنەس ئاسا دەسووتێ! هەر چەندە لە نووسینێکمدا لە ژێر ناونیشانی (ئایا خانزاد مێردی کردوە؟) * بە چەند بەڵگەیەك بە بۆچوونی خۆم گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە کە خانزاد لە ژیانیدا شووی نەکردوە، ئەگەر ئەو سەربردە سەر زارەکیەی عەلی عاشق و خانزاد ڕاستیش بێت هیچ گۆڕانێك ناکاتە سەر نووسینەکەی ئێمە چونکە ئەنجام ئەو مێردەیش نەگەیشتۆتە سەرجێگاوباڵینگانی میر خانزاد .

بەخێرهاتی پەریزادە .. بەسەر چاوی دەمن شالاٚن
بەچیمزانی کە تۆ هاتی .. بە دەنگی تەوق و خرخالاٚن
بە دەنگی بازن و بەندان .. نەتهێشت عەقلی عەقلمەندان
چەندی دەلێم هەزارهەندان .. تۆم چاتری لە هەوالاٚن
تۆم چاتری لە لەیلایێ .. شیرینتری لە زلێخایێ
مەم وزین هەردوو یەکتایێ .. بەوان زولفان دەمکەن تالاٚن
سیاه زولفی تۆ ناترسی .. لەمەو ئەحوالٚمان ناپرسی
موبارەك بۆ تۆ ئەو کورسی .. ڕونیش گوێ بدێرە عەبدالاٚن
ڕونیش گوێ بدێرە وی بەیتێ ..دوج هەش مەشعەلا زەیتێ
دەسوتێن مەجلیسی مەی تێ .. وەکو پووشی لە کەندالاٚن
ئەگەر قەقنەس نەپەروابم .. ببڕن سەرم جودا نابم
وەز خەزێمم قەت تێر نابم .. لە دیداری خەت و خالاٚن
لە دیدارت ئەز تو ژینکەم .. ئەگەر مردم روحم تینکەم
بەحەسرەت جارەکێت بۆنکەم .. خودانێ چیتو دەسمالاٚن
خودانێ چیتو جەبهەت بێ .. خەراجی ئەرزت قیمەت بێ
دیداری تۆم بە قیسمەت بێ .. لە عیدو جەژنی سەرسالاٚن
ئەوان عیدو ئەوانی من .. عەزیزو نێوجەوانی من
دوڕی قیمەتگرانی من .. سەروماڵم چوون بە تالاٚن

ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەرۆکی هەردوو دەقە شیعریەکە، جیاوازی ★ مانایان نیە، وەك بلێی یەك شیعرەو بە دوو شێوە زمان لەلایەن یەك شاعیر گوتراوە .. کە ئەمەیان مەحاڵە! یان شاعیرێکی دیکە کاتێ ئەم شیعرەی بینیوە ئەو دەسکارییەی کردوە .. لەم حاڵەتەدا دەبێ ئەو شاعیرە ئەو

شێوەزوبانە کە شیعرەکەی پێ نووسراوەتەوە  بە جوانی شارەزایی هەبووبێ .

ئەگەر ئەو عەلی شاعیرە خەڵکی حەریری لەمەڕ خانزادەخان بوایە، کارەکە ئەستەمێکی پێوە دیار نەدەبوو، بەڵام  خەڵکی حەریری سەر بە شەمدینانە، ئا لێرەدا  کارەکەمان  ئاڵۆز دەبێ چونکە دووری جوگرافیا لە نێوان موکریان و شەمدینان و نەبوونی هۆی گواستنەوە لەو سەردەمدا، دەورێکی کاریگەری لەفێربوونی شێوە زماندا هەیە، تا ئێستاش زۆربەی ئەدیب و رۆشنبیران بە ئەستەم لە شێوە کرمانجی سەروو دەگەن .

ئەگەر بە وردی سەیری شیعرەکەی لەمەڕ عەلی عاشق بکەین لە وشەو پەیڤی هەردوو شێوە بەدەر نیە، ئەوەتە چەندان وشەی ناوچەی موکریانی تێدا هەیە وەك : (دەمن، یەکتا، نەپەروابم، نێوجەوان، چوون) هەروەها چەند پەیڤی کرمانجی سەروو تێدا بەدی دەکرێ وەکو : (ڕونیش، وێ، تێ، وەز، ئەز، عید) بە تایبەتی پەیڤی (وێ) لە لای  هەموو کرمانجێکی خواروو رۆژهەڵات  بەکار نایەت چونکە دەست نیشانکردنی (مێینەیە) کە لە نێو ئێمەدا بەکار نەهاتووەو نایەت .

بە مەزندەی من ئەم شیعرە ناسك و تەڕەی عەلی حەریری بە هۆی فەقێیەکان لە نێو کۆڕی شاعیرو ئەدیبان و خاناقاکانی کوردستان بڵاوبۆتەوە، سەرنجی ئەو رۆشنبیرانەی ڕاکێشاوە و کەوتۆتە سەر زاری ئەو خەڵکەو بە درێژایی ئەو ماوەیە شێوەی ئێستای بەخۆ وەرگرتوە، کەچی لاوك ئاسایی بنچینەیی کرمانجی سەرووی هەر پێوەدیارە، لاوکیش لە منداڵدانی ناوچەی شێوە کرمانجی سەروو لە دایك بوە، بەڵام بە هۆی  هاتوچۆی هەردوولا هەروەها دەوری دیوەخانەکانی پیاوماقوڵانی کورد بوەتە هۆی بڵاوبوونەوەی لە نێو ئێمەدا، لە ئەنجامدا ئەو ئالوگۆڕیەی بەسەریدا هاتوە بەڵام شێوە ڕەسەنەکەی هەر پێوە دیارە .

هەر چەندە ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ .. منیش بە خۆزگەی ئەوەم ئەم چەند دێرە ببێتە کلیلی دەرگای ئەمجۆرە لێکۆڵینەوەیە .

## پەراوێز

١- لە کاتی خۆیدا ئەم شیعرەی ئەسیری لە گەڵ دیوانی حاجی قادری کۆیی چاپکراوە .
٢- عەلی حەریری لە نێوان ساڵانی ١٠٠٩ – ١٠٧٩ ژیاوە، بەڵام تا ئێستا ڕوون نەبوتەوە ئایا خەڵکی دێرە حەریری هەولێرە یان حەریری نزیك شەمدینان لە ولایەتی هەکاری .
٣- بنەماڵەی شێخ جەعفەر سەیید حەسەن بەرزنجی بۆم هاتوە .
٤- بەرنامەی تەلەفزیۆنی (لەکەلەپوورەوە)ئەلقەی یەکەمی لە ١٩٨٧/٥/١٣ لە تەلەفزیۆنی ئێراق کەناڵی کوردی لە ئامادەکردن و پێشکێشکردنی ئەسعەد عەدۆ . (٨٣) ئەلقەی پێشکێشکرا .. دووا ئەلقەی لە ١٩٩١/١/٢ نیشاندراوە، دوا بە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکە لە تەلەفزیۆنی کوردستان کەناڵی هەولیر، سلێمانی، دهۆك لە شەوی ١٩٩٢/٧/١ بۆ جاری دووەم هەفتانە سەری هەڵداو (١١) ئەلقەی پێشکێشکرا کە دوا ئەلقەی لە شەوی ١٩٩٢/٩/١٦ نیشاندرا .
٥- لە مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا سەجادی نێوی هاتوە .
٦- بڕوانە گۆڤاری کاروان ژمارە (٧٦) لاپەڕە (٥٥) .
٧- سێ کۆپلەی دوایی لە دەقەکەی عەلی عاشقدا نیە .

| دەقی عەلی عاشق | دەقی عەلی حەریری |
| --- | --- |
| هەزارهەندان | سی و چەندان |
| دوج هەش مەشعەلا زەیتێ | لە پێشی توو وەکی زەیتێ |
| قەقنەس | تەڤ نووس |
| خەزێمم | حەزینم |

---

ئەم نووسینە لە ژمارە (١٥٨٨)لە ١٩٩٣ /٣/٦ ڕۆژنامەی برایەتی بڵاوبوەتەوە .

# هەڵەبجە لە نێو دڵی کوڕە کرمانجێکدا

یادی شەهیدبوونی شاری شاعیران یادێکی یەکجار تفت و تاڵ و دژوارە، هەر بەم بۆنەیەوە سەرگوزشتەیەکی تەمەن (٣٥) ساڵەتان بۆ دەگێڕمەوە چونکە دەمێکە لەبن پەڕەی دڵی کوڕە دەشتەکیەك حەشاردراوە .

گوندەکەمان وای لە ئێمەمانان دەکرد کە هەردەم خولیای خۆڵ و گوفەکەکەیشی بین، ئەوەتە سەرەتای ئەو سەرگوزشتەم لەسەر گوفەکی گوندەکەمان دەست پێ دەکا .. بۆ یەکەمجار بوو لە ژیانمدا ئەوجۆرە خەڵکەم بینی، لە جیاتی جامانی مشکییان لەسەر نابوو .. جلوبەرگی ئەو دوو پیاوە، وەکو جلوبەرگی وڵاتی ئێمە نەبوو چاکم وەبیرە لەوکاتەی لەلای گردی گوندەکەمان بەرەو گەڕەکی ئێمە شۆڕ دەبوونەوەو دەیانگووت : (بنیشت بە پەڕۆ .. هەی مڵاك .. هەی مڵاك) لەوساتەوە ئەوانەم خۆشویست، وڵاتی ئەوانەم کەوتە بەردڵان .

خۆزگەی ئەوەم دەخواست گەورە بم بۆ ئەوەی سەردانی ئەو وڵاتە ئەفسوناویە بکەم کە ئەو دوو پیاوەی لێ هاتۆتە وراتی ئێمە چونکە گەڵێك بە بەژن و باڵای نەشمیلانی خۆیان هەڵدەدا، باسی ناندەری و میوان راگری خۆیان دەکرد زۆر بەرێزەوە باسی وراتی خۆیان بۆ دەکردین، لە ناخەوە حەزم دەکرد ئەو شێوە ئاخاوتنەیان فێربم بۆ ئەوەی زیاتر لێیان نزیك ببمەوە .. ئەوان بەرەو هەواری خۆیان شوونەوە .. هێندەی نەبرد هاتنەوە...

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئە بەرەبابەم لە پێش چاوان لێوون بوون، مەودایەك کەوتەنێوانمان .. جارجار پێشمەرگەیەکی گوندەکەمان لەکاتی سەرەداندا وەك بڵێی چوەتە وراتێکی دوور گەڵێك دوور

.. باس ئەو خەڵکانەی بۆ دەکردین کە هاتونەتە گوندەکەمان .. دەستی ئەشەهەدوبیلایان بۆ لە سینك دەدان کە راستە وراتێکی جوان و خەڵکێکی باشن .. زیاتر سۆزی غوربەتیم بۆیان هەڵدەستا، گەورەش بووم وراتی کوردستانم پشکنی : شنگال گەڕام .. سەردانی زاخۆم کردو پێدا هاتمە خوارێ بۆ ئامێدی و بلێ و بارزان بەرەو سلال هەڵکشام چوومە گوندی کیژجوانان، چوومە ناوچەی دلفرێن .. ئاوی سازوناسازی کوردستانم خواردەوە، بە خزمەت کاکە ئەحمەدی شێخ گەیشتم کەچی خوای گەورە نەیکردە نەسیب بەرەو عەبابەیلێ و شاری شاعیران و شاری شەهیدی کوردستان و دەستە خوشکی قەڵادزێ، هەڵەبجەی کارەسات و دڵتەزێن و خەڵکی دەربەدەری ببینم، لێمبوو بەدیدارحەزرەت، کەسەرێکە لە گەڵ خۆمدا دەچێتە ژێرگڵ، بەڵام لەوکاتەی هەواڵی شەهیدبوون و کاولکردنی هەلەبجە کەوتە سەرزاران، بۆ جیهان و خەڵکی کوردستان کارەسات بوو، کەچی ئێستایش نازانم بۆ منی دیدار حەزرەتی هەلەبجە چۆنە؟ هەر بۆیە لەکاتی رەوکردنی خەڵکی مشەختی هەلەبجە بۆ کاولە هەولێر .. شەرمم لەخۆ دەکردەوە نەوەك چاوم بە چاوی ئەوخەڵکە بکەوێ و گلەیی ئەوەم لێبکەن کە بۆ تا شەهیدبوونی هەلەبجە سەردانیت نەکردین و گوێت بە *هۆرەیەك* یان *سیاچەمانە* نەزرنگێتەوە، ئەوکات دەتزانی هەلەبجەی کوردستان چ جەماڵێکی ئەفسوناوی هەبوو .

بەڵێ لە گەڵ بیرەوەری پێنجەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی هەلەبجە گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە هەلەبجەی کورد لەسەر زەمیندا نموونەی نیەو خەڵکی هەلەبجەیش بەرامبەر کەس راناگیرێن .

---

* لە برایەتی ژمارە ( ١٥٩٧ ) رۆژی ١٩٩٣/٣/١٦ بڵاوبۆتەوە .

# مەبەستی دوورو نزیکمانە کوردایەتی رێ نیشاندەری کاروانمانە پارتایەتی *

بە ناشوکری نەبێ بارودۆخی ئەم میللەتە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتیەوە هێندە ئاڵۆزو نائەموار بووە ئیللاّماشاللاّ! ئەوەتە لە رۆژی سەرهەڵدانیدا یان باشتر وایە بڵێم لە ١٦/ئاب/١٩٤٦ خودی سەرۆکی نەمر نەیتوانی بەشداری تێدا بکات، ئەگەر بە هۆی بەرگریکردن لە نۆبەرە *کۆماری مەهاباد* بووبێ یان لە دوواییدا دەربەدەری و پەڕاگەندەیی دوازدە ساڵەی *دووره وڵات*، واتە دوای ئەو هەموو ژان و ناسوورە لە ساڵی ١٩٥٩ دیدەی ئەندامانی کۆنگرەی *چوار* لە شاری بەغدا بە ئامادەبوونی سەرەوەری شەهیدان گەشایەوە .. ئینجا کۆنگرەکانی دیکە بە تایبەتی کۆنگرەی هەشتەمی *ناوپردان* کە تا دنیا ماوە سەدای لە گوێچکما دەزرنگێتەوە .

دوا بە دوای ئەوە لە کۆسکەوتووی میللەتەکەمان ئەمجارەیان ئەستووندی رەشماڵی نەتەوەی کورد شکا.. ئەوە بوو بارزانی باوك و سەرکردەی هەمیشەیی لە کۆنگرەی *نۆیەم* وەك جەستە بەشدار نەبوو! جارێکی دیکە کەسەری بەشدارنەبوونی ئیدریسی جوانەمەرگ لە کۆنگرەی *دەیەم* سەرهەڵدانی ناسوورێکی دیکەی کورد و پارتی بوو، ئیدی ئەوەیە دنیای فانی .

دوای راپەڕینی سەرتاسەری خەڵکانێکی زۆر دەتوانین بڵێین بە لێشاو بەرەو رێکخستنی پارتیمان چوون .. دەبوایە *ئیستیعاب* بکرێن، بەڵێ کورگەلانی زەمانی زوو دەست لە نێو دەستی خوشکانی *لەیلا قاسم* بە ژمارەیەکی زێدە بوونە جەماوەری پارتی، بۆ ئەوەی ئەو جەماوەرە بە رێکوپێکی تەنزیم بکرێن .. سەرکردایەتی بیری لەوە کردەوە کە چەند زووە کۆنگرەی *یازدەمین* ببەستێ، ئەوەتە لەسەر خێران بڕیاری بۆ درا بۆیە پێشەکی دەڵێم : کۆنگرەمان پیرۆز لەسەر خاکی کوردستانی رزگارکراو لە ژێر سێبەری پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم بە ئامادەبوونی خودی رۆڵەی

بەوەفای کورد  مەسعود بارزانی .

هەر بەم بۆنەیەوە خۆزگەی دەروێشێکی ڕێبازی بارزانی نەمر دەخەینە بەرچاوی هەمووی ئەندامانی پارتی کە مافی دەنگدانیان هەیە : هەڤالانی پارتی و دەروێشانی بارزانی باوك تا دوێنێ لەبەر هەر هۆیەك بووبێت وردە گلەییتان هەبوو ناهەقیش نەبوون بەلام لە دوای کۆنگرە ئێوە دەبنە بەرپرسیاری خۆزگەو ئومێدی شەهیدانی پارتی و ڕێبازی بارزانی نەمر .

ئێوە لە هەڵبژاردنی شانە سەرەکی و ڕێکخراو ئینجا بەرەو سەر .. ڕەش و سپی، باش و خراپ، ئیشکەرو نائیشکەر دانوئاوێر دەکەن بۆیە پێتان دەڵێم : ئۆباڵی شەهیدانی کوردو کوردستان و سەروەری شەهیدان و ئیدریسی جوانەمەرگ بە ئەستۆی ئەو کەسانە کە ڕۆڵی خۆی لە هەڵبژاردن، کەموکووری، پەیرەوپرۆگرام، جموجۆلی هەمەجۆری کۆنگرە نابینێ ز

بە پێویستی دەزانم ئەوەیش بڵێم : پارتی تاکە حیزبە بۆ ماوەی چڵ و ئەوەندە ساڵە یەکە نێوی دێموکرات دەست پێدەکات بۆیە مومارەسەکردنی دێموکراتیەت بۆ ئێوە شتێکی حەتمیە .. دڵنیاشتان دەکەم ئەگەر بە دێموکراتی بەرو گۆنگرە بچین بە دێموکراتی راستەقینە لێی دەرچین، جا ئەوکات دەزانی ئەو پارتە کە بە میرات بۆمان جێماوە چەند مەزنە لە نێو بزافی نەتەوەی کورد چەند کاریگەرە .

پارتی هەر هێندەی پێویستە توانای ڕۆڵەکانی خۆی ئیستسمار بکات ئیدی ماشاللا لە پارتی دیموکراتی کوردستان .

**" کۆنگرەمان بە هەزاری کۆنگران بێ "**

*** ئەم دروشمە لە ساڵانی شەستەکان لەسەر نووسراو یان باشتر وایە بڵێم پسوولەی بوونە ئەندامایەتی پارتی دەنووسرا .**

---

* لە برایەتی ژمارە (١٦٠٥) ڕۆژی ١٩٩٣/٣/٢٨ بلاوبۆتەوە .

# مەرحەبایەك لە كۆنگرەی دادێی فۆلكلۆر

هەر كەسێك لە ژیانیدا خۆزگە دەخوازێ و بێوچان هەوڵی وەدیهێنانی دەدات، ئێمەی فۆلكلۆرپەروەرانیش هەر یەكەو لە راستەخۆی گەلێ ئاوات بۆ دوارۆژی كەلەپووری باوان دەخوازێ، زۆربەشیان بە نائومێدی سەر دەنێننەوە بەڵام وا دەردەكەوێ ماوەیەكە هەر چەندە كورتە ئەستێرەی بەختمان دەگەشێتەوە ئاخیری خێربێت .

شەوێكی هاوینی ساڵی ١٩٨٤ بۆ مەبەستی دامەزراندنی كۆمەڵەیەكی فۆلكلۆری كورد چەند برادەرێكی خەمخۆری ئەو رێبازە (خالد جوتیار، ئەسعەد عەدۆ، تاریق جمباز، داود شرۆڵ)لە باخچەی ئوتێلی (دیاری)لە هەولێر كەوتنە مشورخواردن .. ئەوە بوو پێشنیازێكمان بەم ناوانەی سەرەوە (دەستەی دامەزرێنەر)خستە بەر دەستی ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان كە تێیدا داوای مۆڵەتی كۆمەڵەیەكی رۆشنبیری كەلەپووری كوردمان كردبوو، مەڵبەندی گشتی لە هەولێر بێت و هەقی ئەوەیشی هەبێ لق لە (سلێمانی و دهۆك) بكاتەوە، كارەكەشی دووربێت لە سیاسەت .. بەڵكو تەنیا بۆ پاراستن و رزگاركردن و خزمەتكردنی كەلەپووری میللەتی كورد لە فەوتان تەرخان بكرێ .

ئەوە بوو بڕیارێكیان نیشاندابن كە لە مەكتەبی راگەیاندنی سەركردایەتی قەومی حیزبی بەعس بۆ ئەمجۆرە كۆمەڵەو رێكخراوانە دەرچووبوو كە تێیدا نووسرابوو جگە لە كۆمەڵەی رۆشنبیری كەلەپووری عەرەب نابێ لە ژێر هەر ناوێكی دیكە رێگا بدرێت .

دوای ماوەیەکی دیکە بۆ جاری دووەم سەردانی هەمان شوێنمان کردەوەو گووتمان : ئەگەر جێبەجێکردنی پێشنیازی یەکەممان بۆ نەکرا، ئێستا حەز دەکەین گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە فۆلکلۆرمان هەبێ، بڕیاریان بۆ داین کە ئێمە هەر چوارمان ئامادەو سەرپەرشتی بکەین، گۆڤارەکەمان بە (زبارە) ناودێرکردو نامەمان بۆ رۆشنبیران و پسپۆران نارد کە داوامان لێکردن بەشداری لەو نۆبەرەیە بکەن، خەڵێکی زۆر بە دەنگمانەوە هاتن، بەندەیش بەرەو بەغدا (لێژنەی زمانەوانی) ئینجا (لێژنەی چاودێری چاپەمەنی) بردم و لە دوای سێ مانگ بە پەسندکراوی هێنامەوە ئینجا (لێژنەی یارمەتیدان - ***التعضيد***، پیاو بۆ خوا بڵێ تا ئیستا شونەواری دیار نیە!!

لە ئەنجامدا توانیمان لێژنەیەکی سەرپەرشتکاری فۆلکلۆری لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری جەماوەری هەولێر دابمەزرێنین، گەلێ برادەری دیکەی خەمخۆر لە گەڵماندا هەبوون و لە ئیشکردندا درێغیان نەکرد ئەوە بوو بۆ یەکەمجار بوو بەشداری هەفتەی فۆلکلۆری ئێرڤیمان لە پیشانگەی دەولی کردو هەولێکی زۆرماندا بۆ ئەوەی رۆژێکی تایبەت بە فۆلکلۆری کورد تەرخان بکەین . . بەلام ئەویشمان چوو!

دوای ئالوگۆری ئەمینداری رۆشنبیری بە بۆچوونی خۆیان لێژنەکەی ئێمەیشیان ئالوگۆڕ کردو لەسەر پێشنیازی خۆم لە لێژنەکە دوور کەوتمەوە، ئەم لێژنەیە توانیان پاشکۆیەکی گۆڤاری کاروان لە ژێر ناونیشانی (*فۆلکلۆر*) وەك کتێب دەربکەن هێندەی نەبرد راپەڕین دەستی پێکرد .

دوا بەدوای راپەڕینی سەرتاسەری کوردستان خەمخۆرانی فۆلکلۆر ئەمجارەیش کەوتنەخۆ بۆ دانانی پەیرەوپرۆگرامێکی کۆمەڵە.. بۆ ئەم مەبەستەش بانگەوازێکمان بلاوکردەوەو سەردانی هەموو لایەنە سیاسیەکانمان کردو کۆبونەوەیەکمان بەست و نێوی نرا کۆمەڵەی فۆلکلۆری کورد / مەڵبەندی گشتی هەولێر . لە رۆژانی کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی

کورد کاك خالد جوتیار پەیوەندی بە برادەرانی سلێمانی، کەرکوك، دهۆك کردو بناغەی لقەکانیش دامەزرا .

لە دوای ماوەیەکی دیکە هەستمانکرد کە کۆمەڵەی فۆلکلۆرو کەلەپووری کورد لە سلێمانی لە لایەن چەند خەمخۆری کەلەپوور دامەزراوەو جموجۆڵێکی باش دەکەن و ئێمە ئاسایی بەڵکو بەزێدە کەوتونەتە کارکردن، هەر کۆمەڵەو ژمارەیەکی گۆڤاری دەرهێنا .. تا گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە پێویستە ماندوبوونی ئەو دوو کۆمەڵە ببێتە تاکە رێگایەك بۆ زێدە خزمەتکردنی کەلەپووری نەتەوەکەمان، ئەوەبوو یەك، دوو جا پێکەوە دانیشتین لێژنەیەکی باڵا بۆ ئامادەکردنی کۆنگرەی یەکەمی فۆلکلۆرو کەلەپوور لە نوێنەرانی هەرچوار شار دامەزراو سەردانی بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود کراو دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردین تا بتوانین کۆنگرەکە ئەنجام بدەین، بەڵام چەند خاڵێکی قانوونی بوەتە هۆی دواخستنی ئەو کۆنگرەیە .

رای من ئەوەیە کە چەند زووە کۆنگرە ببەسترێ چونکە ئێمە لە ئەسڵا هەین .. ئەوەیشمان بۆ پتەوکردن و یەکبوونی دوو کۆمەڵەیە، بۆیە دواخستنی زەرەربەخشە بەڵام پێویستە چی بکەین؟:

- هەر کەسانێك پەیوەندی بە ئەدەبی فۆلکلۆرو لایەنی کەلەپوور هەیە ببێتە ئەندام لەو کۆمەڵەیە.
- رێگا نەدرێت بە کەسانێك کە خەمخۆری مەسەلەکە نیە .
- ئەو کەسانە هەڵبژێرین کە دەتوانن خزمەتی کۆمەڵە بکەن و بەرەو قۆناغێکی نوێ و کاریگەری ببەن .
- پێویستە حکوومەتی هەرێم لە یارمەتیدان درێغی نەکات، چونکە کەلەپووری نەتەوەکەمان پێشێلکراوە، جهودێکی بێ سنووری دەوێت و حەملەیەکی جیهانی گەرەکە .

* هەوڵبـدرێت پەیوەنـدی بـە رێکخـراوە جیهانیـەکان بکرێـت بـۆ ئـەم مەبەستەو پیشانگایەکی هەمجۆری دلەپوور لـە وڵاتـانی دەرەوە بکرێتـەوەو چەندان کۆڕ لە لایەنەکانی فۆلکلۆر پێشکێش بکرێ و خـەڵکی ئـەو وڵاتانـە لە پێشێلکردنی کەلەپووری کورد واگابێنین .
* بە زووترین کات لێژنەیـەکی پـشپۆر بـۆ شـوێنەوارو کـڕین و دروسـتکردنی کەلوپەلـە بزربووەکـانی میللەتەکـەمان و دانـانی لـە شـوێنێکی تایبـەتی و لەیـەك جێگـادا بـە نـاوی (مۆزەخانـەی کـوردەواری) دابمـەزرێ و لـە ژێـر چاودێری وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم .
* دروسـتکردنی پۆسـتەرات و دابەشـکردنی بەسـەر وڵاتـانی دنیـا بـۆ کۆمەککردنی لە ژیاندنەوەی کەلەپووری نەتەوەکەمان .
* کردنـەوەی بەشـی فۆلکلـۆرو کەلـەپوور لـە کۆلێـژی ئـاداب لـە هـەر سـێ زانکۆکانی هەرێم .
* حەملەیەکی رۆشنبیری خەست لـە رێگای تەلـەفزیۆن، رادیـۆ، رۆژنامـەکان بـۆ کۆمـەڵگای کـوردەواری لـە رووی گرنگـی و پاراسـتنی نەتەوایـەتی کەلەپووری میللەتەکەمان .
* گرنگیدان بـە جلوبـەرگی کوردەواری لـە نێـو دامودەزگاکـانی حکوومـەت و دامەزرانـدنی کارگـەی تایبـەتی بـۆ زیندووکردنـەوەی کـارە مللیـەکانی کوردەواری وەك : (کر، مافوور، لباد، کلاش .....)

لـە کۆتاییـدا خۆزگـە دەخـوازین ئـەو مەسـەلەیە بـە گشتی و چـۆنیەتی ئەنجامدانی کۆنگرە ببێتە مایەی نووسینێکی دیکە لە لایـەن فۆلکلۆرپـەروەران و پسپۆرانی ئەو مەیدانە .

---

* لە برایەتی ژمارە (١٦١١) رۆژی ١٩٩٣/٤/٤ بلاوبۆتەوە .

## Gregory B. Craig پێشکێشە بە
## سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی گرووپی قانوونی

هەر چەندە پەیفی (خۆزگە) لە گەڵ نەفسی بەنی بەشەر لە دایکبووە، کەچی وەك (ئەو) نامرێ، بەڵکو وشەیەکی بکوژە! لە رووی زانستەوە چەند پێکاوم بۆ خودی خۆم گرینگ نیە!!

دوور نیە ئەم وشەیە لە فەرهەنگی هێندێ میللەتان گرینگیەکی ئەوتۆی نەمابێ، کەچی لە لای ئێمەی کورد لە گەڵ ئەو (مۆرووە شینە) کە بەبێشکەمان شۆر دەکرێتەوە دەبێتە (مێمل) . تا ئێستاش لە نێو کۆمەڵگاکەمان دەڵێن : (داری خۆزکە بێ بەرە) بەلام دوو ساڵێکە بێ چاوی بێ! ئەستێرەی بەختی کوردی ستەمدیدە لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە .

لە کۆشەی (خۆزکە) لە ١٩٨٥/١٠/٢ وتوومە : بۆ چ میللەتێك هەبوو لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەوانی تر بەشداری لە یارییەکانی لۆس ئەنجلۆس نەکەن؟! مەگەر خەڵکی ئەو کیشوەرە کە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە، دەبێ چ بنەماڵەیەکی خانەدان و مشەخت بن؟!

بەڵێ بەرێز Graig هەموو ئالآیەك لە یاریگەی لۆس ئەنجلۆس دەشەکایەوە، سەدای هەموو جۆرە ئاوازو سروودێکی نیشتمانی لە سەر خاکی (ئەنجلۆس) دەزرنگایەوە، میللەتانی رەش، سپی، زەرد، سوور لەو رۆژە دیارانەی جیهان شانازیان بە بەشداربوونیان دەکرد . وەك بزانم جگە لە کورد میللەتێکی دیکە نەبوو لە (ئەنجلۆس) یان (بەرشەلۆنە) بەشدار نەبن .

هەروەها وتوومە : هەموو کوردێك حەزی بەوە دەکرد کە (سەعید

عویته – نـەوال متـەوەکل – مـاری لۆری تـۆنی) کـورد بـووان .. یـان یـاریزانی کـوردیش وەك ئـەوان بەشـداربوان، بـەلام خۆزگـە بـوو! کەچـی دوا بـەدوای رەوکردنی سەرتاسەری کوردستان دەنگی کێشەی کورد گەیشتە هـەموو کـوون و قوژبنێکی ئـەو دنیایـە .. لاپـەڕەکانی دەفتـەرو سـیپارەی دامودەزگاکـانی نێـو دەوڵەتی بە پەیڤی کورد رەشکرایەوە بـەڵکو بڕیـاری تایبەتیـشمان بـۆ مـۆرکرا، لە هـەموو کوچـەو کـۆلانێکی ئـەوروپا دەڤ دەروێـشی کۆتکـە ئـارد لـە کـۆڵ بـۆ لێقەوماوانی کورد لێدرا، خودا خێریان بنووسێ درێغیان بۆ نەکردین .

جگـە لەمـەیش ڕێزیـان لێنـاین و سـەرکردەکانیان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەی کورد بانگێشکردو گوێیـان لێگـرتین، واتـە راوبۆچـوونی سـەرانی بزاڤـی رزگاریخوازی کورد مەنزڵەتێکی تایبەتی هەیـە لـە چارەسـەرکردنی گیروگـرفتی ئێراق بە گشتی .

ئـەوەی مایـەی دڵخۆشـی رۆڵەکانمانـە بـەڵکو جێگـای شـانازیمانە .. ئـەو رێزگرتنە بوو کـە (رێکخـراوی نێودەوڵـەتی مـاڤ مـرۆڤ، گرووپـی قـانوونی) لـە ساڵی ١٩٩١ دا لە هێژا کاك مەسعود بـارزانی گـرت، ئـەو رێزلێنانـە لـە خـەباتی (١٠٧) ساڵەی خەباتی شێخانی بارزان بوو، لە یادی (٧٧) سـاڵەی لـە سـێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بوو، لە (٧٢) ساڵەی خەباتی بارزانی نەمر بوو .

شـاڕێزلێنلنەکەیش ئـەوە بـوو کـە کاکـە لـە ١٩٩٣/٥/١٣ بـە جلوبـەرگی پێشمەرگایەتی لە (واشنتۆن) لەبەردەم شاشاتی تەلەفزیۆنی دنیـا بەشـداری لـە رازاندنـەوەی سـەر سـینگی ئـەو ئافرەتـە ئەمەکـدارە بەرامبـەر بـە دۆزا کـورد خاتوو دانیالْ میتران .. دانیالی شیوەڕەش، هـەولێر، فەرەنـسای ئـازاد، هەڵەبجە دەکا، سوپاس .

---

* لە برایەتی ژمارە( ١٦١٧ ) رۆژی ١٩٩٣/٤/١١ بلاوکراوەتەوە .

# لەشیناوێ بۆ شیلاناوێ

دەگێڕنــەوەو دەڵـێن : لەوکاتــەی مــەهابادی قیبلــەگای کــورد جوانەمــەرگ بوو .. هێندەی پێ نەچوو (*بینـایی*)ش، بەسـۆزی ئـەوە لەچوارچـرا شـەهیدکرا .. هێـشتا فرمێـسکی *سـابڵاخیان* وشـك نـەببوو جـەرگی *گەوهـەرخانمی* دایکـی ئـەو سـێ شـەهیدە پاڵەوانـەی *سـەقز* کـە *"بـە دەسـتی شـا قـەت کەسـی نـەما* "کـوون کـوون بـوو! سـەرەڕای سـەدان بـەڵکو هـەزاران تێکۆشـەری قارەمـان بـە دەستی ئەرتەشی شاهنشاهی بنگومکران و هەزارانیش دەربەدەر .

ڕۆڵەیــەی خانــەدانی گونــدی *لاچـین* لــەکاتی جوانەمــەرگبوونی مــەهاباد نیمچە شاعیرێك بـوو، هـەر بـەو دەردەوە لـە سـابڵاخ وەدەردەکـەوێ بـە گونـدی *ئیندەرقاشەوە* بەرەو گوندی *دەرمان* لە وێوە بـۆ ناوچـەی *شـاروێران* ئینجا بـە چـیا سـەختەکەی *زاوابـووك* هەڵدەگـەڕێ .. دووبـارە شـۆڕدەبێتەوە تـا لەسـەر تــەپکی *داشــامجید* بەچــاوی بــە فرمێــسك و بــە قــوورگ گــیراوی ســەیری بنەگەورەشماڵی موکریان دەکا، ئینجا سەر هەڵدەگەڕێ بـەرەو قیبلـەی ئـاوات و ئارەزووی کورد دەکەوێتـە ڕێ بـە مەبەسـتی بەشـداربوونی لـە شۆڕشـی مـەزنی ئەیلوول .

هەروەك دەگێڕنەوە : شاعیرێکی مـەهابادی جوانەمـەرگ بـە نێـوی صـۆفی حەسەن دەگاتە گونـدی *شـیناوێی* کوردسـتانی ئێـراق هاوسـەنگەرەکانی زۆر بـە گەرمی پێشوازی دەکەن قۆناغ بە قۆناغ، شاخ بـە شـاخ صـۆفی حەسـەن ئاشـنایی دەگەڵ *قەنـدیل* و *کێوەرەش* پەیدا دەکا هەروەك لە پێـشتر دەگـەڵ *زاوابـووك* و *خـەزایی*، بـەوجۆرە تـا بەسـۆزی شـاعیریەوە مـۆم ئاسـا خـۆی دەسـوتێنێ و لـە

شـینگوتاقەت دەکـەوێ و بـە هەناسـە ساردی لـە ژوورێکـی ساردوسـڕی شـاری بەغدا پاڵ دەکەوێ .. جگە لە زوبانە شیرینەکەی هیچی تـری وەدەسـت نـامێنێ بەڵام رەشورووتی ولاتەکەمان هەردەم بە خۆزگەی خزمـەتکردنی ئـەو شـاعیرە بوونـە، چـونکە ئـەو دەردەی ئـەو پێوەی ناڕەحـەت بـوو دەردێکـی تایبـەتی یـا شاعیری نەبووە هەروەك خۆی دەڵێ :

**رۆژگار هاڕیومی وەك ئەسپونی ورد**
**هێزوتواناى لێ بڕیوم دەردە کور**

بەڵو دەردی نەتەوەیەك بوە، وەك دەڵێ :

**شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە**
**ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە**

صۆفی حەسەنی شاعیر (١٠) ساڵی تەمـەنی لـە نێـوان شـیناوێ و بەغـدا بـە شیعراندن دەباتە سەر، بۆیە دەڵێ :

**صۆفی کونجی خانەقا بووم ئێستا پیری مەیکەدەم**
**زاهیدی خەڵوەت نشین بووم ئێستا مەست و مەیزەدەم**

یان دەڵێ :

**وەك شە پۆڵی زێی خووڕم ساتێ هەدادانم نیە**
**گێژ دەخۆم پێچێ دەدەم من رۆڵە کوردی ئەم سەدەم**

گوایـە صـۆفی حەسـەنلەوکاتەی هاتۆتـە کوردسـتانی ئێـراق لـە ماڵـە ناسیاوێکی لە قەڵادزێ میوان دەبێ .. ئەو ماڵەیش کچۆڵەیەکی (پارچـەرەیان) دەبـێ، لەوکاتـەی کـچەکە دەگاتـە رادەیـەکی خوێنـدن و چـاوی بـە شـیعرو نووسـراوی مامۆسـتا هـێمن موکریـانی دەکـەوێ زۆر عـەودالی دەبـێ! بۆیـە رۆژێکیان نامەیەکیپڕ لە پرسیاری بۆ دەنێرێ و دەڵێ : دەبێ رۆڵەی لاچین چی بێ؟ ئەویش واتە مامۆستا هێمن بەم شیعرە وەڵامی دەداتەوە :

**بۆت نوسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم؟**
**دوندی قەندیل گۆڕپانی هەڵگورد نیم**
**بەرەو بەرزایی دەچم ەچی وردم**
**خاکی بەر پێی تێکۆشەرێکی گوردم**

بەڵام دەبێ مامۆستا هێمن کوردستانی وەڵامی سەرۆکی بەشی مێژووی زانکۆی *بولگاریای* چۆن دابێتەوە .. کە لێی پرسیوە : بولگاریات چۆن دێتە پێش چاو؟

هێمنی شاعیریش دەڵێ : ئەو شاخەی رۆژهەلات بە هەلگوردی ئێمە دەچێ و ئەوجۆرە باخانەیشتان بەربووکی باخ وباخاتی کوردستانە، بەلام جلوبەرگو خاشخاشەو جوانی ئافرەتی کوردتانتان نیە!! سەرەڕای قاشپەی کەو بۆیە دەمە بێ دگانەکەی لێك دەکاتەوەو دەڵێ :

**بەیان ئەنگووت و شەو رابوردو من هێشتا خەوم نایە**
**دەخوێنن بولبول و قومری بەڵام قاشپەی کەوم نایە**
**خەیاڵ دەمباتە جێ ژووانی شەوانی لاوەتی ئەمما**
**خرینگە بازنەو خرخاڵ و بەرمووری ئەوم نایە**

بەڵێ هێمن راستگۆیە بە بێ قاشپەی (*کەو*) هیچ خەوی نایە .. بەلام ئێستا لە رۆژی ١٩٨٦/٤/١٧ وە، لە گوندی شیلاناوێی کوردستانی رۆژهەلات لەسەرئاوازی قاسپەی *کەو* بۆ نەمرایەتی سەری خۆی دەنێتەوە ژێر خاکی پیرۆزی کوردستان .

**ســـڵاو و چە پکێك نێرگ بۆ گۆڕی**
**هێمنی دۆست و شاعیری مەست**

---

* لە برایەتی ژمارە ( ١٦٢٢ )رۆژی ١٩٩٣/٤/١٧ بلاوکراوەتەوە .

# یەكەم شاری شەهید ..

ئەگەر بێتو سەرنج بدەینە لاپەڕەی خوێنلوی مێژووی نەتەوەكەمان پڕە لە كارەساتی دڵتەزێن و جەرگبڕ چونكە رۆڵەكانی میللەتەكەمان كەوتنە بەرگری كردنی چەكدارانە بە جۆگەلە خوێنمان بۆ سەرفرازی رزگاركردنی هەموو پارچەكانی كوردستان رێشت و هەزاران لاشەی پیرۆزی جحێلان و جوامێران و ئافرەت و منداڵی كورد بەبێ خاوەن لە نێو دۆڵ ونشێوان بە جلوبەرگی بە شەرەفی پێشمەرگایەتی كفن و دفنكران و فریشتەی ئاسمان پەندوتەلقینیدان بەڵام"*پێی ناوێ بۆ شەهیدانی وەتەن شیوەن و گرین* ".

ئەگەر بە وردی سەیری مێژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بكەین چەندان كارەساتی وەك (خۆرت و دەككا) بوونەتە بەربووكی كارەساتی دڵتەزێنی (قەڵادزێ)ی، یەكەم شەهید .. قەڵادزەی كوردان و مەرگەوپشدەر، قەڵادزەی زانكۆی سلێمانی .. ئەو قەڵادزەی كە بوە زامێكی قووڵی هەست و دەروونی میللەتەكەمان و سەركردەی هەمیشەیی نەتەوەكەمان بارزانی نەمر.

بەڵێ .. بەر لە (١٩) ساڵ خەڵكی دنی جارێكی دیكە بە هێرۆشیمای كوردستان سەرسام بوون و قێزوبێزیان لە خوورەوشتی دڕندایەتی دوژمنانی كورد ئەكردەوە بۆیە چ ئەرشێفێكی كونجی دنیا نەما وێنەی ئەو كارەساتە بەخۆوەنەگرێ دڵنیاین دوای چەندین ساڵی دیكە تەوەی نوێ لە ناخەوە لەوكاتەی بەناو مۆزەخانەی تایبەت بەو رژێم و دكتاتۆرانەی جیهانی گوزەر دەكەن بەرامبەریان دەوەستن و بە چاوی پڕ لە قینەوە سەیریان دەكەن و نەفرەتی ئەهریمەنیان لێدەكەن بەمكارە نامرۆڤانەیان ویستیان گوڵەنێرگزو رەشەرەیحان و وێنجە لەسەر خاكی قەڵادزە شین نەبێتەوە، گەرەكیان بوو

زووڕیەتی ئەو ڕەسەنانە بنبڕ بکەن، وەك هەموو جالاێك خەیاڵ خاوبوون .. لە شوێنی وێرانە مزگەوت و قوتابخانە بەژنی دەیانیان بەرزکردەوە بە خۆزگەی ئەوە بوون مەڵبەندی ڕۆشنبیری و زانست لە کوردستان بە گشتی و قەڵادزەی بە تایبەتی وێران بکەن .

بەڵام دوێنێ و ئەمڕۆو سبەی باڵای زانکۆی سلێمانی و زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لە بەژنی قەزەمەکانی نەیاران بڵندترە بەڵکو دووندترە .

دوا بە دوای ئەو دەدردەسەریەی قەڵادزە .. تینوەتیان نەشکا .. کوشتن .. بڕین ..ئاگر .. ئاسن .. دڵنیابوون توانای قڕانکردنی ئێمەیان نیە کەوتنە پیلانی نێو دەوڵەتی لە کوردی مشەخت کۆبوونەوە، کیسنجەری تاوانبار نەخشەی کێشا .. شاهنشای گۆڕبەگۆڕ و دەست بە خوێنی کوردان لە وڵاتێکی بەناو ئیسلام کە ڕۆاێك لە ڕۆژان ناوی (جەزایر)و شۆڕشگێڕانی لە نێو شیعرو ئەدەبیاتی کورد ڕەنگی داوەتەوە پیلانی لە نێوبردنی کوردی کۆسکەوتوو مۆرکرد بۆیە تا دنیا ماوە (مصر)ی، ڕۆژنامەی (کوردستان) بە چاکە لە یاد ناکرێ و مۆرکردنی پیلانی دژ بە کوردانیش بە خراپە ژبیر ناکەین و قەڵادزەیش ئەمڕۆ وێرای ئەو بارودۆخە ی ئازادی و دێموکراتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەشەپێدان دایەو هەموو ساڵێك لە ٤/٢٤ بەرگی بووکینی بە بەژن وباڵای قەڵادزەی دوێنێ و ئەمڕۆ هەڵدەکێشین .

نەفرەت لە بەدبێژان و بەدکارانی دژ بە کورد، سڵاو لە قەڵادزەی شەهیدی ئەیلوول و قەڵادزەی بەربووکی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم، سڵاو لە قەڵادزە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان مینبەری کۆنگرەی *شەشەمی* پارتیمان بوو .

---

* لە برایەتی ژمارە ( ١٦٢٨ )ڕۆژی ١٩٩٣/٤/٢٤ بڵاوکراوەتەوە .

# سوبحانەڵڵا لە کاری تۆ .. خودایە

گوایە مامۆستای پایە بڵند مەلای گەورەی کۆیە لە سەرەمەرگیدا گریاوە! خزمێکی گلەیی لێکردوە کە جەنابتان گەورەی زانایانی بەرامبەر بە مردن کە شتێکی هەقە چۆن دەترسی؟ مامۆستاش بەزەردەخەنەوە دەفەرمووێ : بەهەڵەدا مەچۆ من لە مردن ناترسم بەڵکو فرمێسکی ژانوحەژمەتە بۆ میللەتی کورد .. تۆ نازانی بڵێسەی ئاگری بابەگوڕگوڕ وا لە دەروونمدا هەڵدەستێ و هیچیشمان پێ ناکرێ سەرەڕای چەندان ناگوزووری دیکەی میللەتەکەمان .

بابەگوڕگوڕ هێندە بەرزە، هێندە پیرۆزە لەلای خەڵکی کوردەواری خۆمان بۆیە ئافرەتانی حەیامەندی کورد هەر لە دێرزەمانەوە بە خۆزگەی منداڵبوون هانایان بۆ بردوە کە دەڵێ :

**بابەگوڕگوڕ بابەگوڕگوڕ هاتم بۆ کوڕ**
**هاتم بۆ لات بۆ جووتێ کوڕ ...هتد .**

رۆژنامەی (الشمس) ژمارە (٣) لە ١٩٩٣/٢/٢٢ نووسینێکی مامۆستا عامربدر حسون لە ژێر ناونیشانی (٨٠٠ پیاو ٤٠٠ میل نەوتی کەرکوك هەڵدەقوڵێ) بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا باسی چۆنیەتی دۆزینەوەی بیرە نەوتەکانی و ئەو کرێکارە کوردانە کە بەشداریان تێدا کردبوو، یەکەم کەس کێ بوو بە چاوی خۆی تەقینەوەی نەوتەکەی کەرکوکی بینی؟

خاك، میللەت، نەوت، هەمووی کورد .. لە هەناوی کوردستان هەڵقوڵاوە کەچی دوای ئەوەندە هەزار ساڵە لێمان بوەتە دیدارحەزرەت، حاجی محمەد

خەلەف و فەتحوڵڵا عەلی هەردوکیان کوردن و یەکەم کرێکار بوون لە گەڵ ئەندازیارانی ئینگلیز سەرەتا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢٧ بە پێمەڕەو خاکەناس بابەگوڕگوڕی دڵی کوردستانیان هەڵدڕی!

ئینجا شان بە شانی ئامێری چاکوچ لە شەوی ١٩٢٧/١٠/١٥ ناوچەی کەرکوك لە حەژمەتی تەقینەوەی دڵی کوردستان هەژایەوە خێرو بەرەکەتی بۆ دوژمنان هەڵڕێشت و ئەوانیش نامەردانە لە دژی ئێمەی خاوەن ماڵ بەکارهێنا .. سوبحانەڵڵا ...

## ئەو دوو کوردە کێن؟

- مام فەتحوڵڵا عەلی سەرەتا کرێکاری بیرلێدانی نەوتی بابەگوڕگوڕ بوە، خۆی خەڵکی خانەقینە، دوای دەرچوونی نەوتەکە بوە بە برینپێچی کۆمپانیای k2 ئێستا خانەنشینەو لە (بغداد الجدیدە) نیشتەجێیە .
- شارۆچکەی (الحدیثة) دوو بەشە، بەشێکی دانیشتوەکانی (بەیاتی)ن، بەشەکەی تر ناوی (حویجە) یە، نەك حەویجەی کەرکوك دانیشتوانەکانی (ال جەعفەر) ن، یەك خانەوادەی کورد بە ناوی (حاجی محمەد خەلیفە) لەم بەشە نیشتەجێن لە دواییدا ناوەکەی بوو بە (حاجی محمەد خەلەف) ئەو پیاوە لە ساڵی ١٩٠٦ لە گوندی (رەبات) نزیك (سەنگاو) لە دایك بوە، نەخوێندەوار بوە.. لە حەدیسە بە بەیتار ناسرابوو واتە (دکتۆری میللی) لەبەر ئەوەی لە گەڵ دکتۆرە ئینگلیزەکان کاری دەکرد زمانی ئینگلیزی، هیندی، عەرەبی، فارسی سەرەڕای کوردی باش دەزانی . زەمان هات .. زەمان چوو ئەو کرێکارە دەست بە نەوتە دوای چەندین ساڵی خزمەتگوزاری کۆمپانیای k3 لە رۆژی ١٩٨٩/٥/٢٠ لە شاری هەولێر

کۆچی دوایی کردوه له گۆڕستانی (سەیید مەعرووف) نێژراوه .. کوڕێکی بە ناوی (ابراهیم خەلەف) مامۆستای زمانی ئینگلیزی له ناوەندی هەولێری شەوان و پێنج کچی له پاش جێماوه .

دەربارەی ئەو نووسینه که له رۆژنامەی (الشمس) بلاوبۆتەوه پرسیارم له مامۆستا ابراهیم محمد خلف کرد : دەبێ ئەو زانیارانەیان لەسەر باوکت چۆن زانیوه؟ له وەلامدا گووتی : دوورنیه له کتێبان باسکرابێت، بەلام شتێك هەیه بۆ مێژوو دەیگێڕمەوه .. له سالی ١٩٦٢حسن العلوی له حەدیسه مامۆستا بوه، رۆژێکیان (ئەلمازەی) خوشکم له قوتابخانه دەردەکاو پێی دەلێ : چونکه براکەت واته ابراهیم شیوعیەو له ئەلمانیا دەژی .. تۆ فەسلی!!

شایانی باسه یەکەم خێزانی حاجی محمد خەلەف له سالی ١٩٧٥ دەمرێ و له دوای ئەوەنده ساله ژنی دووەم به ناوی قدریه محمد جعفر که خەلکی خانەقینه دەگوازێتەوه تا ئێستا له هەولێر دەژی .

دوای ئەم هێنان و بردنه دەبێ خۆزگەی خوێنەری کورد لەم سەربردەی چیی بێت؟ خاکی کوردان، شاری کوردان، نەوتی کوردان تا ئێستاشی له گەلدابێت خوێنی دلی کوردان له دلی کوردستان دەچۆڕێتەوه ...

**سوبحانەلّلا ...**

---

* له برایەتی ژماره (١٦٢٩) رۆژی ١٩٩٣/٤/٢٥ بلاوبۆتەوه .

# بۆ خوشكە لەیلا ..

لەوكاتـــەی درِنـــدەكانی بـــەعس دوا دڵـــۆپی بـــێ ئـــابرِوویی خۆیـــان بـــە سێدارەدانی تۆ رِێشت ..! لەو رِۆژەوە بـە هـەمان شـێوە كەوتوونەتـە گیانمـان .. هـەزاران دەسـتە خوشـكی تـۆی گـەرمیانیان كـردە كـەنیزەی كۆشـك و تـەلاری كەڵپـــدارەكان .. هـــەزاران كـــچۆڵەی تـــازە پـــشكوتووی ئـــەم كوردســـتانەیان زیندەچاڵكردو هەزارانیش بێ سەروشوێن!

ئـەی بـووكی شـەهیدانی شۆرِشـی مـەزنی ئـەیلوول .. هـەر لـە ئێـستاوە بوویت بە داستانێك وەك سەدان داستانی دیكەی ئەو شۆرِشە كە تـا دنیـا مـاوە بنەمای هەموو شۆرِشێكی كوردە .. نەوە لە دوای نەوە لـەو قوتابخانەیـەوە فێـر دەبێ و دەكەوێتە نێو كۆرِی خەبات .

تـۆیش كـە بـالآت لـە بـاڵای (بـەمۆ) دەچـێ بوویـت بـە دەرسـێكی ئـەو قوتابخانەیە، جا خوشكە گیان لـەوە خۆشـتر هەیـە .. لـەوە مـەزنتر هەیـە هـەی تۆقێنـەری بـەعس؟! لـە گـەڵ سـەرهەڵدانی بـارودۆخی ئـازادی و دێمـوكراتی گـەورەترین كۆنفرانـسی ئافرەتـان بـەنێوت كـرا، دووریـش نیـە ئافرەتـانی كەركوك و گەرمیان لە یادی ساڵرِۆژی ئەمساڵدا لقی یەكێتیەكـەمان بـەنێو تـۆ بكەن ئیدی خۆزگەو پێشنیازە .

گـەلێ كـچە كـوردت بـەنێو كـرا .. نـۆزدە سـاڵە وێنـەی بووكینیـت بوەتـە كابوسـی شەوانەی جەلادەكانی بەغـدا، چـەندان شـیعری شـاعیرانت هـەوێنكرد، چەندانیش تا ئەمرِۆ سوێند بە گیانی پاكت دەخۆن .

ئەگـەر پـاڵ سـار كۆنفرانـست بـەنێو كـرا ئەوەتـە ئەمـساڵیش لـە هـەمان

کاتوساتی له سێدارەدانت له جیاتی هەموو شەهیدانی کورد کوڕە بە وەفاکەی سەرکردەی هەمیشەیی نەتەوەکەمان بارزانی نەمر بەشداری ئاهەنگی ملوانکە دەملکردنی خاتوو دانیال میتران دەکا .. ئەو ئافرەتە ئەمەکدارە کە چەند ساڵێکە لەسەر براو خوشکانت وەجوابە، هێندەی نەماوە رۆژێك دابێت پەیکەری بووکینیت لە خانەقین بە قەد بەمۆ بەرزبێتەوەو مەسعودی هێژا ملوانکەی خەباتی کوردایەتیت دەملانکا ئەوەیش خۆزگەیە .

* له برایەتی ژمارە (١٦٤٣) رۆژی ١٩٩٣/٥/١٣ بلاوبۆتەوە .

# ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە

## ١٩٩٢/٥/١٧

دڵنیام لەسەر ئاووئاگرن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن .. ئەو ئەنجومەنـە کـە هیواوئاواتی ئـەمڕۆو دادێـی میللەتەکـەمانی تێـدا بـەدی دەکـەین .. نەکـەن بـە هەلەدا بچن و گوێ لە پڕوپاگەندەی نـەیاران رابگـرن .. هـەموو خـەڵك حـەزی بەوە دەکرد، ئێمەیش .. بەڵکو هەموو خاوەن لیستەکانیش بـەڵام هەنـدێ شـت دەبێتە کۆسپ بە هیچ جۆرێك مرۆڤ بیری لێ ناکاتـەوە کـە رووبـدات .. کەچـی روویدا بە دەردی کوردەواری خۆمـان خێـری تێدایـە، کارێـك بـێ خـوای گـەورە نەخـشەی لێـدابێت .. جـەماوەریش بـە شـەوقەوە بـەرەوپیری بـچێت مەحاڵـە هەر ئەنجام دەدرێ .

دواخستنی ئەم هەڵبژاردنە بۆ ماوەی (٤٨) سەعات خـۆی لـەخۆدا بەڵگەی راسـتگۆیی لایانــە سیاسـیەکانە کـە دەیانــەوێ بــێ غــش ئــەنجام بـدرێ، ئــەو دواخـستنە دەلالـەتی تـەبایی و یـەکبوونی پارتـە سیاسـیەکانە .. گـوێ مـەدەنێ ئێمـەی کـورد پیـاو و ژن شـەوە زەنـگ و تاریکـە شـەویش دەڕدەدەیـن، چـونکە دڵنیـاین رۆژهـەڵاتن هەیە،ئەمـەیش دەزانــین لـە خـەڵکی خانـەقین و دووز و کـەرکوك و کفـری و شـنگارو بـرا تورکمانـەکان لـە ئێمـەمانان زیـاتر بـۆ ئـەم ئەنجومەنە بەگوڕترن بەڵام دڵنیـاین لەکاتوسـاتی گونجـاو دێنـەوە هۆبەوهـەوار ئــەوە بڕیـاری یاساودەسـتووری ئەنجومەنــە .. کیـان و شـوێنیان مـەحفووزە دەنکە تەسبیحم بۆئاوەژوو بکەن .. ئەمڕۆ (١٠٥) سبەی (١١٢) دووسـبەی سـەدو ئەوەندە، ژمارەی زیادبوونی کورسی ئەنجومەن لە روانگەی کۆنتڕۆڵی شۆڕشـی

کوردەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان سەیر دەکریّ .

نەکـەن دەخیلتـان بم! لـە هیممـەتی خۆتـان سـارد نەبنـەوە! دوو رۆژ دواخستن بۆ ئێمە هیچ نیە مەگەر کورد نیین؟ ئەوە دەیان بەڵکو سـەدان ساڵە چاوەڕوانین با نۆش بێتە سەر دە!

وەرن بە چاوی منتەماشای ئـەو حەشاماتەی بیانی و دۆستو برادەرانی کورد بکەن .. دەفتەر دەبن هەنگڵ و کامێرا لە شان وەك شـانە مێشەنگوین لـە نێوماندا دەخولێنـەوە .. هێـدی هێـدی هـەواڵی هەڵبـژاردن و هەڵسوکەوتی کوردانـەو ڕێزگرتنتـان بـۆ ئـەو دیموکراتیـە بـە جیهـان رادەگـەینن، دوێـنێ لـە گـەڵ هێنـدێکیان قـسەمان دەکـرد .. دەیـانگووت : لـەو قەناعەتـەدا نـەبووین بـارودۆخی ئـەم هەڵبژاردنـە ئـاوا هـێمن و لەسـەرخۆیە .. میللـەتێك بـێ لـە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بژیت و بـە درێـژایی مێـژوو هـەلی ئازادی و دیموکراسی بـۆ نەڕەخـسابێ جگـە لـە بـۆنی بـاروود و بگـرەو بکـوژەی دوژمنـانی نـەدیبێ ئـەمڕۆ بـەو پلەیـە ڕێـز لـە ئـازادی و دیموکراتی بگرێـت .. جێگـەی شـانازی و سەرسوڕمانە،بۆیە یەکێکیان هەڵیداو گوونی : *ئەو میللەتە بە ئامانج دەگات* .

هــەتا دوێــنێ کــەس نــەبوو بــە ربــەی ئێمــە بپێــوێ، ئەوەتــە ئــەمڕۆ ئەشـهەدوبلڵامان بـۆ دەکێـشن .. موژدەیـە وەڵـڵا موژدەیـە مـوژدەی دوا رۆژە، دەك موبارەکتان بێت ئەی ستەمدیدانی کوردسـتان .. بینۆشـن عافیـەت و بـێ، گەلێك لە مێژە عـەودالن، ئۆخـەی خودایـە .. سـەت شـوکر بـۆ تـۆ لەسـەر ئـەو نیعمەتە .

(٤٨) سەعات شاوچوقانێکە، هەی لـە براتـان نەکـەوێ .. چـاو دانێنـە سـەر یـەك .. هـا.. ئەوەتـە ٥/١٩ ئـەو رۆژە کـە بوەتـە چـقڵی چـاوی دوژمنـان و خۆفرۆشانی کورد .. چدەڵێی؟

***دڵنیابم،،،، هەر چەندە دڵنیام***

دەستتان خۆش، بەڵام لەبیر نەکەن لە ١٩/ هێمبن! ئارام بگرن! چەك هەڵنەگرن! یارمەتی یەکتر بدەن .. ئەوەی ترومبێلی هەیە جیرانەکانی خۆی سواربکات .. لەبەر دەرگای مەڵبەندی هەڵبژاردن قەڵەباڵغی نەکەن ..

کاتێ دەچنە ژوورەوە .. دوو کارت وەرگرن، یەك خەتۆکەی لەسەر بدە! یەکیان لەسەر ئەو رەنگەی حەزی لێ دەکەیت ئەوی دیکە لەسەر ئەو وێنەیەی دەتەوێ بیکەیتە رابەر .

**هیممەت و بەرەکەتی پیروچاکان**
**بۆ کورد حازرە ئینشاڵڵا ..**

---

* **لە برایەتی ژمارە ( ١٦٤٧ ) رۆژی ١٩٩٢/٥/١٧ بڵاوکراوەتەوە .**

# ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە

## ١٩٩٢/٥/١٨

ئـەی ئەوانـەی هـەردەم لـە چـاوەڕوانیدان .. مـوژدە گەیـشتن بـە ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنتان پیرۆز بێت، هیچمان نەما چەند سـەعاتێکەو خۆمـان بەرامبەر بە سەندووقی هەڵبژاردن دەدۆزینەوە .

**ئەمن دەڵێم : ئەنجومەن خەرمان بەرەکەت**

**ئێوەیش بیگێڕنەوەو بڵێن : خێروبەرەکەت**

دەك پیرۆزبێت لە گەلی کوردستان .

ئـەو هەڵبـژاردن و ئـەو ئەنجومەنـە پیرۆزبێـت، دەسـتتان نـەڕزی ئـەی شەرەفمەندانی کوردەواری، ئێوەیش ئـەی پارێزەرانی خاکی کوردسـتان، ئێوە ئەی جحێلانـی دەروون گـەرمی کوردایـەتی لێکـرا وەك دیـوارێکی ئەسـتوور بـۆ ئەو کـوردە ڕاوەسـتن و بـەرەو ئومێـدوئاواتی دێرینـەی ببـەن، بۆیـە لـە جیـاتی هەموو خـەڵکی میـوان ڕاگرو ئاشـتیخوازی کوردسـتان بـەخێرهاتنێکی گـەرمی دڵسۆزانە لەو هەموو میوان و ڕۆژنامەنوس و چاودێرانە دەکەین کـە هاتونەتـە گۆڤەنــدو دیلانــی کــوردەواری، ســەری ڕێزونــەوازش بــۆ خــەڵکانی دەرەوەی کوردستان کە بەهانامان هاتوون و بەڕەیەکمان بۆ داوێنـە مزگـەوت، قـسەیەکی دڵخۆشــکەرەو خێرخوازمــان بــۆ دەڵــێن، مــەمنوونیانین .. لەوبڕوایــەداین مێـژووی مرۆڤایـەتی لـە یادیـان ناکـات و خۆشمـان بـە قـەرزاریان دەزانـین تـا لێــرەن چــاوی خۆمانیــان بــۆ دەکەینــە لانــدك و بــە برژانگــی چــاومان دەیانپارێزین .

ئینجا رووەمان لەو کەسانە دەکـەین کـە دوو سـێ ڕۆژە بـە پیـادەیی سـنوور

دەبـڕن بـۆ ئـەوەی ئامـادەی ئـەو هەڵبژاردنـە بـن، ماندونـەبن هـۆۆۆ ئـاوارە دڵـسووتاو و بەئەممەكـەكان، ئـەوكارەتان جێگـای سەرسـوڕمان نیـە چـونكە ئێوەی هەردەم مشەخت گەلێك لـەوە زیـاتر ئازارتـان كێـشاوە، ئێـوە بـە گیـان و بە ماڵ هاتونەتە پێش، هەژدە ساڵە نركەو ناڵەو ئاخ و ئۆفتان تێكەڵ بـە یـەك كـردوە، سـەركردەی هەمیـشەیی كـورد بـارزانی نـەمرتان نائومێـد نـەكرد .. مانـەوە .. دەوروبـەری ئـەو بـەڕێزەتان چـۆل نـەكرد .. هـەنگاو بـە هـەنگاو لـە دوای بوون، سەر لە نوێ بـۆ جـارێكی دیكـە تێیهەڵچوونەوە .. لەبـەر ئـاگردانی گـەرمی گولانـدا گیرسـانەوە، بـە دەسـتی خۆتـان بـە فرمێـسكی خوێناویتـان لـە جیاتی ئێمەیش ماڵئاویتان لە سەركردەی لێهاتوو ئیدریسی جوانە مـەرگ كـرد هـەر چـەندە بـۆ كـورد پـەژارەیی بـوو بـەڵام بەشـداربوونتان لـە نزیـسكەوە سەرفرازی ئێوەو ئێمەیش بوو، رانەوەستان ئەوەتـە لـە ژێـر سێبەری ئـەو كوڕە بـە وەفاییـەی بـارزانی نـەر كۆبوونەتـەوە چونكە هـۆگری ئـەو كانیـاوەن، بەخێربێنـەوە هـەر چـەندە ئـەم وشـەیە بـۆ ئێـوە كێمـە چـونكە ئێـوە هـاودەنگ و هاوخـەم و هاورێگای بارزانی نەمرن، هەرچیەك بڵێین خۆمـان بـە قـەرزار ئـەزانین بۆیـە دەڵێم : بەخشن ئەی ئاوارەو پەناهەندەی هەژدە ساڵەی دوورە وڵات .

لە جیاتی ئێوە بەخێرهاتنی هەموو لایەكمان كرد ئینجا دەمانـەوێ یـەك دوو پـــەیڤ بـــچرپێنین دەربـــارەی ئـــەو خۆفرۆشـــانەی كـــورد كـــە ئـــەم هەڵبژاردنەمان پێڕەوا نابینن .. هیچ ناڵێم جگە لەو (سكتربن) جانم!

**ئەوە رۆژی مێرانە**

**رۆژی سەرفرازیكوردانە**

**رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنە**

**رۆژی لابردنی تەمومژانە**

---

* **لە برایەتی ژمارە ( ١٦٤٨ ) رۆژی ١٩٩٢/٥/١٨ بڵاوبۆتەوە .**

# ئێره دەنگی کوردستانی عێراقه

## ١٩٩٢/٥/٢٠

هەر لەودەمەی منداڵی کورد باخۆش دەبێ .. چەند وشەو پەیف جگە لە دایەوبابە هێرش بۆ نێو مێشکە دەڵەمەییەکەی دێنێ، ئەم وشانەش بریتین لە :

**کورد، کوردستان، نەورۆز**

کاتێ گەورە بووین بەوپەڕی تامەزرۆییەوە ئاشقی جەژنی نەورۆز دەبووین .. ئەگەر سەرما یان باران یا تەزرە بێ سێ و دوو ئەو خەڵکە مەنجەڵە دۆڵمە بەدەست و سەماوەر بە کۆڵ بەرەو (کوونەگورگ) و (دارەتوو) یان (دڵۆپە) یان (بەستۆڕە) ئیدی هەر شارەو بۆ شوێنی دیاریکراو هەڵدەکشا بۆ ئەوەی بەشداری لە نەورۆزی کۆن و نوێ بکەن .

هەندێك کەسان هەبوون لە ترسی خودا نەوەك تووشی ڕەشبەڵەك بن پاشەکشەیان دەکرد هەندێکیش دوورە پەرێز رادەوەستان نەوەك بەشداربوونیان بۆنی حزبایەتی لێ بێت . ئیدی هەر چۆنیەك بێت بێ کۆمەڵێك خەڵك کەمزۆر بەشداری جەژنی نەورۆز نەدەبوون، بە دووری نازانم کە گوێگر تا رادەیەك لە مەبەستم گەیشتوە ئەگەرنا ئیدی راوبۆچوونە جار هەیە سەت لە سەت دەپێکێنێ جاریش هەیە لە دەوروبەری دەدا .. بێ پێچوپەنا دەڵێم : ١٩٩٢/٥/١٩ رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان سنووری پیرۆزی نەورۆزی کوردی بەزاند بە زێدەیش!

١٩٩٢/٥/١٩ جەژن نەبوو، بوو بە جەژن! رۆژی زبارەکردن نەبوو بوو بە

زبارەی کورد .. ئەوەی لە دوامانگێڕاوە یان نەگێڕاوە هاتنە بەشداربوونی شایی و دیلانێی کوردەواری .. هاتنە رۆژە دروێنەمان .. هاتنە بانگ و هاوارمان .. یەکتریشمان لاواندەوە بەڵکو بە شان و باڵی کوردیشیاندا هەڵگووت .

بەر لە ١٩/ مایس لەولاو لەملا مقۆمقۆی ئێرەو ئەوێ هەبوو، خەڵکیش هەبوون لە نێوان خۆیاندا گرەویان لە سەرمان دەکردو تیرتوانجیان دەهاویشتینێ .. بوغزوکینەی دوێنێ و پێرێیان لە نێوانماندا بلاودەکردەوە لە دەماری *شەعب شەعبانێیان داین* گەرەکیان بوو بە (خەلەوبلە) شاروەدەرمان نێن! لەبەرچی؟ بۆ ئەوەی میللەتەکەمان بەشداری هەڵبژاردن نەکەن کەچی بە پێچەوانە ئەو خەڵکە وەك (لیلە القدر) خلوەیان کێشا خوێیان دەچاوی خۆکرد! تاکو نەخەون .. بۆ ئەوەی لە گەڵ کازیوان بێنە بەر دەرگای مەڵبەندی هەڵبژاردن .

بە گۆڕی جوانەمەرگان خەڵکم بینی بە (گۆدەگۆد) هاتن، بە عارەبانەی پەککەوتوان هاتبوون! ئەو پیرەمێردو پیرژنانەی تەسبێح سەتویەك قللی بە (تەهلیلەوسەلەوات) لێدان گەیشتنە سەر سندوقی هەڵبژاردن .. نەخۆشی خەستەخانەکان بە جلی تایبەتی بەچەپڵەرێزان ناردنمانە ژوورەوە .. ئافرەتی کوردەواری بە (باغەرودامێن) و (سۆتکەوقەنەفڵ) لەمڵ، هاتنە هەڵپەرکێی خۆیان بە (فستان و کۆڵوانە) بە (چارۆگەوبەرامپیل) لەپشت، هاتن .. ئەی ئەوە نەبوو ئەو ئافرەتە کە پشتی خۆی بەستبوو دەیگووت : ئەوە هاتم بەلام زووم بەرێکەن هێندەی نەماوە مەڕ لەبێردەم! کچانی شارستان بە رازاوەیی و بۆنی (گلامۆر) هاتبوون ببنە دۆی داوەتێ بە چەند پیەرژنمان گووت :

ئەرێ خێرە؟! بێ سێ ودوو (ئەییەرۆ بابم هاتینە کوردایەتی .. هاتینە پەنجەی شەهادەمان رەنگ بکەین و بە چاوی خۆفرۆشانی دەنێین! هاتینە

سەری نەیاران بتراشین و پاشەوپێش سواری گوێ درێژیان بکەین و جامە ماستێکی بەسەریاندا بکەین و شاروەدەریان بنێین! هاتینە هان لە کوڕوکێژان بدەین بەشداری سەوجاسەری مەسەلەکەمان بکەن .. ئەییەڕۆ دایە بۆ ئەو شتانە هاتینە .. ئەییەڕۆ دایێ سلاوقەت کەسم نەما .. بۆ ئەمڕۆ کەس هەیە نێتە ئێرە)؟!

باسی چی و چ بکەم.. ئەوەی بیرت لێ نەدەکردەوە روویدا لێکرا ئەو خەڵکە وردودرشت هاتنە مەیدانی هەڵبژاردن .. بە راستی خەمخۆربوون، بەراستی ئەگەر ئەو میللەتە هەلی بۆ بڕەخسێ و شوانی بەوەفای هەبێ چیای (قاف)لەبن دێنن! کوشتن نەبوو .. لێدان نەبوو .. چاو سوورکردنەوە نەبوو .. کاری ناڕێك و نائەموار رووی نەدا .. ئەگەر رووبدابێ ئۆبالی ئەو میللەتە تا رۆژی قیامەت دەکەوێتە ئەستۆیان خێر لەخۆیان نابینن! بە دەردی چیای سیپانێ دەچن .

باسی کێی دیکە بکەم مەگەرئاوارەو پەناهەندەکان .. وای بابە لەو خەڵکە بەوەفایە .. وای لەو کوردپەروەرانە .. خۆ سەرماوگەرما نازانن چییە؟ هەرکاتێ بزانن پێویستیمان پێیان هەیە یەکرکێب لە دوو سێ چیایان ئاودیو دەبن! وا دەزانن دەچنە سەیرانێ! چیتان پێ بڵێم جگە لەوە ئێوە گەورەن، ئێوە تاجی سەرفرازی ئێمەن، ئێوە دەروێش و موریدی ئەو رێبازەن کە پەلوپۆتان لە نێو ئێمەدا بلاوبۆتەوە ئەوەی ویستمان هاتە دی .. ئەنجومەن بێ خوێڕێشتن .. ئەنجامەکەیشی هەر بۆ خۆمانە، هەر کوڕە کوردە برا گەورەییمان بۆ دەکات .. هەر لە ئێستاوە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانمان پیرۆز بێت .. چاوەڕوانی هیممەتیان دەکەین .

---

* لە برایەتی ژمارە ( ١٦٤٩ رۆژی ١٩٩٣/٥/٢٠ بلاوبۆتەوە .

# ئافرەت و پاراستنی کەلەپوور

هـەر لەدێرزەمانـەوە ئـافرەتی کـوردەواری دەورێکـی بـاڵای لـە پاراسـتنی کەلەپووری نەتەوەکەمان بینیوە .. نەك پاراستن بـەڵکو هـەردەم پاڵـەوانی نێـو هەقایەت و داستانی قارەمانێتی و ئەڤینی کورد بوە .

خانزادەخـانی سـۆران، لـەعلی خـانی گۆڤـەیی، عەیـشێ ئـیبێ، عـەدول، بـەهاراسمۆ، خـەجی سیابەندێ، سـورمێی خورشـیدی چـاوبەخاڵ، مرزن گیـانی شۆڕمەحموودی، خەزاڵە شۆڕی کاکە لاسی، گوڵندامی بارام، فاتمی کوڕ کوژراو، ئەسمەرێ مامەری، ستییکەریمی، زێـڕینی خـدرۆکی، شەمـسی خـان، گوڵێخـانی کــوللکی، ســێویی محەمـــەدی، نـــورێی صـــالحی پـــسمام، شـــەمی دۆتمـــامی شەمزین،گولیزاری شکاك، خاتو ئەستێی کاکـە فـەرخ، نـازێ و خـاتوو تـەورێزی ناصرومالْمالْ، و گەلێکی دیکە نموونەی زیندووی فۆلکلۆری نەتەوەی کوردن .

واتـە ئـافرەتی کـوردەواری نـەك لـە پاراسـتنی کەلـەپووری کـورد ڕۆڵـی گرنگیــان بینیــوە بــەڵکو هــەردەم شــان بــە شــانی جــوامێران و جحێلانــی کوردەواری بوونەتە پاڵەوانی نێو هەقایەت و داستانەکانی میللەتەکـەمان بۆیـە ڕۆڵـی ئـافرەتی کـورد لـە کۆمـەڵگادا سـەرنجی ڕۆژهەڵاتناسـان و گەڕۆکـەکانی جیهانیانراکێشاوەو بوونەتە هـەوێنی نووسـینەکانیان مەنزڵـەتیان لـە کـارکردن و شەرەفمەندی گەیشتۆتە ئەو رادەیـە کـە بـە (کچانی خـوا)لـە قەڵـەم بـدرێن) میللەتی ئێمە سەرەڕای ئەوە کە دەمێـە خـاوەن دەسـەڵاتێکی سـەربەخۆ نـەبوە بـەڵام وەك میللـەتێکی زینـدوو خـاوەن شارسـتانیەت لـە ژێـر سـێبەری ئـالی (ئەموئەویش)بێت تەکانی حوکمڕانی ناوچەیی بووبێ یان میرنـشینی درێغیـان

نەکردوە بەڵکو لاپەڕەکانی مێژوو شاهێدی ئەوەمان بۆ دەدات کە ئافرەتی کورد توانیویەتی لە چوارچێوەی کاروباری نێومالّ و تایبەتیەتی ژنایەتی دەربچیّ و بگاتە ئەو رادەیە حوکمڕانی میللەتیش بکات و جلّەوی سەرکردایەتی راپەڕین و شۆڕشیش بگرنە دەست و نێویان لە مێژووی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و رۆشنبیری میللەتەکەمان تۆمار بکەن و نەوەی نویّ شانازیان پێوەبکەن .

دوا لە دوای لەنێوچوونی ئەو حوکمڕانیە بچووك و کەیم دەسەلاّتە کوردیانەو دابەشکردنی خاکی کوردستانی دلّنشین لە نێوان چاوچنۆکانی دەوروبەرمان، رۆلّەکانی میللەت بیّ جیاوازی کەوتنە بەرگریکردن دژ بە سیاسەتی شۆڤینیانەی دوژمنانی کورد، ئەوەبوو لەو قۆناغەدا چەندان خاتوونی کوردەواری وەك (قەدەمخێر، کچە نەغەدەیی، مەیان خاتوون، خاتوونی کچە نەقیب و کچانی کوردی ئاوارەی دوورە ولاّت وەك عایشە تەیموور، سوهێر قەلّەماوی، کچانی بەدرخان، دورپە محەمەد عەلی هەریەکە لە مەیدانێك نێوی خۆیان تۆمارکرد .

دوا بە دوای ئەو قۆناغەیش کاروان هەر بەردەوام بوو، نەوەیەکی دیکە هاتنە مەیدان و بوونەتە  قۆچی قوربانی کوردو کوردستان بۆیە لە روانگەی ئەو خۆبەختکردنەوە هەموو سالّێك یادی شەهیدانی رێبازی بارزانی نەمر لەیلا قاسم، بەیان عومەر شەریف، خەجە باوەو دەستە خوشکانیان دەکەینەوە .

لە قۆناغێکی دیکەی ژیانی چەرمەسەری میللەتەکەمان کچانی کورد بۆ ئەوەی لە رەوڕەوی ژیان دوانەکەون هاتنە مەیدانی رۆشنبیری و هونەری .. تا دنیا ماوە شوێن پەنجەیان لەولایەنەدا دەدرەوشێتەوە .. ئەوەتە ئەلّماس خان، مریەمخان، صبریەکۆر، دایکی کەریم، نەسرین شێروان، ئایشەشان و چەندانی

دیکه بۆ خزمەتکردن و پاراستنی گۆرانی فۆلکلۆری کورد هەڵکێشا .

کەچی لەم چەند ساڵەی رابردودا نەیارانی کورد بە هیچ جۆرێك درێغیان لە پێشێلکردنی کەلەپووری باوان نەکرد، تا گەیشتە ئەو رادەیە سیماو روخساری رابردی میللەتەکەمانیان شێواند! بۆ ئەوەی نەوەی ئێستاکێ لە شناسنامەی خودی خۆی و بابوباپیران نابەڵەدبن! بەڵێ .. کەمتەرخەمیان نەکرد بەڵکو بەزێدە نەریتی ئەم کوردەیان ئاڵۆزکرد .

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم : ئەرکی ئافرەتی کورد لەم قۆناغە ناسکەو دژوارەودا گەلێ ئەستەمە چونکە پێویستە دایکان و خوشکان و کچانی کورد شان بە شان بەرەو پێشچوون برۆن بەلاّم نابێ بە هیچ شێوەیەکیش نەریتی رەسەن و جلوبەرگ، خشڵو کارە میللیەکانمان لە تەونوتەونکاری، چنینی هەمەجۆر، شاڵی کوردەواری لە یاد نەکەن چونکە تا دەگەینە ئامانجی سەرەکیمان ماوە ماوە پێویستیمان بەمانە هەیەو دەبێ بەڵو بنچینەیەکی ئابووری میللەتەکەمانە کوردیش هەر لە دێرزەمانەوە ئافرەتی حەیامەندی بە لاچەکبەسەر زانیوەو هەروایشە .

* لە برایەتی ژمارە ( ١٦٥٨ ) رۆژی ١٩٩٣/٥/٣٠ بلاّوبۆتەوە .

# خدرۆکی خمچی ..

چەند رۆژێك بوو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەلگیرسابوو .. ئەو هەواڵە لە نێو کۆڕی دیوەخانەو بندیواری مزگەوت و سێبەری گردی گوندەکەمان، ئەو خەڵکە بەسەرسوڕمانەوە باسی شۆڕش و سەرکردەی نەمر بارزانی مستەفایان دەکرد، لەو سەینوبەینەدابوو خەڵکی ناوچەکەمان منداڵەکانیان بە (شۆڕش) و (بارزان) ناودێر دەکرد، هێندەی نەبرد جحێلان و جوامێرانی گوندەکەمان و دەوروبەرمان شەرەفی پێشمەرگایەتیان خستە ئەستۆی خۆیان .

ئێستاشی لە گەڵدابێ خەڵك دەڵێن و دەگێڕنەوە کە فلانی فلانە گوند یەکەم پێشمەرگەی گوندەکەمانە لە شۆڕشی ئەیلوولدا یان فلان یەکەم شەهیدی گوندەکەمانە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول .. تا ئەمڕۆ خەڵك هەن شانازی بە رۆژانی سەرفرازی میللەتەکەمان دەکەن .

هاوتەمەنەکانمان لەوکاتدا شەوانە بە خەواڵۆیی گوێمان لە ماجەرای دنیای شۆڕش و پێشمەرگەو سەرکردەو دوژمن رادەگرت و گوێمان لە هێندێ وشەی وەك (بنکە، پەل) دەبوو بە راستی بەلامانەوە سەیربوو چونکە یەکەمجاربوو گوێ بیست دەبووین .

چاکم وەبیرە لە یەکەم زستانی تەمەنی شۆڕشدا .. لە تاریکە شەوێکی زێدە سەرما لە دەوروبەری سۆبەی قشپڵ (پشقڵ) کۆبببووینەوە، لەسەر مەسەلەی مافی میللەت و گەیشتن بە ئامانج و دەربەدەری چەندین جارەی بنەماڵەی شێخانی بارزان و سەرهەڵدانی شۆڕش .. رەحمەتی باوکم ئەو سەربردەی بۆ گێڕاینەوە :" لەوەتەی ئێمە لێرەین ماڵی خدرۆکی خمچی جوولەکە لێرەن، منداڵ بووین باوکی خدرۆك دەیگووت : لە کتێبان نوسراوە

*جوولەکە دەوڵەتی لەلای فەلەستین دەبێ .. ئێمە هەر بەو ئومێدەین بۆیە لە گوزەرانیماندا دەست بگرینو سۆدرەکردنی منداڵە ئیسلامان قبوول دەکەین تا رۆژمان دێ .*

ئەوەبوو لەوکاتەی بڕیاردرا وڵاتێکیان بۆ دروست بکرێ بە بیانووی حەجکردن و زیارەت .. ئەو جوولەکانەی خۆمان بەباروبارگەیەکی زۆرەوە سەردانی ئەوێیان دەکردو هێندەی پێ نەدەچوو دەگەڕانەوە .. لە جاران باشتر خۆیان بە کاسبی ماندوو دەکردو لە جاران خراپتر دەستبگر دەبوون، مەسەلەی وڵاتەکەیان هەر دەهات دەبوە باسوخواسی ناو خەڵکەکە .. بەبیرم دێ ماڵی خدرۆکی بەشرینقان (ئەوە قسەی باوکمە) زەردێنەی هێلکەیان دەردەهێناو ئاوی زێڕیانلەجیاتی تێدەکرد، ئینجا هێلکەکانیان کەسکو سوورو مۆر دەکرد . بەر لە جەژنێکی تایبەتی خۆیان بەرەو رۆژئاوا بەڕێ دەکەوتن .. بەمجۆرە تا ئەو رۆژە حکوومەتی عێراق بڕیاری دەرکردنی جوولەکەیدا .

خدرۆکی خمچی گەلەکی خۆش دەویستم، لەوکاتەی خواحافیزی یەکجارەکیمان لێکرد لەسەرخۆ بە گوێما چرپاندی .. گریانی ناوێ ئێمە چاوەڕوانی رۆژێکی ئاوابووین، سەروەتەکەیشمان لەپێش خۆماندا ناردۆتە ئەوێ! "

ئەمڕۆی کوردستانی ئێمەیش لە رووی یارمەتیەوە پێویستی بە هەزاران خدرۆکی خۆمان هەیە تا لەدوا رۆژدا نێوی لە مێژووی بووژانەوەی ئابووری کوردستاندا تۆمار بکرێ و ببێتە نموونەی نیشتمان پەروەری نەوەی دادێی نەتەوەکەمان ...

**خۆزگە هەبووایە ..**

* لە برایەتی ژمارە (١٦٧٠ رۆژی ١٥/٦/١٩٩٣ بڵاوبۆتەوە .

# داستانی مێژوویی ..

**ئەو مرۆڤە وەك سەرۆكێكی ناوداری دنیا نێوی لە مێژوودا بە قەڵەمی زێڕین دەنووسرێتەوە**

**" دیجرون "**

لەو رۆژەیەوە نێوی نەتەوەی كورد لە مێژوودا تۆمار كراوە تا ئەو رۆژەیش ئیسرافیل فووی خۆی لێدەدا ئەو نەتەوەیە خۆی بە قەرزاری هێندێك بنەماڵەو رۆڵەی قارەمان و سەركردەی لێهاتووی نەتەوەكەمان دەزانێ كە لە دێرزەمانەوە توانیویانە میللەتەكەمان بەرەو قۆناغی باشتر ببەن لەسەرووی هەموویانەوە بنەماڵەی شێخانی بارزان كەبەر لە (١٠٧) ساڵ بەرانگاری ناهەق بوونەتەوە .

ئەگەر بێتو سەیری مێژووی ئەم سەدەیە بكەین هەموو رۆژێكی ئەم مێژووە شاهێدی خەباتی ئەو بنەماڵەن، ئێمە لەم نوسینەماندا باسی رۆڵی كاریگەری سەركردەی هەمیشەیی كورد بارزانی مستەفا دەكەین كە لە ساڵانی (١٩٣١ – ١٩٣٢) ناوی وەك سەركردە لە لاپەڕەكانی مێژوو دەدرەوشێتەوە .. چۆن مرۆڤێك بوە؟ ئەم كلەمێردە كە هەڵسوكەوتو لێهاتوویی بوەتە مایەی ئەوە بەمجۆرە لەلایەت دوژمنان پێی هەڵگووترێ .

بە ئەركی سەرشانی هەموو مرۆڤێكی كوردی بەشەرەفی دەزانم بە تایبەتی باوك و دایكان كە هەوڵبدەن مێژووی دەدردەسەری ژیانی پڕ لە جەوهەری بارزانی نەمر بە نەوەی ئەمڕۆمان بناسێنن چونكە درێغی كردنمان لەم ئەركە پیرۆزە درێغی كردنە لە رێبازی كوردایەتی .. درێغی كردنە لە خزمەتكردنی خودی مرۆڤی كورد .

دوا بـه دوای پیلانــی لـەنێوبردنی نۆبـەره كۆمـاری مـەهابادی كـورد ..
هەموو رێگایەك لەبەردەم بارزانیـەكان گیرا، دەبوایـە سـەختترین و دژوارتـرین
رێگا بۆ دەربازبوونیـان هەڵبـژێرن هـەروایش بوونـە ئـەو رێگانـەیان بڕیـوه كـه
خـەڵكی دیكـە بـە هـیچ جۆرێـك نـەیتوانیوه بـە خـەونیش بـیری لێبكەنـەو ..
ئـەەبوو بـارزانی نـەمر لـە رۆژی پێنجـشەممە رێكـەوتی ١٩٤٧/٥/٢٢ بڕیاریـدا
بــەرەو وڵاتــی عــرووس بەرێبكــەوێ .. رژێمــی كۆنەپەرســت ئــەو ئــازارو
ئەشكەنجەیشیان پێڕوا نەبینی بۆیە لـە رۆژی ٥/٢٣/ بـە (١٤) فڕۆكـەی جـەنگی
هەڤالانی بارزانی له گوندی (دری) بۆردومانكرد كه بوو به هۆی شـەهیدبوونی
دوو پێـشمەرگەی قارەمـان و برینـداربوونی (١٤) پێـشمەرگەی دیكـە لـە رۆژی
٥/٢٤ بـارزانی و هەڤاڵـەكانی گەیـشتنە (پێداو) دوا گونـدی كوردسـتانی عێـراق
بەرەو كوردستانی توركیا ئینجا به رێگایـەكی ناخۆشـو بـەفراوی بەبـەرزی سـێ
هەزار مەتری توانیان بگەنە گوندی (بای) لەنێو خاكی كوردستانی توركیا .

لــــە بەرەبــــەیانی ٥/٢٧ لــــە رێگــــای (زینیائاســــنگەران) توانیــــان
چیای(سپیرێز)ببڕن و له ئێوارەدا بگەنـە گونـدی (جیرمـی)ئێـران، دەبوایـە بـۆ
ماوەیەكی سێ رۆژی ٢٩و٣٠و٥/٣١له كوێستانی (هەركی)ان، بحەسێنەوە .

لـە ئێـوارەی ٥/٣١ بـەرەو ناوچـەی (شـكاك)نێـوی خـوای لێـدێنن دوو
رۆژێكیـان تێیـدا بەسـەر بـردو ئینجـا لـە ٦/٣ لـە گونـدی (دۆسـتان) بـەرەو
(دێڵزێ)و(گوزەڕەش) رۆیشتن . لەهـەر گونـدێك و رێگاوبانێـك ئـەو خەڵكـە لـە
حەژمەتی بـارزانی و هەڤاڵەكانی فرمێسكیان بـۆ دەرێـشتن و بەهەرشـێوەیەك
بوایە دەستی یارمەتیان بۆ درێژ دەكردن .

دەبوایـە شـەوی ٤و١٩٤٧/٦/٥بـەر لـەوەی رۆژهـەڵبێت ئـەو دۆڵـە سـامناكەی
كەوتۆتـە پێـشیان ببـڕن .. بـەڵێ دەربازبوونیـان خـۆی لـە خۆیـدا لـە رووی
عەسكەریەوە سەركەوتنێكی بێ وێنەبوو .

له گەڵ بەرەبەیانی ٦/٥ گەیشتنە نـاو عەشـیرەتی (عـروس) كـه ئـەوانیش

لە خزمەتكردنی بارزانیەكان دریغیان نەكرد .. بۆ ئێوارەكە گەیشتنە گوندی (مەلهەم) لە ناوچەی هۆزی (مللی) لە ٦/٧ گەیشتنە گوندی (عەمباری) لەوێوە بەرەو گوندی (كلیسگەند)ی، نزیك (ماكۆ) .

دەبوایە بارزانی هێرشێك بكاتە سەر ئەو هێزە ئێرانیە كە لە رێگادا بوونەتە كۆسپ، بۆیە پێشمەرگەكانی خۆی كردە دووبەش و بەشێوەیەكی (*یان كوشتن یا دەربازبوون*) بەخۆی چەند هەڤاڵێكی دیكە هەڵۆئاسایی كەوتنەگیان ئەو سوپایەی سەرچیای (سوسوز) و دۆڵی ماكۆ لە ٦/٩ تا ٦/١١ بە بەردەوامی شەڕ دەستی پێكرد تا توانیان پردی ماكۆ بگرن و لەشەودا لە زێی (زنگی) بپەڕنەوەو گەیشتنە گوندی (هاسون). لە ٦/١٦وە، نوێنەری بارزانی نەمر گەیشتە (سراجلو)ی، سۆڤیەتی .. لەسەر بڕیاری سەرۆك داوای پەڕینەوەیانكرد، كۆمەڵێكیان لە ٦/١٧ دواجاریش بارزانی مستەفا خۆی و چەند هەڤاڵێكی دیكەی لە رۆژی چوارشەممە رێكەوتی ٦/١٨ لە (ئاراس) بەرەو سۆڤیەت پەڕینەوە .

دوا بە دوای دەربازبوونی بارزانی نەمر بۆ سۆڤیەت .. رژێمی عێراق لە ١٩٤٧/٦/١٩ هەر چوار ئەفسەرە كوردەكانی پێشمەرگەی مەهابادی گوللەبارانكرد!

خوێنەری ئازیز ئەو نوسینە باسی (٢٨) رۆژی ژیانی پڕ لە ئازارو ئەشكەنجەی ئەفسانەیی ئەو ناودارە جیهانیە دەكات كە تا ئێستایش بوەتە جێگای سەرسوڕمانی مێژوونوسانی دنیا! مرۆڤێكی تەمەن حەفتاودوو ساڵ خەبات بۆ كورد لە دایك بوو، بۆ كورد ژیا، بۆ كورد سەری پڕ لە جەوهەری نایەوە ژێرگڵ . دەبێ ئێمەی كورد لە ئاست ژیانوخەباتی ئەو كەلەمێردە چی بكەین؟

---

* لە برایەتی ژمارە (١٦٧٢) رۆژی ١٩٩٣/٦/١٨ بڵاوبۆتەوە .

# حەسەن وحسێن ..

منداڵە کرمانجی وەك ئێمەمانان هەر لە سەرەتای ژیانیدا موچڕکی ترس بەو هۆنراوە فۆلکلۆریە بەلەشدا دێ .. کە دەڵێ حەسەن و حسێن برانە، لە کەندەکی کوژرانە!

جا ئەو مەسەلەیە گەورە دەبێ تا ئەو رۆژە بەهەر هۆیەك بێت سەردانی شوێنی رووداوەکە یا بەشداری مەراسیمی (*مقتل الحسین*) دەکەین ئەوکات دەزانین کارەساتەکە چلۆن چلۆنی بوە؟ ئەودەم پەیوەندی گیانیمان لەگەڵ مەسەلەکە توندتر دەبێت چونکە وشەی (*غەریبی کەربەلا*) غەریبی خۆمان دێنێتەوە یاد .. سەبایەی ئیمامی حسێن (*منداڵانی ئەنفالی کوردی دەربەدەرمان وەبیر دێنێتەوە*) . (*وا عطشانا*) ی، بیابانی (*کەرۆبەلا*) کاولکردن و کانیاوی تەپێنراوی کوردستانی شیرینمان دەخاتەوە بیر .. دەنگوسەدای (*کەسم نەما لە ماڵەباوان*) ی، زەینەبی سەربەهەشو برا کوژراو ئۆقرە لە پیاو هەڵدەگرێ و دەمانگەڕێنتەوە کۆڕی شینوواوەیلای ئافرەتانی کوردستانی زامدار لەوکاتەی (*هەلیکسە*) بۆ باوکوبرای پێشمەرگە دەکات و (*بازنە قتز*) لە دەست دەئالێنی و ئاهونیزای وەك دوکەڵێکی رەش بەری ئاسمان دەگرێت .

هەموو شتێکی رووداوی ئیمامی حسێن لە کەرۆبەلا لە هەموو شتێکی کوردی کۆسکەوتوو لە کوردستان دەچێت، ئەوەتە لە سایەی سەری رژێمانی یەك لە دوا یەکی عێراق نەزارقەبانی گوتەنی : "*چەندان ئیمام و پیاوماقوڵانمان لە نوێژی شەودا کوشتن .. هەموو رۆژێکمان کەربەلایە* "

بەڵێ .. لەوەتەی چاومان بۆ ئەم دنیایە هەڵێناوە خۆمانمان بەمجۆرە بینیوە : کوشتن، بڕین، سووتان، تینوەتی، بزربوون . هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت پلکە (*خەجەکەلەی قورشاغلو*) کە دەتگووت : دایکی مەلیکم لە خەون دیتیە .. تووڕگە خێیەکی بەسەر عێراق پەرتوبڵاو دەکردەوەو دەیگووت : لە دوای کوشتنی نەوەی (*محمد المصطفى*) عێراق و خەڵکی عێراق خۆشی لەخۆیان نابێنن .

## ئۆباڵت بە ئەستۆم ڕاستە

---

* لە برایەتی ژمارە ( ١٦٨١ ) ڕۆژی ١٩٩٣/٦/٢٩ بڵاوبۆتەوە .

# چۆن بەخێرهاتنی مەدام میترانم کرد ؟!

چەند ساڵێکە خاتوو دانیال میتران وەك ئافرەتێکی ناوداری جیهان نێوی لـە مێـژوودا تۆمـارکراوە، تـا دنیـا مـاوە دەبێتـە وێـردی سـەرزاران، کەسـیش ناتوانێ نکوڵی لە رۆڵی مرڤایەتیدا بکات، بەڵام بۆ ئێمەی کورد لـەو ساڵەدا کـە وڵاتـی فەڕنگـستان خـەڵکی بـۆ مەسـەلەی کـورد کـۆکردەوە .. جـاڕی بـۆ چارەسەرکردنی کێشەی میللەتەکەمان لێدا، ئیـدی دڵ و دەروونـی رۆڵەکانمان بۆ ئەو ئافرەتە بە فراوانی کرایەوە .

ئـەوەبوو لـە گـەڵ رەوکردنـی سەرتاسـەری خـەڵکی کوردسـتان.. جارێکی دیکە نەعرەتەی *شێرە* ژنانەی بۆ لێدایـن کـورد گووتـەنی :"*شێر، شێرە چ ژنـە چ مێرە*"لە ناخۆشترین کاتوساتی وەرزی ساڵانەو ڤاتوڤرِیدا بوخـچەی وەفاداری خـۆی بـەرەو کوردسـتان پێـچایەوە! هـەر هێنـدەمان ژنـەفت خـاتوو دانیـال لـە (شـیوەرەش) ی، حـاجی ئۆمەرانـەو هـاتوە بـۆ ئـەوەی لـە نزیکـەوە بـە چاوی خـۆی ئێـشوئازاری ئـەم نەتـەوە ستـەمدیدە ببـینێ و بـە خـەڵکی جیهانیش رابگـەیێنێ کـە ئەم میللەتە شایستەی ئەوەن دەستی یارمەتی و کۆمککردنیان بۆ درێژ بکرێ .

دوا بــە دوای هەڵبــژاردنی دێموکراتیانــەی میللەتەکــەمان لــە ١٩٩٢/٥/١٩ ئینجـا دامەزرانـدنی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق بـۆ ئەوەی جارێکی تریش  بۆ دنیا بـسەلمێنێ کە بانگهێشتەکەی دوێـنێ و پێرێـی بەزایـە نەچـوو . ئەوەتـە ئـەو میللەتـە بـە ماوەیـەکی کـەمو لـە بـارودۆخێکی یـەکجار دژواردا توانیـان خۆیـان لەقـەرەی تاقیکردنـەوەی دێمـوکراتی بـدەن و بەیەر زۆر لایەندا زاڵ بـن و ببنـە نموونەیـەکی زینـدووی ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە بـە خـۆی و نوێنـەری حکوومـەتی فەرەنگستان بوونـە میـوانی هۆڵی پەرلەمانی کوردستان و بەچەند پەیڤێگ دڵی ئێمـەی ساکین کـردەوە .. لەبەردەم بڵندگۆی دێموکراتی پەرلەماندا وتی :"بەهەقیقەت کورد نایـەوێ لـە

ڕەورەوەی شارستانیەت دواکەوێ، توانیتان بۆ خەڵکانی دنیا بسەلمێنن کە دێموکراتخوازو ئاشتیخوازن "لەبەر ئەوە ئێمە هاتوینەتە ناو هۆڵی کۆبوونەوەی نوێنەرانی میللەتی کورد .

ئەو کاروکردەوانەی لێرەو لەوێی (خاتوونی کوردان) مەزاجی کوردەواری بزواندم بۆیە لەسەر خوانی میوانداریدا بە ڕێزو ستایشەوە بەرامبەری ڕاوەستام و گووتم : خوشکی زێدە بەرێز .. لاچەك بەسەری کوردان مەدام میتران .. بەناوی خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی هەولێری قەڵاومنارە بەخێرهاتنێکی گەرمت دەکەین، سلاوێکی بۆنداری سۆتکەوقەنەفری ئەو دەشتەکاکی بەکاکیەی هەولێری دێرین .. لە سەفینە شێتی خۆشناوان بەرەو دەشتی دزەییاتی و کەندێناوەو قەرەچوغ .. لەسەر بێژنگ بەسەری شێروانیان لە گەڵ بۆنی بڕکی ئەو بێستانە ساوایانەی لێواری زێی بادینان و ناوچەی شەمامگ و بەڕانەتی .. لەسەر ئاوازی ناقووسی عەنکاوە دەگەڕێینەوە سەر قەڵای (ابن المستوفی) ئەو سلاوە لە کلەئەنگوچکی ئافرەتێکی باغەرشۆڕێ دزەییان دەپێچمەوەو لەبن کوورتەکی مۆری بەقەیتان لەبنپەڕەی دڵی حەشار بداو بیداتە دەست کچۆڵەیەکی هەولێری و لەبەردەم ئێوەی خۆشەویست بۆنی بپرژێنێتە سەرتان .

خاتوونی فەڕنگستان .. تا دنیا ماوە ئێمەی کورد هیممەتی شێرەژنانەت بۆ کورد لەیاد ناکەین، ئەوەی لە تواناماندا بوە نێوت لە نێو شیعرو ئەدەبیاتی گەلەکەمان ڕەنگی داوەتەوە .. خەڵکی کوردەواریش چەندان منداڵیان بە نێوی تۆ ناودێر کردوە، تا ئێستا درێغیت بۆمان نەکردوە بەلام ئەمجارە خۆزگەی ئەوە دەخوازین کە شوێن پەنجەتان لە ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی وێرانە کوردستان دیاربێت .

**جارێکی دیکە بەخێربێیت**

---

* لە برایەتی ژمارە (١٦٨٤) ڕۆژی ١٩٩٣/٧/٤ بلاوبۆتەوە .

# توێژی رۆشنبیران ..

هەندێ کاری زەرەربەخش هەن لە ژیانی ئێمەماناندا بوەتە (*خوو*) وەکو *سیگارکێشان، خواردنەوە، دامێن پیسی، بەدبێژی، چاوپێك هەڵنەهاتن* .. لەلای هەندێك کەسان دەربازبوون لەوکارانە ئەستەمە کەچی کەسانی ئەوتۆیشمان هەیە لەکاتی دڵتەنگی و تەنگ و چەلەمەدا بڕیاردەدا کە سیگار نەکێشی یان نەخواتەوە .. زۆر بە ئاسانی بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ دەبێ و بە رقێکی ئەستوورەوە دژی ئەو کارە زەرەربەخشە رادەوەستێ و لێی دەرباز دەبێ! واتە ئەوجۆرە مرۆڤە لە دوولاوە سەرکەوتن بەدەست دێنێ : یەکەمیان دەبوایە تەنگوچەلەمەیەکە بەرەو کاری خراپتری ببردبوایە .. کەچی بە پێچەوانە لەسەرەخۆو بە هێمنی پێشوازی لێدەکات و یەك یان دوو کاری زەرەربەخشیەکەی پێشوشی بەلاوە دەدا، کورد گووتەنی " *لە دوایی هەر تەنگانەیەك فەڕاحیەك هەیە* "لە ئەنجامدا لە دڵتەنگی و خووە خراپەکەشی دەرباز دەبێت .

هێندێك کەس هەن لە ژیانیاندا بەند دەکرێن .. لە ماوەی بەندەکەیاندا خۆیان (*رۆشنبیر*) دەکەن و فێری هەندێك پیشەی (*وردەکاری*) دەبن یان کەسانی وا هەن بەهۆی سیاسەت لە ناوچەی خۆیان دوور دەخرێنەوە، وەك غەریبێك ئاشناییەکی بە تین دەگەڵ کتێب و کتێبخانان دەکات .. لە لایەکەوە رۆشنبیری خۆی پەرەپێدەدات و لە لایەکی دیکەشەوە تووشی گیروگرفتی برادەرایەتی (*کاتیی*) زەرەربەخش نابێت!

لــە دێرزەمانــەوە دیوەخانــەکانی کوردســتان و تەکیــەو حوجرەکــانی ماموّســتایانی ئــاینی دەورێکــی باڵایــان لــە بڵاوکردنــەوەی رۆشــنبیری ئــاینی و ئــەدەبی و رۆشــنبیری هەمــەجۆر دەبــینی کەچــی ئێــستا بــەش بــەحاڵی خــۆم هەست دەکەم توێـژی رۆشنبیری جیا جیا دروست بـوون .. هـەر توێـژێك بـە لایەنێکـەوە خەریکـە! بـێ ئـەوەی ئاگاداری لایەنەکـەی تربێـت .. بـۆ نموونـە توێژی وا هەیە بە هیچ شێوەیەك ئامادەی کۆڕێکی *شیعر، چیرۆك، سیاسی* کە لە شارەکاندا دەبەسترێ نابێت .. بۆ ئـەوەی بزانـی رۆشـنبیرانی میللەتەکـەمان گەیشتوونەتە چ پلەیەکی رۆشنبیری یان بـە چ تیورێـك مامەڵـە دەگـەڵ ژیـان و هەڵسوکەوتی رۆژانـەی دەکـات .. هـیچ نـەبێ لـە نزیکـەوە شـارەزاییەکی لەسـەر ئـەو توێـژە دەبـێ .. لایـەنی باش و خراپـی لـێ ئـاوێر دەکـا کەچـی توێـژی رۆشـنبیران و ئـەدیبانی کوردسـتانی ئـەمڕۆمان دوورونزیـك بـەڵکو بـە هـیچ شێوەیەك بـیر لـەوە ناکەنـەوە کـە بەشداری یـان سـەردانی ئـەو کـۆڕو خوتبـە ئاینیانە بکەن کە دەتوانم بڵێم تاکە مینبەری کاریگەری ئـەمڕۆی کوردسـتانەو خەڵکێکی زێدە زێدەیان لەدەوروبەر کۆبووتەوە .

من لەلای خۆمەوە حەز بەوە دەکەم کە بە دڵێکی فراوانەوە ئـەو سـەردان و بەشــداربوونە و ئــالوگۆڕە فیکریانــە لــە نێــوان توێــژی رۆشــنبیرانی میللەتەکەمانـدا هـەبێت .. رێـز لـە راوو بۆچـوونی یـەکتر بگـرین .. کوێرانـە نەڕوانینە مەسەلە سەرەکیەکان .

دوورنیــە هەنــدێ کــەس هــەبن لــە بــواری رۆشــنبیری ئــاینی و ئــەدەب و رۆشنبیریدا خۆیـان بەسوارچاکی ئـەم مەیدانـە بـزانن! خـەڵکیش شاهێیان بـۆ دەدەن چـونکە کەوتوونەتـە بـەر روونـاکی راگەیانـدن، بـیر لـەوە ناکەنـەوە کـە مرۆڤی ئەوتۆ لەنێو میللەتەکەمانا هەیـە لـە هـەموو رووێکـی دنیـاو دینـدا بـێ وێنەیـە کەچـی وەك ئـەوانی تـر نەناسـراوە چـونکە لـە کـونجێکی ئـەو دنیـا

جەنجاڵیـەدا گۆشـەگیرە .. ئەگـەر بێتـو توێـژی رۆشـنبیرانی ئێـستامان ئـەو دیـوارەی نێـوان ئـەو توێژانـە بـڕوخێنن دڵنیـام سـوودێکی باشـتر بـە رۆڵـی رۆشنبیری میللەتەکەمان دەگەینین .

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم : سڵاو لەو رۆشـنبیرو مامۆسـتاو خۆبەختکەرانـە کە صۆفیانە ئاسایی بۆ گەلەکەمان دەسـونێن و لـە نـاخی ناخـەوەیان لەگـەڵ پرمەی گریانی ئاشقانە پەنا وەبەر باری تەعلا دەبەن کەسەرکەوتووبین .

---

* **لە برایەتی ژمارە ( ١٦٨٩ ) رۆژی ١٩٩٣/٧/١٠ بڵاوبۆتەوە .**

# بەسەركردنەوەی گۆشەی خۆزگە ..

لەوكاتــەی بڕیارمانــدا گۆشــەی (*خۆزگــە*) لــە ڕۆژنامــەی (*خــەبات*)ی، هەفتانــە لــە ژمـارە (٦٤٥) ڕێكـەوتی ١٩٩٢/١١/٤ كـە تـا ئێـستا لـە (*برایـەتی*) بەردەوامـە .. شانبەشـانی بەرنامـەی (خۆزگـە)ی، ئێزگـەی دەنگـی كوردسـتانی عێراق بڵاوبكرێتەوە .. گوتوومانە : بەخۆزگـەی ئـەوەین لەمـەودووا هەفتانـە لەم گۆشەیەدا لەگەڵ كۆمەڵگای كوردەواری بەیەك بگەینـەوە بـۆ ئـەوەی باسـی ئـازارو ئەشـكەنجەو خۆشـی و دڵـشادیان بكـەین و پێكـەوە چارەسـەرێك بـۆ ژانەكانی بدۆزینەوە، بە ئومێدین ببێتـە مینبـەری هـەموو مـاڵێكی كوردەواری بە ڕەخنەو پێشنیازی ئێوە دەگەینە ئەنجام، ئـەم گۆشـەیە زمانحـاڵی كۆمـەڵگای كوردەواریەو بە شێوەزوبانی ئەوان قسان دەكات.

دوا بە دوای (٢٤) گۆشەی بڵاوكراوەی (خۆزگە) كە ئەم خاڵانـەی بـەخۆوە گرتـوە : *زاراوەی ڕەسـەن، ڕێزگـرتن لـە مـەدام مـیتران، هەڵسوكەوتی ڕژێـم لـە بازگـەكانی، گەڕانــەوەی پەناهەنــدەكان، ئاوەدانكردنــەوەی وێرانــە كوردســتان، ڕێزنــەگرتن لــە نــەریتی كــوردەواری، مۆســیقای كــوردی، زۆردارانــی جیهــان، شۆڕشــی كۆنەڵایــەتی، یــادی ســاڵڕۆژی بــارزانی نــەمر، كۆنفرانــسی ئاوەدانكردنــەوەو گەشــەپێدان، دەربــارەی نــەوتی بابــەگوڕگوڕ، گلــەیی لــە ڕۆشـنبیرانی عـەرەب و ئیـسلامی، بـێ وژدانـی ڕژێـم، بـەرەو كـۆنگرەی یـازدە، ژیـانی بـارزانی نـەمر، كـۆنگرەی فۆلكلـۆر، سوپاسـنامە بـۆ سـەرۆكی گرووپـی قانوونی، لەیلا قاسم، توێژی ڕۆشنبیرانی كورد، ئیپراتۆرەكان، چۆن دەتـوانین خزمەتی پەرلەمان و حكوومەتی هەرێم بكەین .*

بـه مەزنـــدەی خۆمـــان توانیومانـــه بـــه زمـــانێکی ســـادەی كـــوردەواری (*دەغدەغـەی*)نـاخی كۆمـەڵگای خۆمـان بكـەین و خۆزگـەو ئاواتیـان بخەینـە بەرچـاوان و جـاری وایـش هەیـە ڕێگـا چارەسـەرێكمان بـۆ مەسـەلەكان دۆزیوەتـەوە، ئێمـە وەك قوتابیـەكی نێـو كۆمـەڵگای كـوردەواری خۆمـان لـە قەرەی گەلێ لایەنی ژیاندا .. دوور نیە ئەنجامەكەی ئـەمڕۆ سبەی دیار نـەبێ بەڵكو ڕۆژێك دابێت لێكۆڵەوەرێك بێتبەنـشتەر یان مەرهەمی بەلسەم باسی لێوە بكات .

گۆشەیەكی هەفتانە تا ئێستا توانیبێ دەست بـۆ ئـەم لایانانـە درێـژبكات و خوێنـەری تایبـەتی بـۆ خـۆی دروسـتكردبێ، دڵنیـاین شـوێن پەنجـەی لـە ڕۆژنامەگەری كوردیدا دیاردەبێ، بەم بۆنەیـەوە داوا لـە خوێنـەرانی ڕۆژنامـەی برایـەتی دەكـەین ئامۆژگـاری، ڕەخنـە، ڕاوبۆچـوونەكانیان دەربـارەی گۆشـەی خۆزگـەمان بـۆ بنێـرن بـۆ ئـەوەی بتـوانین لـەو ڕوانگەیـەوە گۆشـەكە بەسەركەینەوە .

* لە برایەتی ژمارە (١٦٩٤) ڕۆژی ١٩٩٣/٧/١٧ بڵاوبۆتەوە .

# ئاماركردنی خەڵكی هەرێم ..

پیاو هەرچەند بۆ ڕێكوپێككردنی خۆی و دەوروبەری هەوڵبدات هێشتا هەركێمە! كوردەواری خۆمان هەر لە دێرزەمانەوە ئەو لایەنە گرینگەی ژیانی خۆی فەرامۆش نەكردوە بۆیە بەر لەدەست پێكردنی دروێن كەرەسەی دروێن ئامادە ئەكەن و لە رەوسەبڕكردنیش بە پێی پێویست دانەوێلەی چاندنی ساڵی دادێ وەلادەنێن و چەند (*قەزناغە*) رەشگوڵیش بۆ پایزی هەمان ساڵ ئامادە ئەكەن و لەگەڵ گەلاوێژهەلاتن دەیخەنە نێو مەنجەڵو ئاگری بۆ خۆش دەكەن و ساوار، گەنمەكووتا، بڕووش، پیرخەنی، بۆ زستانی كوشندە لەسەر(*هەرزاران*) ریزدەكەن .

بۆ مەڕومالاتی دەشتەكیان (*لەودەی كا*) شیشكووت دەكەن و خەڵكی چیاش چەندان (*دێ*)ی، گەلا بەرز دەكەنەوە ئیدی بەفروبارانو كرێوە دەبارێ نابارێ گرینگ نیە!!

هەروەها خەڵكی شارستانیش ئەگەر رۆژانەش بێ ئەوە هەموو بەیانیەك بەرلەوەی دەست بەكاربن .. ئامارێك بۆ قووتی ماڵومنداڵەكانیان دەكەن .

هەموو حكوومەتێك بۆ ئەوەی بتوانێ كەلوپەلی پێویست و خۆراك بۆ میللەتەكەی دابین بكات ئەوە لە رێگای دەزگای پلاندانان ساڵانە یان چەند ساڵ جارێك گوندوشارەكانی خۆی سەرژمێر دەكات بۆ ئەوەی بتوانین بە وردی لە هەموو رووێكەوە ئاگاداری پێویستی ئەو (*ژمارە*) خەڵكە بێت .

ئەوەی ئێستا هەستی پێدەكرێ هەموو دەزگاكانمان بۆ ئەوەی بتوانین كارەكانیان بە پووختەیی ئەنجام بدەن پێویستیان بەئاماركردنی هەرێمی كوردستان هەیە، تاكو بتوانن بێ هیچ گیروگرفتێك خزمەتگوزاری خۆیان پێشكیسش بە هاولاتیان بكەن، بۆیە خۆزگە دەخوازین هەر چەند زووە مشوورێك بۆ ئاماركردنی سەرتاسەری هەرێمی كوردستان بخورێ .

---

* لە برایەتی ژمارە ( ١٧٠٦ رۆژی ١٩٩٣/٧/٣١ بلاوبۆتەوە .

# به ئەندامانی کۆنگرەی یازدەمینی پارتیمان پێشکێشە...

ئەگەر سەیری لاپەڕەکانی مێژووی کۆنگرەکانی پارتیمان بکەین .. هەرکۆنگرەو لەبارودۆخێکی تایبەتیدا بەستراوە، ئەگەر هەڤالانم لێمزوویر نەبن خودی خۆم کۆنگرەی هەشتەم بە شاگۆنگرەی پارتی دەژمێرم! بۆ؟

وەلامی ئەو (*بۆیە؟*) بە سادەیی خۆی لەم رستەیە حەشارداوە "کوردێك نەبوو خۆی لەژێر ئەو رەشماڵە کوردەواریە نەدۆزێتەوە، لەوکاتدا کەس نەبوو لەنێو نەتەوەی کورد بارزانی نەمر بە باوکو سەرکردەو رەمزی نەتەوە نەزانیبێ ".

ئێستایش عومرێکە بەسەر بەستنی شاگۆنگرە تێپەڕیوە .. چەندان کارەساتمان بەخۆوە بینی . لە بێکەسان وەخۆکەوتن .. فریزئاسا سەرمان لە ناخی کۆسکەوتووان هەڵدایەوە .. لێیان وەخۆکەوتین و قۆنگرەی شەرەف و بەرگریکردنمان بەخوێن سواخدا .. لەبری (*خەنەی بووکینی*) گەلێ بەژنوبالاو کەزی کچۆڵەی کوردمان بە خوێنی گەشی پێشمەرگە ئلرایشتکرد .. گەلێ گۆڕی بزربووی شەهیدانی نێو بەندیخانەکانمان لەناو دڵی خۆماندا هەڵکەناند، خەڵکی ئەوتۆش هەن تا ئێستا دیدارحەزرەتی گۆڕی کوڕکانیانن مەگەر لەدوا رۆژدا دڵیان بە پەیکەری گۆڕی (*پێشمەرگەی ون*) ساکین بێ .

ئەوەی بە ئێمەی کوردیان کرد تا ئێستا مێژوو کارەساتێکی ئەوتۆی بۆ مرۆڤایەتی نەنوسیوەتەوەو نەگێڕاوەتەوە! بەمەیش رانەوەستان بەڵکو غەزای

(*خەیبەریان*) لەسەر کوردان نوێکردەوە! ماڵومنداڵی کوردیان لە کۆتایی سەدەی بیست کردە (*غەنیمەی ئەنفال*) شار وەدەرنراین .. توورەگەی دەروێشیان خستەکۆڵمان، بەڵام ئەمجارەیش کۆڵمان نەداو بەکوێرایی ناحەزان (نۆ) و (دە)یش بەسترا، ئینجا *راپەڕین .. رەوی سەرتاسەری .. دێموکراتی .. پەرلەمان .. حکوومەتی هەرێم .. فیدراڵ .. یاسا .. دبلۆماسی .. ئاسایش .. برایەتی .. یەکگرتن .. باشتریش لە رێدایە ...*

بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان دەگەڵ ئەو بارودۆخەی ئێستا بگونجێنین و ببینە پێشڕەوێکی بەوەفای جەماوەر .. خۆمان رێکخەین و لە ئاستی ئەو مەسئولیەتە مێژووییە بین .. بڕیاردرا بەناوی خودای گەورە (یەك) یش، بێتە سەر (دە) .

وو رۆژی دیکەیەو لە هەموو کوون و کەلەبەری ئەم دنیایە روو لە هەولێری شارستانیەت دەکەن بۆ بەشداربوونیان لە رێورەسمی دەست پێکردنی کۆنگرەی یازدەمینی پارتیمان .. لەسەر خاکی رزگارکراو .. لە زەمانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق .

## ئۆباڵتان بە ئەستۆم شوکرانەی دەوێ

دەستم دامێنتان ئەندامانی کۆنگرە بە هیچ شێوەیەك نەبوەو نابێ ئەم خاڵە گرینگانە فەرامۆش بکرێن:

١- قوتابخانەی رێبازی بارزانی نەمر

٢- هەڤاڵان و ماڵومنداڵی رێگای هاتونەهاتی بارزانی نەمر لە ساڵی ١٩٣١ تا ١٩٥٨ .

٣- شەهیدانی شۆڕشی نەتەوەی کورد ١٩٦١/٩/١١ تا ١٩٧٥/٣/٦ .

٤- پێشمەرگە بێ وینەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول .

٥- غەریبی هێندە ساڵەی پەناهەندەکانی پیلانی جەزایر .
٦- شەهیدو پێشمەرگەو کادیرە سەرەتاییەکانی تەواوکەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول (شۆڕشی گوڵان ٢٦/گوڵان/١٩٧٦).
٧- ناڵەی بەندە سیاسیەکانمان .
٨- شەهیدانی راپەڕین و کۆچڕەوی سەرتاسەری و گەلێ خۆزگەی دیکە لەبەردەم کۆنگرەی یازدەمیندا هەیە، بەڵام گرینگیدان بە خاڵی (یەك) کەفیلە بۆ هێنانەدی ئەم خاڵانەو ئەوانەی لەنێو هزرودڵی جەماوەردا هەیە .

**کۆنگرەی یازدەمینمان پیرۆز**

* لە برایەتی ژمارە ( ١٧١٨ رۆژی ١٩٩٣/٨/١٤ بلاوبۆتەوە .

# مۆژدەی هاتنەدی خۆزگە..!

دوا بـە دوای (١٧٤) رۆژ لـە بلاوبوونـەوەی گۆشـەی (خۆزگـە) لـە ژمـارە (٦٦٥)ی، رۆژنامـەی (خـەبات)رۆژی ١٩٩٣/٣/١ خۆزگـەی ئـەوەمان خواسـتبو کـە ئەو ئەمانەتە پیرۆزە کە بریتییە لە تەرمی پـیرۆزی بـارزانی نـەمرو ئیدریـسی جوانەمەرگ بگەڕێتەوە خاکی کوردستانی ئازاد .

ئەوەتە دوێنێ، حەوتەم رۆژی کۆنگرەی یـەکگرتن رێکـەوتی ١٩٩٣/٨/٢٢بـە کـۆی دەنـگ داواکـراو پەسـندکرا کـە ئـەو ئەمانەتـە بگەڕێتـەوە بنـاری چـیای (شیرین) لە (بارزان) مەڵبەندی سەرهەڵدانی شۆڕشی کـورد وەك مەزارگەیـەکی پیرۆز جێگیربێت و خەڵکی کوردەواریش بـەم بڕیـارە دڵـی سـاکین بـوو چـونکە گەڕانـەوەی تـەرمی ئـازیزان بـۆ کوردسـتانی فیـدراڵ .. جـەماوەری سـتەمدیدە گڕی بەرگریکردنی هەتا هەتایەی دەکەوێتە ئەستۆ .

گەڕانـەوەی بـارزانی نـەمر لـە رۆژی سـەرهەڵدانی شۆڕشـی کـورد بڵێـسەی گڕوگڵپـەی مـەزنی ئـەیلوولمان دەخاتـەوە نـاخ .. یـادی سـاڵرۆژی ئـەمجارەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەبێتە جاڕدانی دوێنێ و سبەی شۆڕشی کورد .

پیرۆزبـێ بڕیـاری گەڕانـەوەی تـەرمی عـەزیزان .. سـەرفرازیش بـۆ گـشت ئەنـدامانی کـۆنگرەی یـازدەمینی پارتیمـان لەسـەر ئـەو بڕیـارە، لەمەیـشیان دڵنیـاین بـە گەڕانـەوەی تـەرمی سـەردردەی هەمیـشەیی نەتەوەکـەمان دۆڵـی بارزان لە گەلی عەلی بەگەوە تا باڵنـدە وەك حەتمیـەتێك ئـاوەدان دەبێتـەوە .. ئاوەدانکردنـەوەی بەشـێکی عـەزیزی ئـەم کوردسـتانە هاتنـەدی خۆزگەیـەکی خۆزگەی خۆزیدارانە .

---

* لە برایەتی ژمارە ( ١٧٢٦ ) رۆژی ١٩٩٣/٨/٢٣ بلاوبۆتەوە .

# بۆ گەڕانەوەی تەرمی عەزیزان ..

## هاتەوە با بێتەوە .. سەرۆکی کوردان بەخێربێتەوە

دەوروزەمانێکە کورد گوێی لە نەعرەتەی شێران نەبوە! عەیامێکە چاو بە فرمێسك و لێو بەبارن .. لە چاوەڕوانی ئەو شۆڕەسوارەن کە هەردەم بۆ کورد پێ لە رکێف بوەو لە خانێ زینی دانەبەزیوە .

خەڵکانی ئەوتۆیش هەن دیداری ئەو زاتەیان کردۆتە دەستەگوڵی گرەوی شادبونیان، بە گەڕانەوەی تۆی باوکی کورد .. گەلێ بوخچەی نهێنی گرێکۆرەی دادەپچڕێ و گرێی هەزاران سیحری (*مووتەنیی*)نێو کۆرەبیران دەکرێتەوە .

هاتیە یاخوا بەخێربێتەوە مەرهەمی کۆنەبرینان .. بە هاتنەوەت دڵی هێندە هێندەی هەتیوانی کوردستان گەش دەبێتەوە، بە هاتنەوەت لانەی شێران دەنگوصەدای نەعرەتەی ئاوەدانکردنەوە بە چوارچێوەی کوردستان دەگەینێ .. جارێکی دیکە بۆ دنیا دەسەلمێنی لە ژیانت بۆ کورد بووی لە مردنیشتا هەر بۆ کوردی، بۆیە دوژمنان لە هەردوو دنیادا هەترەشیان لێتە! دەبا ئەو دەستە بەبڕین بچێ کە هەوڵی لەنیوبردنی تۆیان دەدا .

ژیانت ئەفسانەیی بوو .. ئەوەتە ئەمڕۆیش مێژوو دووبارە دەبێتەوەو دنیای فانیت داستانێکی ئەفسوناوی لە کەلەپووری باوان تۆمار دەکات .. بە پێچەوانەی هەموو عورفێك گەڕانەوەت بۆ باوەش رۆژی سەرفرازی رۆڵەکانتە .. رۆژی مەحشەری سەر ئەم دنیاسە .. بە گەڕانەوەت زەردەخەنە گەڕایەوە سەر لێوی کچ و کوڕانت .. گەڕانەوەی تەرمی عەزیزان ئومێدوئاواتی هەزاران هەزار کوردی هێنایەدی چونکە ئەو کۆمەڵگایە چەند ساڵێکە

مەزارگەیەك لە كوردستان شك نابا تاكو رۆژانی چوارشەمموان و هەینیان بچنە زیارەتو گلوگازاندەی خۆیان لەسەر هەڵرێژێ چونکە گۆڕی چاكوپیرانیان لێكردینە دیدارحەزرەت!

وەرەوە نێو لانەی دێرینت تاكو ئەو خەڵكە سەردانیت بكات و سوكنای دڵیان بێت و بە دیدارت شاد ببنەوە .. وەرنەوە تا زووە وەرنەوە باوكوبرای هەژاران .. وەرنەوە كەسی بێكەسان .. وەرنەوە داری ناوبژی چاكوخراپە .. وەرەوە بە هاتنەوەتان سەرفراز دەبین .. دڵەكووتەی ئێمەمانان ئۆقرە دەگرێ ..

لە جیاتی ئەو خەڵكە تامەزرۆیە سەری رێزو نەوازش بۆ ئەو خاكە كە هێندە ساڵە تۆی باوكو سەركردەو ئیدریسی برا بە ئەمانەت لە باوەشی گرتوە .. وەرنەوە تا زووە چونكە دەمێكە حەز بەگوێ بیستنی سەردولكەی ئافرەتانی دزەییان دەكەین، گەلێجار هەیە مرۆ بە فرمێسك رشتن ئارام دەگرێ! ئێمەی كرمانجیش بە دەنگی :

**دیوانێ و دیوا نخانێ**
**چۆلە لایێ دیوانێ**
**دیوەخانێ دەڕشێنم**
**سەرۆكی لێ دەنوێنم**
**دیوانێ و دیوەخانێ**
**لاربم لاویێ دیوانێ**
**دیوەخان پەلكی بییە**
**كوڕوباب لێ نوستینە**

---

* **لە برایەتی ژمارە (١٧٣٥) رۆژی ١٩٩٣/٩/٤ بڵاوبۆتەوە .**

# کاتێ خوورەوشت دەبێتە میداڵی شەرەف ..

دەمێك بوو بە خۆزگەی ئەوە بووم نوسینێك دەربارەی هیممەتی خەڵکی هەولێر بەرامبەر بە (*گێژنیکان*) بنوسم بەڵام بۆ منی هەولێری کارێکی ئەستەم بوو .

هێندەی نەبرد مامۆستاو برای بەڕێزم دکتۆر سەعدی بەرزنجی لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەی (*خەبات*) نوسینێکی بە پێزی لەسەر ئەو لایەنە نوسی کە جێگای رێزو سوپاسی ئەو خەڵکە بوو، منیش بە دکتۆری زێدە بەرێز دەڵێم : ماڵت حەوت ماڵی دیکەی لێ بێتەوە .. وەك چۆن ئەو دەرگایەت بۆ خستینە سەرپشت.

رۆژێکیان بۆ ژووانی ئەحمەد شێواوی شاعیر لە دوکانی محمەدی فەقێ رەحمان چاوەڕوان بووم تاکو چاوپێکەوتنێ بۆ بەرنامەی (*لەکەلەپوورەوە*) ساز بکەین .. لە گەرمەی گفتوگۆدا بووین شێواو سەری بۆ لای قەڵای دێرین بەرزکردەوە بینی دوو لۆری یەکیان تەژی بوو لە (*لانك*) ئەوی تریان لە (*مەسینە*) ئینجا رووی لە ئێمە کردو گووتی : ئەوە چیە؟

کاك محمەدیش لەسەرخۆ گووتی : بۆ گێژنیکانە!

لە رێگادا بووین بۆ تۆمارکردن، شێواوی شاعیر وتی : کاکە عەدۆ ئەو خوورەوشتە بەرزەی خەڵکی هەولێر شایستەی کۆپلە شعرێکە .. تۆ بڵێی نەتوانین لە بەرنامەکەدا بەسەریان بکەینەوە؟

بۆ نا؟!

لە دوا دوای بەرنامەکەو لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی کەرکوك گووتی :

**هەولێر شارە خۆشەکەی روحمو وژدانم**
**مایەی شانازی و فەخری کوردانم**
**چوار دەورت باخو سەراو و کانیی**
**پڕە لە خۆشی و دیمەنی جوانی**
**یخوا تێك نەچیٚ دابودەستوورت**
**بژین دانیشتوی مەندو مەستوورت**

لە گەڕانەوە بووین هێندێك باسی ئەو کەسانەم کرد کە رۆڵی گرینگیان لە خزمەتکردنی خەڵکی مشەختی بادینان و هەڵەبجەی شەهید بینیوە .. کە چۆن ئەو خەڵکە گەورەو بچووك، مامۆستاو قوتابی،ئافرەت و پیاو، دەوڵەمەندو هەژار، ئیسلام و مەسیحی، بگرە ئەو کەسانەیش کە تا دوێنیٚ سەرزەنیشتمام دەکردن، کەچی کۆمەك و یارمەتیدانی کوردپەروەرانەی هەولێر بۆ کۆسکەوتووان کورد هیچ جیاوازێیکی لە نێوانماندا نەهێشت، خراپ و چاك و مام ناوەندی بوون بە یەك، کەسانیٚ هەبوون پایەوپلە رێگای گرتبوون بۆ سەردانیان .. بەڵام لە رێگای من و تۆو ئەوانی دیکە دڵی خۆیان ساکین کرد .

دەتوانم سوێندی سیٚ بە سیٚ بخۆم خەڵکانێکی ئەوتۆم لە ئاقاری گێژنیکان بینی بە خەونیش لەوبڕوایەدا نەبووم لەویٚ ببینرێن بەڵام لەوێش بوون .. بۆیە دەڵێم کورد ئەگەر بیەویٚ شتیٚ بکات .. دەیکات! ئەگەر لە خەیاڵیشدا نەبیٚ .. لە ناخەوە هەروان .

بۆیە ئەنجامی پاشەرۆژمان گەیشتە ئازادی و دیموکراتی و پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم، بە هیچ جۆرێك نامەویٚ ناوی یەکێك لەو مەردایەتیە تۆمار بکەم چونکە مەردایەتی هەموو هەولێر بوو کەچی بە دەست خۆم نیە ناوی پیاوماقووڵ و ردێن سپی و دەوڵەمەندی ناوچەکە (حاجی فازیل

گێژنیکانی) وەك خێراخواز.. ناندەر خۆی تۆمار دەکات چونکە تا ئەمڕۆش لە گەڵ ئە بارودۆخەی ئابووری ناوچەکەمان درێغی نەکردوەو رەوسەی خۆی لە گەڵ خەڵکی هەژار بڕ دەکات خۆزگە مام حاجی هەزارانی تریش وەکو تۆ (*دڵنیام هەن*) ناویان تۆمار دەکرا .

کاتێ بە دیداری بادینان شاد دەبین دبێژن "*ئەم گووری هەوە بین*" خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدیش دەڵێن :" *یاخوا خەڵکی هەولێر بێوەی بین*.

* لە برایەتی ژمارە ( ١٧٤٣ ) رۆژی ١٩٩٣/٩/١٣ بڵاوبۆتەوە .

# بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پەنجەی پەشیمانی نەگەزین ..

ئێمەی مەحشەری رۆژنامەنوسانی لایانگر (*ملتزم*) لە کوردستانی ئازادو دیموکراتیدا لەنێو خۆماندا باس لەو لایەنە گرینگە دەکەین کە ئەمڕۆ ناتوانین پڕ بە پێست کەموکووری دامودەزگاکانی تەشریعی و راپەڕاندن و قەزایی و خزمەتگوزاری لە هەرێم دەست نیشان بکەین و رەخنەی بەجێیان ئاراستە بکەین بۆ ئەوەی بتوانین رێگا چارەیەك بۆ گیروگرفتتەکان بدۆزینەوە . هەر چەندە (کورد) حەز بە (*رەخنە*) ناکات، بەلاّم چارنیە پێویستە بە سینگێکی فراوان رێز لە رەخنەی بەجێی رۆژنامەنوسان بگرن، کەچی ئەو نەدارییەو کەم دەسەلاّتیە ئابوریەی خۆمان بوەتە دەلّەدێوێکی دزێوی ژیانی چەرمەسەریمان .

لەو روانگەیەوە هێندێك لە ئێمەمانان لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەو دانیشتنی ئێرەو ئەوێ بە توونی بەرگری لە پەرلەمان و حکوومەت دەزگاکانی دەکەین و ئەرکی پاراستن و بەرگری کردنیش دەخەینە ئەستۆی هەموو رۆلّەیەکی کوردستان بەتاکە کەسو حیزب و کۆمەلّەو رێکخراوە جیاجیاکان .. هەر دەبێ واشبێ چونکە لە هەموو رووێکەوە (*ساواین*) و پێویستی بە هەموو توانایەك هەیە .

وەك بیری سەربەست بەشبەحالّی خۆم لە گەلّ ئەوەم کە پێویستە ئەمڕۆ راگەیاندن لە کوردستان لە خزمەتکردن و پاراستنی ئەنجومەنی نیشتمانی ئەو دەزگایانە، بوونی کیانی کورد .. ئەگەر هاتوو ئەم قۆناغە

ناسـك و دژوارەیـشمان بەزانـد .. ئـەوکات رۆژنامـەنوس دەتـوانێ وردبینانـە دەوری دەسەڵاتی چوارەم ببینێ .

ئەگـەر ئـەوە بۆچـوونی خـەڵکانێکی زۆری کوردسـتان بێـت دەبـێ ئـەرکی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و دەزگاکانی تر چۆن بێت؟

هـەموو کوردێـك حـەز دەکـات رێـز لـە ئـیرادەی بگـیرێ، رێـز لـەو دەزگایـە بگـیرێ کـە میللـەت بـەردی بناغەکەیـەتی کـە ئـەویش (*ئەنجومـەنی نیـشتمانی کوردستانە*) لـە هـەمان کاتـدا پێویـستە رێـز لـەو دامودەزگایانـە بگـیرێ کـە بـە بڕیـاری پەرلـەمان دامـەزراوە هـەروەها ئـەو دەزگایانـە پێویـستە گوێڕایـەڵی هەموو بڕیارو پێشنیازی دەزگای میللەت واتە (*پەرلەمان*) بن و بە مانـای وشـە دەبێ لەو بارەیەوە بەدەست نوێژبن، تاکو لە ئەنجامـدا هـەردوو جێگـای بـڕوای ئەو کەسانە بن کە لەکاتی دامەزراندنیەوە بڕوایان پێدراوە، ئەگـەرنا شـیرازەی ژیانمان تێکدەچێ!

راسـتە ئـەو رۆژنامانـەی ئێـستا لـە مەیـدانن .. رۆژنامـەی پارتـە سیاسیەکانن بە تایبەتی (*برایەتی و کوردستانی نوێ*) مـافی خۆیانـە هـەر یەکـە لەراستەخۆی خزمـەتی ئایدۆلۆژیـەتی خۆیـان بکـەن و بەبـەژنوباڵای حیـزب و ئەندامانیدا هەڵبڵێ، بۆنا؟ مەگەر ماڵی خۆی نیە؟!

بـەڵام پەرلـەمان و حکوومـەت کـێن؟ مەگـەر ئـەو دوو حیزبـە نـەبن؟! ئەگەر هـەردووکیان (*پارتی و یـەکێتی*) خزمـەتی دامودەزگاکانیـان نەکـەن کـێ بێـت خزمـەت بکـات؟ پرسـیارێکەو نیـشانەیەکی سەرسـوڕێنەری پێـوە لکـاوە! هەموو لایەکیش وەڵامەکەی دەزانێ بەڵام!!

بۆیـە لـە کۆتاییـدا ئـەم خۆزگەیـەم بـە سـەربردەیەکی کـوردەواری دەبەستمەوە کە دەڵێ *"حەیران لە تەمتەمەبەکوونی نەئەتوو میری، نەئەمە کرمانجین .. بەڵام لە پێش چاوی دوژمنان تارمایی"* دەگێڕنـەوە گوایـە

لەنزیك گوندی (بانەمان) گوندێك هەبوە بە ناوی (تەمتەمەبەکوون) لەو گوندەدا دوو بنەماڵە هەبوونە لەبەر ناکۆکی نێوانیان بەگژ یەکداچوونە لە بنەماڵەیەکیان کەس نەماوە جگە لە پیاوێکی هەژارو نەخۆشو بێ دەسەڵات! ئافرەتەکانی ئەو بنەماڵەیە لە دەوروبەری کۆدەبنەوەو تینی لێدەدەن و ئەسپێکی زینکراوی بۆ دێنن و سواری دەکەن بۆ ئەوەی لە مەیدان لەپێش چاوی دوژمنان تەڕادانێ بکات بۆ ئەوەی چاوترسیان بکات کە ئێمە هەرماوین، بەڵام پیاوەی هەژار ئومێدوئاواتی ئەو بنەماڵەی نەپێکاوە بۆیە ئەو پەندەی پێشینانیان بەسەردا هەڵگوتوە .

**خوداوەندە بۆ خاتری ئەوەی کە قورئانە**
**بەخاتری ئەحمەدی مورسەڵ کە فەخری ئەرزوئاسمانە**
**بەخاتری ئەبوبەکر، عومەر، ئەوەی کە عوسمانە**
**بەخاتری حەیدەری کەڕاڕ کە کانیی عیلموعیرفانە**
**نەکەی چیدی زەلیل کوردان بە دەستی زوڵمی بێگانە**

* لە برایەتی ژمارە (١٧٥٥) رۆژی ١٩٩٣/٩/٢٧ بڵاوبۆتەوە .

# حەمکێ ومیری بۆتان ..

هێندێ کەسان هەن نێویان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمارکراوە نەك تەنیا میللەتەکەیان بەڵکو لەلای گشت میللەتانی جیهاندا جیگای رێزلێنانن و بوونەتە نیشانەیەکی زیندووی مێژوو .

کێ هەیە لە ئێمەمانان (*حاتەمی تەی*) بینیوە؟

بە تەئکید کەس! کەچی زۆرجار لە ئاخاوتنی کۆچك ودیوانا کوردەواری باسوخواسی هاتۆتە مەیدان، وەك بڵێی باسی پیاوماقولێکی گوندو عەشیرەتەکەی خۆمان دەکرێ .. هێند بەرێزوستایشەوە لاپەرەی (نانەری)هەڵدەدەینەوە . ئێستایشی دەگەڵدابێ کاتێ پیرەمێردەکانمان باسی رۆژانی (*گرانی گەورە*)مان، بۆ دەگێڕنەوە کزە لە جەرگیان دێت و ئێمەیش بەرەو جیهانی رابرد رادەکێشن، بەلام لەوکاتەی رۆلی خێرخوازانی ئەو سەردەم باس دەکەن وەك (بدرالرمیث) و (*حمەئاغای کۆیە*) بەدەست خۆت نیە فەرامۆشیەك دەکەوێتە گیانت! تۆ نەتبینیون .. نایانناسیت کەچی لەلای خۆتەوە خۆشت دەوێن و رێزیان دەگری، لە نوسین و قسەکردندا تەوزیفیان دەکەیت ئەمەیان (*خواییە*) کاتێ باسی رەزیلو قرچۆکو بەخیل دەکرێ هێڵنجت دێنێ! ئەمەیشیان (*خواییە*)

" ... **والذين يكنزون الذهب و الفضة و لا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب اليم** ".

میللەتی ئێمە وەك میللەتانی ئیسلام ئاین پیاوی میوانراگرو نانەری خۆشدەوێ و رێز لەو بنەماڵەیە دەگری کە (*سەردەرەیان*) بەرزەو بە چاوێکی سووك سەیری ئەو کەسانە دەکات کە بێ ئاگردانن!

گەلێ سەربردەی پێشینانی کوردەواریمان هەیە باس لەو لایەنانە دەکات لەم خۆزگەیەدا نموونەیەکی زیندوو دەخەینە بەرچاو بە خۆزگەی ئەوەین لەم گرانیە گەورە گەورەی ئەمڕۆی کوردستانی ئازادی و دیموکراتی

پیاوماقول و دەوڵەمەندەکانمان ڕۆڵی خۆیان ببینن و نێویان بچێتە ڕیز ئەو کەلەمێردانەی دوێنێ .. هیچ نەبێ نەوەی دادێ شانازیان پێوەدەکەن و لایەنە خواییەکەش لەوێ ڕاوەستێ .

" *دەگێڕنەوەو دەڵێن لەکاتی خۆیدا میری بۆتان کەلەکوانێکی هەبوو ناوی (حەمکێ) بوو، چەندجارێك میر دەنێرتە دوای حەمکێ بۆ ئەوەی پارەوپوولی کەلەکی بۆ بینێ، بەڵام حەمکێ خۆی لەگێلی دەداو .. ڕۆژێکیان میر خولامێکی بۆ دەنێری و بەپەلەبەستی دەیهێنێتە دیوەخانی میری بۆتان .. میریش ڕوو لە دانیشتوانەکان دەکاو پێیان دەڵێ : حەمکێ گوێڕایەڵی فەرمانی میری بۆتان نیە .. هەر کەسێکیش ئەو ڕەفتارە بکات پێویستە بە توندی سزا بدرێ بۆیە بڕیارمدا شەپکەپیلی کوون بکرێ و پەنگرێك ئاگری تێوەخەن!!*

*قرچە قرچی دۆنی حەمکێی ژارۆ دیوەخانی پڕ کربوو .. لەوکاتەدا میر پێی وت : حەمکێ لە دنیادا لەو سزایە ناخۆشتر هەیە؟!*

*حەمکێ بە زەردەخەنەوە گووتی : ئەزخولام ئەوە هەر هیچ نیە! فەرمانێك بێوبەر*[*]*جزتان بڕیاری لەسەردابێ لەسەر من بەجێهێنانە!!*

*میر بەسەرسوڕمانەوە پێیگووت : لەوە ناخۆشتر چییە؟ گووتی : قوربان لە دنیادا لەوە ناخۆشتر نیە میوانت بێت و خێزانت سەیرت بکات و تۆیش سەیری بکەیت ..نانێك نەبێ بدەیتە میوان، ئەوە ناخۆشە!*

*میری بۆتان پەنجەی پەشیمانی گەزتو داوای لێبوردنی لێکرد چونکە هەستیکرد حەمکێ ناندەرەو پارەوپوولی کەلەك لە ناندەری سەرف دەکات بۆیە بڕیاریدا لوقمانی لێوە کۆبکاتەوە تاکو بڕینی شەپکەپیلی چاك بکەنەوەو کەلەکی جزیرێ بۆتانی پێشکێشکرد چونکە پێویستە ڕێز لەناندەر بگیرێ!!!* "

---

* لە برایەتی ژمارە (١٧٦١ ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٤ بڵاوبۆتەوە .

# کچی کافرۆش ..

لە رۆژنامەی (*الاتحاد*) ژمارە (٥٢) لە ١٩٩٣/١١/٦ بێریڤان وێنەیەکی کیژی کافرۆشی بڵاوکردۆتەوەو چەند پەیڤێکی جوانی لەسەر نوسیوە ن ئەم نوسینە لە ناخەوە هەژاندمی و ئەم یەك دوو قسەی پێ درکاندم :

هەر لە سەرەتای ژیانماندا ئێمەی دەشتەکی چاومان ئاشنای ئەو وێنەیە دەبوو دەگەڵی گەورە بووین، چەند ساڵێکی پێچوو گۆرانی بێژی هەولێری (*محەمەد ئەحمەد ئەربیللی*) لە گۆرانیەکی خۆیدا تەوزیفی کرد "*کیژەکەی کافرۆش چاردە ساڵیە لەسەر جۆخینان خۆشمویستیە* "ئێمەمانانیش ئەگەر ئافرەتێکی خوشکۆکمان بدیبوایە ئەوە لەبەردەم خۆمانەوە دەمانگووت : دەڵێی کچی کافرۆشە!

گەلێجار هەواڵی ئەو وێنەیەم لە پیرەمێردو پیرەژنانی گوندەکەمان دەپرسی .. لەمەیان زیاتر نەدەزانی و نەدەگووت : گوایە ئەو کچەیە خەڵکی شاری کەرکوکەو باوکی هەژاربوە، بە کافرۆشتن خانەوادەکەی خۆی گوزەراندوە .. لەوکاتەی ئینگلیزەکان هاتوونەتە شاری بابەگوڕگوڕ بۆ دۆزینەوەی نەوت، یەکێکیان عاشقی ئەو کچە بوە کەچی شەرەفمەندی کچی کافرۆش ڕێگای بەخۆی نەداوە حەز لە غەیرە دینێك یان بێگانەیەك بکات، لە ئەنجامدا ئینگلیزەکان دزیویانەو خستویانەتە نێو فڕۆکە .. ئەویش لە ئاسماندا خۆی فڕێداوەتە خوارەوەو بە حەیامەندی سەری ناوەتەوە ژێرگڵ .

بە مەزندەی من ئەو تراژیدیەو شەرەفمەندیە وای کردوە کە ئەو وێنەیە نەمربێت!ئەگەر وێنەکە هی خودی ئەوبێت یان یەکێکی دیکە، بەڵام سەربردەکە خۆی نەمرە .

---

* لە برایەتی ژمارە (١٧٩١) رۆژی ١٩٩٣/١١/٨ بڵاوبۆتەوە .

# گۆشـــــەکان ..

هـەر چـەندە ئـەم گۆشـەیە لـە رووی تەمەنــەوە سـاوایە بـەڵام نوسـینی پووختـەی تێـدا بڵاودەکرێتـەوە بـە تایبـەتی (*بـەرەو رای گـشتی*) لـە لایـەکی تـرەوە گۆشـەی (*دەروازەی کـراوە*) بابـەتی (*کـۆنگرەی رۆژنامەنوسـی*) و (*کـێ راسـت دەکـات*). وا هەسـت دەکـەم بـە ماوەیـەکی کـوورت ئـەو دوو گۆشـەیە توانیویانـە نوسـەرو خوێنـەری تایبـەتی خۆیـان لـە دەوروبـەر کۆبێتـەوە بۆیـە هەر لە ئێستاوە دەڵێم : *ئـەو گۆشـانە تەمەنـدارین* . هەنـدێ لـە دەزگاکـان بـە سینگێکی فراوانەوە ئەو گۆشانە دەخوێننەوە .. وەڵامی پێویـست بـۆ گۆشـەکان دەنێرنەوە هەندێکیش هەن وەك بڵێی (*نەبایەنەباران*) هەنـدێکی وایـش هەیـە بـە تونـدوتوڕەیی لـە شـوێنی دیکـەدا تیروتوانجـان دەهاوێـژن و ناوونـاتۆری ناشیرین لە رۆژنامەنوسان دەنێن جاری وایش هەس هەڕەشان دەکەن!

راسـتە رۆژنامــەنوس (*مەعـصوم*) نیـە، بـەڵام لـەو بـاوەڕدام هــەموو رۆژنامەیــەك هەوڵــدەدات ئێـشوئازاری خــەڵك بخاتــە سـەر لاپــەڕەوە داوای چارەسـەرکردنی دەخـوازێ یـان کـەموکووری دامودەزگاکـانی هـەرێم دەخاتـە بەرچاوان بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەم کەموکووریە بنبڕبکرێت .

لە لایەکی ترەوە ئەگەر هـاتوو لایـەنێك یـان کەسـانێك لـە خووتوخـۆڕایی ویستی تیروتوانجی ناشیرین لە برا گەورەیەك یان لـە دەزگایـەکی هـەرێم بـدات ئەوە قەڵەمی نەترس زۆرە بۆ ئەوەی بتوانێ سنوورێك بۆ بـەرەڵڵایی دابنـێ و" *ئەوەی بنبەرێ بخەنـە سـەر بـەرێ* "و شـکۆداری ئـەو دەزگایانـە بکاتـە میـدانی سەرسینگی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان .

تـا ئێـستاشی دەگەڵـدابێت کەسـانێ هـەن بـە چـاوێکی سـووك تەماشـای دەسەڵاتی چوارەم دەکەن!بـۆ ئەوانـەیش دەڵـێین : چـۆن هـەمووومان ملکەچـی دەسەڵاتەکانی تـرین، ئـەرکی رۆژنامـەو رۆژنامەنوسـانیش ئەوەیـە کـە بتـوانین دەسەڵاتی چوارەم بچەسپێنین، دەبێ ئەوەیش لەیاد نەکـەین کـە ئێمـە هـەردەم حەز بەوە دەکـەین *(رای گشتی)* دروسـت بکـەین هـەر کـاتێکیش توانیمـان ئـەو *(رایە)* دروست بکەین واتـە میللـەتمان گەیـشتۆتە ئاسـتی هـەردەم چاوەڕانکراو کە ئەوە مەبەسـتی سـەرەکیمانە . جا ئـەوکات هـەموومان ئاسـودە دەبـین و لـە دادێی وڵات و میللەت دڵنیا دەبـین بۆیـە هـەر لێـرەوە دەڵـێین : سـڵاو لـە *(رای گشتی)* و *(دەسەڵاتی چوارەم)* .

---

* **لە برایەتی ژمارە (١٨٠٢) رۆژی ٢٢/١١/١٩٩٣ بڵاوبۆتەوە .**

# تیمساح ئاسا بۆت دەگریم!

هەموو رۆژێکی ئەم میللەتەی ئێمە داستانێکی تراژیدیەو بۆن خوێنی لێدێت ..! پەڕەی دڵی هەر مرۆڤێکی کورد هەڵدەینەوە چەندان (*کوللکی حەفتلۆ*) دێنە بەرچاوان کە لە ئێشوئازاریدا بەناوبانگترین نەخۆشی ئەم سەردەمە لە راستیدا شەرمەزاردەبێت .

هۆی ئەو دەردەسەریەی ئێمەیش نەفامی و ملعندی (تۆ) و (ئاغاکانتانن) ئەوەی ئێوە بە ئێمەتان کرد "با بە دەواری شڕی نەکردوە"هێشتاش جا لەبەر ساویلکەیی خۆمان بێت یان زێدە مرۆڤایەتیەکەمان برا گەورەییمان دەقەبەر کردوون .. ئۆبالێت بە ئەستۆم لەوەدا ئێمە هەڵەین! ئەو کەسە برا گەورایەتی دەقەبەر دەکرێ کە شایستەی ئەو پایە بێ .

**هۆ سالم سوڵتان ئال بەصۆ ..!!**

لەوکاتەی ئەو هێرشە دڕندەیەت کردە سەر یەکەم شاری شەهیدی کوردستان (*قەڵادزە*) و، شەوی تاریکت لێکردینە رۆژو رۆژی روناکت لێکردینە تاریکە شەو!! زامێکت لە گیانی کوردو کوردستان دروستکرد کە تا دنیا ماوە بە چ تەبیب و لوقمانان سارێژ نابێت .. مەگەر بە (*ئازادی*) کوردستان .. ئەوکاتیش غیرەتی کوردایەتی بە دوای (*تۆڵە*) دەگەڕێ .

**سالمی فڕۆکەوان ..**

لەم نوسینەدا باسی هێندێك جیاوازی نێوان رەوشتی دڕندایەتی ئێوە دەکەم بەڵکو بە ئەشقی خوا هاوڕێکانت سوودی لێوەربگرن .. لە ١٩٧٤/٤/٢٤

خاکی شارۆچکەی قەلادزەت خاپوورکردو لاشەی پیاو، ئافرەت، منداڵی ناسکت پەلپەلکردو دایکانی کوردت هەشبەسەرکرد، چەندین پیاوت بێوەمێردکرد و ئێستایشی دەگەڵدابێت پەککەوتەی ئەوێ رۆژێ لە ئازاری درندایەتیت دەناڵێنن .. هێندەی نەبرد هاوکارت (*عبدالهادی*) هاتە ئاسمانی (*چۆمان*) بە گوللەی فڕۆکەشکێنەکانمان پێکاو هەپرووت بە هەپرووت بوو، وەك ئیسلام ئاین خۆمان لەبیر نەکردو لە گۆڕستانی (*کەوەرتێ*) بەدەستووری پیرۆز ناشتمان .. هەر لەوکاتوساتەدا بوو (*صفا شەلاڵ*)ی، برادەرت کەوتە گیانی رۆڵەکانمان لە (*بەرزێوە*) دیسان پێکاو بە ساغ و سەلامەتی دەستگیرکرا وەك نەریتی (*دیل*) هەڵسوکەوتمان دەگەڵ کردو لە دواییدا بە خانەوادەی خۆی شاد بوو، دڵنیام ئەمڕۆ بە نهێنیش بێت (*ئەشهەدوبیلا*) بۆ رەوشتی بەرزی پێشمەرگەو سەرکردەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول دەکێشێ .. کەچی لەو کاتەی دەستت بە خوێنی ئاڵی رۆڵەکانما سوور کرد، ئاغاکەت لە جیاتی ئەوەی میداڵت لەسەر سینگ بدات .. تەرمی (*تۆ*) و هەزارانی وەك تۆ لە ژێر دێری (*خائن - جبان*)بە دیاری رەوانەی کەسوکارت دەکات و پرسەو سەرەخۆشیان لێ قەدەغە دەکا!

بۆ مردووان (*رەحمەت*) باشە بەلام کورد گوتەنی : *خوا هەقی بزنی بێ شاخ لە بزنی بەشاخ وەردەگرێتەوە ,*

**ئەوە دنیایە**

---

* **لە برایەتی ژمارە (١٨٠٣) رۆژی ١٩٩٣/١١/٢٣ بلاوبۆتەوە .**

# به فرمێسکەوە خواحافیز
# ١٩٩٣
# بە فرمێسکەوە بەخێرهاتی
# ١٩٩٤

دوورنیـە خـەڵکانێکی زۆر گلـەیی ئـەوە بکـەن کـە نـابێ بـە هـیچ جۆرێـك مرۆڤ لـە پێـشوازیکردنی سـاڵی نوێـدا هێنـدە رەشـبین بێـت! بـەڵێ راسـتە وەك نـەریت و غەریزەیـەك خـودی مـرۆڤ بـێ ئـەوەی هەسـت بـە خـۆی بكـات حـەز دەكات کـە سـاڵی دادێ لـە سـاڵی رابـرد خۆشـتر دەبێـت یـان ئـەو خۆزگانـەی لـە ساڵی رابردودا نەهاتۆتەدی، لە ساڵی نوێدا دێتە دی، بەڵام ئەمساڵەیان بەدەست خۆم نیە "نازانم چ جۆرە هەسـتێکە "لـە ناخـەوەیش حـەز دەکـەم ئـەو هەسـتە چەندینەم پێکاو نەبێ!

هەسـتێکی ترسـناك لـە ناخمـدا هەیـە دەمهـەژێنێ و بـەرەو گێـژاویکی شێتانەم دەبات، لە گەڵ هـەر چرکەیەکی نزیکبوونـەوە لـە سـاڵی نوێـدا خرپـە دەکەوێتە دڵی ئۆقرە نەگرم .

ئەگـەر بێتـو بـە وردی رۆریـش بـە وردی چـاو بـە خـودی خۆمـان .. بـە هەڵسوکەوتی رابردو ئەوانی پێشتریش بـە گیـانێکی پـڕ لـە لێپرسـراوەتی دوور لـە ئەقلیـەتی (*تـەنیا مـن*) نەخـشێنین و جـارێکی تـر درۆ لـە گـەڵ خۆمـان نەکەین هەر یەکە لەراستەخۆی یاری بـە موقـەدەراتی نەتـەوەی کـورد نـەکات، بێ ترس، بێ شەرم دووپاتی دەکەمەوە لە کوردو کوردسـتان هەشبەسـەرێ ئـەو (هەشەی) بە دەست خۆمان بۆ خۆمانمان گرتۆتەوە .

له نوسینێکی ترمدا وتوومه : کورد پێویستی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ئەوەی خۆمان وسلاح بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین کۆمەڵگایەکی پاکوخاوێن بۆ خزمەتی کوردوکوردستان دروست بکەینەوە، ئەوەی هەستی پێدەکرێ رۆژ بە رۆژ لە نەریتی رەسەنی کوردەواری دوور دوکەوینەوە .. لەوکاتەی کە پێویستە هەوڵی ئەوەبدەین لە خوورەوشتی بەرزی کوردەواری نزیك بینەوەو لە ژیانی رۆژانەماندا پەیرەوەی بکەین .

*لێم دەپرسن و دەڵێن : بۆ هێندە رەشبینی؟*

چۆن بۆ ساڵی نوێ رەشبین نەبم، لە کاتێکدا رۆڵەکانمان لە جیاتی ئەوەی دەست لەنێو دەست بنێن و هاوشانی یەکتربن بۆ خەبات دڵ لەسەر دڵ بن بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە .

لێکدەدەن، لەیەکتر دڕدۆنگین، بەکەموکوورتی یەکتر دڵشادین، بیری فەوتاندن و نەمان بۆ یەکتر لێدەدەین، ئەوەی دوژمن پێی نەکردووین خۆمان بە خۆمانی دەکەین، تینوی خوێنی یەکترین، بەمانە .. داوام لێدەکەن گەشبینبم؟! ئەگەر هاتوو لە ساڵی نوێدا هەمووومان وابیر بکەینەوە هێن رەشبینم .. هێن رەشبینم بە زێدەیش! لەوەیش زیاتر پڕبەدەم هاوار دەکەم و دەڵێم :لە کوردان سەربەهەشێ، لەخۆمان تەحلێ ١٩٩٤ لە دوژمنان شیرینێ ١٩٩٤ .

---

* لە برایەتی ژمارە ( ١٨٣٦ ) رۆژی ١٩٩٤/١/١ بلاوبۆتەوە .

# کوندێره .. بەشەوماندوو، بەرۆژ شێره!

ئەگەر بێتو ئەو کوردەی خۆمان وەك زەمانی پێشو پەیرەوی قسەی نەستەق و پەندی پێشینان بکەن، دڵنیام ژیانمان ئارام دەبوو .. دوورکەوتنمان لە رێوشوێنی باپیران و فرچکگرتنمان بەقسەوقسەلۆکی ناکوردانەو نەگونجاو لە گەڵ رەوشتی بەرزی دێرینمان ئەوانە هەمووی بوەتە هۆیەکی سەرەکی ئەم بارودۆخە دژوارەی تێیدا دەژین، بەهەق ژیانێکی یەکجار ناخۆشەو ئەم خەڵکە ماوەیەکە لە نیگەرانیدا دەژی، ئەمەیش کاری کردۆتە سەر نەفسیەتی مرۆڤی کورد، ئەگەر بەپەلەو ئوستادانە چارەسەری بۆ نەدۆزینەوە، باری نەفسی ئەو خەڵکە بەرەو گێژاوێکی نادیار دەچێ، دوورنیە ئەنجامێکی رووخێنەری هەیکەلی کۆمەڵگاکەمانی پێوەدیار بێت .

باشە هەر بەرپرسێك هەست بەوە بکات کە (*رەعایای*) لەو بارە نائەموارەدا بژیت چۆن هەست بە ئازاری (*زەمیر*) ناکات؟ ئەگەر هەستی پێدەکات چۆن مۆم ئاسا خۆی ناسووتێنێ هیچ نەبێ خۆی لەو ئازارە دەروونیە دەرباز بکات هیچ نەبێ بۆ مێژوو بسەلمێنێ کە ئەو هەولوتەقەلایەمداوە بۆ ئەوەی میللەتەکەی بەرەو هەڵدێر نەچێ، تاکو بە نەوەی دادێی میللەت بڵێ ئەگەر نەمتوانیبێ هیچتان بۆ بکەم .. ئەوە سەرەداوی خێروشەڕم بۆتان ***دانوئاوێر*** کردوە ئینجا خۆتان سەرپشك بن!

ئەگەربێتو سەرنج بدەینە سترانی کۆچکودیوانا کوردەواری لەزۆر لاوکدا برا گەورەمان غەموپەژارەیان ئەوەیە نەوەك رۆژێك دابێت خوانەخواستە لاوکبێژ یان مێژوونوسان بەرامبەر بە خاکومیللەت بەکەمتەرخەمیان

دەقەڵەمدا کە ئەمەیان تا دنیا ماوە دەبێتە مۆرێکی کرێت بۆ برا گەوران .

کوا حوسێنی قەنجۆی ئێزدی سۆزوپەیمانی برای (*دایی و بایی*) بۆ برایم پاشای مللی دووپات بکاتەوە؟ کوا پساغای یەك دوو برایان سوێندمان بۆ بخوات خلّخالّی (*خەنسە خاتوونێ*) بکاتە دیاری برا گەوران؟ کوا پەیمانی ئەو جوامێرانە بۆ گەڕانەوەی تەرشوتالآنی ماڵە کوردان؟

هەموو رۆژێك بە قسە باسی تەبایی و برایەتی حەرامکردنی براکوژیمان بۆ دەکەن کەچی (*کوندێرە*) ئاسا رەفتار دەکەن! ئەو کوندێرەی لەمەڕ خۆمان لە گەڵ رۆژهەڵاتن بە دەنووك خەریکی هەڵکۆڵینی بنەدارانە تا (*کفت*)دەبێت! لە گەڵ رۆژئاوابووندا سوێندێکی گەورە دەخوات کە جارێکی دیکە بڕای بڕا ئەوکارە ئەستەمە دژوارە نەکات، کەچی لە گەڵ گەزەنگی رۆژهەڵاتنی رۆژی دادێ دەچێتەوە سەر هەمان کار!!

ئەگەر هاتوو حاڵمان بەم وەزعیەتە بڕوات مێژوو سەدان داستانی خەج و سیابەندی چیای (*سیپانێ*)، سلێمان بەگی هەریرو هەریر بەگیان، ئەحمەدی ئیسکان، حەیدەری کوڕی فاتمێ، تەمرپاشایێ زەر بۆ نەوەی دادێ تۆمار دەکات! ئینجا ئێمەیش دەبێ ئەوکات بەرامبەر بە مێژوو لە (*تەشکی*) خۆمان بدەین و بۆ جاری (*هەزار*) پەنجەی پەشیمانی بگەزین کە هیچ دادی نیە! یان ئەوەتە پێویستە بڵێم : *تۆ بڵێی رۆژێك دابێ بە کاروکردەوە ئەم کوردە ریسوای براکوژی نەکات؟!*

---

* **لە برایەتی ژمارە ( ١٨٣٩ ) رۆژی ٦/١/١٩٩٤ بڵاوبۆتەوە .**

# كاروبارى كۆمەڵايەتى ..

**ئەگەر دڵى ميللەت لە گەڵمان بێ دوژمن هەزارجار**

**قوەتى زياتر بێ ناتوانێ بمان شكێنێ .**

**بارزانيى نەمر**

لەوەتـەى هەسـتم بـە جيـاوازى نێـوان سـپى و رەش، خێروشـەڕ كـردوە، فرچـكم بـە نـەريتى ئـەم كوردەواريـەى خۆمـان گرتـوەو بەزێـدە لـە ژيانمـدا پەيرەوم كردوەو دەمێكە بە بڕواوە بـەرگرى لێ دەكـەم .. لـەم رێگايـەدا گـەلێ برادەرم لێ زوويربـوون گـەلێكيش لەبـەر هێنـدێ خۆشـيان ويـستووم، پيـاو بـۆ خوا بڵێ ئەوەى ئێستا (هەم) لەو رێگايەدا بۆم وەدەست هـاتوە، سـەردەمانێك!!! ئـەو نـەريتو سـەربردە ئامۆژگاريانـەى لەمـەڕ خۆمـان كـارێكى يـەكجار زۆرى لەسـەر كۆمـەڵگاى كـوردەوارى هـەبوو بـەڵام زۆردارى رژێـم لـە چـۆنيەتى و هەمەجۆرى پەروەردەكردنى ميللەت بە جارێ ئـەو شيرازە جوان و پووختـەى كوردەوارى لە رەگوريشە دەرهێنابوو .

بۆيـە جـارێكى ديكـە لەگـەڵ بەرەبـەيانى ١٩٩١/٣/١١كـە ئـەو خەڵكـە بەشـەرەفەى شـارى هـەولێر رژانـە سـەر شـەقامەكان و بـە چـەپڵەرێزان شـان بەشانى يەكتر بێ جياوازى لـە نێـوان رەنگـو فـلان و فيـسار نـەيارانى كورديـان شـاروەدەرنا، لـە ناخـەوە خۆزگـەى شۆڕشـێكى ئيـسلاحى خـوديمرۆڤى كۆمـەڵى كوردەواريم خواست، بەبۆچوون و مەزنـدەى خـۆم بـە كـارێكى زێـدە پێويـستم دەزانـى لەبـەر هەنـدێ بـە بـەردەوامى و رۆژانـە لەبەرنامـەى (*بـەرئاگردان*) ى، ئێزگەى دەنگى كوردستان ئاگرى شۆڕشـى دەروونـى بـۆ ئيـسلاحى كۆمەڵايـەتى كـوردم هەڵگيرسـاند ئيـستايش بـە تەئيـدەوە ئـەو شۆڕشـە بـە پێويـستى ئـەم

قۆناغە دەزانم .

هەرچەندە وشەی (*شۆڕش*) خۆی لەخۆیدا مەزنەو لە هەمان کاتدا پیرۆزە، مەدلوولاتی تایبەتی هەیەو پێویستی بەکات و مستلزمات و سەرکردایەتی لێهاتوو گەلێ شتی تر هەیە.. ئەو شۆڕشەی من دەیڵێم مەزنە، پیرۆزە بەڵام ئەستەم نیە بەڵکو زۆر ئاسانەو هەر یەك لە ئێمەمانان لەلای خۆیەوە لەنێو ماڵ، کۆلان، گەڕەك، گوند، شارۆچکە، شار، دەتوانێ سەرکردایەتی بکات و بارودۆخی بۆ بڕەخسێنێ *( خۆت لە ڕەوشتی سالانی ژێر دەستی رژێم دوورخەوە، دژایەتی ئەو پەندە بکە"* لە من مەدەن لەبرام دەن وادەزانم لە جەوالی کا دەدەن! *"ڕێز لە گەورە بگرەو بەزەییت بە بچووك بێتەوە، دزی مەکە، بکوژمەبە، بەدبێژی بەکارێکی ناشیرین بزانە، لەبانگوهاواری دراوسێت بەشداری بکە، لەچێشتە غەریبەو هەینیانەی هەژاری گوندو شارت بێبەش مەبە، خێروزەکات و سەرفیترەو صەدەقەی مانگو سالانیش ژبیر نەکە، خۆشەویستی خاکو میللەت هەوێنی ئیماندارێت بێ، بۆ پاراستن و بەرگری لە خاکو ماڵو ناموس بکوژەو درێغی لێ مەکە)* .

ئەو خالانەی سەرەوە پەیرەو بکە لەخۆت و میللەت و خاك و ژیانت دڵنیابە چونکە ئەوەیە شۆڕشی ئیسلاحی کۆمەلایەتی . هەرچەندە ماوەیەکە بۆ حالی کوردان دڵ تەنگو ڕەشبینم بەڵام لەوەتەی مەکتەبێکی ناوەندی بۆ کاروباری کۆمەلایەتی لە سەرکردایەتی پارتیمان دامەزراوە لق و پۆی بۆ شارەکان هاویشتوە .. فەرامۆشی کەوتۆتە ناخم، لە گەڵ هەر (*زەڕب و تەرحێك*) ی، نێو جەنجالیەت و ئالۆزی هزرمدا لە قووڵاییەوە دەنگێك دێتە گوێم و دەڵێ : دڵنیابە ئەو دێموکراتیە ساوایە زکماك نییە، ڕۆژێك دادێ گاگۆلە دەکات و لەدواییدا بەسەرپێ دەکەوێ و دەبێتە نموونەیەکی جیهانی .. چونکە میللەت سەرکێشی ئەو کاروانە سەختەیە .

---

* لە برایەتی ژمارە ( ١٨٥٦ ) ڕۆژی ٢٥/١/١٩٩٤ بلاوبۆتەوە .

# کاتێ زاراوەی "دایکسالاری "م کەوتە بەرچاوان

**بۆ یەکە مجار چـاوم بـە گۆڤـاری (*رابـوون*) ژمـارە (*حـەوت + هەشـت*) کـەوت ڕۆژی ۱۹۹٤/٥/۳۰ بوو .. نوسینەکەی کاك فازیل کەریم ئەحمەد (*دایکـسالاری لـە داسـتان و بـەیتی کوردیـدا*) سـەرنجی راکێـشام، پیـاو بـۆ خـوا بڵـێ هـەوەڵجار بـوو زاراوەی (*دایکسالاری*) م، کەوتە بەرچاوان .. بۆیە بـە ئەشـقەوە دەسـتم کـردە خوێندنـەوەی بابەتەکە .. نەجارێك نەدوو .. ئەنجام ئەم نوسینەی لێکەوتەوە .**

هـەر چـەندە پـسپۆری مەیـدانی زمانـەوانی نـیم، بـەڵام بـە مەزنـدە دایکـسالاری کووتومـت (*مادرسالاری*) فارسـییە وەرگێڕانەکـە سـەرکەوتوە .. وا بـزانم (*الامومـە*)یـش (*دایکایـەتی*) دەگرێتـەوە نـەك (*دایکسالاری*) ئـەو باسـەی کاك فازیل یان باشتر وایە بڵێم بۆچوونەکانی ئەم باسە هـیچ نـەبێ بـۆ خـودی خۆم سەرسوڕێنەر بوو! لەسەر قسەی مەلایان بە (*بدعە*) م، دەهاتـە بەرچـاوان بەدووریشی نـازانم نابەڵەدی مـن لـە ئاسـت ڕۆشـنبیریی زانـست لەسەرتاسـەری جیهاندا ئەو سەریورێنەرەی لـەلام دروسـت کردبـێ! بـەڵام دەربـارەی داسـتان و بەیتەکانی کوردەواری نەك شارەزام بەڵکو سەگلاوی لێ تاودەدەم .

- کاك فازیل لە لاپەڕە (٤٩) دەڵـێ : " لـە ناوچـەی خۆشمانـدا لەسـەردەمێکی زۆر کۆنـدا ئـەم دیاردەیـە هـەبوەو لەسـەر لاپـەڕەی کتێبانـدا ئامـاژەی بـۆ کراوە - واتە دایکسالاری "

بەشـبەحاڵی خـۆم ئـەو کتێبانـەم نەکەوتۆتـە بەرچـاو، لـە هـیچ کـۆڕو

مەجلیسێکی کوردەواریشدا ئەو باسوخواسەی دایکسالاریم نەکەوتۆتە بەرگوێ بەڵام باسوخواسی لێهاتوویی ئافرەتی کوردو دەستڕۆییان (حوکمڕانی) لە هەندێ شوێنی جیاجیای کوردستان و داوێن پاکی و دڵداری بێگەردیان لە گەڵ غەیرە دینیش و دەست ڕەنگینی ئافرەتی کوردەواری هەردەم بەرئاگردانی جۆشداوەو سەرنجی خەڵکانی بێگانەیشیان ڕاکێشاوە نموونەیشمان گەلێ زۆرە وەك (خانزادی سۆران، مەیان خاتوون، لەعلیخانێ گۆڤەیی، عەدلە خان، بووك شازەمان، مەستوورە .......) .

- <u>نوسەر لە لاپەڕە (٥٠) دەڵێ :</u>

<u>دەبێ لە کوردستانیشدا پێش دەرکەوتن و سەپانی سێستێمی باوکسالاری بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سیستێمی دایکسالاری لە کۆمەڵدا باڵا دەست بوبێت .....</u>

بۆ ئەمەیش نموونە دێنێتەوە کە تا ئێستل کەسانێك هەن بە نێوی دایکیان بانك دەکرێن، بەڵێ ڕاستە نەك بە دایکانیان بەڵکو هەن بە نێوی ژنەکانیان بانگ دەکرێن .. لە ناو ئێمەیشدا بەزۆری ئەو کەسانە بە نێوی دایکیان ناودەبرێن کە لە زووەوە باوکیان مردووەو دایکیان بە بێوەژنکۆشی و سەربڵندی لەسەر منداڵەکانیان داوەراینەوەو بەخێویانیان کردوە، بۆیە لە ئەنجامدا ئەو دایکانە ئەو شەرەفەیان وەرگرتوە .. جاری وایش هەیە کوڕەکان شانازی بەوە ناکەن چونکە لە کوردەواریدا بە (*کوڕی دایکێ*) یان بە (*کوڕە بێوەژنیان*) لە قەڵەم دەدەن — بۆ *سووکایەتی*!!

ئەگەر دایکسالاری لە کوردەواریدا هەبوایە ئەوە بێگومان سەرەداوێکی بۆ ئەمڕۆ دەمایەوە دوو نموونەی بچووکیش بۆ ئەم مەبەستە (*سەرەداو*) دێنمەوە :تاکو ئێستا لە کوردەواریدا سوێند بە ئاگر دەخورێ و تفکردن لە ئاگان بە کارێکی ناشیرین و گوناهبار دەژمێردرێ، کەچی لە بنەڕەتەوە لە

زەردەشتیەوە بۆمان ماوەتەوە . تا ئێستا لە (مصر) ژنەکان لەکاتی قسەکردندا بە مێردەکانیان دەڵێن (برام!)هەر چەندە لە ئیسلامەتیدا ناگونجێ چونکە لەکاتی خۆیدا (فەرعۆنیەکان) خوشکی خۆیان دەهێنا بۆیە تا ئێستا ئەو رەنگدانەوە لە کۆمەڵگای مصریدا هەر ماوە .

- لە کۆتایی لاپەڕە (٥٠)وە، کاك فازیل پەنا وەبەر دوو بەیتی کوردیدا — *لاس و خەزاڵ و شێخ فەرخ و ستی* _ دەبات بۆ روونکردنەوەی شێوەو سیستێمی کۆمەڵی دایکسالاری ...

نوسەری بەڕێز پەنای بردۆتە بەر دەقی ئۆسکارمام، هەر چەندە من لە کتێبەکەمدا (*لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد*) ئەو هەلە مێژوویەم دەست نیشان کردوە بەڵام وا دەردەکەوێ کاك فازیل ئەم کتێبەی نەدیوە یان ئۆسکارمانی پێڕاسترە .

راستکردنەوەی هەلەی کتێبی زانایەکی بیانی کە بۆ ماوەیەك لە نێو ئێمەدا ژیاوەو لە زاری خەڵکی ئێمەوە شتیان تۆمارکردوە ئەوە ناگەینێ خوانەخواستە کەمکردنەوەی شانوشەوکەتیان بێت .. نەخێر بەڵکو خزمەتکردنێکە بۆ ئەو هەول وتەقەلاییەی ئەوان .

ئەگەر سەیری کتێبە مێژوویەکان بکەین هەر لە سەرەتای بەیتی لاس و خەزاڵدا بۆمان دەردەکەوێ کە هەلەی زەقودیاری پێوە دیارە بۆیە لێکۆلەوەر لەو جۆرە کارانەدا دەکەوێتە هەلەو بۆچوونەکانی ناپێکێ .

- خەزاڵ و خانزاد سەردارو مەزنی دوو خێڵن .. خەزاڵی مامۆدیان کچی مەلا نەبیە، دەسەڵات بەدەست باوکیەوە نیە بەدەست کیژەوەیە، لاس مێردوئامۆزای خانزادە ...

بەڵێ راستە خانزاد مەزن بوە .. بەڵام مەزنی هۆز نەبوە بەڵکو لە دوای سلێمان بەگی شاقوڵی بەگی برای بۆ ماوەیەك حوکمڕانی ئیمارەتی کردوەو بە

دوای تۆڵەی براکەی وێڵ بـوەو بەڵگەی فۆلکلۆریمـان بلاوکردۆتـەوە کـە تۆڵـەی کردۆتەوە (*بەیتی ئایشەگوڵ – ئەسعەد عەدۆ ١٩٨٣*) .

لەمێـژووی نزیکـی نەتەوەکەیـشمان نموونـەمان هەیـە کـە سـەعید بـەگی باعەدرێ کۆچی دوایـی دەکـات .. تەحـسینی کـوڕی منـداڵ دەبـێ بۆیـە (مـەیان خـاتوون) بـۆ ماوەیـەك میرایـەتی ئێزدیـان دەکـات تـا (*تەحـسین بـەگ*) دەگاتـە (١٨) ساڵی . بەڵام خەزاڵ سەرەك هۆز نـەبوە بـەڵکو بـاوکی مـەزنی هۆزەکـەیان بوە لە دواییدا (*حەمەد*)ی، بـرای خـەزاڵ، کەچـی لـە بـەیتی کوردیـدا هەنـدێك نـاوی سـەرەکی پـشتگوێ دەخـرێ چـونکە دەورێکـی سـەرەکی لـەنێو خـودی بەیتەکـە یـان داسـتانەکە نـابینێ، لـە بـەیتی لاس و خـەزاڵ یـەکجار نـاوی (حەمـەد) دێـت! کـە (*لاس*) دەگەڕێتـەوە لای خـەزاڵ دەبـینی جلـی رەشـی دەبەردایە بۆیە پێی دەڵێ : ئەوە حەمەدی برا مردووە؟ .

هەروەها لاس نەئامۆزای خانزادەو نەمێردیـەتی بـەڵکو خـەڵکی ناوچـەی شـارەزوورەو کـوڕی ئەحمـەد خانـە، ئەگـەر بێتـو سـەرنج بدەینـە سـەرجەلەی بنەماڵەی سـۆران پاشـوپێش .. روونوئاشـکرایە کـە خـانزاد کێیـەو چ کەسـە؟! دەبوایە کاك فازیل سەیری نوسینەکەی ئێمـەی بکردایـە (*ئایا خانزاد شووی کردوە؟*)

گۆڤـاری کـاروان – خـولی یەکـەم یـان ئـەو سـەربردە کوردەواریانـە کـە لەسـەر شـووکردن و نـەکردنی خـانزادی سـۆران بـاوە لـە ئەنجامـدا خـانزاد هەریری شووی نەکردوە، بەڵگەی مێژوویشمان لەسەر مێردنەکردنیدا نیە .

راستە لە بەیتی لاس و خەزاڵدا ناوی خـانزاد هـاتوە بـەڵام چـۆن؟ خـەزاڵ لـەبری (نـۆ) خـوێن مـارەبڕی (وسوکاسـکیان)بـوە، بـەر لـەوەی بـەبووك بـچێ رادەکاتـە مـاڵی خـانزادی سـۆران کـە ئـەوکات حـوکمڕانی لـە هـەریرو هـەریر بـەگیان دەگێـڕا، هـەر لـە وێـوە باسوخواسـی خـۆی بـۆ لاس دەنێـرێ بـەڵام

لەوكاتەی لاس دەگاتە هەریر .. خەزاڵ لەوێ نەماوە! خانزاد بە شەرتوپەیمان تەسلیمی باوکی دەکاتەوە کە پێویستە بە رەزامەندی خۆی شوو بکات بۆیە شایەر حیواری لاس و خانزاد لە بەیتەکەدا تێکهەڵدەکێشێ (بڕوانە لیرەیەك..... ) .

وا دەردەکەوێ رەحمان بەکری بەیتبێژ ئوستادی بەیتی کوردی بووەو هەموو بەیتەکانی لەنێو مێشکدا پەنگی خواردۆتەوە بۆیە زۆرجار کۆپلەی بەیتێکی تر یان داستانێکی دیکەی خستۆتە نێو بەیتێکی تر بۆ نموونە .. نموونەی باسەکەی کاك فازیل " *چڵ پلە عومانی لاپەڕە (٥١)*" لە بەهرام و گوڵندام وەرگیراوە چونکە سەربردەی لاس و خەزاڵ روویداوە دوورە لە ئەفسانە چونکە شوێن و هۆزی دیاریکراوی هەیەو تا ئێستایش ئەو هۆزو بنەماڵەی (*وسوی کاسکیان*)لە بناری (*بەنی هەریر*) دەژین و سەردانیم کردوون .

- <u>ژنێك پێش زاوابوون بەمێردەکەی بڵێ : بۆچی ئیلاقەی من ناکەی - لاپەڕە (٥٢) .</u>

تا ئێستا لەنێو کوردەواریدا ئەوجۆرە ملعندیانە هەیە بەلام وەك بەلگە ئەمە پەیوەندی بە لاس و خەزاڵدا نیە بەڵکو بە (ئەحمەد خانی شارەزوور) ە، بەرلەوەی خوازبێنی (خەجە)ی، عارەب بکات لە دڵی خۆیدا پەیمان دەدات تاکو ژنەکەی دەست بۆ دۆخینی درێژ نەکات نزیکی نەبێتەوە، لە ئەنجامدا خەجە لەلایەك سەری سوڕدەمێنێ لە ئازایەتی ئەحمەدخان .. کەچی ماوەیەکیشە سەرجێی ناکات بریە لەنێو دارستانەکەدا لەوکاتەی شێرەکە دەکوژێ و کەوڵی دەکات و لەیەر کەوڵەکە نوستوە، وەك تاقیکردنەوە خەجە دەست بۆ دۆخینی خان درێژ دەکات .. ئەویش واتە ئەحمەدخان گرەوەکەی دێتەجێ و لەسەر پشتە شێرەکەو لەژێر دار لاس توخینی دەبێ .. لە دوای

نۆ مانگ وڕێکیان دەبێ نێوی دەنێن (لاس) .

* <u>دەربارەی ئەو گۆرانیە کە لە حەفتاکاندا باوە " یەکەم هەنگاو هی کوڕ بوە نازی کچی هەڵگرتوە لە هەمان لاپەڕەی پێشو "</u>

ئەگەر بێتو بە وردی گوێ لە سەربردە کۆنەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا رابگرین ئەم (*هەنگاوە*) فەرمانی خواییە .. کاتێ حەوا لە پەراسووی ئادەم جیا دەبێتەوە هەر یەکەیان دەکەونە لایەك و ئاوێکی بچووك بە نێوانیان دادەچێ لەوکاتەی حەوا چاوی بە ئادەم دەکەوێ دڵی دەچێ و دەیەوێ بچێتە لای، دەنگیك پێی دەڵێ : نەکەی! پێویستە ئەو خوازبێنیت بکات و مارەکەیشت ماندوبوونی پەڕینەوەکەیەتی لە ئاوەکە، بۆیە لەو رۆژەوە تا ئێستا لە کۆمەڵی ئێمەدا پیاو خوازبێنی کچ دەکات نەك بە پێچەوانە، جاری وایش هەیە ئێمەمانان لە فلیمی مصری دەبینین کە ئافرەتێك بە مەرجێ شوو بە پیاوێك دەکات کە جڵەو (*عصمە*)واتە تەلاقدان بە دەست ئەوبێت، پیاوەکان و ئافرەتەکانیشمان لەو ساتەدا گاڵتەیان بەو دیمەنە دێت و ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی ".

شتیچکی بچووکیش هەیە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم هەر چەندە لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر بە دەگمەن روویداوە .. ئەگەر هاتوو کچێك لە پیاوێك مارەکرا لە ئەنجامدا زانرا کە ئەم پیاوە (نێرەمووکە) مارەیەکە بەتاڵە! بەلام ئەمە (*عصمە*) ناگرێتەوە بەڵکو لایەنێکی ئجتهادی شەرعیە، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە لە ئیسلامەتیدا - تەلقین - (*لە مردنی مەسیحیش تەلقینم بینیوە*) بۆ هەموو کەسێکی مردوو بە نێوی دایکە نەك لەبەر ئەوەی نیزامی دایکسالاریە بەڵکو تەنیا دایك دەزانێ کە سەت لە سەت ئەو منداڵەی لە چ پیاوێکە بۆیە ئەمەیان دەخرێتە ئەستۆی دایك .

* <u>بۆ چەسپاندنی قۆناغی دایکسالاری لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا کاك فازیل</u>

به دڵخۆشیەوە پراکتیك لەسەر دەقی بەیتی شێخ فەرخ دەكات، لە لاپەڕە (٥٢) دەڵێ : هەركارێك باوك و چوار كوڕەكان بیكەن پرسوڕا بە دایكەكە دەكرێ ...

وەك بڵێی كاك فازیل لەنێو كوردەواریدا نەژیاوە! ئافرەتێك بێت خێزانی ئاغاو میرێكی كورد بووبێت و دایكی هێندە منداڵە بێت پرسوڕای پێ نەكرێ بەڵكو ئەوجۆرە ئافرەتانە جگە لە كاروباری دیوەخان .. كارەكانی تر هەمووی دەگرێتە ئەستۆ، لەكاتی پێویستدا سەری مەجلیش دەگرێ (*ئافرەتمان هەیە دەوری دیوەخان و حوكمڕانیشی بوە بەڵام ژمارەیان كێمە*) ئەگەر ئەمانە لەلای نووسەر قۆناغی دایكسالاری بێت ئەوە دڵنیابێت ئەو قۆناغە ئێستا لەنێو شاردا باڵا دەست و بڵاوە .

- لە هەمان لاپەڕەدا نووسەری بەڕێز دەڵێ : مام خەلیفە ئەستێ دەكاتە جێگرو میراتگری خۆی ...

ئەگەر بە وردی سەیری بەیتەكە بكەین ئەو جێگریەی ئەستێ لەراستی بەدەرە بەڵكو شێخ فەرخ كۆرپەیەو مامەیشی روو لە كچەكانی دەكات لە گەورەوە تا بچووك .. ئەگەر هاتوو بۆمی ژێر بكەنەوەو بەخێوی بكەن ئەمەو ئەوەتان دەقەبەر دەكەم، هەر چەندە خوای گەورە دوعاونیزای فەرخی قەبووڵ كردوە كە بە هیچ كەسێك ژێر نەبێتەوە تەنیا لە باوەشی ئەستێ نەبێ! لە كوردەواریدا كچ زۆری پێ ناخۆشە بە كچینی لە ماڵەباوان دایانی بكات یان منداڵ پەروەردە بكات بەڵام عیشقی حەقیقی نەك مەجازی هەر وەك باوە لەنێوان فەرخ و ئەستێی دۆتمام و دوعاگیربوونی فەرخ دەبێتە هۆی ژیربووتەوەی فەرخی كۆرپە هەتیو لە باوەشی ئەستێ، بۆیە ئەستێ بەشە مولكی باوكی لە (*داودیە*) بەبەر دەكەوێ ئەستێ لێرەدا قوڕبەسەرو ماڵوێرانەو بە كچینی دەبێتە دایەن، رەمزی دایكسالاری چیی و فەرمانڕەوایی

ئەستێ چیی؟! ئەوە نیە بە زۆری زۆردار دەدرێتە شوانەو هەموو رۆژێك دایك و براكانی دەكەونە سەری و ریسوای دەكەن، ئەگەر ترسوكەراماتی فەرخ نەبوایە دەمێك بوو مێردی بە شوانە دەكرد بەڵام پشوێكی بە فەرخ خۆش بوە سەرەڕای لایەنی خواییەكە .

- <u>لە لاپەڕەی (٥٣) لەسەر زاری خاتوون ئەستێ دەڵێ : ئەی پەكم بەوەی كەوتوە وسوئاغا ئەمن دەبینی یا نابینی ...</u>

نازانم كاك فازیل بە چ شێوەیەك بۆ لێكدانەوەی ئەو مەسەلانە چوە، ئەو قسانە دەلیل نین بۆ دایكسالاری بەڵكو قسەیەكی رۆژانەی ئافرەتی كوردە كە غەیرە پیاوی بێگانەی پێ هیچ نەبێت و دڵەڕاوكێی داوێن پیسی نەبێ، فەرخ چاوو مێشك و ناخی ئەستێی تەژی كردبوو بۆیە هەموو پیاوێك لەبەر چاوی ئەستێ هیچ بوون یان بە پیاوی دانانان .. ئەوە سەربەرزی ئافرەتی كوردە .

ئەگەر راستە سمبوڵی بەیتی فەرخ روون و ئاشكراترن بە چ پێوانەیەك یەك دەق لەسەر شت لەیەك كاتوزەماندا دوو قۆناغی لێوەدی دەكرێ، هەر وەك لە لاپەڕخ (٥٣)دا، هاتوە؟ گەیشتوومەتە ئەو هەقیقەتە كە كاك فازیل بەزۆری زۆردار دەیەوێ تیورێك لەسەر كۆمەڵگای ئێمە بچەشپێنێ كە ئێمە لێی نابەڵەدین و بۆنیشمان نەكردوە یان دەیەوێ قۆناغێك لەو قۆناغەدا كە كۆمەڵ پێیدا تێپەڕ بوە لەسەر خۆمان پراكتیك بكات .. بەداخەوە لێی سەرنەكەوتوە بەڵكو كەوتۆتە هەڵەی زەق چونكە ئەو بۆچوونانە بە تایبەتی بۆ كۆمەڵگای كوردەواری مێشك پەسندی ناكات، من بەشبەحاڵی خۆم بۆ خەڵك دەنووسم نەك تەنیا بۆ توێژێك .

- <u>لە لاپەڕەی (٥٤)كاك فازیل لەسەر سێكسایەتی فەرخ پەنا بۆ (فرۆید) دەبا!!</u>

مـن نـالێم ئەوانـە زانـا نـین (ببـوورە) هـەر چـەندە لـە نوسـینێکمدا (لێکۆلینـــەوەی لاوك و حـــەیران، دەســـتنووس) گوتوومـــە : ئـــەوەی لـــە خەجەکەلەی قورشاغلو فێری بوویم لە کتێبی (الاســطوره و المعنـــی) ی، لیڤی شـتراوس فێـر نـەبووم .. واتـە ئێمـەی دێهاتی فـترەی رۆشـنبیری مللیمـان لەگەڵدا لە دایك دەبێ .

دەبێ پێش هەموو شتێك ئێمـە بڕوامـان بـەوە هـەبێت کـە خۆشەویـستی نێـوان فـەرخ و ئەسـتێ خواییـەو بـۆ مەبەسـتە لەززەتەکـە نیـە، چـونکە هەرجارەی فەرخ و ئەستێ وێکڕا نووستن لـە ناوکـەوە بـەرەوخوار بڵاوەبوونـە، زۆرجـار لـە کتێبانـدا خوێندوومەتـەوە خۆشەویـستی مـەجازی پـێ دەڵـێن . منیش دەڵێم : ئەوەی فەرخ هەقیقیەو ئەوەی ئەمڕۆ مەجازیە بۆیـە ئـەمجۆرە ئاشق و مەعشوقانە بە یەك ناگەن کورد گوتەنی لە ئاخیرەت بۆ یەکتر دەبن.

لـە کۆتاییـدا بـە مەزنـدەو بۆچـوونی خـۆم هـیچ بەڵگەیـەکی فۆلکلـۆری لەژێر دەستمان نیە .. بۆمان بـسەلمێنێ کـە کۆمـەڵی کوردەواری بـەو قۆناغـەدا واتـە قۆنـاغی دایکـسالاری تێپـەڕ بـووبێ ئیـدی راوو بۆچـوونە، داواکاریـشم لەبەڕێز کاك فازیـل لـە باسـو لێکۆلینـەوەکانی دادێـی پـشت بـە دەقـی خۆمـاڵی رەسـەن ببەسـتێ و لەگـەڵ دەقـەکانی دیکـە کـە لەلایـەن بیانیـان نوسـراوەتەوە ئەگـەر بکـرێ دەق لـە شـوێنی رووداو کۆبکرێتـەوە لـەوە باشـترە کـە پـشت بـەو دەقە ببەسترێ کە شایەرەکە لە شوێنی رووداو نابەڵەدە .

---

* لە برایەتی ژمارە ( ١٩٥٩ )رۆژی ١٩٩٤/٦/٤ بڵاوبۆتەوە .

# حەیرانی من ..!

هەرچەندە ماوەیەکی دوورودرێژە (٩) ساڵ دەبێت لە مەیدانی ڕۆژنامەنوسیدا کار دەکەم و جارجاریش ناماقولیان بەرامبەر بە سیاسەتی ئەمڕۆی کوردستان دەکەم، کەچی تا ئێستایش خەڵکانێك هەن (زۆریشن) نایانەوێ لە جغزی فۆڵکلۆریم دەربێنن!

لەلایەك شادومانم بەوە کە کێخوای مەیدانی فۆڵکلۆرم لەلایەکی دیکەیشەوە سەیرم دێت چونکە وەك خەڵك بە ربەی بەرەوپێشچوون حیسابم بۆ ناکەن – خوا راستیان بۆ بێنی - .

چەندرۆژێك بەر لە ئێستا لە دیدارێکی ڕۆژنامەنوسیی گەورە پیاوان .. برادەرێك ئەگەر بە تەوسەوەیشی بووبێت پێی گووتم : حەیرانێکیان ورژکەیێ!! لەوکاتەوە سەر دێنم و سەر دەبەم بۆ دڵنەوایی برادەرەکەم و عیشقی لەبن نەهاتووم بۆ حەیران ئەم نووسینە حەیرانە سەری هەڵدا :

حەیران ئەمن دەرێم نادری بە من نادری .

لە گەلی کوردستانێ مە ئەوڕۆ سەری سێ سارانە هووڕەیە .

بە دەستی بەدکاری گوندی خۆمان لە هەموو مارە کوردان شینوتازی و واوەیلایە .

ئەگەر بە چاوی من دەڕۆنێێ لە هەموو سەربانو سەرتیلەی باڵاخاناتن برا لە برای دەگرێتەوە سیرەی تڤەنگێ .

لە ئۆمەرو بەجیسێێ بابان وێران هەموو رۆژێ هەشوخمخانەو قوڕپیوانە .

ڕۆژەکی لۆ کوڕی دەست بە قەرەمودەفتەری بێ سەروسۆراخ، فرمێسکان دەبارێنی ڕۆژەکی لۆ کوڕێ نێك بەشەشاگرو شان بە بڕنۆی لێ بووی بەدیدار حەزرەتی بێ گۆڕوگۆڕخانە، پرچان لە هەش دەگری .. ئەوڕۆش لەبەر خاتری بەژنوبارای کوڕێ بووك لە پاش بەجێمای لەمن بوویتە دەلودێوانەی بەر دەرگای لق و مەڵبەندان .

ئەگەر ئەوڕۆ زەینێ خۆم دەداوە بەروباغەرێ وەزیرو قوماندارو پیاوماقوڵی ئەوڕۆی حزبەکان و حکوومەتی کوردستان لە پێش چاوی من لابەڕکیان دەغەمرێ لەبەر پاسەپۆرتی دەوڵەتان، پارسەنگیان لابەلایە لەبەر هەرامە دراوان، کەچی لە بابودلکو کوڕە شەهیدان نارەوفیغانە لۆ عەزیزێ لەبەر چاوان چووی .

عەیشێ داك بەسێ دەنگان گاز دەکا وەکی تەیرەکانی لەدەوئاوان دەچریکێنێ لۆ کوڕێ لە قەندیل و خاکورك شەهید .

دەرێ کچێ شەرمینی دەستوپێ بەخەنەی زوو لێقەوما ئەتوو نازانی ئەوێ بە خینی کوڕێ من و مێردی توو لۆ کوردان پەیدابوو، سەر بە تواڵێتی لە دەوڵەتان کەتیی ئەوڕۆ لە من بووینەوە ئاغاو میرو بەگلەرە .

حەیفێ من دێت لە بۆ ئەوان جوامێران شۆڕەسواران وەکی دەیانگرتەوە بەردەوی مەترەلۆزو باروودی جبەخانەی حکوومەتێ جمبورەتێ لێیان شەهید دەبوون کەتکەتە جۆت جۆتە .

کوڕینە، کیژینە لە من مەگرنەوە لۆمە ئەگەر بڕێم  لە جێی شێران ڕێوی لێدەکەن گێرە .

سەرێ چەند ساران بە بێوەژنکۆشی و تێلەکێشی و نانکەری ماران کوڕێ نازدارم لۆ پێشمەرگایەتی گەورە کرد، سەرێ چەند سارانە لە دایکی خۆی بوویتەوە دیدارحەزرەت .

لەبــەر خــاتریٚ رزگــاربوونی کوردســتان هــەموو بــرینیٚ بەســووی خــۆم لەبیرچـوە، بـەران لـە چ دەورو زەمانـەکی بـوەو روویـداوە لـە بـۆ جـاهو مـاریٚ دنیایێ بکەنە شەڕی خۆنڕینی لەمـە بـچی سـەروماره لـە دوژمنـان شـادوکەیفە لە پیسە پیاوان سمێڵ بادانە .

ئەمن ئەورۆ لە سوویێ جەرگی خۆم و وێرانە کوردستانیٚ هاوار دەکـەم و دەچـریکێنـم و هانـاییٚ وەبـەر شێخومـشایخو پیاوچاکان دەبـەم، ئـەوی دەبیتـە سـەبەبکاری مارتێکـچوونی کـوردان رەبـی مـووی بـیٚ لـە زمـانی! ببیتـە پەنـدو عیبرەتـی دنیـاییٚ لـە رۆژی مەعـشەریٚ بـە سەرشـۆڕی بەرامبـەر بـاری تـەعالای بیتەوە .

١٩٩٤/٦/٢٠

---

* لە برایەتی ژمارە ( ١٩٧٣ ) رۆژی ١٩٩٤/٦/٢١ بڵاوبۆتەوە .

# نەواخا برایم پاشای مللی ..

لەوەتـەی قاسـپەی (کـەو) ی، خۆخـۆر سـەدای لـە بنـاری (سـیپان) دەنـگ دەداتـەوەو کەوتۆتـە بـەردوعاونیزای شـێخ فـەرخی خـاتوون ئەسـتی .. پیـشەی ئەو کوردەی خۆمان چەشنی (کەوە) واتە خۆکوژو خۆخۆرە!

سـەرەڕای ئـەو سـیفاتە بکـوژەیش مێـژووی میللەتەکـەمان شـاهێدی مێرخاسی و تەبایی رۆڵەکانمانن .

لـە نیگـەرانی ئـەو چـەند رۆژەی کـورد وێرانـەی خۆمانـدا .. تـەبایی و ناتەبایی نێو داستانەکانی رابرد، فلیم ئاسایی بە مێشکمدا دەهات و دەچوون، ئەو دیمەنەی زێدە کاریگەر بوو لە هزرمدا (مەیی) و، تەنگەی پێ هەڵچنیم و بـە زێـدە نارەحـەتی کـردم .. ئـەو دیمەنەیـە کـە لێـرەدا لـە نـەخبی مـاڵوێرانی کورد بـۆ خۆمـان و نـەوەی نـوێ دەیگێڕمـەوە بـە دووریـشی نـازانم خـەڵکانێك هـەبن لـە رۆژانـی دادێ سـوودی لـێ وەربگـرن و (تـای) تـەرازووی خۆیـان پـێ لەنگەر بگرن، ئیدی خۆزگەیە .

لەدوا چارەگی سـەدەی نـۆزدە پیاوماقولێکی کـورد بـەنێوی بـرایم پاشـای مللی (ثـاني أغنـی رجـل في العـالم بعـد السلطان عبدالحميـد – لونکريـك) وەك (تەمر پاشای مللی)بـاپیرە گـەورەی نـاوی کەوتـە سـەرزاران و لەدواییـدا کەوتـە نێـو لاپـەڕەکانی مێـژوو، کـوردی دوورو نزیـك شـانازیان پێـوە دەکـرد بـەڵام هەروەکو ئێستاو جارانیش نەیاران لە کوردی کۆسکەوتوو کۆبوونەوە .

من لێرەدا باسی دۆڕاو ناکەم! چونکە شـەڕی بـەرگری لـە خـاك و میللـەت زێـدە قوربانیـەو ئـەنجامیش سـەرکەوتن هـەر بـۆ میللەتـە، بـەڵکو باسـی ئـەو هەڵوێـستانە دەکـەم کـە هـەتا هەتایـە مێـژوو بـە شانازییەوە بـۆ نـەوەی نـوێ

تۆماری دەكات .

سەرلەشكری نەیار (*محەمەد فارس عەبدولكەریم ئالجەربە*) بەر لەوەی هێرش بكاتە سەر برایم پاشای مللی هەوڵوتەقەلا دەدات پەڕوباڵی لێ بكاتەوەو تۆی دووبەرەكی بخاتە نێوان هۆزەكانی كورد بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو یەكگرتنەیان پووتولاواز بكات ئینجا بەسووك و ئاسانی دەست بوەشێنێ و بگاتە مەرام، بۆیە لە سەرەتادا چەند نامەو قاصید بەرەو ئاغاكانی كوردی ئیسلام و ئێزدی دەنێرێ و بە قسەی لووس و تەلەكەبازی و نیشاندانی پلەوپایەی خیانەتكاری دەغدەغەیان دەكات .

حسێنی قەنجۆ لە وەڵامدا دەڵێ :"*ئەگەر بیر لەوە دەكەیتەوە كە من ئێزدیم و برایم پاشایش ئیسلامە ئەوەیە بەهەڵەدا چووی، من و پاشا برای یەك دایك و باوكێكین هەركاتێكیش نیازی ئەوەت هەبێ هێرش بكەیتە سەر خاكی كوردان .. سوێند بە مەلەكێ تاووس كارێكی ئەوتۆت دەگەڵ دەكەم تا ساڵێك قەڵەڕەشكان بە گۆشتی چەكدارانت تێر دەكەم* "

پساغایەكی یەك دوو ماڵان كە لە رۆژانی خۆشیدا هێندە بەرچاو نەبوو! لەورۆژە تەنگانەیەدا دێتە ژێر رەشماڵی برایم پاشاو لەبەردەم مێرخاسو وامێرانی كورد داوا دەكات و بەڵێن دەدات ولاخێكی رەسەن و رمێكی پێشكێش بكەن دەست بەخوێن بگەرێتەوەو خلخاڵی (*خەنسەخاتوونی*) خوشكی سەرلەشكری نەیاران بەدیاری بۆ دیوەخانەی برایم پاشای مللی بێنیتەوە!!

كاتێ برایم پاشا دەنگ لە كوڕگەل دەدات (١٧٠٠) خۆرتی ڕم بەدەست لەسەر پشتی مەهینان لەبەردەم پاشا كۆدەبێتەوەو نەعرەتەی شێرانە بەرەو نەیاران لێدەدەن و قەڵە ڕەشكان تێر گۆشت دەكەن .. نەك خلخاڵ بەڵكو خودی (*خەنسە خاتوونێ*) دەكەنە دیاری پاشا .

تا ئەمرۆ ئەو هەڵوێستە لەنێو كۆچك و دیوانا كوردەواری دەگێڕنەوەو

لەسەر دەستی بێگانان لەدوو توێی کتێبکدا تۆمار دەکرێ و زۆری زۆری شانازی پێوە دەکەن .

مەگەر ئێمە نەوەی ئەوانە نەبین؟! ئەگەر وایە بۆ شوینەواری ئەو مێرخاسانە بزر دەکەین؟ بۆ هەوڵ نادەین لەدوا رۆژدا بە چاکە لەبەر ئاگردانانـدا باسن بکەن و لاپەڕەیەکی پڕشنگدار بۆ نەوەی دادێ تۆمار بکەین..

## ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە

* لە برایەتی ژمارە (١٩٤٣) رۆژی ١٢/٥/١٩٩٤ بڵاوبۆتەوە .

# بۆ ئەوەی وەبەر نەعلەتی مێژوو نەکەوین!

ئێمـەی کـورد هـەردەم دڕدۆنگـی خۆمـان بەرامبـەر بـە سیاسـەتی ڕژێـم دەردەبـڕی بــە تایبــەتی ئــەوجۆرە سیاســەتانە کــە مەترســی لێکترازانــدنی ژێرخـانی کۆمەڵایـەتی کـوردی تێـدا بـەدی دەکـرا یـان ئـەو هەوڵوتەقەیانـەی سیاسـەتی ڕژێـم بـۆ گـۆڕینی نـەریتی کۆمـەڵی کـوردو دوورخـستنەوەیان لـە نەریتی ڕەسەنی میللەت .

بۆ خودی خۆم ئەو پیلانـە بۆگەنـە بـوو کـە لـە ڕۆژانێکی تاریکە شـەوی میللەتەکەمان نەخشەیان بۆ کێشاو خەنجـەری ژەهراویـان خستە ناوجەرگـەی کلتـووری کـورد بـە دامەزرانـدنی دوو ڕۆژنامـەی ڕوو ڕەشـی (بـزاڤ، ئاسـۆ) هەرچەندە ئەو دوو پەیڤـە لـەنێو فەرهەنگدا مانـای پرشـنگداری خـۆی هەیـە بـەڵام لـە پیلانـی ئەوانـدا بـۆ جیاکردنـەوەو دروستکردنی دیوارێکی ئەستوور بــوو بــۆ لێکترازانــدنی ریــزی کۆمــەڵی کــوردەواری بــە بیــانووی (ســۆرانی، بـادینی)هەرچـەندە کەسانێکی ڕۆشـنبیریی گەلەکـەمان دۆڵیـان بـۆ ئـەو زەماوەندەی نەیاران لێداو لە گۆمەکەدا مەلەیان کرد، خوایکرد تـا سـەر نـەبوو بەسـەرهەڵدانی ڕاپـەڕینی سەرتاسـەری کوردسـتان ئـەو پیلانـەیش وەك سـەدان پیلانی دیکەی دوژمنان لەنێوچوو کەچی ئەمڕۆ دوای هێندە ساڵەیەی ئـازادی کوردستان ئەوجۆرە کەسانەی زەمانی گۆڕی بەو چـەند ڕۆژە ئـاڵۆزەی هـەرێمی کوردسـتان سـەریان لێـرەو لـەوێ دەرهێنـاوەو بـێ شـەرمانە زەنگـی ترسـناکی لێکترازانـدنی نێـوان ناوچـەی سـۆران و بادینـان لێـدەدەن! تـۆی دووبـەرەکی لـەنێوان کورڤـەلانی مـەتین، گـارا، ئـەزمر، پیرەمـەگروون، قەنـدیل، سـەفینە

شێتی خۆشناوان دەچێنن . دەبێ ئەو کەسانە چاك بزانن تا دنیا ماوە لە فیشخاپوورەوە تا خانەقین، لە حاجی ئۆمەرانەوە تا چیا سەرکەشەکانی گڵەسەری گەرمیان مەیدانی تەڕات لێدانی خەباتی هەموو رۆڵەکانی کوردە .

بەکۆرایی نەیاران و خوبزەکانیشیان، قوتابیانی مەلای جزیری و خانی ئەو قوتابیانەن کە لە سیپارەی نالی و مەولەوی و ئیبنوئادەمیان خوێندوە هەروەها بە پێچەوانە واتە رەگوریشەی (سیپان) و (حەمرین) و (بەمۆ) بە یەك بەستراون و سەدای لاوکی سەرفرازی دیوەخانەی (بەرواری بالاّ) هەردەم تێکەلاو بە سەدای سیاچەمانەو قەتارو ئەڵلاوەیسی دەبێتەوە .

هەر کوڕە کوردێك هەست بە کوردینی خۆی بکات بەمجۆرە بۆ موقەدەراتی کوردی ستەمدیدە تێدەفکری .. لەو روانگەوەیەوە خۆمان و کادیرانی خۆمان جۆش دەدەین تاکو وەبەر نەعلەتی مێژوو نەکەوین چونکە دەیان ساڵە بارزانی نەمر لە فەرموودەیەکیدا فەرموویەتی :"نەپاشای بابان و نە بادینان سوودی کورد نادات، تەنیا یەکگرتنی کوردوبەس ".

* لە برایەتی ژمارە (١٩٤٨) رۆژی ١٩٩٤/٥/١٧بلاّوبۆتەوە .

# به دواى عاتيفه نەكەون ..!

داوامـان لێـدەكات بـەدواى عاتيفـە نەكـەوين .. پێويـستە ئەمكارەسـاتە خۆكوژيە كۆتايى پێ بێت! داوا لە بنەماڵەى شەهيدانى كوردسـتان دەكات ئـەو چـەكدارانەى سـەربانيان لەيـەكتر گرتـوە بيانهێننـە خـوارێ! داوا دەكـات بـۆ بەرژەوەنـدى گـەورەى كـورد دان بـەخۆبنێن! سـوێندمان بـە گـۆڕى شـەهيدان دەدات و خـوێنى ئـاڵى شـەهيدانى كوردسـتان دەكاتـە سـەنگى مەحـەك بـۆ راوەستانى خۆكوژى كورد . باسى گرينگـى دەسكەوتى ميللەت لە پەرلـەمان و حكوومەتى هەرێممان بۆ دەكات ... تاد، *ئـەو هـەموو داوايـەمان لێدەكـەيت* .... لەو كاتوساتەدا ئێمەى مريدە رێباز لـە نـاخى ناخـەوە هەست بـە ئێشوئازارى لەبن نەهاتووت لەمەڕ دەردە كوردى ستەمديدە دەكەين . نـەك ئـەمڕۆ بـەڵكو هەموو ژيانت ژانوناسوورە! دەگمەنن ئـەو كەلەمێردانـە كـە مێـژوو بـۆ خۆيـان دەنوسنەوە، ئەمەيش قەدەرى زەمانەو كەوتۆتـە ئەسـتۆت، جارێكى ديكـە وەك رابردووى پڕ لە شانازيتان مێژوويێكى نوێ بۆ ميللەتى زامدار بنوسەوە.

داوامان لێدەكەيت .. لەوكاتەدا خۆت كانگاى لـەبن نـەهاتووى عاتيفـەى .. هـەموو رۆژێكـت ديمـەنى *دايـە حەليمـەى* كۆسـكەوتوە . باسـى شـەهيدانمان دەگەڵ دەكـەيت .. بـۆ لـە روانگـەى خۆتـەوە سـەيرى ئێمـەى دڵـڕەق و شـەهيد نەناس دەكەيت!

باسكردن و ريزگـرتنى شەهيدان تـەنيا لـەخۆت دێوبـەس، كـەس وەك تـۆ رێـز لـە بنەماڵـەى شـەهيدان ناگرێـت تـاكو داوايـان لێبكـەيت و ئـەو ئەركـە ئەستەمە بخەيتـە ئەسـتۆيان . فێـرت كـردووين پەرلـەمان و هـەرێممان خـۆش

بوێـت، ئـەی ئەوەنیـە نێومـان لـە منداڵـەکانی خۆمـان نـاوە (پەرلـەمان) و (هەرێم) بەڵام ساوابوون، لە نەزانینی خۆمان بـە نامەسـئولیەتی هەنـدێك لـەو گێرەشـێوانانە کـە رۆژێـك لـە رۆژان ئومێـدیان بـەو ئەزموونـە نـەبوە، خـوا بـۆ خۆی بردیەوە .

باسی چیمان بـۆ دەکـەیت! داوای چـیمان لـێ دەکـەیت؟ هـەر لاپەڕەیـەکی مێژووی کورد بخوێنینەوە خاڵی سـەرەکی لەنێوچـوونمان خۆکـوژی و چـاوپێك هەڵنەهاتنە ، زۆر گووتن قورئان خۆشـە .. ئـەنجام پێمـان خـۆش بێـت یـان بـە پێچەوانە :

**تۆ کاکمانی،**
**سەرووەرمانی،**
**برا گەورەمانی،**
**لاچەك بەسەری کوردانی .**

---

* **لە برایەتی ژمارە ( ١٩٥١ ) رۆژی ١٩٩٤/٥/٢٦ بڵاوبۆتەوە .**

# تەنزیری من ..!!

لە گەڵ بڵاوبوونەوەی بابەتی (دایکسالاری) م، لە ١٩٩٤/٦/٤ برادەرێك بە تێڕانەدیتی پێی گووتم : *تەنزیرانیش دەکەی*! منیش وتم :"بۆ کاکە لە عالەمێ عادەتە لە من عیبرەتە! ئەوە سێ ساڵە لە وڵاتی ئێمەدا خەڵك بە هەوەستی خۆی لە هەموو بوارێکدا تەنزیر دەکەن! کەچی کوڕە کرمانجێکی ئەو دەشتە کاکی بەکاکیە لە چیانی خۆیدا یەکەمجارە بێ ترس دوو قسەی پەنگ خواردووی دڵی خۆی لەسەر نەریتی تایبەتی خۆی و میللەتەکەی کردووە، ئێوە نێوتان لێناوە - تەنزیر - "

ئەو ناولێنانەی ئێوە لە دوورونزیك پەیوەندی بەمنەوە نیە، بەڵکو ئەوەی من دەمەوێ لەم نووسینەمدا .. تەنزیری بکەم تایبەت بێت بە " *تابووری پێنجەم* "بەخۆزگەی ئەوەیشم لەدوا رۆژدا ئەم (*ئیختراعە*) لە دەفتەری (*الخالدین*) یان (*النادمین*) بەنێوی من تۆمار بکرێت .

بۆ ئەوەی خۆمان نەخەینە نێوگێژاوی زاراوەی عەسکەری و دابەشکردنی چوار تابوورەکەی تری مەیدانی جەنگ و *کەی و کێ* ئەو نێوانەی ناوزەد کردوە، هەر هێندەمان پێویستە کە بزانین ئەو ناوە واتە "*تابووری پێنجەم* "بەو کەسانە دەگوترێ کە لە ناوەوە بۆ بەرژەوەندی دوژمن کار دەکەن .

لەوەتەی کوردی سەرتاسەری کوردستان راپەڕیوە، زاراوەی تابووری پێنجەم بوەتە وێردی سەرزاری ئێمەمانان و بێ روحمانە رۆژ نیە لە نێوان خۆماندا بووختانی پێوە نەکەین و سەروگێلاکی دانەپلۆسین .

- کێ بوو ئاگری *شەڕی* خۆکوژی هەڵگیرساند؟
- کێ بوو *خەباتکە*رو *پێشمەرگەی* وەفاداری چیای کوردستانی تیرۆر کرد؟
- کێ بوو *تێل ودارتێلی* کارەبای هەرێمی دزی؟
- کێ بوو *برنج* و *شەکری* بەرەو رژێم ئاودیو کرد؟
- کێ بوو هەوڵیدا *ئامێری* پرۆژەی ئاوی ئیفرازبدزێ؟
- کێ بوو جیاوازی نێوان *سۆرانی* و *بادینی* *خستینە* مێشك؟
- کێ بوو فێری کردین *کەیفمان* بەیەکتر نەیێ؟
- کێن ئەوانەی رۆژانە *سەیارە* دەدزن؟
- کێن ئەوانەی بەزۆری *خاوە* لە دەوڵەمەندانی هەرێم وەردەگرن؟

بۆ ئەو هەموو (کێ) و (کێن) دەڵێین : تابووری پێنجەم، لە تەنزیر خۆمدا دەڵێم : ئۆباڵتان بە ئەستۆم درۆیە!! تابووری پێنجەمی هەژار، قوڕبەسەر، بێکەس، بەستەزمانە بۆ هێندەی بووختان پێ دەکەن؟

بەهەرسێ عورفان تابووری پێنجەم ئەو ناماقولیانە ناکات چونکە شەرمی بەخۆیە! بەڵکو خودی خۆمانین و بەس!

لە ئەنجامدا پێوانەی تەنزیرەکەمان وا دەردەچێ کە تابووری پێنجەم ئەسلەکە لەکار وەستاوە (فەترەی سوباتی) هەیە، ئێمە خۆمان لە شوێنی ئەوان کارەکان بۆ بەرژەوەندی دوژمنان ئەنجام دەدەین !

**جا بڵێن تەنزیر نیە!!!**

---

**لە برایەتی ژمارە (١٩٦٩) رۆژی ١٩٩٤/٦/١٦ بڵاوبۆتەوە .**

# شۆڕشی کۆمەڵایەتی ..

دەمێکە عەودالی شۆڕشێکی ئیسلاحی کۆمەڵایەتیم، وەك چۆن خەڵکانی دیکە شۆڕشی نێو شۆڕش یان شۆڕشی رۆشنبیرییان بەرپاکردوە .

چەندین ساڵە ئەو رژێمە یەك لەدوا یەکانەی بەسەرماندا زاڵبوە، بە هیچ شێوەیەك درێغیان لە لێکترازاندنی ژێرخانی کەمەڵگەی کوردەواریدا نەکردوە، ئەو بارودۆخەی چەند ساڵەی دوای راپەڕینش لەمبارەیەوە بوەتە سەربار! لەوکاتەی رێگەی تراژیدی ههات و نەهاتم گرتە بەر تەنیاو تەنیا لەوە دەترسام کە بەشداربم لە لێترازاندنی ئەو شیرازەیە، دوای شەش ساڵ نامۆیی و ژیانی تاڵوسوێری غوربەت، لەنێو دنیایەکی غەیرە دنیای خۆمدا بە غەریبی ژیانم بەسەربرد، رۆژانە مێملی ترس تەنگی پێهەڵچنیبووم نەوەك خوانەخواستە زەلەیە بکەم، لەبەر هەندێ وەك کوردی دۆ نەدیتە بەدەست و ددانم خۆم بە کەلەپووری باوان گیرکردبوو، لە جاران زیاتر هۆگری دەنگ و سەدای بانگدانی (*حاجی صالحی قورشاغلۆ*) بووم، بەشەوقەوە وەك فلیمێکی سینەمایی مەڕ لەبێردانی (*حاجی گەرحەم*) دەهێنایەوە پێش چاوان، خوا دەزانێ شەوانی رەمەزانی هۆڵەندام بەشەوچەرەی کۆچك و دیوانا کوردەواری کوورت دەکردەوە، پارشیولنی ئەوێم بە (*ناوسێلی*) مامزی دایکم دەڕازاندەوە، لەکاتی مردنی ناسیاوێکدا ئەو خەڵکانەم دەهێنایەوە بەرچاوان کە چۆن بەرەو (*زوورگەزراو*) بۆ هێنانی (*تەمۆخ*) بەرێدەکەون، من هەرگیز دەست و کەوگیری (*پلکە بەسێ*) م، لە بۆنەکانی گوندەکەماندا لەیاد ناچێتەوە، بە هیچ شێوەیکیش دیمەنی بسك و کەزی کچانی گوندەکەم لەپێش چاوو دڵان

ناچـێتەوە، ئەوانـە هـەموو خۆیـان لـەژێر دڵمـدا حەشـارداوە، تـۆ بڵێـی رۆژێـك دابێت روخساری سوارچاکانی گونـدەکم لـە هزرمـدا رەش بێتـەوە؟ بـۆ خـودی خۆم نـەخێر .. هەرچەند ناوو ناتۆرەم بەدوابێخن من ئەو کەسـەم کـە هـەردەم لە گەڵ هەموو شـتی خـۆش و ناخۆشـی وڵاتەکـەم دەتوێمـەوە، کەچـی لـە دوای هێنـدە سـاڵە لەوکاتـەی گەڕامـەوە کانگـای وەفـا خـۆم بـە غـەریب تـر دیتـەوە، راستە هەمان هەوارە بەڵام سەد حەیف و مخابن هەمان بەهار نەبوو!

* لە رۆناهی ژمارە (١٢) رۆژی ٢٠٠١/٨/١ بڵاوبۆتەوە .

## به یادی ئازیزان ..

ئەمڕۆ .. نا
دوێنێ .. نا
دەمێکە ..
زۆریش دەمێکە دەڵێن :
(ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار) .
چەند ساڵێك بەر لە ئێستا ..
بەر لە شینگێڕی بارزانیدا ..
ئێمەی هەوادارانی ڕێباز ..
بە عیشقەوە ..
بەحەزێکی لەمێژینە ..
بەرەو بەرئاگردانی نەورۆز دەچووین ..
کەچی لەدوای کۆتەڵی سەرۆکدا .
هەموو ساڵێك یەك بەدوای یەك .. بە عیشقێکی قەقنەسانە
بەرەو ساڵگەردی ئازیزان دەچووین ..
وەك پیرۆزە ئەرکێك
بەرەو مەزار، بەرەو کانگای وەف، بەرەو بارزان ..
بۆ بانگ وهاوار دەچووین .
کەچی بۆ خودی خۆم
بۆ منی وێرانە ماڵ ..

بۆ منی غەریب و دڵشکاو،
بۆ منی بێ گەرمە هێلانە
بۆ منی بێ هۆگرو هەڤاڵی (پڕ بە حورمەت).
لەوەتەی رۆحی شەوکەتی برا
هەموو ساڵێك لەمکاتەدا
لەسارده شوباتی وێراندا
بە ئاسمانی هەولێری دێرین ..
باڵەفرکێ دەکا ..
جارێکیان بەرزەفڕ بەسەر باڵەخانەی پەرلەماندا
جارێکی دیکە نزمەفڕ، لە گەرمە هێلانەدا
لەنێو باڵەخانەی ئەنجومەندا ..
سێبەری خۆی ژوور بە ژوور
گۆشە بە گۆشە جێدەهێڵێ!
لە ئەنجامدا ..
لەوکاتەی ئاسنی تیژبڕ
جەستەی نەرمونۆڵی
شەقەر شەقەر کرد،بەشیرینە خوێنی
خاکی دێرینی هەولێری سواخدا
بەرەو مەزار، بەرەو بارزان ئۆغر دەکا ..
تا ساڵگەردێکی دیکە
ئۆقرە دەگرێ، ئارام دەگرێ
دڵی من و خەڵکی دیکەیش .. تا ساڵ دادێ
بەهێمنی لە ناخەوە، رۆندك دەبارێنێ

بڕیاریشە، ئێمەی کۆسکەوتووان
لەنێو ئەو جەنجاڵییە بێ وەفاییەدا
بۆ ساڵوەگەڕێکی دیکە .. ئامادەبین
تاکو مێرخاسانی خۆمان ژبیر نەکەین
ئەو سوارچاکانەی هەردەم
بۆ کوردایەتی، بۆ گەورە ڕەشماڵی کوردەواری
پێ لە ڕکێف بوون .

* لە خەبات ژمارە ( ٢٠٤٤ ) ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/١ بڵاوبۆتەوە .

# جارێكی دیكە
# خانەنشینەكان ..!

چەندین جارە ئێمەو خەڵكانێكی دیكەیش لەسەر رووپەڕی رۆژنامەكان مەسەلەی ئەو (٣٥٠٠٠) سی و پێنج هەزار خانەنشینانەمان وروژاندوە كە (١١ – ١٢)یازدە، دوازدە ساڵ واتە لە ساڵانی (١٩٩١ – ٢٠٠٣) لەبەر جەوری رژێم نەیانتوانیوە هاتوچۆی شارەكانی ژێر دەسەڵاتی رژێم بكەن بۆ وەرگرتنی مەعاشەكانیان .. لەلایەك پارەیەكی یەكجار پیچ بوو ئەوەندەی نەدەهێنا ئەو خەڵكەی خۆمان خۆیان تووشی گیروگرفتی بازگە بێ ئابڕوەكانی رژێم بكەن، لەلایەكی دیكەشەوە خەڵكانێك هەبوون هەر لەدوای راپەڕینەوە خۆیان خزاندە نێو ریزەكانی پارتە سیاسیەكانی كوردستان و چوونە ریزی بەرهەڵستكارانی رژێم .

سوپاس بۆ خودا ئەوەتە سێ ساڵ و نیوە ئێراق بە گشتی لە دەستی ئەو رژێمە رزگاری بوو، ئەوەتە هێدی هێدی دامودەزگا نوێیەكان غەدروغدووری رژێم لەسەر ئەستۆی خەڵك سووك دەكەن و بەراوەكان پاك دەكەنەوە تاكو ئاوەكان بگەڕێنەوە رێچكەی خۆیان، كەچی بەداخەوە تا ئێستا نە لە بەغدا، نە لە هەرێمی كوردستان رێگە چارەیەك بۆ سەرفكردنی مەعاشی ئەو حەشاماتەی خانەنشینەكان نەدۆزرایەتەوە كە ژمارەیان لە هەولێر (١٠٣٥٠) دە هەزارو سێسەدو پەنجا یە، لە سلێمانی (١٩٠٠٠) نۆزدە هەزار، لە دهۆك (٥٠٠٠) پێنج هەزارن واتە نزیكەی (٣٥٠٠٠) سی و پێنج هەزار خانەنشینە!!

تۆ بڵێی وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێم نەتوانێ بە بڕیارێكی

تایبــەت چارەســەرێك بــۆ ئــەو مەســـەلەیە نەدۆزێتــەوە كــە توێــژێكی زێــدە بەلــەنگازو كەمدەرامــەتن، لەبــەر هێنــدێ ئــەو داواو پێــشنیازە دەخەینــە بــەر دیــدی ســەرۆكایەتی ئەنجومــەنی وەزیرانــی هــەرێم بــۆ دەركردنــی بڕیارێــك بــۆ سەرفكردنی مەعاشە وەرنەگیراوەكانی خانەنشینەكان كە هیــچ نــەبێت مانگانــە لــە (١٠٠٠٠٠) ســەت هــەزار دینــار كــەمتر نــەبێت بــە تایبــەتی لــەو بارودۆخــە بـــەرزەفڕەی نرخـــی كەلوپـــەل لـــە شـــارەكانی هـــەرێمی كوردســـتان و نزیـــك بوونەوەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز .

هــەر لــە ئێــستاوە دەڵــێم : خــودا دەســت بــە بــەژن و باڵاتــان بگرێــت حكوومەتی هەرێمی كوردستان .

---

* لە خەبات ژمارە ( ٢٢٩٩ ) رۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٧ بڵاوبۆتەوە .

# دەست رەنگینی کورد..! *

هـەرکاتێك بـە بـەردەمی شـوێنی کـڵاش فرۆشـان رادەبـرم .. بـە قـەد مەزنایـەتی و کـۆنی هـەورامان شـادومان دەبم .. لەبـەردەم خۆمـدا دەڵـێم : خۆزگـە ئـەو خەڵکـەی خۆمـان لـە دەوروبـەری *(کرمانشا)* سـەرلە نـوێ دەست رەنگـینی خۆیـان بـە کڵاشـی *(سـامتین)* یـان *(قاڵتـاغ)* بـازاری کوردسـتان بڕازێننەوە، هەروەها خەڵکی شاری کۆیە چاوی میوانـانی کوردسـتان بـە کۆنـە (کالەکێ) بگەشێننەوە .

بە دەست خـۆم نیـە .. رانکوچۆغەڵ ** لەبـەرەکان سـەرنجم رادەکێـشن! بۆیە پـڕ بە دڵ ئەو دەست نەخشینانە مـاچ دەکەم کە لەمێـژساڵە پشتاوپـشت بــەژن و بــاڵای جحــێلان و جوامێــرانی کــوردەواری بــە *(مــەرەزی)* وڵاتــی کوردستان دەڕازێننەوە .

دڵـم بەو دیوەخانانە دەگەشێتەوە کە بەلاکێشەی کوردەواری راخـراوە .. نەخش و نیگاری سەر رووی *(لبادی کوردەواری)* و *(بـەڕەی نەخـشین)* جـوانی روخساری ئافرەتی کوردم نیشان دەدات .

هــەرکاتێ لــەنێو شــایی رەشــبەڵەکدا لەرینــەوەی هــەوری و گوڵینگــەی دەسـتکردی *(دۆی داوەتـێ)*لەسـەر مـلان دەبیـنم .. کـاتێ گوڵینگـەی جامـانی شاییکەر دەگەڵ سمێـڵ قەیتانیی جوامێـران دەلەنگێ.. هـەموو جـوانی دنیـام لە پێش چـاوان کۆدەبێتەوە .

ئەگەر خوێنەری ئـازیز لـەو دیمەنانـەی سـەرەوە ووردبێتـەوە ئـەوەی بـۆ روون دەبێتــەوە کــە کۆمەڵگــەی کــوردەواری هــەر لەدێرزەمانــەوە زۆربــەی پێویستیەکانی ژیانیان بـە دەست رەنگینی نێـرومێی کورد ئامـادەو مەیسەر کـراوە لـە جلوبـەرگ، کەرەسـەی بـەکارهێنانی نێومـاڵ، خـشڵ، رایـەخ، گـەلێ کەرەسـەی دیکـە .. کەچـی سـەرەڕای ئـەو هـەموو پێـشکەوتنەی کوردسـتان بـەخۆی بینیـوە، سـەرەڕای هـەبوونی ئـەو پـارە زێدەیـە، سـەرەڕای ئـەو بازاڕە

زێدە جوانانەی کوردستان (*سوپەر مارکێتەکان*) کە هەزاران جۆری خواردن، خواردنەوە، جلوبەرگ ... هتد، تێدا دەبینرێ .. کەچی بە داخەوە لەو هەزارانە (*یەك*) دانەی لە کوردستان دروست نەکراوە! بە واتایەکی دیکە زۆر بە داخەوە تا ئێستە ئێمەی کورد سەگلاوی خۆمان لە مەیدانی بەرهەمهێنان تاونەداوە (هەرچەندە لەنێو خواردنەکاندا کە لە لوبنان دروست دەکرێت بە نێوی (*فول مدمس خلطة کوردیە*) کە ئالای کوردستانی لەسەرە کە مایەی دڵخۆشیمانە کەچی ئەوانەی خۆمان تا ئێستا بیریان لە شتێکی ئەوتۆ نەکردۆتەوە!!)واتە کارگەی قورس و سووکی هەمەجۆر لە وڵات بەدی ناکرێت کە ئەمەیان کارێکی نێگەتیڤی لەسەر ئابووری وڵاتدا هەیە.

لەکاتی خۆیدا لە کتێبان باس لە سەرمایەداری نیشتمانی دەکرا تۆ بڵێی تا ئێستە ئەو سەرمایەدارییە لە کوردستان سەری هەڵنەدابێت؟! لە کۆتاییدا بە خۆزگەی ئەوەم :

- بە هەموو شێوەیەك هەوڵبدرێ هاریکاری ئەو خەڵکە بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن گوندەکانمان ئاوەدان بکەنەوە، بە مەیان ژێرخانی ئابووری دەبوژێتەوە .
- کۆمەك و ئاسانکاری بۆ بەشی تایبەت و کارگە بچووکەکان بکرێت .
- قانوون و رێنمایی چاك لە خزمەت ئەو کەسانە بێت کە دەیانەوێ کارگەی هەمەجۆر لە وڵات دابمەزرێنن .
- رێخۆشکردن بۆ هاتنی لێزانی بوارەکانی پیشەسازی لە نێو کوردەکانی خۆمان لە تورکیا، ئێران، سووریا، ئەورووپا .
- دەستبارگرتنی ئەو کەسانە کە لە مەیدانی کارە مللیەکان کار دەکەن.

ئیدی ئەوانە هەمووی خۆزگەن!

**** کر، شاڵ، بەروبەرگووز .**

---

* بە دەستکاریەوە لە خەبات ژمارە (٢٣١٥) رۆژی ٢٠٠٦/١١/٩ بڵاوبۆتەوە .

# گۆشت بۆ تۆ .. ئێسقان بۆ من!

هەر لە دێرزەمانەوە کۆمەڵگەی کوردەواری ڕێز لە (*مامۆستا*) دەگرێت و بە باوکی دووەمی (*قوتابی*) دەژمێردرێت ..چاکم وەبیرە کاتێ باوك یان دایك کوڕەکەی خۆی بۆ یەکەمجار دەبردە قوتابخانە بە تایبەتی توێژی کرمانجەتی خۆمان کە من یەکێکیانم، بە مامۆستای دەگووت :"*گۆشت بۆ تۆ .. ئێسقان بۆ من*"دوور نیە ئەم قسە کۆنەی خۆمان بۆنی توونددوتیژی لێدێت بەڵام بە مەزندەی من باوکەکان هەر بۆ ئەوەیان بوە کە بە هەرشێوەیەك بێت منداڵەکەیان فێر بکرێت . .. ئیدی ماشاڵلا لە حەتەمی ئەو کوردەوارییەی خۆمان لەوکاتەی ماڵی مامۆستایان ماست باران و هێلکە باران دەکرد، خودا شاهێدە خەڵکی گوندی لە دەمی خۆی دەگرتەوە تەنیا بتوانێ ئەگەر بۆ جارێکیش بێت ڕێز لە پیرۆزی مامۆستا بگرێت.

لە دیوەخانان جێگەی لە سەرەوە بوو، کیژۆڵە تازە پێگەیشتوەکانی گوند لە پاکوخاوێن کردنەوەی ماڵی مامۆستا درێغیان نەدەکرد، زۆر بە شانازیەوە منداڵی خۆمانمان دەکردە خوڵام و کارەکەری ماڵی مامۆستا .. ئەگەر خێزانداریش بوایە ئەوە هەر مەپرسە چەندجار خۆمان بە گۆری بەژن و باڵای ماڵ ومنداڵی مامۆستا دەکرد.

بۆن و برینگی مامۆستایان لە هی پیاوچاکان دەچوو، جارجاریش دەمانگووت بۆنی بەهەشتیش هەر هێندە خۆش دەبێ! گەلێجار لە شەوچەرەی نێو ماڵەکانیشماندا بە حەمدوسەنا باسوخواسی مامۆستا دەکرا .

بۆ خۆم وەك بڵێی دوێنێیە کاتێ دایکی نسکۆی هاوسەرو هاوژیانم

دەگەڵ (٤٥٠) مامۆستای ئافرەتی دیکە وەك داوایەکی ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٧٣ لە گوندەکانی دهۆك دامەزران .

باشم وەبیرە لە دوای تەواوبوونی ڕێگەی ئۆتۆمبێل ئەو ئافرەتە حەیامەندانەی خۆمان پێنج کاتژمێری دیکە بە وڵاخ بەرەو قوتابخانەکەی هەڵدەکشا .. جاری واهەبوو چەند ڕۆژان بەفر گەمارۆی گوندەکەی دەدا، ئیدی ئەمەیە پیرۆزی مامۆستاو قوتابخانە .

خوا لەسەر سەرانە لە دوای ڕاپەڕینەوە تا چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا ئەو خەڵکەی خۆمان بە گەورەو بچووك دەخەمێ مامۆستایان بوە بە تایبەتی سەرکردایەتی کورد، ئۆباڵ بە ئەستۆم درێغیان بۆ نەکردوون .. سەرێ مەجلیسانمان بۆ چۆڵکردوون، کەچی بە داخەوە .. زۆریش بە داخەوە بۆ مانگێك دەچێت خەڵکی گلەیی خۆیان دەرهەق بە هەندێ مامۆستاو بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکان دەخەنە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان بە تایبەتی لەسەر لێدان و جنێودان بە قوتابی کە بە هیچ شێوەیەك ئەو کردەوەیە دەگەڵ ڕەوشی ئێستای کۆمەڵگەی خۆماندا ناگونجێ، گوێ بیست بوویم کە میللەتانی دنیا فەرهەنگی جنێودانیان هەیە بەڵام ئەو جنێوانەی (*هەندێك*) مامۆستایان لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نیە، پیاو نازانێ چ نێویکی بخاتە سەر (*داهێنان لە جنێودان*) یان (*جنێوی عوترلی*) یان ئەوجۆرە تیر هاوێژانە بۆ جێگەی (*حەساس و شەرەفمەندانە*) کە پیاوی کورد هیچ لاری لەوەدانیە خوێنی بۆ بڕێژێت!!

ئەوەی کە زۆر ئازاری وژدانی مرۆڤ دەدات ئەوەیە کە دامودەزگای دەوڵەت هەوڵبدات بۆ پێشخستنی پرۆگرامی خوێندن چەندان کۆنفرانسی سازبدات و پارەیەکی زۆر سەرف بکات بۆ بانگێهێشتکردنی لێزانی مەیدانی پەروەردە، کەچی ئەوجۆرە مامۆستایانە ئەو هەموو ماندوبوونە بە

جنێــودان و دار وەشــاندن وەڵام دەداتــەوە .. رۆژێکیــان بــە مامۆســتای قوتابخانەیەکی گەڕەکی (*صلاح الدین*) گوترابوو : مامۆستا بڕیارە نابێ لە قوتابی بدرێت! ئەویش فەرموویەتی : وەڵلا من عەسەبیم لە منداڵی خۆشم ئەدەم!!!!

مامۆستا ئەوە نەخۆشیە پێویستە سەردانی پزیشکی تایبەتی بکەیت بۆ دەربازبوونت لە مەسەلەی عەسەبیاتی!! چونکە منداڵی خەڵك تاقیگە نیە بۆ تەفریغکردنی شەڕاڕەی عەسەبیاتیت!!!.

لە لایەکی دیکەوە (*هەندێ*) لە مامۆستایان بە هیچ شێوەیەك موراعاتی ئەو قوتابیانە ناکەن کە لە دەرەوە گەڕاونەتەوە .. لە وێ جۆری خوێندن و هەڵسوکەوتکردنی نێوان مامۆستاو قوتابی لە پلەیەکی یەکجار بەرزدایە، کەچی من بەڵگەم هەیە لە یەکەم رۆژی خوێندندا مامۆستایەك بە قژ راکێشان، بە زللەلێدان، بەدارلێدان، بە کتێب لەسەردان لە قوتابیەکی تازە گەڕاوەیداوە!

ئەرێ خەڵکینە تۆ بڵێی ئەمجۆرە مامۆستایانە نەخۆش نەبن؟! بۆیە داوا لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە بە تایبەتی هەولێر دەکەم چارەسەرێك بۆ ئەو مامۆستایانە بدۆزێتەوە هەروەها چارەسەرێك بۆ رەوشی پەروەردەیی خۆمان بکرێت .

---

* **لە خەبات** ( ٢٢٩٧ ) رۆژی ١٥/١٠/٢٠٠٦ بڵاوبۆتەوە .

# لە بەدواداچوونێکی دیکەدا ..

ڕۆژنامـــەی (*خـــەبات*) ی، ڕۆژی (٣) ئـــەیلوول لـــە لاپـــەڕە (*پێنجیـــدا*) ریپۆرتاژێکی لە ژێر ناونیشانی (لـە بەدواداچـوونێکی خەباتـدا) بڵاوکردۆتـەوە .. سـەرەتا دەستخۆشـی لـە کـاك (*سـۆران گـورون*) دەکـەم چـونکە ئـەمکارەی جموجـۆڵی پێـوە دیـارەو ڕۆژنامـــەی (*خـــەبات*) زیـاترو زیـاتر دەباتــە نێــو گیروگرفتی کۆمەڵگەی کوردەواری .

بـە دیـداری ناونیـشانەکە زۆر شـادومان بـووم چـونکە بەرپرسـانی ئێمـە گەیـشتنە ئـەو قەناعەتـە کـە پێویـستە وەڵامـی سکاڵای هاوڵاتیـان بدرێتـەوە! هەرچەنـدە پڕ بە دڵ حـەز دەکـەم و پێشنیازی ڕابـردم دووبـارە دەکەمـەوە بـۆ دامەزراندنی (لێژنەی بەدواداچوونی سکاڵای هاوڵاتیان) لە سەر ئاسـتی دیـوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

بەداخـەوە دوای خوێندنـەوەی چـەند دێرێکـی ریپۆرتاژەکـە لـە ناخمـدا تەپیم چونکە وەڵامێکی (*کافی و شافی*) تێدا نەبوو بـەڵکو لەکاتی خۆیدا ئێمـە ئەو گیروگرفتانەمان لەسـەر لاپـەڕەکانی (*خـەبات*) خـستە بـەردەم بەرپرسـانی خۆمـان، کەچـی بەرپرسـانی بـەرێز هـەمان گیرگرفتـەکانیان بـێ دۆزینـەوەی چارەسەر باسکردۆتەوە! لەبەر هەندێ ئەوەتە جارێکی دیکـە ئـەم گیروگرفتانـە دەخەمــەوە بــەر دیـدی وەزارەتـەکانی پەیوەنـدارو سـەرۆکایەتی ئەنجومــەنی وەزیــران بــۆ دۆزینـەوەی میکـانزمێکی ئاسـانتر چـونکە چارەسـەرکردنی ئـەو گیروگرفتانە بڕیاری دوارۆژی(دەیان بەڵکو سـەتان) خانـەوادەی کـوردی لەسـەر ڕاوەسـتاوە هێنـدێکی دیکـەی ئـەو گیروگرفتانــە بـۆ نموونـە تۆمـارکردنی نـاوی منداڵانی کورد لە کوردستان پابەنـدە بە قەدەری دوارۆژی نەتەوەی کورد .

## دەربارەی فڕۆکەخانە..

من دڵنیام"هەر کەسێك لەم فڕۆکەخانەیە سەفەر بکات، مۆری چوون و هاتن لە پاسەپۆرتەکەی دەدرێت"ئەمە قسەی بەرێز بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێو دەوڵەتی هەلێرە .. هەروەها دەربارەی کارت بۆ ئاسانکاری پەناهەندەکان دەڵێ : "ئەو کارە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە ئەوان دەتوانن بڕیارێکی وابدەن".

من دەڵێم لەکاتی خۆیدا کە فڕۆکەخانەمان نەبوو، بۆ نموونە فڕۆکەخانەی سووریا لەکاتی سەردانی کوردستانماندا ئاسانکاری بۆ ئێمەمانان دەکرد .. لەبری مۆرلێدان لەسەر پاسەپۆرتەکانی پەناهەندەکان کارتێکی پڕ لە زانیاری پڕ دەکرایەوە کە هەموو زانیاریەکی نێو پاسەپۆرتەکەی تێدا نوسرابوو چونکە ئەمجۆرە پاسەپۆرتانە (*سیاسی، ئینسانی، پابەندی* ئەگەر بە هەلەنەچووبم لە ئەڵمانیا پێی دەڵێن *پەنجاوسێ*) لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ وڵاتانی ئەوروپا گیرگرفتیان بۆ دروست دەکرا تا رادەی لێسەندنەوەی مافی مانەوەیان (*الاقامە*) جا ئێستا سوپاس بۆ خودا خۆمان بووینەتە خاوەن فڕۆکەخانە .. دروستکردنی (*فۆرم*) کارتێکی لەوشێوەیەی باسمانکردوە کارێکی قورس نیە بەڵام قورساییەکی زێدە لەسەر شانی پەنابەرەکانمان هەڵدەگرێ .

من چاوەڕوان بووم بەرێز بەڕێوەبەری فڕۆکەخانە ئەم پێشنیازەو ئەوانەی دیکەیش کە لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکان بڵاودەبێتەوە لە کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی کارگێڕی فڕۆکەخانە باس بکرێت وەك داواکاری بۆ وەزارەت بەرزبکرابوایەوە .

## دەربارەی گەڕاندنەوەی مامۆستایان ..

کاتێ مەسەلەی چۆنیەتی گەڕاندنەوەو نۆمارکردنی فەرمانبەران و مامۆستایانم خوێندەوە دەقاودەق ئەم سەربردەیەم هاتەوە یاد .."لەو کاتەی کۆمەڵێك ئەفسەری وڵاتی مصر عەرشی پادشای وڵاتیان سەروبنکرد، یەکێکیان کە ببوە بەرپرسی راگەیاندن .. گۆرانیەکانی زەمانی پادشایی لە ئێزگە قەدەغە کرد چونکە لە زەمانی پادشایی گوتراوە!! تا ئەم بڕیارە سەرسووڕێنەرە گەیشتە جەمال عەبدولناصر بۆیە ئەویش بە زیرەکانە چارەسەری بڕیاری بەرپرسی راگەیاندنی خۆی کرد کە ناوەڕۆکەکەی لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە : ئەگەر وایە پێویستە ئەهرامەکانیش بڕووخێنین!".

لە لایەکی دیکەوە هەروامزانیوە، کارمەندی چاکولێزان هەردەم نەرمونۆڵی قانوون بۆ میللەت رادەکێشێ نەك بە پێچەوانە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو حکوومەتە بۆ خزمەتکردنی ئەو خەڵکە هاتوە . من تەنیا یەك پرسیار ئاراستەی ئەو فەرمانبەرانە دەکەم کە بوونەتە رێخۆشکەری دەرچوونی ئەو بڕیارە کە دژی بەرژەوەندی توێژێکی زۆرە .. حیکمەت لەو بڕیارە چیە؟! ئێمە هەموومان حیزب، حکوومەت پێویستە ئاسانکاری بکەین بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خەڵکە ئاوارەیە نەك کۆسپ بخرێتە رێگایان! نەوەك لە چ زەمانێك بوە بەسەرەقەڵەمێك خزمەتی ٢٠ – ٣٠ساڵەی مامۆستایەك یان فەرمانبەرێك لە ژیانیدا رەش بکاتەوە کە تاوانەکەی تەنیا ئەوە بوە خۆی لە ئاگری شەڕی ناوخۆیدا دوور بخاتەوە مەگەر رۆڵەی ئەم وڵاتە نەبێت؟! مەگەر نەوەیەکیان پێرانەگەیاندبێ؟! مەگەر تاڵوسوێری شەوە زەنگی زەمانی رژێمیان نەچێشتبێ؟!((هەرچەندە دەبوایە یەکێتی مامۆستایان لەسەر ئەو مەسەلەیە دەنگیان بەرز بکردبوایە))

جارێکی دیکە رووی پرسیارم ئاراستەی ئەو خەڵکانە دەکەم کە بوونەتە رێخۆشکەری دەرچوونی ئەو بڕیارە .. تۆ بڵێی ئەو رۆژە دابێت پڕ بەدەم

هـاوار بكـەین و بڵـێین بڕیارەكـانی رژێمـی بـەعس لـەمجۆرە بڕیارانـەی حكوومەتی خۆمان باشتربوون، ئەی ئەوە نەبوو كە رژێم (٩٠) هەزار كوردی گەڕاوەی ئێرانیی لە باشووری ئێراق پەرتوپەڕاگەندە كردو بە ساڵ لەنێو (سەرایف ا، ژیانیان بەسەربرد .. بە (جیب العمیل) و (العائد الـی الـصف الـوطني) ناوزەد دەكراین كەچی لە مەسەلەی گەڕانەوە بۆ پلەوپایەی وەزیفی، هەر یەكە بە پێی رابردی خۆی گەڕایەوە وەزیفە جگە لە كەمكردنەوەی ئەو چەند مانگەی بەشداربوونمان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بۆ نموونە :

(استنادا الى برقية اللجنة العليا لشؤن الشمال المرقمة س/٥٢٧ في ١٩٧٥/١١/١٠ و بناء على ما جاء بكتاب محافظتنا – الآدارة العامة ٤٥٥٨ في ١٩٧٥/١١/١٩ تقرر اعادة تعيين الست فوزية صديق ملحم من الاكراد العائدين الى وظيفتها السابقة معلمة على ملاك التعليم المحلي في محافظتنا اعتبارا من تاريخ ١٩٧٥/١١/٢٧ و براتبها البالغ -/٢٢ دينارا)

لەبەر ئەو زێدە جیاوازیانە زۆر بە پێویستی دەزانم وەزارەتی پەیوەندار پێداچوونەوەیەك لەسەر ئەمجۆرە بڕیارانە بكات . خراپ نیە رەچاوی ئەوە بكرێت لەكاتی دراسەتكردنی بڕیارێك .. بۆ نموونە ئەگەر ئەو بڕیارە بۆ پێشمەرگە بێت لێزانێكی پێشمەرگەی ئەو بوارەی تێدابێت، ئەگەر باس لە كارەبا كرا .. كارێكی باش دەبێت گفتوگۆیەكە لە ژێر تەزینی سپلیت نەبێت!

(راستە ئێمە حكوومەتی خۆمانمان خۆشگەرەكەو بە هەموو شێوەیەك بەرگری لێدەكەین، بەڵام ئەوە ناگەینێ كە نابێ رەخنە لە هەندێ بڕیار نەگرین كە لە گەڵ بەرژەوەندی توێژێكی گەورەی وەك مامۆستایان ناگونجێ!)

## دەربارەی ناونووسکردن ..

ئەو قسانەی بەرێز بەڕێوەبەری رەگەزنامەو باری شارستانی کردوویەتی هیچ لاریمان لەسەری نیە چونکە من لە روانگەی وەزیفی سەیری مەسەلەکە ناکەم بەڵکو لە روانگەی نەتەوایەتی و قەدەری دوارۆژی نەتەوەو شەڕی حیواری نێوان ئێمەو ئەوان دەکەم، مەگەر ئێستا سەنگی مەحەکی مەسەلەی کرکوك سەرژمێری نەبێت؟؟ من باس لەو مەسەلەیە ناکەم کە موجەڕەد ناو تۆمارکردن بێت .. من باس لە زێدەبوونی ژمارەی کورد لە کوردستانی ئێراق دەکەم .. من باس لە پەیوەندی نێوان ئەو مەلۆتکە کوردەی لەوێ لەدایك دەبێت و بە پارچە کاغەزێك بە کوردستانی دەلکێنم دەکەم .. من باس لە دروستکردنی پردی نێوان کوردستان و جالییەی کورد دەکەم .. من بە ڕبەی دوارۆژی کورد دەپێوم .. من بە دوای چارەسەرکردن و ئاسانکاری دەگەڕێم، ئەو کۆمەڵە بەیان ولادە ی ئەوروپا، مۆری وەزارەتی هاوکاری، دادگا، نەخۆشخانە، بەیان ولادەی کوردستان ئینجا تۆمارکردن!!! روانگەی من رەفزی ئەو رۆتینە دەکات باشە سەفارەتی ئێراق لە وڵاتانی ئەوروپا دەوریان چیە؟مەگەر لەوێ بەرزترین دەزگای دەوڵەت نەبێت؟!

من دەمەوێ ئەو بەیان ولادەی لە سەفارەتی ئێراق دەردەچێ بڕی بەیان ولادەی مامانێکی گەڕەکەکانی هەولێر بکات، ئەو تۆمارکردنە مەسئولیەتێکی نەتەوایەتیە . لە وڵاتانی وەگ تورکیا، مەغریب، مصر کە خەڵکێکی زۆریان لە دنیا بلاوبوونەتەوە، لەسەر ئاستی حکوومەت وەزارەتێکیان هەیەو لە پارلەمانیش لێژنەیەك چونکە ئەمانە کەرەسەی باشن بۆ چاککردنی ژێرخانی ئابووری وڵات، کەچی بۆ ئێمەی کورد بەزێدە باشە چونکە لەدوارۆژدا هاندەرێکی باشن بۆ گەیاندنی پرسی سیاسی نەتەوەکەمان .. چونکە رەوەندی یەکگر رای گشتی ئەوروپا بۆ مەسەلە جیاجیاکانی کورد رادەکێشێ .

## دەربارەی خانەنشینەکان ..

بۆ هێندە جاری دیکە ئەو مەسەلەیە دەورژێنم چونکە خەڵکانێك هەن کە من یەکێکیانم وەك هەڵوێست یان لەبەر ئەوەی لە دامودەزگاکانی حیزب کارمان دەکرد .. لە دوای راپەڕینەوە تا رزگارکردنی ئێراق نەمانتوانیوە سەردانی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم بکەین بۆ وەرگرتنی مانگانەی خانەنشینی! دەبوایە دامودەزگای پەیوەندار وەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین یان وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو هەڵوێستەیان لەبەرچاو بگرتبوایەو بڕیارێکی تایبەتیان بۆ ئەم مەسەلەیە دەربکردبوایە بۆ سەرفکردنی ئەو مانگانەیان کە لە کاتی خۆیدا وەك هەڵوێست یان ئۆپۆزۆسیۆن وەریان نەگرتوە .. بە ئومێدی چاوەڕوانی چارەسەرین .

## دەربارەی دوورخراوەکان ..

بۆ جاری دووەم ئەو مەسەلەیە دەورژێنم،لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ — ١٩٧٩ رژێم نەوەت هەزار کوردی لە شارەکانی باشووری ئێراق پەرتوبلاوکرد، هەندێکیان دوو ساڵ و هێندێکیش چوار ساڵی تێدا بەسەر برد!

ئەوەتە لە دوای راپەڕینی سەرتاسەری کوردستان هەر کۆمەڵ و توێژێك وەك زیندانی سیاسی، کەمئەندامان، پێشمەرگەی ئەیلوول تا رادەیەك بەسەرکراونەتەوە کەچی تا ئێستە هیچ حسابێك بۆ ئەو (٩٠) هەزار کوردە نەکراوەتەوە .

ئای چەندم پێخۆش دەبوو دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی حکوومەتی ئێمەیش گرینگی بە سکاڵای هاوڵاتیان و نووسین و ریپۆرتاژی چاکیرۆژنامەنووسان بدابوایە، لەکاتوساتی خۆیدا رێگەچارەی بۆ دەدۆزرایەوە.

## مۆبایل ..!

قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی دەوامی قوتابخانەدا بۆ قوتابیان کارێکی یەکجار چاك و مۆدێرنە، چونکە سیحری مۆسیقا هەمەجۆرەکانی مۆبایل و گۆرانیە سەیروسەمەرەکان و نووکە زێدەڕۆیەکان زۆر سەرنج راکێشن .. گەلێ گیروگرفتی بۆ کۆمەڵگەی خۆمان دروست کردوە، هەرچەندە مۆبایل نعمەتێکی ئیللاهیە لەهەمان کاتدا هۆکاری ناخۆشیە تا خوێن رێشتن!! بە گشتی بەکارهێنانی ئەو ئامێرە ئەفسوناویە لە شوێنی گشتی زۆر کارێکی ناڕێکە!

لە وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەوانەی دەستیان لە دروستکردنی ئەو ئامێرە ئەفسوناویە هەیە، بە زێدە رێز لە مرۆڤ، کار، کات دەگرن .. لەبەر هەندێ هەر کاتێك کۆبوونەوەیان هەبوو یان لەکاتی خزمەتکردنی گشتیدابن بە هیچ شێوەیەك ئەو ئامێرە بەکارناهێنن چونکە لەکارکردن دووایان دەخات و کات بەفیڕۆ دەدات بۆیە لەسەر (*بێدەنگی*) لەنگەری پێدەگرن، دوورنیە بەرپرسی یەکەمی دەزگا لەکاتی کۆبوونەوەدا ماف وەڵامدانەوەی هەبێ .. بەڵام بۆ هەموو تەلەفۆنێك نا، بەڵکو تەلەفۆنی بە پەلە یان لە دەزگای خۆی گەورەتر .

ئێمە لەوکاتەی زێدە سوپاسی خۆمان ئاراستەی دامودەزگا پەیوەندارەکانی پەروەردە ئەکەین لەسەر بەکارنەهێنانی مۆبایلی قوتابیان کە کارێکی یەکجار باشە بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستە ئەو بڕیارە مامۆستاکانیش بگرێتەوە بە تایبەتی لەکاتی دەرس گووتندا واتە ئەو (٤٠) چل دەقیقە پیرۆزەی ناو پۆلی دەرس خوێندن، چونکە زەنگ لێدان ئینجا وەڵامدانەوەی مامۆستا لەنێو پۆلدا لەلایەك سەرنجی گشت قوتابیان بۆ گفتوگۆکە رادەکێشێ .. لەلایەکی دیکە ماوەی گفتوگۆکردنی مامۆستا بەفیڕۆ

دەڕوات .

له هۆڵەندا لەوکاتەی له کۆرسی زمان فێربووندا بووم، کاتێ مامۆستاکان دەهاتنه شوێنی خوێندن هەر یەکە (*چەکمەچەی*) تایبەتی خۆی هەبوو بۆ حەشاردانی کەلوپەلی خۆی لەسەرووی هەموویانەوە مۆبایل، لەوێ بە هیچ شێوەیەك له شوێنی کارکردن مۆبایلی شەخسی بەکار نایەت، ئومێد دەکەم هەموو مۆبایلەکان لە شوێن و کاتی کارکردن لەسەر (*بێدەنگی*) دابنێن .. ئەگەر پێویستی بە وەڵامدانەوە هەبوو کەمێك لە خەڵکەکە دوور بکەوە ئینجا بە هێمنی و لەسەرخۆ قسەکانت بکە .

* له خەبات ژمارە ( ٢٣٠٨ ) ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٩ بڵاوبۆتەوە .

# خوێندن .. مامۆستا .. قوتابخانە

جاری واهەیە ژمارەی قوتابیانی پۆل لە هۆلەندا خۆی لە بیست و پێنج قوتابی دەدات هەندێ جاریش زیاتر .. بەڵام ژوورێکی رێکوپێك، تابلۆیەکی رەنگین یان دووان پۆلەکە دەرازێنتەوە، ئەگەر ئامۆژگاری تایبەت بە قوتابیانی پۆل هەبێت ئەوە ئەملاو ئەولای تەختەی نووسین دەرازێتەوە ناڵێم تەختە رەش چونکە رەش نیەو ئەلەمنیۆمە .. مۆدیلی تەباشیر زۆر باوی نەماوە بەڵکو بە ماجیك دەنووسن، پۆلەکە بە ژمارەی قوتابیان رەحلەی لووس و پاکی تێدایە، پۆلی خاوێن و بێ بۆن!

کاتێ زەنگ لێدەدا .. بە چاوچوقانێك مامۆستا بە جانتاوە لە پۆل ئامادەیەو کەلوپەلی پێویستی دەرس خوێندنی لەسەر مێزە بچووکەکەی خۆی ریزکردوە، جار هەیە قوتابی لە دوای مامۆستا دێتە ژوورەوە! کەچی زۆربەی مامۆستاکان بە زەردەخەنە فەرمووی ژوورەوەیان لێدەکات .. مامۆستای وایش هەیە بە قوتابی دوواکەوتوو دەڵێ : " پێویستە لەوە زووتر لە ژوورەوە بیت ".

لەوێ دەرس خوێندن لە نێوان (٦٠ — ٧٥) دەقیقەیە، کەچی یەك چرکەیش بەفیڕۆ ناچێت .. شیکردنەوە، نموونەهێنان، نووسین لەسەر تەختە، پرسیار، وەڵام، وێنەی تایبەت بەدەرس خوێندن، جارجاریش نوکتە، هەواڵێك، مەسەلەیەکی ژیان چرکە ساردەکانی نێو دەرس گەرم دەکاتەوە .

هەموو قسەیەك لە نێوان مامۆستاو قوتابی دەکرێت بەڵام بە هیچ شێوەیەك یەکێکیان واتە مامۆستاو قوتابی ناتوانن لە ئەدەبی حیوار دەربچن

.. مەسەلەی لێدان، جنێو، گوێچکە راکێشان مەحاڵە! دووا راپۆرتی مامۆستا کاری خۆی لەسەر ژیانی زانستی و دوارۆژی قوتابی هەیە، بۆ خودی خۆم بەڵگەی ئەوەم هەیە کە مامۆستایەکی ئەڵمان لە هەڵسوکەوتی نێو پۆلی کچەزایەکم زۆر ناڕازی بوو، کەچی لە راپۆرتی کۆتایی ساڵدا زۆری بە شان و شەوکەتی زیرەکیدا هەڵگوتبو .. نوسیبوی یەکێکە لەو زیرەکانەی پۆل کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن . (*ئەوە مەسەلەیەکی پەروەردەییە*) .

لێرە لە کوردستان زۆر بە داخەوە ساڵ بە ساڵ ئاستی خوێندن و زانستی قوتابیان لە نزمیدایە کە لە لای پسپۆرانی پەروەردە بە زەنگی ترسناك دادەنرێ! ئەو مەسەلەیەش گەلێ هۆکاری هەیە :

- ژمارەی قوتابیانی پۆل دەگاتە (٦٠) شەست قوتابی .
- نوێ نەبوونەوەی پرۆگرامی لەمێژساڵەی خوێندن کە لە لای مامۆستا بوەتە کارێکی سوواوە!
- ژیانی چەرمەسەری ئەو پازدە ساڵەی مامۆستا .
- بارودۆخی ئابووری مامۆستاو دەوروبەری .
- بەردەوامنەبوونی مامۆستا لەسەر خۆرۆشنبیرکردنی لەو زانستەی تێیدا پسپۆرە .
- گرانی بازاڕی هەرێمی کوردستان کە بە هیچ شێوەیەك دەگەڵ ئاستی مانگانەی مامۆستا یەك ناگرنەوە سەرەڕای زێدەبوونی ماوە ماوەی مانگانەی مامۆستایان .
- خۆماندوونەکردنی مامۆستا لە گەڵ قوتابیان لەکاتی دەرس گوتنەوە.
- تەواونەکردنی پرۆگرامی دیارکراوی ساڵانەی قوتابخانە .

لەبەر ئەو هۆیانە مامۆستا ناتوانێ وەك پێویست ئەرکی سەرشانی بەرامبەر بە قوتابی ناو پۆل جێبەجێ بکات، کەچی لەکاتی دەرس گوتنەوەی

تایبـەتی زیـاتر بزێـرو ئـەکتیف تـرە .. مامۆسـتای ئـەوتۆ هەیـە لەبـەر دەرس گوتنـەوەی تایبـەتی لـە پۆلـدا سـەرخەوێك دەکات .. قوتـابی کـوڕە بـەرپرس و دەوڵەمەند تێیاندا هەیە (٢٥) گەڵا بـۆ گـشت دەرسـەکان سـەرف دەکاات! ئـەی کوڕە هەژار ئـەو مەبلەغـە لـەکوێ بـێنێ .. قوتـابی ئـەوتۆمان هەیـە بـە چـەند کاتـژمێرێك تـا دەتـوانێ بـژێوی خـۆی و ماڵـەوەیان دابـین دەکـات ئینجـا لـە قوتابخانە بەراویشکی دێتەوە!

ئەوانـە هـەمووی گیروگـرفتی مەیـدانی پـەروەردەن لـە کوردسـتان، جـاری واهەیە مامۆستا کەمتەرخەمەو جاریش هەیە قوتـابی، بـە هـیچ جۆرێـك نـابێ بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کۆمـەڵگاش پـشتگوێ بخـەین لەدوواکـەوتن و پێشخـستنی پـەروەردە، دەزانــن زۆر پێمخۆشــە هــەر یــەك لــە ئێمــەمانان بــە خۆمانــدا بــچینەوەو هەلــەکانمان دەســت نیــشان بکــەین .. پێکــەوە هــەولی دۆزینەوەی چارەسەری بدەین – ئینشاڵلاو رەحمان .

---

* لە خەبات ژمارە( ٢٣٠٤ ) رۆژی ٢٢/١٠/٢٠٠٦ بڵاوبۆتەوە .

# دیداریك لەسەر (تاتیّ پـان)

هەرچـەندە دەمێکـە خولیـای خوێندنـەوە، نووســین و گەڕیدایـەتیم .. بەزێــدە حـەز لـە کۆکردنـەوەی زانیـاری دەکـەم .. گـەلێجار بـە هـۆی ئـەو زانیارانە سەری مەجلیسان دەگرم و دەبمە میرکوڕی شـەوچـەرەکان .

بە دەست خۆم نیە مەشرەبی من دەگەڵ ئەو خەڵکانـە نـاگونجیّ کـە حـەز بە رابردوو ناکەن یان هیچ لە رابردوو نازانن! بە تایبەتی ئەو خەڵکانە کـە لـە ناپووتی خۆیاندا رابردوو بە هەموو سـەرفرازیەکەوە تیروتـوانج بـاران دەکـەن! ئەوانـە بـە نـەیاری خـۆم دەزانم .. لەبـەر هەنـدیّ بـە شـانازییەوە دەگـەڵ بیروبۆچوونیان دەجەنگـم!

من حەز لە هەموو شتێکی رابردوو دەکەم، دانیشتنی جوامێـران مەسـتم دەکات .. جاران بە سەربردەی چەتۆی فەرعۆ، ئەحمەدیّ ئیسکان، فلیتی قوتـۆ سەرسام دەبووم، لـە دوای گێـڕانەوەی سـەربردەکان لەوکاتـەی سـەرم دەخـستە سەر سەرین .. بە خۆزگەی ئـەو سوارچاکانە نـووقمی شـیرینە خـەو دەبـووم . کەچی چەند ساڵێکە حەز بە خزمەتکردنی ئـەو کەسانە دەکـەم کـە تـا دوێنـیّ گیـان لەسـەر دەسـت بـوون بـۆ ئـەم کوردسـتانە، پاسـەوانی سـەنگەری مـان و نـەمانی کوردسـتان بـوون، پاڵـەوانی داسـتانە یـەك لـە دوا یەکـەکانی شۆڕشـی مـەزنی ئـەیلوول بـوون بـە عیـشقەوە گـویّ بیـستی سـەربردەکانی عـوزێر دۆلەمـەری لە شـەڕی (*بـارزان*)، حمـەدەمین میرخـان و شـەڕی (*مرێـبا*)، حـالی دۆلەمـــەری و تۆپـــەکانی شـــۆڕش لـــە (*خواکـــورك*)، عەمـــەراغا و شـــەڕی (*ماخۆبزنان*)، عیزەدین محەمەد قەرەو شەڕی (*قـادراوە*) ی، نزیـك سەنگەسـەر

دەبـووم .. سـەربردەی شـەهیدبوونی عـەلی سـەلیم بـاجلۆری لـە (*خواکـورك*) سـەرەتای حـەفتاکان و برادەرایـەتیمان وەبیردێنێتـەوە .. شـەهیدبوونی محمـەد صالح بۆتی نویَ زاوا لە شەڕی (*کانی ماسیَ*)ئۆقرە لە مرۆڤی کورد هەڵدەگریَ، تۆڵەکردنـەوەی شـەهید عەبدولعـەزیز ئامێـدی بـە سـووتاندنی وێـستگەی کارەبای ئامێدی رۆحی بەرخودان دەخاتە گیـانی مرۆڤـی کورد، سەرگوزشـتەی شـەهیدبوونی سـیامەند، مـەلکۆ، نـووری حمـە عـەلی لاپەڕەیـەکی ڤێـزەوەری مێـژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردە .

من بە ئەشقەوە گویَ لەو ماجەڕایانـە رادەگـرم .. لـە گێـڕانەوەی خۆمـدا رۆحێکی دیکـە وەبـەر ئـەو سـەربردانە دێـخم تـا ئەوکاتـە پاڵـەوانی هـەر یـەك لـەو داسـتانانە دەکەمـە هـاورۆحی کوڕگـەلانی شەوچـەرەکەم، بـە دوو دڵۆپـە فرمێـسکی گـەرم .. بــە"*سـەت حـەیف و مخـابن* "، بــە"*دەك لــە بــۆت نـەمێنم*"بـە"*هـەی لـە بـاوکی منـت کـەویَ*"زینـدوویان دەکەمـەوە .. لـە خـەڵکی ئەمڕۆی کوردستان دەگـەینم کـە ئـەم رۆژەی ئێـوەی تێدایـە لـە سایەی خـوداو خـوێنی ئـەو شـەهیدە نازدارانەیـە بۆیـە پێویـستە لـەکاتی خوێندنـەوەی ئـەم چـەند دێــڕە هـەر یـەك لـەلای خۆیـەوە کـەمێك سـەر بـۆ ئیجلالـی شـەهید بچەمێنەوە .

لـە چـوار شـەممە رێکـەوتی ٢٠٠٦/١٠/٢٥ وەك ئـەرکێك وەك وەفاداریـەك وەك نـەریتیَ بـە کانگـای وەفـا بـە (*بـارزان*) دەگـەڵ بـرادەرانم گوزەرمـانکرد .. راستە لە گەلیَ هەڵوێستان فرمێسك رێشتن بـە کـاری مێـران ناچـیَ! بـەڵام لـە هەنـدیَ هەڵوێـست و شـوێنی تایبەتـدا دوونـدی مێــرایەتی و ئیمانــداری و وەفاکردارییە .

لەوکاتـەی دەگــەڵ هاوسـەفەرانم رۆحـی خۆمـان بـە دوو فرمێـسکان شوشتەوە بـەرەو بنـاری (*شـیریـن*) ئۆغرمـان کـرد .. خۆمـان لـە (*تاتـیَ پـان*)

دۆزیەوە..خانوەکە وەك هەندێك لە خانوەکانی ئەو دەڤەرە پێش چاو نەبوو، بەڵام شوێنی خانوەکە هەیبەتێکی سامناکی هەبوو، پشتی بە (*شیرین*)دابوو، بە رۆحیانەتی (*وارێ هۆرێ*) چاودێری دەکرا، تاتێ پانیش گەردەنی بەسەر دەڤەرەکەدا کێشابوو بە روخسار.. بە جلوبەرگی چاکم دەناسی هەرچەند مێشکی خۆم دەکوشی لە ناسینەوەی نەپێکام! بە شێوەی ئاخافتن و هەڵسانەوەی لەکاتی وەڵامدانەوەی سڵاوم، موچرکێك سەرتاپای گیانی گرتم .. هەستم بە شتێکی سەیرکرد .. دوورنیە بە نووسین نەتوانم دەریبڕم .. خەیاڵ وای نیشاندا وەك بڵێی لاپەڕەکانی مێژووی (*بارزان*) بە هەموو ناخۆشیەکانی لە عینفوانی خەڵکەکەی لە ١٩٠٣ وە، تا ئێستا لە مێشکمدا ئاوەژوو بوون .

کاتێ فەرمووی ژوورەوەی کردم چاوم کەوتە سەر وێنەیەکی هەڵواسراو کە بوە کلیلی ئەو نهێنیە کە هێندەی سەرسام کردم، من لە هۆڵەندا لە ساڵوەگەڕێکی بارزانی نەمردا بە (*سلاید*)و، وێنەگرەکەیشم بینی بوو.

بینینی ئەو وێنەیە لە هۆڵەندا هێندە کاریگەر نەبوو، وەك ئەو کاریگەرەی رۆژی چوارشەممە، لە دڵی خۆمدا گووتم ئەویش سەربردەیەکی دیکەی رۆژانی سەرفرازی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە، لە روانگەی حەزو ئارەزووی هەزاران کەسی وەك خۆم .. ئاشقان و موریدانی رێباز بۆ مێژوو دەیخەمە سەر کاغەز ..

گووتی : عەزیزۆ تو بخێر هاتی ...!

گووتی : جوامێرۆ وەنابی ...!

گووتی : حەیرانۆ هوویە ....!

ئای خودایە دەمێکە گوێم بەم پەیڤانە نەزرنگاوەتەوە، لەبەر هەندێ منیش لە دڵی خۆمدا گووتم :هەی نێچیرۆ چۆن کەوتیە بەر دەستی نێچیروانی ...؟!

- له سالّی چەند له دایك بووی؟

+ نزانم .. له نفووس ١٩٣٤ نووسراوه .

- له چ ساڵێك بووی به پاسەوانی بارزانی نەمر؟

+ نزانم .. لەدوای ئەوەی له بادینان پەڕیەوه سۆران .

- بەشداری کۆڕەوی بەرەو یەکێتی سۆڤیەتت کردوه؟

+ تەنیا سەلیم زوبیر مەلای برام بەشداربوو (*ئەم سەلیمە لە پیلانی مەلاکان بۆ سەر بارزانی نەمر لە حاجی ئۆمەران شەهید بوو*) . کاتێ ئێمە بۆ سلێمانی دوورخرابووینەوه هەندێك جار بەرەو سەرچنار دەچووین .. له گەڕانەوەدا له ماندوبوونیمدا دەگریام .. جارێکیان مەلا مستەفا منی هاوێشتە سەر ملی خۆی .. لەکاتی نزیك بوونەوەمان له ماڵ هەندێك پارەی دامێ و بە خۆم گەڕامەوە، کاتێ مەلا مستەفا لە سۆڤیەت گەڕایەوە (*لە قووڵپەی گریانیدا*) فەرمووی بەبیرت دێت کە مانووبوویت هەڵمگرتی؟ گووتم بەڵێ ئەزبەنی .

فەرمووی ئێستە نۆرەی تۆیە .

گووتم : ئەزبەنی سۆزوپەیمان هەتا مردن .

گەلێك یادگاری خۆش و ناخۆشی رۆژانی پاسەوانی خۆی لەلای بارزانی نەمر بۆمانی گێڕایەوە ناوە ناوەش گریان قورگی دەگرت! لە گەڵ هەر سەربردەیەك دەیگووت : مەلا مستەفا هەر قسەیەکی کردبێت لە زەمانی خۆیدا یان لەدوای خۆیدا هاتۆتە دی ئەو پیاوە موعجیزە بوو!

گووتم خاڵ : لە ژیانی رۆژانەی بارزانی نەمردا چ جیاوازیەکی لە گەڵ ئێوە هەبوو؟ لە رووی خواردن و نووستن ...

+ یەك مەنجەل و چایەپەستی رەش تەنیا! مەلا مستەفا بەرداخێکی (زدی کەسری) هەبوو کە لە ئێمە زیاتر بوو.

رۆژێکیان بارەگامان پێویستی بە ئاو هەبوو .. ناردمی بۆ ناو گوند تاکو

کانیەك بکرم، خاوەن کانیەك گووتی ئەگەر هاتو لەسەر ئەوێ رووباری بە بۆریان ئاوم بۆ بێننە سەر زەوییەکەم ئەو کانیەتان دەدەمێ!

منیش کەرەستەکانم ئامادەکردو ئاوم گەیاندە سەر زەوی کابرا، لە ترسی مەلا مستەفا هەزار دیناریشم دایێ .هەرچەندە کابرا دەیگووت : چ خێرەکی خوایە ئەو پارەیە زێدەیە وەرناگرم! بە هەر شێوەیەك بێت پارەکەیشم دایێ، بۆ شەو لە خزمەت مەلا مستەفادا بووم فەرمووی : عەزیزۆ مەسەلەی ئاوت جێبەجێکرد؟ منیش گووتم : بەڵێ ئەزبەنی .. سەربردەکەم بە تەواوی بۆی گێڕایەوە ..

فەرمووی : غەدرت لە کابرا نەکردوە؟

گووتم : نەخێر، پێکەوە چووینە لای کابرا .. دیاربوو کابرا مەلا مستەفای نەدەناسی، بارزانی فەرمووی چۆن چۆنی لە گەڵ ئەو پیاوە پێك هاتوون؟ کابراش سەربردەکەی بۆ گێڕایەوە، بارزانی فەرمووی پارەکە کەم نیە؟ کابرا گووتی : ناوەڵڵا پارەکە لە ئیتفاقی ئێمە زیاترە!

بارزانی فەرمووی باشە منیش پێنچسەت دینار، ناوەڵڵا هەزاری دیکەت دەدەمێ .. ئەوکات پیاوەکە هەستی کرد کە ئەوە مەلا مستەفایە، بۆیە ویستی خۆی فڕێداتە سەر دەستی بارزانی .. ئێمەی پاسەوانەکان رێگامان نەدا .

گەلێ سەربردەی دیکەی بۆمان گێڕایەوە وەك نووسەرو رۆژنامەنوسێك و بەرپرسێکی راگەیاندن خۆم بە بچووك هاتە پێش چونکە تا ئێستا نەمانتوانیوە پلانێك یان میکانزمێك بۆ نووسینەوەی ئەو بیرەوەریانەو سەربردەی شەڕەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دابنێین بە تایبەتی ئەوانەی کەوتوونەتە نێو تەمەن وەك خانەخوێمان نەسروڵڵا زوبێر مەلا کە بە *(نەسۆ)* ناسراوە .

---

* لە خەبات ژمارە ( ٢٣١٠ ) رۆژی ٢٠٠٦/١٠/٣١ بلاوبۆتەوە .

# له جیاتی پێشەکی

هەر چەندە پێشەکی نووسین لە دنیای ئەدەب و رۆشنبیریدا کارێکی باوە، لە هەمان کاتدا کارێکی گرینگ و سەخت و دژوارە .. بۆ خودی خۆم دەگەڵ ئەوجۆرە پێشەکیانەدام کە لایەنی هەڵسەنگاندنی تێدا بەدی دەکرێت، کەچی بە داخەوە تا ئێستا ئێمەمانان نەگەیشتونەتە ئەو قۆناغە کە بتوانین بە دوای خەڵکانێك بگەرێین تاکو قەڵەمەکەی تەنیاوتەنیا لە خزمەت ناوەرۆکی نامیلکەکەدا بەکاربێنی .

بەهەرحاڵ منیش رۆژانێك حەزم بەوە دەکرد کە برادەرێکم پێشەکی بۆ نامیلکەکانم بنووسێ .. ئەو حەزەیش هاتە دی، سوپاس بۆ خودای دلۆڤان ئەوەتە ئەمرۆ لە ژێر سێبەری فەرمانرەوایی کوردان لە رۆژگاری کوردایەتیدا ئەو برایە خۆش مەحشەرەم .. ئەو ماندوونەناسە کە لە دوای (١٠) ساڵ دابرانمدا لە کوردستان لە رێگای بەرنامەکەی، نواڵەی نوێ، هونەرستان جارێکی دیکە خەڵکی خەوتووی کوردستانی بەرامبەر بە کەلەپووری باوان لە من واگا هێنا لە سارده زستانی کوردستاندا پێکەوە کۆرو مەجلسی کوردەواریمان گەرم کردەوە بە خۆزگەی ئەوە بووین شۆرشێکی نێو شۆرشی کەلەپووری کوردی هەڵبگیرسێنین هەروەکو پێشتر لە تاریکە شەوی کوردستاندا ئێمەی مەحشەری فۆلکلۆرپەروەران هەر یەکە لە شوێنی خۆیدا درێغی نەکرد .. دەست بە دەست ئەو ئەمانەتەمان گەیاندە ئەو برادەرانە کە کاك هوشیار نووری لەك یەکێکە لە بزێوەکانی .

لەکاتی خۆیدا ئێمەمانان ئەڤینی کیژە کوردانمان مەبەست بوو، عیشقی

شۆخ و شەنگی کچۆڵەیەکی کورد بە جل و بەرگی کوردیەوە بە ناخماندا گوزەری دەکرد، ئاڵوگۆڕی دیارییەکانمان بریتی بوو لە جوانترین پەخشانە حەیران یان لە نێو حەشاماتی ئاشقاندا شانازیمان بە وێنە شیعرەکانی نێو لاوکی دەروێشی ئەڤدی دەکرد سەد هەزارجار خۆمان بە خولامی سێبەری شیرو رمی دەروێش دەکردو دەگەڵ بەندە بەسۆزەکانی (عەدولێ) دەتواینەوە بە تایبەتی کە دەڵێ :

**ئەزێ رابم جۆتە مەکا خۆ بکەمە فنجانێ قەهوێ**
**دانێمە سەر سینیەکا زێڕ بەردەمە شەوبایێ شەوێ**
**دەشقم کوڕە هەتیمە لاوێ من لەبەر بۆنی مەمکان بەرەو مال تێ**

ئێمە نەواری لاوك و حەیران و بەیتە کوردیەکانمان خستە نێو مۆدێرترین ئۆتۆمبێلی زەمانی خۆی، شاڵی کوردەواری، پشدێنی قەفقەف، کڵاشی هەورامان یان کرمانشا روخساری ویقاری جوامێرانی کوردەواری بوو، هەموو ماڵە کوردستانیەك بە شانازیەوە بە دوای پارچەیەك لە کەلەپووری باوان دەگەڕا بۆ ئەوەی سوچێکی ماڵەکەی پێ برازێنێتەوە .

من لە رۆژانێك گەڕامەوە کوردستان، خەڵکی خۆمان گاڵتەیان بە رابردووی خۆمان دەکرد، حەیران و لاوك گوێ بیستی نەمابوو، ئۆتۆمبێلەکانی ئەم سەردەمە لەسەر ئاوازی (*نانسی عەجرەم*) مێشکی منداڵەکانمانیان دەتوڵێننەوە! مەسەڵەتی بە حوکمی دەفتەرە دۆلاران یەکلا دەکرێتەوە، کەچی لە زەمانی خۆیدا دەست لە سەر سمێڵ دانان هەموو گرێکۆرەیەکی واڵا دەکردەوە .. لە زەمانێك گەڕامەوە سەروجامانی لەسەری کوردەواری بە (*مانع التفکیر*) دەقەڵەم دەدرێن!! ئا لەوکاتە ناسك و دژوارەدا

چەند کەسانێك هەبوون دژی ئەو شەپۆلە مەلەیان دەکرد بە دەست و قاچ جلەوی نەریتی رەسەنی کوردەواریان لە هەوکێ خۆ شەتەکدا بوو تاکو ئەوەندەی مابوو نەبێتە ئاردی ناو درکان .. کاکە هوشیار یەکێکە لەو رەسەن دۆستانە .

ئەو سەربازانەی مەیدانی ئەدەبی فۆلکلۆر لە گالتە پێکردنی ئەو نەزانانە نەسلەمینەوە بە گیانێکی وەرزشانە تیرەتوانجی ئەوانیان دەقۆزتەوە، حقدوکینەی کوێرانەی ئەوانیان بە پەند، مەتەڵ،هەقەیات، ئەفسانە، لاوك و حەیران بلاوکردنەوەیەك پێشوازی دەکرد .

سەرەرای ئەوەیش فۆلکلۆرویستان لە خەباتی پیرۆزی خۆیاندا بەردەوامن .. ئەگەر هاتو سەرنج بدەینە تەمەن و بەرهەمە جیاجیاکانی کاکە هوشیار بۆ هەموو لایەك روون دەبێتەوە کە بارەکە هێشتا بە لای دنیای فۆلکلۆردایە، نەك لەبەر ئەوەی دنیایەکی رەسەنە بەلکو کارێکی پیرۆزە .. زۆرجار لە گەڵ خۆمدا دەکەومە حیوارێکی دوورودرێژو دەڵێم : تۆ بڵێی کەسانێك هەبێت بتوانێ دژایەتی نەتەوەیەك، میللەتێك، کۆمەڵگایەك بکات؟! بە هەموو پێوەرێك نەخێر . چونکە ئەو مەیدانە بەرفراوانە ئامانج و ویستی زۆرینەی کۆمەڵگایە لەبەر هێندێ هەر چەند دنیا بەرەوپێش بچێت و ئەو عەولەمەی باسی لێوەدەکرێ بە ئاسمانی کوردستاندا باڵە فرکێ بکات لە ناخی هەموو تاکێکی کوردەواریدا حەزی فۆلکلۆرویستێك سەرلەنوێ سەرهەڵدەدا بە تایبەتی ئەو کەسانەی نێویان لەخۆناوە نوێخواز چونکە لەو دنیا نوێیەیاندا خۆیان بە نامۆ دەزانن!!

چەند ساڵێکە هوشیار بۆ خزمەتکردنی کەلەپووری کوردان پێ لە رکێفە .. ساڵ بە ساڵ گورزی فۆلکلۆریانەی خۆی دەوەشێنێ واتە ساڵانە باشتر وایە بڵێم : مانگانە سەگلاوی خۆی لەو مەیدانەدا تاودەدا جارێکیان گەنجینەی

مێژوو، مەتەڵە زۆروزەوەنـدەکانی، دیوەخانەکـەی کـە بـە دیوەخـانی (*پساغە*) نێـوی دەبــەم واتــە بەرنامــە تەلەفزیۆنیەکــە، جـار هەیــە بــە نواڵــەی نــوێ سەرهەڵدەدا، زۆرجاریش هونەرسـتان بارانمـان دەکـات، ئەوەتـە ئـەمجارەیان بـە ئیجازەی پسپۆرانی ئەو مەیدانە رکێف لـە مەیـدانی پەنـدی کـوردی دەدات کـە هــەر پەنــدێکیان ســەربردەیەکە چــونکە دنیــای پەنــدو قــسەی نەســتەق مەیدانێکی دیکەی بەرفراوانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردە .

خـوا شـاهێدە بـە خۆزگـەی زیـاتر نووسـین بـووم، بـەڵام ئـەو شـینگ و تاقەتەی ئێستای کاکە هوشیار لەك بـەرەو رۆژانـی کێخوایـەتی فۆلکلـۆری خـۆم دەباتەوە کە هێندەی نـەماوە ئاهـەنگی سـەنگەر گواسـتنەوەی ئـەو کێخوایەتیـە بۆ خەمخۆرێکی وەك هوشیار بکەین .

# مۆبایلی شوفێران ..

ئۆتۆمبێلەکانی خەڵکی هەولێر لە دوورەوە دەناسران هێندە ژمارەیان کەم بوو، خودی هەولێر هێند بچووك بوو تا رادەی ئەوە شوفێرەکانی پاصی بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی خەڵك هەر ئافرەتەو لەبەر دەرگای خۆی دادەبەزاند، پاصی ئەوکات دووجۆر کورسی دانیشتنی هەبوو .. کورسی دار بە (١٠) فلس کووشنیش بە (١٥) فلس!

تا ئێستا بانگ و هاواری دەلالەکانی گەراجی بەغداو موصل لە گوێچکەم دەزرنگێتەوە کە پڕ بەقوڕگیان هاواریان دەکرد : مۆۆۆصصل .. بەغدابەغدابەغددداا!!

سەرەڕای ئەو خزمەتگوزارییەی حکوومەتی هەرێم بە تایبەتی لە بواری شەقام، کۆڵان، رێگا دروستکردن و قیرتاوکردنی .. کەچی رۆژانە دەتوانم بڵێم (*هەردەم*) شەقامەکانی ناوشار لەبەر زۆری ئۆتۆمبێلان هەرەسانی لە خەڵکی شار هەڵگرتوە، نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە وڵاتانی ئەوروپاش بە قۆناغێکی وەك ئەوەی کوردستاندا چووە، لەبەر هەندێ ئەوان رێگەی دیکەیان بۆ گواستنەوە دۆزیەوە وەك (*شەمەندەفەر، میترۆ، ترام، ماتۆڕسکڵ، پایسکل*) هێدی هێدی بەمشێوەیە تا گەیشتنە ئەم رۆژە، کە زۆر بە دەگمەن ئۆتۆمبێل بەکاردێنن بە تایبەتی بۆ راپەڕاندنی ئیشوکاری نێوشار، بەڵام بەکارهێنانی پایسکل و ماتۆڕیش رێگەو شوێنی تایبەتی خۆی دەوێت بۆیە بە پێویستی دەزانم داوا لە دامودەزگای پەیوەندار بکەم لەکاتی دروستکردنی رێگای پیادەو ئۆتۆمبێل پێویستە بە پێوەری ئەوروپا دروستی بکەن واتە باریکە رێگایەك بە رەنگی (*سوور*) بۆ پایسکل دەست نیشان بکرێ و رێگە پیادەکانیش پێویستە شوێنی تایبەتی بۆ هاتنەخوارو بەسەرکەوتنی عارەبانەی کەمئەندامانی بۆ بکرێت .

---

* **لە خەبات ژمارە (٢٣١٥) رۆژی ٢٠٠٦/١١/٥ بڵاوبۆتەوە .**

# بۆ وەك ئەوان نەبین؟!

## ١

لەوەتەی کاکە لاسی کوڕەزام تەشریفی هێناوە .. خولیای تەندروستی و پێداویستیەکانی کۆرپە ساواکان بوویم، هەر لەم روانگەیەوە ئەم نوسینە سەری هەڵدا . لەویّ لە دنیای ئەوروپا گرینگی بە هەموو لایەنێکی ژیان دەدەن .. ئەمجارەیان دنیای منداڵ هەڵدەبژێرین.

هەر لە سەرەتای ئاوسبوونی ئافرەت لە رێگەی دکتۆری خانەوادە *Huisarts* ئافرەتی سکپڕ دەنێردرێتە دەزگای چاودێرو پسپۆری تایبەت بە منداڵبوون لە گەڕەکی خۆی، سەرەتا هەر شەش هەفتە جارێك پێویستە ئەو ئافرەتە سەردانی پسپۆری تایبەت بکات یان پسپۆری تایبەت سەردانی بکات ئەگەر ژنەکە توانای رۆیشتنی نەبێت .

بەرە بەرە ماوەیکۆنترۆڵکردنەکە کەم دەبێتەوە بۆ چوار، سێ، دوو، تا دەبێتە رۆژانە، لەم ماوەیەدا پسپۆرەکە لە گەڵ ئافرەتە سکپڕەکە بڕیار دەدەن ئەگەر نەریتەکەیان رێگە بدات منداڵبوونەکە بە ڤیدیۆ یان بە کامیرای فۆتۆگراف تۆماربکرێت .. هەروەها بڕیاری ئامادەبوونی پیاوەکە دەدریّ لە پێینگانیدا رابوەستێ تاکو ئارەقەی ژان و ژووری منداڵبوونی بسڕێتەوەو جارجاریش هان لە ژنەکەی بدات بۆ رزگاربوونی!! کاتێ منداڵەکە لە دایکبوو .. لە قوونپانی خوێن لە کۆرپەکە وەردەگیرێ و هەندێك خوێن لە ژێر قاچی دەسوون و لەسەر کاغەزێك شێوەی قاچەکەی مۆر دەکرێ، ئەوانی دیکە لەلای خۆی دەپشکنرێ و تۆماری دەکات .

هــەر خانەوادەیــەك ببێتــە خــاوەنی كۆرپــە پێویــستە لــە دەزگــای خزمــەتگوزاری ماڵــەوە *Tuiszorg* خۆیــان نــاونووس بكــەن، لــەدوای منداڵبوونەكە ئەنـدامێكی ئـەو دەزگایـە بـۆ خزمـەتكردنی كۆرپـەو دایكەكـەی مـاوەی هەفتەیـەك بـە نرخێكـی زێـدە گونجـاو سـەردانی ئـەو ماڵـە منـداڵبوە دەكات ئینجا ماوە مـاوە دایكەكە كۆرپەكـەی دەباتـە شـوێنی چاودێری تایبـەت بــۆ وەرگــرتنی (*كێــشەكەی، درێــژی، گــەورەیی كەللــە ســەری*) لــە دواییــدا چاودێركردنی ئایا ئـەو كۆرپەیـە (كـەڕە، كوێرە؟)سـەرەڕای ئەمانـە لـە كـات و سـاتی خۆیـدا لوقـاح و كووتانـەكانی بـۆ دەكرێـت .. ئـەو هـەموو زانیارانـە لـە كۆمپیوتەری لقی گەڕەك تۆمار دەكرێ و دەفتـەرێكی تایبـەتیش لـەلای دایكـی كۆرپەكە هەیە كە ئـەو زانیارانـەی تێدا دەنوسـرێ، كەچـی بەداخـەوە بـۆ ئـەو زانیارانــە زوو پەیوەنــدیم بــە دكتــۆرێكی پــسپۆری منــداڵكردو چــەند جارێــك ســەردانیمان دەكــرد .. رۆژێكیــان گــووتم : دكتــۆر حــەز دەكــەم كێــشی یەكــەم سەردانمان بۆ لات بزانین؟ گووتی : جا چۆن لـەیادم دەمـێنێ؟! منـیش گـووتم :بۆ جەنابت لەلای خۆت تۆماری زانیاریەكان ناكـەیت؟ گـووتی : لـۆ كاكـە ئێـرە ئەوروپایـە؟! منـیش گـووتم : جـا چـی تێدایـە كۆمپیوتـەر هـەر كۆمپیوتـەرەو دكتـۆریش هـەر دكتـۆرە، بـۆ دڵنیـایی سـەردانی بنكـەی تەندروسـتی گـەڕەكی خۆمانمان كرد بۆ جێبەجێكردنی ئەو پێویستیانە لە كێش، درێـژی، گەورەیی كەللە سـەری كۆرپەكـە .. بـەخوای گوتیـان هـەر مـۆدیلی نـەماوە!! وەك بڵێـی پێشتر هەبوە كەچی ئێستا نەماوە! لەبەردەم خۆمدا گووتم : *بـۆ ئێمـەیش وەك ئەوان نـەبین؟!*

---

* لە خەبات ژمارە (٢١٣٢) رۆژی٢٠٠٦/٥/٣ بڵاوبۆتەوە .

# بۆ وەك ئەوان نەبین؟!
# ٢

هەر یەكێك مافی مانەوەو دانیشتنی لە ئەوروپا هەبێت بۆ نموونە (*هۆڵەندا*) پێویستە لە رووی تەندروستیەوە خۆی لە یەكێك لە كۆمپانیاكانی دڵنیاكردن دڵنیا بكات (*تەئمین صحی*). لەوێ لەوكاتەی منداڵ دەكەوێتە سكی دایكی، ئەو كۆرپەیە تا دەگاتە نێو گۆڕ لە رووی تەندروستی (*دڵنیاكراوە*) .

هەر كەسێك كاركەر بێت بە (دڵنیاكەی) دەگوترێ *partyculer* واتە دڵنیاكردنی تایبەت ئەوانەی وەك ئێمەیش كە لە رێگەی دەزگای كۆمەڵایەتی هەژارانە وەردەگرین دڵنیاكەمان پێی دەگوترێ *priemezikendfonds* كە بەشێكی خۆمان دەدەین و سۆسیاڵیش بەشێكی دەخاتە سەر . هەر دڵنیاكارێك پێناسەی دڵنیابوونی لە باخەڵدایە كە ژمارەی تایبەتی خۆی و ناوی تەواوو ناونیشانی دانیشتن و نێوی دكتۆری خانەوادە *Huisarts* سەرەڕای تەلەفۆنی خاوەن پێناسەو دكتۆری خانەوادەی تێدا دەنوسراوە .. بەهۆی ئەو پێناسەیە توانای سەردانی دكتۆرو نەخۆشخانەو درمانخانەی دەبێت . لەوێ هەر یەك لە دڵنیاكارێك نێوی تەنیا لە یەك دەرمانخانەی شارەكەی تۆمار دەكرێ، واتە تەنیا دەتوانێ دەرمانەكانی لەوێ وەربگرێت، لە دەرمانخانەیەكی دیكە یان لە شارێكی تر دەتوانێ دەرمان وەربگریت بەڵام دەبێ پارەكە بدات ئینجا فاتوورەكەی بۆ كۆمپانیای تایبەتی خۆی دەنێرێ و ئەوانیش لە دواییدا پارەكەی بۆ دەنێرنەوە .

لە هۆڵەندا نرخی تەنیا یەك شەو نوستن لە نەخۆشخانە (٤٥٠)ئیرۆیە!

ئینجا پارەی دەرمان و نشتەرگەری، بەڵام تۆ تەنیا پێناسەکەت دەدەیت بۆ ئەوەی زانیارەکانی بخاتە نێو کۆمپیوتەری نەخۆشخانە ئینجا نەخۆشخانەو کۆمپانیای دڵنیا کارەکانی دیکە مەیسەر دەکەن .

بۆ ئەوانەی تەمەنیان لەسەرەوەی پەنجایە .. هێندەیان لە خزمەتدان تا خودا دەڵێ بەس!! بە تایبەتی ئەوانەی شەکرەیان هەیە، هەر شەش هەفتە جارێك پسپۆری تایبەتمەند بە نینۆککردنی دەست و قاچ و شەقەڵ شەقەڵی قوونپانی لە خزمەتدایە! ئەگەر نەساغەکەیش توانای رۆیشتنی نەبێت ئەوە پسپۆرەکە بەزێدە لوتفەوە سەردانی ماڵی نەساغەکە دەکات بۆ ئەنجامدانی کارەکەی . هەر یەکێك لەوێ بێ ئاگاداری دکتۆری خانەوادە تەلەفۆن بۆ ئەمبولاس بکات نرخەکەی لە (٥٠٠) یۆرۆ کەمتر نیە! بەڵام بۆ ئێمەمانان بەخۆڕاییە و ئەمبولاسی ئەویش نەخۆشخانەیەکی بچووکی گەڕۆکە..نەك وەك ئەوەی ئێرە! دکتۆرو شوفێرو کارمەندەکەی دیکە ئەوەندە بەلوتف تەعامول دەکەن نەرم نەرم بەرەو نەخۆشخانە لە یاتاغت دەپێچنەوە! چ دەڵێن : بۆ ئێمەیش وەك ئەوان نەبین؟!

* لە خەبات ژمارە (٢١٣٣) رۆژی ٢٠٠٦/٥/٤ بلاوبۆتەوە .

# بۆ وەك ئەوان نەبین؟!
# ٣

بـۆ خـودی خۆمـان .. کوردەکـانی ئـەوروپا لەوکاتـەی مـاڤی پەنابـەری وەرگرێـت تـا زووە خـۆی لـە نوسینگەی فێربـوونی شـوفێری تۆمـار دەکات بـۆ ئەوەی بەزووترین کات ببێتە خاوەن پێناسـەی شـوفێری ئـەویٚ هەرچـەندە لـە هەندێك ولاٚتانی ئەوروپا بۆ سەر بەسۆسیال ئۆتۆمبێـل بـەنێوکردن قەدەغەیـە بەلاٚم نموونـەکانی مـن تایبەتـە بـە ولاٚتـی هۆلّەنـدا . مـاوەی هـەر وانەیـەك بـۆ فێربوونی شـوفێری یـەك کاتـژمێرەو نرخەکـەی (٣٥)سـی وپێـنج یـۆرۆ کـەمتر نیە، خەڵکانێك هەن بە یەك تاقیکردنەوە سـەرکەوتن بەدەسـت دێـنن زۆرمـان هەیـــە بەحـــەوت تاقیکردنـــەوە دەرناچـــێت!! لـــە شـــوفێریەکە هێنـــدە هونەرشـارەزابوون لـە تابلۆکـانی هاتوچۆ هەرچـەندە لەزۆربـەی ولاٚتـانی دنیـا تابلۆکـانی هاتوچـۆ شـین رەنگـن کەچـی ماوەیەکـە لتـابلۆی سـپی لـەنێو شـلری هەولێر بەدی دەکەم!

کـاتیٚ مەشـکار دەڵـیٚ :لـەکاتی سـوڕانەوە (*راسـتە*) دەبـیٚ دووجـار سـەیر بکـەیت (*ئاوێنـەی ژوورەوەو تەنیـشت*) تایـەی ئۆتۆمبێلـت دەگـەڵ شۆسـتەکە بێـت، بـەلاٚم لـە سـوڕانەوەی چـەپ پێویـستە سـێجار بێـت واتـو سـەیرکردنی سەرشـانی چەپەشـت زێـدە سـەرەڕای سـوڕانەوەی (*نیـوە قەوسـی*) چـونکە دوورنیە لوکاتی سوڕانەوەی تۆ ئۆتـۆمبێلێکی دیکە بـە تەنیـشتت گـوزەر بکـات .. هـەروەها دەڵـیٚ : کـە لـە ترافیـك راوەسـتای هـەردەم لـە (*راسـتە*) راوەسـتە، ئەگـەر شـەقامەکە دوو رێـزی بـوو لـە راسـتی (*راسـتە*) هەوڵبـدە لـە دوای

ئۆتـۆمبێلی گـەورە رامەوەسـتە تـاکو بتـوانی بـە ئاسـانی ئـەو چـەند سـاتە چاودێری چەپ و راستی خۆت بکەیت، لەوێ نابێ لـەکاتی راوەسـتانی ترافیکـدا ئۆتۆمبێل بخرێتە (*بۆش*) بەڵکو پێویستە پـێ لـە رکێـف بێـت واتـە لەسـەرگێڕ یـەك بێـت .. بـۆ چـەپووکی دەرچوونە وەك ئێـرە نـاڵێن : ئەگـەر لەسـەر گێـڕ بێت (*کلاج*) دەسووتێ!!

زۆرجار لە کۆڕیانیشتندا باس لە ماجەڕای هاتوچـۆی ئـەوێ دەکـەم، بـاس لـە ترافیکـی سـەوزی خـڕو سـەهم دەکـەین!! لێـرە هـەموو وەك یەکـە، کەچـی لـەوێ هـەر جۆرێـك پێوانـەی خـۆی هەیـە ..لێـرە بـە هـیچ شـێوە نـاتوانی بـە شـوفێرێك بڵێـی : بـۆ لـە شـەقامدا خـواروخێچ دەڕۆی؟ چـونکە شـەقامەکە بۆیـەی سـپی نـەکراوە، تـۆ نـاتوانی بڵێـی : بـۆ لێـرە لـە ئۆتۆمبێـل دەرچـووی؟ چونکە شەقامەکە هێڵکێشی بۆ نەکراوە تـاکو بزانـی ئـەم هێڵکێـشیە پچڕپـچڕە یـان بەردەوامیـە! بـاس لـە کۆمپانیـای دڵنیـاکردنیش ناکـەم چـونکە تـا ئێـستا نیمانـە! لـەوێ سـەرەڕای سـووتان، دزیـن، چـاککردنەوە تـەنیا بـۆ خـۆت یـان نەفەرەکانی نێو ئۆتۆمبێلـەتیش؟ لەبـەر ئـەوەی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێـل زۆر زۆر گرانـە بەتایبـەتی لەسـەر رێگاوبانـەکان بۆیـە خـاوەن ئۆتۆمبێلـەکان لـەم رووەوە خۆیان بۆ ئەو گرفتەش لە سنووری وڵاتی خـۆی یـان سـنووری وڵاتـانی یەکێتی ئەوروپا (*دڵنیادەکەن*)، لەسـەر ئۆتۆبانـەکانی وڵاتـانی یـەکێتی ئـەوروپا لـەنێوان هـەر (*کیلۆمـەترێك و نیـو*) تەلـەفۆنێکی تایبـەت هەیـە تـەنیا پەیوەندیکردنـە لەگـەڵ (*ئاگرکوژانـەوە، پـۆلیس، کۆمپانیـای دڵنیـاکردن، ئەمبولاس*) ئەو تەلەفۆنە پابەنـدە بـە سـەنتەرێك، لـەوێ کەسـێك دەتـوانێ لـە رێگەی بانق بـەبێ ئامـادەبوونی خـاوەن ئۆتۆمبێـل .. ئۆتۆمبێـل بـەناوی خـۆی بکات بە مەرجێ کارتی ژمارە (٣) ی، لابێت لەگەڵ پێناسـەی شـوفێری، ئەگـەر پێناسەی نەبێت پێویـستە بڕوانامـەی شـارەوانی پـێ بێـت ئـەو بڕوانامەیـە بـۆ

سێ مانگ بڕ دەکات نەك بڕوانامەی موختاری ئێرە بۆ هەر موعامەلەیەك دانەیەکی دەوێت!

هەر چەند ئۆتۆمبێل لە هۆڵەندا هەیە هەمووی لەنێو کۆمپیوتەری بانق تۆمارکراوە بە چاوچووقانێك بە (٢٢) یۆرۆ بەنێو دەکرێ، هەرکاتێ ئۆتۆمبێل کەوتە سەرناوت باجەکەیشی تۆماتیك بە پێی قورسی ئۆتۆمبێلەکەو جۆری سووتەمەنیەکەی دەکەوێتە سەر خاوەنی نوێ، دڵنیاکردنیش پێویستە بە تەلەفۆن ئاگاداری کۆمپانیاکەت بکەیت ئینجا دەتوانی بێیتە سەر شەقام بۆ لێخوڕینی .

لەوێ پێویست ساڵانە APK بکەیت ئەگەرنا سزای گەورە دەدرێی بەتایبەتی ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەت دووکەڵدار بێت! واتە هەردەم پێویستە خاوەن ئۆتۆمبێل ئەم پسولانەی لەنێو ئۆتۆمبێل بێت (*سەنەوی، پسولەی APK، پسولە سەوزەکە کە تایبەتە بە دڵنیاکردن، پێناسەی شوفێری*) ئەگەر پابەندی قانوون نیت لەهەر دەقیقەو ساتێك چاوەڕوانی سزای پۆلیس بکە، لەبەر هەندێ لەو ماوەیەی لەوێ بووم هەر دەمگووت : تۆ بڵێی ڕۆژێك دابێت وڵاتی ئێمەیش وای لێبێت؟ ***بۆنا***

---

* لە خەبات ژمارە (٢١٣٥) ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/٥ بڵاوبۆتەوە .

# بۆ وەك ئەوان نەبین؟!

# ٤

نەك ئێمەی کورد بەڵکو دنیای ئیسلامی بەگشتی تەنیا بە قسە باس لە یەکسانی دەکەن، نەك یەکسانی نێوان نێرومێ بەڵکو یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان، زۆرجار لەوکاتەی شتێکی نوێ دەکەوێتە بەرگوێمان بێ سێوودوو دەڵێین ئەوە هێندە ساڵە لە کتێبی ئێمەدا لە فلانە زەماندا هەمانبوە! راستە لە ئاینی ئێمەدا باسکراوەو هەزارو ئەوەندە ساڵەیش پێشتر پراکتیك کراوە، کورد گوتوویەتی :"*ئان ئەو نانە لەسەر خووانە* "بۆ بەچێژکردنی باسەکەم ئەم دوو نموونە دەخەمە بەرچاوان : لە درامای تەلەفزیۆنیدا بینیومە : گوایە لە زەمەنی عومەر عەبدولعەزیزدا مەسەلەی هاریکاری هەژاران هەبوە .. بۆ کوێر کەسێك لەسەر بودجەی (*بیت المال*) تەرخانکراوە تاکو لەکاتی پێویستدا هاریکاری بێت .

کاتێ لە هەندەران جێگیر بووم لەکاتی فێربوونی زمانی ئەوێ باسی هەندێك نەریتی خۆیان بۆ دەکردین، سەرەڕای چەند ئامۆژگاری تەندروستی .. لەسەر (*دوو ژەهرەکە*) قسە دەکرا زۆر لەسەر بەکارهێنانی شەکروخوێ رادەوەستان بەڵکو ئامۆژگاری خەڵکیشیان دەکرد .

رۆژێکیان خوێندەوارێکی خۆمان گووتی : فلان دەزانی ئەو غەیرە دینانە لەخۆمان زیاتر سودیان لە ئاینی ئێمە وەرگرتوە؟! منیش گووتم : چۆن؟ گووتی : گوایە شێخ محەمەد عەبدەی نوێخواز لە کۆتایی سەدەی نۆزدە گوتوویەتی :"*چوومە وڵاتی غەیرە دینان ئیسلامم دۆزیەوە! گەڕامەوە وڵاتی*

*ئیسلام .. ئیسلامم لێ بزر بوو!!* "برادەرەکە لەدرێژەی قسەکردندا گووتی : تا ئێستا لەلای خۆمان دوورونزیک باس لەو (*دوو ژەهرە*) نەکراوە؟! کەچی لەوەتەی هاتوینەتە ئێرە .. ئەوەندە بەگرنگی باسی لێوەدەکرێ! تۆ دەزانی (٧٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا ئیبن تەیمییە لە کتێبێکی خۆیدا قسەی لەسەر کردوە!! گەڕانەوە بۆ کرۆکی باسەکە .. ئەوروپا بەگشتی و هۆڵەندا بەتایبەتی هەر پێنج کیشوەری تێدا کۆبووتەوە، هەموو رەنگەکان وەك یەك بە یەکسانی دەژین، یەکسان سوودمەندن لە قانون و دەستووری ئەوێ .

هەر کەسێك لەوێ مافی مانەوەی هەبێ و تەمەنی (٢٣) ساڵ بێت لە کۆمپانیای خانوبەکرێدان لە رێگەی رۆژنامەی تایبەت بەو کۆمپانیایە دەتوانێ خانو وەربگرێت، گەورەو بچووکی و جۆری خانوو لەوێ بە پێی داهاتی مانگانەکە دەبێت، هەر چەندە ئێمەمانان ئەوانەی هەژارانە وەردەگرن حیسابی تایبەت بۆ دەکرێ .. نزیکەی لەسەدا پەنجای کرێی لەرێگەی سۆسیال هاوکاری دەکرێت پێی دەگوترێ (هوورسسپیدی) .

لەبەر ئەوەی مەسەلەی دڵنیاکردنی تەندروستی (تەئمین صحی) لەچاو مانگانەی هەژاران کەمێك بەرزە .. لەبەر هەندێ سۆسیال برێکی خستۆتە سەرخۆی، هەروەها مەسرەفی لەسەدا حەفتاوپێنجی نەخۆشییەکانی ددان لە ئەستۆی سۆسیالە، هەردوو ساڵ جارێکیش بەخۆڕایی چاویلکە بۆ کەسانی پێویست دەکەن .

لەهەر هەرێمێکی هۆڵەندا بەپێوەری شارەوانی هەرێمەکە کە پێی دەگوترێ Gemeente هەر خانەوادەیەکی سەر بە سۆسیال بۆ وەرزش و مەلەوانی هاریکار دەکرێن .

بە هەموو مانایەك لەوێ یەکسانی لەنێوان خەڵکەکەدا هەیە، بێ جیاوازی رەنگ، ئاین و رەگەز .. پارتە سیاسیەکان بەهەموو شێوەیەك

لەخـەمی ئـەوەدان بـە زێـدە خزمـەتکردن بگەنـە سـەر کورسـیەکانی شـارەوانی یان پەرلەمان بەمەزندە مەسـەلەی ئـەو یەکسانیەی ئـەوێ لـەخوت و خـۆڕایی نەهاتۆتـە دی، چـەندین سـاڵە خۆیـان بـۆ مانـدوو کـردوەو پـلان و پڕۆگرامـی پــەروەردە دەوری بــاڵای تێــدا بینیــوە ئەگــەرنا چــۆن لەچوارچــێوەی (٥٠٠) مــەتری چوارگۆشــە چــاوت بــە مزگــەوت، کــەنیس، کەنیــسە دەکــەوێ لەبــەر هەندێ بۆ خۆم تەنیا حـەز لـە قسەکردن لەسـەر یەکسانی ئێـرە ناکـەم بـەڵکو مـــردووی کردەوەکـــەم . دەوەرن پێکـــەوە هەوڵبـــدەین لـــەوان فێـــربین .. فێربوونیش عەیب نیە!

* لە خەبات ژمارە ( ٢١٣٦ ) رۆژی ٢٠٠٦/٥/٧ بڵاوبۆتەوە .

# بۆ وەك ئەوان نەبین؟!
# کۆتایی

لە ڕۆژانی ئاوارەییدا برادەرێکم بینی کە دوازدە ساڵێك بوو لە ئەمەریکا مامۆستای پەیمانگای دارستانی هێلی یەکسانی (*ئیستوائی*) بوو، گووتم : خێرە لێرەت دەبینم؟ گووتی : ڕاستە من لە ئەمەریکا مانگانەی باشم هەیەو ئەمریکا بە وڵاتی دەوڵەمەندبوون ناوی دەرکردوە، بەڵام مرۆڤ هەر چەند لەوێ کۆبکاتەوە بە یەك نەشتەرگەری هەمووی دەخاتە سەر، کەچی ئەم وڵاتە مەبەستی (*هۆڵەندا*) بوو، لە هەموو ڕوویێکەوە ئاسانکاری بۆ هاوڵاتیان تێدایە ئەوەتە بانقەکان جگە لە کەسانی ئیشکەر سووکە قەرز دەدات بە خەڵکانی سەر بە سۆسیال کە پێی دەگووترێ (*ڕاکێشان بە نێگەتیف*) دیارە ئەو برادەرە دیراسەتێکی باشی وەزعەکەی کردبوو بۆیە لەدوای دوازدە ساڵ بڕیاری گواستنەوەی یەکجارەکی دابوو، هەرچەندە لەنێو خەڵکیدا هۆڵەندا بە وڵاتی کاغەز *papierland* نێوی دەرکردوە واتە بۆ هەموو شتێك نوسراوت بۆ دێتە ماڵ .

هەروەکو لە ئەلقەکانی تر باسم لە دڵنیاکردنی تەندروستی، ئۆتۆمبێل بەهەموو شێوەیەکوە جگە لە مانەیش دڵنیاکردن لەسەر کەلوپەلی نێوماڵ، هەروەها دڵنیاکردن لەسەر مردن کە سێ جۆر دەگرێتە خۆی .. خەڵکانێك هەیە لاشەی خۆیان بۆ سوتاندن دڵنیادەکەن بە واتایەکی تر .. کاتێ ئەو کەسە دەمرێ ئەو کۆمپانیایە لاشەی دەباتە شوێنی تایبەت بە سوتاندن .

جۆری دیکە ئەوەیە کە خۆت دڵنیادەکەیت بۆ شاردنەوەی لاشەکەت لە

گۆڕستانێك بۆ (٥، ١٢، ٢٥) ساڵ واته لەدوای ساڵی دیاریکراودا ئێسك و پروسکەکەت لەگۆڕ دەردەهێنرێ تاکو یەکێکی دیکه بخرێته شوێنی!

ئەوەی تر که بۆ خودی خۆم و دایکی نسکۆ کردوومه مانگانەکەی بەزێده گرانه بۆ گەیاندنەوەی تەرمو یاوەری نزیکترین کەسی مردووەکه بۆ خاکی کوردستان واته وەرگرتنەوەی تەرمی مردوو، شوشتنی به نەریتی ئاینەکەت و کفنکردن و ئامادەکردنی تابووتی تایبەت هەروەها مۆڵەت وەرگرتنی گواستنەوەی مردووەکه ئینجا پلیت بڕین بۆ تەرمەکەو یاورەکەی .

دوا دڵنیاکردن .. که لەویّ گرنگه بۆ منداڵان، ئەگەر منداڵەکه به سواری پایسکل یان شوختی ئۆتۆمبێلی خەڵك دابێنێ یان که دەچێته میوانداری لەو ماڵه شتێکی له دەست زەڕ دەبیّ بۆ هەموو ئەمجۆره گیرگرفتانه .. ئەو دڵنیاکردنه دەکرێت که باری خانەواده زۆر ئاسان دەکات، من دڵنیام له زۆربەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ئاسانکاری هەیه بەڵام به شاهێدی خۆیان وڵاتێك وەك هۆڵەندا ئاسانکاری خزمەتکردنی هاوڵاتیان تێدا نیه بۆیه پڕ بەدڵ خۆزگه دەخوازم وڵاتی کوردستانیش ئاوای لێبێت لەو خەڵکانەی ئەویّ فێربین .

* له خەبات ژماره ( ٢١٣٨ ) رۆژی ٢٠٠٦/٥/٩ بڵاوبۆتەوه .

# کاروانی حکوومەتت ئۆغر
# نەوەی بارزانی نەمر ...

دەمێکە قەدەر بۆ ئێمەی کورد بووەتە مەعادەلەیەك واتە قەدەری ئێوە وەك بنەماڵەی شێخانی بارزان قەدەری میللەتە یان بە پێچەوانە .

ئەگەر بڵێم ئێوە لە سەدەی نۆزدەوە بە تەواوی لە ساڵی ١٨٨٤ وە، سەرقافلەی ئەو کاروانە سەرفرازەن کە لەوکاتەوە دەنگۆی بەرپێکردنی بۆ خەڵکی دەوروبەر لێدرا .. دەمێکە لە کتێبان نوسراوە "*دەگمەنن ئەو کەسانە کە مێژوو بۆ میللەت دەنوسنەوە* "لەودەگمەنانەن ئێوەن مێژووی سەرفرازیتان بۆ ئەم میللەتە نوسیوەتەوە لەبەر هەندێ دەڵێم : کاروانت ئۆغر نەوەی بارزانی نەمر .. من دڵنیات دەکەم باس لە تۆ وەك تاك ناکەم .. من باس لە مێژووی بنەماڵەی ئێوە دەکەم کە تۆ بەشێکی واقیعی و زیندووی ئەو مێژووەی، چەندین ساڵە بە تینوگوڕ بەشداری نوسینەوەی ئەو مێژووە دەکەیت .. من لێرەدا باس لە پووختەیەکی گەنجینەی ئەو بنەماڵەیە دەکەم .. لەسەر من ئەوەیە بڵێم : ئەمەش قەدەری تۆیە کە ببیت بە ئاڵاهەڵگری هەڵمەتی سڕینەوەی حقدوکینەی هێندە ساڵەی کۆمەڵگەی کوردەواری، تۆ دەبێ لاپەڕە تاریکەکانی مێژووی نوێی میللەتەکەمان رووناك بکەیتەوە، لە ئاداری یادی شتە خۆشوناخۆشەکانی کورد دەکەینەوە .. فرمێسك بۆ ئازیزان دەبارێنین، لە ناخەوە دوعای خێریان بۆ دەکەین، بە زەردەخەنەی سەر لێوان یادی هەزاران خۆشی دەکەینەوە بە دڵێکی پڕ لە ئاسوودە وانەی سەرفرازی بۆ نەوەی دادێ دەڵێینەوەو پێیان دەڵێین : ئادار مانگی کوردانە مانگی پڕ

ئومێدو ئاوات و نوێ بوونەوەیە، بەر لەوەی مانگی نەهامەتی و شین و واوەیلا بێت . . بۆیە ئێمەمانان لە سەرەتای ئادارێ تا ئۆغربوونی بە بەژن وبالاکاندا هەڵدەڵێین بە تایبەتی شیعرو پەیڤی زێدە جوان بۆ خۆشەویستی هەوێنی ئەم مانگە بۆ یادی سەرۆکی هەمیشەیی کورد بارزانی نەمر دەهۆنینەوە ئەوەتە ئەمجارەیان لە گوڵانێ یادی رۆژە سەرفرازەکان ٢٦/ گوڵان / ١٩٧٦ دەکەینەوە، ئەورۆ بە نەخبی دامەزراندنی کابینەی پێنجەم باس لە سەروەریەکان دەکەینەوە : هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بنەماڵەی بارزانی قەدەر وای لێکردوون سەرکردەیی ئەم میللەتە بکەن، لەبەر هەندێ لە دەربەدەری و ماڵوێرانیدا سەر قافڵە بوونە، شاری بەصرا، حیللە، بەغداو موصل سەرەڕای تورکستان، ئێران و عرووس بەڵگەی مێژوویین .. دوورخستنەوەی شێخ محەمەدی بارزانی لە سەرەتای سەدەی بیس بۆ وان و بەتلیس هەروەها لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لە ساڵی ١٩١٤ بە دەستی عوسمانیەکان، راپەڕینی بارزان لە ساڵانی ١٩٣١ – ١٩٣٢، شۆڕشی بارزان ١٩٤٣ – ١٩٤٣، بەشداربوونی عەشیرەتی بارزانی لە بەرگریکردنی نۆبەرە کۆماری کورد لە مەهاباد، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی موردستان، دوازدە ساڵەی پەناهەندەیی بارزانی و هەڤالانی، ئینجا هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ١١/ ئەیلوول / ١٩٦١ هەروەها پیلانی نێو دەوڵەتی بۆ لەنێوبردنی شۆڕشی کورد لە ٦/ ئادار / ١٩٧٥ درێژەپێدانی شۆڕش لەژێر شێبەری شۆڕشی گوڵان لە ٢٦ / گوڵان / ١٩٧٦ خۆڕاگرتنی ١٦ ساڵەی ئاوارەیی و پەڕاگەندەیی دوای نسکۆهێنان .. ئەوانە هەمووی مێژووی گەشاوەی بارزانی نەمرن .

**بارزانی داری نێوان خێروشەڕی کوردان**
**شمشێری عەدالەتی نێوان بەهێزو بێ هێز**

**بارزانی سۆرانی و بادینی، فەیلی و گۆران**
**کەرکوك و سلێمانی، هەولێرو دهۆك**
**باشورو باکوور، رۆژهەلات و رۆژئاوا**

بارزانی نەمر خۆی لە خۆیدا پێناسەی نەتەوەیی کورد بوە .. لەبەردە رووبار، داروچیا، دۆڵ و نشێو، دووندو لووتکە، نێرومێ، یارونەیار، دراوسێ و بێگانە بپرسە وەلامێکی پڕ بە پێستی لەلایە چونکە ئاشنایی لە گەڵ هەموویان هەبوە .

بارزانی نەمر هەردەم بۆ کورد شوان بوو، بۆیە لە زەمانی ئەو کەلەمێردە کورد هۆگری کوردستان بوون، پەرت و پەڕاگەندە نەبوون .. هێند گەورە بوو هەموو چین و توێژێك لەژێر باڵیدا خۆی حەشار دەدا .

باترزانی بۆ کورد لە دایکبو، بۆ کورد ژیا، بۆ کورد سەری پڕ لە جەوهەری لە غوربەت نایەوە ژێر خاك . بەلام ئەمڕۆ سوپاس بۆ خودا کە ئەو دەرفەتەی بۆمان رەخساند تەرمی ئازیزان بە شکۆداری بگەڕیننەوە کانگەی وەفا (بارزان) ی، کوردان .

**تابزانن عالەمی وەفاکردارە کورد**
**هەر ئەبێ تەعریفی خۆی بکا ناچارە کورد**
**زۆر قەدیمن زۆرن ئەمما تەفریقەی کردوون زەمان**
**وەرنە قەومێکی نەجیب و صاحبی مقدارە کورد**

ئیدی تا ساڵوەگەڕێکی دیکە بەدوعا .

---

* **لە خەبات ژمارە ( ٢١٤٠ ) رۆژی ٢٠٠٦/٥/١١ بلاوبۆتەوە .**

# بەرەو گوندو زۆم

## ١

*حەمدوسەنا بۆ خودای کە میللەتەکەمانی گەیاندۆتە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ، داری زوڵموزۆرداری لەسەر پشت لابردووین .. جا پێویستە شوکرانەی بکەین .. هەوڵبدەین بەرەو خووڕەوشتی پاکی کوردایەتی بگەڕێینەوە .. پەیرەوی رۆژگاری سەرفرازی باب و باپیران بکەین بۆ ئەوەی بتوانین زبارەی یەکتر بکەین .. لەکاتی پێویستدا بێشە بۆ میللەتەکەمان بکەین بۆ ئەوەی لە هەموو جۆرە تەنگ و چەڵەمەیەك دەربازبین .. فرستە دەخیلتانبم هەلێکەو بۆتان رەخساوە با لە دەست خۆمانی نەدەین .. چاو لە رابردووی یەکتر بچوقێنین بە دڵێکی پاك و بێگەرد بەزەردەخەنەوە پێشوازی لەدوا رۆژمان بکەین پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانیش باشترین تاقیکردنەوەیە بۆمان، بۆیە دەنگ هەڵدەبڕم و دەڵێم : گەلۆ رابن بۆ زبارەو بێشەی ئاوەدانکردنەوەی ئەو وێرانە گوندانە کە تا ئێستا دەستی ئاوەدانکردنەوەی نەگەیشتوتێ، راستە حکوومەتی هەرێم بە هیچ شێوەیەك درێغی نەکردوە .. بەزێدە رێگاوبانی خۆشکردوە، بیری ئیرتیوازی لێداوە، مەکتەبی دروسکردۆتەوە .. هێلی کارەبای راکێشاوە، بەڵام ئاوەدانکردنەوەی کوردستان پێویستی بە دەستی من و تۆش هەیە .*

دوا بە دوای نسکۆهێنانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، رژێمی خۆپەرست کەوتە پیلاندانانی لەنێوبردنی شوناسنامەی نەتەوەی کورد .. جارێکیان بیانووی بە درێژوبەرینی (٦٠) کیلۆمەتری زنجیرە سنووری کوردستان دەگرت، جارێکی دیکە گڕناگەی لە کوێستانی باب و باپیران دەگرت .. لەو سەین و

بەینـەدا جـوانترین گونـدو دێهاتی حـاجی ئۆمـەران، گرتـك، روسـت، باڵـەییان، گەڵاڵـەی ئـاوات و خۆزگـەی خـاپوور کـرد .. بـەرەو دەشـتە هێـرت و ناوچـەی برادۆست .. لەوێوە هاتـە کـاولکردنی شـوێنی سـەرهەڵدانی شۆڕشـەکانی کوردو لانکی سەرکردەی هەمیشەیی و باوکی کورد مستەفا بـارزانی نـەمر، لـەوێوە بـۆ ناوچـەی نێـروەو رێکـان، بـەرواری بـاڵا، لەوێـشەوە سـنوور سـنوور لـە مەرگـەو پشدەر تا تەوێڵەو بیـارەو پێنجـوین، قۆرەتـوو، کانیـاوی خواییـان تەپانـد .. بـە چتوی خۆمان بینیمان بنەگوێزی تەمەن (١٥٠) ساڵەی کوردسـتانیان سـووتاند، هـەموو داروبـاری فێقـی کوردسـتانیان بـڕی بـەژنی چـەندین قوتابخانـە، نەخۆشـخانە، تەکیـە، مزگـەوت و کەنیـسایان دینـەمێت رێـژکرد .. سـیپارەی مـەلای جزیـری، ئـیبن ئـادەم، مـوفتی پێنجـوینی، مـەلا یـەحیای مـزووری و قـەوالی ئێزدیـان پەڕپـەڕکرد! لانـدکی سـاوایان بـێ دایـك و بـاب بـەجێهێلا! چـەندین پیاویـان بێـوەمێرد کـرد! چەندان سـاڵ بـوو باوکـەڕۆ .. بـراڕۆ ببـوە وێردی سەرزاری خەڵکی مشەختی کوردستان، کۆشك و تـەلانی زۆردارانیـان بـە کــچۆڵەی کــورد رازاندۆتــەوە! چــەندان نــەشمیلانی وەك خەزارشــۆڕ بــە مارەوتەڵاق لەخۆ حەڵال کرد! گۆڕی ئەو چاك و پیرانەیان تـەخت و وێرانکـرد کە رۆژێك لە رۆژان بەوپەڕی حورمەتەوە سـەردانیمان دەکـردن .. پـەنامان بـۆ دەبردن تـاکو لـەو درِنـدەو لـەو ناکەسـانەمان بپـارێزن، گـەلێجاریش لـە رێگـەی ئەوانەوە دوعاونزامان بەرەو ئاسمان بەرزدەکردەوە، چـەندین جـاریش خۆمـان دەخیلی سینگ و بەرۆکی ئافرەتی چلەدار دەکـرد .. زۆرجـاریش باوەشمـان بـە مەرقـــەدان دەگـــرت و خۆمـــان لەســـەر ئـــەو چـــاکانە دەگەوزانـــد بەشـــقم خواوپێغەمبەر .. هیممەتی شێخ و مشایخان لەو تەنگانەیـەدا رزگارمـان بکـەن، خـۆ جوانتـان وەبـیر دێ کـاتێ منداڵـە کرمـانج بـاخۆش دەبـوون دایکـەکان چاوترسیان دەکردین بەوەی کە نابێ بە هیچ جۆرێك هێلانـە پەڕسـێلکە تێـك بـدەین چـونکە وا فێرکرابـووین کـە پەڕەسـێلکە سـوپای خـوا بـوو بـۆ سـەر

(*ئەبرەهە*) دەبێ رێزی لێ بگیرێ کەچی رەحمەت لە کفندز .. ئەبرەهەی چیی؟ تاغوتی چیی؟ فیرعۆنی چیی؟ مێژووی کۆن و نوێ نەهەنگی وای بخۆوە نەبینیوە، پەرەسێلکەی بەستەزمان لەراست ئەوانە چیی بکات؟! مێژوونوس و دەولەتانی ئیسلام ئێستاو دوارۆژ بەرامبەر بەکردەوەکانی ئەوانە دژ بە کوردی محەمەدی، عیسایی، تاووسی خەجالەتن، لە چ دەوروزەمانێك بوە دەولەتێکی بەناو ئیسلام هێرشی درندایەتی لەژێر دروشم و رستەی پیرۆزی وەك محەمەد رسول الله، توکلت علی الله، انفال دەکاتە سەر نەوەی سەلاحەدینی ئەیوبی و دەینەوەری، شارەزووری و ئامێدی کە ئەوانە بە کۆلگەی ئاینی ئیسلام دەژمێردرێن، بەلام کوا ئەوانە چیی لەو نەریت و عورفانە دەزانن؟! مەگەر ئێمەیش دروستکراوی خوایی نەبین؟ تا ئێستاش مرۆڤی وا هەن ژیانمان پێرەوا نابینن، وەك بلێی (*یوم الکتاب*) لەدەست ئەواندایە!

## ئەی کوردەواری خۆمان :

چەندان ساڵە ئێوە لەنێو ئەو دەردو ئازارە دەتلێنەوە، ئەمرۆش بە هیممەتی چاك و پیران و دەست و بازووی رۆڵەکانتان هەلتان بۆ رەخساوە لە دەست خۆتانی نەدەن، لە دەوروبەری سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم کۆببنەوە .. لێك نەترازێن ببنە دیوارێکی ئەستوور بۆ پارێزگاری خاکی باب و باپیران .. دوژمنتان چاوچنۆکە یەك بە یەکی لێگەڵ بکەن :

- گوندیان وێران کردوون؟ ئێوە گوندەکان ئاوەدان بۆبکەنەوە .
- کانیاویان تەپاندوون؟ ئێوە بەراوی بۆ دروست بکەونەوە .
- کێلگەتانی مینرێژ کرددون؟ ئێوە بیانتەقێننەوە .
- مەرو مالاتیان قڕ کردوون؟ ئێوە مەڕی رەسەنی کورد بەخێو بکەنەوە .
- *حوانە ماین و گاجووت پەروەردە بکەن . بەمەیان دەیبەینەوە .*

تـاكو گونـدەكانمان بـە كـاولی و وێرانـی بمینێتـەوە ترسـی سـۆێكی تـر لـە دڵماندایە .. لە گەڵ هەر ریزە دیوارێك خرپـە دەكەوێتـە دڵیـان، لـە گـەڵ هـەر بیرلێدانێكی ئەو دەشتە كاكی بەكاكیە بەرتەقای ئەو بیرە ئاوەژوو دەبنەوە .

راستە خەڵكانێك هـەن دەسـتی یارمـەتیمان بـۆ درێـژ دەكـەن خواخێریـان بنوسـێ .. بـەڵام مـەرج نیـە هـەر چـاو لەدەسـت بـین .. مـن دڵنیـام ئاوەدانكردنەوەی كوردستان بە هەوەنتەو لەخوتوخۆڕایی نابێ .. پێویـستی بـە گەلێ كەرەسە هەس، بەڵام كەرەسەی هەرەسەرەكی ئێوەن .. خـودی خۆتـان .. وەرن تەرازووێك بێـنن ئەگـەر لـە شـار مانـەوە چ قـازانجێكی هەیـە؟ نـەئیش .. نەكار .. جگە لەزێدە مەسرەف، خۆ هـیچ نـەبێ لـە گونـد بێـستانمان پێـدەكرێ .. مریـشك و كـاوڕو چـێڵ .. رەشـەوڵاخمان پـێ بـەخێو دەكـرێ، گـەنموجۆ دەچێنین، مەسرەف لادێ كەمە .. ئاووهەوای لادێ خەمرەوێنە .

هەستن لێكرا باروبارگەمان تێكنـێین .. ئێـوە دایكـان هـان لـە پیاوەكانتـان بدەن داوای حەوشەی بەرفراوان و قاناتی بـیری شـیرناوێیان لێبكـەن .. داوایـان لێبكەن لە چاوچنۆكی ناوشار وەدوورتان خەن .. دوو پێیـان لەسـۆلەیەك بنـێن بـۆ گەڕانـەوە، لەسـەر جێگاوباڵینگـانی خۆتـان بمـرن باشـترە .. كەلەكـەتان دەكەوێتـە ئـەرز .. كەسـەری دوێـنێ و ئەمرۆكـەتان لـە ئاقـارو پـاوانی گوندەكەتان فڕێبدەن، شەرتوپەیمانتان لە گەڵ دەبەستم .. هـەر كـە گەڕانـەوە ئەوەی بادارە .. ئەوەی نەخۆشـە لـە گـوێز سـاغتر دەبـێ .. ئێـوە نەخۆشـی نێـو شارن .. ئێوە نەخۆشی ئەوەن لەنێو شاردا خانەدانێتی و نانـدەریتان پێنـاكرێ! ئێـوە هـەردەم فێـرن میـوان رابگـرن .. سەروسـۆراغی یـەكتر بكـەن، بەمـەیان شیرینن .. گەلۆ رابن كاروانتان بەرەو گوندو زۆم بەرێكەن .

---

* لە خەبات ژمارە ( ٢١٤٣ ) رۆژی ٢٠٠٦/٥/١٤ بڵاوبۆتەوە .

# بەرەو گوندو زۆم
# کۆتایی

هـەروەکو بیـستومەو هـەرواش بـۆی دەچـم ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان ژێرخـانی ئـابووری وڵات بـاش دەکـات و لـە مەترسـی قـاتوقڕی دوورمـان دەخاتەوە .. ماوەیەکە وڵاتە نەفتدارەکان پارەیەکی یەکجار زۆر بـۆ چاککردنی زەوی و زار تـەرخان دەکـەن تـاکو بـە کـەڵکی چاندن بێـت، کەچـی خـاکی بـە پیت و بەرەکەتی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە لە مشەیە .

ماوەیەکە سەیر دەکەم لە دوای سەعات یەکی نیوەڕۆیـان نـان و صـەموون لە فڕنیەکان نامێنێ واتـە ئـەو هـەموو فڕنیانـە پێرانـاگەن .. زۆرم پـێ سـەیرە ماڵی کوردواری نانی تـیری لـە ماڵـەوە نـەبێت! لـەوە سـەیرتر ئەوەیـە ئـافرەتی کوردەواری سۆراغی (یۆغرتی) تورکی و ماستی ئێرانی دەکات وەك بڵێـی ئێمـە ئەو خەڵکەی جاران نین؟! کوا هـەولێرە ماست؟ ماستی هـەولێر رەمـزو هێمـا بوو بۆ سەرفرازی ئێمە، لەوەتەی هـەین هـەردەم خـەڵکی شار چاوی لـە گونـد بـوە تـاکو بـازاڕ پـڕی هێڵکـە، گـەنم، نـۆك، نیـسك، مریـشك سـەنگی مەحـەکی نێـوان شـارو گونـدە .. ئەڤـەر لایـەنێك کەمتەرخـەمی بکـات ئـاوا تەرازووەکـە لاسەنگ دەبێت و ترس دەکەوێتە سەر ژیانی کۆمەڵگا هەروەکو ئێـستە هـەموو شـتێك لـەناو شـار بوەتـە سـڕڕە هاتوونەهاتەکـە! لەمەیـشیان دڵنیـام ئـافرەتی کـوردەواری دەورێکـی یـەکجار کاریگـەری هەیـە لەسـەر ژیـانی خانـەوادەی کوردەواری بۆیە ئـەمجارەیان بوخـچەی گلوگازانـدان دەگـەڵ خوشـکان و دایکـان دەکەمەوە .. هەندێك قسان لەگەڵ پلکە بەجیـسی و عـەنیفێ ئـامۆزام دەکـەم "

*بووکێ لەگەڵ تۆمە .. خەسو گوێت لێ بێت* "ئێوەش یا زەینەب .. لەگەڵ تۆمە باجی رەعنا، خۆ کەسەری تۆ لە هەمووان گەورەترە! لەماڵەباوان سڵاو قەت کەست نەما! ئەو ماڵومنداڵە نازدارەت بە بێوەژنکۆشی بەخێوکرد .. هەردەم شەکراوت دەرخوار دەدان .. لە پاش سۆتیان بۆت بەجێ مابوون! ئەویشیان لەبەر سینگ و بەرۆکت هەڵگرت .. بەدەردە ئەنفال سۆدرەیان کردی خوا سۆدرەیان بکا لە دنیاو قیامەت، ئاهوفیغانی تۆو دەستە خوشکانت دووکەڵێکی رەشی تارییە بەری ئاسمانی ئەوانی گرتووە .. ئاسمانی کوردستانی تۆ بێگەردە ساماڵە وەکو دڵپاکی خەڵکەکەیەتی .. وەك دڵە گرینۆکەکەی دایکی شەهیدان و ئەنفالەکانە .. ماوە ماوە خاکی کوردستان لە حقدو بوغزو کینە دەشواتەوە، خوێنی گەشی رۆڵەکانتان داروباری کوردستانی ئاوداوە .. خوایاربێ بەروبوومەکەشی بۆ نەوەی نوێ دەبێ .. نەڵێی ئەوەی من چوو ئیتر بە من چیی؟ نەخێر ئەوانەیش بە جۆرێ هی تۆن، مردن رێگای هەموومانە بەڵام منداڵی ئێوە بەجۆرێك مردن .. نەك ئێوە بەڵکو ئێمەیش شانازیان پێوە دەکەین .. جا لەوە خۆشتر هەیە خەڵك پێتان بڵێ : ئەوەتە دایکە شەهید، کوڕە شەهید، ئەوجۆرە مردنە بەدەست کێ دەکەوێ هەی داکێ داکم .. بەزێدەیش دڵنیام حەز بە تۆڵەکردنەوە دەکەیت، بۆ نا؟ مافێکی رەوای خۆتە .. بەڵام با پێکەوە بیری لێ بکەینەوە ئەو تۆڵەکردنەوەیە چۆن چۆنی بێت؟ من لەمەیشیان دڵنیام ئاگری دەروونت بە کوشتنێك دانامرکێ چونکە شەهیدەکەت یەکجار ئازیزەو لەبەر دڵانە، گەلێك ئازارو ئەشکەنجەت لەبەخێوکردنیدا دیوە .. دەوەرە گوێم بۆ شلکە .. بە سەت قات؟ ناوەڵڵا بە هەزارجار پێکەوە تۆڵەت دەکەینەوە بڕوات هەبێت (*بەو خوایەی لەسەر سەرانە*) هەر بەردێك لەسەر ریزە دیوارێك دابنێی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بە کوشتنی باوەکوژت دەژمێردرێ .. مەڕێك بکەیت بە دووان

کوشتنێکه .. مریشکێك لەسەر کۆمەڵێك هێلکە کوورك بکەیت هەر چەند فەرخە هەڵبێنێ ئەوەندەجار تۆڵەیە، هەرجارێك ئاودێری بڕکی ئەو بێستانە ساوایانە بکەی وەك بڵێی ئاگرێکی بڵێسەدارەو جەرگی دوژمنت داخ دەکەی، هەرچەند خانووبەرە لە گوندەکەتان ئاوەدان بکرێتەوە ئەوەندە کوونە دەکەوێتە جەرگی نەیارت .. هەر میوانێك لە هەواری نوێ راگری و نانی دەرخوارد بدەی و بە رووێکی گەش بەڕێت کرد .. کوشتن و زیندووکردنەوەی دوژمنتە! تۆ رۆژێ ئەوەندجار دوژمنی خۆت بکوژی و زیندووی بکەیتەوە فیژەو هاواری لە دەست ئێوە بگاتە حەفت تەبەقەی ئاسمان .. لەو تۆڵەکردنەوە خۆشتر هەیە؟ وەڵڵا نیعمەتە! وەرن ئێوە دایکان بەرامپیلتان لەسەر پشت ببەستن و دەست بە ئاوەدانکردنەوەو چاندنی کوردستان بکەین، عەمباری گەنم داکەن .. گاڕانی گوندمان زۆرکەین .. دەبا هۆبەو هەواری رەشماڵی مەڕدارانی کوردەواری ئەو ناوە بغەمرێنێ .. دەبا جارێکی دیکە دەگی باعەباعی کاروبەرخان و نووسکەی تاژیان و پرمەی ئەسپەشێ ئەو کوردستانە ئاوەدان بکاتەوە .. دەوەرن پێکەوە لەو بەهارەی دادێ بە دڵێکی پڕ ئاسودە لەبن پانکەی رەشماڵان فرە دۆیەکی ئەو بنەماڵانە بخوێنەوە .. بە حەمدوسەنا سەرمان بەرەو ئاسمان بەرزکەینەوەو شوکرانە بۆ باری تەعالا بژمێرین .

* لە خەبات ژمارە (٢١٤٤) رۆژی ٢٠٠٦/٥/١٥ بڵاوبۆتەوە .

# قیرتاوکردن .. بەڵام !

هەر کەسێك ئەو جموجۆڵییەی ئاوەدانکردنەوەی نێو شاری هەولێر ببینێ .. لە ناخەوە هەست بە ئاسودەیی دەکات و خۆزگەی (دە) ساڵەی دادێی ئەو شارە دێرینە دەخوازێت، ئەوکات بۆ ئەو خەڵکەی خۆمان روون دەبێتەوە کە هەولێر لە چ کاولگەیەکەوە بوەتە چ گەورە شاری ئابووری ناوچەکە! چەندین ساڵ بوو هەولێر عانەیەکی بۆ سەرف نەکرابوو، هەر لە دامەزراندنی عێراقەوە مەزنە کارگەی تێدا دروست نەکرابوو! نەك لە هەولێر بەڵکو شادەماری ئازووقەی کوردستان لە دەست خۆیان بوو، کەچی ئەمڕۆ بە پان و درێژی کوردستان ئاوەدانکردنەوەو چاککردنەوە ئەنجام دەدرێ، بە هەموو مانایەك ئەو جوامێرییەی حکوومەتی هەرێم جێگەی رێزو تەقدیرە .. سەرەڕای کەم دەرامەتی حکوومەتی کوردان هەرچۆنیەك بێت لە گشت مەیدانەکان بە تایبەتی ئاوەدانکردنەوە درێغی نەکردوە بۆیە شیاوی دەست لەسەر سینگە، بەڵام زۆرجار کەموکوورییەکانی کاتی دەست بەکاربوونی کۆمپانیاکان یان دەزگا خزمەتگوزارییەکان دەبێتە مایەی گل و گازاندەکردنی خەڵکی شارو کۆسپێکی بێ مانا دەخرێتە بەردەم هاتوچۆی رۆژانەی نێو شار کە بە پێوانەی زانیستیان کار دەکاتە سەر بژێوی خەڵك و هێنانەخوارەوەی داهاتی تاکی کۆمەڵ، کە دڵنیام بەرپرسانی حکوومەت بەمەیان نارەحەت دەبن چونکە پێویستە ئاوەدانکردنەوە دەقازانجی میللەت لەنگەر بگرێ نەك بە پێچەوانە بەڵام زۆرجار لەبێ موبالاتی بێت یان نەبوونی پلاندانان ئەو کارە دزێوانە دەبنە کۆسپ بۆ نموونە : لە ئەوروپا

هەر كاتێك شارەوانی بیەوێ شەقامێكی نێو شار یان دەرەوە دووبارە قیرتاو بكاتەوە یان هێلكاری بۆ بكات بەر لە هەموو شتێك تیمی تایبەتمەند بیر لە دۆزینەوەی شەقامێكی تر دەكاتەوەو ئەو ڕێگایە تابلۆرێژ دەكات تا دەگاتەوە شوێنی مەبەست نەك وەك ئەو قەرەباڵغیە كە لەنێو شاری هەولێر بەهۆی ئاوەدانكردنەوەو قیرتاوكردن و چاككردنەوە دروست دەبێت، كە ئەمەیان دەبێتە مایەی لێكترازانی هەموو ژێرخانەكان! ئەم شتانەی باسی لێوە دەكەین بە تاكە كەسێك و تاكە دەزگایەك ناكرێت بەڵكو بە شارەوانی، پارێزگا، پۆلیسی هاتوچۆ، دەزگای ڕێگاوبان ئینجا پێویستە ڕاگەیاندن لە ئامادەباشی جەماوەردا بزێوبێت .. چ دەڵێن لەمەودوا دەست پێبكەین؟

* له خەبات ژمارە (٢١٤٥) رۆژی ٢٠٠٦/٥/١٦ بڵاوبۆتەوە .

# منیش فێری سەرپێچی بووم!

زۆرجـار بـیر لـەوە دەکەمـەوە ئەگـەر هـاتوو ڕۆژێـك چـوار ڕێیـەکان و شەقامەکانی هەولێر بێ پۆلیسی هاتوچۆ بێت دەبێ چ کارەساتێك بقەومێت؟! دڵنیـام بـە چاوچـوقانێك شـار دەبێتـە گرێکوێرەیـەکی گـەورە .. ئـەوەی پێـی دەڵێن ژیان تێیدا نامێنێت!! واتە هەبوونی پۆلیسی هاتوچۆ زیـچدە پێویستەو ئـەرکێکی یـەکجار پـیرۆزە بـە تایبـەتی ئەگـەر پۆلیـسەکان لێـزان و پـسپۆری دەستوورو قانوونی هاتوچۆبن .

ڕاستە تا ئێستا کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیـسی هاتوچۆ لەبـەر هـەر هۆیەك بێت ناتوانن بە ڕێك و پێکی سزای سەرپێچکاران بـدەن کـە بەداخـەوە ئەمەیان هۆیەکی سـەرەکیە بـۆ بنبڕکردنـی سەرپێچیەکان، لـە لایـەکی دیکـەوە زۆربــەی هــەرە زۆری شـوفێرەکان لەســەرووی هەموویانــەوە (*بەنــدە*) هــەر هـــەلێکمان بـــۆ برەخـــسێ لەســـەر حیـــسابی خـــەڵکیش بێـــت درێغـــی لەسەرپێچیکردندا ناکەن! جاریش هەیە شـانازی بـە هەڵـەی خۆمـان دەکـەین!! بەداخەوە دەبەنگی خۆمان بە زیرەکی لە قەڵەم دەدەین!!!

پیاو بۆ خوا بڵێ ماوەیەکە دامودەزگاکان لەسـەرووی هەموویانـەوە کارەبا حەیاتەکــەی لەمــەڕخۆمان و بەڕێوەبەرایــەتی هاتوچــۆ کەوتوونەتــەخۆ .. شـــەقامەکان ڕوونـــاك بوونەتـــەوەو بۆیـــەی ســـپی و هێلکێـــشان و چـــاوە بریـسکەدارەکانی سـەر شـەقامەکان بەتایبـەتی چـوارڕیانی (*بەتـەمای خـوا*) دڵـی ئاشـقانی هـەولێری خۆشـکردوە، لەبـەر هەنـدێ ئـەو کارانـەی شـیاوی دەسـت لەسـەر سـینگن . بـۆ خـودی خـۆم ڕۆژانـە بـە (*دەیـان*) سەرپێـچی شـوفێران

مەدهۆش دەبم! لەلایەك بە سەرپێچیکردن نارەحەت دەبم، لەلایەکی دیکەوە بەداخەوە توانای چارەسەرکردنیم نیە! لەبەر ئەو خاڵانەی سەرەوە بڕیارمدا ئەو بۆچوونەی خۆم جارێکی تر بخەمە پێش چاوی بەرپرسانی هاتوچۆ بە هیوای بنبڕکردنی سەرپێچی سەر شەقامەکان هەرچەند خەڵکانێك من بە کۆنخواز دەزانن کەچی بۆ خۆم هیچ گیروگرفتێکم لەگەڵ خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەر نیە .. بڕواشم پتەوە بەوە کە پێویستە هەموو شتێك قۆناغ بە قۆناغ ئاڵوگۆڕی بەرەو باشتری بەسەردابێت (*تاقیکردنەوەی شوناسنامەی شوفێری بە نموونە*) لە ئەوروپا بە تایبەتی هۆڵەندا تاقیکردنەوەی ژمارە هەشتی ئینگلیزی و رەمپەو راوەستانی سەرشەقامی نیە!! کەچی دەگمەنن ئەو کەسانە کە بە یەك تاقیکردنەوە دەربازیان بێت سەربردەی ئەوتۆش هەیە کە گوایەچەندان کەس لە دوای بیست تاقیکردنەوە نەگەیشتونەتە ئەنجام، مەسەلەی تاقیکردنەوەی شوفێری بوەتە گرێکوێرەی ژیانیان!! لە هەۆڵەندا دوو تاقیکردنەوە هەیە یەکیان پێی دەڵێن : تیۆری هەر کەسێك بیەوێ شوناسنامەی شوفێری دەربێنێ پێویستە کتێبی تاقیکردنەوەی تابلۆکان بکڕی، کتێب هەیە ٦٠٠ پرسیاری وێنەداری تێدایە، هەیە ٧٠٠ هەر وێنەیەکی نێو کتێبەکە بریتیە لە حالەتی لێخوڕین یان راوەستان یان سووڕانەوە .. پرسیارەکەشی لە ژێرەوەیە، وەڵامەکەی لە چەند لاپەڕەی دواوەی کتێبەکەدا سەرەوژێر نوسراوە! هەرکاتێك هەستتکرد شارەزاییت لە تابلۆکان پەیداکرد بەرەو شوێنی تاقیکردنەوەی تیۆری گووزەر دەکەیت ئەگەر سەرکەوتنت بەدەست هێنا بڕوانامەی سەرکەوتنی تاقیکردنەوەی تیۆریت دەدەنێ کە ماوەکەی لە (٣) مانگ تێپەڕ ناکات ئەگەر لەو (٣) مانگە لە تاقیکردنەوەکەی دیکە سەرنەکەوتی پێویستە تیۆریش دووبارە بکەیتەوە، بەمانایەکی دیکە کەسێك لە تاقیکردنەوەی یەکەم کە تیۆریە لێزان بوو .. بێ

گیروگرفت له دووەم سەردەکەویٚ چونکە ئەو لیٚزانیەی ئەویٚ تەنیا پیٚویستی بە پراکتیکردن دەکات لەسەر شەقامەکان.

تاقیکردنەوەی دووەمیش لیٚخوڕینی (٤٥) دەقیقەی لەنیٚو شار نزیك قوتابخانە، سەنتەری شار، شویٚنی لاچەپ، نزیك (*ترام*) ئینجا بەرەو ئۆتۆبان (*ریٚگەی دەرەوە*) دەڕۆیت .. لەو ماوەیەدا تۆ لیٚدەخوڕی و مامۆستاکەت لە تەنیشتت دانیشتوە بە قسە یان ئیشارەدان راست و چەپت بۆ دەکات تا دەگەڕیٚنەوە شویٚنی دەرچوونت، شوفیٚر مەعصوم نیە بۆیە ئەوانیش لیٚبوردەیی یەك .. دوو هەلەی بچووکیان هەیە بەلاٚم بە هیچ شیٚوەیەك چارەگە هەلەی گەورەت لیٚ قەبوول ناکەن واتە سەرنەکەوتیت پیٚویستە سەر لەنویٚ دۆسیەت پیٚشکیٚش بکەیتەوە، لەدوای چەند مانگیٚکی دیکە ئەگەر ژووانی تاقیکردنەوەی بۆ دوست نیشان بکریٚتەوە! هەر تاقیکردنەوەیەکیش بە پارەیەکی زۆرە بۆیە خەلٚك حیسابی وورد بۆ ئەو مەسەلەیە دەکات .

لەویٚ پۆلیسی هاتوچۆ دەمانچە لە کەس دەرناهیٚنیٚ، شوفیٚری ئەویٚ شەڕ لەگەلٚ پۆلیسی هاتوچۆ ناکات، ئەرکی سەرشانی هەردووکیان لەوەدایە کە دەبیٚ ریٚز لەیەکتر بنیٚن .. ئەگەر شوفیٚر هەلەی کرد پیٚویستە پۆلیس سزای بدات .

لەویٚ هەر شوفیٚریٚك بیەویٚ بۆ چەپ بسوڕیٚتەوە پیٚویستە بەر لە گەیشتنی بۆ شویٚنی سوڕانەوە خۆی بەلای چەپ ساغ بکاتەوە نەك لەلای راستەوە بە عەنتەری بەدەست هیٚنانە دەرەوە ناوقەدی شەقام ببڕیٚ و بەرەو چەپ بیٚت!! ئەوانی دیکەش بە هۆڕن هەلهەلەس بۆ لیٚبدەن و یەك ملیۆن جنیٚو بۆ دایك و باوکی رەوانە بکەن!

لەویٚ لە شویٚنی تایبەت واتە (*گەراج*) نەبیٚت نابیٚ ئۆتۆمبیٚل راوەستیٚ .. کە راوەستا پیٚویستە بە گرانترین پارە سزا بدریٚ، بەلاٚم نابیٚ یەك قسەی

ناشیرینی پێ بگوترێ یان چاوی لێ سوور بکرێتەوە! لەوێ بە هیچ شێوەیەك هۆڕن بەکار نایەت، بەکارێکی زێە کرێت دەزانرێ! خوا شاهێدە (١٠) ساڵ بوو گوێم لە هۆڕنی خەڵك نەبوو بەڵام زۆرجار لەکاتی سوڕنەوەمدا بێ ئەوەی هەست بەخۆم بکەم دەستم بشکێ بە هۆڕن دەکەوت کە دەبوومە مایەی گاڵتەپێکردی خەڵکی ئەوێ!

لەوێ شتێك نییە پێی بڵێن (*واسیتە*) ئەوە منداڵی فلانە پێویستە بە ناهەق هاریکاری بکرێت، ئەوە فلانە پێویستە سەرەبڕی بۆ بکەین، ئەوە ژنی فیسارە .. راستە تاقیکردنەوەی نەکردوە بەڵام دەبێ شناسنامەی بدەینێ .. شتی وا نیە و نابێت، زۆرجار دەیانگووت (*تڤێی ئیس تڤێ*) واتە (*دوو یەعنی دوو*) کەموزێدەی تێدا نییە .

- تۆ دەزانی ساڵانە جارێك هەموو ئۆتۆمبێلێکی گەورەو بچووك لە هەموو رووێکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و پسولەی ساغ و سەلامەتی دەدرێتێ لە هۆڵەندا پێی دەگوترێ $APK$ .
- تۆ دەزانی لەوێ هەر ماشێنێ دووکەڵی بەچاو دیتراو لە گزۆزی دەربچێت نابێ بەسەر شەقامدا بسوڕێتەوە، چونکە ژینگە قەبووڵی نییە؟!
- تۆ دەزانی رۆژانە هەر کەموکوورییەك لە ئۆتۆمبێلەکەت هەبێت، مەفرەزەی کۆنترۆل هەستی پێ بکات .. سزا دەدرێیت؟!
- تۆ دەزانی شوفێرو نەفەری پێشەوە ئەگەر قایش نەبەستن سزا دەدرێن، ئەگەر منداڵت لەگەڵ دابێت پێویستە کورسی تایبەتی منداڵت هەبێت ئەگەرنا سزا دەدرێیت؟!
- تۆ دەزانی لەبەر ئەوەی ئەوروپا هەردەم تەمومژاویە، ماشێنەکانی ئەوێ گلۆپێکی تایبەتی تەمومژی هەیە، لە رۆژی تەمومژدا پێویستە هەڵبکرێت، لە رۆژی بێ تەمومژدا ئەگەر پێبکرێت سزا دەدرێیت؟!

- تۆ دەزانی هەموو ئۆتۆمبێلێکی ئەوروپا (بەتیخەیەکی) بچووکی هەیە لەگەڵ گزۆز نزیك ماکینەکەی ئەوە تایبەتە بە پاراستنی ژینگە؟!
- تۆ دەزانی لەوێ سەیارە بێ (دڵنیاکردن، باج) نابێ بەسەر شەقامدا ئۆغر بکات؟!
- تۆ دەزانی ماوەی شناسنامەی شوفێری (١٠) ساڵە، تەنیا کۆنترۆڵی چاو دەکرێت؟!
- تۆ دەزانی هەر ساڵێك لە تەمەنی شناسنامە ئەگەر تامپۆنت نەکردبێ لە نرخی (دڵنیاکردن) ت، کەم دەبێتەوە تا لەدوا رۆژدا دەگاتە ٧٥٪؟!
- تۆ دەزانی لەوێ لە میدیاکان شانازی بە خەڵکانێك دەکەن کە تەمەنی شناسنامەکەیان خۆی لە (٤٠ – ٥٠) ساڵ دەدات و لاپەڕەیان لەسەرپێچیدا پاکە؟!
- تۆ دەزانی لەوێ لێخوڕینی هەردەم ئۆتۆمبێل بە پەسند نازانن، بەڵکو هەموو جۆری گواستنەوە بەکاردێنن وەك پایسکل، شەمەندەفەر، ترام، پاص، ماتۆڕ؟!
- تۆ دەزانی لەوێ شناسنامە چەند جۆرێکی هەیە کە بە پیتی ئەلفوبێ لیکجیا دەکرێنەوە واتە شناسنامەی B تەنیا بۆ ئەو ماشێنانەیە کە قورساییان (٣٥٠٠) کغم، جۆری C بۆ لۆریە، هەیە بۆ لۆری و عارەبانە، هەیە بۆ شاحینە، بۆ ماتۆڕ، بۆ رافعە؟!
- تۆ دەزانی لەوێ لەبەر گرانی کەلوپەل بازاڕی سکڕاب (سلۆپرایی)گەرمە؟!
- تۆ دەزانی لە هۆڵەندا چەند قرسایی سەیاە کەم بێت رەواجی باشترە؟!
- تۆ دەزانی ئۆتۆمبێلی ئۆپڵ – فێکترا مۆدێل تا ١٩٩٣ نرخی لە (٢٠٠ - ٦٠٠)یۆرۆ تێناپەڕێ؟!
- تۆ دەزانی لەوێ لەکاتی تامپۆنکردندا هەردوولا بە زەردەخەنەوە لە

ماشـێنەکەیان دێنـە خـوارەوە تـەنیا پـەیڤی (ببـوورە  sory ) لـە زاریـان دەبارێ؟!

- تۆ دەزانی لەوێ دەگمەن سەرپێچی دەبینی؟!
- تۆ دەزانی لەوێ سەرپێچیکردن بە زێدە کرێتەو بە کارێکی دزێو لـە قەڵـەم دەدرێ؟!
- تۆ دەزانی لەوێ بە هیچ شێوەیەك نابێ لەخوار (١٨) سـاڵ ماشـێن لێخـوڕێ، ئەگـەر کۆنتڕۆڵکرایـت مـاوەی پێـنج سـاڵ لـە تاقیکردنـەوەی شناسـنامە بێبەش دەبیت واتە تا دەبیتە (٢٣) ساڵ چاوت بە شناسنامە ناکەوێت؟!
- تۆ دەزانی سەرپێچکارانی ئەوێ زۆرەکەی بێگانەکانی وەك ئێمەن؟!
- تۆ دەزانی لەسەر ئۆتۆبانـەکان باریکە ڕێیـەك بـە بۆیـەی (سـپی بـەردەوام) هێڵکێشی بۆ کراوە جگە لـە (پـۆلیس، ئاگرکوژاندنـەوە، ئـەمبولاص) کەسـی دیکە بەسەریدا ناڕوات؟!
- تۆ دەزانی هەموو ئۆتۆبانەکانی ئەوێ ژمارەی تایبەتی خۆیـان هەیـەو هـەر کیلۆمەترو نیوێك تەلەفۆنی تایبەتی بۆ دانراوە؟!
- تـۆ دەزانـی نـابێ بـە هـیچ شـێوەیەك لەبـەردەم مـاڵی خـەڵك یـان دوکـان سەیارەت ڕاگری؟!
- تــۆ دەزانــی هــەر خانوێــك هــەر بالاخانەیــەك شــوێنی ڕاوەســتانی ئۆتۆمبێلەکانی نیشتەجێی ئەوێی هەیە؟!
- تۆ دەزانی لەوێ خەڵك وەك ئێرە هەڵپە ناکەن؟!
- تۆ دەزانی لەوێ ژیان بە هێوری بەسەر دەچن؟!
- تۆ دەزانی لەوێ هیچ شەقامێك ئازاری ماشێنەکەت نادات؟!
- تـۆ دەزانـی لـەوێ تـابلۆی هاتوچـۆ بـە هەڵوەسـراوی هەیـە، لەسـەر قـیری شـەقامەکان هەیـە، چـەپ، ڕاسـت، بڵنـد، نـزم، هـەموو تـابلۆی زانیـاری و

ئامۆژگاریه؟!

- تۆ دەزانی لەوێ هەموو کەسێك خۆی بە خاوەنی ئەوێ دەزانێ؟!
- تۆ دەزانی لێرە کەس خۆی بە خاوەنی ئێرە نازانێ؟!
- تۆ دەزانی ئەگەر لێرە هەموومان خۆمان بە خاوەنی ئێرە بزانین وەکو ئەوێمان لێدێت؟!

هەر شوفێرێك باوك و دایکی خۆی خۆش بوێت بە هیچ شێوەیەك سەرپێچی ناکات چونکە بە پێچەوانەوە یەك ملیۆن جنێوو دوعای خراپ بۆیان دەچێت!

* لە خەبات ژمارە ( ٢١٨٣ ) رۆژی ٢٠٠٦/٦/٢٣ بڵاوبۆتەوە .

# ئەسعەد عەدۆ  لە نامۆییدا
# پەیڤی شەرمەزاری لە شەرمەزاریدا
# دەتوێتەوە!!

**ئەسعەد عەدۆ ناوێکە نەك هەر لە بواری رۆژنامەنووسیدا بگرە ئاشنای زۆربەی پیرو جەوانەکانی ئەم وڵاتەیە، هەر پیرەژن و پیرەمێردێك شتێك لە فۆلکلۆری لەلا هەبووبێ، ئەوە ئەسعەد عەدۆ دەناسێ .**

**لەم بارە ناهەموارەی کوردستان وەك زۆربەی رۆشنبیرانی ئەم وڵاتە دووای گیران و ماڵ تاڵانکردن لە هەولێر ملی هەندەرانی گرت بەر، دووای سێ مانگ بەم چەشنە هەستی پڕ لە نامۆیی خۆی دەربڕیوە .**

**( گوڵان )**

**برام سەرۆ ..**

وەك نەریتێکی باب و باپیران سەلامی خواتان لێ بێت .. بۆ سێ مانگ دەچێت رۆژانە لە وڵاتی غوربەتدا دڵم ئۆقرە ناگرێ هەردەم بەبێتە بێتە، هەرکات لە (*دووری ئێوە*) دا، چاو قەتیس و لێو بەبارو رەنگ زەردم و لە حەژمەتا ژان دەگرم . . لەبەر هێندێ لێرەوە لە وڵاتی غەیرە (*دینانندا*)، وەك ئافرەتێکی چلەداری کوردەواری، وەك هەتیوێکی خێرلەخۆ نەدیو .. سینگ و بەرۆکی خۆم بەرەو ئاسمان دەکەمەوەو لە ناخەوە (*مام سێوە*) ئاسا هاوار دەکەم و دەڵێم :" *هەر کەسێکی دەبێتە سەبەبکاری دوو دڵان یاخوا خێر لەخۆی و ماڵومنداڵی نەبینی، ئەو ژانە دژوارەی ئێمەمانان لەمەڕ دووری ئازیزان ببێتە شاهێد تاکو سەبەبکارمان ببێتە سۆدرەی دنیاو قیامەت* ".

## برام سەرۆ ..

ئەگەر بەبیرت بێ؟ ئەگەرنا لە رۆژنامەی (*برایەتی*) بیخوێنەوە! لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤ بوو، وەك چاولێکەرێکی "*تەدی و بدی* "هەست و نەست و خۆزگەی خۆمان بۆ ساڵی رابرد و دادێ تۆمار کرد .. کاتێ گووتم : "*بە فرمێسکەوە خواحافیزی لە ساڵی ١٩٩٣، بە فرمێسکەوە پێشوازی لە ساڵی ١٩٩٤ دەکەم!* "گووتیان : *رەشبینە! لە مۆدێرنزمی نابەڵەدە، کەمزانە، گلەیی لێ ناکرێ کورە کرمانجە!* جا براڵە ئەو کوردەی خۆمان بە تایبەتی مەعشەری رووناکبیران!! هێندەیان پێرەوا نەبینیم تاکو لە ناخی دڵمەوە پڕ بەدەم بچریکێنم بڵێم هۆ گەلۆ .. ئەوە هەستی حەوتەمی کرمانجەتیمە!!! هیچ نەبێت دەلالەتی دەبەنگیمە! بەشانازیەوە ناڵێم : *هێندەی پێ نەچوو فەتوای دڵکرماوی بەناو سیاسەتمدارانی ئەمرۆی کورد هاتنگۆ* .. ئەوەی خوا پێی ناخۆش بوو گووتیان .

ئەوەی لەگەڵ نەریتی کورد، کوردەواری و کوردایەتی نەدەگونجا نەخشەیان بۆ کێشا، ئەوەی خەڵکی کوردستان حەزی لێ نەدەکردو لێی دەترسان ئەوان کردیان .

هێندەی نەبرد .. لە وڵاتی بەردڵان بوو بە شریخەی مەترەلۆزان، موقەدەراتی کورد بەدەست ئەوانەوە بوو بە یاری (*کەلایانێ*) .

## برام کاکە سەرۆ .

نابێ دڵت برەنجێ ئەگەر بڵێم لە کەلەپووری باوان نابەڵەدی، تۆیش وەك خەڵکانێك لە بەدبەختی خۆتدا تووشی شێرپەنجەی سیاسەت بوویت"*سیاسەتمەداری کورد* ". لەوەیش دڵت نەرەنجێ کە گوتوومە :"*کوردو سیاسەت کوجا مەرحەبا*!"چونکە لە پێشدا گوتوومە :"من و سیاسەت کوجا

مەرحەبا"ئەمانە لەجیاتی بەرەوپێشچوون .. کوردی دووا سەدەی بیستەمیان بەرەو رۆژانێك بردەوە، رۆژانی " *چەتۆی فەرعۆ* "کەچۆن مەڕومالاتی بنەماڵەی "*ئەحمەدی نێسیر* "ی، تالان دەکرد، رۆژانی "فلیتی فتۆ "ی، کوڕە بێوەژن کە چۆن رێگەی لە کاروانی "خوێ "دەگرت! رۆژانی" *هەسەن و هەیدەران*"ی، باوك هەتیو کە بۆ ماڵی دنیا لە خوێنیان گەوزاند و لەبەر سکی" *فاتمێ*"ی، دایکیان هەلگرت و رەنجی چەندان ساڵەی بەخێوکردنی"*فاتمێ*"یان بەزایە برد، رۆژانی تۆڵەکردنەوەی "*لەشکری*" لە "*سلێمان بەگی شاقوولی بەگی هەریری* "کەچی ئەمرۆ مێژوو لە دووتوێ کتێبدا ئەو رۆژانەو ئەو ناوانەی بۆ ئێمەمانان هەموو ریسوا کردوە، بەلام بۆ سیاسەتمەدارانی ئێمە ئەو رۆژو ناوانە نەبوونەتە پەندوعیبرەت، لەبەر چیی؟ وەلامەکەی لە گولاندا نوسیومە : "*کەرین تێینەوە!* "

## براڵە کاکە سەرۆ ..

لەکاتی ئەم نووسینەدا دڵم بە ژانە، ئۆقرە ناگرێ گەلە بەگۆتەگۆتە ... لەوکاتەی کوڕەتیمە حەیران سەیری تەلەفزیۆنی ئەو ولاتانەی دەکرد کە خۆیان و میللەت و خاکی خۆیان خۆشگەرەکە، هەر کەسەو ئومێدو خۆزگەی سەیروسەمەرەی خودی خۆیان لەمەڕ ساڵی نوێ دەخواست کە بریتی بوو لە خۆزگەیەك کە لەنێو فەرهەنگی خەڵکی ولاتەکەماندا نییە، پرسیارم کردو گەڕام ..گەڕام و پرسیارم کرد .. دەزانی هەر هەموویان لەمەڕ ئەم پرسیارەمدا چیی بوو؟

گووتیان : موقەدەراتی ولات و میللەت کارێکی هێند بچووك نییە تاکو لەسەری ساڵاندا خۆزگەی بۆ بخوازێ، موقەدەراتی ولات بەدەست کەسانێکی ئەوتۆ نییە تاکو لێی بترسین!! *هەموو شتێك گاڵتەی پێ دەکرێ ئیلا خاك و*

*میللەت* .. وەك"*تەدی و بدی* "گووتم : ئەوجۆرە کەسانە کێن کە موقەدەراتی خۆتان داونەتە دەست؟ بەسەرسوڕمانەوە گووتیان : جگە لە خەڵکی ئەفغانستان و کوردستان نەبێت کەسانێك نییە ئەمجۆرە پرسیارانە بکات؟!

## برام کاك سەرۆ ..

دەزانی لەجیاتی سیاسەتمەدارانی خۆمان ئارەقەی شەرمەزاریم تك .. تك بەنێوچەواندا هاتەخوارێ، ساڵانێك بەر لە ئێستە لەوکاتەی شۆڕش رەنجی رەشورووتی میللەتەکەمی نەدەدزی، ئێمومانان وەك گەڕیدە بە وڵاتاندا وێڵ بووین لەهەر دەرگایەکمان بدابەایە بەسەیرکردنێك "*هەلۆ ژەنەراڵ بارزانیان* "لێدەکردین.. وشەی کوردستان بەسەر زاریان خۆش رادەهات کەچی ئمڕۆ **کاکە سەرۆ** .. سوێند بەو پیرۆزییەی کورد کە لە لایەن کوردەوە پێشێلکراوە لەهەرجارەی ئاشکرابوونمدا کە کوردو کوردستانیم ئارەقەی شەرمەزاری تەڕم دەکاتەوە! تەنیا پرسیارێکە ئەگەر کەسێکی وەك من لێرەدا هێندە شەرمەزاربێت تۆ بڵێی نەخشەکێش و دڵکرماوی بەناو سیاسەتمەداری کورد لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم هەستەی مندا لە شەرمەزاریدا نەبوورێتەوە؟! بۆ وەڵامەکەی .. خۆت ماندوو مەکە لەجیاتی تۆ، لە جیاتی خۆم، لە جیاتی کورد دەڵێم نەخێر **پەیڤی شەرمەزاری لە شەرمەزاریدا دەتوێتەوە** نەك ئەوان .

---

* **لە گوڵان ژمارە ( ٦٤ ) رۆژی ١١/٢/١٩٩٦ بڵاوبۆتەوە .**

# کەی ئەمە ڕەوایە ؟!

ئەگەر بە چاوی ڕەخنە بڕوانینە ئەو دوو ساڵەی خەڵکی کوردستان و ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژیاین .. لەسەرەتادا هەست بەوە دەکرا کە بە هیچ جۆرێك ئاسایش نەبوو، بەڵکو شیرازەی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری ئاڵۆز ببوو .

لەسەرەتادا بەرەی یەکگرتووی کوردستانی .. ئێستەیش ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، بۆ ئەوەوی بتوانین بەسەر ئەو کەموکووریە زاڵبن بۆ ئەم مەبەستە دریغیان نەکرد بەڵام هەست نەکردنی خەڵکانی نامەسئول و ئەو کەسانەی بەرژەوەندیان بەو بارودۆخەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان لەنێوچووە، وەك بەکرۆکەی بنگەوەڕێ لە ژێرەوە ئاگری خۆفرۆش و خوبزەی ئەموئەویان لە گیانی ئێمەی ئاشتیخواز بەردەدا، بۆ ئەوەی سەوجاسەری مەسەلەکان بشێوێنن و ببینە بنێشتە خۆشەی ناو زاری نەیارانی کوردوکوردستان .

بەڵام لە ئەنجامدا هەر دوو ئەنجومەن و خەڵکی ئاشقە مەسەلەی کورد توانیان سەرەداوی تۆڕی ئەو ناپاکانە دەستگیر بکەن بۆ ئەوەی بخرێنە بەردەم دادگای میللەت و سزای عادیلانەیان بەسەردا بچەسپێنن تاکو خوبزەی دیکەش چاوشکێن بن .. ڕاستە حکوومەتی هەرێم هەردەم بە خۆزگەی ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستان دڵیان نەڕەنجێ چونکە دەوروزەمانێکە دڵڕەنجاون و تووشی بگرەو بەردە بوونەو خۆشیان بەخۆوە نەبینیوە کەچی ناحەزان ئەو دیموکراتیەی هەرێمیان بۆ مەبەستی گڵاوی خۆیان ئیستغلال کردو ئەوەی لە توانایاندا هەبوو کردیان و دەیکەن، بەڵام

هەمیشە دڵسۆزانی کورد لەوە گەورەترن لەمەودووا چاوپۆشی لەو پیلان و کارە نامرۆڤانەی کاربەدەستانی رژێم بکەن، ماوەیەك بوو کۆمەڵی کوردەواری بە کوێرایی ناحەزان بەرەو ئاسایش و حەسانەوە دەچوو، بەڵام ئەو کەسانەی بە نامەردی لە دوواوە خەنجەر دەوەشێنن چاویان بەرایی نادات ئەو میللەتە بەستەزمانە ئارام ببینی بۆیە (*حلیمه رجعت الی حالتها القدیمه*) . کەچی لە راگەیاندنیاندا شانازی بە خۆیان دەکەن کە گوایە ئاڵا هەڵگری ئاینی ئیسلامن، ئەگەر وایە بۆ پەیرەوی دەستووری ئیسلام و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د . خ) ناکەن؟ کوا "*اجنحوا للسلم* " تان؟ کوا پەیرەوکردنی "*اربعه اشهر الحرم* "خۆ ئەمەیان لە زەمانی جاهلیەکانیش پەیرەو دەکرا! تا کەی بە زمانی لوولە تفەنگ قسە لەگەڵ خەڵك دەکەن؟ بە هەشت ساڵەی شەڕی ئێران – عێراق تێرنەبوون؟ بە شەڕی سیی وڵاتی کەنداو تامەزرۆییتان نەشکا؟! بە شەڕی سیی و دوو ساڵەی کوردستان تینوەتیتان نەشکا؟! کەمێك چاو بە دەوروپشتی خۆتان بخشێنن و سەیری بارودۆخی ئێستەی جیهان بکەن، تا کەی منداڵی خەڵکی وێرانەعێراق بە کوشتن دەدەن؟ تا کەی ناگەنە ئەو قەناعەتە کە نەتەوەی کورد لەدووڵاوە ئیمانداره، یەکیان بەوە کە بەندەی موخلصی خوای خۆیانن، هەر کەسێکیش لەخۆی و خوای خۆی یەقین بێت مەحاڵە جارێکی دیکە بدۆڕێنی، دووەم جاریش ئێمە بە فیعلی حوبی وەتەنمان تێکەڵ بە ئیمان کردوە، واتە کوردستان بوەتە هەوێنی خۆشەویستیمان، بەبێ ئەم خاکە بە پیت و بەرەکەتە ناتوانین گوزەران بکەین، بۆیە لەم مەعادەلەیە زیاتر شك نابەین :

**یان ئازادی و دیموکراتی لوژێر سێبەری حکوومەتی هەرێم**

**یان مردن لەسەر خاکی باب و باپیران**

# تاشینی وشەی نوێ !

لـە سـاڵانی پەڕاگەنـدەیی و دووره وڵاتـدا (هـێمن) ی، بـەتوانا جگـە لـە شیعری تەڕو ناسکی پڕ تامولەززەت .. جارجار بـەهرەوەری خـۆی لـە نووسـین و وەرگێڕاندا پێشکێش دەکردین .. رۆحی وەبەردەنا .

ئەو زاتە لە نوسینێکیدا باسی دوای شەڕی جیهانی یەکـەم دەکا کـە چۆن کەمالیـستەکان هەوڵیانـدا خەڵکەکـەیان فێـری ڕێ و شـوێنی ئـەورپایی بکـەن و دەست لە پیتی عەرەبی بەربدەن، هەروەها پانئێرانیـستیەکانیش بـە خۆزگـەی فارسییەتی .. گەلێکیان هەوڵدا، لـە دوای شـەڕی جیهـانی دووەم ئـەو تـەپوتۆزە گەیـشتە کوردسـتانی عێـراق و دەسـتیان بـە تاشـینی وشـەی نـوێکرد بـەڵام لـە ئەنجامدا بوونە بڵقی سەر ئاو! نەتورك تـوانی لـە زاراوەی عـەرەبی دەربازبێـت سەرەڕای لاتینیەکەیان، نەفارسیش، کوردیش لە وشە داتاشین سەرنەکەوتن .

لـەم سـەردەمەی ئیـستاماندا مامۆسـتا سـەعید ناکـام زیرەکانـە کەوتۆتـە ریـسواکردنی ئـەو پەیڤـە دزێوانـەی نێـو ئـەدەب و رۆژنامەنووسـی کـوردی ئەمرۆمان، چەڵەنگانە لێیان وەخۆکەوتوە .. سەوجاسەریان دەدۆزێتـەوە ئینجا بـەرەو هۆبەوهـەواری رەسـەنی خۆیـان دەیگەڕێنتـەوە، منـیش هەمیـشە حـەز دەکەم شـێوەی نووسـینەکانم بـەجۆرێك بێـت کـە زۆربـەی خـەڵکی کوردەواری تێمـان بگـەن .. نـەك وێڵـی نێـو فەرهـەنگ بـن و لـە دواییـدا لـە نووسـینەکە بێـزاربن، مـەزاجی خوێندنـەوەیان نـەمێنێ بـبڕای نەیخوێننـەوە . بـە مەزندەی ئێمە نوسـینێك لـەنێو ئـازارو ئەشـکەنجەی کەمەڵگـە هەڵنـەقوڵابێ و خۆشی و ناخۆشی خۆیان تێدا بەدی نەکەن چ تامێکی دەبێ؟

ئەگەر ناوەرۆكی نوسینەكە ئەوەیشی تێدابێت بەڵام بە شێوەیەكی ئـەوتۆ بنوسرێ تێگەیشتنی بۆ هەموو توێژێك ئەستەم بێ، لەم حاڵەتەیـشدا نەنوسـرێ باشترە، ئەو میللەتە قوڕبەسـەرە چیی بكات لـە گـەڵ هاتنـە دنیـادا (تازیمانـە، سەرەخۆشی، بـانگ) بـۆ مـردن بـەكارهاتوە، ئەمڕۆكـەیش كـوڕە جحێڵـە خـوێن گەرمەكەی بێ ئەوەی رێگە بۆ ئەو پەیڤانە خۆش بكات پـڕ بـە زاری بـە دایـك و باوكـە دەشـتەكیەكەی دەڵـێ : دەچـمە (پرسـە)، ئێـستەیش هەنـدێك كەسـان هەن كاتێ گوێ لە دەنگ و باسی رادیـۆ شـڕەكەی بەغـدا رادەگـرن لـە كۆتاییـدا روو لە نزیكترین برادەریان دەكـەن و بـە سەرسـوڕمانەوە دەڵـێن : ئـەوە چیـی گووت؟!

خۆزگە دەبوینە پسپۆری وشە، پەیڤ، زاراوەی نێو كۆمەڵگـەی كـوردەواری لە جیاتی ئەوەی خۆمان بە وشەی داتاشراو خەریك بكەین .

# مارشی ناشتن ..

چەند ساڵێك بەر لە ئێستا پارێزەری هاوڕێم كاك (فكرەت) هاتە لام و گووتی : كاك دڵشاد محەمەد سەعیدی هونەرمەند لە ئینگلتەرا دەخوێنێ .. دەپرسێ ئایا میللەتی كورد جۆرە مۆسیقایەكی تایبەت بە مردن یان ناشتن هەیە؟ منیش گووتم : كاكە فكرەت بەرنامەی (لەكەلەپوورەوە) گەلێ بابەتی پێشكێش كردوە كە هێندێكیان بوەتە مایەی سەرسوڕمانی هونەرمەندان بۆ نموونە ئاوازی (هەوارە بەلۆ) شوانەكان پارچە نانێك لە كوونی شمشاڵ دادەنێن و ئەمجۆرە ئاوازە لێ دەدەن (نێری) یان (بەران) هەردوو قاچی پێشەوەی خۆی بۆ سینگی شوانە بەرز دەكاتەوە بۆ ئەوەی نانەكە بخوات .. بەمجۆرە فێردەكرێ : كاتێ رانە مەڕ پەرتوبڵاو دەبێت بۆ ئەوەی شوانە بێ ئازاركێشان كۆیان بكاتەوە نزمی (هەوارە بەلۆ) لێ دەدا .. نێری بەهەڵەداوان بۆ لای شوانە دەگەڕێتەوە، مێگەلەكەیش كە بینیان نێری یان بەران بەرەو لای شوانە دەڕوا ئەوانیش لێكڕا بە كۆمەڵ بە دوای دەكەون!

یەك لەو نامانەی گەیشتە بەرنامە ئەوە بوو كە میللەتی كورد ( نظریـــة بافلوف) دەزانێ بەڵام نەیتوانیوە دەری ببڕێ!! یان دەربارەی ئەو ئامێرە كە لە بەرنامە نیشانی بینەرانماندا بە ناوی (كەمانچە)لە شێوەدا لە رەبابەی عەرەبی و جۆزەی بەغدادی نزیكە، كە هونەرمەندانی (بەگزادە) وەك بنەماڵەی (عەلی خەنجەر) لە لاوكدا بەكاری دێنن .. ئەو بنەماڵانە لە پێستەی مامزو كلكی ئەسپ و شەب بە دەستی خۆیان دروستی دەكەن و لاوكی یەك، دوو سەعاتی پێ دەچڕن! بە هەمان شێوە چەندان نامەمان بۆ هات كە

راستە ئەو ئامێرە مۆسیقایە هەیە بەڵام بە هیچ جۆرێك نەزانراوە كە میللەتی ئێمە بۆ گۆرانی بەكاری هێنابێ، بۆ نموونە هەردووكیانم لە ئارشیڤدا هەیە، دێینەوە سەر مەبەست مارشی ناشتن، ئاگاداری كاك فكرەتم كردەوە كە ساڵی ١٩٨٨ شوانێكی دووزەلە ژەنی گوندی (بادلیا) كە دەكەوێتە پشت (دیانا) ناوی (ئیدریس) بوو، هاتە سەردانیم .. لەكاتی گفتوگۆكردندا باسی (ئاوازێكی تایبەت بە مردن) مان، كرد . كاكە ئیدریس شوانە گووتی : دەزانم لێیدەم! منیش بە سەرسوڕمانەوە گووتم : باوكم .. بۆ ئێمە هەمانە تاكو بیزانی؟!! گووتی : بەڵێ، ئەوەبوو پارچە مۆسیقایەكی بە شمشاڵ بۆ لێدام و تۆمارمكرد بەڵام تا ئێستا لەناو ئارشیڤدا بۆم نەدۆزراوەتەوە تاكو بۆ كاكە دڵشادی بنێرم، لە كۆتاییدا پێمگووت : ئەماەیان لە كوێ فێربووی؟ گووتی : كاتێ شێخ ئەحمەدی بارزانی وەفاتی كردوە ئەمجۆرە ئاوازەیان لێداوە، خەڵكیش بە ماتەمینی و بەجۆرێكی تایبەتی بە دوای تەرمەكە دەڕۆیشتن .. خۆزگە كاكە سیروان سیرینی لە لای خۆیەوە بۆ ئەم مەبەستە سوودی لە ئاوازی فۆلكلۆری نەتەوەكەمان وەردەگرت .

# ئەم گلەییە کێ دەگرێتەوە؟!

دەمێکە لەلای خۆمەوە بڕیارمداوە ئەگەر هەر نوسینێکم لەبەر هەر هۆیەك لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی خۆماندا بلاْونەکرێتەوە ماوە ماوە لە دوو تۆی نامیلکەیەکدا بلاْوی دەکەمەوە، چونکە ناوەرۆکی نووسینەکانم تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبەرهەندی لەهیچ شوێنکی دیکە جێگەی نابێتەوە هەرچەندە هێندێك نووسین هەیە ئەگەر لەکاتوساتی خۆیدا بلاْونەکرێتەوە ئەو تاموچێژەی نامێنێ .

هەرچەندە ئەمەیان لەلای خوێنەران ئاشکرایە کە لەنوسینەکانمدا سوود لە کەلەپوری باوان وەردەگرم ئینجا بە بارودۆخی ئێستای دەبەستەمەوە ئەمەیشیان بە زەقی لەنێو نوسینەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە

بەدەست خۆم نیە بۆ نمونە باس لە دەشتی هەولێر دەکەم هەوڵدەدەم ناوی ئەم خەڵکانە نێرومێ ی، ناوچەیە هەریەکە لەشوێنی خۆیدا تۆمار بکەم بۆ بە هێزکردنی باسەکەم بە پوختەیی تەوزیفی بکەم .

ئەگەر باسەکە پەیوەندی بەمێژووی شۆڕشی کورد هەبێ بەهەمو شێوەیەك هەوڵدەدەم ناوی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەو شەهیدەکانی ناوچەکە بە تایبەتی بەشداربوانی ئەو شەڕانەی مانونەمانی کە لە دەشتە کاکی بەکاکیە ڕوویداوە تۆمار بکەم سەرەڕای ئەو بنەماڵە خانەدانانە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆنەتە شوێنی حەسانەوەی حەسانەوەی پێشمەرگە ماندووبوەکان بەهیچ شێوەیەکیش باس لەو خەڵکە ناکەم کە لەشەوی یەڵدا گۆڕیان بۆ شەهیدانی کوردو کوردستان هەڵکەندووە یان ئەو حەیامەندانەی میللەتەکامان بەجۆرە ناوێك ناخی ئەو قارەمانانەیان تەڕ کردۆتەوە .

ئێستاش واته دوای (١٠) ساڵەی ئازادی كوردستان به یەقینـەوە دڵنیـام تـا ئێستا خەڵكانێك هەن نەك تەنیا نەوەی نوێ بەڵكو خـەڵكی دیكـەش لـە گـەڵ سەربردەی سەرفرازی میللەتەكەماندا نابەڵەدن، بـۆ هەنـدێكیان دەڵێم هـەق نـین، چونكه ئـەو سـەربردەیانه لـە زەمـانی ئەوانـدا ڕووی نـەدواەو لـەو ماوەیەشدا له هـیچ شـوێنێك و لـەهیچ كەسـێك نەیانژنـەفتووە! كەچـی سـەیر لەوەدایـە ئـەو كەسـانەی شـارەزییان لـەو سـەربردانەدا هەیـە بـۆ باسـی لێوەناكەن؟!

من لێره تەنیا دوو نمونـەی دەشـتی هـەولێر دەخەمـە بەرچاوان، شـەڕی شاخۆڵان و شەڕی دشتی هەولێر كه لەكاتی خۆیدا بەناو بـانگترین داشـتانی شۆڕشـی مـەزنی ئـەیلولی بـوون هەرچـەندە مـن لـەگۆڤاری كـادیر لـە ژێـر ناونیشانی ڕەنگدانەوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلولی له هونەری میللدا باس لـەو دوو داسـتانەدەكەم هـەروەها لـە دوای ڕاپـەرین لـە بەرنامـەكانی ئێزگـەو تەلەفزیۆنـدا بـە كـورتی باسـم كـردوون كەچـی جگـه لەمانـه باوەڕناكـەم ئـەو لایەنه سەرفرازەی مێژوو شۆڕشی مـەزنی ئـەیلولی باسـكرابێت ئـەوی شـایانی باسـە ئـەو مێـژووە شـەڕی شـاخۆڵان بـە دەنگـی هونەرمەنـد محمـد گـۆران شەڕی دەشتی هەولێر بەدەنگی حەسەن حەیران له ئاداری ١٩٧٠ تۆمار كراون ئیدی نازانم ئەم گلییه كێ دەگرێتەوە ؟

# بەرنامە راستەوخۆکانی سەتەلایت

ئەو وتارە بە نرخەی سەرۆکی هێژامان کاك مسعود بارزانی، بەرامبەر بە ئەدیب و ڕۆشنبیرانی شاری دهۆك بۆ هێژایان نوێ بابەت نیە، بەڵکو دەمێکە، زۆریش دەمێکە ئەوجۆرە ئامۆژگارییانەی ئاراستەی ڕاگەیاندنی پارتیمان کردووە بەر لەوەی خەڵك رەخنەمان لێبگرێت پێویستە خۆمان ڕەخنە لە خۆمان بگرین - مسعود بارزانی

بۆ مێژوو ئەمەیان لێرە تۆمار دەکەم لە بەرهاری 1993 دا، بەرپرسێکی پارتیمان گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی پۆلیسێکی هاتوچۆی ناو شاری نەکردبوو، لە ئەنجامدا بەرپرسەکە زللەیەکی لە پۆلیسەکە گیرکردبوو! !
کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە رۆژنامەکەمان کورد گوتەنی دەستێکمان کەوتە پێش و یەکێکیش لەپاش لەوکاتدا رۆژنامەی برایەتی گۆشەیەکی بەنێوی (میکرۆسکۆپ) لە لاپەرە (٨) بۆ ئەمجۆرە ڕووداوانە بلاْودەکردەوە ، کوردستانی نوێش گۆشەیەکی (بۆمب)ی، هەبوو ئێستاش نازانم بۆ ئەو دەرفەتەمان لە دەست خۆدا؟!

بۆ سپێدە ئەو هەواڵە لە گۆشەی بۆمب بەترشوخوێوە بلاْو کرایەوە، بۆ نیوەرۆ بانگکرامە (سەری بلْند) بە پەلە گەیاندمیانە بەردەم کاك مەسعود. زۆر بە توندی گلەیی لێمانکردو فەرمووی: چەندجار گووتومە بەر لە خەڵك پێوستە خۆمان ڕەخنە لە خۆمان بگرین، پێویستە ئێوە کەموکووری خۆمان دەست نیشان بکەن

هەرچۆنێك بێت منیش ڕێویەك لە وێ و شێریك لەوێ سودی نەبوو

ئینجا فەرمووی :

دامودەزگای حکومەتی هەرێم، بە دەستی خۆمان لە ڕۆڵەی خۆمان دامەزراندووە، چۆن دەبێت ڕێزی لێنەگیرێ؟

ئەگەر ئەو کەسە لە بەرزترین پلەو پایەدابێت، پلەو پایەی مرۆڤ لەوەدایە کە چەند دەتوانێ خزمەتی میللەتی خۆت بکەیت، نەك لافوگەزافیان لە سەر لێبدەیت.

لە وەتەی بەرنامەکانی سەتەلایتی کوردستان ڕاستەوخۆ پێشکێش دەکرێن، تەلەفزیۆن وەچەرخانێکی نوێی بەخۆوە بینیوە، لەبەر هەندێ ڕۆژانە ئەو بەرنامانە بونەتە ماددەی سەرمێزی گفتوکردنی جالییەی بێ ئیشوکار:

- بەرنامەی شەوی ڕابردوو چۆن بوو؟ ئێستاکێی پێوە دیاربوو؟
- ئامادەکار لە ڕووی ئاراستەکردنی پرسیارەکان سەرکەوتو بوو؟
- ئایا پرسیارەکانی پێشکێشکار، لە وەڵامدانەوەی میوانی بەرنامە درێژتر بوو یان . . ؟
- ئایا چونە نێو باسەکە ئامادەباشی بۆ کرابوو؟
- تا چەند ڕێگە بە بینەراندرا لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە ئازادی قسە بکەن؟
- تا چەند سەتەلایتی کوردستان قۆناغی حیزبایەتی تێپەڕاندووە؟
- سەرەڕای چەندان وردە پرسیارو ڕەخنە .

زۆر جاریش پەیڤی ئافەرین بۆ سەتەلایت و کارمەندان دەبوە وێردی سەرزاران، ڕەنگە بەمجۆرە مشتومڕە لەسەر بەرنامەکانی تەلەفزیۆن لە هاندەران زیاتر بێت لەوەی لە کوردستان، کە ئەمەشیان بۆ چەند لایەنێك دەگەڕێتەوە بێ ئیشوکاری ئەم خەڵکەی ئێرە، نەبوونی بەردەوامی کارەبا لە

کوردستان و تامەزرۆیی خەڵکی ئێرە بۆ ڕاوبۆچونەکانی ئەدیب و ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی ئەوێ و هەبوونی چەند کەناڵی دیکە لە نێو کوردستان .

لە ڕووی پشکداربوونی گفتوگۆکردنیشدا خەڵکانێك هەن ئەو سنورە سوورە دەبەزێنن کە لە ناخی خۆیاندا بۆ خودی خۆیان ڕاکێشاوە - ڕەنگە تەنیا بەناو گۆڕینێك ئەو حەزەی خۆیان دەشکێنن کە ئەمەیان دڵخۆشکەرە، لە مەشیان دڵنیاین ئەگەر بارودۆخی کوردستان لە ڕووی جێبەجێکردنی ڕێکەوتن نامەی واشنتۆن بەرەوپێش بچێت، ئەو قۆناغەیش تەکانێکی دیکە وەبەر سەتەلایت دەدات، ئەگەر هاتوو دەستپێشخەری لە دامەزراندنی ستۆدیۆیەك لە نێوەراستی ئەوروپا بکرێت، بێگومان بۆ خودی کورد دەگەینە ئەوە کە جیهان گوندێکی بچوکە.

لە مەیشیان دڵنیاین کە زۆرجار بینەران بە هەندێ پرسیار و بۆچوونیان نیگەرانی بۆ پێشکێشکار دروست دەکەن یان دەتوانین بڵێین پرسیارو بۆچوونەکانی بینەران دوورونزیك پەیوەندی بە بەرنامەکە نییە، لەم نوسینەدا باس لەو پەیوەندییە تەلەفۆنیە دەکەم کە لە شەوی ٤ – ٥ / ٢ / ٢٠٠١ لە لایەن بینەرێك ئاراستەی پێشکێشکاری بەرنامە کرا !

بالاّ زێدەبەرزی سەتەلایت لەوەدا خۆ دەدۆزێتەوە، کە بەرنامە ڕاستەوخۆ بێت، هەروەها لە رووی ئازادی دەربڕیندا پێویستە ئەو مەودایە لە سەتەلایتدا لە کەناڵەکانی ناوخۆییدا زیاتر بێت، چونکە ئەرکی سەتەلایت لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بتوانێ تەعەموول لە گەڵ ئەو کۆمەڵە کوردانە بکات، کە لە ولاّتی فرە حزبی و دیموکراتیدا دەژین، بۆ خودی خۆم لە گەڵ ئەوەدام هیچ ئاستەنگێك نەخرێتە بەر پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان

با بزانین بینەری پشکدار دەتوانێ لە ڕێگەی تەلەفۆندا چی بڵێت: ئەگەر هاتوو قسەی ناشرین بکات کە ئەمەیان دەگەڵ ڕەوشتی کوردان

ناگونجێ، بۆ ئەمجۆرە بینەرانە ئەوەیە کە تەلەفۆنەکەی لەسەر ببڕدرێت، ئەوکات خەڵکی یارونەیار ناتوانێت هیچ گلەییەك بکات بەڵکو دڵنیام هەمو خەڵکێك سەرکۆنەی ئەمجۆرە بینەرانە دەکات .

باشە ڕەخنەمان لێدگیرێت یان باسی کەموکووریمان دەکات؟ چاکتر. ئەوکات پێویستە بە خۆمان دابچینەوەو ئەگەر ڕەخنەك لە ڕوانگەی فیتەی حەرامزادانەدا نەبوو بە گیانێکی وەرزشیانە وەریدەگرین، ئەگەر کەموکووریشمان هەبێت خوا پاداشتی بداتەوە بێ سێ ودوو چارەسەری دەکەین، واتە لە هەمو لایەکەوە قازانجەکەی بۆ خۆمانە .

هەموو کەسێکی کوردستان لەوە دڵنیان کە سەرۆکی هێژمان و کاك نێچیرڤان، شەووڕۆژ بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان سەرقاڵن، کەچی هەردەم چاویشیان لە ڕێیە بۆ ئەوەی بەرێزیان سەردانی ناوچەکانیان بکەن و لە نزیکەوە ڕووبەڕوو قسەیان دەگەڵ بکەن و لەسەر کەموکووریی ناوچەکەنیان ڕاوەستن، بە تایبەتی بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولی و گولانی پێشکەوتوخواز، بۆیە ئەو دوا سەردانەی کاك مسعود و کاك نێچیرڤان خۆشی خستە دڵ و دەروونی سەرجەم خەڵکی کوردستان لە لایەکی دیکەوە هەمو کەسێك شانازی بەوە دەکات بە دیداری بەرێزیان بگەن و ئەمەشیان مافێکی ڕەوای خۆیانە، هەر بۆیە ئەو پەنابەرەی سویسرا ئەو گلەییە و حەزە لە مێژینەی خۆی لەسەر شاشەی سەتەلایتدا درکاند، بەلام پێویستە خەڵکیش ئەو سەرقالی و پڕ ئیشیەی بەرێزیان لەبەر چاو بگرێت، لەوەیش دڵنیا بن بەرێزیشیان لە ناخەوە حەز بەو دیدارانە دەکات، بەلام کورد گۆتەنی بەندەو تاقەت

دەربارەی ئەوجۆرە سەردانانە یان چاو پێکەوتن لە نزیکەوە، خەڵکانێك هەن دەگێرنەوە کە بارزنی نەمر لە زۆربەی شەواندا بە نهێنی سەردانی خەڵکانێکی دەکرد، کە لە هزری کەسانێکدا نەبوو کە بەم ناوەختە بارزانی

نەمر لەو شوێنەدا ببیندرێت .. دەربارەی دیدارە تایبەتیەکانی بارزانی نەمر مامۆستا حەبیب مەحمەد کەریم دەگێرێتەوە دەڵێت : شەوێکیان لەو کاتەی رۆژانە هەریەك لە ئێمەمانان بە تایبەتی کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ و کاك مسعودو مـن، هەر یەکە فایلی ئیشوکاری خۆی لەبنهەنگڵ و بەرەو شوێنی تایبەتی بارزانی نەمر دەچووین. ئاگاداریان کردینەوە کە خەڵکی لەلایە لە دڵی خۆمدا گوتم: تۆ بڵێی میوانێك هاتبێ و ئاگادار نەبم؟! ماوەیەکی باش چاوەڕوان بووین بە هەر شێوەیەك بێت بەخۆم و فایلەوە لەسەرخۆ دەرگاکەم کردەوە، بە ڕحمەت بیت بارزانی نەمر ڕووی وەرگێراو بە زەردە خەنەوە فەرمووی لێکردم کە بچینە ژوورەوە. کاتێ چوینە ژوورەو بینیم بارزانی نەمر بە هەمو کیانەوە بە دڵخۆشیەوە گوێی بۆ شوانەکەی بناری قەندیل شل کردووە و چەند پرسیاریشی ئاراستە دەکرد !

هەرچەندە ئەو نوسینەی من پێشنیارە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ گەیشتنی گلەیی و گازاندەو پێویستیەکانی خەڵکی کوردستان کە دەکەوێتە بەر بڕیاری بەرێزیان، بۆ نموونە سەرەڕای ئەوەی کە هۆڵەندا وڵاتێکی پادشایی دەستورییە کەچی خەڵکێکی زۆر پێشنیارو پێویستی تایبەتی خۆیان ئاراستەی پادشا دەکەن هەمووشیان لەوە دڵنیان کە پادشا ناتوانێ ئەو هەموو داوایانە بخوێنێتەوە لەبەر هەندێ دەمێکە لە هەر (١٢) هەرێمی هۆڵەندا لێژنەی تایبەتی بە پادشا هەیە کە دەسەڵاتەکانیان دیاریکراوە

بۆ خودی ئێمەیش کارێکی باشە ئەگەر بێتو لە هەر پارێزگایەك لێژنەیەکی ئەوتۆمان هەبێت ئەم لێژنەیە ببێتە ئەلقەی پەیوەندی نێوان خەڵکی دەڤەرکەو بەرێزیان ڕەنگە بەمەیان هەندێك بارگرانی لە ئەستۆی بەرێزیان کەم بکاتەوە خەڵکیش بەزووی بگاتە داخوازییەکانیان، ئەمەیش خۆی لە بە موئەسەستکردنی لوتکەی هەیکەلی پارتیمان دەدۆزێتەوە

# کێشەی کوڕی پادشای هۆڵندا و کۆچبەرانی کورد

## لە نێو پەرلەماندا چی بەسەر هات؟!

لەم نووسینەدا هەوڵدەدین باس لە دوو کێشەی گرینگ بکەین کە بۆ دوو ساڵ دەچێت لە نێو گەڕانەوی (٩٠٠٠) نۆ هەزار پەنابەری کوردی کوردستانی عێراق و تووندکردنی شێوەی وەرگرتنی رەوەندی کورد دوای ساڵی ٢٠٠١، کێششەی دووەمیش بۆ بڕیاردان لە سەر ژنهێنانی ئەلکساندەر کوڕە گەورەی بیاترێکس پادشای هۆڵەندا

هەرچەندە کێشەکان بۆ خوێنەری کوردستان بەدوو کێشەی جیاواز دەژمێردرێت کەچی لە بنچینەدا یەکدەگرنەوە، چونکە خاڵی هاوبەشیان خۆی لەجۆری ڕژێمی دەوڵەت دەدۆزێتەوە

نزیکەی سێ ساڵ بەر لە ئێستا ئەلکساندەر کوڕی مەلیکەی هۆلەندا لە هاوینە هەواری سفیلیا دا چاوی بەکچێکی ئەرجەنتینی بەنێوی ماکسیما ( Maxima Zorrequit ) دەکەوێت هەردوو کیان دەکەونە داوی خۆشەویستی، لەوکاتەی رۆژنامەنوسێکی تامەزرۆ ئەم هەواڵەی بلاْوکردەوە، سەرەتا مەسەلەی ئەم خۆشەویستیە گیروگرفتی بۆ خانەوادەی پادشای هۆڵەندا دروستکرد ئەم کیژۆلەیە دەرچوی کۆلێژی ئابوری ئەرجەنتینە، بۆ تەخەسوسکردن لە ئیشوکاری بانق هاتۆتە نیویۆرك ، لەبەر چاوی میر ئەلکسندەر ماوەی ساڵێك لە برۆکسل کاریکردووە، تاکو لە دەزگیرانەکەی

نزيك بێت، ئێستایش له كۆشك و بالأخانەی ماڵه مەلیك دەژیت !

كاتێ مەلیكه گەیشته ئەو قەناعەته كه ئەلكسەندەر ی، گەوره كوڕ لاری لەوەدانییه واز له تەختی پادشایی بێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو كچه ئەرجەنتینیه بێنێ، مەسەلەكه قوناغێكی دیكەی بەخۆیەوه بینی ئەم مەسەلەیه خرایه بەر ڕای گشتی و لایەنی ئاینی، لەلایەكدا بنەماڵەی مەلیكه پڕتستانت Protestan و كچەكەیش كاسۆلی Katholek به بۆچونی خۆیان ئەم مەسەلەیه گیروگرفت بۆ دوا ڕۆژی منداڵەكانیان و تەختی پادشای دروست دەكات، له كۆتایدا بڕیارەكه پەی به خۆشەویستی نەبردو به بەرژەوەندی كوڕو كچه لەنگەری گرت .

بەلاّم گفتو گۆی پەرلەمان هەردەهات لق و پۆی لێ زیاد دەبوو، لەدوای دووساڵ گفتو گۆی جدی بڕیار لەسەر ئەو ژنهێنانه درا، به مەرجێ نابێ باوكی كچەكه كه لەكاتی خۆیدا له حكومەتی Vied`la regime وەزیری كشتوكاڵ بووه، ئەم حكومەته له كۆتایی ساڵی حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكان بەرژێمێكی دكتاتۆر ناسراوه، هەرچەنده باوكەكه دەڵێ، تەنیا وەزیر بوومه هیچ كەسم نەكوشتوه و خەڵكم تیرۆر نەكردووه، بەلاّم نوێنەرانی خەڵكی هۆڵەندا كه لەبەرەبەیانی ٧ / ئادار / ٢٠٠١ ژمارەیان گەیشته (١٦) ملیۆن ، دەڵێین به هیچ شێوەیەك ڕێگه نادەین ئەمجۆره كەسانه كه دەستیان بەخوێنی جوتیارانی ئەرجەنتین مەبەست لەوەیه، چونكه وەزیری كشتوكاڵ بووه سوور هەڵگەڕاوه قاچ لەسەر خاكی هۆڵەندا دابنێن بەژداری بەزمی خۆشیی مەلیكی دوارۆژمان بكات، هەروەها لەوه دەترسن خەڵكی هۆڵەندا به گەیشتنی ئەو كۆنه وەزیرەی حكومەتێكی دیكتاتۆر، ڕێپوانی ناڕەزای بكەن، هیچ نەبێت دڵیان برنجێ

كەچی هێندێك لەو نوێنەرانەی پەرلەمانی هۆڵەندا جگه لەئەندامانی

ليستی سەوز (بەهیچ شێوەیەك لەكاتی گفتوگۆكردندا لەسەر یاسایی گەڕانەوەی (٩٠٠٠) نۆهەزار پەنابەری كورد كە لە ١ / نیسان / ٢٠٠١ پەیرەو دەكرێت، باس لەوە ناكەن كە بەغدا بۆ كۆنترلكردنی هەرێمی كوردستانی عێراق چاو سوور دەكاتەوە ژێرخانی كۆمەڵگەی شارو شارۆچكەكانی كورد كە لەژێر دەسەلآتی ئەو ڕژێمەدان لێك دەترازێنێ و خەڵكی غەیرە كورد لە شوێنی ئەواندا نیشتەجێ دەكەن هەرچەندە لە رۆژانی شەڕی بەلقاندا لە ڕاگەیاندنی خۆیاندا باسیان لەوە دەكرد كە هیچ جیاوازییەك لە نێوان سەرۆكی عێراق و میلۆسۆڤیچ دا، نیە هەر چەندە لەم رۆژانەدا شوێنی بەندكردن لە لاهای بۆ میلۆسۆڤیچ خۆش دەكەن تاكو لێرە لەسەر كارە نامرۆڤەكانی دادگای بكرێت.

وەك بلێی ئەو رژێمەی عێراقیان لەیاد چوەتەوە، مەگەر ئەمەیان بانێك و دو هەوا نەبێت لە سیاسەتی وەلآتانی رۆژئاوادا بە مانایەكی دیكە ئەو دیموكراتییە و مافی مرۆڤ ئێمەمانان خەونمان پێوە دەدیت تەنیا بۆ خودی خۆیان پەیرەوی دەكەن، بەلآم ئەو دیموكراتییە و مافی مرۆڤەی باسی لێوە دەكەن تەنیا تۆزقالێك كاری لە لایەنی ئابوریش بكات بە هێلی سووری لە قەڵەم دەدەن ئاوان بێنە دەستتان بشۆ

# کۆچکردن ..
# بەلام لەڕوانگەیەکی دیکەوە

ئەگەر هاتوو لاپەڕەکانی گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردستان هەڵدەینەوە بە زێدە لەسەر کۆچکردن و پەنابەری بەتایبەتی لایەنی نێگەتیڤەکەی نوسراوە، خودی خۆم لە مانگی (ئایاری ١٩٩٦) لە ژێرناونیشانی رێگەی هاتوو نەهات باسێکم بە دوورو درێژی لە گۆڤاری گولان بلاوکردۆتەوە

هەرچەندە دووسالێك بەر لە ئێستا لەوکاتەی مقۆمقۆی گەڕاندنەوەی کۆمەڵێك پەنابەرانی کورد لە ئەلمانیا کەوتە نێو خەلك، کەسانێك پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە نوێنەرانی پارتی هاندەرو خۆشحالن بە گەڕانەوەی ئەو کۆمەڵە پەنابەرە لە لایەکی دیکەشەوە بەشانوشەوکەتی لایەنی دیکەیاندا هەڵدەگوت، کەگوایە بەم بڕیارە سەرگرانن و داوای کۆمەککردن بۆ گەڕاوەکان دەکەن تاکو ژێرخانی ئابوری خۆیان لە کوردستان پێ ببوژێننەوە خوایکرد ئەم پڕوپاگەندەشیان وەکو چەندێتی دیکە وەك بلقی سەر ئاو پوکایەوەو چ کەسیشیان نەگەڕاندەوە! پێویستە بزانین بۆ ئەمجۆرە پڕوپاگەندانە دژ بە پارتی دروست دەکرێت لە لایەکیان وەکو ستراتیژییەتێکی پارتی لەسەرووی هەموویانەوە کاك مسعود بارزانی دژی لەتکردن و پەڕاگەندەیی خانەوادەی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەویبیروهزرە نەتەوایەتییەی قوتابخانەی رێبازی بارزنی نەمر کە ئاوەنکردنەوەو پێشخستی کوردستان بە ئەرکی هەموو رۆڵەیەکی کوردستان دەزانێ و حەز بەوە دەکات کە ئینسانی کورد هەست بە بۆشایی

دەورووبەر نەكات، هەروەها خراپ نییە هەموومان ئەم پەندە كوردییەی لەمەڕ خۆمان پەیرەو بكەین كە دەڵێ بەرد لەشوێنی خۆی بەسەنگە بە هەقیقەت ئینسانی كورد لەسەر زێدی خۆیدا هەست بەكیان و هەبونی خۆی و نەتەوەكەش دەكات، كەچی بە پێچەوانەوە لە جغزێكی بۆشدا دەخولێتەوە

لە لایەكی دیكەشەوە هەواڵی سنورداشكردنی ڕۆژانە یان هەفتانەی سەتەلایتی كوردستان بەتایبەت كە تەنیا چاوپێكەوتن دەگەڵ خەڵكی سلێمانی گەرمیان پشدەرو بیتوێن دەكرێ، ئەم هەواڵە بەمشێویە دەشكێتەوە كە زۆربەری ئەو خەڵكەی سەرهەڵدەگرن دووره دەسەڵاتی پارتین، بە مەیان و بە پلان، پڕوپاگەندەی دژ سەرهەڵدەدات !

هەروەها ئەو بەرنامە تایبەتانەی لەسەر كۆچكردن و پەنابەریدا پێشكێش دەكرێن تا ڕادەیەك تۆمەتی تاوان بەكۆچكرندا دەلكێنن! ! زۆر جار هەیە ڕاگەیاندن لەوكاتەی كاری ڕۆژانەی خۆی ڕادەپەڕێنێ بێ ئەنقەست نایپێكێ، بەڵكو جاریش هەیە بەگران لەسەری رادەوەستێ

لەچاوپێكەوتنێكی كۆنە بەڕێوەبەری ئێزگەی قودسی ساڵانی یەكەمی شەڕی جولەكەو عەرەب بەتایبەتی لە كارەساتی دێر یاسین دا، گوتی ڕاستە كارەساتێكی یەكجار گەورەو دژاورا بوە، بەلاّم ئێمەیش لە دونیای ڕاگەیاندا نابەڵەد بووین بۆیە جۆری چۆنیەتی پەخشكردن لە ئێزگەكەماندا بووە هۆی پەڕاگەندەیی خەڵكانێكی یەكجار زۆر

ڕاستە سەتەلایتی كوردستان بۆ ئەمڕۆی ئێمە بە باڵای شۆڕشێك دەچێت، كەس نكوڵی لەو باڵا بەرزیە ناكات، بەلاّم بە مەزندەی منو خەڵكانێكیش بە ڕێگەیەكی یەكساید دەچێت، چونكە تەنیا لە ناوەوە بۆ دەرەوە دێت یان بینەر زیاتر گوێڕاگرە ئەوەی بەشداربوو بێت من لێرە باس لەپەیوەندی فاكس و تەلەفۆن ناكەم ئەگەر لەهەمان كاتدا تەنیا

ستۆدیۆیەکی گەڕۆکیش هەبووایە ڕێگەی دوو سایدە، کەی تەواو دەکرد زیاتر دەوری پردی نێوان ناوەوە و دەرەوەی دەبینی، چونکە ئەم خەڵکەی لەکوردستان باس لەماجەرای دنیا دەکات بۆچونەکانیان ڕەنگدانەوەی دەوروبەری خۆی پێوەدیارە، ئەمەیان خراپ نییە ئەگەر ئەوانیش گوێیان لە بۆچوونی ئەو خەڵکەی ئێرە بێت ئەوە دڵنیام بەهەردوو بۆچوون شتێکی تازە بابەت بۆ تێگەیشتنی هەردوولا دروست دەبوون، ئەمەیان زیاتر خزمەت بە هەموو رەوشێکمان دەکات هەرچەندە خۆم ساڵی ١٩٩٢ەوە، تا ئێستاش بیرو بۆچونم بەرامبەر بەکۆچکردن و پەنابەریدا نەگۆڕە کە لەوکاتدا گوتوومە ئەوەی ئێستا لە خوێندن بەردەوامە با بخوێنێ، بۆئەوەی زیاتر زانست لەنێوانماندا بلاوبێتەوە، ئەو بەرایزانە بێنە زیارەتکردنی کوردستان ئەوەی بەکاری سیاسی لەوێیە بەهەر نێوێك بێت بۆ کورد و کوردستان کاردەکات دڵنیاشم ئەو جۆرە کەسانە لەدەرفەتێکدا بۆ ئەوەی شەرەفی ئاوەندانکردنەوەی کوردستانیان بەرکەوێ لەسەر باڵی باڵندەش بێت دەگەنەوە کوردستان، بۆ ئەوەی بەردێك لەسەر ئەو دیوارە دابنێن، بۆ ئەوانی دیکە دەڵێم ئۆباڵی شەهیدان و هەتیوانی کورد بەئەستۆی ئەو دایك و باوکانە، کە تیین لە منداڵەکانیان نادەن بۆ ئەوەی لەدەرەوەی وڵات بگەرێنەوە، ئۆباڵی هەموو بێوەژنانی کوردستان بە ئەستۆی ئەو خوشکانەی کە هانیی کوڕو براکانیان نادەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەبێ لەمەودوا موعادەلەی ژایانمان بگۆڕین، هەموو مامو خاڵێك چاو لە منداڵەکانمان سور کەینەوە سنورێکیان بۆ دابنێین، یان گەڕانەوە بۆ بەشدارکردنیان لە ئاوەدانکرنەوەی کوردستان یان نایانناسین پێیان بڵێین گەردەن و ئازاد ناکەین شیری دایکایەتی و لێحەرام بێت ناميلکەی بەرئاگردان هەولێر سەرەتای ( ١٩٩٣)

سەرەڕای ئەو هەموو نووسینانەی ئاماژەمان پێکرد کۆچکردن لەو برەوەدایە . باشە بۆ بە هەموومان هەوڵنەدەین بارەکە بە جۆرێکی دیکە لەنگەر بگرێت، لە کەسمان شاراوە نییە کە خەڵکێکی زۆری کوردستان گەیشتۆنەتە ئەوروپا، ئەمەریکا و ئوستراليا، بەر لە ئێمە خەڵکی وولاتانی دیکەش بە هەمان قۆناغدا ڕۆیشتوون بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەن دەسەلاّت بوون ئەو نێگەتیفەیان بۆ پۆزەتیف ڕاست کردۆتەوە تا ئەو ڕادەیە لەسەر ئاستی دەسەلاّتی ڕاپەراندن کورسی وەزارەتیان بۆ داناوە، سەرەڕای لێژنەی تایبەتی لەسەر ئاستی پەرلەمان کارێکی بەجێیە ئەگەربێتو ئێمەش بەمجۆرە تەعامول لەگەڵ ئەم واقیعە بکەین، هیچ نەبێت کۆمەڵگەو ئەو توێژە لە مەترسی گەورەتر رزگار دەبێت، ئەمەشیان ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێم و پارتیمان دەبێت بۆ:

- ڕێکخستنەوەی ئەو خەڵکەی ئێرە هەر یەکە لەبۆدقەی خۆیدا وەك قوتابیان، ئەدیبان، پزیشکان، هونەرمەندان. تاد
- گرنگیدان بە پتەو کردنی ڕێکخستنی پارتایەتی
- دەرگاکردنەوەی مەکتەبی نوێنەراتی حکومەتی هەرێم لەبەردەم ئەم خەڵکانە ، بەتایبەتی بۆ ڕاپەراندنی ئیشوکاری پێویست وەك پسولە وەرگرتنی ڕەسمی بۆ تۆمارکردنی ئەو مندالأنەی لێرە لەدایك دەبن هەرچەندە بیرۆکەیەکی ئەم باسەم بۆ برادەرانی برایەتی بەجێهێشت بوو بەسوپاسەوە کاك ئازاد حەمەد ئەمین بەنوسینێك بلاّوی کردۆتەوە ، چونکە لەو سەفەرەی ئەمجارەمدا هەستم بەوە کرد کە ئەونێو تۆمارکردنە کۆمەلێك بیرۆقراتییەتی لەبەردەمداهەبوو وەك: دادگا، نفوس، لێژنەی پزیشکی . تاد ئەگەر بێتو ئەم مەکتەبانەی ئێرە بەڕسمی لە ڕوانگەی دیکۆمێنتی ئەو ولأتانە نوسراوێك بدەنە خاوەن

منداڵ دڵنیام ئەو کێشمە کێشمەی کوردستانی پێناوێت، تومارکرنی ئەو منداڵانە مانایەکی یەکجار مەعنەوی لەسەر نیسبەی ئەو خەڵکەی ئێرە هەیە، هەروەها بۆ دوارۆژی یەکلابوونەوەی مەسەلەکەیشمان بەتایبەتی لەرووی سەرژمێری پۆزەتیڤی خۆی دەبێت .

- دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ تەوزیفکردنی سەرمایەی ئەو خەڵکەی ئێرە لە ئابوری کوردستاندا، ئەگەر لەسەر ئاستی خانەوەداش بێت، بۆ نموونە ئەگەر پەناهەندێك مانگانە بەلانی کەمەوە بڕی 100 دۆلار بۆ خانەوادەکەی ڕەوانە بکاتەوە ئەمەیان بۆژانەوەی ژێرخانی ئابوریە لەسەر ئاستی گوزەرانی تاك (دخل فرد المعاشی)
- لەمەیشان دڵنیام ئەو پەنابەرانەی لە ئێرانەوە گەڕانەوە هەندێکیان توانیویانە چەند کارگەیەکی بچوك لەکوردستان وەك مافور و، پێڵاو، تەلاجە . تاد دامەزرێنن ئەگەر ئەو دڵە ڕاوکێیە نەبێت کە بۆتە مێملی زۆربەی خەڵك، لەلایەکی دیکەوە ڕێخۆشکردن لەلایەن دامودەزگاکانی هەرێم بۆ ئەو تەوزیفکردنە دڵنیام ئابووری کوردستان وەچەرخانێك بەخۆوە دەبینێت
- لەسەرووی هەموویانەوە ڕاگەیاندن نەك بەیەکلایی، بەڵکو بە ئالوگۆرکردنی بیرو بۆچونی هەردوولا دەتوانێ ئەو خاڵانەو دەیانی دیکە لەخزمەت ئەم کارە نەتەوەییە پیرۆزەدا تەوزیف بکات

# جارێكی دیكە راگوێزراوەكان

سەرەتا دەستخۆشی لە هاوكارانم لە رۆژنامەی (باس) دەكەم لەسەر دووبارە وورووژاندنەوەی مەسەلەی راگوێزراوەكان، هەرچەندە بەندە لە ساڵی ٢٠٠٦وە،لە رێگەی (خەبات)ی، دەستە خوشك بابەتم لەسەر راگوێزراوەكان، ئەوانەی بە یەكجاری لە ئەوروپاوە دەگەڕێنەوە كوردستان .. هەروەها چۆنیەتی ناونووسكردنی ئەو منداڵانەمان كە لەوێ لەدایك دەبن و چەندان بابەتی دیكە نوسیوە، لەسەرووی هەموویانەوە دامەزراندنی لێژنەیەك لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران (لێژنەی بەدواداچوونی سكاڵای هاوڵاتیان) بە مانایەكی دیكە دروستكردنی پردێك لەنێوان حكومەت و خەڵك .

ئێمە دەمێكە گوتوومانە ئەگەر پرسیار لە حكومەتی خۆمان بكەین .. تۆ چ كارەی؟! دەڵێ ئێمە حكومەتی كوردانین و دەخزمەت كۆمەڵگەی كوردستانین لەبەر هەندێ پێویستە ئەو كارمەندو دەستڕۆیشتوانەی نێو دامودەزگای حكومەت ئەوە بزانن كە ئەوان بۆ خزمەتكردنی ئەو میللەتە دەبێ دەست لەسەر سینگ بن .. پێویستە بە هەموو شێوەیەك بڕگەو ماددەكانی قانوون و دەستوور بۆ بەرژەوەندی خەڵك پەلكێشكەن .. نەك ئاستەنگو رۆتین بخەنە بەردەم ئەو بڕیارانە كە بۆ سارێژكردنی زامە قووڵەكانی كۆمەڵگا دەردەچن .

لە كوردستان ئاستەنگ بۆ دامەزراندنەوەی ئەو خەڵكانە دروست دەكەن كە لە ئەوروپاوە دەگەڕێنەوە بۆ نموونە : مەسەلەی تەمەن، دامەزراندنەوەی سەرلەنوێ، پێنج ساڵەی دەرەوەی شار!! كەچی ماوەیەكی زۆرە حكومەتی

عێـراق بـۆ هانـدانی ئـەو خەڵکـە پەڕاگەنـدە بڕیاریـداوە (*هـەر کەسـێك لـە ئەوروپا بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی پارچەیەك زەوی و هەندێك پارەی دەدرێتێ و دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆی و ساڵانی پەڕاگەندەییشی بۆ خانەنشینی ئەژمار دەکـرێ).* زۆر بەداخــەوە تــا ئێـستا خــەڵکی ئێمــە واتــە خــەڵکی هــەرێمی کوردستان لەو بڕیارەی حکومەتی عێراق سوودمەند نەبوون .. ئومێدن هەیە لایەنی پەیوەندار هیچ نەبێ بۆ مێدیاکان دوو قسان بکەن .

لەلایەکی دیکەوە دەمێکە حکومەتی عێراق بڕیارێکی زێدە سوودبەخشی بۆ خـەڵك داوە : ئەوانـەی لـەنێوان سـاڵانی ١٩٧١ — ١٩٧٢)لـە عێـراق دەرکـراون، *هــەروەها ئــەو کوردانــەی ســاڵانی ١٩٧٥ — ١٩٧٧ بــۆ باشــووری عێــراق دوورخراونەوە*، سەرەڕای ئەوانەی لە ساڵانی هەشتاکان لە عێراق دەرکراون، بڕیارەکە دەڵێ : پێویستە لە ماددەی (١٤٠) زەرەریان بۆ ئەژمار بکرێتەوە، جارێکی دیکە دەڵێم زۆر بەداخەوە سەرەڕای ئەوە (٢٢) هەزار خانەوادەی کورد کە ئەوکات خۆی لە (٩٠) هەزار کەس دەدا ئەو بڕیارە دەیانگرێتەوە کەچی تا ئێستا لایەنی پەیوەندار هیچ تەکانێکی بۆ ئەو مەبەستە نەداوە .. کە بەندەو هەزاران خەڵکی دیکەیش لەهەردوو بڕیاردا سوودمەند دەبن بۆ خودی خۆم لە *٦ / ١٠ / ١٩٧٥ تا ٣١ / ٥ / ١٩٧٩* لە سنووری (المنزريە) یەکسەر بۆ پارێزگای الناصريه دوورخراومەتەوە، هەروەها لە ٥ / ١٠ / ١٩٩٥ تا ١١ / ٨ / ٢٠٠٥ لە هۆلەندا بوویم .. بۆ شەش ساڵ دەچێ بە یەکجاری گەڕاومەتەوە کوردستان و تا ئێستاش لەو دوو بڕیارە سوودمەند نەبوویم! بۆیە جارێکی دیکە لەسەر لاپەڕەکانی (باس)داوا لە لایەنی پەیوەندار دەکەین درێغی لەو بابەتە نەکەن .

# بیرەوەری سریفەوانێك

(سـریفە)جـۆرە خانویێکـە لـە خـوارووی عێـراق لـە (پـەلکی دارخورما)دروست دەکرێت، کە تا ئێستا ئەوجۆرە خانوانە لە لێواری زەڵکاوی (چبایش) خەڵکی تێدا دەژیت .

کاتێ لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥دا، نزیکەی (٩٠) نـەوەت هـەزار کـورد لـە ئێرانـەوە بـە سنووری (مونزریـە) گەڕانـەوە عێـراق و لـە شارەکانی (حیللـە، دیوانیـە، سـەماوە، ناصـریە) بـەزۆرەملێ لـەنێو سـریفەکاندا نیـشتەجێکران .. رژێمـی بـەعس بەنیـشتەجێکردنی ئێمـە دەیویـست چـەند چۆڵەکەیەك بە بەردێك بکوژێت! کوردی سوننە مەزهەب لە هەواری شیعە مەزهەبدا پەرشوبڵاو دەکرێن!!

هەرچـەند هـەوادارێکی شـۆڕش و بـارزانی کـە رژێـم بـە (جیـب العمیـل)نێویـان دەبـردین لـەنێو هـۆزو گونـدی ئـەو سـەربازانە دادەنـران کـە رۆژانـە تـەرمیان لـە کوردسـتانەوە بـۆ خـوارووی عێـراق دەهێنرانـەوە .. ئەوانیش بە هۆسە بەنێوبانگەکەی ئـەوکات پێشوازیان لە تەرمەکە دەکرد : "ترگاعە لفت برزان بیس باهل العمارە".

بەزۆر خانەو دیکۆمێنتی خانەوادەکانیان بۆ دەزگای شارەکانی خوارووی عێـراق دەگواسـتینەوە، هەرچـەندە زەوی چـاندن لـەوێ کێمـە یـان هـەر نیـە! رژێم بڕیاریدابوو دارخورمان پێ بچێنن!! خەڵکی ئێمەیان لە هەموو شوێنێك دادەمەزراند تاکو پابەندی ئەوێ بین، گەڕانەوە یان سەردانی (شمالنا الحبیب) قەدەغـەکرا! ئەمانـەو زۆر شـتی تریـشیمان دەگەڵ کـرا، بـەڵام رژێـم نـەیتوانی چـۆك بـە کـوردان بـدات بۆیـە لەدواییـدا بـە دوو قۆنـاغ لـە سـاڵی ١٩٧٧ و ١٩٧٩ ئێمەمانانیان گەڕاندەوە زێدی بابوباپیران .

ماڵە كوردێكی دۆڵی باڵەییان كە عارەبیان نەدەزانی لە نزیك ماڵە شێخێكی ناوچەی (گرمە بنی سعید) سریفەیان بۆ دروست كرابوو، نەك ئەوان بەڵكو هەمووومان بۆ هەفتەیەك سێ جەم خواردنمان لە ماڵەكانی دەوروبەر بۆ دەهات! لە دوای هەفتەیەك شێخەكە سەردانی بەڕێوەبەری ناوچە (مشاری مسیر جازع)كردو سەربردەی چۆنیەتی كوشتنی كوڕەكەی لە كوردستان بۆ باسكرد بوو ئینجا گوتبووی : وەك نەریتی خۆمان ئەركی میوانداریشمان جێبەجێ كردوە، ئێستایش هاتووم بۆ ئەوەی هاریكاریم بكەی تاكو ماڵی (كاكە) لەلای ئێمە بۆ شوێنێكی دیكە بگوازیتەوە نەوەك رۆژێك دابێت هەرزەكارێكمان لە حەژمەتان دڵی (كاكەمان) بڕەنجێنن و منیش سۆدرەی دونیاو قیامەت بم!! خوێنەری ئازیز هەموویان مالیكی، شابەندەر، كمال الساعدی، یاسین مجید، علی موسوی نین شیعە ئەمجۆرە كەلەمێردەی تێدا هەیە!

چۆن هەزار مالیكی بە فیدای (محمد ال نصرالله)ناكەم كاتێ منو دایكی نسكۆ لە گەڵ پارێزگای ناصریە (سعدی عیاش عریم – ابو وقاص) سوننە مەزهەب لەسەر (الاكراد كلهم ابو گێوە) تووشی دەمەقاڵ بووین .. ئەو زاتە رووبەرووی (ابو وقاص)بوەو پێی گووت : چۆن رێگا بەخۆت دەدەی ئازاری (صبایەی حسین)ی، سەدەی بیست بدەی! ئەوانە بەلەنگازن مشەختن خۆ ئێمە نەبووینە (بەنی ئومەیە!!) پێشمەرگەی بەڕێز هەموویان مالیكی نین مەردی ئاوایشیان تێدایە .

كاتێ شێخی نەمر لە ساڵی ١٩١٤ بەهانای مەرجەعی شیعە (ال تەبەتەبائی)چوو.. ئەوانە بوون پێشوازیان لێكردو گوتیان (ثلثین الدنیا الهادینا ثلث الكاكە أحمد و اكرادە)ئەوانە هەموویان مالیكی و زەیدی نین .. خەڵكی ئەمجۆرەیشیان هەیە!

كاتێ هەموو زانایانی عەرەبی سوننە بۆ سەلام عارف جاری قەتلوعامی

کوردانیاندا کەچی گەورە مەرجەعی شیعە (عبدالمحسن الحکیم) رووبەرووی رژێم گووتی : هەر سەربازێك لەسەر خاکی کوردان بکوژرێ شەهید نیەو شەڕی کوردانی حەرام کرد! لەنێویاندا جوامێری ئەوتۆی تێدایە کە هەزاران مالیکی ناگەنە چۆکیان!!

بەداخەوە حیزبی مالیکی ئەوڕۆنا بەڵکو لە رۆژانی کۆنگرەی (ڤیینا)وە، کە خاوەنی هیچ نەبوون.. دانیان بە واقیعی ئەوکاتی کوردستان دانەدەنا! لە سەرەتای رۆژانی رووخانی رژێم بە نانی کوردان، بە سواری ئێمە، بە زەکاتی کورد بە پاسەوانی کوڕگەلان بەرەو هەواری خۆییمان ناردەوە .. تۆ بڵێی نانی کورد هێند بێ خوێیە!! ئەگەر وایش بێت کورد دەمێکە دەڵێ :"بۆ خاتری یەك دەنکە گەنم سەد دنکە زیوان ئاو دەخواتەوە".

چۆن (ام دحام) لە هزر بسڕمەوە کە لە گەرمەی جەبەرووتی بەعس لەبەر دەرگای ماڵەوەی

دەیگووت :

**ما مات ما مات البطل برزان**

**فوگ أرض يكردستان ميت ألف برزان**

بە راستی ئەوەی منو خەڵکانێکی تری مەدهۆش کردوە ئەوەیە : تۆ بڵێ لەنێو هاوپەیمانی جەنابی مالیکی کە نەوەی ئەو زاتەی (الحکیم) تێدایە ئاقڵمەندێکیان تێدا نەبێت تاکو بەو ملهوڕە بڵێن وادیارە تۆ مێژووی پڕ خوێناوی سوپای عێراق و سوپای شۆڕشگێری کوردستانت نەخوێندۆتەوە! وەك بڵێی رۆژانێك تازیمانەی ئەو سەربازانەت نەکردوە کە رۆژانە تەرمیان لە زۆزك و هیندرێن بۆمان دەهێنرانەوە؟ ئەگەر خوێندۆتەوە ئەو ملهوڕیەت لەچی؟! ئەگەر نەتخوێندۆتەوە .. واتە جاهیلی .. ئێمەیش دوا رۆژی ئەم وڵاتە نادەینە دەست جاهیلان .

# مالیکی وهاوبیرانی
# لەبیرەوەریمدا ..

کاتێ لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٧٣ دا، گەیشتمە (ناوپردان) سەردانی مەکتەبی عەسکەری سوپای شۆڕشگێڕی کوردستانم کرد .. لە ٢٧ / ١١ / ١٩٧٣ بۆ یەکەمجار لە بەتالیۆنی یەکی زۆزك لەلای نەقیب حەسەن بارزانی بووم بە پێشمەرگە .

لەو ماوەیەدا رۆژانە دەگەڵ شەهید مەهدی خۆشناو کە ئەوکات لە پەیمانگای کادیرانی دەخوێند پێکەوە باسمان لە ماجەرای دونیا دەکرد، جارێکیان باسمان لەو ئافرەتە (سەعدیە سالح جەبر) دەکرد کە دانیشتوی (چۆمان) بوو .. گووتیان : ئەوە کچی کۆنە سەرەك وەزیرانی عێراقە کە لەکاتی ئەودا چوار ئەفسەرە کوردەکان لە سێدارە دران! گوایە ئەوە خێزانی ئەگەر بەهەلەدانەچوبم (کازم شوبەر)ە، کە لە ساڵی ١٩٧١ رێکخستنی حیزبی دەعوە ئاشکرابوو، ئەویان لە سێدارەداو ماڵەوەیشیان گەیشتنە ژێر رەشماڵی رێبازی بارزانی مستەفا تا دوا رۆژانی نسکۆی ١٩٧٥!خەڵکی تریش هەبوون ئەگەر لەیادم بێت کوڕی کچی سەیید موحسین ئەلحەکیم بەنێوی (جاسم ئەبوجەزرە) کە خەڵکی (کوفە)بوو، بەجووتە وێنەمان هەیە .. پاسەوانی تایبەتی سەیید (مەهدی سەیید موحسین ئەلحەکیم) بوو، ئەوەی سەدام لە (سودان)تیرۆری کرد!واتە باوەشی گەرمی شۆڕشی کورد هەردەم بۆ خەڵکی حیزبی دەعوەو شیوعی و ئیشتراکی عەرەبەکان و خەڵکی مەزلووم والا بوە.

کاتێ دەگەڵ خەڵکانێکی دیکە گواسترا‌ینەوە بۆ خوارووی عێراق هەندێك

زانیاریم لەسەر حیزبی دەعوە ژنەفت کە گوایە لە ساڵی ١٩٥٧لەسەر دەستی سەیید محەمەد باقر ئەلسەدرو هاوڕێیانی دامەزراوە .. لە کاتی رژێمی بەعسدا هەر کەسێك بە هۆی رێکخستنی ئەو حیزبە دەسگیر بکرابوایە لە سێدارە دەدران چونکە بە حیزبێکی شیعەی سەر بە ئێران لە قەڵەم دەدرا!

کاتێ گۆڤاری ئاڵای ئیسلامم* کەوتە بەرچاوان کە هەندێك زانیاری لەسەر دانیشتنەکانی کۆنگرەی (ڤیەننا)تێدا بوو ..هێندەی نەبرد لە رێگای رۆژنامەی (الجهاد*) بەیاننامە حیزبی دەعوەم خوێندەوە بە هەموو مانایەك مەندەهۆش بووم!بۆیە لە رۆژنامەی (برایەتی) ژمارە (١٦٢٧)رۆژی ٢٣ / ٤ / ١٩٩٣ بابەتێکم لەژێر ناونیشانی (لە روانگەی بۆچوونەکانی حزب الدعوە الاسلامیە) بڵاوکردەوەو گووتم :"دەمێکە لە کوردەواریدا گوتراوە : حەسەنم گەورە کرد بە کەڕوڵاڵی .. حوسێنم گەورە کرد بە کەڕوڵاڵی ..بەجوابت هێنام بە هەویداری بەراستی ئەم پەندە بۆ ئەم نووسینە پڕ بە پێستەو بەپێویستم زانی ببێتە دیباجە .

دوا بەدوای جاڕدانی دروشمی (فیدراڵ)لەلایەن پارلەمانی کوردستان جارێکی دیکە هەروەکو جاران وەك بلێی گێچ کەوتۆتە کەوڵیان کەوتنە گیانمان  بە پڕوپاگەندان گەرەکیان بوو دونیان لێواگا بێنن .. درێغیان نەکرد کەچی تا ئێستایش ئەوان نەگەیشتونەتە ئەو قەناعەتە کە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە لەلایەن بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە گەڵ رەوتی سیاسەتی نوێی ئەوڕۆی جیهان دەگونجێ سەرەڕای ئەو چەند دەنگە دژوارەی لێرەو لەوێ .

کێشەی کورد لەم رۆژگارەدا قۆناغێکی نوێ بەخۆوە دەبینی و لە قەوقەعی ئەو رستە سواوانە دەرچوە کە دەگوتریت کێشەیەکی ناوەخۆیە یان پێویستە لە رووی مرۆڤایەتیەوە یارمەتی ئەو میللەتە بدرێ .. نەخێر، جلەو بەدەستانی سیاسەتی جیهان گەیشتنە ئەو قەناعەتە حەتمیە کە ئەو کێشەیە

پێویــسته چارەســەری بــۆ بدۆزرێتــەوە ئــەگینا ئاسایــشی ناوچــەکە بەگــشتی وعێراق بەتایبەتی سەقامگیر نابێت .

ئێمــەی کــوردیش لــە دوای دەیــان ســاڵی بــەرگری چــەکدارانە توانیومانــە ئەمجارەیان سـوود لـە سیاسـەتی ئـەوڕۆی ئاشـتیخوازانی جیهـان وەربگـرین یـان باشتر وایە بڵێم  لە گەڵ شەپۆڵ دژدار نەبین .

کەچـی هێنـدێك لایـەن هـەن کـە خۆیـان بـە دڵـسۆزی مەسـەلەی عێـراق دەزانــن  گوایــە لــە گــەڵ    ئێمــە لەیــەك ســەنگەردان گــەلێجاریش یــەکتر دەلاوێنینــەوە بەقــسە هیــچمان بــۆ ناهێڵنــەوە جــار جــاریش لــە ڕێگــای ڕاگەیاندیانــدا فرمێــسکمان بــۆ دەڕێــژن وەك کــابرای (عەرزوعالــچی) هێنــدە نامێنێ بۆ حاڵی خۆمان لـە پڕمـەی گریـان بـدەین کەچـی لەوکاتـەی ڕەوسـەکە دێتــە ســەر حــازرەکی لێمــان دڕدۆنــگ دەبــن تــا حــەددی ئــەوە کلکــی گۆپاڵمــان لێدەگرن و لەچەقی ڕێگادا دەغەزرن!

دوابــەدوای گەڕانــەوەی هێــزا مــسعود بــارزانی لــە گەشــتەکەی دەرەوەیــدا موژدەی کۆبونەوەیەکی فراوانی موعارەزەی عێراقی لەسـەر خـاکی کوردسـتانی ڕزگـارکراو بــە خــەڵکی عێــراق گەێنــدراو خۆشــی کەوتــە نێــو هــەموو مــاڵێکی عێراقی، خۆشحاڵیەکەیش لەوەدابوو چونکە کۆنگرەی مـانگی ئـاداری ١٩٩١ لـە (لبنان)بەسترا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا بۆیە ناهەق نەبوین .

بــەر لــەوەی ئــەو کۆبونــەوە فراوانــە دەســت پێبکــات مقۆمقــۆی ئەموئــەو هەرچەندە ژمارەیان (کەم) بوو دژ بە (فیدڕالیـەت) دەسـتی پێکـرد تـا گەیـشتە ئــەو ڕادەیــە دروشمــی ســاڵانی شەســتەکان (دولــە اســرائیل الثانیــة ★)مــان،پێوە بلەکێنن و بە (انفصالیین)مان، لەقەڵەم بدەن و گەلێ شتی دیکە .

ئەگــەر بێتــو چــاوێك بــە (بیــان حــزب الــدعوە الاســلامیە)لــە ڕۆژنامــەی (الجهــاد)بخــشێنین، پەیامەکــە لــە (ئەلفــەوە تــا یــا) لــە پــەیڤی کوردســتان

هەتیوێکی بێ دایك وباوك بوو، وەك بڵێی لەلایەن نوسەرانی رژێمی عێراق نوسرابوو چونکە ئەوان پەیڤی کوردستانیان لەلا بڤە بوو ئەگەر جارجاریش درکاندبیان ئەوە بە حەفتا هەزار خڕگە حەشاریان دەدا!

ئەوەی من بیزانم کورد بە وشەی (شمال العراق) زۆر ئیستفزاز دەبن چونکە لە زەمانی هێرشەکانی سەلام عارف بۆ سەر پێشمەرگەی کورد ئەو پەیڤە لە راگەیاندنیان لەبرەو دابوو.

پەیامی ناوبراو هەر لە ناونیشانەکەیەوە باسی (ناوچەی باکووری عێراق)دەکات و لە ناوەرۆکیشدا سێجاری دیکەش باسی (الشمال الکردی، شمال العراق، المنطقة الشمالیه)دەکات لێرەدا ئەنجامی مەعادەلەیەك سەرهەڵدەدا ئەو کەسانەی لەکاتی خۆیدا هاتونەتە سەر کورسی حوکمڕانی عێراق یان ئێستا هاتوون یان بە خۆزگەی ئەوەن بێن هەر هەموویان لەیەك سەرچاوە ئاویان خواردۆتەوە، ئەی ئەگەر وانەبێ لاساییکردنەوە بەمجۆرە دەبێت؟ قەومی، ئیشتراکی، ئیسلامی، دیموکراتی، ئێمە ناوگۆڕ دەکەن بە ئەنقەستیش!

ئێ براینە ئێمەیش بەشەرین و لە گۆشتو ئیسقانین، شیری خاومان خواردۆتەوە، لەکاتی پێویست تووڕە دەبین!هەی خوا عافوتانکا!! ئێ خۆ دەستنوێژتان ناشکێ ئەگەر بە دڵێکی پاکو پڕ بەدەم ناوی ئەو کاولگایەی ئێمە بەراست ودروست بێنن!!

پەیامەکە دەڵێ : ئاشکراکردنی دروشمی فیدراڵیەت لەلایەن پارلەمانی کورد لە ناوچەی کورد لە باکووری عێراق بۆ هەموو موعارەزەی عێراق موفاجەئە بوو!!

هەر لەم رستە ناتەواوەدا بۆ هەموو کوردێك بەدەردەکەوێ ئەگەر بێتو ئەوانەش بگەنە سەر عەرشی حوکمڕانی لەوەمان زیاتر نادەنێ کە ئەوانی دوێنێ و ئەوڕۆ دانی پێدادەنێن .. خوا دەزانی دووریش نیە ئەوکات کوردی

قوڕبەسەر بڵێ :"سەد خۆزگەم بەکفن دز"ئۆباڵتـان بـە ئەسـتۆم هـەرواش دەبـێ ئەگـەر لـە ئێـستاوە چـارەیەك نەکـەین هەرچـەندە نـابێ لـەمجۆرە نوسـینانەدا ئەو ئەنجامە موتلەقە بگوترێ بەڵام کورد گوتەنی :"من مـردووم ئێـوە زینـدوو "ئەگـەر لەنێوخۆمانـدا دەسـتباری کێـشەکەمان نەکـەین لـەنێو گـۆڕدا دەسـتم ببڕن هەروا دەبێ!

ئەگـەر بێتـو سـەرنج بدەینـە بنجوبنـەوانی حەشـاردراوی ئـەو رسـتەیە، ئەوانـە بـەهیچ جۆرێـك بـیر لـەوەش ناکەنـەوە کەچارەسـەری کێـشەی کـورد بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات بـەڵکو لـەلای خۆیانـەوە بـە کـوورتی بڕیویانەتـەوە ئەگەرنا دەبوایە لەم قۆناغەدا لایلایەکمان بۆ بڵێن .. ئەوڕۆ ئەوەنـدەو سـبەی ئەوەندە تا حیسابتان تەواو دەبێ، نەخێر بەکێ دەڵێی؟

ئەگــەر لاپــەڕەکانی مێــژووی ئیــسلام دەورکەینــەوە چــەندان وڵاتــی سەربەخۆ لەنێو دەوڵەتی گەورەی ئیسلامدا کۆببونـەوە، هـەر ئیمـارەو وڵایـەت بوو بـەپێی دەسـتوری دەوڵـەتی ئیـسلام کاروبـاری خۆیـان بـەڕێوە دەبـردو بـرا گەورەیش بۆ تەختی سـوڵتان بـوو .. فیدڕالیەکـەی لەمـەڕ خۆمـانیش هەروایـە کەچــی ئــەو ئیــسلامیانەی نێویــان هــاتوە لــە پەیامەکەیانــدا دەڵــێن : ئاشـکراکردنی فیدڕالیـەت لەلایـەن پەرلـەمانی کـورد لـە گـەڵ گیـانی یـەك خانــەوادەیی نــاگونجێ، دەبــێ ئــەو خەڵکــە بــاش بزانــێ لەســەر زمــانی سەرکردەکانیشمان هەروا گوتراوە کوردسـتانی فیـدڕاڵ لەچوارچێوەی عێـراق.. واتـە ئێمـەی کوردسـتانی لـەژێر بـاڵی ئێـوەی بـرا گـەورەو!! مەرکـەز کاروبـاری خۆمان بەدەستی خۆمان هەڵدەسوڕێنین، ئەگەر رۆژێك داهات هـەروەك جـاران پێمان بڵێن : ماسـت رەشـە! ئـەوجارەیان پێتـان دەڵێین : مـەعزەرە دەخـوازین وانیە بەڵکو سپیە، خۆ ئەگەر قسەیێکی باشتان کردو زوڵمـو زۆرداریتـان لەگـەڵ ئێمـەو دراوسـێیان نـەکرد ئـەوە دەسـتی ئەشـهەدوبیللاتان بـۆ لەسـەر سـینگ

دادەنێین .

ئــەوە عەدالــەتی ئیــسلامی راســتەقینەیە.. ئەگــەرنا رەوســە هێــشتا بڕنەکراوە والضالین امین .

بۆچـوونی دەعـوەی ئیـسلامی لەوەدایـە ئەگـەر عێـراق بـبێ بـە فیـدڕاڵ پارچە پارچە دەبێ ئەوەیش مانای پچڕان و لاوازبوونی عێراقـە کەچی چـەند ســاڵەو ئێــستایش وڵاتــانی وەکـو ئەمریکاوئــەڵمانیا لــەژێر بــاری فیدڕالیــەت لەوپەڕی گەشانەوەدا دەگەشێتەوە .. نـەخێر ئێمـەش دەڵێین : فیدڕالیـەت بـۆ کوردسـتان بـەڵکو بـۆ عێـراق تاکـە رێگـای چارەسـەرکردنی گێروگـرفتی ئێمـەو ئێوەیە یان دەتانەوێ کابرا ئاسایی گۆسکەیەکی رۆن لەو دەسـت، یـەکی تـر لـەم دەسـت، یـەکی تـریش بـەدەم بگـرن و بەسـەرلەقاندنیش هـەوڵ بـۆ گۆسـکەی چوارەم بدەن و بڵێن بەشمان لەوێشدا هەیە کەمێك سەر هەڵبڕن خواتان بێ!

پەیامەکـە بەردەوامـەو دەڵـێ :"کێـشەی کـورد مەبەسـتی ئێمەیـشە"بـەخوا وانیـە لـە وەتـەی خۆمـان بەدابەشـکراوی بینیـوە کـەس بـە ئێمـەی نـەوتوە چـەندت بەچـەند؟ بـەڵام خۆمـان بـەقوربانی تفـەنگی سەرشـانی پێشمەرگەی کوردسـتان بکـات . ئێـوە دەڵـێن جیابوینـەوە زەرەربەخـشە!دڵنیـاین هەرچـەند دڵنیاشـن بـەڵام ئـەو پڕوپاگەنـدەتان ئەورۆنیـە دەمێکـە لەکاتوسـاتی پێویـستدا دۆڵـی بـۆ لێـدەدەن تـاکو کێـشەکەمان لێلکـەن بەمەزنـدەی خـۆم ئـەمجارەیان لێلبوونی ئەستەمە .. خاترجەم بن .

هەروەها دەفەرموون :"نابێ هەرکەسەو بەپێی بۆچوونی خۆی کێشەیەك دوور لـە کێـشەیەکی تـر چارەسـەر بکـات"ئێمـەی کـورد هـەر لـە سـەرەتای خەباتکردنماندا کێشەی میللەتەکەمان پابەنـدی کێشەی عێـراق بـوە بۆیـە لـە هەموو دانوستانێکدا دیموکراتی بۆ عێراق مەبەسـتی سـەرەکیمان بـوە، چـونکە بـێ دیمـوکراتی سەرتاسـەری عێـراق مەسـەلەکەی ئێمـەیش لەنگـەر نـاگرێ

..لەمەیان ئێمە دەست پێشخەرین .

بەبۆچوونی خۆم دەبوایە ئەو پەیامەو ئەگەر هی لایەنی دیکەیش دەرچووبێ من ئاگادار نەبم پێویستە پشتگیری لەو فیدڕالیەتە بکەن چونکە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی عێراقە بەگشتی پێویستیش ناکات لێرەو لەوێ هەندێ دەنگی ناڕەزایی دەبیستین کپبکرێتەوە باشترە چونکە بەری ڕۆژ بەبێژینگ ناگیرێ، ئەگەر ئەم قسانەتان لە روانگەی بیری سەربەستە؟ئەوەیش وەڵامی بیری سەربەستی منیشە!

ئەوەبوو لە ١٦ – ١٩ حوزیرانی ١٩٩٢ کۆنگرەی (ڤیەننا)بەستراو چەند لایەنێك بەشداریان تێدا نەکرد کەچی هێندێك لەبەشداربوانیش ڕێزیان لەراوبۆچوونی نوێنەرانی میللەتەکەمانیان نەگرت و بێ شەرمانە بەرامبەر بەکێشەی کورد دووان ..بەهیچ جۆرێك چارەسەری سەر کاغەزیشیان پێڕەوا نەدیتین ئەوەبوو لەو کۆنگرەیەدا ووتیان : ئەگەر بێتو سەرپشك بین لەنێوان چارەسەری کێشەی کوردو مانەوەی سەدام بەمانەوەی رژێم رازین *هەرچەندە قسەکانی پیاوماقوول و دووربینی وەك (حسن چەلەبی) مامۆستای قانوون کە وتی : ئێمە بۆ لە چارەسەرکردنی مافی کورد ئەترسین؟! هەروەها مامۆستا (محمد عبدالجبار) کە یەکێکە لە کادیرانی حیزبی دەعوە وتی : ئەو چارەسەرەی کە کورد بۆ میللەتەکەی داوای دەکات شتێکی باشەو دژ بە ڕەوتی ئێمەی ئیسلامی نیە .

سەرەڕای ئەو قسە دڵ ئێشکەرانە پیاوی ئەوتۆ لەو کۆنگرەیە بەشداریان کردبوو موزایەدەیان لەسەر کورد ئەکردو دەیانگووت : ئەگەر بێتو ئەو چارەسەرەی کێشەی کورد بۆ ئیسلامیە کوردەکان بێت تا جاڕدانی دەوڵەتیش بکەن ئێمە دانی پێوەدەنێین و یەکەم کەس دەبین داوای پەناهەندەی سیاسیان لێدەکەین، بەڵام بەمجۆرە ئامادە نین ئەو بەشە پیرۆزەی خاکی

عێراق تەسلیم بە دەستی ئەتاتورك و عەفلەقی كوردستان بكەین!! .

ئا لێرەدا بێ ئابڕوویی ئەو كەسانە وا دەكات ئەم پرسیارە سەرهەڵبدا ..كێن ئەو كەسانە كە بەمجۆرە نێویان دەبەن؟ ئێمە لەلای خۆمانەوە دەڵێین : مخابن بۆ ئەو ڕۆژە كە ئێمەی تێكەوتین!!ئەوانە خەمخۆری كێشەی عێراق بەگشتی و كورد بەتایبەتین ئەو كەسانەن كە نێویان لە مێژووی وڵات ومیللەت نوسراوەتەوەو لەوەیەیش پایە بڵندترن كە ئەو قەزەمانە ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانن لەكەداریان بكەن چونكە ئەوانە میللەتی كوردن و نوێنەری ڕاستەقینەن ومێژووی نوێشمان شاهێدی بۆ خۆیان و میللەتەكەیان دەدەن، ئیفتخاری ئەوەشیان بەسە كە لەژێرسێبەری تەرمی شەهیدانی ڕۆڵەی ئەو میللەتە ستەمدیدەیەو سەركردە بەوەفاكەیان یەكەم كۆنگرەی یەكگرتووی نیشتمانیی عێراق بەچاودێری ئەوان بۆ یەكەمجار لە مێژوودا لەسەر خاكی كوردستانی ڕزگاركراودا بەسترا .

ئەوانە نەوەی ئەو كەلەمێردەن كە عیززەتی دینی موحەمەد ئەلستەفا پێی بەرز بۆتەوە .. نەوەی ئەو كەسانەن كە مێژوونوسانی عەرەب و ئیسلام بەسێ كۆلەگەی ئاینی ئیسلامیان دەژمێرن، ڕۆڵەی ئەو كەسەن كە بەبانگوهاواری (محەمەد كازم ئالتەبەتەبائی*)هاتن و لەشەڕی (الشعیبە)خوێنیان بۆ پارێزگاری خاكی عێراقیان ڕشت و سوارچاكیان لەنێو شیعرو هۆسەی عەرەبدا تا ئەوڕۆ ڕەنگی داوەتەوە .

لە كۆتاییدا دەڵێین بتانەوێ یان بە پێچەوانە كێشەی كورد وەكو ئاگری پووش دونیای گرتۆتەوە، چارەسەرە سیاسیەكەشی بەڕێوەیە بۆیە لەناخەوە حەز دەكەین هەر لە ئێستاوە گیروگرفت نەكەوێتە نێوانمان ئەگەر بڕوایشتان بە دیموكراتی هەیە ئەو مەسەلەیە پابەندە بەو دیموكراتیە ڕاستەقینەیە كە ئێمەو خەڵكی دیكەیش هەوڵی بۆ دەدا ..ئێمە لەلای خۆمانەوە مەسەلەی

دیموکراتیمان بڕاندۆتەوەو بەرەوپیری دەچین چونکە چارەسەرکردنی دۆزا عێراق تێیدا بەدی دەکەین لەویۆەش کێشەی میللەتەکەمان

ئەوەتە چەندین ساڵە خوێن بۆ مافی کورد دەڕێژین ئامادەیشین چەندان ساڵی دیکە خوێن بۆ چەسپاندی دیموکراتی لە عێراق بدەین ئەگەر خۆتان بەچەوساوە دەزانن ئەوە دیموکراتی دەرمانەکەیەتی ئەگەرنا جگە لە شۆفینی و عوربچیاتی کەسی دیکە نیە لە دیموکراتی بترسێ ئێمەی پارتی بەسەرکردەی نەمریەوە (بارزانی مستەفا) لە ١٩٤٦وە، بەڵێنمان لە گەڵ دیموکراتی داوە تا خوێنمان لە جەستەدا بێ لێی پەشیمان نین، واتە سەوجاسەری ئایدۆلۆژیەتەکەمان بەم وشە جیهانیە بەستۆتەوە بە تایبەتی لەلای ئێمەوە بەدیلی نیە ".

خوێنەری بەڕێز ئەمەی سەرەوە بۆچوونی سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانی مالیکی و هاوبیرانی بوو کە هیچیان بەدەستەوە نەبوو! تۆ بڵێی لەو جەبەرووتیەی ئێستای دەگەڵن چۆن دەبن؟ تەنیا خەونی حوشتریان بەیەکریزی کورد گۆڕحەشار دەکرێ ئینشاللا .

## پەراوێزەکان

١- ڕۆژنامەی (الجهاد)ژمارە(٥٦٥)لە ١٢/١٠/١٩٩٢.
٢- لە حوکمڕانی سەلام عارفەوە ئەو پەندە بالۆرەمان بەدوواوەیە.
٣- گۆڤاری ئاڵای ئیسلام ساڵ (٦) ژمارە (٣) ساڵی ١٤١٣ کۆچی لاپەڕە (٥).
٤- هەمان سەرچاوە لاپەڕە (٦) .
٥- هەمان سەرچاوە لاپەڕە (٦) .
٦- مەڕجەعی سەرەکی شیعە لەعێراق ساڵی ١٩١٣ .

# ڕێزلێنان .. بەڵام !

کـاتێ گوتیـان نێـوت لـەنێو ئـەو لیـستەدایە .. تـاکو میـداڵی شـەرەفی حەیرانـدنت بەبەرۆکدا هەڵواسـن .. بـە بـەرزایی قەنـدیل کـەیفم بـە رابـردی خۆم هات!

گوتیـان لاوانـی هـەولێر ڕێزبەنـدی ئـەو کەسانە دەکـەن کـە ڕۆژانێـك بـۆ خزمەتی خاکومیللەت بوونەتـە مـۆم .. تـۆیش وێنـەی قـەڵاومنارەت دەقەبـەر کـراوە!! بـە کـۆنی قـەڵاومنارە بـە نـاخی خـۆم و خاکەکـەم قووڵبوومـەوە .. لەنێوان قەتیسبوونی گریانوفرمێسکدا دەتگووت لە شەقەی باڵان دەدەم !!

گوتیان لەبەر ئەوەی تۆیش لە توێژی (قووتی لایەمووتی) بـە بڕێـك پـارە ڕێزیان لێناوی .. باوەڕتان بێت  هێنـدەی نـەمابوو  لـە خۆشـیان ببورێمـەوە .. نەك لەبەر ئەو (٢٥٠)هەزار دینارە .. بەڵکو لەبەر ئـەو هەلوێستەی حکومـەتی کوردان کـە ئـاوا ڕێـز لـە خـەڵکی مانـدووی میللەتەکەی دەگرێت و بەسـەریان دەکاتەوە.

من دەمێکە لەنێو دووتـۆی کتێبـان خوێندومەتـەوە کـە مرۆڤـی کـورد بـە مردنــی خــۆی دێتەبــەر بــەڵام بــەهیچ شــێوەیەك دەقــسەی خــۆی پەشــیمان نابێتـەوە!! *مەبەسـتم مرۆڤـی کـوردی دێـر زەمانـە نـەك ئەوانـەی ئێـستا*!!!!

حوکمـەتی خـۆن دەقـەوڵی خـۆی پەشـیمان بـۆوەو توێـژێکی (٦٠٠٠)کەسـەی لـە بێژینگو سەرەندا .. لەدوای دانوئاوێردا (٧٠٠)کەسەکی تێدا مایەوە!

براینە ئەو ڕێزلێنانە بـە دەردی گیسکی هەیاسـی بـردین .. ساڵێ جارێ! بـوو بـە نـۆ مـانگ! بـوو بـە شـەش مـانگ.. هـەموو جارێـك لـەداریان دەدایـن (یەمینــدوڕو .. یەســاردووڕیان)بــەو خەڵکــە دەکــرد لــەدوای ڕەقــەمکردنمان

راتبانەی فەقێیانیان بە ڕەزاڵەتی دەباخەڵیان دەنایـن .. پیاو شەرمی لەخۆ دەکـردەوە .. قسەی کۆمەڵگای کوردەواریم دەهاتەوە یاد"*پارە نانەکی بدەنە ئەو چاوشانە* "

بۆ چەندینجار لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان ئەو باسەمان وروژاند کەس نەهاتە وەڵام!! لە ڕێگەی حیزبایەتی و مەجلیسی بەرپرسانی ئەوڕۆ گلوگازاندەن کرد .. چ نەبوو!! ئەمجارەیان لەگەڵ هەڵکردنی بای چەپلەلێدان وناڕەزایی، مەسەلەی بڕە پارەی ئەو ڕێزلێنانە کە لە هەولێر دابەش دەکرێ گەلێك تۆخکرا! چاودێرانی سیاسی کە ئەوڕۆ ژمارەیان لە زۆریدایە!! دەڵێن : خەڵکانێك ویستیان بەم بیانوە گۆمەکەی هەولێر بشلەقێنن .. لەبەر ئەوەی خەڵکی هەولێر لەرادەبەدەر بێوەینە!! ئەوجۆرە نامافوڵیانە ناکەن!!

ئەو خەڵکەی ئێمە بۆ خۆیان دڵ بریندارن .. نازانم لە پای چی ئەو کەسانەی کە ئێستا لە ژووری بە سپلیت دانیشتون..تا دوێنێ لە تەکییەی هەژارپەرستی دەخەبتن!! کەچی ئێستا لە بورجی عاجەوە سەیری ئەو ڕەشورووتەی هەولێر دەکەن! هەر کەسێکیش لە بەرزاییەوە سەیری خوارەوە بکات خەڵکیان پێ بچووکە!! *بەر لەوان خەڵکانێك هەبوون بەمجۆرە موعادەلەیە خۆیان و دوارۆژی خۆیان دۆڕاند* ..

ڕاستە ئەوڕۆ ئێمەمانان لەبەر بەرژەوەندی حیزبو میللەت دەنگی خۆمان بڵند ناکەین نەوەك ئەوانەی دەیانەوێ لە گۆمی لێڵدا مەلە بکەن سوود لەو گەنگەشەیەمان وەرگرن .. جارەکانێ لێیدەگەڕێین و لەنێوان دوو نووردیە نان دایدەنێین .

داواکارم لەهەر کەسێك کە لەم زەمەنەدا خۆی بە مەغدوور دەزانێ لەنێوان خۆی و خوای خۆیدا بڵێ : مەددەد یا رب العالمین ..

# شەهید عەمەراغا دۆلەمەری ..
# ئەوانەی تەنیا بۆ کوردو کوردستان ژیان ..!

هەرچەندە ساڵی لەدایکبوونی عەمەراغا محەمەداغا شوان لێلۆکی لە پێناسەکیدا بەساڵی ١٩٣٠ نوسراوە، بەڵام بەبۆچوونی خۆم تەمەنی عەمەراغا چەند ساڵێك گەورەترە .. چونکە کاك ئەحمەدی برای دەڵێ : لە دایکمەوە بیستومە کە من یەك ساڵ لە عەمەراغا گەورەترم، هەروەها گووتی : لەوکاتەی خودانێ بارزان بڕیاریدا هەموو خەڵکی ناوچەکە فێری قورئان خوێندن بن .. من لەو ساڵەدا تەمەنی خوێندنم نەبوو بەڵام چاکم وەبیرە کە فەقێ حوسێن بۆ دەرسگوتنەوە هاتە لێلۆکێ .

بەساڵاچوونی ناوچەکە ساڵی ١٩٣٠ بەساڵی قورئان خوێندن دادەنێن، ئەگەر کاك ئەحمەد لە ١٩٣٠ تەمەنی خوێندنی نەبووبێت بەڵام وەبیری دێت .. لێرەدا دەگەینە ئەنجامێك کە تەمەنی لە دەوروبەری (٤-٥) ساڵان بوە، عەمەراغاش (٣-٤) ساڵان .

دەربارەی تەمەنی عەمەراغا لە بانگهێشتەی بارزانیدا لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦دا، خاڵ مستەفا رەشۆ دەڵێ : کاتێ عەمەراغا هاتە ریزی لەشکری بارزان تەمەنی لەنێوان (١٨ — ٢٠) ساڵان دەبوو، لە روانگەی ئەو دوو بەڵگە سەرزارەکیەی سەرەوە ساڵی لە دایکبوونی عەمەراغا لە ١٩٢٧ بوە، واتە لە ساڵی قورئان خوێندندا (٣) ساڵان بوەو بە (١٩) ساڵانیش لە مەهاباد چەکی شەرەڤ خستۆتە سەرشان .. واتە (٤٩) ساڵ پێشمەرگە بوە .

ئەو زاتە وەك گشت منداڵانی دەڤەرەکە لەسەر دەستی (کوورت ئەحمەد)ی، ئامۆژنی لە لێلۆکێ لەدایکێکی شێروانی سەروکانی و باوکێکی دۆلەمەری لە دایك بوە .. ماوەیەك بەرخەوان ئینجا شوانی ئینجا جووتیاری

بەسەردەباو زۆر حەزی بەڕاو کردوە، منداڵێکی دەم بە پێکەنین و لەسەرخۆ بوە هەردەم بە قسە خۆشەکانی گۆمی مەندی هەژاندۆتەوەو سەربەقوری بە پێکەنین هێناوە! لە سەرەتای ژیانی لەخوێندن بێبەش بوە بەڵام لە ئاوەرەییدا فێری خوێندن و نوسین دەبێت ** .

یەکێك بوە لە هەڤاڵانی بارزانی نەمرو داستانی کۆڕەوی مەزن بەرەو سۆڤیەتی پێشو ..لە نێوانساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٩ دەگەڵ هەڤاڵەکانی وەك حسۆ میرخان دۆلەمەری، محەمەد عیسا، محەمەداغا عەبدوللا دۆلەمەری، ئاودەل مستەفا، خدرعیسا، خدرحەسەن، عەزیز قاسم، فەق محەمەد حوسێن محەمەدەمین تایەرو چەندانی دیکە دەنێردرێنە شاری (سەراتۆف) بۆ پەیمانگای (گیدرۆ ملاراتیڤنی تیفخنیکۆم)واتە پەیمانگای زەوی و پردو ڕێگاوبان لەبەر گەڕانەوەیان خوێندنی تەواو نەکردوە بەڵام دبلۆمەیان داونەتێ لە عێراق بە (مەسساح) دادەمەزرێن .

لە ١/ نیسانی / ١٩٥٩ لە شاری ئۆدیساوە بە پاپۆری گروزیا بەرەو عێراق دەگەڕێنەوە .. لە دوای ٣٨٤کاتژمێر واتە لە ١٦ / نیسان /١٩٥٩ دەگەنە بەندەری بەصرا و لە سەعات ٨ی، بەیانی ١٧ / نیسان دەگەنە شاری هەولێر.. واتە لە دوای (١٢) ساڵ بە خەڵکی خۆیان شاد دەبنەوە!!

کاتێ عەمەراغا لە نەورۆزی ١٩٤٦ لە مەهاباد چەکی شەرەف دەخاتە سەرشان .. لە دوای دوو هەفتە مەشق کردندا دەبێتە پێشمەرگەی پەلی عەمەراغا خەلانی لە لقی یەکی محەمەدەمین میرخان لە فەوجی یەکی رەیس بەکر، خۆی لە سەنگەری پێشەوەی میحوەری سەقز لە گوندی (سەرچاوە)لە نەورۆزەوە تا مانگی ١١ / ١٩٤٦ دەدۆزێتەوە .

کاتێ لاپەڕەکانی مێژووی کۆماری مەهابادو لەشکری بارزان ئاوەژوو دەکەینەوە ئەوە شەڕی قاراوە وانەیەکی زەبروەشێنی زێدە کوشندە بوە بۆ جەبەرووتی ئەرتەشی ئێران کە قارەمانەکانی ئەو شەڕە بەمشێوەیە بوە :

ئەرتەشی ئێران لە سەقزەوە بەرەو قاراوە هێرش دێنێتە سەر

سەنگەرەکانی لەشکری بارزان .. تانك وتۆپخانە لەوبەری رووباری ئاڵتون جێگیر دەکات و تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکات و پیادەش لە پردی ئاڵتونەوە دەپەڕێتەوە تا دەگاتە لووتکەی قاراوە سەرەڕای بۆردومانکردنی دوو فڕۆکەی جەنگی فەوجی یەکی لەشکری بارزان بەمشێوەیە بەرەنگاریان دەبنەوە : محەمەدەمین میرخان کە عەمەراغا دەگەڵ ئەودابوو بۆ رۆژهەڵاتی لووتکە، مامەند مەسیح بۆ رۆژئاوا، فارس کانیی بۆتی لە باکوورەوە.

بە ماوەیەکی کوورت قارەمانەکانی دۆلەمەری ومێرگەسۆری توانیان لەسێ لاوە گەمارۆی ئەو هێزەی ئێران بدەن و(٨٠) تەرمیان لەسەر لووتکەوە تا سەر پردی ئاڵتون پێ بەجێبهێلن و(١٨٠) سەربازیش ئیخسیر بکەن سەرەڕای دەستکەوتێکی زۆر لە چەك وتەقەمەنی!

رۆژێك دوای ئەو سەرکەوتنە پێشەواو بارزانی بۆ پیرۆزباییکردن سەردانی ئەو میحوەرە دەکەن .. لە هەمان رۆژدا پێشەوا دەگەڕێتەوە مەهابادو بارزانیش ئەو شەوە دەبێتە میوانی فەوجی یەك، شایانی باسە بۆ بەرزکردنەوەی وورەی خەڵك ئەو ١٨٠ ئێخسیرە بە پیادە بەنێو دیبۆکری بەرەو مەهابادیان دێنن!

لەو شەڕەوە تا کشانەوەی لەشکری بارزان و ئەو دەردەسەری ومالۆێرانیەی بەسەر بارزانیەکان داهاتوە بە تایبەتی تا دەگەنە سەر رووباری گادەر ئینجا ٥٢ رۆژەی داستانی کۆڕەوی مەزن بەنێوان سێ سنووردا ئینجا ١٢ ساڵەی ئاوارەیی ئینجا شۆڕشی ئەیلول کە دووندی ئازایەتی لەشەڕی ماخۆبزنان خۆی دەدۆزێتەوە ئینجا دەردەسەری تەواوکەری ئەیلوول کە بە گولان ناوزەد کراوە تا راپەڕینی سەرتاسەری کوردستان ئینجا هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتی کوردان و پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی حکومەتی کوردان لە ١٣ /١ /١٩٩٥ لە شەڕی کەسنەزان بریندار دەبێت و.. لە ١٠ /٧ / ١٩٩٥ لە شەڕی زیارەت شەهید دەبێت .

دۆلەمەری لە مانگی حزیرانی ١٩٦٣وە، دەبێتە پاسەوانی تایبەتی بارزانی

نەمر تا نسكۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وەك فەرماندەو لێپرسراوی هێزی پاراستنی بارەگای بارزانی ماوەتەوە، لە دوای وەفاتی بارزانی نەمردا بە هەمان شێوە دەگەڵ كاك مسعود بارزانی دەبێت تا رۆژی شەهیدبوونی ئیدی ئەستێرەی ئازایەتی عەمەراغا لە لاپەڕەكانی مێژووی شۆڕشی رزگاریخوازی كورد تا دنیا ماوە دەدرەوشێتەوە .

ئەوەی شەهیدی نەمر عەمەراغا دۆلەمەری لە نزیكەوە ناسیبێ هەموویان لەسەر ئەوە رێكدەكەون كە ئەو مرۆڤە لاتەریك، وەفادار، ئازا، وردەكار، خۆش مەحشەر.. خاڵ مستەفا رەشۆ لە ٢٤ / ٨ /١٩٩٥ لە لێلۆكێ دەربارەی وەفاداری عەمەراغا كە زۆر بەسادەیی پێی گووتم : عەمەراغاو حالی بۆ مەلا مستەفا لە دایكبوون و بۆ ئەویش مرد،!!

لە رۆژی ١٦ / ئاداری / ١٩٩١لە كۆمەڵگای پیرزین لەو كاتەی لەگەڵ حەسەن نەجار سەردانی كاك مسعود بارزانیمان كرد بۆ یەكەمجاربوو روخساری ئەو هەڤاڵە دێرینەی سەرۆك بارزانیم بینی تەنیا بەزەردەخەنە خۆمان بەیەكتر ناساند لە دواییدا ئەشقی دەنگ و بەرنامەی (بەرئاگردانم) لە ئێزگەی دەنگی كوردستانی عێراق ببوو لەبەر هێندێ بەزێدە رێزی دەگرتم ..هەردەم تا دوو رۆژ بەر لە شەهیدبوونیدا كاتێ منی بدیبا دەیگووت : كراس زەرد، دەسكە خەنجەری زەرد، پشدێن زەرد***، وەڵڵا توو بسبری ئەسعەد!!

عەمەراغا یەكێك بوە لەو كەسانە كە خدووی بە ووردەكاری گرتوە ناسیاوەكانی دەڵێن : لە گوند لە شاخ لە رووسیا دەستی لە وردەكاریدا رانەوەستاوە دەتوانین بڵێین كەس نیە تەزبێحی دروستكراوی عەمەراغای بە دەستەوە نەگرتبێ بە تایبەتی لە بێگەواتی رووسیا جۆرە دارێك بە ناوی (ئەكاسی) هەبوە دۆلەمەری لەبەری ئەو دارە تەزبێحی بۆ هەڤاڵەكان دروستكردوە، هەروەها بەبەردەوام سنگەداوی راوە كەوی دروست دەكردو پێشكێشی خەڵكی ئاشقە راوە كەوی دەكرد..ماڵەكانی دەوروبەری لەكاتی

ساوار كووتاندا بێباك بوون چونكە وەستاكارێكی لێهاتووی كووتك دورستكردن بوو هەردەم تلیان و سەبەتەی بۆ پیرەژنە ناسیاوەكان ئامادە دەكرد! بەڵام سەربردەی هەمبانە جۆشدراوی عەمەراغا دۆلەمەری لە زۆر شوێن و لەلای پیاوانی نێو شۆڕش و ڕۆژنامەنووسانی جیهانیش دەنگ وسەدایەكی بەربلاوی هەبوە گەلێجاریش دەبارەی هەمبانەكەوە تیروتوانجی بەردەكەوت! بەڵام ئەو بەپێكەنینەوە پێشوازی لەتیرتوانجەكان دەكرد!! بەهۆی ئەو هەمبانەیەوە خزمەتی بارەگاو ماڵەكانی دەوروبەری بارەگای كردوە بەتیژكردنەوەی چەقۆو مشتومارکردنی خەنجەری بەر پشدێنی پێشمەرگەكان سەرەڕای دروستكردنی داسوداسوكە بۆ ئیشوكاری پانجاری و گەلێ پێویستی دیكەی ژیانی سەختی نێومالۆ شۆڕش، بارەگای لەهەر شوێنێك بوایە بەماوەیەكی كوورت باخو باخچەیەكی بەرچاوی دەكردو لە موتربەكردندا زۆر زیرەك بوە .

محەمەد عیسا ڕەحمەتی گوتەنی : عەمەراغا دۆلەمەری بەخۆشیی و ناخۆشیی هەرخۆش بوو! دۆلەمەری لە نوكتەو قسەی نەستەقدا داهێنانی كردوە هەردەم هەوێنی خۆشەویستی مەجلسی هەڤاڵان بوە .. بۆ یادی ئەو جوامێرە ئەو نموونە دەخەمە بەر دەستی خوێنەران :

هەڤاڵانی بارزانی هێشتا فێری زمانی رووسی نەببوون كاتێ مستەفا ڕەشۆ دێتەلای عەمەراغاو بەنهێنی پێی دەڵێ : بەدەرپێی كوورت چ دەڵێن؟ ئەویش دەڵێ (بریۆك) خاڵ ڕەشۆ تا دەگاتە نزیك دوكانەكە لەبەردەم خۆیدا دەڵێ بریۆك.. بریۆك بەڵام لەكاتی جغارپێچاندا لە یادی دەچێو پەیڤی (ڤیرۆفكا)ی، دێتە سەرزار!! دوكاندارەكەیش كندڕی (كەنەف) دەداتێ! خاڵ ڕەشۆ زۆر عادز دەبێت و لە گەڕانەوەدا باروبارگەی خۆی دەپێچێتەوە بۆ ئەوەی لای عەمەراغاو هەڤاڵانی بڕوات .. عەمەراغاش بەهەمان شێوە باروبارگەی خۆی دەپێچێتەوە..

خاڵ ڕەشۆ : ئەوە چ دەكەی؟!

عەمەراغا : دەڕۆم .

خالّ ڕەشۆ : من لەبەر تۆ دەڕۆم.

عەمەراغا : جا ئەزیش دێم لە دواییدا بە پێکەنین ئاشت دەبنەوە

بارزانی نەمر زۆرجار لە ئامۆژگاریەکانیدا بۆ هەڤالانی خۆی ئەو ڕووداوەی عەمەراغای کردۆتە نموونە کە چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ مستەفا ڕەشۆ کردوە تا دڵی نەڕەنجێ .

گەلێ سەربردەی خۆش لەنێوان عەمەراغاو خالّ مستەفا ڕەشۆدا هەبوە بۆیە بە خالّ مستەفا ڕەشۆم گووت : چۆنت قەبووڵ بوو عەمەراغا ئەوجۆرە گاڵتانەت لەگەڵ بکات؟ لە وەڵامدا بە فرمێسك بارین گووتی : من نەکوڕ.. نەبرا.. کەسم نەبوو، عەمەراغا هەموو کەسێکم بوو لەخۆم خۆشتر دەویست!!

شەهید دۆلەمەری لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ یەکەمجارو دواجار هاوژینی لە گەڵ کچی محەمەد حەکیم هۆستانی پێکدێنێ چوار کوڕی بۆ خزمەتکردنی پارتی وریێبازی بارزانی نەمرلەپاش بەجێماوە بەنێوی : ئومێد، موفید، فەرەیدون، کرمانج .

سەری ڕێزو نەوازش دەگەڵ چەپکێك نێرگزی پالّ شاخەکانی کوردستان بۆ سەر گۆڕی عەمەراغا دۆلەمەری هەڤالّی ڕێگای هاتونەهاتی بارزانی نەمر .

پەراوێز :

- ئەمە ناونیشانی نامیلکەیەکە کە لە سەرەتای مانگی ١٠ /١٩٩٥ چاپمکرد بەڵام لەبەر چەند هەڵەی مێژوویی لەسەر کۆڕەوی مەزن بڵاونەکرایەوە.
- جگە لە ئاوارەیی زەمانی کۆماری مەهاباد، ١٢ ساڵ لە ڕووسیاو لە دوای نسکۆیش ١٦ ساڵ لە ئێران ئاوارە بوە .
- ئەو زاراوانەم لە ڕۆژانی پڕوپاگەندەی یەکەم هەڵبژاردن لە ١٩٩٢ بەکار دەهێنا .

# كاكى كوردان ..

كاتێ شەوە زەنگى كوردستان دڕیداو هەورى تارى ئاسمانى كوردستان بە راپەڕینى سەرتاسەرى رەوییەوە .. بۆ بیست ساڵ دەچێت ئەستێرەى بەختى كوردان لە ئاسمانى كوردستاندا دەدرەوشێتەوە .. بێچاوى بێت!!

كاتێ خەڵكانێك گرەویان لەسەر ناتەباییو بەدبەختى كوردان دەكرد كۆمەڵگەى كوردەوارى و كوردستانیان نێرومێ، گەورەوبچووك .. وەڵامى نەیاران و داخ لە دڵانیان بەو پێشوازیە زێدە گەرمە دایەوە .. كاتێ تەرمى ئازیزان ئەوسەرو ئەمسەرى كوردستانى لێكگرێدا.

ماوەیەكە بە دەستى خۆمان و دڵخۆشى نەیارانى كورد گۆمى كوردستان بەرەو لێڵى دەچێت! ئەو خەڵكەیش ناهەق نین نیگەران بن، دڵەڕاوكێ بیانگرێ و ئۆقرە نەگرن، ساڵانێكە چەریۆیى بەرهەمى چەندان و چەندین ساڵەى خەباتى نەتەوەى خۆمان دەكەین .. بە ئومێدى باشترو خۆشتریش بووین .

لەبەر ئەوەى خۆمان بەرامبەر بەخۆمان و بەو خودا مەزنە كەمتەرخەمین بۆیە ماوەیەكە سامانە ئاسمانى كوردستان بەرەو تەمومژى دەچێت ..كەچى خوداى میهرەبان لەبەر ئاهونیزاى دایكە شەهیدان و هەتیوباران و پیاوچاكانى كوردستان لە یادن ناكات ...! ئەوەتە ئەو میهرەبانە بە مردنى (دایكى كوردان)بەسەرمان دەكاتەوە تاكو جارێكى دیكە هەوێنى خۆشەویستى لەنێوان كوردستانیان بڵاوبكاتەوە، كوردەوارى دەڵێ:"مردن هەقە ناهەق نیە"بەڵام لە هەمانكاتدا دەردێكى بێ دەرمانەو نەخبێكە پێویستە هەموو (بەنى بەشەر)بینۆشێ!

لـە روانگــەی لاپــەڕەكانی مێــژووی كۆمــەڵگای كوردەواریــدا؛ زۆرجــار كارەساتو كۆستی گەورە بەرهەمی چاك بەدوای خۆی دێنێ .

دەمێــك بــوو گرێكــۆرەی دڕدۆنگــی و ناتــەبایی نێوانمــان ببــوە وێــردی سـەرزاران .. هەسانمان بـە چـەقۆیان دادەهێنـا، بـەهیوای دوعـای خێرخوازێـك بـووین ئـەو هـەورە تارییـەی ئاسمـانی كوردسـتان دڕبـداتو تـۆی مەحەبـەت بەنێوانمانـدا بڵاوبكاتـەوە، هـەموو كوردسـتان بـە هیـوای دیـدەنی ئـەو وێنـە كوردپــەروەری و مرۆڤدۆســتانە بــوو كــە چــەند رۆژێكــە لەســەر شاشــەی تەلەفزیۆنەكانمان بەدیار دەكەوێ .

رێزدار مامجەلال بەڵێنیـدا كـە پابەنـدی ئامۆژگـاری (دایكـی كـوردان)بێـت كـە لـەكاتی خۆیـدا فەرموویـەتی :"ئێـوە هـەردووكتان كـوڕی مـنن .. پێویـستە دەسـت لـەنێو دەسـتی یـەكتر بنـێن، ئـەو تەمومـژەی كوردسـتان بڕەوێننـەوەو خەڵكی كوردستان لەو نیگەرانیە دەرباز بكەن ".

ئەوەتــە وێنــەكان لــە ســلێمانی، كــەركوك، هــەولێرو دهــۆك دەپــەیڤن : دەسەڵاتی چی؟ ئۆپۆزسیۆنی چی؟ ئیسلامی چی؟نەتەوەیی چی؟ هـەموو بـراو ئـامۆزا بـوون، هـەموو كوردپـەروەرو ئیـسلامو مەحـشەری حـەزرەتی عیـساو مەلـەكێ تـاوس بـوون، هـەموومان لـەو میحنەتـە یـەك هەڵوێـستو یـەك گیـان بووین، هەمووڵایەك خۆی بەلاچەك بەسـەری كـوردان دەزانـی .. بۆیـە منـیش لەلای خۆمەوە دەڵێم : كاكی كوردان ئومێد ئەكەین دەگـەڵ ئـەو بـراو پـسمامە ئازیزانەی خۆمان دڵە ئۆقر نەگرەكەی میللـەتی كوردسـتانیان سـاكین بكـەن .. روحمێ بەو خەڵكە بكەن تاكو خودای گەورە روحممان پێبكات .

كاكی كوردان .. ئێمە دەمێكە دەڵێین : ئێوەن (صمام الامانی)موقـەدەراتی كــورد! رابەســەرخۆ وەك بــارزانی بــاوك : شمــشێری عەدالــەت بــەنێوان براوئامۆزایان دابێنە .. وەك جاران پەرژینی ناموسی كورد بپارێزن .

# ناصریه له بیرەوەریمدا ..

کەس نازانێ خێر لەچیدایە .. قسەیەکی نەستەقی کوردەوارییە، لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتوە.. وعسى أن تكرهوا شيئا و هو خير لكم (صدق الله العظيم)کاتێ ئێمەیان بۆ خواروی عێراق گواستەوە چەندی بڵێی دڵتەنگ و غەمبار بووین .. چونکە ئاسۆی میللەتەکەمان نادیارو لێڵ بوو! راستە سەرەتا هەمووما لەبارێکی یەکجار دژوارو نالەباردا دەژیاین بە تایبەتی ئەوانەی لە پێشمەرگایەتیدا پلەداربوون، بۆخۆم دراوسێو برادەرو هاودەردی خوالێخۆشبوان واحیدی کوێخا عەزیزی گەرۆتەو عەلی برنۆ بووم کە هەردوکیان ئامر بەتالیۆن بوون، جگە لەم بەڕێزانە من لەوێ جارێکیان شەهیدان عەلی عەسکەری کە بەڕێوەبەری شارەوانی (رفاعی)بوو، تایەری عەلی والی، عەلی هەژار کە لە (سماوە)هاتبوو بینیمن لەدواییدا ژنەفتم کە مژوولی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیست بوون .

لە شوێنێکی دیکەدا وتومە : فەڕاشە چاوبلۆقەکەی بەڕێوەبەری ناحیەمان لێببوە (قائمقام!!)بۆیە بە (رفیق یان ئوستاد)بانگمان دەکرد!! لە چەند شەوانی بەراییدا ژنەکانمان پاسەوانییان لە دەوروبەری سریفەکەمان دەکرد بەو ئومێدە ئەگەر تارماییەك دیاربوایە ئافرەتەکان بە کۆخەکۆخ پیاوەکانیان وشیار دەکردەوە .. بۆ چەند رۆژێك مێردمندالانی گەڕەك لە سەیرکردنماندا تێر نەدەبوون .. تا ماوەیەك بەمشێوەیەماینەوە لە دواییدا هەموو لایەك بۆ یەکتر کەوی بووین بە تایبەتی ئەوانەی عارەبیان دەزانی!

ئێوارەیەك (جاسم الصیاد)ئەو دوکاندارە رۆشنبیرە غەریب دۆستەی

ناحیەی (گرمە بنی سعید)لە نزیك سریفەکەمان بە ویقارەوە راوەستابوو لەسەرخۆ بانگی دەکردم ..گوتی : ئەبو ئیبراهیم (السید مصطفی جمال الدین ★) بۆ خواردنی ئێوارە بانگی کردووین، یەکەمجاربوو بچمە دیوانخانەیەکی دوازدە ئەستونی سریفەیی! هەرچەندە لەدواییدا لە دیوانخانەی مۆدێرنەکەیش کە کتێبخانەیەکی گەورەی تێدا بوو چەندانجار لە گەڵ گەورە پیاوانی هۆزو حکومی وەك سەفیری عێراق لە بولگاریا (عبدالحسین الرفیعی) و شاعیری میللی و سەرەك هۆزی (آل حسن) (ثامر حمودە آل مزیعل – ابو عادل) لەسەر خوانی شاعیری نێوداری عەرەب دکتۆر مستەفا جەمالەدین، برۆفیسۆر لە زانکۆی بەغداو کوفە دانیشتووم، هەرجارە قسەو باسمان لەسەر ئەدەب، شۆڕشەکان، دەوری کورد لە مێژووی ئیسلامدا کردوە ..ماوەی حەوت مانگ لە نزیکەوە هاموشۆی ئەو زاتەم دەکرد تا نامەی دکتۆراکەی نوسیەوە ئینجا لە گەڵ خێزانە بچوکەکەی ماڵی بۆ (نەجەف) گواستەوە .. ئەگەر بەهەلەنەچوبم ئەو زاتە هاوەل زاوای کوردێکە بە نێوی دکتۆر کەمال خەیات★ کە رۆژانێك لە زانکۆی بصرە مامۆستا بوە .

باشم وەبیرە ئەو رۆژەی بەرێوەبەری ناحیە (مشاری مسیر جازع)غەدری لە منو خەڵکانێکی دیکەی خۆمان کرد!چۆن سەیید مستەفا موریدێکی خۆی بەدواناردو لەبەرامبەر خۆم و خەڵکیش سەرکۆنەی کردو بەشانوشەوکەتی کوردیدا هەڵگووت! ئەوەی باسی دەکەم مێزەر لەسەرێکی شیعە بوو .. یەکەم کەسیش بوە لە ساڵی ۱۹۷۱ سەردانی (احمد حسن البکر)ی، کردوە تاکو بڕیاری دەرکردنی ئەو حەفتاوپێنج هەزار کوردە فەیلیە هەڵوەشێنێتەوە کە رژێم ئاودیوی ئێرانی کردنەوە .

زۆرن ئەو کەسانە کە شیعە مەزهەبن بەهەموو شێوەیەك تەلاتفیان دەگەڵ ئێمەو مێژووی کوردیان دەکرد تا ئەو رادەیە دەیانگووت : کورد

چونکه شافعین بۆیه نزیکترین سوننەن لە ئێمە!منیش وتم بۆ؟ گوتیان جارێك بە ئیمامی شافیعیان گوتوە : چۆن چۆنی مەدحی ئیمام عەلی دەکەی؟ئەوان چوار دێرە شیعری ئیمام شافعیان گوت کە تەنیا ئەوەم لە یاد ماوە (کیف أمدح بالرجل الذي وضع یمناه علی کف الرحمن) کاتێ پێغەمبەر(س) ویستویەتی بتەکانی کابە بشکێنێ ..ئیمام پێی وتوە وەرە سەرشانم، درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێ :ئیمام ناتوانی پێغەمبەران هەڵگرن ..بەڵام پێغەمبەر دەتوانن تۆ وەرە سەر شانم، کاتێ ئیمام دەچێتە سەرشانی، قاچی راستی دەکەوێتە سەر مۆری پێغەمبەرایەتی .. شافیعیش لەو روانگەیەوە ئەو شیعرەی وتوە، ئەوە قسەو بۆچوونی برا شیعەکانن! من ئەمەیشم بە مەحبەتی ئەوان بۆ ئێمە دەژمارد .

نازانم چۆن باس لەو مامۆستایە سەرەتاییە بکەم کە چەندجار ئەو سەربردەیەی لەنێو خەڵکدا دەگێڕایەوە .. ئەو برادەرە لە ساڵی ١٩٦٣ — ١٩٦٤لە پەیمانگەی مامۆستایانی ناصریە قوتابی مامۆستا (موسی خلیل هەولێری) بوە.. وابزانم موسا برای رەحمەتی (جلیل خەیاتە)کاتێ بۆ ئەوێ دوورخرابوەوە .. کاتێ بەعسیەکان گرتوویانە ئازارێکی زۆریانداوەو لەنێو خەڵکدا بڵاوبوەتەوە کە بە هاوارکردن ڤیژاندویەتی و گوتویەتی (حدید یلین موسی ما یلین) ئاسن نەرم دەبێ بەڵام موسا نەرم نابێ!! بەمەزندەی من تا ئێستا سەدای هاوارکردنی مامۆستا موسا خەلیل هەولێری کۆنە شیوعی لە ئاسمان و دەروونی خەڵکی ناصریە دەزرنگێتەوە!

ماوەی خۆتەسقیفکردنی من بۆ ئەو چوار ساڵە دەگەڕێتەوە کە لە ناصریە بووم .. بۆ چ کتێبخانەی گشتی لەنێو شارو شارۆچکەکان هەبوو منی مۆرانەکتێب چەندینجار سەردانیم نەکردبێ هەروەها کتێبخانە تایبەتیە شیعیەکە کە بە کتێبخانەی (الحکیم)ناسراوە! نهج البلاغەم لەوێ خوێندەوە

ئێستایشی دەگەڵ بێت هیچی لێتێنەگەیشتم!

ئەو کتێبانەی لە ژیانمدا نەمدیبوون لەوێم بینینو خوێندمنەوە، راستە ئەو کتێبانە لەنێو لیستی کتێبخانەدا نەبوون بەڵام ئەمینداری کتێبخانە کە لە (فیصل السعدون)بوو رۆژێکیان دەستی گرتم بەرەو کۆگایەکی بچوکی بردم کە ئەو کتێبانەی لەسەر کورد بە تایبەتی ئەوانەی ئەمین زەکی کە نەخشەی کوردستانی گەورەی تێدا بوو لە گەڵ کتێبێك لەسەر (شەبەك) دانەیەکی دیکە لەسەر (کاکەیی)ئەوانە هەموو کتێبی ئەو رۆشنبیرە کوردانە بوون کە رۆژانێك بۆ ئەوێ دوورخرابوونەوە لەنێویاندا رەحمەتی جمیل رۆژبەیانی، فهمی جمعە کرکوکی کە بە دیاری دابویانە کتێبخانە، ماوە ماوە رژێم لیستی کتێبی قەدەغەکراوی لە کتێبخانەکان دەکشاندەوە بەڵام ئەوانە چونکە لە لیست نەنوسرابوون بۆیە لەو شوێنە لاتەریکەدا خەویان لێکەوتبوو!بەندەو خەڵکی تریش لەدوای هێندە ساڵە رەحمەت بژێرمان دەکردن .

زۆرجار نوێژم لەو تاکە مزگەوتە سونەیەی نێو بازاڕی ناصریە دەکرد کە رۆژانێك لە کۆتایی چلەکان مامۆستا جمیل رۆژبەیانی ئیماموتارخوێنی بوە، لەکاتی خۆیدا هەموو رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق ئەو فیعلە خراپەیان هەبوو.. شۆڕشگێرو رۆشنبیری کورد بۆ خواروو هی عەرەبیش بۆ شمالنا الحبیب دوور دەخستنەوە! یەکێ لە باڵەخانە زێدە دیارەکانی شاری ناصریە ئەو باڵەخانەی ئیدارەی مەحەلی بوو کە بە دەستی دۆستی نەتەوەی کورد (ئیبراهیم عەلاوی – ابو لیلی*)سکرتێری حیزبی شیوعی عێراقی (ماوی) دورستکرابوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ لەنێو باصی ناصریە – سوق الشیوخ منو پارێزەرێکی بەنێوبانگی سوق الشیوخ بەنێوی (احمد السواد) لە تەنیشت یەکتر دانیشتبووین، لەو بارودۆخەی ئەوکاتدا چەندان پرسیاری سیاسی

لەسەر کورد و ئینجا جوگرافیای کوردستان ئاراستە کردم .. خواشاهێدە بێ ترس وەڵامی یەکەیەکەی پرسیارەکانیم دایەوە! ئەویش زۆر شارەزایانە گفتوگۆی دەکرد، بەڵام پیاو بۆ خوا بڵێ روخساری دۆستایەتی کوردی پێوە دیار بوو .. رەخنەی هەبوو بەڵام ئێمەی بە مەزلووم دەزانی پشتگیری مەسەلەی سیاسی کوردی دەکرد .. باشی لە رابردی کوردی دەزانی لەدواییدا گوتی : من دۆستێکی نزیکی نۆ ساڵەی پارێزەری کوردپەروەر محمد سعید کانیمارانیم کە لەکاتی خۆیدا وەکو ئێوە دوورخرابوو .

من بەر لەو چوار ساڵەی دوورخراوەییەم لە ساڵی ١٩٧١جارێکی دیکە ناصریەو سوق الشیوخم بینیبو کاتێ وەك سەربازێك بۆ مەشق هاتبووینە ناوچەی (البطحاء)رێکخستنیش بڕیاریدا بۆ ئاسانکردنی ئیشوکاری حیزب هەوڵبدەین پەیوەندی بە بەرپرسی پارتی لە ناصریە بکەین .. زۆرم هەوڵدا بەڵام سەری نەگرت چونکە زۆر بە پارێز بەدوای مەسەلەکە بووین، نابوایە بزانرێ سەرباز پەیوەندی بە حیزبایەتیەوە هەیە .. زەمان هات زەمان رۆیشت لەساڵی ١٩٧٤ هەڤاڵ عبدالرحمن رسول کە ئەوکات ئەندامی رێکخراوی خەبات لە دەربەندی رایات بوو بەرپرسی من بوو وەك سەرەك شانە .. چەند ناوێکی داپێم بۆ ئەوەی پەیوەندیان پێوە بکەم چونکە گواستنەوەی حیزبیان هاتبوو لەوانە کۆنە بەرپرسی ناصریە عبدالرزاق نورالدین الساعاتی بوو کە دەکاتە باوکی کاك فیصل دەباغی راوێژکاری راگەیاندنی هێژا مسعود بارزانی .

خوێنەری ئازیز ئەو ئاژاوەی مالیکی بۆ گەلی عێراقی دروستکردوە، منو خەڵکانی دیکەو دۆستانی خۆیشی نیگەران کردوە .. زۆرجارم گوێ لێبوە گوتراوە : ئەگەر خوا بیەوێ یەکێ لەنێو ببا .. سەرەتا ئەقڵی لێدەستێبتەوە!! ئینشاللاو رەحمان هەروا دەبێت! ئەگەرنا لە چ دەوروزەمانێك بوە شیعەیەکی

رووته پابەندی مەرجەعی شیعەی دونیا نەبێت؟! سیاسیین ئاخر زەمەن!!

گەلی کوردی ئازیز ..ئێمەو شیعە لە عێراقدا لە مەزلوومیەتدا هاوخەم بووین بۆیە لەکاتی خۆیدا بوخچەی دڵی خۆمان بۆ یەکتر کردۆتەوە، ئەو دۆستایەتیە سیاسیەی چەند ساڵەمان لەخوتوخۆڕایی نەبوە بەڵکو جلەوی سۆزی دێرزەمانە لەیەکتری نزیك کردوینەوە .. بۆ هەردوولامان باشترە بە هەڵەشەیی مالیکی و ئەموئەو نەکەین، خراپەکانیان لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن .. با ئێمە بۆ دوارۆژی خۆمان شتە باشەکان بکەینە خالی هاوبەش چونکە دڵنیام دەنگی حەکیمانەی ئێمەو ئەوان سەردەکەوێ .

پەراوێزەکان

- دکتۆر مستەفا جەمالەدین(ئەبو ئیبراهیم)لە ناوچەکە بە بنەماڵەی (مەرزات) ناسراون لەدوای جەواهیری ئەو وەریسی شیعری عمودیە، لە دەستی رژێم رایکرد بۆ سوریا لە مانگی ١٢/١٩٩٤ لە گەڕەکی ئوستقراتی (المزە) سەردانیم کردو لە ١٩٩٩ کۆچی دوایی کرد، پیاوێکی باڵابەرزی رۆشنبیر بوو.
- لە ماوەی بەیانی ئاداردا دەمزانی مامۆستایەکی کورد لە زانکۆی بصرە هەیەو لە ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کر، دوورنیە ئەو زاتەبێت کە کچی مەرزە عەبباس باوکی دکتۆر صباح کە لە کوێت بوو کە دەکاتەی مامەی مستەفا جەمالەدین .
- کاتێ عەزیز الحاج لە ئەیلولی ١٩٦٨ لەحیزبی شیوعی عێراقی جیابوەوە، لە پاشان ئەبو لەیلا بوە سکرتێری حیزب و بارەگای سەرەکیان لە گوندی دارالسلام نزیك گەڵالە بوو .

# لیستی ١١٠

کاتێ ڕێـزدار Gregng B . Craig سـەرۆکی ئەنجومـەنی کـارگێڕی گرووپی قانوونی لە ڕێکخـراوی نێودەوڵـەتی مـافی مـرۆڤ، گرووپـی قـانوونی لـە سـاڵی ١٩٩١ وەك ئاشـتیخوازێك ڕێـزی لـە هێـژا مـسعود بـارزانی گـرت .. ئـەو ڕێزلێنانە تەنیا لە خودی مسعود بارزانی نەبوو بەڵکو ڕێزلێنـان لـە کـورد بـوو لە خـەباتی (١٠٧) ساڵەی شـێخانی بـارزان، لـە یـادی (٧٧) سـاڵەی لەسـێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، لە (٧٢) ساڵەی خەباتی بارزانی نەمر بوو .

شـارێزلێنانەکەیش ئـەوە بـوو کـە کاکـە لـە ١٣ / ئایـار / ١٩٩٣ لـە واشـنتۆن بەشداری لە ڕێزلێنـانی ئاشـتیخوازانەی ئـەو ئافرەتـە ئەمەکدارە بەرامبـەر بـە دۆزا کورد خاتوو دانیاڵ میتران کرد .

ساڵانێك بەر لە ئێستا لە مەراسیمی ئاهەنگێکدا کۆمەڵە کـۆترێکی سـپیان بـەرەو ئاسمـان فڕانـد.. کـاتێ کۆترێکیـان لـە بەرزەفڕیـدا خـۆی شـۆڕکردەوە لەسەر وێنەیەکی کاك مسعود بارزانیدا نیشتەوە! کۆترێکی تـر لەسـەر پـەیڤی (ئاشـتی) لەنگـەری گرتـو نیـشتەوە! خـەڵکانی ئامـادەبوو بـە سەرسـوڕمانەوە گفتوگۆیان لەمبارەیەوە دەکرد!

لەو ڕۆژەوە کە تیروپشك بـۆ ژمـارەی لیستەکان ئەنجامـدراو ژمـارەی (١١٠) بوو بە ژمارەی لیـستی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ..خـەڵکانێکی یـەکجار زۆر مەنـدەهۆش بـوون چـونکە ژمـارەی لیـستەکەی پـارتی لـە تەمـەنی بـارزانی نەمردایــە (١٩٠٣ – ٢٠١٣)! دەبــێ دەروونزانــەکان چ شــیکردنەوەیان بــۆ ئــەو مەسەلانە هەبێت؟

بـه بۆچـوونی زۆربـەی خـەڵکی کوردسـتان مەبەسـتم هـەموو پارچـەکانە لەو قەناعەتەن پـارتی و بـارزانی لـە کـوێ بـن قـاتوقڕی بنـبڕ دەبێـت، لـە بـری ئـەو.. سـەردەرەی هـەموو ماڵێـك بـەرز دەبێـت لـە عـورفی کوردەواریـدا (سەردەرەی بەرز) بە مانای دەوڵەمەندی و ناندەری دێت لەسێبەری ئەوانـدا ئاشـتی و ئـارامی بـاڵ بەسـەر ناوچـەکە دەگـرێ بۆیـە خـەڵکی کوردسـتان بـە هـەموو جـۆرو رەنگیـەوە پـشدێنی خۆیـان شـل دەکەنـەوەو کەلەکـەیان لـە سێبەری کوڕگەلانی ئاسایش، ئـاژانس، پاراسـتن دەکەوێتـە زەوی واتـە سـەڵتەنە سەڵتەنە لێی ڕادەکشێن .. ئـەوەی مایـەی خۆشـحاڵی ئـەو خەڵکەی کوردسـتانە ئەوەیـە کـە تاکـە لیـست ڕێـز لـە مانـدوبوونی کوڕگـەلانی ئاسـایش دەنـێن و نێویـان لـە دروشمـەکانی ئـەو لیـستەدا هـاتوە لیـستی ١١٠ پارتیـە! چـونکە هـەر ئێمـە دەزانـین ئەگـەر ئـەو ماندونەناسـانە نـەبن ئاسـایش و ئـارامی ئـەو کوردستانە دەبێتە ئاردی نـاو دڕکـان!! دەبـێ ئـەو هـەموو حیزبـوو حیزبۆکانـە نانێك بخـۆن و دووان بـۆ ئاسـایش بکەنـە خێـر!! ئەگـەر ئـەوان نـەبووان چۆن ئەو هەموو خەڵکە شەووڕۆژ ئەوسەرو ئەمسەری کوردستان دەکەن .

لەبەر هێندێ داواکارم لـە دەنگـدەرانی پارتیمـان ئینجا کـادیرو هـەواداری پارتیمـان لـە ڕۆژی هەڵبژاردنـدا بـە هـیچ شـێوەیەك بـە تـەنیا نەچـنە شـوێنی دەنگدان بەڵکو هەریەکەو دوو، سێ، چوار کەس کەمتر لەگـەڵ خـۆی نـەبا .. تـا لە یەك ملیۆن دەنگ زیاتر بۆ پارتە حەیاتەکە کۆبکەینەوە .

**( بووکێ لەگەڵ تۆمە ، خەسوو گوێت لێ بێت )**

# ئاسایش، ئاژانس
# پاراستن

ئەوانەی لێرەدا نێویان هاتوە کاندیدی هیچ لیستێك و قەوارەیەك نین تاکو پڕوپاگەندەیان بۆ بکەین .. بەڵکو رابردووی ئەو بەڕێزانانە بوونەتە هۆ.. تاکو وەك هەوێن تەوزیفیان بکەم

بەدەست خۆمان نیە نەوەی ئێمە هەردەم بە ئیجلالەوە رێز لە مامۆستاکانمان دەگرین بۆیە تا ئێستایش مامۆستا (سەلاح سوار هەولێری)لەلای من و هاوڕێیانی سەردەمی قۆناغی سەرەتاییم بوەتە سومبڵ، هەروەکو چۆن مامۆستا (موسا خەلیل هەولێری) سومبلی قوتابیانی مەڵبەندی مامۆستایانی ناسریە بوە .. کاتێ لەژێر ئازاروئەشکەنجەی دەزگای داپلۆسینی بەعسدا فێراندوویەتی (حدید یلین، موسی ما یلین) واتە ئاسن دەچەمێتەوە، موسا ناچەمێتەوە!!

کێ هەیە لە هاوتەمەنەکانی مندا مامۆستا (حامد حەسەن هۆرمزیار) ژبیر دەکات کاتێ لە شەوێکی یەڵدادا لەبری خەنەبەندان داروەستەی رژێم خەڵتانی خوێنی کرد؟!

کێ هەیە خوێنی (محەمەد حاجی) لەبەر دەرگای دادگای هەولێری لەیاد بچێتەوە کە کوشتنی بوو بە خەنەبەندانی رێککەوتنی یازدەی ئاداری ١٩٧٠؟!

کێ هەبوو لە هەولێر (دکتۆر عیسا عەساف، حەسەن عەدۆ، لەتیف خەیات) گرووپی بەندیخانەی قەسری نیهایە نەناسێ؟! هەر دوێنێ بوو کاتێ رژێم بۆ ترساندنی کۆمەڵگا ئەو چەند قارەمانانەی هەولێری (سابیر ئاغا

عــەدیّ، ئیحــسان و موحــسین) لــە ١٩٧٤ لــە ســێدارەدان .. تــا ئێــستایش هەولێریــەکان شــوونبزرکردنی وەســتا پــیرەو یوســف نانەکــەلی لــە ســاڵانی ڕێککەوتنی ئادار لە یاد ناکەن .

تا عـەیامێك بـەر لـە ئێستا ئـەمنی ڕژێـم بـە درێـژایی ژیـانی تـاکی کـورد دێوەزمـەو مێمـڵ بـوو، لەوەتـەی بـە کـوێرایی دوژمنـان شـەماڵ نەسـیمی لـە کوردستاندا هەڵکردوەو لە سێبەری ئاسایش و ئارامیدا شاروگوندی کیـژجوانان هەناسەی شـادی وخۆشـی هەڵدەمـژن کـە پێویـست بـە شـوکرانەبژێری دەکـات، بەداخەوە خـەڵکانێك هـەن ئەشـهەدو بـۆ ئـەو سـەقامگیریە ناکێـشن وەك بڵێـی لـەخوت وخـۆڕایی هـاتوە، وەك نـەزانن کۆمـەڵێك هـەن بـۆ ئاسـایش و ئـارامی منوتـۆ خوێیـان دەچـاوان کـردوە .. لەوکاتـەی خـەڵکی کوردسـتان لەپرخـەی شیرینە خەودان ئەوان ئێـشکگەری گیـان و ماڵمـانن، بۆیـە ئـەو ماندوبوونـەیان پێویست بـەوە دەکـات کـە لیـستەکانی تـریش وەك لیـستی (١١٠) حەمدوسـەنای خودا بکەن و سوپاس ژمێـریش بـۆ ئاسـایش، ئـاژانس، پاراسـتن بکـەن  چونکە ئاسمان، ڕێسمان و سنووری کوردستانیان بۆمان پاراستوە  بۆیـە لـەبری خـۆم و هەڤاڵانم لـە ئـەکادیمیای پارتیمـان سـەری ڕێزوشـکۆداری بـۆ مامۆسـتا نـەژدەت ئاکرەیی دادەنەوێنم کە خۆشەویستی ئاسـایش، ئـاژانس وپاراسـتنی وەك ئـەرك و زانست لە دڵدا چاندین

# خــــۆزگـــــه ..

سـەرەتای ئـەم گۆشـەیە بـۆ سـاڵی ١٩٨٦ دەگەڕێتـەوە کـە لـە ڕۆژنامـەی (*کـاروانی وەرزش*) بـە نێـوی (*ئـسکۆ*)دەمنووسـی .. لـە دوای *دوازدە* ئەلقـە پایدۆستیان پێکردم! ئەوەی جێگەی *سەرسووڕ*مان بـوو .. لە ژیانمـدا شـووتم بـە تـۆپ نەکـەوتبوو! کـاتێ سـەیری یـاری تـۆپ تـۆپێنم دەکـرد حـەزە (*خـەو*) بـەرەو دنیایـەکی دیکـەی ڕاپـێچ دەکـردم! خـوا شـاهێدە بەرامبـەر زاراوەیـەکی وەرزشـی دۆش دادەمـام!! لـە یاریـەکانی (*لـۆس ئـەنجلۆس*) هێنـدم خۆزگـە دەخواست تا گەیشتە ئەو رادەیە خۆزگەی ئەوە بخوازم کـە (*نـەوالّ متـەوەکل*) یـان (سـەعید عوێتـە) کـچ و کـوڕی ئێمـە بـوان ! لـەوێ باسـی پەرچـەمی خۆمـانم کردبـوو .. گوتبـووم : کـوا کریـستۆفەر؟ تـاکو کیـشوەری ئێمـەیش بدۆزێتەوە! من لەوەیش دڵنیا بـووم کـە داری خۆزگـە بـێ بـەرە .. بـەڵام هـەر خۆزگەم دەخواست .. ئێستایشی دەگەڵدابێت لـە خۆزگـەی خۆمـدا بـەردەوامم .. نـابێ ئـەوەش لـە یـاد بکـەین کـە لـەو پـازدە، شـازدە ساڵەدا گـەلێ خۆزگـەی خۆزیداران هاتۆتە دی، بە ئومێدی زیاترین .

لـە دوای ڕاپـــەڕینی سەرتاســـەری خـــەڵکی بەشـــەرەفی کوردســـتان ئـــەم (*خۆزگـە*) یـە، بنەگـەی لـە هـەواری ڕۆژنامـەی (*خـەبات*) هەڵـدا، لـە گـەڵ دەرچوونەوەی ڕۆژنامەی ڕۆژانـەی (*برایـەتی*) لە ١ / ٣ / ١٩٩٣ کە تەواوکـەری ژمارەکانی (*التآخی*) بوو , گۆشەی (*خۆزگە*) لاپـەڕەکانی (*برایـەتی*) ڕازانـدەوە , دەگەڵ (*هەوری تـاری*) ئاسمـانی کوردسـتان .. ئـەم خۆزگەیـەو دەیـان خۆزگـەی تریش گۆڕحەشاردران! کەچی ماوەیەکە سوپاس بـۆ خـودا ئەستێرەی بـەختی

کوردان له ئاسماندا دەدرەوشێتەوە .. بۆیه خونچه خۆزگەکانی کورد جارێکی دیکه لێرەو لەوێ سەرهەڵدەدەنەوە، لەبەر هێندێ بە ئومێدی ئەوەین خۆزگەی ئەمجارەمان له هەولێری هەولێریان لاپەڕکانی (*هەولێر*)بڕازێنتەوە .. دڵنیام به بەدواداچوونی ئێوەو رەخنه بەجێکانتان ئەو خونچه خۆزگانه دەپشکون .

کاتێ من و هاوڕەگەزەکانم بۆ ماوەیەك لە وڵاتی غەیرەدینان وێڵ و سەرگەردان بووین! لە ساکاری و کرمانجەتی خۆمدا پڕ بە دڵ لە کۆڕومەجلسی ئەوێدا باسی جوانی و خۆشی کاولە (*قورشاغلو*) م، دەکرد پەشێو گووتەنی : "*کاتێ مرۆ شیعری پۆشکین وەردەگێڕی وەك بڵێی پۆشکین باسی جوانترین کچۆڵه دەکات .. تۆیش باس لە ئێسقانه پەیکەری کچۆڵەکه دەکەیت* !! "باسکردنی قورشاغلو له وڵاتی گوڵدا .. ئەو مەسەلەیەی سەرەوەی لەسەر دەچەسپێ! له کاتی گەڕانەوەمدا بۆ کوردستان لە بەرنامەی (*ئەزموون*) دا، چەند دیمەنێکی شوێنی لە دایکبوونم (*قورشاغلو*) نیشاندرا .. ئیدی (هەربابابوو) تەلەفۆنی بۆ ئەکردم : ها .. کرمانج هەر ئەو قورشاغلوە بوو، ئاوا بە بەژن وباڵاتدا هەڵدەگووت؟! بە ناچاری دەمگووت : وەرن به چاوی من بڕۆننه ئەو کاوله مەفتەنه .. هەیماڵوێرانینه!

ماوەیەکە لێرەو لەوێ گوێم لێ دەبێ : گوایە دارستانه پشدێنێك بۆ شاری هەولێر بە پانی پێنج کیلۆمەتر دەست پێدەکات .. لە کەندولەندی (*عەوێنە*) بەرەو بناری زوورگەزراوو .. لە شا ڕێی (*هەولێر — کەرکوك*) دەپەڕێتەوە بۆ گردۆلەکانی نزیك (*بێستانە*) بەنیوەبازنەیی بۆ پشت (*کەسنەزان*) بە بناری (*پیرە ش*) تێدەپەڕێ ئەمجارەیان شا ڕێی (*هەولێر — پیرمام*) دەبڕێ و پشدێنەیەك بۆ بەژن وباڵای (*بەڕانەتی*) دروست دەکات وەك ( *شامار*) بەرەو (*شەمامك*) دەخزی .. تا دەگاتەوە (*عەوێنە*) لەوێ دەست

لەملانەی خۆی دەکات .

هەر لە دێرزەمانەوە ئێمەی دەشتەکی بەداخەوە دەگەڵ سەوزایی دۆست نین .. بۆیە بە دەگمەن داروبار لەو دەشتە کاکی بەکاکیە دەبینرێ، تۆ بڵێی کاتی ئەوە نەهاتبێ ئەو کۆمەڵگایەی خۆمان بیر لەوە نەکەنەوە تاکو لەگەڵ دامەزراندنەوەی خانوبەرەی خۆیان هەر ماڵەو دارێکی جوانکاریی و یەکی بەبەر لە حەوشەکەی خۆیان نەڕوێنن؟ دارچاندنیش جۆرێکە لە رۆشنبیری! لەبەر هەندێ بە هیچ شێوەیەك رەنگی خۆڵ لە سەرتاسەری ئەوروپا نابینرێ .. هەمووی سەوزاییە، راستە تاکە کیشوەر لە دنیادا کیشوەری ئەوروپایە کە بیابانی تێدا نیە، بەڵام رۆشنبیری و سیاسەتی سەوزو مەسەلەی ژینگە بوەتە بەشێکی زیندووی ژیانیان .

وەرن بە چاندن و بۆن گوڵی هەمەجۆر ناخمان بۆنخۆش بکەین، وەرن ئەو نەریتە رێکوپێکەی ئەوان بۆ نێو کۆمەڵگەی خۆمان بگوازینەوەو رۆشنبیری سەوزایی ببێتە کلتوور تاکو نەوەی دادێ هەوای پاکوتەمیز لە نێوان سەوزایی خاکی کوردستان و ئاسمانی شین هەڵمژێ! ئیدی خۆزگەیە .

# پرۆژەی کەلەپووری نەتەوایەتی

لە وەتەی گەڕاومەتەوە زێدی بابوباپیران .. خەڵکی خۆمان بە تایبەتی بینەرانی بەرنامەی (لەکەلەپوورەوە) سەرەڕای هەوادارانی خودی کەلەپووری باوان دەڵێن : بۆ تۆش وەك ئەو خەڵکانە، بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرەوە دەگەڕێنەوە .. چ پڕۆژەیەکت لەبەر دەستدا نیە؟ ڕەنگە تا ئێستا بە چەند جوورێك وەڵامم داونەتەوە! بەڵام لەم گۆشەیەدا بۆ مێژوو باس لەو پڕۆژە نەتەوەییە دەکەم ..

لە ئابی ٢٠٠٥ وە، پڕۆژەیەکم بەو ناونیشانەی سەرەوە ئامادە کردوە، ئێستا وەك وەصیەتنامە لەلای (نسکۆ) ی، کوڕمە! نەوەك خوانەخواستە (مەلەکی مەوتێ) دەستەگوڵی خۆی ڕاتەکێنێ! لەسەرەتادا بۆ پڕۆژەکە زۆر خوێن گەرم بووم، بەڵام کە چاوم بەو خەڵکە زۆرە دەکەوت ڕۆژانە پڕۆژە بە دوای پڕۆژە پێشکێش دەکەن .. هێندێکیان سەری نەدەگرت! خاوەنەکەی بۆڵەی دەکردو ئەوروپا خۆت بگرە .. دەگەڕایەوە! هەندێکی دیکە بڕە پارەیەکی وەردەگرت بەڵام پڕۆژەکەی پێ تەواو نەدەکرا! بۆیە پڕۆژەکەی بەنیوەچڵی دەمایەوە! خاوەنەکەی تێیدا شەرمەزار دەبوو!! ئەویش بەناچاری هەیپێ دەگەڕایەوە! ئیدی باسی لە نووسین و پڕوپاگەندەی نابەجێ و قسەی ناشیرینی ئێرەو ئەوێ ناکەم کە تا عەیامێکی دوورو درێژ ئازارەکەی لەلای هەندێك هەر دەمێنێ!

لەبەر هێندێ لەسەر جێوباڵینگانی خۆم جوڵەم لێوەنەهات .. بە مەزندە بە مەیان قازانجمان کردو ئەو کوڕەو ئەو خزمو برادەرانەیشم شەرمەزار

نـەکردن!! کەسـیش نـاتوانی بڵـێ " لـە پـشت چـاوت دوو بـرۆ هەیـە " درێـژەی نەدەینێ .. پڕۆژەکەم بریتیە لە ئاواییەکی یەکجار گەورە، ئـەو ئاواییـە کـە بـە هیچ شێوەیەك بۆنی چـمەنتۆ، کـەرپووچ، خـشتی سـوورکراوە، کاشـی، مەڕمـەڕ، بـەردی حـەللان و بلـۆکی لـێ نایـەت!! مـن نـاڵێم بـۆ ئـەو پڕۆژەیـە سـوودم لـە کەس وەرنـەگرتوە، نـەخێر .. سـوودم لـە تاقیکردنـەوەی وڵاتێـك وەرگرتـوە .. بـۆ دامەزرانـدنی ئـەو پڕۆژەیـە پێویـست بـە چـەند دۆنم یـان هکتـار زەوی ناوچەی (بەڕانەتی) دەکا .

لـە هزرمدایـە پووختـەی کەلـەپووری کـوردەواری لـە نێـو ئـەو حەسـارە زەبەلاحـەدا کۆبکەمـەوە! بـازاری پیـشەیی کـوردەواری لـە (کـر — شـاڵ — بەروبەرگووز، کڵاشی پەڕۆیی — قاڵتـاغ — کاڵـەکی کۆییـان، مـافوور — جـاجم - بـەڕ - بـەڕەی نەخـشین — دووگـرد - دۆخـین — جوانکـاری وڵاخ، تەشـی — تـیرۆگ — ناوبرێـشك، جلوبـەرگو خـشڵی ئافرەتـان، کـڵاو بـە هـەموو جـۆری ناوچەکان) .

نانـدینی کـوردەواری بـۆ رۆژانـی ڤیـستڤاڵەکە لـە : (دۆغـەوا — قاورمـە — کـسك - دۆینـە — مـزەورە — پـڵاو سـاوار — شـلە سـاوار — کـەنگر — کـاردی — ماش — نیسك — تۆرکە — پیرخەنی — دانـدۆك — بـرنج بـە مـاش — ماسـت — ماسـتاو — دۆ — گەنمـەکووتا — قەلەخـەرمان — پـەنیر — ژاژی — کـەرە - نڤیشك)

بـازاری کەلوپـەلی نێومـاڵ کـە بـە قـووڕ دروسـتکراوەو سـوورکراوەتەوە (الفخاریـات)، بـازاری کەلوپـەلی پێویـستی وڵاخ لـە کوورتـان و بنمـل و نیروکۆپەران — درووێن — جووتکردن - ڕاو .

هەواری گۆرانی و هەڵپەڕکێی هەمـەجۆر، شـوێنی یاریـە جۆراوجۆرەکـانی گـەورەو بـچووکی کـوردەواری . گۆڕەپـانی سوارسـوارانێ و جلیتـانێ، شـوێنی

حەوانــەوەی دەواران و ئالیکیــان و شــوێنی ناڵبەنــدی، بــیرو دەولــك، کوچــك و دیوانــا کــوردەواری، مەنزلــەتی لاوکبێــژو حەیرانبێــژان بــە تایبــەتی گەرمــە مەجلسی سترانی شەڕوشۆڕ و ئەڤینی، هەروەها بەیتبێژان .

دنیــای چــیغ و ڕەشمــاڵ، ژنهێنــان و بــووك گواســتنەوە لــە دێرزەمانــەوە، گۆرانی کارکردن لە دروێن — ساوارکووتان — جۆنی — مازی چن — دێکـردن — چاڵەبەفر- نێورەزان، ڕەوسە بڕکـردن . دنیـای نـانکردن بـە سـاج و تـەنوور بـۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان .

ئــەو پڕۆژەیــە ســاڵانە لــە ســەرەتای مــانگی چــوار بــۆ مــاوەی هەفتەیــە میهرەجـانی خـۆی سـازدەکاو بانگێـشی زانایـانی هەرچـوار پارچـەکان دەکـات، ئەوانەی نیشتەجێی ئەورووپاشن، جگـە لـە بەشـداربووان لـە شـاعیرانی میللـی و گۆرانی بێژەکانی هەموو کورد، واتە لایەنی ئـابووری و ڕۆشـنبیری نەتەوایـەتی و گەشتوگوزار لەو پڕۆژەیە بەدی دەکرێ .

پێویــستە نــەوەی نــوێ شـارەزایی لـە رابـردی خۆیـدا هـەبێت .. لەهـەمان کاتدا نەوەی ئێمە پێویستی  بەیادکردنەوە هەیە .

لــە کۆتاییــدا دەڵــێم : ســـەرەڕای ئـــەو ئاوەدانکردنـــەوەی کوردســـتان، بەداخـەوە تـا ئێـستا بیناسـازی لـە  وڵاتـدا مـۆرکی کوردانـەی پێـوە دیـار نیـە! زیاتر لاسایی بیناسازی ئیسلامی و ئەورووپی دەکرێ، بۆ پڕۆژەکەی خـۆم سـوود لـە تەمەنـدارانی کوردسـتان و مێژوونووسـان و پیـشەییەکان وەردەگـیرێ تـاکو بتـوانرێ خـەڵکی ئـەمڕۆ بـۆ چـەند ڕۆژێکـی فیـستیڤاڵەکە بگەڕێنـەوە ڕۆژانـی سـەرفرازی، پێویـستە لـەم قۆناغـە زێڕینـەی مێـژووی سیاسـی کوردسـتاندا بیناسـازی کـوردەواری بـرەوی پێبـدرێت و بەشـداری پیـشانگاکانی دنیـا بکـات! ئەمەیش خۆزگەیە .

# نەریتی کوردەواری

هەروەکو دەڵێن دنیا لەسەر دوو جەمسەر یان دوو جیهانی دژ بە یەك (*سارد و گەرم*) یان (*خێرو شەڕ*) بنیادنراوە، واتە ئەو ململانێیە هی ئەمڕۆ نیە، بەڵکو لە قابیل و هابیل بۆمان بەجێماوە، ئەو دوو برایایەی کە لە یەك منداڵدان هاتبوون .. نەیانتوانی پێکەوە لەسەر ئەو زەویە پانوبەرینەدا بگوزەرێنن!! شەڵڵا من نامەوێ دنیای " *شامی شەریف* "دابمەزرێنین! بەڵام بە دەست خۆم نیە حەز دەکەم لەوکاتەی هەنگاوی بەرەوپێشچوون داوێم بە تیچاوێك سەیری شتە جوانەکانی دوێنێ بکەم .. تاکو بتوانم جیاوازی ئەو بێ لەزەتیەی ئەمڕۆ دەگەڵ تاموچێژی بەلەزەتی دوێنێ بکەم! بە من نیە .. دڵە گرینۆکەکەی ئێستام لەم زەمەنە جەنجاڵیەدا ئۆقرە ناگرێ، بۆیە جڵەوم هەردەم بەرەو رابرد دەخزێ!

تۆیش، ئێوەیش .. مافی ئەوەتان هەیە، بەزێدە باس لە بیروبۆچوونی خۆتان بکەن بە مەرجێك! دەستی گوناهبارتان بۆ پیرۆزیەکانمان درێژ مەکەن!! چونکە ئێمە (*بووتەکانی*) بەرەبابی ( *ئازەر*) نین نەتوانین وەڵام بدەینەوە! رێگامان لێ مەگرن هەر وەکو ئێستا گرتووتانە.. لێگەڕێن بە ساکاری خۆمان، باس لە خۆمان، لە رابردی خۆمان، لە شتە جوانەکانی خۆمان بکەین .. لێگەڕێن پڕ بە دڵ سەرزەنیشتی شتە خراپەکانی خۆمان بکەین .

وەرن هەر یەکە بۆچوونەکانمان لە گۆڕەپان لەبەردەم جەماوەر باس بکەین .. ئەوەی لە هەگبەتدایە بۆ میللەت هەڵیڕێژە .. وەرن میللەت بکەنە

سەنگی مەحەك .. ئەوەی وەگەڵ رەوی تۆ کەوت رێزی دەگرین، ئێوەیش رێز لە مەعشەری ئێمە بگرن، بەمەیان گرەوی خۆمان وەك نەتەوە دەبەینەوە . ئەگەرنا دەبینە " *ئاردی ناو درکان!!* "

خەڵکانێك هەن پابەندبوون بە نەریت بە کارێکی کرێت دەزانن! بە چاوێکی سووك سەیری رابرد یان هەوادارانی رابرد دەکەن! کار گەیشتۆتە ئەوە ئەگەر لە (*شار*) رانکوجۆغەڵ لەبەرکەیت بێ سێ و دوو (*ئەی رەقیب*) ت، بۆ دەڵێن!!! لە هەولێریش بە سەروجامانی دەڵێن (*مانع التفكير*) بە گشتی جلی کوردی لەبەر .. لەنێو مەعشەری سیاسی و رۆشنبیراندا بە (*شاز*) دەقەڵەم دەدرێن!

بۆ خودی خۆم بە موتەلەق بە هەموو مانایەك حەز بە بەرەوپێشچوون دەکەم، دوور نیە من ئاوی بیری شیرناوێم لە ئاوی نێو سەلاجەم پێخۆشتربێت، ئەوە شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێ " *ئەوەی بگری بە شیری بەرینادەی بە پیری* " رەنگە لەبەر ئەو سەفاو مەروەیەم لە زۆر کەس زیاتر سوودو چێژم لە دنیای تەکنەلۆژیا وەرگرتبێ، حەز بە هەموو شتێکی نوێ بابەت دەکەم .. خولیایی فێربوونیشم .. دەمێکە سەردانی کۆچك ودیوانا کوردەواری نێو کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت دەکەم .. جارجار قسەی گەورە گەورەشی تێدا دەکەم .. خەڵکیش زۆرن گوێن لێ بگری، جا .. بۆ بە من دەڵێن کلاسیك یان کۆنێ!!! یان دواکەوتوو! من ناوو ناتۆرە بۆ تۆ نادۆزمەوە، تەنیا دەڵێم : لە ناخی هەر فۆلکلۆرپەروێکی وەك من .. پێشکەوتووترین کەسی تێدایە کە بە سینگێکی فراوانەوە پێشوازی لە دنیای نوێ دەکات و لە هەمان کاتدا بەرەنگارێکی یەکجار دژواری ئەو گاڵتەجاڕییەی ئەمڕۆیە .

بە دەست من نیە .. عیشقی قەقنەسیم دەگەڵ (شیوە غەریبانە — چێشتە غەریبە) هەیە .. وەك نەریت، وەك لایەنی ئابووری، وەك جیهانی

زبارەیی (هەرەوەزی) . بە هەموو مانایەك مردووی ڕۆژانی (شیوە هەینیانە) م، دیسان لە ڕووی نەریت، ئابووری، کۆمەککردن لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری . بۆنی ئارەقەی گۆڕ هەڵکەنەکانی گوندەکەمان .. یان ئاو گەرمکەرانی مردووان دەبێتە پەرژینی ئەو هەموو بۆگەنیەی ئەمڕۆ .

باشم وەبیرە کاتێ جحێڵێك یان جوامێرێکی گوندێکی نزیك گوندەکەمان کۆچی دوایی بکردبوایە هەموو خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر لە تازیمانە دادەنیشتن .. ژنانیش بە سوارو پیادە دەچوونە (بانگ و هاوار) .

لە پایزان خەڵك لەنێو گوندا زەبارەی سووخدانیان دەکرد، هەروەك لە هاوینان زبارەی ڕۆژە درووێنیان هەبوو، ئەو ماڵەی نێرینەیان نەبوو کوڕگەل بۆ (بەرەداسێك) ئارەقەی شینومۆریان دەکرد بە تایبەتی کە گیشەکەر ماوە ماوە دەیگووت : "*بە خوڵامت بم سێو لە باغەرێ* ".

من دڵنیام دەگەڵ خوێندنەوەی ئەم نووسینە هەندێك مزە پێکەنینیان دێتێ و هێندێکیش ئارەقەی شەرمەزاری دەڕێژێ! هەندێکیش "*نەبایە و نەباران* ".

دەمێکە کورد گوتوویەتی :" *قسە هەزارە دووی بەکارە* "وەرن ناوی خوای لێ بینین .. لەم بارودۆخە ناسکەی ئێستامان لە خاڵە هاوبەشەکانەوە دەست پێ بکەین و لێك نزیك ببینەوە نەك بە پێچەوانە ضونكة ويَلَة طوللةي نةياران ثرسياري نية بةلكو تةنياو تةنيا بة من و تؤ دةثيَكيَ .

**" ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە "**

# جارێکی دیکە بەرەو گوند

من دەمێکە لە ڕێگای مایکرۆفۆنی (*دەنگی کوردستان*) لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ وە، ئینجا شاشە خنجیلانەکەی (*تەلەفزیۆنی کوردستان*) لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە، لە ناوەراستی گوڵانی ١٩٩٢، دەست لە ملانێی خۆم دەگەڵ وێرانە گوندەکانی کوردستان نوێ کردۆتەوە، لە ساڵێك زیاتر بەرنامەی (*زبارەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان*) م، ئامادەو پێشکێش دەکرد . ماوە ماوەیش لە ڕێگای (*خەبات، برایەتی، گوڵان*) بە نووسین درێغیم لە گەڵ ئەو عیشقە ئەبەدییە نەکردوەو خوایاربێت ناشیکەم! چونکە لەلای من و خەڵکانێك قەناعەتێك دروست بوە ناتوانین دەست بەرداری بین "ئەگەرچارەسەری ژێرخانی ئابووری خۆمان نەکەین .. *ئەستەمە ئەگەر مەحاڵ نەبێت* بتوانین ئۆقرە بەو ئابووریە لەرزۆکەی کوردستان بگرین ".

لە شوێنێکی دیکە گوتوومە : لە گەڵ کردنەوەی هەر سوپەر مارکێتێك لە شارەکانی کوردستاندا لەبەردەم خۆمدا دەڵێم : " ل *نەیاران تەحلێ ل کوردان شیرینێ* "بەڵام لە هەمان کاتدا دەڵێم : لەو هەزار بە هەزارەی نێو سوپەر مارکێتەکان تەنیا یەك دانەی تێدا نیە نووسرابێت (*لە کوردستان دروست کراوە*) بۆیە هاوارو فیغانی ئێمە لەوەدایە پێویستە لە گەڵ هەر مارکێتێك، ئوتێلێك، گەورە سەنتەرێك یان ئەپارتمانێك .. کارگەیەك (فابرکێك) ئەگەر بچووکیش بێت لە لێواری شار دروست بکرێ بۆ ئەوەی ئەمرۆ لە ٥٪، بەیانی لە ١٠٪، دووسبەی زیاترو زیاتر .. کەلوپەلی هەمەجوور بۆ ئەو سوپەر مارکێتانە بنێرێ (*ئەمانە خۆزگەن*).

بۆ خودی خۆم، دەبەر حکوومەتی کوردان دەمرم، چونکە بەرهەمی خەباتێکی درێژخایانی ئەو میللەتەیە، یەکەم (*پارونان*) بۆ پێشمەرگە لە گوندەکانی کوردستان ئامادەکراوە .. لەبەر هێندێ پێویستە هەرچەند زووە ئەو حکوومەتە یلانێکی بە پەلەو موکم دابنێ بۆ بووژاندنەوەی پڕۆژەی نیشتەجێبوونی گوندەکان، گەیاندنی رێگاوبان، ئەلەتریك، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، دابینکردنی تراکتۆرو دەراسە، دانەوێڵەی چاندن.. کڕینەوەی بەروبوومی هەمەجووری جوتیاران .. فێرکردن و هاندانی خەڵك بۆ بەخێوکردنی پەلەورو مەڕومالات، دامەزراندنی کارگەی دروستکردنی (*سپیاتی*) لە ماست، پەنیر، سەرتوو، دۆ .

لە هەموو دنیا بگەڕێی لە ماستی بۆنسۆی (*هەولێرە ماست*) بەتامتر نیەو نادۆزرێتەوە .. بۆ پەرەی پێ نادەین؟ بۆ رێگا دەدەین (*یۆغرت – کرێم*) بێتە نێو ولات؟! کوا سەلکە پەنیری حاجی (*گەرعەی حاجی حەمەدی*)؟ کوا ئەو بنەماڵانەی کوردەواری کە بە مەڕومالات بەنێوبانگ بوون؟ بۆ بازارەکانی کوردستان لە ساواری (*رەژگوول*) پڕ ناکەن؟ کوا گەنمە عومێرەی خۆمان .. کە ئافرەتی دەویست هەویرەکەی پان بکاتەوەو بیکات بە نان .. هەر نانێکی بە پەنجا نانی ئێستا بوو ؟! کوا سرکەو خەمیسەی خۆشناوەتی؟ کوا کابانی کوردەواری تاکو دانەوێڵەی شەش مانگەی زستانم بۆ هەڵگرێ؟ کوا نانەرو میوانڕاگری کوردەواری؟ بۆ دەرگاکان لەبەردەم رێبوارن والا نین؟ کوا فانۆسی هەڵکراوی بنەمالان ببێتە رێ نیشلندەر بۆ غەریبەکان نیشانەیەکە بۆ ئەو ماڵە کە دەرگایان والایەو بە درەنگە کاتیش میوان رادەگرن؟! بۆ خۆم لە یەکەم رۆژی پێشمەرگایەتیم لەسەر خۆشترین پێخەفی خەڵکی رێزانۆك خەوتم و نانی مادەی گەرمیان لە پێش دانام .. جیاوازیان لەنێوان من و کوڕی خۆیان نەکرد!! ئەگەر یەکێکمان لەنێو بەفری سەری (*شیشار*) ماینەوە

تەققە بۆ کێ بکەین بەهانامانەوە بێت؟ لە ڕۆژانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا هەموو خەڵك (*بەرگری میللی*) بوو، بۆ ئەو ڕۆشنبیرییەی جاران نەماوە؟

لە گەڵ ئەم نووسینەمدا پلەی گەرمی گیانم هەر دێو بەرەو بەرزی هەڵدکشێ .. بێ ئەوەی ئاگام لەخۆ بێت لە گەڵ ڕۆژانی سەرفرازیدا دەتوێمەوە .. هەرچەند بڵێم هێشتا کەمە! بۆیە لە کۆتاییدا داوا لە برا گەوران دەکەم .. کاتی بەرپاکردنی شۆڕش هاتوە (*شۆڕشی چاکسازی کۆمەڵایەتی*) بەڵکو بە هیممەتی چاکوپیران بەرەو قۆناغێکی چاکتر بڕۆین، ئەو خۆزگەیە بەڵام پێویستە .

# پێشمەرگە، نەعرەتەی هەڵۆ رابن ...

پێویستە حەز لە غەددرکردن نەکەین هەر وەکو پێویستە غەددر لە کەس قەبووڵ نەکەین، لەو روانگەیەوە داواکارم لە تۆ کە بە هیچ شێوەیەك گلەیی خۆت ئاراستەی کەس نەکەیت بەرلەوەی نەزانی کە تۆ چی و چیت بۆ میللەتەکەت کردوە؟! ئەگەرهاتوو هەمووومان ئەم پێوانەیەمان پەیرەوکرد دڵنیابە من، تۆ، خەڵکانی تریش ئاسوودە ئەبن و غەددریان لێ ناکرێ هەروەك " نەتەوەی کورد غەددری لێکراوە!".

جاران وا نەبووین .. کەچی ئێستە لە هەموو کۆڕومەجلیسەکاندا تەنیا بۆنی گلوگازاندان دێ، شلمکۆر صارۆخە گلەییەکان ئاراستەی خەڵکانێك دەکەین کە تا دوێنێ وەك ئێمە لەنێو جێوباڵێنگانی گەرمدا رانەکشابوون .. تۆ دەتەوێ (لليلافيللا) سەرنجی خەڵك بۆ خۆت راکێشی؟ ئەگەرهاتوو ئەو سەرنج راکێشانەیشت لەسەر نارەحەتی خەڵك بێت؟!

من لەوە دڵنیام کە لە هێندێ گلەییەکانماندا ناهەق نین! کەچی ئەوەی لێی نابەڵەدین ئەوەیە کە لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا مرۆڤی کردەوکردار جوامێرە! نەك پیاوی بە پرتەوبۆڵە!! مرۆڤی جەرگ سووتاو بۆ مەسەلەیەك .. پێویستە دەست لەسەر برینەکان دابنێ، لەهەمانکاتدا هەوڵبدات چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە .. هەرچەندە تا ئێستا نەگەیشتوینەتە ئەو رادەیە کە بتوانین بە نووسینی نووسەرێك یان رۆژنامەنووسێك ئاڵوگۆڕ لەنێو قانوون، دەستوور، دامودەزگاکان دروست بکەین ئیدی تەکانێکە بۆ دروستکردنی ئەو ئاڵوگۆڕە .

ئەوەی ئەمرۆ نەوەی ئێستا گڕناگەی (پەڵپ)لێگرتوە مەسەلەی نەوەی

کۆنە! بۆ ئەوەی مەسەلەکەم چڕوپڕتر بکەمەوە تاکو بتوانم باس لە هەوێنی نووسینەکەمدا بکەم .. مەسەلەی نەوەی ئێستایە کە لە مەیدانە جیاجیاکانی ژیاندا بە سەنتەنەت، بێ ماندوبوون، بێ ئارەقە رشتن، بێ ئەلحەمدوللا، بێ ئەژمارکردنی شوکرانە بۆ باری تەعالا کاری تێدا دەکەن، رۆژانە باس لە نوێبوونەوە دەکەن .. ئۆ ئەگەر حەز لە نوێبوونەوەمان پێخۆش نەبێ (ماری حەفت سەرمان پێوەدا) بەلام کوا شوێن پەنجەی نوێبوونەوە؟ لەنێو کۆڕوکۆبوونەوەکاندا باس لە موقەدەراتی کورد ئەکەن، کەچی رێز لە سێبەری لوولە تفەنگی پێشمەرگە نانێن! باس لە بارودۆخی ئێستای کوردستان دەکەن کە چۆن رۆژانە کاروانی فڕۆکەی نەفەروبارهەلگر بە ئاسمانی کوردستاندا گووزەر دەکات، کەچی هەست بە ئازارە حەشاردراوەکەی ئەو پێشمەرگانە ناکەن کە بە بینینی خودی فڕۆکە لەرزووتا دەگرن!! چونکە رۆژانێك یادگاری تالۆسوێریان دەگەڵدا هەبوە! باس لە مێزی حیوار دەکەن وەك بڵێی نەزانن ئەو حیوارەی ئەمڕۆ ئێمە لاف پێوە دەکەین میدالی لوولە تفەنگی قۆنداغ بەگرێی پێشمەرگەکانە کە تا دوێنێ بە نانە رەقە بۆ کوردایەتی وێڵ و سەرگەردان بوون، دەبێ هەموومان ئەوە بزانین .. سبەیش هەر ئەو پێشمەرگانەن لەکاتی پێویستدا نەعرەتەی هەلۆ رابن بۆ بەرەنگاری لێدەدەن، وا دەزانن دنیا هێندەی تێدا ماوە جارێکی دیکە خێزانی (رەشید بێ شوون) ی، ئۆردوگای (زێوە) یان دایە حەلیمایەکی دیکە لە دایك بێتەوە؟! بە یەقینەوە دەڵێم : ئەگەر هەشبێ لە منداڵدانی ژنە پێشمەرگەی دوێنێ لە دایك دەبێ .

ئەمڕۆ ئێوە لە سایەی ماندوبوونی نەوەی کۆندا ئەو بەروبوومە دەخۆن، بۆیە پێویستە ئێوەیش هەوڵبدەن رۆژانێك نەوەی دادێ بەرهەمی ماندوبوونتان بخۆن .. بەمشێوەیە بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەوان هەبوون

بۆیه ئێمەیش هەین، واته ئێمه هەین لەبەر هەندێ خەڵکی دیکەیش دەبن .. ئەوە سوننەتی ژیانه .

بۆ هێنده لەخۆبایی بین؟! بۆ هێنده به دنیای فانی لووت بەرز بین؟ هەی ماڵوێران ئێمه حەزرەتی ئادەم یان حەزرەتی عیسا نین له عەدەمەوە هاتبین؟! مەگەر له یادت چووبێ که ئێمه له (نوتفه) کەین!!

بۆ ئەوەی دوێنێ، ئەمڕۆ، سبەیش لەیەك گرێبدەین پێویسته یەکتر بخوێنینەوە ڕێز له یەکتر بگرین .. گەورە بەزەیی به بچووکدا بێتەوە، تاکو بچووکیش ڕێز له گەورە بنێ، بۆ خودی خۆم لەو مەسەلانەدا حەز دەکەم (خورمـژ) بخۆم بۆیه هەردوو جەمسەری کۆن و نوێم به دەستەوەیه .. تامولەززەتی کۆن ژبیر ناکەم لەوکاتەی لەنێو گێژاوی ئەمڕۆی عەولەمەدا دەگەڵ شەپۆڵه هێورەکانی لێوار مەله دەکەم . بەڵام لەنێوان هەردوو حاڵەتدا دەست لەسەر سینگ رادەوەستم بۆ هەر کەسێك له خەڵکی کوردستان ڕۆژێك له ڕۆژان به خوێن، فرمێسك، قسه، نان، ئارەقه ڕشتن، تەنانەت خەمخواردن بۆ کورد درێغی نەکردبێ، ئەگەر ئەوان نەبووان ئێمه ئەمڕۆ له عەدەمدا دەخولاینەوە .. بڕواتان بێت ئەوە تەنزیر نیه .

# ئارت ئان ئارت

aard aan aard

كـوردی دۆ نەدیتــە كــە گەیــشتە شــوێنێك .. بــە هــەموو شــێوەیەك هەوڵدەدات كەمە شارەزاییەك لەو شتانەی دەوروبەر پەیـدا بكات، بـە تایبـەتی ئەو شتانەی كە ئەو تاكە حەزی لێدەكات .. بۆ خۆم هـەر زوو لـەنێو نەخـشەی شاردا بـە دوای مۆزەخانـەدا ئەگـەڕام بـەڵام دڵـم بـە مۆزەخانـەی ئـەوێ ساكین نەدەبو چونكە وەكو ئەوانەی لای خۆمان قەلەباڵغ نەبوون! بۆیە رۆژێكیـان بـە مامۆستای زمانم گـووت : مۆزەخانـەكانتان دەوڵەمەنـد نـین؟ ئـەویش گـووتی : فۆلكلۆری ئێمـە هەمووی لـە ژێـر ئاودایـە . بـەڵام ئـەوەی سـەرنج راكێـشە لـە هــەموو شــاری گــەورەو بــچووكی هۆڵەنــدا مۆزەخانــەی تایبــەت بــە هونــەری شێوەكاری هەیە بەنێوی (Van Gogh – فان خۆخ) كـە تـا ئێـستا لێـرە پێـی دەڵێن (ڤـان كـۆخ) هەرچـەندە جارێكی تـر لـە گۆڤـاری (گـوڵان) دا، خـۆم لـە قەرەی ئەو مەسـەلەیە داوە .. پـیتی (V) لـە زمـانی هۆڵەنـدD دەنگی (فـەی) هەیە، نەك (ڤەی) . هـەروەها پـیتی (G) دەنگـی (خـەی) هەیـە، نـەك (جـەی) یـان (جـی)، تـەنیا بـۆ زانیـاری دوو پـیتی (CH) پێكـەوە ئـەوانیش دەنگـی (خەی) وەردەگرن، نەك (چ یان چەی ) .

جارێكیان لەنێو مۆزەخانەیەكدا لە شاری (ئێنـسخێدێ – Enschede) بــە دەســتكرد قۆناغــەكانی پێــشكەوتنی كۆمەڵایــەتی كۆمــەڵگای هۆڵەنــدا دروسـتكرابوو .. لـە قۆنـاغی ساڵی ١٦٤٨ وێنـەی خـانوێكی جزیـری بـە پـووش داپۆشـراوم كەوتـە بەرچـاوان . . ئافرەتێـك بـە كووتكێـك جلی دەشووشـت بـێ

ئـەوەی هەسـت بـەخۆم بکـەم بـۆ ماوەیـەك بەرامبـەری راوەسـتام بـە فلاشـباگ گەڕامـەوە گونـدی (قورشـاغلو) کـە دایکـم لەگـەڵ ژنـانی گـەڕەك بـەرەو گـۆمی (ئاغـا) لـەنێوان (قورشـاغلو – بـاقرت) دەچـوون، ئـەو منداڵانـەی تـا ئـەوکات شایانی شەرم لێکردنی ژنان نەبوون بۆ سەر شوشتن بە گریان راپـێچ دەکـراین، لەوێ ئافرەتەکان لەسـەر بـەردێك بـە کووتکان جلی خۆیـان دەشووشـت! نـابێ ئـەوەیش لـەیاد بکـەین کـە جـۆرە دڕکێـك هـەبوو (صـابوونۆکە) لـە سـەر جلەکانیان دادەنا وەك تایتی ئەمڕۆ کەفی دەکرد .

ڕۆژێکی دیکە لە مامۆستای کۆمەڵایـەتیم پرسـی : حـەز دەکـەین کـەمێك باسـی نـەریتی مـردن، تازیمانـە، بـووك گواسـتنەوەمان بـۆ بکـەیت .. تـاکو ئێمـەیش بـاس لـە نـەریتی خۆمـان بکـەین، گـووتی : لـە وڵاتـی ئێمـەدا دوو ڕێبـازی سـەرەکیمان هەیـە (کاسـولیك و پرۆتـستانت) لـە یەکەمـدا قەشـە هـەمووی پیـاوە، کەچـی لـەوی دیکـە ژنـیش دەبێتـە قەشـە!! زۆر بـە ووردی ووردە پرسـیارمان ئاراسـتە دەکـرد .. خـوا شاهێدە هـەمووی وەك ئێمـە بـوو (ئامین) یشیان وەك ئێمە بوو! تا گەیشتینە (تەلقین) گـووتی لـە دووا قۆناغـدا قەشە گرمتێك خۆڵ بە دەست فڕێ دەداتە سەر گۆڕەکـەو دەڵـێ :" aard aan aard "واتە لە خۆڵەوە بۆ خۆڵ (من التراب الى التراب)، دەربـارەی تازیمانـەیش زۆری بـاس کـرد .. هیـچی لـە ئێـستای ئێمـە زیـاتر یـان کـەمتر نـەبوو، کـە لـە مانگێك بوە بە هەفتە ئینجا بـوو بـە سـێ ڕۆژ .. ئێـستاش دوو ڕۆژە! سـەرەڕای نـاردنی کـارتی تازیمانـە، مۆدێرترینیـان خـۆی لـە نامـەناردنی مۆبایـل دەدۆزێتەوە!!

دەربارەی بووکانە بووکـانێش جیاوازیـەکی ئـەوتۆی تێـدا بـەدی نـەکرا .. ئـەوانیش بـرنج، شـیرنەمەنی، پـارە بەسـەر بـووکێ هەڵـدەدەن، لـەلای ئێمـە وا پەسـندە بـووك بـە قاچـی راسـتەوە بـچێتە ژووری بـووکینی، کەچـی لـەوێ

پێویـسته زاوا لەبـەر دەرگـا بـووك هـەڵگرێ بـۆ ژوورەوە بـە مـەرجێك .. وەك نـەریت پێویـسته پێـشتر هـەردوو قاچـی بـەرەو ژوورەكـە بـچێت!! ئـەلێرەدا پرسیارم ئاراستەكرد : بۆ قاچی پێشتر؟! گووتی بـۆ ئـەوەی قاچـی لـە ژوورەوە بچەسپێ واته موتووی (هۆگر) ماڵی خۆی بێت .

لـەكاتی خۆیـدا زۆر بـاس لـە خراپـەی ئـەو ئەورووپایـە دەكـرا .. بـەلام بـۆ مێژوو دەیلێم ئەوەی لەوێ بینیم هەموو خێرخوازانەو مرۆڤانه بـوو، دەگـەڵن گەڵە باش بوون .. كه بە چلۆانێ راونـراین ئـاوان باوەشـیان بـۆ كردینـەوە! كـە جـەرگ سـووتاویان كـردین ئـەوان گەرمـە فرمێـسكیان سـڕینەوە! دكتـۆری دەروونیان دەخزمەت دانایەن! ئەو شیوە غەریبەی له كۆنـدا مـن شـانازیم پێـوە دەكـرد ئـەوان باشـترو چـاككرتریان دەگـەڵ كـردین لـە یـەك سـوپەرماركێتان بازاڕمـان دەكـرد لـە لای دكتـۆران سـڕەبڕیان نـەدەكرد بـە هـیچ شـێوەیەك هەستیان بریندار نەدەكردین وەكو ئێستا ئێمه بـە نوێـژی نیـوەڕۆ برینـداریان دەكەین ئـەوەی لێـرە لێـی نابەڵەد بـووین لـەوێ ئـەوان فێریـان كـردین راسـتی گووت (شێخ محەمەد عەبدە) زانای بە نێوبانگی مـصر كـە لـە كۆتـایی سـەدەی نـۆزدە لـە سـەردانێكیدا گووتبـوی : "چـوومە وڵاتـی غـەیرەدینان ئیـسلامم دۆزیەوە، گەڕامەوە وڵاتی ئیسلامان ئیسلامم لێ وون بوو

# نائومێدی

هەرکاتێ گوێ بیستی "*بە موئەسەساتکردنی دەزگاکان* "دەبم، لە خۆشیاندا موچڕکم دێنێ و شاگەشکە دەبم .. چونکە دڵنیام بەمەیان دەیبەینەوە و دەتوانین بڵێین : ئەوە یەکەم هەنگاوی (*هەزاران میلەکەیە*) بە موئەسەساتکردن بە واتای بەرەوپێشچوون، مۆدێرن دێت ئەوکات نەیارانی کورد ناتوانن بڵێن : کوا ئەوانە دەتوانن وڵات بەڕێوە ببەن؟! لە هەمانکاتدا خەڵکی خۆمان سوکنای دڵیان دێ و لە قۆناغی دڵەڕاوکێ دەربازیان دەبێ .. خەڵك بە چاوی پڕ بە ئومێدەوە دەڕوانێتە دوارۆژ.

ناموئەسەساتی دەزگاکانی هەرێم .. هیچ نەبێ لە رووی کارگێریەوە بەرەو قۆناغێکی ترسناکترمان دەباو تاکی کۆمەڵگا تووشی زێدە نائومێدی دەکات! وا بزانم لە کتێباندا نوسراوە : ئەگەرهاتوو کۆمەڵگا گەیشتە ترۆپکی نائومێدی .. کارەساتی دژوار سەرهەڵدەدا، کە لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی لێکترازان، ئینجا داڕمان .. ئیدی باس لەوە ناکەم ئەگەر نوسەر یان رۆژنامەنوس لە نووسین، داهێنان، شیعراندن نائومێد بوو.. ئیدی دەگاتە ئەو قەناعەتە کە چیتر ناتوانێ بە قەڵەمەکەی ئاڵوگۆڕ لەنێو کۆمەڵگادا بکات (*ئەوەیان کارەساتی دوو زەردێنەی پێ دەگوترێ*) .

ئەگەر کەمێك بە ووردی سەیری کۆچکردنی خەڵکی گوند بۆ شار، ئینجا کۆچی نائومێدی لاوان بەرەو هەندەران، هەڵگەڕانەوەی توێژێکی بەرچاوی کۆمەڵگا لە پیرۆزیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری .. ئەوانە سەرەتایەکی ترسناکی لێکترازاندنی ژێرخانی کۆمەلایەتین!

خوا لەسەر سەرانە لە ژیانمدا ئیرەییم بە کەس نەبردوە، بەڵام لەو

رۆژەوە .. کە تووشی نائومێدی بووم، لە نائومێدیا ڕێگای هات و نەهاتم گرتەبەر.. ئیرەیی بە وڵاتی غەیرەدینان ئەبەم لەسەر بە موئەسەسات بوونی هەموو ژیانیان .

لە ڕوانگەی ئیسلامەتیەوە ژیان لەوێ (یوسرە)، لێرەش ئەلحەمدولێللا (عوسرە) . لەوێ ماڵی کورد، تورك، سورینامی، ئەندەنۆسی، حەبەشی پێکەوە لە یەك کۆڵان دەژین .. تەنیا ژمارەی دەرگاکان جیاوازە، بە هەر چەند ماڵێك بێ جیاوازی، یەك دکتۆری خانەوادەیان هەیە . لە سنووری پێنجسەد مەتری چوارگۆشەدا کەنیسی جوولەکان، کەنیسای دیانان، مزگەوتی ئیسلامان هەیە، ئەوانە سەلاموکەلامیش دەنێوانیادا هەیە، کاکە براڵەی یەکتریش دەکەن بە موئەسەساتی ئەوێ ڕێگا نادا دەگەڵ یەکتر درِدۆنگ بن یان نەیاری یەکتر بکەن، جا چۆن ئیرەیی بەو موئەسەساتیە نەبەم؟

لە وڵاتی هۆڵەندا نەوت نیە، بەڵام هۆڵەندا لە ڕێگای گەورە بەندەری ( Roterdam) باج لە هەموو بەرمیلە نەوتێکی دنیا وەردەگرێ .. لەنێو هەناوی دەریای (باکوور)دا، غاز دەردێنن .. بە هەرزان ماڵەکانی هۆڵەندا بێ جیاوازی گەرمو ڕووناك دەکەنەوە .

لەوێ هەموو شت .. لە خزمەت هاوڵاتیاندایە .. ئەوانەی گرەو دەبەنەوە تەنیا ئەو خەڵکەن کە بارگرانی ژیان لە ئەستۆی هاوڵاتی سووك دەکەن بە تایبەتی لە ڕووی تەندروستی، مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی .

ئەو نیعمەتەی خەڵکی ئەوێ تێیدان لە بەموئەسەساتکردنی دەوڵەتەوە هاتوە .. بۆیە ناهەق نیم ئەگەر ئیرەییان پێ ببەم و لە هەمانکاتدا لە ناخمدا هاوار بکەم بڵێم : دەی دەبەرومرم تا زووە بە موئەسەساتمان کەن!

# ئافرەتی کوردەواری

ماوەیەکە توندوتیژی دژ بە ئافرەت و ژنی کوردان شەوچەرەی شەوانی کوردستانی گەرموگوڕ کردوە .. چونکە ئەو توندوتیژییەی نێو کۆمەڵگای کوردەواری بە شێوەیەکی ترسناك پەرەی سەندوە، بۆیە لە بەرزترین ئاستدا قسەی لەسەرکراو بڕیاردرا ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە .. ئەگەرنا ئەو کۆمەڵگایە بەرەو هەڵدێر دەچێ .

سەرەڕای بوونی چەندان ڕێکخراو و سەنتەری تایبەت بە ژن و ئافرەت لە کوردستاندا هەروەها گەیاندنی دەنگیان بۆ چین، دانیمارك و گەلێ شوێنی دیکە .. کەچی بەداخەوە لە دوای ڕاپەڕینەوە جۆری توندوتیژی دژ بە دایکان و خوشکان لە زێدەبووندایە و شێوەی دڕندایەتی بەخۆوە دەبینی .

بۆ خۆم دەگەڵ ئەوەدام پیاو بتوانێ لە دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژ بە ئافرەت هاوکار بێت، کەچی هەرچەند سەر دێنم و دەبەم بۆ ئەو مەبەستە هیچم دەبادا نیە! بەڵام ئەوەی لەو مەسەلەیەدا سەرنجی من ڕادەکێشێ لکاندنی ئەو توندوتیژیە بە نەریتی میللەت! کەچی بە هیچ شێوەیەك ئەو خەڵکە باس لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگا ناکات! باس لە عەولەمەو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای داخراو ناکات! قسە لەسەر ئامێرە پێشکەوتوەکان و هۆکاری بە هەڵە بەکارهێنانی ناکەن ...... هتد .

لەبەر هێندێ دەمەوێ کەمێك گرێی دڵی خۆم بۆ قەڵەمەکەم بکەمەوە .. تاکو ئەویش جڵەوی خۆی بۆ سەر ئەم کاغەزە شۆڕ بکا، بۆ ئەوەی بتوانین چەند ڕاستیەکی دوێنێ بخەینە بەر دەستی ئەوەی ئەمڕۆ ئینجا لە چاکوخراپی دوێنێ و ئەمڕۆدا سەرپشکیان بکەین .

مـن چـەند ئـافرەتێکی گونـدی (قورشـاغلو) دەکەمـە نموونـەی هـەموو شـێرە ژنـانی ئـەو کوردسـتانە پانوبەرینـە : مـامزی عـەدۆ نموونـەی کرێکـاری دەست و بازووی بەهێزی گوند لە قوڕ شـێلان (خووسـانەوەی گڵ) لـە پایزانـدا بۆ سواخدانی خانوبەرەی خانەوادە!

کێ هەبوو لەنێو گوند نێرومێ .. بە نیشتەری (خەجەکەلە) قـونێری بـۆ هەڵنەدڕابێ؟ یان بـە گـازان ددانـی بـۆ دەرنـەهێنابێ؟ بـۆ چ ئـافرەتێکی گـەڕەك هـەبوو لەسـەر دەسـتی ئـەو .. منـداڵی نـەبووبێ؟! ئەگـەر ئـەو منداڵـە ریخەلۆکیشی لەملان ئالا بووبێت!!

کـێ لـە حـاجی گەرعـە، لـە ناسـینی مـەڕومالات و چـۆنیەتی زاوزێکردنـی پسپۆرتر بوە؟ کێ بە دەست و کەوگیری پلە بەسێی حەمـەد وەسمـانی سەرسـام نەبوە؟ دەتانەوێ باس لە دایە زەرێخێ بکەم کـە ئوسـتادی هـەموو تـەونکارانی گونــد بــوو، هــەردەم شــانازی بــەوە دەکــرد کــە ئــاوی لەســەر پــشتی (شەمـشەمەکوێر) خواردۆتـەوە بۆیـە هێنـدە زەیـنی رۆنـە و تـەیری ئاسمـانێ لەسەر مافوور دەنەخشێنی!! لە کۆتاییدا دەڵێم : نموونەی ئافرەتی تێکـەڵ بـە سیاسەتی گوند ستیلەی عـەدۆ کـە لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکاندا .. کـاتێ لەنێو جوامێراندا بە مژلێدانی جغارەی قامیش باسی لە مارکس و لینین دەکـرد! تـا ماوەیـەك بـە خرۆشـۆف سەرسـام بـوو! لـە سـاڵی ١٩٦٧ وە، تـەنیا (مـاو) وێـردی سەرزارانی بوو، منداڵەکانی نێودەنـا (سـەلام) لـە خۆشەویـستی (سـەلام عـادل) لە دواییدا بە (کفـاح) لـە خۆشەویـستی (کفـاح المـسلح)، هـەردەم جیاوازیـەکانی نێـوان (لێژنــەی مەرکــەزی و قیــادەی مەرکــەزی) ئــەژمار ئــەکرد! ئەوانــەی سەرەوە نموونەی ئافرەتانی کۆمەڵگای داخراوی گوندی ئێمەبوون، کـە تـا دنیـا مـاوە شـانازیان پێـوە دەکـەین .. بـاوك و باپیرانیـشمان رێگایـان بـەخۆ نـەدابوو توونـدوتیژیان لەگەڵ بەکاربێنن .

# پردێك بۆ دەست لە ملانێ

سـەردەمانێك .. ئـەو ئاقـارەی نێـوان شـارێگای پیرمـام و دێـری دیانـان (*عـەنکاوە*) رێگایـەکی چـاك بـوو بـۆ دەربـازبوونی خانـەوادەی پێـشمەرگە لەنێوشـار بـۆ نێـو شـۆڕش (*مەبەسـت لـە رۆژانـی شۆڕشـی مـەزنی ئەیلوولـە*) لـەوێوەوە بـۆ پـاوانی (*بەحرکـە*) ئینجـا بەزانـدنی (*بەسـتۆڕە*) لـەوێوەوە (*دارەشەکران*) لەبەر سێرەی چاوان دادەنـرا (*چـڕەو چەمەکە*) خـۆت بگـرە .. خانەوادەی پێشمەرگە هاتن، ئەو خەڵکە بـە نـۆرە بـە چـووپی تراکتـۆر لـەزێی (*بادینان*) دەپەڕینەوە .. چاکم وەبیرە گوندی (*دووبێ*) یەکـەم قۆنـاغی دەسـتە راسـت بـوو، بـەڵام خەڵکەکـە لـەو هـەوارە حـەزی بـە مانـەوە نـەدەکرد .. بۆیـە بەرەو (*گەویلانێ*) هەڵدکشان هەرچەندە خەڵکی ئـەو ناوچـەیە دەگـەڵ شـۆڕش خـۆش مەحـشەر نـەبوون بـەڵام بـە هـۆی بەرپرسـانی ئـەوێ و خەڵکـە رەشـوورووتەکە هێـوری بـاڵی بەسـەر ناوچـەکە داکێـشابوو .. تـا رۆژانـی تاڵوسوێری نسکۆی شۆڕش، رێگایەکی چاك بوو بۆ دەربازبوونی خانەوادەکان.

ئـەو هـەموو مـاڵ و منداڵـە لـەنێو داروبـاری چـڕوپڕی (*بجیـل*)لەبـەر فڕۆکـەی رژێـم خـۆی حەشـار دەدا تـا هـەوری ئێـواران سـگی لـە عـەرد دەدا ,, ئینجا ئەو حەشاماتە بە پیادە یان سواریی خۆی دەگەیاندە (*دینارتـە*) کـە لـە ٧ / ٧ / ١٩٧٤ بۆ خۆم لە گەڵ چەندان خانەوادەی دیکە پێیدا گووزەرم کـرد یـەك تاکە کەسی تێدا نەمابوو .. ئیدی (*پیرس*) خـۆت بگـرە واهـاتین! لەسـەر پیـرس شـۆڕدەبووینەوە بـەرەو (*بلـێ - رێـزان*) چـەند رۆژێـك بـوو فڕۆکـەکانی رژێـم تاکە پردی رێزانی بۆردومانکردبوو بۆیە ئەو خەڵکە لەگەڵ تـاریکی شـەودا بـە (*قایـەخ*) دەپەڕینـەوە، ئینجا لـەوێ بـە جێبـە شـرەکانی ئـەوکات (*پیرەفاتمـان*)

دەبڕی بەرەو *(ناوپردان)* بەڕێدەکەوتین کە شوێنی مەبەست بوو .

ئێستا ڕۆژانە لە ڕێگەی میدیاکان بە تایبەتی تەلەفزیۆنەکان چەندان کارەساتی هاتوچۆی شارێگای *(سۆران – هەولێر)* دەبینین، چونکە شارێگایەکی یەکجار قەڵەباڵغە .. لە سنووری ئێران، تورکیا، برادۆست، بارزان، ئاکرێ ودەوروبەری، دەشتە هەریر لەو شارێگایە دەکاتەوە لەبەر هەندێ کارەساتی دڵتەزێنی لێ ڕوودەدا!!

ئەگەر بێتوو هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر بە هاریکاری وەزارەتی ئاوەدانکرنەوەی هەرێمی کوردستان پلانێك بۆ دروستکردنی (*پردێك*) لەسەر زێی *(بادینان)* لەو ناوچەیەی کە لە سەرەوە باسمکرد ئەگەر لە نزیك *(گەویلانێ)* یان (*چەمەکە*)دابنرێ کارێکی یەکجار چاکە، شان بە شان لە گەڵ ئەو ڕێگا نوێیەی *(بەردەڕەش)* ڕۆح وەبەر ناوچەکە دێننەوە .. لەلایەك ڕێژەی کارەسات زۆر کەم دەبێتەوە چونکە ئاکرێ و دەوروبەر بە زێبارو سوورچیەوە، قەصرۆك، شەرەفان بە واتایەکی دیکە هەموو خەڵکی بادینان بە ڕێگای بەردەڕەش یان ئەو پردە نوێیە دێنە هەولێر بارێگران لە ئەستۆی شارێگای سۆران – هەولێر هەڵدەستێ، شاراوەیش نیە ئەو ناوچە پانوبەرینە بە کشت و کاڵ بەنێوبانگن بە تایبەتی سەرچاوەی سەرکی *(برنجی کوردین)* سەرەڕای کانگای *(شۆرینی بەردوچگڵە)* کە ڕۆژانە هەزاران *(قەللاب)* بۆ هێنانی کەرەسەی بیناسازی لە بەرد، لم، زیخ، بەو ڕێگایە گووزەر دەکەن . بە دروستکردنی ئەو پردە .. ناوچەی بەڕانەتی و سوورچیایەتی دەست لەملانێ نوێ دەکەنەوە .. ئیدی دڵنیام حکوومەتی کوردان لە خۆزگە بەدیهێناندا کەم درێغی ناکەن

# پیاوی كورد

لـه گۆشـەیەكدا باسـی توندوتیـژی دژ بـە ئـافرەتی كوردمـان كـرد، بـە ئومێـدی ئـەوەین ئـەمجارەیان پیـاوی كـورد بەسـەركەینەوە .. لەسـەروویانەوە ئەوانـەی خۆیـان بـە رۆشـنبیرو ئاقڵمەنـد دەزانـن .. ئەوانـەی تـا ئێـستا لـە بیروبۆچوونیاندا تەنیا بـە ڕبـەی خۆیـان دەپێـون .. وەك بڵێـی ئەسـتغفروللا لـە زانـستی (*مـن لـدنا - لـەدونا*) شـتێك دەزانـن! كەچـی لـە مەسـەلەی ئـەو توونـدوتیژیەدا بـەجۆرێ لـە جۆرەكـان .. سـەری هێـران و بـنی هێـران ئێمـەین (*پیاوی كورد*)، بە داخەوە زۆربەی پیـاوی كـورد لـە ژیانیـدا بـە تایبـەتی لـەنێو مـاڵی خۆیـدا بـە دوو روویـی دەژی „ بـاس لـە ئـازادی ئـافرەتی كـورد دەكـا بـە مەرجێ هەوای ئەو ئازادیە بەنێو ماڵی ئـەودا نەچێت!" *تەنـدووره سـووره، لـە مـن دووره* "بـاس لـە مـافی زەوتكـراو دەكـا .. كەچـی خـۆی بـە (كامـڵ قـوای ئەقڵـەوە) مـافی نـزیكترین كەسـی خـۆی قـووت دەدا! رۆشـنبیری ئـەوتۆ لەنێوانماندا هەیە بە نوێژی نیوەڕۆ دژایەتی داپۆشین (لەچەك بەسـتن) دەكا، لەوكاتەی لە دووڕ ماڵی خۆیدا سەرتاپا داپۆشراون!!

بۆ ئەوەی خوێنەر بە هەلە تێمنەگات .. بۆ خۆم بـە هـیچ شـێوەیەك دژی داپۆشـین نـیم، هـەروەك چۆن دژی ئـەو كەسـانە نـیم كـە بـە زەوقـی خۆیـان جلوبـەرگ دەبـەر دەكـەن، بـەڵام تـا سـەر ئێـسقان دژی ئـەو كەسانەم كـە لـەو مەسـەلانەدا سـەروبنزمانیان وێـك ناچـێ .. بـە واتایـەكی دیكـە پـڕ بـەدەم داواكـاری ئـازادی ژنانـە، بـەڵام بـۆ نێـو مـاڵی خـۆی نـا!! بـە هـەموو توانایـەك نەیاری داپۆشین دەكا .. بەڵام بۆ نێو مـاڵی خـۆی چاوپۆشـی دەكـات، لەبـەردەم مایكرۆفۆن دژایەتی سوونەتكردنی ئافرەت دەكات، كەچی ئـاو بـە دەسـتی ئـەو خوشـكەی ناخواتـەوە ئەگـەر سـوونەت نـەكرابێ! مـن ئـەو دوو روویـیەم پـێ قووت نادرێ!

تا ئێستا خەڵكانێك (پیاو) هەن لەنێو كوردەواریدا .. ئەگەر ژنەكانیان كچیان ببێ رووگرژ دەبن! بە بەڵایەكی تری دەقەڵەم ئەدەن، لە (كەربان) بۆ ماوەیەك سەرجێی ژنەكانیان ناكەن! ئەو زانیست و زانیارانەی قوتابخانە ژبیر دەكەن .. كە پیاوو ژن لە منداڵبووندا هاوبەشن، ئەو ئیزدواجیەی پیاوی كورد لە ئەوروپا كارەساتێكی دیكەی كۆمەڵگای كوردەواریە .. پیاوی ئێمە بە ئەقلیەتی ئێرە لەوێ دەژی! دەیەوێ لەوێش لە رووی ئابووریەوە (الرجال قوّامون علی النساء) بن، لەوكاتەی دەستووری ئەوێ ئەو رێگایە نادات، واتە ئێمە دەمانەوێ لەوێ بمانژینن، بەڵام بە قانوونی ئێرە، بۆیە میدیاكانی ئەوێ لە گێروگرفتی رەوەندی كورد بێبەش نین، بە داخەوە ئەو لەتلەتكردنەی خانەوادەی كورد لەوێ .. شوێن پەنجەی لە كوردستاندا رەنگی داوەتەوە .

نابێ ئەوەیش لە یاد بكەین كە پیاوی كورد لە زۆر پیاوی میللەتانی دیكە بەرامبەر بە مافی ژنان چاكترن، پیاو بۆ خوا بڵێ : تا ئێستا لە مێژووی كۆمەڵگای كوردەواری رووی نەداوە .. پیاوی كورد كچی خۆی دەقەبەر قورئان بكات ، بە واتایەكی دیكە (لە قورئانی مارە بكات، ببێتە مارەبڕی قورئان) بۆ ئەوەی هەتا هەتایێ شوو نەكات .. نەوەك ماڵومیراتی ماڵە باوان، بۆ ماڵە مێردان ببات! لە تەمەنی خۆمدا گوێ بیست نەبوویم كە باوكێك یان برایەك .. كچ یان خوشكی خۆی لەبەر مێردكردنی بە بێگانان لە میرات بێبەش كردبێ، هەروەكو لەنێو هەندێ كۆمەڵگای دیكەی ئیسلامی روویداوە .

لە كۆتاییدا دەڵێم : ئەگەر پیاوی كورد دەگەڵ خۆی راستگۆ بێت، ئەو ئەنانیەتەو نێرگزییەی خۆی فڕێ بدات دڵنیام ئەو توونوتیژییەی دژ بە ئافرەتان نامێنێ، لە هەمانكاتدا ئومێدەوارم كچانمان دژ بە شەپۆڵ مەلە نەكەن .. بۆ ئەوەی بتوانین پێكەوە كۆمەڵگای خۆمان لەو میحنەتە دەرباز بكەین .

# جارێکی دیکە پێشمەرگە

هەرزوو لە دوای راپەڕینـدا لـە گۆشـەیەکمدا داوام کردبـوو .. گۆڕەپـانێکی شـاری هـەولێر بـەنێوی یەکـەم شـەهیدی قوتـابی شۆڕشـی مـەزنی ئـەیلوول (مەئموون دەباغ)بکرێت، لـە دوای چـەند رۆژێـك لـە بڵاوبوونـەوەی گۆشـەکەدا شەهید فرەنسۆ هەریری بە نووسـینێك وەڵامـی دامـەوە کـە ئـەو راسـتر بـوو .. تێیـدا گوتبـووی یەکـەم شـەهیدی قوتـابی شۆڕشـی مـەزنی ئـەیلوول (محەمـەد صدیق پێنجوینی) ە، رەحمەت لە گۆڕی هەمووان .

لەو سەینوبەینەدابوو ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر بـە سوپاسـەوە بـانگی چەند کەسانێکی وەك ئێمەی کرد بۆ ئەوەی هاریکاربین بـۆ نێونـانی شـەقام و گۆڕەپانەکانی نێوشار.. دەستی هەموو لایـەك خـۆش بێت ئێسـتا نـاوی شـەهید مەئموون دەباغ لەسەر شەقام و بەشی ناوەخۆی قوتابیان دەدرەوشێتەوە .

یەکەم شەهیدی گوندەکەمان (شەمسەدینی مام بـایز) کـە تـا ئێسـتا رۆژی شـەهیدبوونەکەی لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٥ دا، بوەتـە مێـژووی گوندەکـەمان هـەروەکو چۆن سـاڵی بـەفرە سۆرەکە، گرانـی، قورئـان خوێنـدن، کوللـە لـەنێو کوردەواریدا بوەتە مێژوو .

لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٩٢ لـە رێگـەی بەرنامـەی (بـەرئاگردان) لـە رادیـۆی دەنگـی کوردسـتاندا بـۆ یەکـەمجار چـەند ئەڵقەیـەکی رێـزو سـتایش بـۆ ئاوارەکانی دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، هەروەها ئەڵقەیەك بە ناونیـشانی (*رێـز لـە سێبەری لوولە تڤەنگی پێشمەرگە بنێن*) ئامادەو پێشکێش کرد .

لـە مـانگی ٥ / ١٩٩٣ لـە رۆژنامـەی (برایـەتی) تـەوەرێکمان بـۆ چۆنیەتی

سەرهەڵدانی شۆڕشی ٢٦ / گوڵان / ١٩٧٦ شۆڕشی تەواکەری شۆڕش کردەوە .. لەویَ بڵاوکرایەوە کە یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان (سەیید سەلیم) ە، کە لە شەوی ٢٥ لەسەر ٢٦ / گوڵان / ١٩٧٦ لە نزیك (حاجی ئۆمەران) شەهید کرا .

چەند هەفتەیەك بەر لە ئێستا لەم شوێنە (پێشمەرگە نەعرەتەی هەڵۆ رابن)م، بڵاوکردەوە، ئەوەتە ئەمڕۆش .. لەوکاتەی ترمۆمیتەری پیرۆزی پێشمەرگە نەك لە لای خەڵك بەرەو نزمی دەچیَ! بەڵکو لەنێو خودی ئەو دامودەزگایانەیش کە بە جەربەزەیی پێشمەرگە دروست بوون، هەرچەندە ئەمڕۆ هەزاران (گەجەروگوجەری) وەك ئێمەمانان لە سێبەریدا سمێلان بادەدەین . هەی دەبەر پەندی پێشینان مرم کە دەگێڕنەوە " کیژۆڵەیەکی گوندەکەمان بۆ گوندێکی دوور بەمێرد دەدریَ.. کاتیَ ئاوس دەبیَ .. لە شەرمی باوك وبرایان نایەتەوە باوەخوونی! کە منداڵیشی دەبیَ .. لە شەرمی ئەوە نەوەك لە پێش برایان مەمکی بداتە کۆرپەکەی باوەخوونیەکەی دواخستوە، سەرتان نەێشیَ حەوت ساڵی بەم شێوەیە بەڕیَ دەکا!! رۆژێکیان گوێی لە دەنگی (عەتاروبەقاری) گوندی خۆیان دەبیَ .. بە هەڵەداوان لە مام حاجی نزیك دەبێتەوەو باسوخواسی خەڵکی گوندی لیَ دەکا.. موختار .. کێخوا .. فلان .. بۆ هەمووان دەڵیَ : تۆ خۆش!! باشە مام حاجی ئەی کیَ بوەتە کێخوای گوند؟

- لە حەمەدی برات زیاتر کیَ هەیە؟!

کیژۆڵە نەیکردە نامەردی .. قیژاندی .. بە هەردوو دەستتان روومەتی خۆی سوور هەڵگەڕاند! ژنانی گوندیش بە سەرسوڕمانەوە گوتیان : لەوە خۆشتر هەیە برات بوەتە کێخوای کوندی؟!

- خوشکۆریَ ئەمن دەزانم کێندەرانم دێشیَ، ئەگەر پیاو لە گوندی

مابوایه چۆن حەمەدی برام دەبوە کێخوا؟!

لە کتێبان خوێندومەتەوە گوایە لە زەمانی (انور السادات)خەڵك ڤێزی لە موخابەراتی (میسر) دەکردەوە تا گەیشتە ئەو رادەیە خەڵك ژن نەدەنە پیاوانی موخابەرات! بۆیە سەرۆکی میسر دانیشتنێکی دەگەڵ نوسەران، هونەرمەندان، رۆژنامەنوسان کردو گووتی : موخابەرات کۆڵگەی ئاسایشی وڵاتە پێویستە بە هەموو لایەك هەوڵبدەین لەنێو خەڵك ئیعتباریان بۆ دروست بێتەوە .

هێندەی نەبرد زنجیرە درامای (رأفت الهجان) ئینجا فلیمی (السقوط في الهاویە، جمعە، مهمە في ایلات) کەوتنە سەر شاشەی گەورەو بچووك .. بە ماوەیەکی کوورت ترمۆمیتەری (پیرۆزی) پیاوانی موخابەرات گەیشتە دووند.

لە بەر ئەوەی لە زەمانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا پیرۆزی پێشمەرگە لە پیرۆزی و مەزنی (مەلا مستەفا بارزانیدا) بوو، بۆیە پێویستە حیزب بە گشتی و خودی (مەسعود بارزانی) پێشمەرگەو سەرۆکی کوردان بە تایبەتی مشوورێك بۆ ئەو مەسەلەیە بخوات .

# بارێگران نێچیرڤان ..

لـە تـەمموزو ئـەیلوولی ٢٠٠٦ دا، دوو بابـەتم لـە گۆڤـاری (گـوڵان) بـەم ناونیـشانانە (حـەریری و نقـوڵای لوبنـان، نێـچیرڤانی ئێمـەیش) و (کـۆکی هۆڵەنـداو نێـچیرڤانی کـوردان) بڵاوکـردەوە .. لـە یەکەمیانـدا بـاس لـە دەوری سەرۆك وەزیرانی لوبنان دەکەم بە تایبەتی لە بـواری ئاوەدانکرنـەوە، هـەروەها هێنانی گەورە کۆمپانیای دنیا بۆ وەبەرهێنان لـە وڵاتێکی وێرانـی وەك لوبنـان بە تایبەتی وەبەرهێنەری خـەلیج . ئـەوەی حـەریری لـە ژیانیـدا نـەیتوانی بـۆ لوبنانی بکات لە دوای شەهیدکردنی بۆی کرا! واتە بەیروتی دوێنێ بـۆ هـەموو بەیروتیـەکان بـوو، کەچـی بـەیروتی ئـەمڕۆو دوارۆژ تـا دنیـا مـاوە بـوو بـە بەیروتی حەریری! تا عـەرەب واز لـە لوبنـان نـەهێنن لوبنـان خۆشـی بـەخۆوە نابینێ .

شانبەشـانی حـەریری هاتومەتـە سـەر باسـی (نقـوڵا حایـك) گـەورە دەوڵەمەندو ئابووریناسی بەنێوبانگی سویسری بە رەگەز لوبنانی کـە تـا ئێـستا سـەرەڕای داواکردنـی خـەڵکی لوبنـان یـەك عانـەی بـۆ لوبنـان نەخـستۆتەگەڕ، دڵنیاشم وەگەڕی نایەخێ!

لـە ناونیـشانی دووەمـدا، داوا لـە پارتـە سیاسـیەکانی کوردسـتان دەکـەم .. ئەو قۆناغەی ئێستای کوردستان بە هەند هەڵگرن چونکە قۆنـاغی بنیاتنـان و ئاوەدانکردنــەوەو رێکخـستنەوەی هــەموو ژێرخانەکانــە کــە دەمێکــە ئاســاری لەسەر پاتاری نەماوە! داوام کـردوە رێخۆشـکەری کارەکـانی حکوومـەتی هـەرێم بن نەك ئاستەنگ، مەسـەلەی گـۆڕین و نـەگۆڕینی سـەرۆك وەزیرانـی هـەرێمم

بـه مەسـەلەی کۆنـە سـەرەك وەزیرانـی هۆڵەنـدا بـەڕێز (کـۆك) بەسـتۆتەوە .. لەبەر ئەوەی سیاسەتوان و ئابووریزانێکی لێهاتوو بوو، لەبـەر هەنـدێ ئـابووری هۆڵەنـدا لـە حـوکمڕانی هـەردوو ماوەیـدا لـە لووتکـە بـوو، لـە دوا قۆنـاغی حوکمڕانیـدا بێکـاری لـە هۆڵەنـدا نـەما، خـەڵکی (zonderdak) واتـە بـێ خـانوو نـەما! بۆیـە ئـەو پارتـەی دەنگـی لـە پـارتی بـەڕێز (کـۆك) زێـدەترهێنا پێشنیازی ئەوەیانکرد کـە ئـەوان وەك پـارتی بـردراوە لەسـەر مانـەوەی خـودی بەڕێز (کۆك) بۆ جڵەوگرتنی چـوار ساڵی دیکـەی سـەرەك وەزیرایـەتی کـۆکن، چونکە ئەو مێرچاکە لە دنیای سیاسەت و ئابووریدا بـێ وێنەیـە . منـیش لـەم روانگەیـەوە لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ٢٠٠٦ دا، لـەنێو بابەتەکەمـدا ئـەو پێـشنیازەم کردبـوو .. ئەوەتـە سـوپاس بـۆ خـودا لـە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٨ دا، مەسـەلەی سەرۆکایەتی وەزیرانی هەرێم بەمشێوەیەی ئێستا لەنگەری گرت .

بۆیە بە مافی خۆمی دەزانم لە روانگەی پێشنیازی رابردی خۆمدا سـەر لـە نوێ دوو پەیڤی دیکە بخەمە سەر بابەتەکانی پێشتر بـۆ ئـەوەی جارێکی دیکـە نەگەڕێمەوە سەری : بەر لە هەموو شتێك مانـەوەی جـەنابی سـەرۆك وەزیـران لە شـوێنی خـۆی کـارێکی چـاك بـوو چـونکە ماوەیـەکی دوورودرێـژە سـەگلاوی خۆی لە مەیدانی ئاوەدانکردنەوەو هێنانی گەورە کۆمپانیـای دنیـا تـاوداوە، بـە مانایەکی دیکە بوەتە (شێك) چەکیی گرێنتی وەبەرهێنانی دنیا .

ئەگـەر بڵـێین ئـەو کۆمپانیانـەی هاتوونەتـە کوردسـتان هـەموویان لـە کارەکانیانـدا سـەرکەوتوو بـوون .. راسـت نیـە، بـەڵام ئـەوەی سـوودمەند بـوە خۆی لەوە دەدۆزێتەوە کە شارەزایی چاکمان لە دەست نیـشانکردنی کۆمپانیـای باش پەیدا کـردوە، ئەگـەر سـەیری ئـەو کۆمپانیانـەی ئێستا بکـەین لـە دنیـای ئاوەدانکردنەوە نێویان هەیە .

بۆ خودی خۆم دەگەڵ ئـەوەدام لـە گـەڵ هـەر کردنـەوەی سـوپەرمارکتێك

یان ئوتێلێك کارگەو فابریکی گەورەو بچووکیش لە کوردستان دابمەزرێت، بۆ ئەوەی کار بۆ خەڵکی خۆمان بدۆزینەوەو لەو تەوەزەلیەی ئێستاکێ دەربازبین . لە هەمانکاتدا غەدر لە خۆمان و خودی سەرۆك وەزیران دەکەین ئەگەر لە روانگەی superman سەیری بکەین، چونکە کاری مەزن بە کارەباو سووتەمەنی دەکرێت کە بوونەتە دێوەزمەی چاککردنەوەی ژێرخانەکان .

نابێ ئەوەیش لە یاد بکەین کە تا ئێستا چارەسەرێك بۆ مەسەلەی ئەو بوودجە زەبلاحەی مووچەخۆران نەدۆزراوەتەوە کە بوەتە گەورە برابەشی بوودجەی هەرێم .. سەرەڕای ئەو گیروگرفتانەی نێوان هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ، هەموویان کۆسپ و ئاستەنگن بەڵام ئەوەی هەموو لایەك لەسەری کۆکین دڵنیاین لەوە کە ئەو جوامێرە کوردستان بەرەو بەرزایی دەبات .

# نانی کوردان بێ خێیه ..!

کۆنگرەی (بەیروت) هاتوڕۆیی قسەی زۆری لەسەر نەکرا! لە کۆنگرەی (ڤیەنا) دا، هێندێکیان دەگەڵ داواکانی کورد دڕدۆنگ بوون، لە کۆنگرەی (پیرمام) دا، بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون سەوجاسەری مەسەلەی کورد دەست نیشان بکەن! گووتمان : برایانی چاوڕەش، ئێمە زۆرن ناوێ .. تەنیا بە فەرمی دان بەو (هەڤۆڤەمان) بنێن، کە رژێمی بەعس لە بەرامبەر هەموو دنیا دانی پێناوە! کەچی ئەوان دەیانگووت : لە دوای رووخانی رژێم دوو قسانی لەسەر ئەکەین .

سەرەڕای ئەو هەڵسوکەوتە نابرایانەیان، سەرکردەکانی کورد کوردستانیان بۆ هەموو عێراقیەکان کردە گۆڕەپانی خەبات، ئەوانەی نەداربوون .. بوونە برابەشمان (چی تێدایە مەگەر بران نەبن!) هەندێکیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێمدا هانایان بۆ دەهێناین .. کوڕگەلان باز ئاسا ئەو خەڵکانەیان لە ژێر چەپۆکی رژێم دەرباز دەکردو هەواریان لە بنەگەی خۆمان بۆ هەڵدەدان، بە برژانگی چاومان دەمانپاراستن، هێندێکیان هێلکەو رۆنی کوردیان دەخوارد، کەچی پاسەوانی جرتاوەیان دەکرد! گەلێجار لەسەر شاشەو بەردەم مایکرەفۆنان بەدبێژیان لەسەر ئەکردین! بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیابن .. ماڵەکانی خۆمان کردە نوێژگەی تایبەتی ئەوان، نەك لە داوەتێ کچی خۆن کردە دۆی داوەتێ، بەڵکو کچی خۆن دەقەبەر کردن!

عیسای خۆشەویست تەنیا یەکجار فەرمووی : ئەگەر لە روومەتی راستتدرا، چەپەشیان بۆ وەسوورێنە، باوکی رۆحی هیندی (گاندی) ش، هەر هێندەی کرد .. ئەمڕۆ نێویان لە مێژوو دەدرەوشێتەوە، کەچی کورد لەوەتەی

له ڕێگەی ئیسلامەوە عەرەبی ناسیوە .. خۆی بە برا بچووك زانیوە، کەچی تا ئەمڕۆ برا گەورە (!!) ناوناتۆرەی جیاجیا دەخەنە پاڵ زڕبراکانیان .

گوایە ماوەیەك بەر لە ئێستا لەسەر شانۆیەکی (شام) دا، لە دیمەنێکی شانۆییدا گاڵتەجاڕی بەکوردو پیرۆزی کورد کراوە .. گوایە ئێمەی نەیار، ئێمەی بێ رابردوو، ئێمەی غەریب و گەڕیدە تەنیا بۆ ئەوە ئازاین کە رەچەڵەکی ناودارانی عەرەب وەك ئەیوبی، شەوقی، زریاب بۆ کورد دەگەڕێننەوە! وەك نەزانن

میری شاعیرانی عەرەب دەڵێ :

**سمعت من أبي و هو قائل**

**من كورد أصلي جئت في العرب ناشئا**

**(أحمد شوقي)**

من دڵنیام دەگەڵ خوێندنەوەی ئەو چەند دێرە .. ئارەقەی تووڕەییت بەنێوچەوانیدا شۆڕ دەبێتەوە .

خوا لەسەر سەرانە وەك قوتابیەکی قوتابخانەی ڕێبازی بارزانی نەمردا حەز بە خۆشی هەموو مرۆڤی دنیا دەکەم، بە هیچ شێوەیەك پەڵەی رەش لە ناخمدا بەرامبەر بە هیچ نەتەوەیەك نیە، هەروەکو چۆن حەز دەکەم کەسیش نەیاری بەرامبەر نەتەوەکەم نەکات .. بەڵام هەڵسوکەوتی هاوپەیمانانمان لە حکوومەتی فیدڕاڵدا بە تایبەتی وەزیری نەوت کە خوای بە قوربانی رۆژانی سەرفرازی راپەڕینی سەرتاسەری کوردستان بکات کە لە سلێمانیەوە بەرەو سەردەشت کوڕگەلان لە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی رژێمیان دەرباز کرد . کەچی ئەمڕۆ لافوگەزاف لەسەر مافی کورد لێدەدا!! دیمەنی دانیشتن و لێدوانی وەزیری نەوت لەکاتی بڕیاردانی بە نەفرۆشتنی نەوت بە

ولاتـی (نەمـسا) هـەمان دیمـەنی صـدامی دکتـاتۆر دێنێتـەوە بەرچـاوان کـە لـە ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ نوێنـەری پادشـای هۆڵەنـدا لەسـەر شاشـە بەدیارکـەوت : قـاچ لەسەر قاچ روو لە نوێنەری پادشا گووتی :" *ئێـوە بـە ناهـەق رێـژەی لـە ٥٪ لـە نــەوتی عێراقتــان هەیــە، بڕیارمــداوە بەشــی ئێــوەیش خۆمــاڵی بکــەین تــاکو لەمەودوا تەنیا بەسواری پایسکل هاتوچۆ بکەن* ."شایانی باسـە ئـەو زانکۆیـەی ئێـستای موصـل بـە هـەموو دەزگاکـانی و بەشـە ناوخۆییـەکانی لـە لایـان ئـەو کۆمپانیـا هۆڵەندیـە وەك دیـاری بـۆ عێـراق دروسـتکراوە! ئەگـەر ئـەمڕۆش نەڵێین خۆزگەمان بە کفن دز! رۆژێك دادێت دەڵێین تـا دوێـنی بـۆ کـورد یـەك صدام هەبوو کەچی ئەمڕۆ هەر هەموویان صدامن .. لەبیرتان بێ هاهاهاها .

# ئەویّ و ئیّرە ..!

زۆرجار گویّ بیستی ئەوە بوویم کە لەسەرەتای حوکمڕانی ئیسلامدا لە (میسر) ڕیّبواریّك هاتۆتە مزگەوتیّکی (مەدینە) لە دوای باسوخواس .. مەلا هەواڵی میسری لە ڕیّبوارەکە پرسیوە؟ ئەویش گوتوویەتی : چیتان بۆ باس بکەم میسر تەنیا شویّنی ڕابواردنە! مەلاش دەڵیّ : ڕاست دەکەی!!

لە دوای ماوەیەکی دیکە ڕیّبواریّکی دیکە هاتۆتە ئەو مزگەوتەو مەلاش بەهەمان شیّوە پرسیاری لیّکردوە، ڕیّبوارەکە دەڵیّ : ئەگەر ئیسلامەتی و دینداری هەبیّ تەنیا لە میسرەو بەس! مەلاش دەڵیّ : ڕاست دەکەی! دانیشتوانی مزگەوت بەسەرسوورڕمانەوە سەیری مەلا دەکەن و دەڵیّن : قوربان تۆ لەهەردوو حاڵەتدا فەرمووت ڕاست دەکەی! ئەوە چ مەغزایەکی هەیە؟! مەلا دەڵیّ : لەبەر ئەوەی هەردوو وەڵامەکان ڕاست بوون بۆیە دەمگووت ڕاستە، چونکە هەر ڕیّبوارەو لە ڕوانگەی کاروکردەوەی خۆی وەڵامی دەدامەوە، ئەوەی یەکەم تەنیا سەردانی شویّنی ڕابواردنی کردوە چونکە خۆی حەزی بەوە کردوە، ئەویتریان تەنیا سەردانی مزگەوت و ئەو شویّنانەی کردوە کە خۆی مەبەستی بوە دینداری تیّدا بکات!

منیش کە زۆرجار مەسەلەی لایانە باشەکانی وڵاتی هوڵەندا لە نوسینەکانمدا ڕەنگ دەداتەوەو خۆزگە دەخوازم لە وڵاتی کوردستاندا پەیرەو بکریّ، هەمان سەربردەی سەرەوەی لەسەر پراکتیك دەکریّ، منیش لایەنی خراپەی ئەویّم فەرامۆش نەکردوە! بەڵام بۆ ئەمەیان خۆزگە دەخوازم کە لە وڵاتی ئیّمەدا نموونەی نەبیّ!

زۆرجار لیّرەو لەویّ گویّ بیست دەبین کە زۆر بە دژوارەوە باس لە

خراپـی کۆمـەڵگای ئـەوروپا دەکرێـت کـە زۆرجـار تـا سـەر ئێـسقان غـەدر لـە کۆمەڵگای خۆمان و ئەوانیش دەکەین خۆزگـە لـەمجۆرە باسـکردنانە پـەیرەوی ئیمامی شافعیمان بکردبوایە کە گوایە چەندان فەتوای لێرە هەبوە، کەچـی کـە چـوەتە میـسرو چـەند سـاڵێکی لـەنێو کۆمـەڵگای ئەوانـدا بەسـەربردوە .. لـە گەلێ فەتواکانی پاشگەز بوەتەوە چونکە زانایان دڵنیان لەوە کـە فـەتوای پێکاو دوو پاداشـتی هەیـە .. ئـەویتریان تـەنیا یـەك . لەبەرهەنـدێ ئاقڵمەنـدان لـە پاشگەزبوونەوەو گەڕانەوە بۆ ڕێگەی راست ناترسن و شەرمی لێ ناکەن .

لــە روانگــەی ئــەو دوو ســاڵ و نیــوەی گەڕاومەتــەوە کوردســتان، ئــەو سەرزەنیـشتیەی لێـرەوە لـە کۆمـەڵگای ئـەوروپا دەکـرێ .. بـۆ خـودی خـۆم بـە پێچەوانەی دەبینم! بە مەزندە زۆر پێویست بوو ئەو سەرزەنیـشتیە ئاراسـتەی کۆمــەڵگای خۆمــان بکرابوایــە چــونکە ئــەوەی لــەو ماوەیــە لێــرە بینیومــە، بیستومە، رۆژانە لەسەر لاپـەڕەکانی رۆژنامـەو گۆڤارەکـانی ئێـرە دەیخوێنمـەوە بـەهیچ شـێوەیەك لـەوێ بـەمجۆرە نیـە، بۆیـە لـەو نوسـینەمدا تـەنیا چـەند جیاوازیەك دەخەمە بەرچاوان :

لەبەر نەبوونی و نەداری خـەڵكێکی زۆر بـە تایبـەت گـەنجان لـە دیـاردەی (دزی) بەشدارن، هەروەکو چۆن پارەدارو دەوڵەمەنـدیش بـە جوورێـك دزی لـە کۆمـەڵگا دەکـەن ئەگـەر بەشێوەی قـازانجی فاحـشیش بێـت! بەداخـەوە ئـەوەی کۆڵەگـەی کۆمـەڵگای شـکاندوە نـەبوونی توێـژی مامناوەندیـە، لێـرە .. یـان دەوڵەمەندی بێ سنوور یان هەژاری رادەبەدەر بەدی دەکرێ!!

نـاڵێم لـەوێ دزی نیـە، بـەڵام لـەوێش دیـاردەی دزی بـەزۆری لـەنێو رەوەندی ئیسلامدایە بەتایبەتی خـەڵکی وڵاتـانی رۆژئـاوای عـەرەبی، ئەمـەیش بەپێی ئەو ریپۆرتاژانەی هەفتانە لەنێو میدیای هۆڵەندا بڵاودەکرێتەوە .

کارەسـاتی دوو زەردێنـەی هـەژاری ئێـرە، خـۆی لـەوە دەدۆزێتـەوە ئەگـەر

هاتو تووشی نەخۆشی بوو پێویستی بە نیشتەگەری هەبێت، کەچی لەوێ ئاغاوگەدا بێ جیاوازی رەنگ، ئاین، نەتەوە هەموویان لەژێر سێبەری کۆمپانیای تەئمین (دڵنیایی) حەساونەتەوە .

لەوێ کەس سوێند لەسەر کڕین و فرۆشتن ناخوات، لەوێ (بەد) لە مشەدایە .. بەڵام (بەدبێژ) دەگمەنە! لەوێ خەڵکی کارکەرو بێکار (کەم .. زۆر) مووچەی مانگانەی هەیە! دەگمەنن ئەوانەی بێ (جێ و رێن)، مەگەر ئەوانەی ئالوودەن، مەحاڵە، بەزێدە مەحاڵە خەڵکی ئەوێ دەست لەنێو دەستی نەیاربنێن بۆ وێرانکردنی وڵات! لەوێ خەڵك عیشقی وڵاتن، مەگەر بە عیشقی راستەقینەی زاهیدێکی سەدەی سێ و چواری کۆچی بەراورد بکرێت .

# پیلانی جەزایر

دەمێکە گوتراوە : مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، لەبەر هێندێ ئەمن دوعایەکی دەکەم ئێوەیش بڵێن : ئامین، کە ئەمجارەیان ئەم گووتەیە لەسەر میللەتی کورد دووبارە نەبێتەوە .

من و خەڵکانی دیکەیش هەروا فێرکراوین کە هەڵگیرسان یان سەرکەوتنی شۆڕش بە مانای گوڕینی بنەڕەتی دێت، ئەگەر ئەو تاریفکردنەی شۆڕش وابوایە .. پێویست بوو ئێرانی نوێ دەست لە هەموو کارە نابەجێیەکانی شای گوڕبەگۆڕ هەڵگرێ، کەچی ئەوانیش لەسەر هەمان سیاسەتی شاهنشا بەردەوامن بەڵکو دڕترن، بۆ نموونە : مەسەلەی ڕێککەوتنی پیلانی لە نێوبردنی کورد کە لە مێژووی کورددا بە پیلانی جەزایر ناسراوە .

باوەڕ ناکەم کەس هەبێت لەنێو نەتەوەی کورد بە ئاگری ئەو پیلانە نەسوتابێ یان زەرەرمەند نەبووبێ؟! دوورنیە خەڵکانێك هەبێت بە تایبەتی ئەوەی دوای حەفتاوپێنج نێوی (خەلعەتبەری، حوممادی، بۆتەفلیقە) نەیبزوێنێ، کەچی بۆ بەشداربوانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول زۆر دەگەینێ، چونکە ئەو ناوانە تا ئێستاش بۆ کورد بوونەتە (مێملێ)!

هەرچەندە لەکاتی خۆیدا .. بە تەواوی لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٧٥) لە چاوپێکەوتنی بارزانی نەمردا دەگەڵ ڕۆژنامەنوسی بەنێوبانگی میسری (محمد حسنین الهیکل) بازانی نەمر لە وەڵامێکدا فەرموویەتی : ڕێککەوتنی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) لە ملی حکومەتی عێراق بوەتە (تۆق).. واتە ئەگەر کاربەدەستانی عێراق بە هەر بیانوێك درێژە بەجێبەجێ نەکردنی ئەو ڕێککەوتنە بدەن ئەو تۆقە دەیانخنکێنێ (هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی بارزانی لەسەر ئەو دووربینیەی) بەڵێ، لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٨٠) ساڵی جیڕبەجیڕکردنی ڕێککەوتن و دەست پێکردنی شەڕی نێوان عێراق – ئێران)

نیشانەی خنکاندنی حکومەتی عێراق لە مێژوودا دەدرەوشایەوە .

ئەوەتــە ماوەیەکــە لێــرەو لــەوێ گــوێ بیــستی داوای ســەرهەڵدانەوەی ڕێککەوتنی گۆڕبەگۆڕ لەلایەن ئێرانـی نـوێ دەبـین! سـەیر لەوەدایـە (شاهنـشاو سەدام) دوو باوە کوشتی کاربەدەستانی ئێرانـی نـوێن .. کەچی لەوەیانـداو لـە گـەلێ شـتی دیکـەی خراپـەکاری شاهنـشا خۆیـان کردۆتـە میراتگـر (دەمێکـە خۆیـان گوتوویانـە سیاسـەت دایـك و بـاوکی نیـە)، وەك نـەزانن ئـەم زەمەنـە، خوایاربێت بۆ کورد زەمەنی دوێنێ نیە!

لـە دوای نـسکۆی ساڵی (١٩٧٥) لێـرەو لـەوێ گلوگازانـدانمان لـە هەنـدێك بـەناو برادەرانـی خۆمـان دەکـرد کـە بـۆ دوورونزیـك لـە پیلانـی جـەزایر ئاگاداریان نەکردینەوە، بـەڵام ئـەمجارەیان بـە هـیچ شـێوەیەك نـابێ گلـەیی لـە خەڵك بکەین .. بەڵکو پێویستە خۆمان بـۆ روونـەدانی ئـەو کارەساتانە ئامـادە بکەین، بۆ خودی شەرم ناکەم کە دەڵێم : لە دنیـای سیاسـەت نابەڵەدم، بـەڵام ئــەلفوبای سیاســەت خــۆی لــەوە دەدۆزێتــەوە کــە ســەرەداوی ئــەمجۆرە ڕێککەوتنانە لە وەزارەتـی دەرەوەی هـەموو وڵاتێـك دەسـت پـێ دەکـات .. بۆیـە خـەڵکی ئێمـە بـۆ ئـەو مەسـەلانە پـشدێنی خـۆی کردۆتـەوە چونکە وەزارەتـی دەرەوەی وڵات پـاوانکراوی کوردانـە! کەچـی لێـرەو لـەوێ گـوێ بیـستی ئـەوە دەبین کـە لـە یەکـەم دانیـشتنی ئـەو مەسـەلەیەدا نوێنـەرێکی کـورد نـە شیعە، نەســوننە، نــەئێزدی، نەکاکــەیی، نەشــەبەك، نەمەســیحی تێــدا نــەبوە!! *ئەمجارەیشیان وەك* سەردانەکەی نێردراوی وڵاتی عێراق بۆ وڵاتی (تورکیا) بـۆ چارەســەرکردنی گیروگــرفتی هــەرێمی کوردســتانی عێــراق مــن و خــەڵکی کوردســتان مــەدهۆش بـووین!! نـازانم لـە چ دەفتـەرو سـیپاراندا نوسـراوە .. پێویـستە خـەڵك!!! بـۆ گیروگـرفتی تـۆ خـەمخۆر بـێ و لـە مەیـدانی سیاسـەت تەڕدانێت بۆ بکات؟! مەگەر گوێمان لەو شیعرە نەبووبێ :

**بە دەستی خۆت، خۆت نەخورێنی نالێی ئۆخەی، نالێی ئۆخەی**

# نەوەی کۆن و نوێ

لەلای خۆمەوە گەیشتومەتە ئەو قەناعەتە .. ئەگەر هاتوو نوسینەکانم نێوی منیشی بەسەرەوە نەبێت، زۆرینەی خوێنەران نوسینەکانم دەناسنەوە چونکە هەردەم سەربردەو پەندی فۆلکلۆری و روخساری میللی بەسەریدا زاڵە، دوورنیە خەڵکانێك ئەمە بە باش نەزانێ! بەلآم بۆ خودی خۆم بە کارێکی چاکی دادەنێم چونکە من نوسینەکان تەواوکەری یەکترین .

بەلآم ئەوەی بە زێدەو زێدە شانازی پێوە دەکەم و تاموچێژێکی دیکە دەداتە ناوەرۆکی نوسینەکان دەنگەکەمە، لەبەرئەوەی زمان و روخساری من هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای کوردەوارین .. دەمێکیشە گوێچکەی کۆمەڵگا ئاشنایی دەگەڵدا هەن .

ئەمجارەیان سەربردەیەکی دێرین دەکەمە هەوێنی ئەم نوسینە .. تاکو کەس نەتوانێ نانی پێوە بخوات! بەڵکو پێشنیارێکە بۆ گەورە برایانی وڵات وەك ئاقڵمەندانی رۆژانی سەرفرازی میللەتەکەمان رێگاچارە بۆ ئەمجۆرە گیروگرفتانە بدۆزنەوە تاکو هەموو لایەکمان لەو گێژاوەدا دەرباز بکەن .

لە مێژووی سەرزارەکی حوکمڕانی (بورجا بەلەك) لە (بۆتان)دا، دەگێڕنەوە : گوایە ناتێگەیشتنێك دەکەوێتە نێوان دەسەڵاتی گەورە پیاوانی حوکمڕانی ئەوکات و نەوەی ئەودەم، کە لە ئەنجامدا ئەو تێنەگەیشتنەی نێوانیان خوێناوی دەبێت! لەبەر ئەوەی نەوەی نوێ لە ژیاندا تاقیکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕی ئەوتۆیان نەبوە تاکو بتوانن لەنێو کۆمەڵگادا جەماوەر بۆ خۆیان دروست بکەن، بۆیە لە ئەنجامدا پشت لە وڵات بەرەو

نادیار ڕەویانکرد!! هۆبەو هەواری خۆیان دوور لە مەڵبەندی حوکمڕانیدا هەڵدا .. دوای ماوەیەك (خۆم ئاسا) سۆزی وڵات لە ناخمدا سەری هەڵدا!! ئەمجۆرە سۆزەیش ئۆقرە لە مرۆڤی دوورە وڵات هەڵدەگرێ، بۆیە پڕ بە دەم هاوار دەکەم و دەڵێم : (*دوعاخوازم دوژمنیش تووشی نەبێت چونکە هێمنێکی دیکەمان نیە شاکاری ناڵەی جودایی بنوسێتەوە!!*) ڕۆژێکیان گەنجانی یاخیبوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك ڕوو لە گەورە ڕەشماڵی ناوچەکە دەکەن .. لە دوای بەخێرهێنانیان ئەم گفتوگۆیە لەنێوانیادا دروست دەبێت :

- ئایا لەنێو ئێلی ئێوەدا پیاوماقوڵتان هەیە؟
- بەڵێ هەمانە !
- چ جۆرێکن؟
- هەمانە ئەگەر سەت سواریان میوان بێت، لەو بەهارە تا بەهاری دادێ نە (کا) نە (جۆ) نەگۆشت، نەپڵاویان کەم بێت!
- ئەمەیان هیچ نیە! بەوانە دەڵێن : خانەدان .. خودا ڕزقی داونەتێ، ئەوانیش ناندەرن .
- چ جۆرێکی دیکەتان هەیە؟
- بەڵێ .. هەمانە لە شەڕدا (یەك) بە (دە) ڕادەوستن!!
- ئەوە هیچ نیە! بەمجۆرە پیاوانە دەڵێن : دینەمرۆ!! تۆ بڵێی چ جۆرێکی دیکەتان نەبێ؟
- هەمانە .. ئەگەر دوو برا، دوو بنەماڵە، دوو ئێل دووبەرەکیان لەنێواندا دروست بێت دەتوانێ ببێتە ڕدێن سپیان .. بۆ ئەوەی داری ناوبژی بەنێوانیاندا بێنێ تاکو ئاگری دووبەرەکی بکوژێنتەوەو دڕدۆنگیان لەنێودا نەهێڵێ!!

- دەســتم دامێنتــان، ئێمــە دەمێکــە بــە دوای ئــەوجۆرە مرۆڤــەدا وێــڵ و سەرگەردانین!!!

بە مەزندەی من میللەت، کۆمەڵگا، خانەوادە، تاکی ئەمڕۆی کورد وەك ناوەرۆکی سەربردەی سەرەوە تووشی لێکنەگەیشتن هاتوە، بۆیە پێویست بە گفتوگۆی نێوانمان دەکات .. تاکو بتوانین لەو دڵەڕاوکێیە دەربازبین، لێگەڕێن قسان بکەن .. گوێیان لێ ڕابگرن، ئەوەی لە دەستتان دێ بۆیان مەیسەر بکەن، بۆ ئەوەی لێکتێبگەن لە بورجی عاج وەرنە خوارێ! دەمێکە گوتراوە پشتکردنی ماینی کحێل و ئەسپەشێ پیاوی کارامەو لێزانی دەوێ، بەڵام خۆزگەی من خۆی لەوەدا دەدۆزێتەوە کە پێویستە بۆ ئەو گفتوگۆیە بە دوای ئەو ردێن سپیەی نێو سەربردەکەدا بگەڕێین .

# دەستیشم بە هەویرە
# هەر ئەوەندەم لەبیرە

لە یەکێك لە کتێبە زۆرو بە نرخەکانی (محمد حسنین الهیکل) دا، نوسراوە کە ژمارەی خانەوادەی پادشای (السعودیە) نزیکەی هەشت هەزار کەس دەبن! لە گەڵ دایکبوونی هەر یەکەیان کارتی داهاتی بەشە نەوتیان بۆ دابین دەکرێ! لەسەر دوا ئامۆژگاری پادشا (عبدالعزیز) تەنیا ئەو کوڕانەی دەبنە پادشا کە دایکیان لە خانەوادەی (السدیر) ن، لە مەیاندا پادشای ئێستا ناگرێتەوە چونکە دایکی (جوهرمە)، پێویستە کوڕەکانی دیکە تەنیا لە بازرگانیدا کار بکەن دوورونزیك نابێ پەیوەندیان بە دنیای حوکمڕانی و سیاسەتەوە بێت!

دوا بە دوای هێندە ساڵ و هێندە بەشە نەوت و بازرگانی کوڕانی پادشا .. دەوڵەمەندی ئەوتۆیان لێ پەیدا بوە کە بە یازدەمین دەوڵەمەندی جیهان ناسراوە!! بۆیە سەردەمانێك هەربابابوو کەناڵێك بەڵکو چەندان کەناڵی تایبەت بەخۆیان دروست دەکردو کیژجوانانی دنیایان لەخۆ کۆدەکردەوە، کەسی ئەوتۆشیان تێدا هەبوو درامای کۆچەری (البدوی) بەنێوی دەنوسراو بە زنجیرە لەسەر شاشەکانی خۆیان نیشان دەدرا . جۆری دیکەیش لەنێوانیاندا سەری هەڵدا کە چەندان کەناڵی ئاینی دابمەزرێنن بەڵکو کەناڵی تایبەت بە ڕێچکەو ڕێبازی کەسانێك یان بنەماڵەیەك یان وڵاتێك کە لە ئەنجامدا ئەو کلتوورە جەنجاڵیە لە ناوچەکە سەریهەڵداو دنیای تەنیەوە (مەسەلەکە بەشێوەیەك شێواندراوە، مەگەر بە قودرەتی قادر.. ئەگەرنا

چاکبونەوەی مەحاڵە!) .

ئەوەی سەرنجی من و خەڵکانێکی راکێشاوە، خۆی لەوە دەدۆزێتەوە کە ولاتۆکەی ئێمە هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی دەوڵەمەندی ولاتی بنەماڵەی (السعود)، من ناڵێم : دەوڵەمەندن نیە؟! بەخوا هەمانە بە ئارەقەی نێوچەوانی خۆیان بوونەتێ و نێویشیان بە چاکەخوازی دێت، دەوڵەمەندی ناشەرعی و فاحشیشمان زۆر بوە، کە کۆمەڵگای کوردەواری سینگیان بۆ هەڵماڵیوون، هێندێکی زیرە کوشتوومان هەن فرچکیان بە نەیاری میللەتی خۆیان گرتوە!! ئەوەی بەزێدە سەرنجی خەڵکی راکێشاوە .. ئەو هەموو دەزگایانەن : کوردستان تیڤی، کوردسات، زاگرۆس، رۆژ، میزیۆپۆتامیا، رۆژهەلات، نەرۆزی دەرەوە، نەورۆزی حکومەتی هەرێم، کۆمەڵە، تیشك، گەلی کوردستان، تیڤی کورد، بەشی کوردی سەحەر، بەشی کوردی العراقیە، ڤین، ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی بەرێوەیە، هەروەها ئەوەی یەکگرتووش بەرێوەیە، من لەوەیش دڵنیام ئەوەی رۆژئاواش دێتەوە مەیدان، هەژدە تەلەفزیۆنی ئاسمانی .. ئەوەندەی دیکەی ناوخۆیی کە جاری وا هەیە وێنەکانیان لە ئاسماندا شەرەقۆچانێ دەکەن!!

بە هیچ شێوەیەکیش باسی رۆژنامە، گۆڤار، بلاوکراوەکانی کوردستان ناکەم، کە مانگانە ژمارەیان دەگاتە دووسەت جۆر!! ئەوە گووتمان : ژمارەی کورد کە زمانی کوردی دەزانن و تێیدەگەن (چل) ملیۆنە! ئەوە گووتمان : دەوڵەمەندی پارتی و یەکێتی لەو ئاستەدایە کە بتوانن ئەو حەشاماتەی خۆیان بەخێوبکەن و برا گەورەیی ولاتیش بکەن .. پیاو بۆ خوا بڵێ لە ئاوەدانکرنەوەشدا درێغی نەکراوە، ئەدی ئەو خەڵکەی لە دەرەوەو ناوەوە خورمژ دەخۆن کەچی هەردەم هاواری نەبوونی و مەزلوومی خۆیان دەکەن .. ئەوانە ئەو پارە ئەستووره لە کوێ دێنن؟ تۆ بڵێی خەڵکی خێرخواز هێند

زۆربن للیلا فیللا لەبەر چاوی  کورد تەلەفزیۆنن دەقەبەر بکەن، نازانم کەی حکومەتی خۆمان دوو قسان لەسەر ئەو مەسەلانە دەکات؟ ماوەیەکی دیکە نابات (*ئەمن مردوو، ئێوە زیندوو*) تاکی کورد لە وڵاتۆکەی خۆماندا دەبێتە خاوەن تەلەفزیۆن، رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ! خەڵك ناهەقی نیە پرسیار بکات و بڵێ : کێ لە پشت ئەو دەزگا زەبلاحانەدایە؟ ئەو دەزگایانە بۆچی دێنە دامەزراندن؟ ئەمن ناڵێم : حکومەتی کوردان فریشتەیە، من لەگەڵ چاکسازی و باشتربوونی خزمەتکردندام، بەڵام هەر کوردێك خۆشەویستی حکومەتی کوردانی لە دڵدا نەبێت و بۆ پەرەسەندن و چاکسازی دەخزمەتیدا نەبێت یاخوا ریسوای دنیاو قیامەت بێت

# تێکدەرانی وڵات ..!

جاران .. لەو کاتەی پیرۆزی پەیڤی (پێشمەرگە) لەسەر زاری کوردان شیرین و بۆ نەیارانی کورد تەحل بوو .. بە ئێمەیان دەگووت : تێکدەر!!
ئەگەر بێتو لاپەڕە رەشەکانی مێژووی دەسەڵاتدارانی یەك لە دوای یەکی عێراق ئاوەژوو بکەینەوە گەلێ ناوونـاتۆرەی دیکەی وەك : هەڵگەڕاوەکان، چەتە، ئەشقیا، رێگر، جەردە، بەکرێگیراو دەقەبەر کردووین .

جەبەرووتی رژێم گەیشتبوە رادەیەك کە تا بنهەنگڵان دەست لەنێو ماڵی کورد وەربدات .. ژمارەیەکی زۆریشی لە ئێمەمانان بۆ بەرژەوەندیە گڵاوەکانی خۆی بەکار دێینایەن، لە کوردەواریدا گوتراوە :" جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێ "زوڵمی نەیار، هەڵەی مێژوویی نەیار، ئاڵوگۆڕی سیاسەتی دنیا لە لایەك، قینی پەنگ خواردووی ناخی تاکی کورد، ئامادەباشی پێشمەرگەی کوردستان .. هیممەتی خودای کوردی مەزلووم، مەعادەلەکان لە بەهاری ١٩٩١ بۆ بەرژەوەندی کوردی مەزلووم لەنگەری گرت .

برا گەورەکانمان ئینجا تاکی مەزلوومی کۆمەڵگا لە روانگەی بەرژەوەندی گشتیدا تۆی خۆشەویستی و فەرهەنگی لێبوردەییان لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا بڵاوکردەوە، راستە گەلی کوردستان بە نوێژی نیوەڕۆ نەیاری لە کوردستان شاروەدەرنا، بەڵام جارێکی دیکە قەزەمەکانی نەیار لە پەنجەرەوە گەڕانەوە کوردستان، ئەوانیش لەبەر دڕدۆنگی نێوانمان توانیان تا نیسانی ٢٠٠٣ لە نێوانماندا خورمژ بخۆن!

دوا بە دوای ئەو مێژووە پاشۆڵیان وەك ئەوەی بزن بەدیارکەوت! کەچی جارێکی دیکە لە روانگەی بەرژەوەندی باڵا لە لێپێچینەوە دەربازیان بوو،

ئەمجارەیش  بە هەر شێوەیەك بێت توانیـان بـە چـەندان رەنـگ لـەنێو ئێمـەدا خۆیان حەشار بدەن .

لەو کاتەی کورد بە خۆزگەی رێکوپێککردنی دامودەزگاکانی حـوکمڕانی و دروسـتکردنی دامودەزگـای شارسـتانی و بڵاوکردنـەوەی رۆشـنبیریی ئـازادی و رادەربڕین کە کۆڵگەی سەرەکیی ئەو پێشکەوتنەی وڵاتـن، هـەروەها بـۆ ئـەوەی تـاکی کـورد لـە جغـزی داتـەپین و خـۆ بـە بـچووکزانی دەربـاز بکـرێ .. قەزەمەکانی دوێنێ بە هاندانی نەیارانی (دەوروبەر) سـەرەڕای سـوود وەرگـرتن لـەو بارودۆخـە ئازادییـەی کوردسـتان کـە حکومـەتی هـەرێم بـۆ کۆمـەڵگای کوردەواری رەخساندوە .. حیقدو کینەی لە بـن نـەهاتووی نـەیارانی دەسـەڵاتی کـورد، نـەیارانی  سـەرکەوتنی تاقیکردنـەوەی حـوکمڕانی هـەرێم، نـەیارانی لـە مێژینەی بنەماڵەی سـەرکردەی هەمیـشەیی کـورد بـارزانی نـەمر.. بـە نوێـژی نیـوەڕۆ لێمـان هاتوونەتـەوە  مەیـدان، خـودای مـەزن و دلۆڤـان لـە قورئـانی پـیرۆزدا سـەربردەیەکی زۆر لـە مێـژەی مێـژوومان بـۆ دەسـت نیـشان دەکـات و دەفەرمووێ :"و کان في المدینة تسعة رهط یفـسدون فـي الارض و لا یصلحون  "بە مانای گشتی واتـە (نـۆ تێکـدەر لـە شارێکدا لـە بـری چاکسازی خراپەکاریان دەکرد) . بەر لـەم ئایاتـە پـیرۆزەدا بـەڵێنێك لـە نێـوان نێـردراوی خودا و خەڵکانێکدا هەبوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو خەڵکانـە پەیمتنـشکێن بـوون .. بۆیـە خـودای گـەورە بـەم ئایەتـە تێکـدەران دەسـت نیـشان دەکات، هەرچـەندە سۆزوپەیمانی ئەزەلی لە نێوان خاك و میللەتدا هەیە، کەچی ئـەمڕۆ تێکـدەران لە کوردستاندا لە مشەیە!

بۆیە داوا لە حکومەتی کـوردان دەکـەین و بـە پێویـستی دەزانـین تخووبی نێوان خراپەکاران و چاکسازانی کۆمەڵگای کوردەواری دەست نیشان بکات و بـە هێزی قانوون کلکی تێکدەران و نەیارانی تاقیکردنەوەی کوردستان ببڕدرێ .

# تەنیا تێکدەران ..!

دوا بـە دوای گۆشـەی رابـرد (تێکـدەرانی وڵات) بـۆ ئـەوەی خـەڵکانێك نەتوانن بە مەزاجی خۆیان (شەن وکەوی) نووسـینەکەم بکـەن .. بـە خۆزگـەی ئەوەم ئەمجارەیان بۆچوونەکەم ووردتر بکەمەوە .

هەرچەندە تاکی کورد بە هیچ شێوەیەك حـەز بـە رەخنـە ناکات، کەچـی (بۆخۆمی ئێستا نەك بەندەی دوێنێ) بۆ زیاتر پەرەسـەندنی حـوکمڕانی کـورد تا مۆخ دەگەڵ بیروڕای جیاوازم . چونکە تاکە گوڵ ئەگـەر جـوانترین گـوڵی دنیاش بێت جوانیی و بۆنخۆشی سنووردارە! بۆیە هـەردەم خـەون بـە باخێـك دەبینم کە تژی گوڵی رەنگاو رەنگ بێت!

من لـە گـەڵ هونـەری هەمـەجۆرم .. ئـەوەی لـە گـەڵ مـەزاجی مـن دێـت سەیری دەکەم تاکو چێژی لێ وەربگرم، خـەڵکیش بـە زەوقـی خـۆی، سـەیری ئـەوجۆرە هونـەرە بکـات کـە دەگـەڵ مـەزاجی دەگـونجێ .. مـن حـەز بـە رتمـی گـران (قـورس) دەکـەم! لـەوەیش دڵنیـام تـۆ حـەز بـە رتمـی تیـژ دەکـەیت مـاڧی خۆتە یـاخوا زیـاترو زیـاتر لـەو هەڵپەڕینـەدا ئارەقـەی رەش و شـین دەکـەی .. پیرۆزت بێت، ئەی جەنابت بۆ دژی رتمی من رادەوەستی؟! ئێمە لـەو کاتـەی لـە گۆڤەندان سەرچۆپی دەگرین بە ویقارەوە دەگەڵ مۆسیقا دەهەژێین!

تۆ چەپی .. چی تیایە، منیش راست (دوورنیە ئێستا حەز بـە شـتی دیکـە بکـەم)، خـەڵکانێکیش هـەن لـەنێوان مـن و تـۆ (خورمـژ) دەخـۆن نێویـان لـەخۆناوە (مامناوەنـدی) هـەمووومان پێکـەوە جـوانین! ئـەی بـۆ نـەیاریم دەکـەی؟! بـۆ لـێم دەترسـی؟! پێویـستە مـن لـە تـۆ بترسـم! ئێمـە دەمێکـە گەیـشتوینەتە ئـەو قەناعەتـە کـە پێویـستە جـەماوەر لەنێوانمانـدا سـەنکی

مەحەك بێت (دەبڵێ دیموكراس نیم؟!!) .

ئێوە باش دەزانن ئێمە بۆ ئێوە .. وەك برایانی حەزرەتی (یوسف) نیین.. ئێمە بە هیچ شێوەیەك بە كاروكردەوەی (قابیلەكان) رازی نین! ئێوە چاك دەزانن : دڵ و دەروونی ئێمە بۆ ئێوە ئلوێنەیە، كارەسات لە دەبەنگی ئێمەدایە، چونكە ئێوە ناناسین .. ناهەقیش نین چونكە ئێوە گوڵەبەرۆژە ئاسان! ئێمە بۆ ئەو میللەتە پردین .. بەلاّم هەركاتێ بتانەوێ پێشێلی كەرامەت و پیرۆزی ئەو میللەتە بكەن .. قەبوڵن نیە، تا دوێنێ بە درۆ دەتانووت لە ئەوروپا .. لە ژێر ركێفی دیموكراسیدا جلیتانێ بكەن! درۆتان كرد .. وا نەبوو!! لە وێش .. لە هەموو دنیا شتێك هەیە پێی دەڵێن : پیرۆزی نەتەوە، سونبلی نەتەوە، سنووری بەرژەوەندی وڵات و میللەت، ئاسایشی نەتەوایەتی .. خۆت سەرپشكبە چ نێوێكی دەخەیە پاڵ .

سەرەتا گووتمان : ئەگەر تۆ مولْكی كوردانی و حەز دەكەی ببی بە لاچەكبەسەری كۆمەڵگای كوردەواری، واتە تۆ بنیاتنەری نەك تێكدەر .. هەتا تەنگەت دێشێ قسان بكە! لە رۆژنامان بنووسە، لە بەردەم مایكرەفۆنان بنەڕێنە، لەسەر شاشان پۆز لێدە! باس لە هەموو كەموكوورییەك بكە .. هەقی خۆتە، ئەوەی دەستی لە گەندەڵیدایە بیزڕێنە! پێویستە حكوومەت بۆ ئەو مەسەلانە پاداشت و بكا، بەلاّم ئەوەی قەبووڵ نیەو پێویستە نەبێ : كە تۆ "هێلكەو رۆنی كوردستان بخۆی و پاسەوانی جرتاوێ بكەی "لە دێر زەمانەوە تا ئێستاش ، لە هەموو دنیاش هەروایە كە یەكێ رێگای پێدرا قسان بكات، پێویستە رێز لەو رێگادانە بگرێ و رێز لەو خەڵكەش بگرێ كە قسەی بۆ دەكات، ئەگەرنا ژیان دەبێتە "ئاردی ناو دڕكان "كاكۆ .

# دروستکردنەوەی تاکی کورد

هەر کەسێ لە ڕۆژانی ڕەشی دووەم کودەتای بەعس لە عێراقدا لە دایك بووبێ .. ئەمڕۆ تەمەنی چڵ ساڵەو ردێن ماش و برنجە! لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا بەمجۆرە تەمەنە دەگوترێ (جوامێر) جوامێریش واتە پیاوماقووڵ، واتە پیاوی مەجلیس ومەسلەتیان .. ئەگەر مێینەیش بێت ئەوە بە (خاتوون) بە (لاچەکبەسەری) بنەماڵە لە قەڵەم دەدرێ، ئەگەر هاوتەمەنی خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبیان بوایە ئێستا ئەویش لەبری حەوت (خوێن) مەسلەتی لەسەر دەکرا

ئەمجۆرە مرۆڤەی لەسەرەوە باسمانکردوە جگە لە عێراق لەهەر وڵاتێکی دیکەی دنیادابێت، لە خوێندن دەگەیشتە بەرزترین پلە، لە مەیدانی ئابووریدا شوێن پەنجەی لەنێو بانکەکانی وڵاتی خۆیدا دیار دەبوو، دەوری لەنێو کۆمەڵدا ئەگەر (باپیرە) یان (داپیرە) نەبوایە! بێگومان گوێچکەی بە پەیڤی (بابە) یان (دایە) دەزرینگایەوە!

ئەگەر هاتوو ئەو تەمەنە بۆ مرۆڤێکی عێراقی بێت بە تایبەتی کورد پێویستە لە ڕێگەی زانیستەوە دەروونی شیبکرێتەوە .. هێندە سەراوودەراوی بینیوە : بیست و سێ ساڵ لەژێر چەپۆکی ڕژێمی بەعس بە جلوبەرگی (ئەلتەلایع) دەستی بە خوێندن کردوە، بۆ چەند مانگێك بەرەو بەرەی شەڕ ڕاپێچ کراوە، لە (١٨) ساڵیەوە بە ئاگری دۆزەخی شەڕی هەشت ساڵە سووتاوە! بۆ ئێمەی کوردیش ئەوە ئێشوئازاری چەندجارەی سەفاوەمەروەی نێوان شاروشاخ و بینەوبەردەی زیندانیەکانی عێراقیش لەوێ ڕاوەستێ!

بێینەوە سەر هەژدە ساڵەی دوای ڕاپەڕین کە ئازارەکانی لەو (٢٣) ساڵەی

رابرد کەمتر نیە، هیچ نەبێ لە روانگەی دەروونی چونکە سەرەتای سالانی دوای راپەڕین بریتی بوو لە (بەهێز بێهێزی راپێچ دەکرد!) نەداری، بێکاری، شەڕڕڕ .. چ جۆرە شەڕێك؟! کە هەموو شیرازەکانی ئاسمان و ریسمانی لە کوردستان تێکشکاند! ئینجا رەوکردنی مێگەلی کورگەلان بۆ ریگەی هات و نەهات .. سەرباری هەمووان گەندەلی! مالی ویرانم گەندەلی، ولات ویرانم گەندەلی!

هەرچەندە بەندە لە دوای چەند مانگێك لە راپەڕیندا .. لە رادیۆ، تەلەفزیۆن، گۆڤارو رۆژنامەکان دوعاخوازی بەرپاکردنی شۆڕشێکی چاکسازی بووم! دوعاخوازی ئاوەدانکرنەوەی کوردستان بووم .. لەو بارەیەوە هێندم شەکرشکاند تا دۆلەکەم دڕا!!کەچی ئەوەی لە خەیالمدا نەبوو یان بە گرینگی نەدەهاتە بەرچاوانم مەسەلەی دروستکردنەوەی تاکی کورد بوو .. ماوەیەکە گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە .. پێویست بوو بەر لە هەموو ئاوەدانکرنەوەیەك .. ناخی تاکی کورد ئاوەدان بکرێتەوە، کە ئەمرۆ بە بۆچوونی خەلکانێکی یەکجار زۆر بە کلیلی بزربووی ئەو جەنجالیە دەژمێردرێ کە میللەتەکەمان پێوەی دەنالێ! چونکە تاکی کورد لە هەموو رووێکەوە دارماوە، دنیای پانوبەرینی لێبوەتە کوونە مشك .. چونکە بۆ چەند سالێك دەچێ کۆمەلگای کوردەواری بە دەست هەندێك گەندەلچیەوە دەنالێنێ کە بە نوێژی نیوەڕۆ یاری بە موقەدەراتی نەتەوە دەکەن! بۆیە چەند پەلە لە بنبڕکردنیان بکرێت هێشتا کەمە!.

# گەندەڵی ئەخلاقی

ئەگەرهاتوو سەرژمێری بۆ ئەو نووسینانە بکەین کە رۆژانە لەسەر لاپەڕەی بڵاوکراوەکانی کوردستاندا بڵاودەکرێنەوە .. بێ سێ و دوو پەیڤی (گەندەڵی) لەبەکارهێناندا برا گەورەیە! هەروەك چۆن چەندان ساڵە مێشك و هزری خەڵکی کوردستانی تەنیوە!

ئەوەتە ئەمڕۆ منیش لەم گۆشەیەدا باس لە گەندەڵی دەکەم .. بەڵام ئەو گەندەڵیە نا، کە رۆژانە خەڵك باسی لێوە دەکەن .. هەرچەندە ماوەیەکە لێرەو لەوێ لە میدیاکاندا، لە دانیشتنەکاندا باس لەوە دەکرێ کە گوایە گەندەڵی هەر لە کوردستاندا نیە، بەڵکو لە هەموو شوێنێك .. لە هەموو کاتێکدا هەیە چونکە چارەسەری نیە! ئیدی بۆ لەسەر ئەو لایەنە بنووسم!! بۆیە لەلای خۆمەوە بڕیارمدا باس لە گەندەڵی ئەخلاقیدا بکەم، ئەگەر بۆم لوا لە کۆتاییدا دوو قسانیش لەسەر گەندەڵیەکەی تردا دەکەم .

گوایە هەموو میللەتێکی دنیا بەم قۆناغەی ئێستای میللەتی ئێمەدا گووزەری کردوە .. بۆیە لەلای خەڵکانێك بە نۆرماڵ لە قەڵەم دەدرێ!! دڵنیام ئەو خەڵکانەش لە کتێباندا خوێندوویانە .. بۆیە بڕوایان بەو تیورە هاتوە!

منیش لە روانگەی لە کەلەپووری باوانەوە فێربووم .. ئەگەرهاتوو تاك لەنێو کۆمەڵگایەکی پابەند بە هەندێك بیروباوەڕی رێکوپێك پەروەردە بکرێت لادانی لە رێگادا ئەستەمترە لەو کەسانە کە کۆمەڵگا، بیروباوەر، نەریت، گەورەو بچووکی .. ناخوێننەوە، هەرکاتێك مەعادەلەی ژیان گەیشتە ئەو رادەیە کە خەڵك یەکتر نەخوێننەوە .. دڵنیابە هەموو شیرازەیەکی نێو کۆمەڵگا وەك ئێستا لێکدەترازێ!!

من تا ساڵی ١٩٩٥ لەنێو ئەو کۆمەڵگایە دەژیام .. من ناڵێم کۆمەڵگایەکی فریشتەیی بوو، بەڵام لەوە دڵنیام کە لاتەرازووی چاکەمان دادەکەت .. راستە ئێمە پەروەردەی فەرهەنگی نەیارین! بەڵام بۆ خۆیشمان لەوکاتەی جڵەون کەوتە دەست .. بۆ بنیاتنانەوەی تاك هیچمان نەکرد!! ئەگەرنا لە چ دەورو زەمانێکدا بوە چەندان ناکەس بە نوێژی نیوەڕۆ لە پێش چاوی دۆست و نەیار کەوتوونەتە پێشێلکردنی هەموو شتێکی رێکوپێکی نەتەوە! تا ئێستاش کەس پێیان ناڵێن : لە پشت چاوتان دوو برۆ هەیە!!

کەی ئەمە رەوایە لە هەموو شتێکدا برا بەشمان بن .. کەچی لە ناخۆشیدا خۆیان بکەنە "بەردی بنگۆمێ "بەمەیش رانەوەستن بەڵکو لەسەر خوانی نەیاران بەدبێژی لەسەر موقەدەراتی نەتەوەی دەکەن!! ئەگەر خەڵکانێك لەسەر کەموکووری پێویستی ژیانی خەڵك کە ناهەق نین سەرکۆنەی حکومەتی خۆمان بکەن .. ئەی بۆ ئەو مەسەلە زێدە گرینگە کە زەرەر بە دوارۆژی نەتەوەی کورد دەگەیێنێ چ بڵێین؟!

وەرن سەیری رابردی ئەو میللەتە بکەن .. کەی ئاوا شیرازەی هەموو شتێك تێکچوبوو، ناهەقی ئەو خەڵکە نیە کە دنیایان لێ تەنگ دەبێ، ئیدی ئاخ و ئۆف بۆ رۆژانی سەرفرازی (مەلا مستەفای بارزانی ) هەڵدەکێشن، تۆ بڵێی رۆژێك دابێت دەستی عەدالەت بگاتە ئەو ناپاك و تاوانبارانە؟!

بۆ ئەوەی خۆزگەی من و تۆ بێتەدی .. لەلای خۆتەوە هاواربکەو بڵێ : مەددەد یا شێخی بارزان لەو گەندەڵیە .

# بوودجە،کارەبا، سووتەمەنی و ئاسایشی نەتەوایەتی

جاران .. لەوکاتەی بەنێوبانگترین شیوعی گوندەکەمان قورئان خوێن بوو، لەوکاتەی بەرپرسی شانەیەکی شیوعی گوندێکی نزیك زێی بادینان مەلای دوازدە عیلمی خزمی خۆن بوو! لەوکاتەی هەموو خەڵك بۆ مەترسیەکی سەر گوندەکەمان پێکەوە خوێیان دەچاوێخۆ دەکردو دەبوونە پاسەوان و ئێشگەری ئاقاروپاوانی خۆمان .

لەوکاتەی هەمووماں هەستمان بە ئازاری یەکتر دەکرد، لەوکاتەی خۆمان بە خاوەنی خاك و میللەت دەزانی، لەوکاتەی خەڵك شەش مانگ چاو لە ئاسمان بەڵکو باران دەبارێ و شەش مانگ لە عەردی بە پیت و بەرەکەت .. کەی گەنموجۆ سەردەردێنن؟! چاکم وەبیرە سالانە لە کۆتایی مانگی گەلاڕێزانێ دەگەڵ کەپرە شینەی (جووان) لە وراتی ئێمەدا پەڵەی دەداو خۆشی و خرۆشی دەکەوتە نێو خەڵکی گوند، خەندە ئەکەوتە سەرلێوی خانەوادەی جوتیارەکان، جوامێری گوند لە سالی هاتدا دەیگووت : خواپشتیوان بێت ئەمسالّ چارۆگ زەردێکی تێدایە یان دەیگووت : خوایاربێت لێفەم نوێ دەکەمەوە .

لەوکاتەی دنیا .. دنیای بەرائەت و ساویلکەیی بوو .. هەمووماں کوردستانمان لەخۆمان خۆشتر دەویست، تەدمان لەسەر پشتی ئەو کەسانە دەکرد ئەگەر بە چاوێکی خراپ سەیری پیرۆزی وراتی ئێمەیان بکردبوایە، کەچی ئەمرۆ کەسانێك هەس لافوگەزافی رۆشنبیریی و سیاسەت لەسەر

خـەڵکی سـتەمدیدەی کوردسـتان لێـدەدەن .. لـەم رۆژەدا کـە خـودای گـەورە دەرگـای خێروبەرەکـەتی بەسـەرماندا کردۆتـەوە، لـەو رۆژەدا کـە بـۆ چـەندان سـاڵ دەچـێت خۆمـان گەورایـەتی خۆمـان دەکـەین .. هەوڵـدەدەین لـە دوای تێکـچوونی شـیرازەکان نێومـاڵی خۆمـان رێـك بخەینـەوە، هەوڵـدەدەین وێرانـە ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگا دروست بکەین تاکو لەوێوەوە بـژێوی خـەڵك چاکتر بێت، دەست و بازوومـان هـەڵماڵیوە بـۆ بنیاتنـانی درێژخایـەن بـۆ سەرتاسـەری کوردستان، نـەیار بـەر لـە دۆسـت چـاك دەزانـێ کـە بـە هـیچ شـێوەیەك درێغـی لـەوە نـەکراوە کـە بتـوانین بوودجـە، کارەبـا، سـووتەمەنی کـە سـێ گـەورە کۆڵەگـەی بنیلتنانەوەیـە لـە دەسـت مەڵبەنـد دەربـاز بکـەین، دەوروبـەر ئەستەنگمان دەخەنە بەرپێ .. واتە چەند ساڵێکە لـە دژوارتریت شـەڕداین بـۆ دابینکردنی کەرەسەی بنیاتنان، کەچی لـەنێو خۆمانـدا خـەڵکانێك هـەن هێنـد بەرچاویان تەنگـە، هێنـد ناکـەس بەچەن! هێنـد قـەزەمن لـەنێو کوردسـتاندا دەیانەوێ لەسەر ئاوازی نەیار مەزاجی کوردەواریمان تێك بدەن .

بۆیـە لـە کۆتاییـدا دەڵـێین : هـەر کەسـێك شـەڕی بوودجـە، کارەبـا، سـووتەمەنی بـە ئاسایـشی نەتەوایـەتی نـەژمێرێ .. لـەو رووەوە پـشتگیری بـۆ چـوونەکانی حکومـەتی کـوردان نـەبێت، میللـەت بـە نوێـژی نیـوڕۆ ریـسوایان دەکاو دڵنیاین خودای مەزنیش ئەمجۆرە کەسانە بە سۆدرەو قەبیحەت دەبا .

# نـــــــەورۆز
# لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا ..

لەبەر ئەوەی نەیارانی کورد هەردەم لەبەردەم ئاهەنگ گێڕانی نەورۆز ڕێگربوون و بە هیچ شێوەیەك ڕێگایان نەداوە بەبێ خوێن ڕشتن پێکی نەخبی ڕۆژانی نەورۆزی سیاسی (چەریۆ) بکەین .. بۆیە هەموو گوند، شار، شارۆچکە لەهەرچوار پارچەی کوردستاندا شانازن بەو ڕۆژانە کە بۆ یەکەمجار بە نهێنی یان بەئاشکرا ئاهەنگی نەورۆزیان گێڕاوە .

ئێستایش دەگێڕنەوە .. کە چۆن پیرەمێردی شاعیر لە (شار) نەورۆزی گـڕداوە، یان چۆن ناودارانی هەولێر لە ماڵێکی قەڵا بە نهێنی ئاهەنگی نەورۆزیان گێڕاوە، یان چۆن بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا لە هەولێر یادی نەورۆز کراوەتەوە .

دوورنیە جارێکی دیکەیش ئەم سەربردەیەم لە شوێنێکی دیکە بۆ مێژوو گێڕاوەتەوە : ئێمە ئەو نەوەت هەزار کوردە دوورخراوانە بۆ باشووری عێراق لەنێوان ساڵانی ١٩٧٥ – ١٩٧٩ بە تایبەتی کوردانی دانیشتووی نێو (سریفە) لە شارۆچکەی (الغراف) سەر بە (الناصریە) بۆ یەکەمجار لە مێژووی ناوچەکەدا توانیمان بە ئاشکرا .. بە بەشداری نێرومێی کوردی دوورخراوە، دیندارو مەیخۆر، ئاغاوگەدا .. لە دەوروبەری گۆڕی پیاوچاکێکی نزیکە شار بە شایی ڕەشبەڵەك ئارەقەی شین و مۆرمان ڕشت، سکی خۆمان و براو خوشکانی عەرەب بە دۆڵمەی کوردەواری پڕ کردو لەسەر ئاوازی کزەکزی سەماوەر پڕ بەدەم فرمان لە چای بۆندار دەدا، خەڵکی ناوچەمان لەخۆ کۆکردەوە، بە

ڕەنگـی جلوبـەرگی ژنانمـان سەرسـام بـوون .. پـڕ بـە دڵ بـە بـەژن و بـاڵای شۆڕەسـوارانی شۆڕشـی مـەزنی ئەیلولـدا هەڵـدگووت، کیـژەکانیان بـە " بلەزێنـە بابۆ بلەزێنە "مەدهۆش دەبوون، بە خۆزگەی پەنجەکوشین دەهاتنە نێـو کـۆڕی شاییکەران .

لەمەیش دڵنیام ڕۆژانێك دادێـت لـە گێڕانـەوەی ماجـەڕای ئـەو دنیایـەدا " بـۆ نـەوەی خۆیـان دەبێتـە مێـژوو بۆیـە ئێمـەی دوورخراوەکـان وەکـو خـەڵکی دیکە بە شانازییەوە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٨ بـە یەکـەم نـەورۆزی ئاشـکرا لە مێژووی ناوچەکەدا تۆمار دەکەین .

لـە دوای گەڕانەوەیـشمان لـە باشـووری عێراقـدا .. لـە هـەموو نـەورۆزێکی سیاسیدا لە (بەستۆڕ، دلۆپە، کەلەك، سەروچاوە، بێتواتە) لە هـەموو شـوێنێکی کوردستاندا بە پێچەشاییەك، بەخوێندنـەوەی پارچـە شـیعرێك بـە جلوبـەرگی کوردەواری .. هەوری لەسەر، گۆباڵ بەدەست، کاڵـەك دەپـێ، سـەرەڕای راونـان و چاوسوورکردنەوە بەشداری ئەو خەڵکە بە شەرەفەی کوردانمان دەکرد .

ڕۆژێك دادێت مێژووی ستەمدیدەی کورد بۆ نـەوەی دادێ تۆمـار دەکـا : چـەندان قارەمـان بـە تۆمـەتی ئاهـەنگی نـەورۆز پـەتیان خـسترایە گـەردەن، چەندان بنەدار بە دڵۆپە خوێنی گەشی ڕۆڵەی کوردان ئاودرا .

چـەندان دایـك، خوشـك، ئـافرەت، سـەدای "سـڵاو قـەت کەسـم نـەما"ی، لێداوە، چەندان شان بە برنۆو نێك بەشەشاگرخەڵتانی خوێن کـراون، کەچـی لەوەتـەی بـۆنی سیاسـەت و خـەبات لـە ئاهـەنگی نـەورۆزدا نـەماوە .. نانەورۆزێنم! چونکە ئامادەنیم تاوانی پیسکردنی ژینگەی کوردسـتان بکەوێتـە ئەستۆم!

# ترافیکی درۆ

" *ماڵی درۆزن ئاگریش بگرێ، کەس باوەڕی پێ ناکات* "کێ هەیە لەئێمەمانان لە قۆناغی سەرەتاییدا سەربردەی ئەو درۆزنەمان نەخوێندبێتەوە کە ئاگر دەماڵی بەربوو .. هەرچەند هاواری کرد، کەس بە هانایەوە نەچوو!

زوو زوو وشەی (درۆ) و (درۆزن) لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا بەزێدە دزێوبوون، درۆزن نەیدەتوانی بە کەماڵی ئیسراحاتەوە بێتە نێو کۆڕی مەجلیسان .. چونکە خەڵك بۆی (لە گوپ دەدا) یان (تەوتەویان) بۆ دەکرد!

بەبیرمدێ بەساڵاچوانی گوندەکەمان دەیانگووت : ڕۆژێك دادێت درۆزنەکان سەری مەجلیسن لێدەگرن و درۆی شاخدار دەکەن .. دەوروبەریش ئەشهەدویان بۆ دەکێشن! (*ئەوکات درۆزن شوێنی تەنیا نێو پێڵاوان بوو*)

ئیدی هێدی هێدی دەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕەی کۆمەڵگاو سەختی ژیان، تا دەهات درۆزن بە نێوێکی دیکە پانتایی کۆمەڵگای داگیر دەکرد، باشم وەبیرە .. خەڵك لە دڵتەنگیدا چاوی بەولاو بەملای خۆی دەگێڕاو دەیگووت : ئەرێ پیاوەخۆشەکە نەهات تاکو دوو قسەی رزیمان بۆ بکات؟! واتە لەنێو فەرهەنگدا پەیڤی (پیاوەخۆشەکە) شوێنی درۆزنی گرتەوە، لەکاتی خۆیدا درۆزن بە ئەستەم شوێنی لەنێو کۆڕومەجلیساندا دەبۆوە، کەچی لە (*قۆناغی دواتر*) کۆمەڵگا بەدوایدا دەگەڕان .

جاران ئەگەر درۆ بە تاك بوایە (تاو .. تاو) ئەگەر بە کۆ (تەتەو .. تەتەو)یان، بۆ دەکێشا! کەچی لە قۆناغی دواتر دەگەڵ بیستنی درۆکان سەدای قاقای پێکەنین لەو دەوروبەرە دەنگی دەدایەوە، ئەوەی بە هیچ شێوەیەك

ماقووڵ نیە .. ئێستاکێ (پیاوەخۆشەکە)بوەتە حەکیمی زەمان .. درۆمان بۆ دەکات، ناچارین ئەشهەدوی بۆ بکێشین، بە هیچ شێوەیەك نابێ زەردەخەنەیشمان بێتە سەرلێوان! کارەساتی دوو زەردێنەیی لەوەدایە .. دەبێ بڕواش بە درۆکان بکەین ..بەمەیش راناوەستێ دەبێ پڕوپاگەندەیشی بۆ بکەین بۆ ئەوەی خەڵك لە روانگەی تیوری سەیری درۆکان (ئەستغفروڵلا)قسە نەستەقەکانی بکات، ئیتر ئەوەیە قۆناغەکانی ئاڵوگۆڕ کە بەسەر کۆمەڵگادا دێت .

هەرچەندە زوو .. رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی داگیرکەرانی کوردستان باسی ئەوەیان دەکرد کە ئامێری کەشفکردنی درۆ لەسەر زیندانیە سیاسیەکانی کورد بەکاردێنن بۆ ئەوەی بتوانن بەزووترین کات ئیعترافات لە زیندانیەکانمان وەربگرن،

بەڵام ئەوەی لە هزرو مێشکی ئێمەماناندا نەبوو، کە رۆژێك دادێت زانست دەگاتە ئەو ئاستە زێدە بەرزە .. هەروەکو لە ٩ / ٤ / ٢٠٠٨ لە تەلەفزیۆنی mbc گوێم لەم دۆزینەوەیە بوو : " زانایان گەیشتنە ئەو ئاستە کە ئەو بریسکە هاوێژانە بدۆزنەوە کە لە کاتی درۆکردندا لە چەند شوێنێ مێشکدا دیار دەکەوێ "کوردەواریش لەکاتی خۆیدا دەیگووت : ئەو کەسەی درۆ دەکات رەنگی سوور هەڵدەگەڕێ .. تۆ بڵێی ئەو سوورهەڵگەڕانە پەیوەندی بە رەنگدانەوەی ئەو بریسکەهاوێژانە نەبێت؟!

# رۆژنامەی هەولێر

رۆژانێك كورد (هەموو كورد) لە ژێر گەورە رەشماڵی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیَ بۆ كوردینی كۆببونەوە .. كیژجوانی كوردەواری گووریا بەژن و باڵای پێشمەرگە دەبوون .. هەموومان بە ئێزگەی دەنگی كوردستان شانازبووین چونكە تاكە دەنگی دلێرانەی كورد بوو .. دەبەر گوێگرتنمان لەو دەنگ و سەدایە خەڵكن شەهید بوو .. خەڵكیشن كەتنە حەبس و زیندانیَ، چل و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا بە عارەبی، بە سۆراییَ و قوردایی، بە قارداش و ئەغەممەغەم، تەرمیَ وان ل چەپەریَ مە، بە زمانیَ مام تۆماسیش لە دوژمنی خۆن دەخوێندو لە بەلاغی عەسكەریدا دەمانگووت : لە هێزی دەشتی هەولێرەوە!! لەبەر هێندیَ لەو مەیدانەدا بووین بە قوتابخانەی كوردایەتی .

ئەگەر بە هەلە نەچووبم بەر لە پەنجاو پێنج ساڵ ..خەباتی لەمێژینەی كوردایەتیمان خستە سەر لاپەڕەكانی (خەبات)، لەوێش شەهیدندا، لەنێو زیندانێدا كەلەپچەو زنجیریان بە بەژن و باڵای رۆژنامەنوسانمان شۆڕ كردەوە! بە پەنگرە ئاگران .. پشت و سگیان ماكماك كردین! دەستن دەخەباتیَ خۆ هەڵنەگرت .. بۆیە لەنێو كوردستاندا بووینە قوتابخانەی رۆژنامەگەری كورد.

لە سییەكانی سەدەی بیستەمەوە لە دوژمنی خۆمان هاتینە دەست .. لەوكاتەوە بیَ ئەژمار خوێن دەڕێژین، چەندینجار (میللەت) بە چلۆانیَ وەك برایمیَ زێندینان وڵات بەدەركرا .. لە چلەكانی هەمان سەدە دا پێشمەرگە چۆكی خۆی بە پشدێن و دۆخینان بەرامبەر بە تانك و بۆمبای دوژمنان دەشەتاند! گەلەكۆییان لەسەر كردین و دنیای پان و بەرینیان لێوێك

هینانینەوە .. بۆیە سنووری دەستکردمان بەرەو (مەهابادی) ئومێدو ئاوات بڕی.. بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ناموسی کورد بکەین و چۆك بۆ دوژمن دانەدەین .. دوازدە ساڵن لە عرووس بەسەربرد .. جارێکی دیکە لە دوژمن راستبووینەوە .. دوای ئەو هەموو دەردەسەریە توانیمان لە پێش چاوی خەڵکی دنیایێ بە دوژمنی خۆمان بسەلمێنین کە ئێمەی کورد لایەنێکی مەعادەلەکەین!

ویستیان بە دەردی (بیافرا)مان، ببەن! سوپاس بۆ خودا سەرنەکەوتن، بەڵێ نسکۆمان هێنا!! شوکر بۆ خوا.. هەڵسراینەوە .. گوڵانمان بە مەزنی ئەیلول گرێدا بۆیە ئاداری بۆ کورد هێنایە بەرهەم، ئاداری خۆشی و ناخۆشی کوردیش .. پەرلەمان و حکومەتی کوردانی دامەزراند .. ماوەیەکیش خەڵکمان بەخۆ شاد کرد! لە روحمی خودا ئاقڵین کرد نێو ماڵی خۆن رێکخستەوە، ماوەیەکە کاری باش بۆ کوردوکوردستان دەکەین بڕیاریشمانداوە شتی باشتر بکەین .. بەڵام هێشتا دەیەوێ .

ئەوەتە رۆژنامەی هەولێریش لە روانگەی زێدە خزمەتکردن بە کۆمەڵگای کوردەواریدا .. ئەرکێکی زێدە پیرۆزی (پرۆژەی رۆشنبیری خوێندنەوە) خستۆتە ئەستۆی خۆی .. بەڵێ پرۆژەیەکی یەکجار مەزن، گرینگ، کە بە هەموو کەسێك ناکرێ .. بەڵام دڵنیاین رۆژنامەی هەولێر لەو کارە مەزنەیدا مەحاڵە سەرکەوتوو دەبێت .. لەمەیشدا دەبینە سەرقافڵە .

# عیشقی ئەویَ ..!

هەروەکو چۆن دڵی دەروێش بۆ سەردانی مەرقەدی شێخ لێدەدا .. دڵی منیش هەرگیز لە سەردانیدا تێرنابێت، کەچی ئەویَ زێدی لە دایکبوونم نیە .. چەند و چەندان و چەندین ساڵیشی تێیدا نەژیاوم .. خەڵکە بە حورمەتەکەیشی نەخاڵۆمن، نەخاڵۆی منداڵەکانمن .. کەچی خۆشم دەوێن .

لە پڕوپاگەندەکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیدا ئەلقەیەکی تایبەتم لە ئێزگەی دەنگی کوردستان بۆ ئەوان تەرخان کرد .. داوام لە خەڵکی کوردستان دەکرد لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا وەکو ئەویَ و خەڵکەکەی بین .. دوێنێ و ئەمڕۆ بە ڕێکخستن و هێمنی و خۆشەویستیان بۆ خاك و میللەت مەدهۆشم!

لەبەرئەوەی خۆشەویستیان لە ناخمدا چەکەرەی کردوە .. لە یادی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، گوڵانی ١٩٧٦، شەڕی خواکورك، دامەزراندنی تۆپخانەی شۆڕش دەکرێنە هەوێنی نووسینم .

بەر لەسەرهەڵگرتنمدا بەرەو هەندەران دوا دیدارو دوا ژووانم ئەویَ بوو، کاتێ گەڕامەوە زێدی باب و باپیران یەکەم مەزارگەی سەردانم بوو، بۆ یەکەمجار لە بەهاری هەژدەیمدا سەردانم کرد .. تەمەنی بە پارێزگابوونی ئەویَ چوار ساڵان بوو .. لەویَ بۆ یەکەمجار کانیی و کانیاوم بینی! دارودرەختی بەبەرم بینی! بەفرو کڕێوەم بینی! بە وڵاتی فێقی دەناسرێ ئێمەی دەشتەکی چاومان زۆر فێری بینینی سەوزایی نیە، بۆیە سەوزایی ئەویَ بۆ من جیهانێکی نوێ بوو! ئێمەمانان ساڵ بە ساڵ گوێمان بە (وەرنە ترێ، وەرنە هەناران)ی، خۆشناوان دەزرینگایەوە! هەرچەندە لەلای من و

خەڵکانێکیش سنبوڵی خیانەتکاریـە، بـەڵام بـۆ یەکـەمجار (کـەو و ڕاوە کـەو)م، بینی!

لـە گـەڕەڵاوژەی شـەواندا بـە ئەسـتەم لـە یـەکتر دەگەیـشتین، کـاتێ بـاس لـەلای ئێمـە دەکـرا .. وەك بڵێـی بـاس لـە دوورگـەی واقـواق دەکـرێ!! کەچـی ئێـستا لـە بەرهەمـە هـەرە بـە پێزەکـانی شۆڕشـی کـورد ئەوەیـە کـە دیـواری قۆڕەپەستی نێوان بادینان و سۆرانی رووخاند هەموومان بە یەك چاو سـەیری شـتەکان دەکـەین، ژن و ژنخوازیمـان لــە یــەکتر کــرد، پێکــەوە شــاخ و داخــی کوردسـتان گـەڕاین، لـە زیندانەکانـدا بـە کـۆرایی دوژمـن لەسـەر یـەك خـوان نانمان دەخوارد .

بـە هـەموو سـۆزێکەوە گەرمەشـینم بـۆ (محمـد حـسن و علـی بـاجلۆری) گێڕا، رۆندکم بۆ (حسن علی و سەعدی گەرماوی) بارانـد، تـا دنیـا دەمـێنێ بـە بەژن وباڵای تازە زاوا ی خێر لەخۆنەدیو (محمد سعید بۆتی)دا، هەڵدەڵێم،.

بۆ ئەوەی پێمان نەڵێن ئێوە تەنیا مـردوو پەرسـتن، بۆیـە بـەر لـەوەی بـە کـاروکردەوە بـاش و پووختەکانیـدا هــەڵبڵێم .. دەسـت لەسـەر سـینگ بـۆ مانـدوبوونی چـەندان ساڵەی پێـشمەرگایەتی خـۆی و هەڤاڵانیـدا رادەوەسـتم! دڵنیـــام لـــەو ماوەیـــەدا کـــاروانی بەرەوپێشـــچوونی دهـــۆك و خەڵکەکـــەی بەسەرکێـشی کـاروان تەمـەر کۆچـەری پێـشمەرگەو پارێزگـا لـە ژێـر سـێبەری حکومەتی کورداندا مەحاڵە بەرەو بەرزایی دەڕوا .

# فیقهی واقع

## (١ – ٢)

ئـەوەم لـە کتێبانـدا نەخوێندۆتـەوە .. بـەڵکۆ لـە ماجـەڕای دنیـادا گـوێ بیست بوویم : گوایە رۆژێکیان کابرایەك بۆ سوکنای دڵی لەسەر مەسـەلەیەك روو لە زانایەکی ئاینی دەکات، مامۆستاش پێـی دەڵـێ : بـڕۆ لای فلان سـوختە! کابراش دەڵێ مامۆستا من بـۆ لای جـەنابتان هـاتوم بـۆ رەوانـەی لای سـوختەم دەکـەیت؟ ئـەمجارەیان مامۆسـتا فەقێیـەکی زیرەکـی خـۆی بـۆ دەسـت نیـشان دەکات، بەڵام کابرا لەسەر ئەوە موکڕ دەبێت کە خۆتان فەرمووتانـە مـن تـەنیا لەسەر کاری گرینگ قسان دەکـەم مەسـەلەکەی منـیش بـە زێـدە گرینگـە بۆیـە پێویست بە زانایەکی لێهاتوو قاڵبووی فیقهی وەك جـەنابتان دەکات، بـە هـەر شـێوەیەك بێـت مامۆسـتا گـوێی بـۆ داواکـەی شـل دەکـات .. پیاوەکـەیش کاغـەزێکی سـپی لـە باخـەڵ دەردێـنێ و لەبـەردەم مامۆسـتا رایـدێخی و دەڵـێ مامۆستا بـێ تەشبیهـ! ئەگـەر پـانی و بێگـەردی ئـەم کاغـەزە زانیـستی خـودای گەورەمان بێت .. تۆ بڵێی زانیستی جەنابتان چەندبێت؟!

مامۆستاش .. نووکی قەڵەمەکە لـە نێوەڕاسـتی کاغەزەکە دەدا .. خـاڵێکی یەکجار بچووك لەسەر کاغەزەکە دەردەکەوێ! دەڵێ : تەنیا هێندەیە!! کابراکـە دەڵێ مامۆستا گیان هەی بـە خـوڵامی علیم و مەعریفـەتت بم، پێویـست دەکا بـەو قیـچۆکە زانیـستەت هێنـدە لافوگـەزاف لەسـەر رەشـورووتی میللەتەکـەم دەدەیــت! مامۆســتاش لەســەرەخۆ سوپاســی کــابرا دەکــات لەســەر ئــەو ئامۆژگارییەی .

دەمێکە گوێ بیستی ئامۆژگاری هەندێك زانایان بوویم : کە ئـەو شـوێنەی نوێژی لەسەر دەکەین لە رۆژی قیامەتدا بەرامبەر باری تـەعالا شـاهێدیمان بـۆ دەدات .. بەمەیش هەکبەی چاکەخوازیت لاسـەنگ دەبێـت، بۆیـە منـیش لـەم

روانگەیەوە بە خۆزگەی قورسکردنی هەکبەی چاکەخوازیم .. لە رۆژانی هەینیدا ئالوگۆڕ بە شوێنی نوێژکردنم دەکەم .. جار هەیە بە خۆشیەکی ئەفسوناوی بەرەو ماڵ دەگەڕێمە .. لەسەر نەشئەی ئەو خۆشیەدا تا تەنگەم ژان دەکات نان دەخۆم ن وەك بەرخی تێر شیر لێی رادەکشێم! جاریش هەیە لەمەترسی خودا نەبێت لەنێوەڕاستی گوتاری هەینیدا بۆ هەتا هەتایە ئەو شوێنە جێدەهێلم!

راستە ئەرکەکەم جێبەجێ دەکەم .. بەڵام بێ ئەوەی هەست بە دەوروبەری خۆم بکەم .. ئینجا وێڵ و سەرگەردان بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوە .. بۆ چەند ساتێك دەستەوئەژنۆ دادەنیشم بیر لەو گەنجانەی خۆمان دەکەمەوە کە بە هێندێکیانم گوتوە سەت و هەشتا پلە لە کۆمەڵگای کوردەواری هەڵگەڕاونەتەوە، تازە بۆم روون دەبێتەوە کە ئەو هەڵگەڕانەوەیە تا رادەیەك مەسەلەی (کاردانەوەکەیە) چونکە منیش و خەڵکی تریش بەمجۆرە قسانە هەراسان دەبن! بە ساقەی (ئیمامی عەلی) دەبم، کە فەرموویەتی : " خۆزگە ملم یان قۆڕگم وەك ملی حوشتر بوایە تاکو لەو ماوەیەدا قسەکانم هەڵگێڕو وەرگێڕ بکردبوایە .. نەوەك کەسانێك بریندار بکات ".

سەیرە .. قسە گووتن بە حکومەتی کوردان بوەتە مۆدێل! جارێکی دیکە دەیلێمەوە : کەس لاف ئەوەی لێنەداوە کە حکومەتی کوردان (مەعسومە) یان فریشتەیە! نەخێر وا نالێین، بەڵکو دەڵێین : حکومەتی خۆن زۆر کار دەکات .. لە زۆربەیان دەپێکێنێ و لە هەندێکیشدا لەبەر هەر هۆیەکی دەرەکی یان ناوەخۆ بێت سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ .. بەڵام وەك سەگلاوی لەکاتی نسکۆیدا هەڵدەسێتەوە، جار هەیە داروودەستەکانی سەر بە حکومەت هەلە دەکەن .. بەڵام حکومەت هەردەم بە خۆزگەی زیاترە، من نالێم وەرە وەکو من بە بەژن و باڵای حکومەتی کورداندا هەڵبڵێ، بەڵام وەرە وەکو من باسی چاکەکانی بکەو دەست لەسەر کەموکووریەکانی دابنێ .. نەك ژەهربارانی دڵ و دەروونی کۆمەڵگای بریندار بکەیت .

# جارێکی دیکە رۆشنبیرانی میللەتەکەم ..!

شەڕی نەگریس بە قسان دەست پێ دەکات! من ناڵێم قووڕقەپ .. نابێ قسان بکەی! بەڵام پێویستە قسەی باش، چاك، رێك و پێك، خێرخواز بکەیت تاکو ببێتە مەرهەمی سەربرینەکان .. هەروەها لە زۆر شت دوورمان دەخاتەوە ...

من ناڵێم دەست بە کڵاوی خۆت بگرە! یان خۆت مەخورێنە .. بەڵام بە دەستی خۆت، خۆت بخورێنە .. من ناڵێم ئەو پەندە بێ تامەی کوردەواری پەیرەو بکە کە دەڵێ : " لە من مەدەن، لە برامدەن وا دەزانم لە جەواڵی کا دەدەن!".

لە روانگەی مرۆڤایەتیەوە .. من ناڵێم هەست بە ئازاری خەڵکی بێگانە مەکە! بەڵام پێویستە بەر لە هەموو شتێك هەست بە ئازاری خۆت و میللەتەکەت بکەیت، دەمێکە لەنێو کوردەواریدا گوتراوە :" کچی خۆم بە قوربانی کوڕی خەڵك ناکەم"زۆرم لاسەیرە خەڵکانێك هەن لە خووت وخۆڕایی شەڕی خۆتڕێن دەکەن، بە واتایەکی دیکە شەڕی خەڵك لەسەر خاکی خۆمان دەکەن!

بە تەواوی لە ١٠ / ٧ / ١٩٩٣ لە ژمارە (١٦٨٩) رۆژنامەی (برایەتی) خۆزگەیەکم لەژێر ناونیشانی (رۆشنبیرانی میللەتەکەم ..!) خستۆتە بەردەستی رۆشنبیران و زانایانی میللەتەکەمان .. بۆ ئەوەی هەوڵبدەن یەکتر بخوێننەوە و زمانی گفتوگۆ لەنێوانیاندا دروست بکەن، بە داخەوە سەرەڕای ئەوە .. گەلێ هەورازو نشێویان دەگەڵ یەکتر بڕی .. تا دێ نێوانیان شاش

دەبێت! کار گەیشتە ئەو رادەیە پیرۆزیەکانی یەکتر ریسوا بکەن .

پێمان خۆش بێت یان بە پێچەوانە .. خەڵکانێکی زۆر، هیچ نەبێ لەو بارودۆخە جەنجاڵیەی ئێمەی تێدا دەژین .. گەیشتونەتە ئەو قەناعەتە کە رێژەی دینداریشیان تێدایە حەز بە وڵاتێك دەکەن .. وڵاتێك بێ جیاوازی بۆ هەمووان بێت، دینداریش تایبەتمەندی نێوان دیندارو خودای خۆی بێت .

ئەوەی بە زێدە سەرسوڕێنەرە، خەڵکانێك لەنێو ئەو ئۆردگایە پەیدابوون .. ئاڵای ئیباحیەت، عەبەسیەت، وجودیەت لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا بەرزکردۆتەوە، کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئێستاو دوێنێی ئێمەدا ناگونجێ! ئەگەر بیانوشیان لەوەدایە بەمجۆرە بیروبۆچوونانە میللەت بەرەو قۆناغی پێشکەوتن دەبەن .. ئەوە خەیاڵیان خاوە! خەڵکی پێش ئەوان زیرەکترو ژیرتربوون کەچی بەرامبەر بە هەقیقەت چۆکیاندا .

کەی ئەمە رۆشنبیریە .. لەنێو کۆمەڵگایەکی وەك ئەوەی ئێمە بە نوێژی نیوەڕۆ جوێن بە پیرۆزیەکانی یەکتر دەدرێ، ئەگەر دەستێکی ناپاك بە دوایانەوە نەبێت؟! بە تایبەتی لەو بارودۆخەی ئێستا کە هەموو دنیای دوورونزیك وەك کورد نەیاریت دەکەن، بۆ بەڵگەی نابەجێیان دەدەیتە دەست؟ بە جنێودانی تۆ چی لە گەورەیی ئەو بیروباوەڕانە کەم دەکرێتەوە؟ ئەو قسانەی تۆ هەرچەندە بێ بنەمایە .. دوورە لە بیرکردنەوەی هزری، بەڵام قسەکانت هەوێنی ئاژاوەیەکی تێکدەرانەیە بۆ کۆمەڵگای کوردەواری!! هەر کەسێك دیندار یان بە پێچەوانە حەز بە شێواندنی ئەو سەقامگیرەیەی کوردستان بکات .. مەحاڵە دەستی دەرەکی لە پشتە، بۆیە پێویستە بە هەموو هێزو توانا بەرپەرچ بدرێنەوە .

# ٦ / كانوونی دووەم

كـاتێ لـه سـەرەتای شەسـتەكانی سـەدەی بيـست بـۆ يەكـەمجار نەخـشەی عێـراقم بـينی .. بـەو خودايـەيی لەسـەر سـەرانه هێلێكـی گـەورە ناوقـەدی نەخشەكەی كردبوو به دوو لـەت! لەسـەرەوە نوسـرابوو (عێراقـی عەجـەم) لـه خوارەوەيش (عێراقی عەرەب) بـڕای بـڕای جارێكی ديكه ئـەو نەخـشەيەمان نەبينيەوە!

چەند رۆژێك بەر له تەواوبوونی (الانتداب) لەكاتی گفتوگۆكردن لەسـەر بـەزۆرەملێی عەسـكەری (التجنيـد الاجبـاری) لـەنێو پەرلـەمانی ئەوكاتـدا زۆربەی نوێنەرانی كورد له سـەرووويانەوە (سمايـل بـەگی روانـدوزی) دەڵێ : " ئێمـە بەشـداری لـه گفتوگـۆی ئـەو مەسـەلەيە ناكـەين، چونكە پەيوەنـدی بـه ئێمـەوە نيـه "(وا دەردەكـەوێ تـا تـەواوبوونی ئينتـداب خـەڵكانێك ئومێـديان هەبوە كه كوردستان به عێراق ناڵكێ) لەبەر هێندێ نوێنـەرە توونـد رەوەكانی شاری موسل لەبـەردەم خۆيانـدا دەپـرتێنن : (لا يأتي الفساد الى ألارض الآ من الكرد و الجــرد و الجــرّاد) كوێربم ئەگەر شتێكم خستبێته سـەر!! برادەرانی خۆمان ئەو خۆزگەو چـەندانی تريـشيان دەگـەڵخۆ بـردە ژێـر گڵ .. كوردستان به عێراق لكێنراو ياسای سەربازچيايەتی بەسەر گەنجان سەپێنرا .

كاتێ مام هامڵتۆنی ئەندازيار به كوڵينگان هـەناوی گـەلی هەڵدەتەكانـد .. خەڵكی ناوچەكه به تايبەتی (سمايل بەگ) زۆر هاريكار بـوەو پياوەكانيـشی بـێ بەرابەر چـاودێری و پاسـەوانی ئـەو ئامێرانـەيان كـردوە كـه بـۆ رێخۆشـكردنی گەلی عەلی بەگ بەكار دەهاتن .

رۆژێکیان هاملتۆن به سمایل بەگ دەڵێ : بۆ هێندە هاوکارو جەرگسۆزی ئەو کارەی ئێمەی؟! ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ : رووس وڵاتی ئێمەیان سووتاند .. ئۆسمانیەکانیش وێرانیان کرد، بەڵام ئومێدم بەو هەوایە هەیە کە بە ژێر شەبقەی ئێوە دێتە وڵاتم!

کەچی سەت حەیف و مخابن، لەوکاتەی شارێگای گەلی بەرەو تەواوبوون دەچوو .. ئۆتۆمبێلی یەکەم فەوجی سوپای درندەی عێراق بوو کە بە نێوی (موسا کازم) دەناسرا پێیدا گووزەری کرد! بۆیە سمایل بەگ بە هەڵەداوان دەچێتە لای هاملتۆن و دەپرسێ : ئێمە خوازیاربووین یەکەم ئۆتۆمبێل بۆ قوتابخانە، نەخۆشخانە لێرەوە تێپەڕێ، کەچی ئێوە بۆنی بارووتان بۆ کوردستان هێنا؟! لەبەر هەندێ هاملتۆن لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێ : "پێویستە پەیکەرێك بۆ ئەو گەنجە خوێن گەرمەی کورد لە زارگەلی دروست بکرێ، چونکە خوێنی ئەوی لەسەر رژاوە ".

بەڵێ .. یاسا دانرا، رێگا کرایەوە، یەکەم فەوج دانرا .. بوو بە درندەترین سوپای ناوچەکە .. بوو بە دێوزمەی کوردان، لە زەمانی پادشاییەوە تا کۆماری زەعیم، لە عبدالسلام ئینجا ئاورەحمانی برای بۆ حسن البکر، سەرباری هەمووان (درندەی سەدەی بیست) بە الله أكبر، لا الە الا الله، توكلت على الله، ئەنفالە ژمێردراوەکان .. کەرامەت و ناموسی کوردیان پێشێل کرد! سەرتاپای وڵاتیان خاپوور کرد .. ناخی کوردیشیان داڕماند، ماڵەکانیان تەرشوتاڵان کردین .. کۆشك و تەلاریان بە کەنیشکە خێرلەخۆ نەدیوەکانی کوردان رازاندەوە .. دەنگ و سەدای قیژەو واوەیلای ئافرەتی حەیامەندی کوردیان گەیاندە عەرشی تەعالا .. کەچی تا ئێستا خوبزەی ئەوتۆ لە کوردستاندا هەیە بۆ کاسە لێسی ئەو درندانە دەستەوئەژنۆ راوەستاون، سەرباری هەموو شتێك ئەمرۆ لە دوای هێندە ساڵە پێمان دەڵێن : سالگەردی دامەزراندنی سوپای مەزنی عێراقتان پیرۆز!!!!

# ماف ، سەگ، وەڕین

لەسەر خوانی نیوەڕۆی ٣ / حوزەیران، لەکاتی خوێندنەوەی مانشێتە وردودرشتەکانی رۆژنامەکانی کوردستاندا .. ئەم رستەیەم کەوتە بەرچاو " مادام *دیموکراتی هەیە، سەگیش مافی ئەوەی هەیە بوەڕێ* "راچڵەکیم .. وەك بڵێی شتێکی زێدە گرینگم وەبیر هاتبێتەوە! هەرچەند مێشکی خۆم دەکوشی فلاش باگێ لێبدەم کەچی سەردێرەکانی بیرەوەریم هێرشیان بۆ مێشکی ماندووم دەهێنا .. وێنەکان لە هزرمدا دەغەمری، جارێك، دووان .. شتێکم لێ هەڵکڕاند :

ئێستایش بۆم روون نەبۆتەوە .. ئەوەی دەیگێڕمەوە خوێندومەتەوە یان لە ماجەڕای دنیادا گوێ بیست بوویم، ئەگەر بە هەڵەنەچووبم لەو (٣٧) رۆژەی مانەوەم لە پایتەختی ئۆکرایینا (کیف) ئەم سەربردەیەم ژنەفتوە، چونکە شەوانی شوققە دارزیوەکانی ئەوێ هەزاران سەربردەی ئەوتۆیان بۆمان دەگێڕایەوە ..

لەوێ باس لە مەڵبەندی ئەتۆمی سۆڤیەت، لە کارەساتی چرنۆبیل، لە چەندان و چەندین ملیۆن کوژراو، لە کوردستانی سوور، پێڵاوی خرۆشۆف، لە هەموو خراپەکاری وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت دەکرا!!

وا بزانم (مارکیز) لە رۆمانێکیدا بۆمانی نوسیوەو دەڵێ : رۆژێکیان کۆمەڵێك سەگی سۆڤیەت بڕیار دەدەن وەك گرووپ سەردانی (فەڕەنسا) بکەن، کاتێ بۆ ڤیزە وەرگرتن سەردانی بالیۆزخانەی فەڕەنسایان لە مۆسکۆ کردوە، ئەوانیش سەرووی خۆیان ئاگادار کردۆتەوە کە لەم ماوەیەدا بەنێوبانگترین گرووپی سەگی سۆڤیەت بۆ سەردان دێنە پاریس .. ئومێد

ئەکەین  پڕۆگرامێکی شایستەیان بۆ ئامادە بکەن و بەزێدە ڕێزیان لێ بگرن

لەکاتوساتی دیاریکراودا، لێژنەی پێشوازی ڕێ و شوێنی پێشوازی لێکردنیان لە مافووری سوور، دۆڵ و زووڕنا، شەکاوەی ئاڵای هەردوولا .. زۆر بە ڕێك و پێك ئامادە ئەکەن، لە هۆڵی پشوودان حیوارێك لەنێوان هەردوو گرووپدا دروست دەبێ :

- بەخێربێن .. بەهاتنتان خۆشحاڵین ...
- (بەسەرسوڕمانەوە) سوپاستان دەکەین .. بەڵام کێ بە ئێوەی گوتوە ئێمە دێینە ئێرە؟
- قوربان لە یەکەم ڕۆژی سەردانتان بۆ باڵیۆزخانەمان لە مۆسکۆ .. ئێمە ئاگادارکراینەوە .
- وەللا پێویستی نەدەکرد!
- ئەوە پڕۆتۆکۆڵە، ئێمە پڕۆگرامێکمان بۆتان ئامادەکردوە .. ئەگەر بفەرموون ..
- پڕۆگرامی چیی؟
- قوربان لەدوای پشودانتان لە ئوتێلی پێنج ئەستێرە .. جوانترین دێڵەی وڵاتی فەڕەنسا لەخزمەتاندا دەبێت .. ئومێدوارین ئەمشەو لە باوەشیاندا ئارام و ئاسودەبن!
- ئارامی چیی و دێلەی چیی؟ بۆ لە دنیادا دێڵەی جوان وەك ئەوانەی ئێمە هەیە؟!
- باشە قوربان بۆ نانخواردن دەچینە بەنێوبانگترین خارنگەی پاریس کە لەسەر ئاستی جیهاندا نێوی هەیە!
- نەك مۆسکۆ، بەڵکو هەموو گوندو شاری سۆڤیەت خاوەنی نان‌دینی بەنێوبانگن!!

- باشه .. دەگەڵ دیسکۆ چۆنن؟
- دنیای سێ حەزی خۆیان لە دیسکۆکانی ئێمەدا تێر دەکەن، خزمەتکارانی پڕۆلیتاریا لە نەخۆشخانە بەنێوبانگەکانی ئێمەدا چارەسەر دەکرێن!
- باشە ئەگەر بۆ ئەو هەموو شتە بەلەززەتانە نەهاتوون .. ئەی بۆچیی هاتوون؟؟
- لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا کەس بۆی نیە بوەڕێ .. بۆیە هاتوینەتە ئێرە تاکو پڕ بەدڵ، پڕ بە گەرووی خۆمان بوەڕین!!!

# ڕێزلێنان

گوایە لەسەرەمەرگدا .. جەنابی مەلای گەورەی کۆیە فرمێسکی بە چاوان هاتۆتە خوارێ، پێیان گوتوە : تۆ لە هەموو کەس شارەزاتری کە مردن ڕێگای هەمووماندە ئەو گریانەی بۆ چیە؟ جەنابیشی دەڵێ : من بۆ مردنی خۆم ناگریەم! بەڵکو لە حەژمەتی بلێسە ئاگری بابەگوڕگوڕ (دەست بۆ سینگی خۆی دەبا) هەرەسانم لێ هەلگیراوە!

بەڵێ مامۆستا گیان دەگمەنن ئەو کەسانە کە هەست بە ئازاری خەڵك دەکەن، بارزانی نەمریش ئامادە نەبوو مێژووی پڕ لە سەروەری خۆی و بنەماڵەکەی لەککەدار بکات بە مەسەلەی کرکوك .. وەك خاك و نیشتمان .

زۆرن ئەو کەسانە کە بە خۆزگەی دوارۆژێکی بەختەوەر یەڵدە شەوانی کوردستانیان لەژێر ڕووناکی ئاگری بابەگوڕگوڕ بەسەربردوە، زۆرن ئەو کەسانە بۆ خۆزگە خواستن بەرەو بابەگوڕگوڕ هەنگاویان هاوێشتوە :

**بابەگوڕگوڕ، بابەگوڕگوڕ .. هاتم بۆ لات بۆ** ............

زۆرن ئەو کەسانە کە لە پێناو بابەگوڕگوڕی خاك و نیشتماندا سەریان ناوەتەوە ژێر گڵ و خاکی شەقەڵ شەقەڵی کرکوکیان بەخوێن ماڵنج کردوە، زۆرن ئەو کەسانە کە بە بەژن و باڵای کرکوك و کرکوکیان هەڵداوە، بەڵێ .. شاعیران، ئەدیبان، هونەرمەندان سیاسیەکان، پێشمەرگەکان، کاسبکاران، جوتیاران هەر یەکە بە ئاوازی خۆی کرکوکیان لاواندۆتەوە .. کرکوکیەکان زۆریان چاندوە پێویستە .. زۆریش پێویستە ئەمڕۆ لەژێر سێبەری حکومەتی کوردانادا بەری ماندوبوونیان بدوورنەوە، پێویستە هەر کەسێك لە شوێنی

خۆیدا دەستی مەرهەمداری بەسەر برینەکانی کرکوکیان دابێنێ .. پێویستە نەوەی نوێ، نەوەی دوێنێ بلاویێنتەوە .. مەدهۆش بووم کە هەواڵی پەککەوتەیی و هەژاری و نەداری و ناساغی هونەرمەندی پایەبەرزی کوردەواری خالۆ (عوسمان هەمەوەندی) دانیشتوی (دووبز)م، ژنەفت .. ئەو هونەرمەندەی بە بەژنی چەندان بەرپرسی ئەمڕۆی کوردستان هونەری فۆلکلۆری و میللی کوردەواری بۆ دوارۆژی کورد تۆمار کردوە،

**زەریفە زەریفە کراس سۆرێ قەدیفە**
**جوانیەکەی تۆ مەشهورە لۆمیان کردیە تەعریفە**

یان لە لاوکی دەروێش عەڤدیدا .. لەسەر زاری عەدولێ دەڵێ :

**ئەزێ رابم جۆتە مەمکا خۆ بکەمە فنجانێ قاوێ**
**دانێمە سەر سینیەکا زێڕ ,, بەردەمە شەوبایێ شەوێ**
**دەشقم کوڕە هەتیمەی خۆم لەبەر بۆنی مەمکان بەرەو مال تێ**

تۆ بڵێی کاربەدەستانی وەزارەتی رۆشنبیری یان هەر دەزگایەکی دیکەی سەر بەو حکومەتە خانەدان و ناندەرەی خۆمان نەتوانن ژیانێکی (قووتی لایەمووتی) بە مووچەیەکی رێزلێنان بۆ ئەو هونەرمەندە نێودارەی کورد دابین نەکەن؟!

**من دڵنیام خێرۆمەندی کوردیش زۆرن**

# ئیشکەری ماڵی خۆی
# خۆشەویستی خەڵکی

دەگەڵ یەکەم ڕێژنە بارانی وەرزی ساڵ .. جحێڵی ئیشکەری گوند هەوجاڕی دەخستە شەرشان بەرەو پاوانۆکەی بنزووری دەخزی .. تا درەنگە عەسر هەناوی گێڵگەی هەڵدەتەکاند .. بە چەندین ڕۆژ وەردو شۆی دەکرد، ئینجا گەنمە عومیرە یان ڕەشگوڵی پێوە دەکرد .. لە پایزانیش خانوی سواخ دەدا، لە جۆزەردانێ دەچوە دروێنە (جۆ) لەگەڵ قرچەی هاوینێ شانبەشان لە گەڵ سەپانی گوند بە هاوکاری گیشەکەری چاوبەڵەك چەندان و چەندین بەرەداسیان بە گۆرانی (هەدروونە دروونە دروونە، دەسکێ داسم بە ڕوونە) تەواو دەکرد .. لەسەروبەندی ڕەوسەبڕکردن و فرۆشتنی .. بە پەستی گوند، هەولێر خۆت بگرە هاتم .. سابونی عەتاران، جورجێتی بە پاکەت، چارۆگی گوڵدار، دەرمان ئەسپێ، فەردە قەسپی کوردکوژ، تۆچا و قەندە شەکری بۆ کوشندە زستانی کوردستان دابین دەکرد، لە گەڵ تەواوبونی هەژدە بەهاری تەمەن .. کوڕێ لەسەر سۆتیانم بەخێوکردی .. بەرەو ئیجباری راپێچ دەکرا ... ئەوە نموونەیەکی زیندووی گەنجی دوێنێی کورد بوو!

مەنزڵەتی کارکردن لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری هێند پیرۆز بوە، بۆیە لە گەلێ پەندو قسەی نەستەقدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە" *دەستی ماندوو لەسەر سگی تێر*"یان وەك ئەو پەندەی سەرەوە کە بوەتە سەردێری ئەم بابەتە .

هەردەم جحێڵانی ئیشکەری گوند هەوێنی خۆشەویستی کۆمەڵگا بوون،

بۆ خودی خۆم دەمێکە شەیدای ئەو قسەنەستەقەی (سەیید ئەحمەد رفاعی) م، کە جارێکیان بەر لەکاتی نوێژکردندا سەردانی مزگەوتێك دەکات .. پڕ بوە لە خەڵك! کاتێ دەپرسێ خێرە ئێوە لێرەن؟ ئەوانیش دەڵێن : بۆ خوداپەرستی لێرەین .. جەنابیشی دەفەرمووێ : " ان لرّنین الفأس مكانته عند الله"واتە بیوروەشاندنیش مەنزڵەتی تایبەتی خۆی لەلای خودای گەورەدا هەیە، بە مانایەکی گشتی هانی ئەو خەڵکەیداوە ئیش بکەن چونکە کارکردن جۆرێکە لە خوداپەرستی .

کەچی جحێڵی ئەمڕۆی کوردستان، نەوەی نوێ .. بە تایبەتی نەوەی دوای ڕاپەڕین! بەر لەوەی بزانێ نانی مژاش، هەوجاڕ، شەغرە، نیروکۆپەران چیە؟! هەردەم بە پرتەوبۆڵەیە!! لەبری ئەوەی ماکینەی ئاڵوگۆڕ بێت .. کەچی لە ماڵی خۆی، لە کۆمەڵگا، لە حکومەت، هەتا لە خۆشیان ناڕازین! هەر دەڵێن : ئەلفوبێ! بە هیچ شێوەیەك ناڵێن : ئەلفوها!! کوا ساردو گەرمی ئیجباری یان پێشمەرگایەتیان بینیوە؟ سەرەڕای ئەو پێشکەوتنەی ئێستا چیان بۆ کۆمەڵگا کردوە؟ نەوەی ئێمە بە دەرزی بیریان هەڵدەکەند تاکو دوو پەیف فێربن! کەچی نەوەی ئێستا لە زەمەنی عەولەمەدا وێڵ و سەرگەردانن! تەنیا لە دنیای گێل، سەکسوك، جێنز، بەدی .. دەخولێنەوە! تۆ بڵێی ئەو حاڵەتەی جحێڵی ئێستای تێدایە تاوانی ئێمەی تێدا نەبێت؟ یان کاریگەری ئەو زەمەنە جەنجاڵییە کە تێیدا دەژین؟ ئەو بێت یان ئەم، پێویستە کیسە توتنمان ئاڵوگۆڕ بکەین واتە دەرگای گفتۆگۆ لەنێوان هەردوو نەوەدا والابێت.

# پێشنیاز

زەبیحـی رەحمـەتی زاراوەی (یـەکاوی عـەرەب) و، دوورنیـە پـەیڤی دیکەیـشی لـە زاری ئـافرەتێکی گونـدیی لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا خـستۆتە دووتـۆی فەرهەنگەکـەی، رۆژی ٢٧ / حـوزەیران ئـافرەتێکی نەخوێنـدەواری گوندیی لەم کوردستانەی خۆماندا کە نەوەی نوێ هیچ حیـسابیان بـۆ ناکـەن و بەدواکەوتویان دەقەڵەم دەدەن، جارجاریش ڤێزی خۆیان لێ دەکەنـەوە گووتی : " هەورن زۆر دیت، حـەزن بـە رۆژهـەڵاتێ ئـەکرد، وەکـی رۆژن لـێ هـەڵات .. سۆتاندنی! ".

بـەو خودایـەی لەسـەر سـەرانە، هـەر کەسـێکی دیکـەی غـەیرە کـورد ئـەو قسەیەی بکردبوایـە .. دەکەوتـە دووتـۆی کتیبێکـی بـەناو فەلـسەفی و بـەناوی ئـەوان تۆمـار دەکـرا! بـۆ ئـەوەی هـەمووومان گفتوگـۆ لەسـەر مانـای ئاشـکراو شاردراوەی ئەو رستەیە بکـەین، زۆربـەمان رێکین لەسـەر ئـەوە کـە شـتی زۆر کرچوکاڵ لـە بڵاوکراوەکـانی کوردسـتاندا بڵاودەکرێتـەوە .. بـە مەزنـدەی مـن ئەو رستە مللیە گەلێ شت هەڵدەگرێ، شایانی ئەوەیە قسەی لەسەر بکرێ. بـۆ خۆم باس لە لایەنی کۆمەڵایەتی دەکەم .

لـەوێ هاوتـەریب دەگـەڵ فێربـوونی زمـان .. بـاس لـە نـەریتی ئێـستای خۆیـان دەکـەن، دەڵـێن : هـیچ کەسـێك بـۆی نیـە بـێ ژووان سـەردانیت بکـات، ئەگـەر روویـدا تـۆیش مـەجبوورنیت پێـشوازی لـێ بکـەیت! ئەگـەر کـەمێك ووردتـری بکەینـەوە .. لـە ئـاینی پـیرۆزی ئیسلامیـشدا گـوتراوە : بـەر لـەوەی بچیتە ماڵێك مۆڵەتیان لێوەربگرە، ئەگەر رێگایان نەدا بگەڕێنەوە .

لـە ئـەوروپا هۆڵەنـدی بـە رەزیلـی بـەنێوبانگن! کەچـی خۆیـان دەڵـێن :

نەخێر، ئێمە لە ژیاندا دەستبگرین! بۆیە لە گەرمە خواردنی ئێوارنیانـدا هـەر هێندە خواردن ئامادە ئەکرێ کە سـەروبەربێت، بـەهیچ شـێوەیەك حیـساب بـۆ میوانێك ناکرێ کە لە خەیاڵدایە، واتە وەك خۆمان ناڵێن :"*هێنـدێك زیـاتر لـێ بنێن نەوەك میوانمان بێت*"راستە خودای گەورە رەزیلی خۆش نـاوێ، بـەلاّم لـە هەمانکاتدا دەگەڵ زێدەڕۆیی لە مەسرەفدا نیە .

ئەگەر خانەوادەیەك لەوێ منداڵیان ببێ، بـە کـارتێکی تایبـەت ئاگاداری خزمـو ناسـیاوو دۆسـتو بردەرانـی خۆیـان دەکەنـەوە کـە لـە فلانـە رۆژدا کۆرپەیـەکمان زێـدەکردوەو نێـونراوە (فـلان) هەنـدێ جـاریش نـاوی (پیرۆزەکەیشی دەنوسرێ) دەتوتنن بۆ دیدەنی و پیرۆزبایی لەم کاتوساتەدا کـە لـە خـوارەوە دیـارکراوە سـەردانیمان بکـەن! ئـەوەی زۆربـاوە لـەوێ ئـەو خانەوادەی کوڕیان دەبێ وێنەیەکی پەیکەری (لەقلـەق) لەبـەردەرگای خۆیانـدا هەڵدەواسـن!! (هـەردەم لـەوێ .. سـەرەڕای ئـەو یەکـسانیەش لـە مەسـەلەی نێرومێدا هەڵوەستەیەك هەیە) .

سـەرمێزی ئـەو یـادە بـە کێکێکـی تایبـەت بـە رازیانـەی لای خۆمـان رازاوەتـەوە (لـە هـەولێر پێـی دەڵـێن : قوشـپۆخی!) دەڕازێننـەوە . لـەکاتی مردنیـشدا خـاوەن مردوەکـە بـە کـارتێکی تایبـەت ئـەحبابی خۆیـان ئاگـادار دەکەنـەوە، ئـەوەی سـەرنجی ئێمـەمانانی رادەکێـشا بـە تایبـەتی بەسالاّچـوانی نێرومێ بـە رێکوپێکترین جلوبـەرگ و دەسـکە گوڵ لـە ناشـتندا ئامـادە ئـەبن، خۆشترین و پاکترین و زەواقترین شوێنیش لەوێ گۆڕستانە!!.

لەوێ خەڵك دەتوانێ بـۆ پرسـەو سەرەخۆشـی سـەردانی کەنیـسا یـان مـاڵ یان بە کارتی تایبەت بە تازینامە بەشداربێت . قسەی خۆمـان بێـت بـۆ نایـەن گۆڕسـتانەکانی خۆمـان رێکوپێـك بکـەین ئـەی نـاڵێن : گـۆڕو گۆڕسـتان دوا هەوارگەی ئەبەدیە؟!

# "ئەقڵێك باشە دوو باشترە"

چەندم پێخۆشە لە بەرزاییەوە سەیری یەكتر نەكەین، چونكە ئەوانەی لە خوارەوەن هەرچەند گەورەبن .. بە بچووكی دێنە بەرچاوان .

دەزانن خەڵكانێك لەنێو كۆمەڵگای خۆماندا پەیدابوون (ئێمە) لەبری (من) دا، بەكاردێنن، هەرچەندە ژمارەیان لە پەنجەكانی دەستێك كەمترە! بەڵام پێشبینەیەكی دڵخۆشكەرە .

هەرچەندە "ئەقڵێك باشە دوو باشترە "پەندێكی كۆنی كوردەوارییە،كەچی تا ئێستایشی دەگەڵدابێت رۆڵەكانی ئەم میللەتە ستەمدیدە تەنیا نیوەی پەندەكە (ئەقڵێك باشە) پراكتیك دەكەن، وەك نەزانن گەورەیی و لەزەتەكە لەنیوەی دووەمدایە!

لە زۆربەی دنیادا .. ئەوانەی ئەسپی خۆیان لە مەیدانی دیموكراسیدا تاوداوە .. پەیرەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گوند، شار، هەرێم، مەڵبەند، پەرلەمان دەكەن .. ئەوەی لە بەرژەوەندی میللەتدابێت بۆ دوورخستنەوەیان لە زەبری دكتاتۆریدا دریغی لێ ناكەن . هۆڵەندیەكان و خەڵكی تریش بەمەیش رانەوەستاون لەسەر ئاستی ناوچەییدا پەرلەمانیان هەیە، لە هۆڵەندا لێژنە یان نووسینگەی تایبەتی پادشایی بۆ راپەڕاندنی ئیشوكاری پادشا لە ناوچەكاندا هەیە.

لەوێ پەرلەمان بە Tweedekamer ناسراوە، كەچی شتێكیان هەیە پێی دەڵێن : Erstekamer وابزانم ژمارەیان (١٥٠) پسپۆرو ئەكادیمین بە فەرمان دادەمەزرێن، بە واتایەكی دیكە ئەمجۆرە وڵاتانە هەوڵدەدەن بە

هـەموو شـێوەیەك بڕیاردانیـان بـەكۆ بێـت تـاكو لـە جغـزی (ئـەفلێك باشـە) دەربازبن و بەرەو دوو، سێ، چوار باشترە بچن، لە وڵاتـی مـەغریب پێـی دەڵێن : (ئەنجومەنی راوێژكاری) .

لـەوێ لـە هـەموو دەزگایـەك بـە پێـی یەكـەم پـیتی نێوەكـەت (كۆنتـاك پێرسـۆنێكت) هەیـە كـە ئیـشوكارت مەیـسەر دەكـات .. بـۆ نموونـە ئەگـەر پارەیەك بۆ مووچەی فەرمانبەران زێدەبكرێت بێ ئـەوەی سـەردانیان بكـەیت .. لەسەرە مانگدا ئـەو زێدەیـە دێتـە نـاو ژمـارەی بانكت! ئەگـەر سـزایەك یـان باجێكی زێدەت بۆهات .. چەند رێگایەكی ئاسانكاری تێدا نوسـراوە، بـە رێگـای تەلەفۆن یان سەردانیان هەردوولا رێـك دەكـەون چارەسـەرێكی بـۆ بدۆزرێتـەوە بـە مـەرجێك نـابێ بـە هـیچ شـێوەیەك رەنگدانـەوەی خراپـی لەسـەر بـژێوی مانگانەتدا هەبێت ! واتە هەموو دامودەزگای دەوڵەت بـە گشت كارمەندانیـەوە دەست لەسەر سینگ بۆ بەرژەوەندی و خزمەتی ئەو میللەتە راوەستاون .

تـۆ دەزانـی دوا خۆزگـەو ئومێـدی بەنـدە خـۆی لـەوە دەدۆزێتـەوە كـە لێژنەیـەكی سـكاڵاو بەدواداچـوون لەسـەر ئاسـتی حكومـەتی كـوردان كـە بـەر لەئێمـەیش خـەڵكانی دیكە پێـشنیازیان كـردوە .. رۆژانـە چـاودێری رۆژنامـە، ئێزگـە، پێـشنیازی هاوڵاتیـان بكـەن و بـەزووترین كـات وەڵامـی ئـەو خەڵكـە بدەنــەوە كـە تێیانــدا هەیـە بەسـاڵ لـە چـاوەڕوانی وەڵامـی پێـشنیاز یـان داواكاریەكی خۆیـانن، یـان حـەوت مانگـە لـە چاوەڕوانی مووچەی رێزلێنـانن! خـەڵكانێك هـەن لـە راپەڕینـەوە تـا رزگـاركردنی عێـراق (١٩٩١ – ٢٠٠٣)لەبـەر دڕنــدەیی رژێــم لــە مووچــەی خانەنــشیندا بێبــەش بــوون، تــا ئێــستا چارەسـەرێكیان بـۆ نەدۆزراوەتـەوە، ئێمـە لـەوەیش دڵنیـاین چارەسـەری ئـەو هـەموو گیروگرفتانـە لـە جغـزی فەرمانبـەرێك گێـژی خـواردوە كـە تـا ئێـستا عیشقی (ئەفلێك باشە)یە .

# " خودانیّ مولکی نابەردا خولکی "

هــەروەکو بیرمەنــدی کــورد مــسعود محەمــەدی خوالێخۆشــبو بــۆی گێڕاینەوە، وا دەردەکەویّ سەرۆکی رژێم لێکۆلینەوە بە نرخەکەی (تــأريخ البشرية) ی، مامۆستای لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (العـراق) خوێندۆتـەوە .. بۆیە تەلـەفۆنی بـۆ دەکـات و سـەرنج راکێـشانی خـۆی نیـشان دەدا! هـەروەها داوای لیّ دەکات باسێك لەسەر کوردو شەڕی (عێـراق – ئێـران) بنووسیّ بـەلاّم بەر لە بلاّوکردنەوە .. بیبینیّ!

مامۆسـتا گـووتی : ماوەیـەکی بەسەرداچـوو .. لـە تازیمانــەی مامیـدا (فاضل البرّاك) گووتی : مامۆستا باسێکی پڕ بە پێستت نووسیبو بـەلاّم کاتی بلاّوکردنەوەی نیە .

مــن لــەم گێڕانەویــەدا تــەنیا مەبەســتێکم هەیــە ئــەویش ئەوەیــە، وادەردەکـەویّ مامۆسـتا گلـەیی لـە سیاسـەتی چـۆلکردنی زنجـیرە سـنووری کوردسـتاندا کـردوە، لـە هەمانکاتـدا کردوویـەتی بـە پرسـیار : تـۆ میللـەتێکی دێـرین لەسـەر خـاکێکی دێـرین یـان زەمـەنێکی زێـدە دژوار دەخەیتـە نێـوان دارگـوێزێکی تەمـەن (١٥٠) سـاڵەو خاوەنەکـەی و لـە کۆمەڵگایـەکی زۆرەملێـی دەئاخنی و داوای لـیّ دەکـەیت بـچێتە (شلامـچە) شـەڕت بـۆ بکـات! چـۆن شـەڕ دەکات؟! بۆ کیّ بیکات؟ لە پای چیی؟

هـەر کـوردێکی حـاجی ئۆمـەران ئەگـەر دەگـەڵ سیاسـەتی حکومـەتیش نەبێت، لـەو کاتـەی پاسـدار هێـرش دێـنیّ .. خـەڵکی ئـەویّ لەبـەر چاو رەشـی دەسـەلاّت نـا، بـەڵکو بـۆ خـۆی، بـۆ دوارۆژی خـۆی، بـۆ ئـاخی خـۆی، بـۆ بنەدارگوێزەکانی بنەماڵە .. خوێن دەڕێژیّ .

لەوکاتـدا بەرژەوەنـدی تـۆی دەسـەلآت و جوتیـاری حـاجی ئۆمـەران لـەو هێرشەدا یەکیانگرتـەوە، کـە پێشتر تـەنیا داوەمـووێکی مەعاویـەتان لەنێوانـدا هەبوو .

بـۆ سـارێژکردنی هەنـدێك کۆنـە برینـان پێویـستە حکومـەتی فیـدڕاڵ بەزێـدە دەگـەڵ حکومـەتی کـوردان هاریکاربێـت بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی وێرانـە گوندەکان بە تایبەتی زنجیرە *سنووری* کوردستان .

ئەگــەر خــەڵکانێك هــەبن بــە گرینگیــەوە ســەیری ئاوەدانکرنــەوەی گونــدەکان ناکەن،بــەڵام ئێمــە لــەوە دڵنیــاین کــە شــۆڕش و گونــدەکان دوو گیانبوون لە یەك جەستەدا .. حکومەتی خۆمانیش ئـەو (خۆزگـە نەتەوەییـە) کە لە منداڵدانی ئەو شۆڕشە لە دایك بوە .

لە ئەنجامدا دەڵێم : مەسەلەی ئێمەمانان .. ئەوانەی خۆمـان بـە خـاوەنی حکومــەتی کــوردان دەزانــین، هــەردوولامان دەخزمــەتی ئــەم میللەتــدا کــار دەکەین، لە هەمانکاتدا بێ سێ و دوو دەست لەسەر کەموکووریـەکان دادەنـێین، داواکـارین کـورد بـە گـشتی خـۆی بـە خـاوەنی ئـەو دەسـکەوتە مەزنـە بزانـێ و ببێتە سووپەرو قـەڵغانی کوردسـتان، ئێمـەی کـورد خـاوەنی خـاکی خۆمـانین ، خــاوەن خــاکیش بــە هــیچ شـێوەیەك نــابێ دەخزمــەتکردنی خــاك و میللــەت وەڕس بێـت چـونکە" *خـودانێ مـولکی نابـەردا خـولکی* "بـاش بـزانن ئەگـەر هیچمان بۆ دوارۆژی کورد پێ نەکرێ دڵنیابن رۆژێـك دادێـت نـەوەی دادێ بـەو پەندەی بێگانان تیربارانن دەکەن :

**" نەدار دەبێ بە ماشە، نەکورد دەبێ بە پاشە "**

# " برا لە پشت برا بێت ..... "

هێندەی نەماوە بە پێچەوانەی هەموو داب و نەریتێك بكەم و خۆزگەی خراپ بۆ خۆمان بخوازم دڵنیام بەمەیان دەبمە بنێشتە خۆشەی بن ددانان، ئەوەندەی نەماوە لە ناخمدا هاوار بكەم و دوعاخوازبم كە هەموو رۆژێك كورد ئاوا لەنێو گێژاوی گیروگرفتی زەمانە دابێت! تا بە چاوی خۆمان یەكرێزی كورد ببینین! هەر یەكە لەلای خۆیەوە تۆی خۆشەویستی بچێنێ و ئەم پەندە ببێتە وێردی سەرزاران " *برا لە پشت برا بێت، مەگەر قەزا لەلای خودا بێت*" .

هۆ .. كوردە حەیاتەكەی خۆن، هەی دەبەر تەبایی هەموو چین و توێژەكانتان مرم! بە قوربانی دەنگ و سەدای (*نا .. بۆ ئەو كودەتا دەستووریەتان*) بم! بە خوڵامی سەفەری ناوەختتان بم! بە ساقەی قەڵەم و دژە نارەزابوونتان بم! توند .. توند دەستی یەكەیەكەتان دەكوشم لەسەر ئەو یەك دەنگ و رەنگیەتان!

سوپاس بۆ لێدوان و شیكردنەوەی بەردەم مایكرەفۆن و سەر شاشەی تەلەفزیۆنەكانتان، ئێوە زانایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام .. خودا لە دنیاو قیامەت جەزای خێری وتارخوێنانی هەینی ٢٦ / ٧ / ٢٠٠٨ بداتەوە .. لەسەر ئەو گڕدان و فەتوای بەرەنگاربوونەوەتان لەسەر پیرۆزی خاكی كوردستان .

خودا دەست بە بەژن و باڵای برا گەورەكانمان بگرێ، لە جیاتی هەموو كوردێك ئەوپەڕی رێزو ستایش بۆ هەموو كەسێكی غەوارە لەسەر ناڕازی بوونیان بەرامبەر بەو زوڵمەی لە ئێمە كرا! نانی كورد نۆشی ئەو كەسانە بێت كە لە گەڵماندا دەستبار بوون .

له قورئـانی پـیرۆزدا گـوتراوه (عسی أن تكرهوا شیئا و هو خیر لكم) دوورنیه ئەوەی ئێمەی هەژاند بـەخێر بۆمـان بگەڕێتـەوە! بـە واتایـەكی دیكـە ئەو كودەتایە ببێتە زەنگی واگاهێنانمان لەو زڕخەوەمانـدا .. تـاكو سـەر لـەنوێ ئەو نوسین و سۆزو پەیمانەی دەنێوانماندا هەیە خاڵبەنـدیان بكـەین، وا دیـاره سیاسەتی مامنەرمۆكەیی دەگەڵ هێندێك لەو بەنێو برایانەمان بڕ ناكا!

هەرچەندە كودەتای (مەشهەدی) بـۆ ئێمـە زەنگێكـی ترسـناك و كوشـندەو چـاوەڕان نـەكراو بـوو، بـەڵام شـتێكی بـۆ میللەتەكـەمان روون كـردەوە، بـەڵێ راسـتە گێروگـرفتی ئێمـەی كـورد نـە مەزهەبـە، نـە ئـاین .. ئەگـەر وابوایـە دەمێكە ئێمـەی كورد بـە سوارچاكیی مەزهـەبی شـافیعی دەناسـرێین! دەبوایـە ئەو خەڵكانە یان باشتر وایە بڵێم هـەوادارانی مەزهەبـەكانی سـوننە بـێ سـێ و دوو هاوڕامان بووان، كەچی بـە پێـچەوانە، لـە هەمانكاتـدا بـە داخـەوە نـەیاری سەرسەختی داواكانی كورد خۆیان لەوبەرەیەدا مەڵاسداوە، بۆیە ئومێـد ئەكـەم لـە بڕوادارانـی خۆمـان هێنـدە دەسـت بـەرداری مەزهـەب نـەبن، بـەڵكو لـەنێو تاموچێژی دینداری بەر لەسەرهەڵدانی مەزهەبیـەت كێبڕكـێ بـەرەو بەهەشـت بكەن .

كارێكی چاكە .. ئەگەر بارودۆخەكە لەباردابێت بـرا گـەورەكانمان چـاوێك بە كاكەبراڵەی خۆمان و ئەو خەڵكانـە بخشێنن كـە لـەم میحنەتـەدا یـار.. یـان نەیار بوون!

# بێخمەی یارو نەیار

ئـەوێ ڕۆژێ ریپۆرتـاژێکی یـەك لاپـەڕەیم لەسـەر بەنـداوی (بێخمـە) لـە ڕۆژنامەیـەکی کوردسـتاندا کـە بەزێـدە وردەکـاری تێـداکرابوو خوێنـدەوە .. ئەگـەر هـەردەم ئـاوا هەماهـەنگی لـەنێوان وەزارەتـەکانی حکومـەتی فیـدڕاڵ و ڕۆژنامـەی کوردسـتانیدا هـەبێت کـاری چـاکە، بـە مـەرجێ ئـەو وردەکـاری و پـشکنینانە بـۆ بەرژەوەنـدی موقـەدەراتی نەتـەوە بێـت نـەك فیتـەی حـەرمزادەیی تێـدا بـەدی بکـرێ! بـەر لـەوەی بـچمە نێـو باسـەکە تـەنیا یـەك پرسیار دەکەم : بۆ تـەنیا ئـەو وەزارەتـە بـەڕێزە بەمـشێوەیە هـەموو ئارشـێفی نهێنی و گرینگی خـۆی تـەنیا بـۆ یـەك ڕۆژنامـەو لەسـەر یـەك پـڕۆژە دەخاتـە بەردەست؟! ئەگەر ئەو ماستە مووێکی تێدا نەبێت؟

ڕاستە بیرۆکەی دروستکردنی بێخمـە هـەر وەکـو لـە ریپۆرتاژەکـەدا هـاتوە بۆ سـەرەتای سییەکان دەگەڕێتـەوە .. بـەڵام حکومەتـە یـەك لـەدوا یەکـەکانی سەردەمی پادشایی ئینجا کۆماری یەکەم، پاشانیش کودەتا یەك لـەدوا یەکـەکان .. نەگەیـشتونەتە ئـەو قەناعەتـە تـاکو بڕیـار لەسـەر دروسـتکردنی بـدەن تـا دوای نسکۆهێنان کە بە چۆڵکردن و خاپوورکردنی شەست کیلۆمـەتری زنجیرە سنوور دەستی پـێ کـرد و لەسـەردەمی شـەڕی نێـوان (عێـراق – ئێـران) دا، لـە ڕوانگەی ستراتیژیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتنە ئـەو حەتمیـە کە پێویـستە ئـەو کوردسـتانە لەتلـەتکراوە دەبـێ جارێکی دیکـە لـەناوەوە لەتلـەت بکرێـت! هـیچ نەبێت بادینان و سۆران لێك جیا بکەنەوە، لە هەمانکاتدا سـنوورێکی سروشـتی بکەوێتـە نێـوان هـەر سـێ پارچـەی کوردسـتان! لەلایـەکی دیکـە شـکاندنی ئـەو پیرۆزییەی ناخی هـەر تـاکێکی کورد لەمـەر لانـەی شـێرانی شۆڕشـی کـورد کـە خۆی لە (دۆڵی بارزان) بەرجەستە کردوە، مرۆڤ بریتیە لە چیی؟ هـەر تاکێـك

خاکی نەبێت " *وەك پووشی دەم ڕەشەبایە* "هەر مرۆڤێك لە ژیانیدا ڕەمزی نەبێت؟ بۆ کێ بژی؟ بۆچی خەبات بکات؟ ڕژێمی بەعس بە درێژایی حکومڕانی خۆی بێ پسانەوە هەوڵی دەدا ژێرخانی کۆمەڵگای کوردەواری لێك بترازێنێ چونکە تا ڕادەیەك لە شیرازە لێك ترازاندنی سیاسی سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو .

من وەکو جاران نالێم : ڕاپەڕینی سەرتاسەری و دەست و بازووی کوڕگەلان، بەڵکو ئەمجارەیان دەڵێم : ئاهونیزای کۆمەڵگەی کوردەواری لە دەرگەی (باری تەعالا) چەقیی و لەلای دیکەوە مەغروریەت و هەلە یەك لەدوا یەکەی ڕژێم خوایکرد ئەمجۆرە پڕۆژانە کە بۆ پارچە پارچەکردنی کورد دادەمەزرا ئەنجام نەدرێ

من و زۆربەی خەڵکیش بە هیچ شێوەیەك دژی بێخمە نین .. بێخمەی گەشتوگوزار، ئاودێری، کارەبا دروست کردن، ڕاستە بێخمە بەو زەبەللاحیەی ئێستا (١٥٠٠) مێگاوات کارەبامان دەداتێ و شەڕی سەدەی دادێش شەڕی ئاو دەبێت، لەمەیش پشت ڕاستین کە ئاو وڵاتی مردوو زیندوو دەکاتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا بەمشێوەی ئێستا ئەگەر ڕۆژێك داهات سەرکردەیەکی وەك بارزانی بیری لە (خۆزگەیەکی نەتەوایەتی)کردەوە .. ئەوە بێ سێ و دوو بێخمە بۆمبێکی تەوقیتکراوە بۆ لەنێوبردنی دواڕۆژی کورد!!

ئێمە لەوەیش دڵنیاین ئەمجۆرە پڕۆژانە تا ڕێچکەی خۆی دەگرێت لەهەر ژوورێك لەهەر هەورازو نشێوێك خەڵكانێك بەناشەرعی نان و ڕۆنی پێوەدەخۆن .. سوودمەند دەبن بەڵام نابێ بەهیچ شێوەیەك ئەو سوودمەندیە لەسەر حیسابی نەتەوە بێت!

دەمێکە گوتراوە زۆر گۆتن قورئان خۆشە، ئێمە دەگەڵ ئەو بێخمەین کە سوودبەخشە نەك زیانبەخش! بۆ ئەوەی (صمام الامان) ی، موقەدەراتی کورد لە دەست خۆمان بێت .. بۆ نایەن بیر لە چەند بێخمەی دیکە بکەینەوە؟

# گازانده لەبرایانی چاو ڕەش

لەوەتـەی یەکـەم مـەترەلۆزی سـوپای عێـراق بـێ خواسـتی ئێمـە بـەرەو (شمالنـا الحبیـب) بـەڕێکراو تارمـایی پۆسـتاڵ بـاڵی بەسـەر نێرگـزی پـاڵ شاخەکانی کوردسـتاندا کێـشا.. نـەك ئێمـە بـەڵکو ئێـوەیش وەبـەر پڕووشـکی ئاگری شەڕی بەزۆر سەپێندراو کەوتن .

ئەوانـەی پـسپۆڕن لـە مەیـدانی کەلـەپوور درك بـەوە دەکـەن کـە شـەڕی کوردسـتان لـەنێو ئـەدەبی میللـی باشـووری عێراقـدا ڕەنگـی داوەتـەوە، زوو .. لەوکاتەی تەرمی سەربازێك بەرەو مـەنزلگای خـۆی ڕەوانـە دەکـرا .. لـەوێ بـە (هۆسە) کە جۆرێکە لە شیعری میللی پێشوازی دەکـرا، لـە مـاوەی ئـەو حـەوت، هەشت ساڵەی ژیانمدا لەوێ .. زۆرجار ئەوەم بە روویانـدا دەگوتـەوە : "*ترگاعـە اللفـت بـرزان بـیس باهـل العمـارە* "مەسـەلەی ناوهێنـانی ئـەو شـارە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە لـە شەسـتەکانی سـەدەی بیـستدا زۆرینـەی سـوپای عێـراق خەڵکی ئەوێ بوون!

بەواتایـەکی گـشتی لـەنێوان سـاڵانی (١٩٣٠ – ١٩٩١) هـیچ ڕژێمێکـی ئـەو عێراقە خوێناویە بۆ وێرانکردنی کوردستان درێغیان نـەکردوە! بـەڵام هـەردەم خودا پشت و پەنای ئەو میللەتەی ئێمە بوە .

ماڵـە مـەلیکی هەرچـەند خـەڵکی وڵات نـەبوون، کەچـی لـە ڕوانگـەی پارێزگاری لە دەرگای ڕۆژهەڵاتی عەرەب قامچیان بـۆ کـورد ڕادەسـت بـوو! ئـەو قاسمەی لەمەڕخۆمان کە بەپاکترین مرۆڤی ئەم وڵاتەی خۆمـان دەژمێـردرێ .. ئەویش لەسەرکووتکردنماندا درێغی نەکرد، بەڵکو خەڵك پیلانـی لـەنێوبردنی سەرکردەی کوردان لە جەنابی فێربوون! ئـەو پیـاوەی کەوتـە بـەر دوعـاونیزای

هــەتیوانمان (عەوســەلام) بەنوێــژی نیــوەڕۆ بــەئاگری خــودا ســووتا! لــە قڕکردنماندا داهێنانی دەکرد، پیاو بۆ خوا بڵێ ئاوڕەحمانی بـرای بێوەی بـوو، بەڵام هیچیشی بەدەست نەبوو بۆیە بە چڵوانێ لـە وڵات وەدەرنـرا! بـۆ ساڵانی (١٩٦٨ – ١٩٩١) پێویست بە هیچ قسەو بەڵگەیەك ناكات!

لـە دڵی خۆمانـدا گووتمـان : بەرۆیـشتنی سـەدام دەرگـا کلیلـدراوەکان بـۆ کـورد دەکەونــە سەرپــشت! کەچـی نـەمانزانی ئـەو سـەدامەی رۆیـشت لەچـاو زڕسەدامەکانی ئەمڕۆ بە حەوت ئاوان شۆراونەتەوە!

لێـرەدا مەعادەلەیـەك سـەرهەڵدەدا یـا ئەوەتـە ئێمـە لـەدنیای سیاسـەتدا بەزێدە نابەڵەدین یان لە ژیانماندا گوێ بیـستی ئـەو فەرموودەیـە نـەبووین کـە دەڵێ " لا یلدغ المؤمن في الجحر مــرتين "ئەگـەر هاتو بـە وردی سـەیری پەتکیـسانی صـدامەکانی عێراقـی نـوێ بکـەین شـتەکان بـۆ هـەموو لایـەکمان روون دەبێتەوە، پێویستە بڵێین :"خۆزگەمان بە کفن دز "

سەرەڕای ئەو هەموو دژوارییەی زڕبراکانمان، کەچـی تـا ئێـستا تروسـکایی سـۆزوپەیمانی برایــەتیمان دەگــەڵ هێنــدێکیان لــەنێو لاپــەڕەکانی مێــژوودا دەدرەوشــێتەوە، بۆیــە بــە هــیچ شــێوەیەك نــاتوانین دەســتبەرداری ئــەو پێهەڵدانەی (ام دحام) ی، شارۆچکەی (الغراف)دایکی کـوڕێکی تاقانـە کـوژراوی شەڕی هیندرێن بین کە بە هیچ شێوەیەك لـە هـزردا رەش نابێتـەوە کـە دەڵـێ :

**مامات .. مامات البطل برزان**

**فوگ أرضج يكردستان ميت ألف برزان**

# گازانده له برایانی هەولێر

لەوکاتەی ئاسمانی کوردستان بە هەوریتاری ئاوس دەبوو .. خۆزگەیەکم لە رۆژنامەی (برایەتی) رۆژی ١ / ١ / ١٩٩٤ لەژێرناونیشانی (بە فرمێسکەوە خواحافیز ١٩٩٣، بە فرمێسکەوە بەخێرهاتی ١٩٩٤) خواست!

لەوکاتەی تا دەهات شەوەزەنگ باڵی بەسەرماندا دەکێشا .. دەخەفەتی خۆماندا لە گوڵاندا نووسیم (لەنێوان تیوری و پراکتیکدا کەرین تێینەوە)! بەڵام لە سەینوبەینی شاپترێنیمدا .. لە ئۆکراپینا لەسەر لاپەڕەکانی گوڵاندا (تراژیدیای رێگەی هات و نەهات) م، بڵاوکردەوە ... لە دوای ژیانی سێ مانگەی نامۆیمدا لە گوڵانی ١١ / ٢ / ١٩٩٦ لە نامەیەکی کراوەدا (برام سەرۆ ..) باسم لە ئێشوئازاری دەروونیدا کردوە .

لەوەتەی (خۆزگە) لە ساڵی ١٩٨٦ لە باوەشی رۆژنامەی (کاروانی وەرزش) سەریهەڵداوە، ماوەیەکیش لە باوەشی گەرمی (خەبات، برایەتی) دا، کەچی سەربردەی نێوان (هەولێر) و (خۆزگە) خۆی لە پەیڤی (خۆشەویستی) دا، دەدۆزێتەوە ..

من لەوە دڵنیام ئەو نوسەرە بەڕێزانەی ئێستا لەسەر لاپەڕەکانی (هەولێر) بۆ خوێنەرانی خۆیان دەنووسن خاڵی هاوبەشیان تەنیا خۆشەویستی وشەی کوردی و ستاف رێزداری رۆژنامەکەیە، لەوبڕوایەشدام هەردوولا تەواوکەری یەکترن، رۆژێك دادێت کە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی دەنوسرێتەوە .. هەولێری کوردان شوێن پەنجەی لەو مێژووەدا دەدرەوشێتەوە .

دەگەڵ بڵاوکردنەوەی یەکەم خۆزگە لە (هەولێر) دا، بێ ئەوەی یەکتر

ببینین یان بناسین .. دڕدۆنگیەك لەنێوان وشەكانی من و سەرپەرشتیاری زمانەوانی لە (غەددر، لەززەت، دەزگا، درێغ، قۆناغ، عێراق) دروست بوو، هەریەكەیش راوبۆچوونی خۆیان لەمبارەیەوە هەیە!

نوسەری گۆشە هەردەم حەز بەوە دەكات كە شوێن و رۆژی بڵاوكردنەوەی گۆشەكەی بۆ خوێنەر زانراوبێت، نەك وەك خۆزگە لە لاپەڕە (٢٢) بۆ (١٧) یان (١٦) ئینجا (١٢) لەمەیشدا رێی دەچێ ماوە ماوە ئاڵوگۆڕ لە ناوەرۆك و روخساری لاپەڕەكان روویدات ..

بەلام ئەوەی بوەتە هەوێنی ئەم نوسینە، ئەو زێدە دەسكارییەی دوا خۆزگەیە كە لەژێرناونیشانی (گازاندە لەبرایانی چاوڕەش) بڵاوبوەتەوە ..

هەموو جارێك بە فەرمانی هەمایۆن (درێغی) لەزارڕاهاتووم لێ دەكرێت بە (درێخی) ئێسكگران!! كەچی بەقودرەتی قادر (تیخ) دەبێتە (تیغ)!!!!! لەوەتەی گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە نەخۆم نەكەسم نەژنەفتوە بێژێ (درێخ) ئەو پەیڤە بۆ من و كۆمەڵگام نامۆیە!! ئەمجارەیان (نەبوون) كراوە بە (نەبەزن)، لە (ژیانماندا) كراوە بە (ژیانمدا)، (ئەوەتە) بوە بە (ئەوەیە)، (هیندرێن) كراوە بە (هەندرێن) عێراقی سووكم لێكراوە بە (عێڕاق) نازانم خوێنەر چۆن چێژ لەم نوسینە وەردەگرێ؟!

لەوە ئەستەمتر نیە نوسەرێك (٣٤) ساڵ هەوڵبدات مۆركی تایبەتی خۆی بەسەر نوسینەكانیدا زاڵ بكات .. برادەرێكیش یاغر یاغر بەنیشتەران بكەوێتە گیانی .. بەڕاستی كارێكی یەكجار دژوارە

# بۆ ئەوەی نان بۆ قەساب نەبێت ..!

ئـەوەی لـە تـەمووزێ روویـدا .. هـەموو کـوردی هەژانـدو لەخـەوی بێئاگاییدا واگاهاتین! جارێکی دیکە میللەتی کۆسکەوتوو کەوتـەوە دڵەڕاوکێ .. لەبەر هێندێ ئەو خەڵکە گل و گازاندەی خۆیان لەبـەردەرگای ماڵەوە فڕێداو رژانـە سـەر شـەقام .. وەك دێـوارێکی ئەسـتوور لـە پـشت سـەرکردەی خۆیـان راوەسـتان، هەرچـەندە لەنێوانمانـدا خـەڵکانێك هـەبوون حقدوکینـەی لەمێژینـەی ئاغاکانیـان دەخـستە سـەر پـەڕە کاغـەزان بـۆ ئـەوەی خـەڵکی وەفاداری خۆمان بەرەو نیگەرانی زێدەتر ببەن! ئەوەی مایـەی دڵخۆشـیمن بـوو ئەو (خەڵکانە) بەهەردوو مانا زۆر کێمن !!

لەبـەر ئـەوەی کودەتـای (زڕبرایانمـان) هێنـدی برینـدارکردین .. بۆیـە تـا ئێستا بوەتە مایەی گفتوگۆی رۆژانەی چین و توێـژی کۆمـەڵگای کـوردەواری .. ناهـەقیش نـین، چـی تێدایـە مەسـەلەیەکەو پێویـستە هـەموو لایـەك قـسەی لەسـەر بکـات، هـەروەکو چـۆن لـە دژواری ئازارەکـەدا بەشـدارن .. ئـاوایش پێویستە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك هاوبەش و هاوخـەم بـن .. ئـەوەی بـەلای منـەوە گرینگـە ئەوەیـە، کـە پێویـستە هـەر یـەك لـە ئێمـەمانان سـنووری تەڕادانێی خۆمان بزانین، بـە مانـای کوردیەکـەی "گۆشـت بـۆ قەسـاب، نـان بـۆ نانەوا "بێت، پیاو بـۆ خـوا بڵـێ لێـرەو لـەوێ دوور لـە هەڵچوون ئاکـاری جـوان لەنێو هەندێ بۆچوون و بڵاوکراوەکان بەدی دەکرێن، کە ئەمەیان پاڵپـشتە بـۆ بـرا گـەورەکانمان .. لـە هەمانکاتـدا سـاکین کردنـە بـۆ ئـۆقرەیی ئـەو خەڵکـە، بۆچوونەکانیش خۆیان لەوە دەدۆزێتەوە : سـەرەڕای ئـەو هـەموو گەلەکۆییـەی

لەسەر ماڧ کورداندا دەکرێ  بە درێـژایی مێـژوو میللـەتی کـورد لەبـەر ئـەوەی خاوەن هەقـە بۆیـە لـەو هـەموو کودەتـاو بـێ وەفاییانـەی زڕبرایـان گـەورەترە، خۆزگە ئاقڵمەندێك لەنێو برایانی چاوڕەشدا هەبوایە تـاکو بـە دەنگێکـی بـەرز بیگوتایە ئەگەر دەتانەوێ لە عیراقێکی بـێ ئـاژاوەو شەڕوشـۆڕ بـژین فـەرموون دەسـتی برایـەتی و هاوبەشـی بـۆ برایـانی (شمالنـا الحبیـب) نـا، بـەڵکو بـۆ (کوردستان الحبیبە) درێژ بکەن، هەر لە ئێستاوە پێتان  دەڵێم  : عیراقـی نـوێ پـیرۆزی هـەموو لایـەکتان بێـت، ئەگـەرنا خـەونی خەجەکەلـەی قورشـاغلو دێتەجێ کە بینیووی دایکی مەلیك توورەگە خوێی بەسەر عێراقدا رێشتوە .

بە داخەوە لەو بارودۆخە زێدە ناسکەی کوردستاندا کەسانێك هـەن قـسان لەسـەر ئـەو بابەتـە  دەکـەن، کـە لـەکاتی خۆیـدا نیـە .. ئەوانـەی تـەنیا فێـرە فێنکی سپلیتن و شەوانیش فرچکیان بـە (چـەریۆ) گرتـوە، ئەوانـەی تـا ئێـستا نازانن (باقە نەجمە) چییە؟! کەچی باس لەشەڕ دەکەن!

کـاتێ ئێمـە شـەڕمان لەسـەر کـەرکوك کـرد .. خـەڵك هێـشتا لـە قۆنـاغی مەلۆتکەیـدا بـوون، کـاتێ ئێمـە بـە فیرعۆنمـان گـووت  : نـا ! هـەموو دنیـا دەسـتەوئەژنۆ بـۆی دەخزمـەت  بـوون، راسـتە ئێمـە بـەم (نـا) یـە، بـاجێکی یـەکجار گەورەمانـدا .. بـەڵام بـۆ دنیـا و مێـژوو ئیـساپاتمان کـرد کـە بـە هـیچ شـێوەیەك جەسـتە بـێ دڵ نـاژی! ئێـستایش هـەتا ماشـە هـەبێت بـۆ دەسـتی خۆمان بسوتێنین؟ ئەگەر کاتی سەرپشککردن بۆ جۆری (مردن) هات؟ هـەموو لایەك دڵنیا دەکەینـەوە جگـە لـە  مـردن لەسـەر خـاکی کـەرکوك هیـچی دیکـە هەڵنابژێرین .

# هوڕێنەكردن ..!

لـــە خۆزگـــەی  رۆژی ١٥ / ٦ / ١٩٩٣ كـــە لـــە رۆژنامـــەی (برایـــەتی) بڵاوبوەتـەوە .. لـەكاتی بـەڕێكردنیان خـدر خمـچی جوولەكـەی قورشـاغلو بـە باوكم دەڵێ : پێویست ناكات بۆ ئێمە بگریت چونكە لـە كتێبانـدا نوسـراوە كـە دەبێ ئێمە لە (ئورشەلیم) كۆببینەوە، ئێوە كەلوپەلی ئێمەتان كڕیـەوە .. بـەڵام رۆژێك دادێت كـەس نیـە كەلوپـەلی ئێـوە بكڕێـت، هـەر لـە ئێـستاوە بۆخۆتـان بگریێن! (*قسەكەی هاتە دی و ئەوەمان بە چاوی خۆمان بینی*) .

ماوەیەك بەر لە راپەڕینـدا پیـاوێكی كاسـبكارم بـینی بـرنج و گۆشـتی نـاو تەنەكـەی زبڵـی ماڵێـك دەخـوات! منـیش فـەرمووی ماڵـەوەم كـرد .. كەچـی گووتی : زۆر سـوپاس بـۆ خـودا حـاڵم چـەندی بڵێـی باشـەو تێرنانیـشم، بـەڵام ئەو تەنەكەیە پڕاوپڕبوو لە برنجی گـەرمو گۆشـتی مریـشك .. لـە ترسـی ئـەو خودایە هەندێكم خوارد .. رۆڵە قسەیەكت بۆ دەكەم "*مـن مـردوو، تـۆ زینـدوو* "هـەر میللـەتێك رێـز لـە رزقـی ئـەو خودایـە نـەگرێ رۆژێـك دادێـت نـان نـابێ بیخوات! (*ئەوەیشمان بە چاوی خۆمان بینی*) .

لە دیمەنێكی تەمسیلیدا لەسەر ژیانی (شێخ متولی) رەحمەتیـدا .. كاتێ دەبێتە وەزیر، لەسەردانێكیدا بۆ گوندەكەیان .. بەر لـەوەی بـچێتە كۆنـە مـاڵی خۆیـان دەچـێتە مزگـەوت و قـۆڵ و باسـكی لـێ هەڵـدەماڵێ و (ئاودەسـتی) مزگەوت خاوێن دەكاتەوەو دەڵێ  : هیچ نەبێ چاكەی رۆژانـی خوێنـدنی خـۆم لەنێو ئەو مزگەوتە دەدەمەوە ئینجا بەرەو ماڵە گـەورە دەچـێت .. (بەداخـەوە مرۆڤی ئەوتۆ تا ئێستا لەناوماندا هەڵنەكەوتوە) .

لەسەربردەی ژیانی (مەهاتما گاندی) باوکی رۆحی هیندەکاندا هاتوە .. بۆ ئەوەی بتوانێ چۆك بە داگیرکەر بدات، لە کۆنگرەی هیندیدا دێتە دەرەوەو ئەو جلوبەرگەی لە (ئینگلستان) دروست کرابوو لەبەرخۆی دادەکەنێ و ئاگری تێبەردەدات! هەڤالانیشی هەمان هەڵوێست وەردەگرن، واتە شەڕی دەگەڵ داگیرکەر بۆ مەیدانی ئابووری گواستەوە، گوایە لەدوای سێ مانگ گفتوگۆی سەربەخۆیی هیند دەستی پێکردو لە (١٩٤٧) خوێنی مەهاتما بوە هەوێنی خەنەبەندانی هیندستان . (بە نەوەی نوێ دەڵێم : بە مێژووی رابردووتان سەرفرازبن چونکە باوکی رۆحی نەتەوەی کورد بارزانی مستەفا تا لە ژیاندا بوو ئەوەی لە ئەقڵ بەدەربوو بۆ کوردی کردوە) .

هەموومان رۆژانە باس لە گەندەڵی دەکەین .. کاتێ باس لە دۆزینەوەی چارەسەرێك دەکەین، هەموومان دەستەو ئەژنۆ بۆی دادەنیشین .. وادەردەکەوێ هەموومان بەجۆرێك لە جۆرەکان لەو گەندەڵیەدا بەشدارین ! بۆ ئەوەی هیچ کۆسپێك نەخرێتە بەردەم هەنگاوەکانی بەرەو پێشچوونی کوردستان .. خۆزگە دەخوازم بڕیاردەرێکی چاونەترس و بالادەست، وتەکانی (أبوذر الغفاري) بەرامبەر بە گەندەڵچیەکان دووپات بکاتەوەو بڵێ : هۆ .. ئەو کەسانەی کۆشك و بالاخانان بەرز دەکەنەوە، ئەگەر دەبەخاڵی خۆتاندا دروستتان کردوە ئەوە زێدەڕۆییە! ئەگەر لە باخەڵی میللەتتان دەرهێناوە بێگومان ئێوە دزن!!

# وەبیرهێنانەوە ..!

هێمن موکریانی لە هەڵسەنگاندنی کتێبە بەنێوبانگەکەی (عالم ارای عەباسی) دا، دەڵێ : هەرچەندە ئەسکەندەری تورکمان دوژمنێکی سەرسەختی کوردان و چەلا وخۆرێکی بەوەفای شا بوو، بەلام لە راست قارەمانێتی کوردانی دمدمدا نەیتوانیوە دەستەوئەژنۆ بوەستێ .. ئەگەر بە حقدەوەیش بێت کارەساتی شۆڕەسوارانی قەلای دمدمی بۆ مێژوو گێڕاوەتەوە .

لەوەتەی ولاتێك بەنێوی عێراق دروست بوە، لە سەدامی دڕندەتری بەخۆوە نەبینیوە! کەچی لە شیکردنەوەی سایکلۆژیەتی ئینسانی کورددا زۆر پێکاو بوو .. کە دەیگووت : ئینسانی کورد گۆشە چاوی نیە، هەردەم بە (نەخێر) و (بەڵێی) خۆیان شانازن! بە واتایەکی دیکە کورد دۆستێکی راستەقینەیە یان نەیارێکی سەرسەخت.

تۆ بڵێی ئەو زڕبرایانەی عێراقی نوێ لە مێژووی عێراقدا نابەڵەدبن؟! ئەگەرنا بۆ کێ چوەتەسەر .. تاکو بۆ ئەوان لەمشەدابێت؟! خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا زۆر بە روون وئاشکرا باس لە پەیمان شکێنان دەکات .. بە جۆرێك نێویان دەبات کە هەردەم ریسوای دنیاو قیامەتن!

بۆ هەردەم رێ بۆ پراکتیککردنی ئەو گووتەیە خۆش دەکەن (یاأهل العراق، یاأهل الغدر و الخیانة)؟ هەرچەندە لەو زەماندا کورد بە عێراقەوە نەلکابوون!

دەمێکە ئێمە و ئێوە هاوخەمی یەکتربووین .. بۆ بە قسەی خەڵك وامان لێدەکەن؟ لە نەجەف خۆپیشاندان بۆ عرووبەی کەرکوك دەکەن (یا عروبة .. یا بعد عیني؟!) هەر ئێوە نەبوون لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا

له پێشوازی شێخ مەحموود و سواری کوردانـدا پـڕ بـە دەم هاوارتـان دەکـردو دەتـانگووت : (ثلثين الدنيا لهادينا، ثلث الكاكة أحمد و أكـرادة) هـەر ئـەو کـوردە نـەبوو لەشـەڕی شـوعەیبەدا شانبەشـانتان بەرامبـەر بـە داگیرکـەری ئینگلیز دەجەنگان .

هـەر ئێـوە نـەبوون لـەدوای ڕاگواسـتنەوەمان بـۆ باشـوری عێـراق لـەنێوان خۆتانـدا دەتـانگووت : ئێمـە ئـەو کوردانـەمان بۆیـە خـۆش دەوێ چـونکە لـە ڕاپێچکردنیاندا بە سەبایەی ئیمامی حسێن دەچن! لـە کوردەواریـدا گـوتراوە " بۆ خاتری یەك دەنکە گەنم سەت دەنکە زیوان ئاو دەخواتەوە"ئێمـە لـە چاکەو خۆشەویـستی ئیمـام (محـسن الحكـيم) دا، بـە فـەرمی و بـە شـەعبی ئێوەمـان خۆشـگەرەکە! بـۆ ئـەو خۆشەویـستیەی بەچـەندین سـاڵ ئـاودێرکراوە .. بـە فیتەی ئەموئەو بەفیڕۆی دەدەن؟!

وەبیرتانـە لـە سـاڵی ١٩٩١ تـا ٢٠٠٣ دەرگـای ئـەو کوردسـتانە پانوبەرینـەمان بۆتـان واڵا کردبـوو .. تـاکو پێکـەوە دژی دڕنـدەی سـەدە خـەبات بکـەین، کـوا سـۆزوپەیمانی برایـەتی و کۆنگرەکـانی (لوبنـان، ڤیـەننا ، شـەقلاوە، لەنـدەن، جنیف)؟ نەیاران دەیانەوێ شەڕێکی چاڵدێرانە لەسـەر خاکی کوردان بـەرپا بکەنەوە؟ خەیاڵی نەیاران خاوە ئینشاللا .

وەرن با لە جاران باشتر دەست لەنێو دەست بنێین، پێویـستە ئێـوە بگەنـە ئەو قەناعەتە ئەوەی وەدەست ئێمە هـاتوە لەچاو قوربانیـەکانمان دڵۆپێکـە لـە دەریا! دڵ لە دڵ مەدەن بۆ بنیاتنانـەوەی عێراقێکـی نـوێ، دەبـێ ئـەوتان لـەیاد بێت کە نـەوەی ئێـستامان بەرامبـەر باوکسالاری خۆیـان چـەتوونن .. ئـەی بـۆ نەیارو تێکدەرانی ئەو تاقیکردنەوە چۆن دەبن؟؟

# چەم بێ چەقەڵ نابێ .. بەڵام !

لە ماجەڕای دێسێمبەری ١٩٩٤ وە، ئێستایشی دەگەڵدابێت نەکتێبخانەم هەس نەئارشیف .. ئەگەر بۆ هەوێنی نوسینەکانم پێویستیم بە هەندێ زانیاری بێت، ئەوە مێشکی ماندووم دەکوشم بەڵکو شتێکی لێ هەڵبکرێنم! ئەگەرنا بە پەیفی بەمەزندە، ئەگەر بەهەڵەنەچووبم، لە کتێبان خوێندومەتەوە، خۆم دەرباز دەکەم .. تا ئێستاش بۆم چوەتەسەر .

ئەگەر بەهەڵەنەچووبم شێخ عوبێدوللای نەهری کتێبێکی بە فارسی داناوە، لە شیکردنەوەی وشەی (کرد - کورد) دا، دەفەرمووێ : کورد لە سێ پیت (کاف) لە کەماڵەوە (راء) لە رەئفەتەوە (دال) لە دینەوە .. پێکهاتوە .

ئەو پیاوچاکەی کورد وەك هەموو جەرگ سۆزێك هەوڵیداوە بە بەژن وباڵای میللەتی خۆیدا هەڵبڵێ و ناهەقیش نیە .. ئەوەتە شاعیری بەناوبانگی کورد حەمدی دەڵێ :

**تا بزانن عالەمی وەفا کرداره کورد**
**هەر ئەبێ تەعریفی ئەصلی خۆی بکا ناچاره کورد**
**زۆر قەدیمن زۆرن ئەمما تەفرەقەی کردون زەمان**
**وەرنە قەومێکی نەجیب و صاحبی مقداره کورد**

منیش لەو رۆژەی هەستم بە چاکەوخراپە کردوە، بە میللەتی خۆم سەرسام بووم .. دەگەڵ نەریتی کوردەواریدا دەتوامەوە، تا دوێنێ کۆمەڵگای کوردەواری گیان لەسەر گیان بوون .. هەستیان بە ئازاری یەکتر دەکرد، دەچوونە بانگ و هاواری یەکتر .. هەردەم پابەندی ئەو پەندە بوون " شین و شایی دەستەوایی ".

راستە "*چەم بێ چەقەڵ نابێ* "کوردیش خەڵکی وەك (چەتۆی فەرعۆ) و (فلیتی فتۆ) هەبوو کە فرچکیان بە تاڵانکردنی یەکتر گرتبوو! بەڵام چەندین جوامێری وەك (حوسێنی قەنجۆ) مان ن لەنێواندا هەبوو کە بەرامبەر نوێنەری نەیاری کوردان دەیگووت : راستە مەزنی ئێمە ئاین ئیسلامەو ئەزیش ئێزدی .. بەڵام نابێ ئەوە لەیاد بکەن کە ئێمە دوو برای دایی و بابین .. سوێند بە مەلەکی تاووس هەر کەسێك دەست بۆ خاك و مەزنی ئێمە درێژ بکات دەیکەینە پەندی زەمانە، هەتا دنیا ماوە لە دیوەخانان باس بکرێن!

کێ بە ناهەقم دەزانێ ئەگەر بەم میللەتە سەرسام بم؟! کەچی ئێستا .. هەرچەند سەردێنم و دەبەم، سەیری هەڵسوکەوتی ئەو کوردەی ئەمڕۆ دەکەم دوورونزیك بە دوێنێ ناچێ!!

لەوکاتەی شەقامی کورد بە پیلانی زڕبرایان هەژایەوە .. خەڵکانێك لەنێوماندا هەبوو"*تەبایەو نەباران* "! بەڵکو بە خەنجەری نەیارانی کورد شەڕن لەگەڵ دەکەن! لەوکاتەی پێویستە برینەکانمان سارێژ بکەین، خەڵکی ئەوتۆ هەن قەتماغەی برینەکان دەکولێننەوە! خەڵکی ئەوتۆشمان هەس ماوە ماوە سەفەری خیانەت بۆ وڵاتانی دراوسێ دەکەن و لە کۆبونەوەی ژوورە تاریکەکان ئامادە ئەبن چونکە ئەمجۆرانە فرچکیان بە خیانەت گرتووە .. بۆیە هەر لە ئێستاوە دەڵێم : ئەگەر لە ئاداری ١٩٩١ بۆ بەرژەوەندی گشتی خیانەتکاران بەخشران! ئەوەتە ئەوانی نێوان ١٩٩١ — ٢٠٠٣ تا ئێستا پێیان نەگوتراوە" *لە پشت چاوتان دوو برۆ هەیە* "ئەرێ سبەی بۆ ئەوانەی ئێستا کە لە گەرمەی خیانەتکاریدان چ دەڵێین؟!

# رەمەزانی پیرۆز

جاران خەڵك بەئومێدەوە لە چاوەڕوانی پیرۆزیی شەوانی هەینی و مانگی رەمەزانی پیرۆزدا بوون چونکە خەڵکی سەوادی خۆمان هەردەم ئومێدیان بە بەزەیی و بەخشینی خودای گەورە هەیە، بەئومێدن لەوکاتە پیرۆزانەدا بەزێدە خوداپەرستی ناخی خۆیان ساکین بکەن بۆ ئەوەی بەرەو ژیانی ئەبەدی ماڵئاوایی لە دنیا پیچ بکەن .

دەوڵەمەندی خێرخواز بە تەسبێحی (١٠١) دانە، داهاتی (٣٦٥) رۆژی رابردی ئەژمار دەکرد بەئومێدەوە بەشە هەژارانەی وەلادەنا، بەداخەوە ئەمرۆ نموونەی ئەوجۆرە دەوڵەمەندانە لە وڵاتی ئێمەدا دەگمەنن!(الذين ينفقون أموالهم باليل و النهار سرا و علانية فلهم أجرهم عند ربهم و لا خوف عليهم و لاهم يحزنون).

لەوکاتەی دەوڵەمەندی چاوچنۆك مێشك و دەروونی خۆی بەزێدە ماندوو دەکرد .. بەئومێد بوو بتوانێ ئاڵوگۆڕێك لە بەشی هەژاراندا بکات!! بەداخەوە نموونەی ئەمجۆرە دەوڵەمەندانە لە وڵاتی ئێمەدا لەمشەیە (.. والذين يكنزون الذهب و الفضة و لا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب اليم ).

هەژارانی وڵات بەئومێد بوون هەروەها دڵنیابوون لەوە کە خێرخوازانی وڵات لە شەوانی هەینی و مانگی رەمەزانی پیرۆزدا بەرامبەر بە ئەرکی شەرشانیان درێغی ناکەن .

جاران لەوکاتەی نێرومێی میللەتی ئێمە سەریان دەخستە سەرسەرین (بالیف) ئەو ووتە بەنرخەیان دووبارە دەکردەوە "نەجاڕ بنوو بێ خەمو خەیاڵ، خودا یەکەو دەرگا هەزار "

جاران خـەڵك بەئومێـد بـوون دەگـەڵ پیاوچـاكان حەشـر بكـرێن، بۆیـە لەدەسـت بەسـەرداهێنانی هـەتیوان سـلیان نـەدەكرد .. كەچـی ئێـستا زۆرینـەی خەڵك لە گەورەیی و مەنزڵەتی هـەتیو لـەلای خـودای گـەورە نابەڵـەدن، بـەڵكو هەتیو بوەتە قێزەوەنی كۆمەڵگا!

جاران خەڵك بەزەیی بـە هـەتیو، هـەژار، نـەخۆش، لێقـەوماوان دەهاتـەوە .. كەچی ئەمڕۆ باوك، منداڵ، برا، خوشك، مام، برازا دەگەڵ یەك راست نین!

جاران دەوڵەمەندی بـازاڕ بـە هـەموو شـێوەیەك هەوڵیـدەدا هـەژاری وڵات بـە ئـاگری گرانیـی نەسـووتێ، ئێـستا بـە پێـچەوانە .. كەڵـەگاكانی بـازاڕ لـە بارگرانی هەژاراندا داهێنان دەكەن .

گوندە پێنچسەت ماڵیەكەی ئیمە تەنیا یەك مـەلای تێـدا بـوو، كەچـی لـە گوێڕایەڵیدا هەردەم لە پێشبڕكێدا بووین، هەمووومان ملكەچـی فـەرموودەكانی دەبووین چونكە جاران مەرجی سەرەكی مەلایەتی .. دینداریەكەی بـوو، بـەڵام ئەمڕۆ مەلایەتی و پیرۆزی مەنزڵەتی بوەتە وەزیفە!

جاران ژمارەی نوێژكـەری وڵاتم زۆر كێمبـوو، بـەڵام بەقـەد زۆری و بـۆری نوێژكـەری ئێـستا خوورەوشـتی نوێژكـەرمان هـەبوو، دەمێكـە ئێمـەمانان لـە روانگـەی كۆمەڵایەتیـەوە .. وڵاتـانی غـەیرەدین سەرزەنیـشت دەكـەین، كەچـی ئەو بەدرەوشتیەی لەلای ئێمە روودەدا بە هیچ شێوەیەك لەوێ نەبوەونیـە! لـە چ دەورو زەمانێك روویداوە باوك لاقەی كچی بكات!! یـان بـرا بـە خوشـك! یـان خەزوور بە بووكێ؟!

لە كۆتاییدا بەئومێدەوە دەڵێم : بۆ ئـەوەی ئـەم وڵاتـە، ئـەو میللەتـە لـەو میحنەتە دەربازبێـت .. پێویـست بـە هیممـەتی هـەموو لایـەكمان دەكـات بۆیـە دەڵێم : تا زووە وەرن بۆ بەرژەوەندی گشتی یەكتر بخوێنینەوە .

# تەتەری ئەیلوول

خۆبەختکەر، بێوەی، ساکار، مەرد، بەزێدە پابەند بە خاك و میللەت، لەگەڵ خۆیان و میللەتیان راستگۆ، ئەوانە وەك سەرۆکی هەمیشەیی نەتەوەی کورد بۆ کورد لەدایك بوون، بۆ کورد ژیان، بۆ کورد سەری پڕ لە جەوهەریان نایەوە ژێر گڵ .. شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەسەر شانی ئەوان دروست بوو! بۆیە لەم نوسینەدا بە نەوەی ئەیلوول نێوزەدیان دەکەم .

لە سەروبەری شۆڕشدا زاراوەو نازناوی رەشاش، تەکتریۆف، تەتەر، دارایی، لاسلکی، کادیر، ئازووقە، بێتەل، کۆمەڵە، بنکە .. کەوتە نێو فەرهەنگی نەتەوەکەمان، ئەوان وەك نەوەی ئێستا نەبوون .. ئەوان بە هیچ شێوەیەك گیروگرفتیان دەگەڵ هیچ شتێك نەبوو، بەڵکو توانیبویان خۆیان لە گەڵ هەموو شتێکی سەردەم رابێنن .

هەموو کچانی کوردستان بە خۆزگە بوون بە حەلالی دەقەبەر پێشمەرگەیەکی ئەو هێزە بەنێوبانگانەی لەشکری کوردستان بکرێن، کچۆڵە نەبوو ئاشقی نێك بەشەشاگرو شان بە برنۆی پێشمەرگەی ئەیلوول نەبن .. زۆربەیان لەنێوان چوار ساڵەی ئاداری ١٩٧٠ — ١٩٧٤ دا،بەئومێد گەیشتن، لە گەڕێێ دیلانێدا لەسەر ئاوازی مۆسیقای عەسکەری سەیید کەریم بەناز دەهەژانەوە، جوامێری ئەوان عینفوانی نەتەوەکەم بوو، بۆیە دەڵێم : تا کورد ماوە نەوەیەك نابێ لەنێو سەنگەردا بە تفەنگی قۆنداخبەگرێ چۆکی بە پشدین بەرامبەر بە تانکی دوژمن ببستێ!

تا دنیا ماوە جارێکی دیکە لاوکی شەڕی دەشتی هەولێری حەسەن حەیران ناچڕدرێ! .. تا ئێستا عەلی تەکتریۆفێکی دیکە لەسەر خاکی

کوردستان لەدایك نەبوە !جارێکی تر مێژووی ئەدەبی میللی کوردەواری ناتوانێ داستانی تراژیدیای شەڕی شاخۆلان تۆمار بکاتەوە، من خەڵکانێك دەناسم کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەشدار نەبوو .. بەلام لە دوای نسکۆهێنان پەنجەی پەشیمانی بەشدارنەبوونیان دەگەزی!

سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتیەی بەسەر میللەتەکەمان داهات، تا دنیا ماوە نەوەیەکی سەربەرزی وەك نەوەی ئەیلوول لە دایك نابێتەوە، هەرچەند جڵەوی قەڵەمەکەم بۆ ئەیلوولیەکان شۆڕ بکەم .. هەردێ و بەگوڕتر دەبێ!!

نەوەی ئەیلوول بە زاراوەی (تەتەر) ئاشنایە، کەچی رۆژنیە نەوەی نوێ لە مانای ( تەتەر) نەپرسێ، ئەوەی لە کتێباندا نوسراوە گوایە لە حوکمڕانی عوسمانیەکاندا میللەتی (تەتەر) لە هێنان و بردنی (نامە، پۆستە) سوارچاك بوون، تا گەیشتۆتە ئەو رادەیە کە دەزگایەك بەنێوی (تەتەرئاغاسی)لەنێو دامودەزگای عوسمانیەکان دروست بێت، بەلام بەدرێژایی زەمەن ئەو کارە لە جغزی میللەت دەرچوە .. بوەتە کاروپیشەیێکی حکومی!

ئەگەر مرۆ کەمێك شارەزایی لە قورئانی پیرۆزدا هەبێت بە تایبەتی سوورەتی (المؤمنـــون) ئایەتی (٤٤) کە خودای گەورە دەفەرمووێ : "ثـــم أرسلنا رسلنا تترى "بۆی روون دەبێتەوە کە وشە یان زاراوەی (تەتەر) دوورونزیك پەیوەندی بە میللەتی تەتەرستانەوە نیە! بەڵکو لە نێو قورئانیشدا بۆ هەمان مەبەست (هەناردنی یەك لە دوای یەك) بەکارهاتوە بۆ شیکردنەوەی ئەم وشەیە سەیری هەرچوار تەفسیرە بەنێوبانگەکانی (القرطبي، الطبري،الجلالين، ابن كثير) کراوە .

# خوێندنەوەیەك بۆ دوێنێ و ئەمڕۆ

لەوەتـەی ئـەو پەڵـە هـەورە ڕەشـە لـە ئاسمـانی بەغـداوە بـەرەو سـاماڵە ئاسمـانی کوردسـتان بەڕێوەیـە .. تـا دێـت تارمـایی و دڵتـەنگی دەخاتـە نـاخ و دەروونی خـەڵکی کوردەواری، پیـاو بـۆ خـوا بڵـێ ئـەوان توونـدودڕ .. ئێمـەیش نەرمونۆڵ! هەرچەندە بە کودەتای زڕبرایان مەدهۆش بـووین کەچـی تـا ئێـستا لە سنووری گل و گازانـدان دەرنەچـووین، بـەڵام ئـەوان بەتایبـەتی ئەوانـەی تـا دوێنێ لەسەر خوانی ئێمـە سمێڵیـان چـەور دەکـرد یـان ئەوانـەی تـا دوێـنێ لـە حیـسابکردندا بـەهیچ شـێوەیەك ڕەقـەم نـەبوون لـە کـوردان بوونەتـە پـەنگرە ئاگر!

سەرەڕای ئەو هەموو نائەمواریيەی بەسەر کوردی کۆسکەوتوو داهـاتوە .. تـازە بـە تـازە خـەڵکانێك گوایـە ئـەوانیش سیاسـەتمەدارن بۆیـە لـە ڕوانگـەی ئازادی بیروڕادا ئاگری دووبەرەکی لەنێوماندا خۆش دەکـەن! بـۆ وەڵامدانـەوەی ئــەو بــۆرە پیاوانــە دەمێکــە کــورد گوتوویــەتی : "ئاغــە ژنــی بەرچــەپەرێ، باوەشێنت کلکی کەرێ ".

دوورنیـە ئـەو مەترسیـەی لـەلای ئێمەمانانـدا هەیـە، لـەلای نـەوەی نـوێ بەمشێوەیە بەدی نەکرێ .. چونکە ئەو پەنـدە کوردیـە لەسـەر ئێمـە پراکنیـك دەکرێ "ماران گەز، لە گوریـسی ڕەش دەترسـێ "ئـەوەی کارەسـاتی سـاڵی ١٩٧٥ و مالوێرانی ساڵی ١٩٨٨بینیبێت ناهەق نین ئەگەر لە بـارودۆخی ئێـستای کـوردان بترسێن!

بۆ خودی خۆم لەو نیگەرانیەمدا دوێنێی کوردانم خستەوە بەرخوێندن، بەتایبەتی مێژووی چوارساڵەی ڕێکەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠، کاتێ لاپەڕەکانی کتێبە بە نرخەکەی کاك مەسعود بارزانی (البارزاني والحركة التحررية الكوردية – الجزء الثالث) ئاوەژوو دەکردەوە بە تایبەتی نامە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان بارزانی مستەفاو سەدام حسێن بە یەقینەوە گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە!

نامەکانی بارزانی بریتین لە دەست نیشانکردنی کەموکووری حکومەتی بەغدا بەرامبەر بە کوردان هەروەها گل و گازاندەی هێمنانەو برایانە، کەچی وەڵامە نامەکانی سەدام بە تایبەتی نامەی ڕۆژی ١ / ئاب / ١٩٧٠ و ١٣ / تەمموز / ١٩٧١ لەنێوان ڕستەکاندا .. لە پەرەگرافەکاندا .. لە هەموو پەیڤەکاندا لووز بڵندی جەبەڕووتی تێدا بەدی دەکرێ!

ئەگەرهاتوو قسەکانی سەدام لە تای تەرازووی سیاسەتی سەردەمی ساردوگەرمدا داینێین، هێندە گلەیی لەو ملهوڕە ناکرێ!! بەڵام ئەوەی جێگەی واقوڕمانە ئەو ملهوڕیە بێ تامەی زڕبرایانی ئێستاکێمانن، عەرەب گوتەنی*'احنا ولد الگريه، كل من يعرف خيه* "ئەوانە بە کوڵاوی، بەبرژاوی، بەسپیکراوی ڕۆژێ چەند جارێك باس لە بەغدایەکی بەهێز دەکەن، دڵنیام ئەگەر بۆیان بچێتە سەر .. سبەی باس لە "نەوتی عەرەب بۆ عەرەب "و "عێراق بەشێکی زیندووی نەتەوەی عەرەبە "دەکەن چاویشمان دەرچێ وشەی کوردی لەسەر دراوو دیکۆمێنتاتی فەرمی نابینین!

بۆ ئەوەی ئەمجۆرە خەونانەی زڕبرایان لەگۆڕحەشارنانی ئومێدوئاواتی کوردان نەیەتەدی پێویستە هەموو نەتەوەی کورد وەك دیوارێکی ئەستوور لە پشت ئەو سەرکردایەتیە ڕابوەستێ کە بۆ بوون و نەبوون بەرەو بەغدا

ئۆغری کردوە، هەر ئێمە نەبووین ئەمجۆرە شیعرە بەرزەی (بێدار) مان، دەگوتەوە :

**لە رێگای عیشقی جێی خۆم بمکوژن لاموایە قوربانە**
**بەقوربانی ئەم کەسەم لەم جەژنە قوربانە بە قوربانە**

## داروەدەستەی چاکەخواز

هەرجارێك سەرکردایەتی کورد بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بەرەو بەغدا دەچێ .. خەمۆکی دامەدەگرێ، لە حەژمەتان هەناسەی قوول هەڵدەکێشم و ناولەپان لێك گیردەکەم! ئەو بەشە خەوتوەی نێو مێشکی ماندووم لێواگا دێت و بە فلاشباگ دەگەڕێمەوە رۆژانی سەرفرازی مەلا مستەفای بارزانی، بە هەموو مانایەك رۆژانی عینفەوانی کورد بوو،

تۆ بڵێی رۆژێك دابێت دامودەزگای پەروەردەی هەرێم ئەمجۆرە وانانە نەخاتە نێو پرۆگرامی قۆناغەکانی خوێندن کە تێیدا باس لە هێبەو ویقارو حیکمەتی سەرکردەی هەمیشەیی نەتەوەی کورد دەکات، پێویستە نەوەی دوای ئەیلوول ئەوە بزانێ کە بارزانی مستەفا لە ژیانیدا (گەلی عەلی بەگی) نەبەزاندوە! بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گرفتەکان هەردەم دەسەڵاتدارانی بەغدا سەردانی (حاجی ئۆمەران، ناوپردان) یان، کردوەو لە ژێر خێوەتی بارزانیدا باس لە هەموو شتێکی ئەو عێراقە کراوە .

دەبێ هەوێنی ئەو سیحرە ئەفسوناویەی لە چیەوە هاتبێ؟! مامۆستا (حبیب محمد کریم) بۆی گێڕاینەوە : من و کاك مسعودو ئیدریسی جوانەمەرگ .. بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکانمان لە بەردەم ژووری بارزانیدا ئامادەبووین، کەچی پاسەوانێك بە ئێمەی گووت : میوانی هەیە! هەرسێکمان بە سەرسوڕمانەوە سەیری یەکترمان کرد .. بارزانی میوانی هەیەو ئێمەیش

نایزانین؟! ماوەیەك خۆمان مژووڵ كرد، لە پڕ ئیشیماندا كاك مسعود بە منی گووت : لەسەرەخۆ دەرگاكە بكەرەوە بزانە كێ لەوێیە، منیش بە ئاسپایی دەرگام كردەوە، بارزانی فەرمووی لێكردم و منیش فەرمووی بەڕێزانم كرد .. بە چاوی خۆمان بینیمان بارزانی لەو دانیشتنەیدا لە دنیایەكی دیكەدا بوو .. بە هەموو هەستێكەوە گوێدێری میوانەكەی بوو . منیش قسەم بە مامۆستا بڕی و گووتم : میوانەكە كێ بوو؟ گووتی : <u>شوانێكی بناری قەندیل</u>!!

هەروەكو لە نزیكەكانم ژنەفتوە : لە كاتوساتێكی زێدە دژواری شۆڕشدا .. لەوكاتەی شۆڕش زۆر نەداربوو .. پێشمەرگەی بە شەرەفی كوردستانیش (قووتی لا یەموتی) دەژیان! ئا لەو تەنگانەیەدا .. كاتێ تاریكی باڵی بەسەر ناوچەكە دەكێشاو زیندەوار هەستوخوستی نەدەما ..بارزانی باوك دوور لە پاسەوانەكان بە نێوان تارمایی خێوەت و خانوە قوڕەكاندا خۆی دەگەیاندە هەڤاڵانی رێگای هاتونەهات و (چەند روبعێكی) دەمست دەنان و لە گەورەو بچووكی دەپرسین، بە دوو قسان ئومێدو گڕی دەخستەوە ناخ و دەروونیان، گوایە بە بارزانیان گوتوە چۆن بە تەنیا دەچیە ئەو شوێنانە؟ ئێمە لە خزمەتكردنیاندا درێغیمان نەكردوە! هەروەكو دەڵێن بارزانی فەرموویەتی : كاتێك من و ئەوانە بەمجۆرە شوێنانە گوزەرمان دەكرد .. ئێوە لە هیچ شوێنێك دیارنەبوون! ئێوە ئەوانە ناسناكەن! ئەوانیش ئامادەنین لە دەرگای ئێوە بدەن! رۆحی منو دوارۆژی ئەو میللەتە لە دەست خواو ئەو جوامێرانەدا بوو .. ئەوانە پێیان دەگوترێ (البطانة الصالحة) واتە داروودەستەی چاكەخوازو خێرخواز .

خوێنەری ئازیز بۆ ئەوەی سوكنای دڵت بێت هەر لەلای خۆت دروودێك بۆ گیانی باوكی رۆحی نەتەوەكەت بنێرەو دوعاخوازبە كە براگەورەكانمان بیتانەیەكی وەك ئەوەی بارزانی نەمریان هەبێت .

# شعبنا الكوردی

وەك شاگردێكی ڕێبازی بارزانی نەمر .. هەردەم هەوڵمانداوە خۆمان لە نوسینی موهاتەرات و بۆچوونی توندڕەویدا دووربخەینەوە، زۆر بە راشكاوی بڕوامان بە برایەتی (بەنی بەشر) هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی دەگەڵیان دەژین .. بەڵام ئەو زڕبرایانەی ئێستامان بە تایبەت هەندێكیان گەلەك جینگزن! زۆر بێ مروەتیمان لە گەڵ دەكەن! دەمێكە كورد گوتوویەتی "*كافر كوشتن غەزایە، بێ مروەتی باش نیە*"! شەرمم بەخۆدێت ئەگەرنا خواشاهێدە ماوەیەكە گریانم بۆ خۆمان دێت! لە خووت وخۆڕایی درۆی شاخدارمان بۆ هەڵدەبەستن، بە نوێژی نیوەڕۆ دەنبوغزێنن .. هەر ڕۆژێ بە بیانوێك گەلەكۆییمان لێدەكەن .. هەنگاوی خێرخوازانە بەرەو بەغدا دەنێین كەچی ئەوان وەك میزی حوشتر دوو هەنگاو بەرەو پاش دەكشێنەوە .. خوایە ئەو كوردە داماوە لە گەڵ چ كەوتۆتە چاڵێ؟!

لە وەتەی فەرمانی كوشتن، تالان، قڕكردنی بەرەبابی حەزرەتی عیسا لە لایەن شۆفێنیە عەرەبەكان دراوە .. ووردودرشتی كورد دەخزمەت ئەو خەڵكە مشەختەن .. كار گەیشتە ئەوە لەسەر مینبەری (محمد المصطفى) دا، بانگەوازی خێرخوازانەیان بۆ جاڕدرێ .. ئەوەی لە دەستمان هاتبێ درێغی نەكراوە، كەچی چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا لە هەموو میدیاكاندا باس لەوە دەكرا گوایە هەموو قەشە، بەترياك، مەرقۆس، شماسەی فەلەكانی موسڵ دەخزمەت سەرۆك وەزیرانی عێراقدا بوونەو خۆیان هاوێشتۆتە سەر بەخت و ویژدانی .. تاكو لە دەست كوردانیان دەرباز بكەن!! لە میدكانی ئێمەیش ڕۆژانە باس لە داواكانی فەلان دەكرێ كە بە خۆزگەی پابەندبوونیان بە

هـەرێمی کوردسـتان لـە کەنیـسا نوێـژان دەکـەن و مـۆمی ڕەنگـاوڕەنگ بـۆ هاتنـەدی ئـەو خۆزگـەیان دادەگیرسـێنن!! پیـاو نـازانێ بـە کـێ بـاوەڕ بکـات؟! هەرچەنده بۆ کوردبوونی فلان و فیسار .. بـۆ خـۆم دەگـەڵ ئـەوەدام لـە ڕۆژی ئامارکردندا هەر کەسێك سەربەستە خۆی چۆن تۆمار دەکات با بیکات!!

سـەرەڕای ئـەوە کـە پێـشمەرگە لـە پاسـەوانکردنی پەرلـەمانی عێـراق و زۆربـەی گـەورە پیـاوانی دەسـەڵاتی بەغـدا بەشـدارن .. کەچـی نـوجێفی، حەنینۆك، ئەوەی خۆی بە نوێنەری ئێزدیە عرووبیەکان دادەنێ، هەرەسانیان لە ئێمە هـەڵگرتوە، ڕۆژانـە لـە ناونـاتۆرەو جنێـوی عـوترلی بـە کـورد داهێنـان دەکـەن! نـەك ئـەو سـێ کەسـەیان بـەڵکو زۆربـەی زڕبراکانمـان ماوەیەکـە لـە وەتەری شعبنا الکوردی دەدەن! تازە بـە تـازە دەیانـەوێ جیـاوازی بخەنـە نێـوان پارتـە سیاسـیەکانی کوردو شعبنا الکوردی (قـادە أحـزاب الکـورد شـئ و شـعبنا الکوردی شئ اخر!!)

گوایـە ئـەو ئەنـدام پەرلەمانـەی عێـراق کـە نـاوی (محمـد الـداینی) ە، لەبەردەم کۆنگرێسی ئـەمریکادا شاهێدی لەسـەر پێـشمەرگە تۆمـار کـردوە کـە (١٣) هـەزار خانـەوادەی زڕبرایانیـان لـە پارێزگـای (دیالـە) شـاروەدەرناوە! گووتیان" مالّ لەخۆڕا نەبوو، میوانیش ووری ووری، یاخوا بـەخێر بێـی سۆرە گوڵی باخان "!

هەرچەندە ماوەیەکە رەشەبایە .. پێویـستە تـا شـەکەت بوونمـان ڕێگای گفتوگۆ تات بکـەین، بـەڵام دڵنیاتـان دەکـەم لـە گـەڵ نزیـك بوونـەوە لـە ڕۆژانی هەڵبژاردندا .. هەوری تاری ئاسمانی کوردستان رەو دەکات، دڵنیابن .

# وێنەكان دەدوێن ..!

كـاتێ هۆبـەو هـەوارمان لـە ئاقـاری غـەیرەدینان هەڵدا .. وەك پێویـستی ژیان و خۆگونجانـدنمان دەگـەڵ كۆمـەڵگای ئـەوێ (نێرومـێ) هەوڵمانـدا فێـری پایسكل لێخوڕین بین، سەرەتا تووندەكان بـە پایـسكل لێخـوڕینی ئافرەتـان زۆر نیگەران و دلگران بوون بەڵام لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەو قەناعەتە كـە پایـسكل وەك ئۆتۆمبێل پێویستی ژیانە!

لـەوێ فێربـوونی مەلـەوانی دەگـەڵ یەكـەم وانـەی خوێنـدنی قوتابیـان (نێرومـێ) دەسـت پـێ دەكـات، بۆیـە مەسـەلەی چـوونی ئـافرەتی كـورد بـۆ مەلەوانگـەی تێكـەڵ .. درزێكـی خـستە نێـو خانـەوادەی رەوەنـدی كـورد، هـەروەكو چـۆن خوێنـدنی هەنـدێك منـداڵان لـە قوتابخانـە تایبەتیـەكانی مەسـیحی .. ئـەویش درزۆنگـی لـەنێوان خانـەوادەكان دروسـت كـرد! ئـەو كەسانەی بـە خـواردنی كـوردەواری و ئیـسلامیانە پابەنـد نـەبوون .. گـەلێجار دەبوونــە شەوچــەرەی شــەوانی جالییــەی كــورد، ئەمــەیش قۆناغێكــە لــە قۆناغەكانی ژیانی نوێی كۆمەڵگا .

زۆرجار لـە وڵاتـانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا، كۆرپـە بـە تایبـەت (نێـر) لـە نەخۆشخانەكان دزراون، بەڵام لـە ئـەوروپا لـە یەكـەم چركەدا .. خـوێن لـەژێر قاچی كۆرپـە (پاشـپان – قوونپـانی) دەردێـنن .. دەتـوانین بڵێین ژێرپێـی بـە خوێنەكــە پەنجــەمۆر دەكــەن، نــابێ ئــەوەیش لــەیاد بكــەین .. دەمێكــە كوردەواریش بۆ ناسینەوە مەڕوماڵاتیان دەسمی!

لە رووی تەندروستیدا .. دكتۆر نهێنی نـەخۆش نـادركێنێ! جگـە لـە ژن و مێرد بە هـیچ شـێوەیەك دكتـۆر دوو نـەخۆش پێكـەوە ناباتـە ژووری پـشكنین،

لەوێ لەکاتی ژانوژووری منداڵبووندا پیاوەکان لە ژووری منداڵبووندا هاوژانی ژنەکانیانن!!

لێرە لە کوردستانی مۆدێرندا بە هیچ شێوەیەك پیاو ناتوانێ دەگەڵ ژنەکەی بچێتە ژووری پشکنین تاکو لە نزیکەوە گیرگرفتی نەخۆشەکانی بزانێ .. چونکە دکتۆرەکانی خۆمان حەوت نەخۆش پێکەوە دەبەنە ژوورەوە! هەموو نەخۆشەکان بە نەخۆشی یەکتر دەزانن! نرخی پشکنین لێرە دوو زەردێنەیە (چوونە ژوورو سۆنەر) بە تایبەتی ئەو دکتۆرانەی لە شارەکانی دیکە هاتونەتە کوردستان .. مشارئاسا (نازل .. صاعد) دەبڕن!!! تۆ بڵێی لە پیرەووپرۆگرامی ئەو هەموو سانديكا، کۆمەڵە، نەقابە تەندروستیانە میکانزمێك نەبێ بۆ چاودێری نۆرینگەی دکتۆرەکانی کوردستان لە بارەی نرخی پشکنین، وێنەگرتن، تاقیگەی پشکنین، دەرمانخانەکان؟ بەڕاستی کۆمەڵگای کوردەواری بەزێدە باری قورس بوە بۆیە دەڵێم : روحمێ بەو خەڵکە بکەن تاکو خوداش لە ئاسمانەوە روحممان پێ بکات .

هەرچەندە خۆم بە پابەندی نەریت و بڕوا دەزانم، کەچی گیروگرفتیشم لە گەڵ ئەو بەرەڵڵاییەی هۆڵەندا نەبوو .. ئەی نالێن :"*__مەڕ بە پێی خۆی، بزن بە پێی خۆی__*"ئەوانیش بەم قۆناغە تێپەڕیون بەڵام "*__کوردی دۆ نەدیتە__* "دەیەوێ چەند پلیکانێك بەجارێ ببڕێ .. وەك نەزانن ئەگەر خلیسکێمان برد ئەسکووردمان دەشکێ!! من دەگەڵ بەرەوپێشچوونی وڵات و کۆمەڵگام .. دەبەر بەژنی ئەو کەسە دەمرم کە شوێن پەنجەی لەو پێشکەوتنەدا دیارە! تا دەکرێ لەسەر ئەم خاکە .. بۆ ئەم خاکە خەبات بکەو درێغی مەکە.. بەڵام ( پاردۆن .. ئاشتوبلیفت .. سۆری ) دەست بۆ قانوونی ئاسمان درێژ مەکەن!

# هەرێ .. ڤان .. عاپووڵ

لە گەڵ کودەتای زڕبرایانـدا .. هەقایـەتی (دارکەرو مارەکە) لـە هزرمـدا دەغـەڵغوڵی، کەچـی چـەندان سێـشەممەیە (ڤـان) دەدەمـەخۆ نـەوەك بـە توونـدڕەوم دەقەڵەم بدەن! کەچی ماوەیەکە ئەو زڕبرایانـە بەرامبـەر بـە کـورد (عـاپووڵ) دەکـەن .. لـە روانگـەی (الرجـل القـوی) چـەقوون لـێ تیـژ ئەکـەن! حکومەتێکی بەهێزی مەرکەزی بوەتە بنێشتە خۆشەی بنددانان .

جاران بـە بڕیـار.. ئێـزدی، شـەبەك، فەلـەی عێراقییـان دەکـردە عـەرەب! کەچـی زڕبرایـانی ئـەمڕۆی عێراقـی نـوێ بـە (٢٤) و (٥٠) رووتـن دەکەنـەوە، لەبری (فرسان صلاح الدین) و (خالد بن ولید) باس لە (الصحوە) و (الاسناد) و (**المؤتمرات العشائریة**) دەکـەن، یـاری بـە پەیڤـەکان دەکـەن .. تـا دوێـنێ (الجحـوش) جـاش بـوو، کەچـی ئـەمڕۆ بـۆ نـەیاری ئێمـە بوونەتـە (شـــرفاء الـــوطن) ئـەو هێنـان وبردنـەیان تـەنیا بـۆ کەمکردنـەوەی دەسـەڵات و دەستکەوتەکانی هـەرێمی کوردسـتانە کـە تـا دوێـنێ لانـەی گـەرموگوڕی ئـەوان بوو .

"*مـن مـردوو، ئێـوە زینـدوو* "بـۆ ئـەوەی عێـراق بـە قـەڵای سـەختی شۆڕشگێرانی عەرەب بمێنێتەوە سەرۆك کۆماری عێراقیش بـۆ کـوردان فـت!! دروشمی (**شعب العراق جزء من الامـــة العربیـــة**)لـە دیباجـەو نـاوەرۆکی دەسـتوریش دەنوسـرێتەوە! هەڵـسوکەوتی زڕبرایـان .. بەنـدەی گەیانـدە ئـەو قەناعەتە کە ئەم سەربردە کوردەواریە بۆ خوێنەری گۆشەکەم بگێڕمەوە :

پیرەمێردێکی دارکەر.. رۆژانە بۆ بژێوی ماڵ ومنداڵی چوەتە داران .. بـە پارەکـەی پێویـستی ماڵـەوەی مەیـسەر کـردوە، رۆژێکیـان بـۆ پـشودان لـە نزیـك

غەرەبەردێك ددادەنیشێ، لەگەڵ مژلێدانی قەننەکەی .. بەردەکان لەسەریەك دادەنێ ، لەو کاتوساتەدا مارێك لەنێو غەرەبەردەکە سەر دەردێنێ و یەك لیرەی رەشادی بۆ دەرشێتەوە و دەڵێ رۆژانە وەرە لیرەی خۆت ببە بە مەرجێ کەس بەو نهێنیەمان نەزانێ!! نرخی بارەدارو لیرەی مارەکە .. باروبووی پێرەمێردی خۆشکرد بۆیە بڕیاریدا بچێتە ماڵی خودا، رۆژێك بەر لەسەفەرکردنی .. پێرەمێرد بە مارەکە دەڵێ : دەچمە حەج، مارەکەش دەڵێ : بەخێروسەلامەت ئێمە لەسەر هەرێی خۆمانین خوات لەگەڵ .

پیرەمێرد گەلێکی پێ ئەستەم بوو ئەو لیرانەی لە کیس بچێ .. بۆیە ئەو نهێنیەی لای کوڕەکەی دەدرکێنێ! کوڕەکەش بۆ سپێدە دەچێتە لای غەرەبەردەکە .. مارەکەیش بە نادڵی لیرەیەکی بۆ دەرشێتەوە! کوڕەکە لە دڵی خۆیدا دەڵێ : پێویست ناکات هەموو رۆژێ ئەو ماندوو بوونە بکێشم .. غەرەبەردەکەی لاداو بیورێك دەوەشێنتە مارەکە و کلکی دەپسێنێ! مارەکەش ناکاتە نامەردی خۆی دەسوڕێنێ و بە کوڕەکە وەدەدا و دەیکوژێ!!

کاتێ پیرەمێرد لە حەج دەگەڕێتەوە .. پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ! رۆژێکیان دەچێتە لای غەرەبەردەکە .. مارەکەش بە نادڵی لیرەیەکی بۆ فڕێدەدا و مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، پیرەمێرد تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی و دەڵێ : ئەوەی چوو .. چوو! مارەکەش دەڵێ : پێویست ناکا جارێکی دیکە بێیتەوە ئێرە چونکە *نەمن کلکی خۆم ژبیر دەکەم، نەتۆش جەرگی خۆت!*

# جوامێری حکومەت

لـە ڕۆژانـی گفتوگـۆ لەسـەر یاسـای (بـاری کەسـێتی) شـەقامی کـورد بـە هەڵچوونی نیسکی سەر ئـاگر دەچوو، کەچی ئەوانـەی هـەردەم لـە ئـاوی لێڵدا مەلـە دەکـەن .. بـێ ئـەوەی هەسـت بـە مەسـئولیەت بکـەن قـسەی هەلـەق و مەلـەق دەکـەن! بـۆ ئـەمجۆرە کەسـانەش دەمێکـە لـە کوردەواریـدا گـوتراوە " *دیسان دایەوە چۆمێ* ".

وتارخوێنـــانی مزگـــەوتانیش (*خوایـــان لـــێ ڕازی بێـــت*) هێنـــدەی تـــر کۆمـــەڵگای کوردەواریـــان نیگـــەران کـــرد، ســـوپاس بـــۆ خـــودا لـــە ئەنجامـــدا بـــە هیممـــەتی چـــاکەخوازانی میللەتەکـــەمان زمـــانی هەڕەشـــە بەرامبـــەر بـــە حیکمەتی حکومەتی کوردان چۆکیدا! ئاوێ بەو ئاگرە داکرا .. کـە دوور نـەبوو زۆر شتمان لێ بسوتێنێت .

بـە بۆچـوونی مـن هەنـدێ شـت هەیـە پێویـست ناکـا لـەم کاتوسـاتەی کوردستاندا دەستی بۆ درێژ بکرێ، بە مانایـەکی دیکە ئەگـەر هاتوو ئـارەزووی ئاڵوگۆڕێك لەنێو کۆمەڵگادا بکەین پێویستە زەمینـەی بـۆ خۆشبکرێت ئینجا ئاڵوگۆڕەکە پراکتیك بکەین، کـورد دەڵـێ :"*ئـەوەی بیگـری بـە شـیری، بـەریناده بـە پـیری* "دەوروزەمانێکـە ئـەو میللەتـە سـتەمدیدەی خۆمـان لەسـەر چـەندان شـت چاشـاندراوەو خـدوویی پێـوە گرتـوە .. تـۆش دەتـەوێ بـە کونفەیـەکونێ بـەجۆرێکی دیکـە بیـچاشێنی؟! ئـەوە لـە چ قوتابخانـەو ڕێبـازی کۆمەڵناسـیدا ڕوویداوە؟! بە مەزندە ئەگـەر کـار ئـاوا بـڕوات دوای چـەند سـاڵێکی دیکـە ئـەو کۆمەڵگایەی خۆمان خۆی لەژێر بارگرانی زۆر شتدا دادەتـەکێنێ .. بـێ ئـەوەی هەســت بــە تــەپوتۆز بکرێــت قۆنــاغ بــە قۆنــاغ تــەکان بــەرەو هەڵکــشان و

بەرەوپێشچوون لێدەدا .

بەداخەوە .. کورد بە گشتی و رۆشنبیران بەتایبەتی قسان زۆر دەکەن! زۆربڵێش هەردەم تووشی دەردەسەری دەبێت، لە دێرزەمانەوە گوتراوە پیاو قسان نەکات، ئەگەر کردیشی قسەی باش بکات چونکە بۆ دین و دنیا باشە، کەچی ئەو قسە نەستەقەیە رێك بە پێچەوانەی مەحشەری رۆشنبیرانی کوردە!

لەوەتەی ئاوێك بەو ئاگرەی (باری کەسێتی) داکراوە، خەڵکانێك لە روانگەی رەخنەگرتندا وتاری نامەسئولانە بلاودەکەنەوە، کە بە هەموو پێوەرێك (رووخێنەرە!!) . بەڵام بۆ مەسەلەی راست و دروستی ئەو قسانەی هەندێ نوسەران با کۆمەڵگای کوردەواری دەکەینە سەرپشك .

لە دوای ئەوەی ئەو جوامێرە توانی بڵێسە ئاگرێکی کۆمەڵایەتی دابمرکێنێ ئینجا دەوترێ حکومەت بۆی نیە قسە لەسەر یاسایێ بکات کە لە پەرلەمان دەردەچێ! ئەی کێ (صمام الامان) ی، ئەو میللەتەیە؟ پیاو نازانێ دەگەڵ ئەو (خەڵکە) چی بکات؟ لە خووت وخۆڕایی .. بێ ئەوەی رەچاوی ئاسایشی نەتەوایەتی بکات تۆی کینەو دڕدۆنگی لەنێو کۆمەڵگادا بلاودەکەنەوە! ئەگەر جوامێرێك چارەسەرێ بۆ ئەو شێواندنەی ئەوان بدۆزێتەوە، لەبری دەستخۆشی بەمشێوە نارێکە قسەی لەسەر دەکەن، وەك نەزانن قسەو کاری باش لەلای (باری تەعالا) پاداشتی هەیە .

(زیکی) دۆستی کورد لە بەرامبەر کۆنفرانسێکی ئێمەدا لە هۆڵەندا گووتی : لە راسپاردەکاندا جەخت لە سەرکردایەتی خۆتان بکەن تاکو دەستی ئاشتبوونەوە بۆ یەکتر درێژ بکەن، ئێوە سەیری ماچی یاسر عەرەفات بکەن کە لە تەنکە روومەتی کچی مۆشێ دایانی کرد، کەچی تا دوێنێ هەردوولا دوژمنی سەرسەختی یەکتربوون!

# سێبەری لوولە تفەنگی پێشمەرگە

رۆژێکیان لە (ماڵی چاودێری پیراندا) کچێکی زێدە جوانکیلەم بینی .. روومەتی دەتگووت : خۆخێ بەکوورکە! پێمگووت : تۆ بڵێی خەڵکی ئێرە ئاوا وەك تۆ بەزێدە خزمەتی ئەو بەساڵاچووانە دەکەن؟ گووتی : بەڵێێ ئەوانە رۆژانێك بۆ ئەوەی ژیانی ئێمە بەردەوام بێت باجیان داوەتە حکومەت، ئەوەی دوێنێ چاندوویانە .. ئەمڕۆ دەیدوورنەوە، لە هەمانکاتدا ئەمڕۆ نۆرەی ئێمەیە باج بدەین تاکو ژیانی نەوەی داێ مەیسەر بێت .

لەبەر هێندێ ئەوانەی لە هۆڵەندا باج دەدەنە حکومەت هەردەم لەنێو دامودەزگاکان و خەڵکدا سەربڵندن، هەروەها بەزێدە رێز لە مرۆڤی خانەنشینکراو دەگرن، لەم کوردستانەی خۆمانیشدا خەڵکانێك هەن دەوروزەمانێکە خوێنی خۆیان بۆ وڵات کردۆتە باج .. بەڵام حەیف و مخابن ئەو رێزگرتنەی ئەوێ، لێرە نەبۆتە کلتوور .

ئەوەی لەوێ بۆ بەساڵاچوەکان دەکرێ بە خەیاڵی هیچ کەسێکی ئێمەدا نایە! بۆیە ئێمەمانان ئیرەییمان بەو کەسانە دەبرد کە تەمەنیان بەرەو (٥٥) هەڵدەکشا، لەنێو خۆماندا دەمانگووت : *پارووی کەوتە رۆنی!*

رێکخراوی تەمەنداران شەوو رۆژ دەخزمەتدان .. هەفتانە بۆ مەڵەوانگە، گەشتی ناوەخۆیی، خولی مەشق لەسەر کۆمپیوتەر دەبردرێن .. بۆ هاتوچۆیان بە تاکسی و شەمەندەفەر پێناسەی تایبەتیان دەباخەڵان دەنێن، لە ئاهەنگ و کۆبوونەوەو کۆڕەکاندا لەبری پلەدارانی حیزبی و

حکـومی لـه سـینگی مەجلیـسان دادەنیـشن .. لـەکاتی وتـار خوێندنـەوە .. بـەخێرهاتن و دەسـت لەسـەر سینگ تـەنیا بـۆ ئەوانـە! ئەمـەیان لـە خـووت و خـۆڕایی بـۆ نەماوەتـەوە! بـەڵکو کلتـووره، دوونـدی ڕێزگرتنیـان لـە ڕۆژی سـەربەخۆیی وڵاتـدا بـۆ شـەهیدان و خەباتکارەکانیانـە، لـە هۆڵەنـدا نزیکـەی شـەش هـەزار (ئاشـی بـا) هەیـە! کـە لـەکاتی خۆیـدا لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕسـتدا (ئاشی ئاو) یان، بینیوە بـۆ خۆیـان بـە (با) گونجاندوویانـە .. ڕێزلێنانیـان بـۆ (ئاشـی بـا) دوو زەردێنەیـە لەلایـەك وەك کەلـەپوور، لایـەنی دیکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی خـەباتکردنیان چـونکە ئاشـەکان هـەردەم لانـەی شۆڕشگێڕان بوە، بۆیە نەوەی نوێ لە تەوزیفکردنی ئـەو شـوێنانە لـە ئـەدەب و هونەردا درێغیان نەکردوە بە نایبەتی لە فلیمی (کاتێ ڕۆتردام دەسووتێ) .

بـۆ ئـەوەی بـەردەوام ئەوانـە لـە هـزردا بمێننـەوە هـەموو شـارەوانیەك کتێبك لەسەر مێژووی شارەکەی چاپ دەکا کە نێـوی یەکـە یەکـەی شـەهیدو خەباتگێڕو پلـەداری شـارەکەی تێـدا دەنوسـرێ ئینجا وەك کتێبێکـی پـیرۆز بەسەر دانیشتوان دابەش دەکرێ .

ئەگەر شاعیری ئەم هەڵبەستە لەم شیعرەی خـۆی پەشـیمان نەبوبێتـەوە ئەوە بەر لە من گوتوویەتی :

" وەك نەزانن ..
تا کورد ماوەو تا کوردستان ئاوا لەژێر پۆستاڵی لەشکری دوژمن دایە .
هەر پێشمەرگە چرای شەوی ئەنگوستە چاوو یەڵدایە .
هەر لووتکەی شاخ ڕەمزی بوون و سەرکەوتنەو ..
هەر کوردستان ..
بۆ کورد خاك و نیشتمان و قیبلەگایە "

لەسـەرەتای راپەڕینـەوە لـە رێگـەی بەرنامـەی (بـەرئاگردان) ی، ئێزگـەی دەنگی کوردستاندا پڕ بەدەم هاوارم دەکردو دەمگووت :

" خۆزگـە بەزێـدەو زێـدە رێـز لـە پێـشمەرگەی راسـتەقینە بگـیرێ، لـە ماڵومنداڵە بێ نازو پێخاوسەکانیان، لە هەرزارەو بنکونـدەڵانیان، کـورە رێـز لـە سێبەری لوولە تفەنگیشیان بنێن هێشتا کەمەو بەرامبەر کەسیان رامەگرن "

بەڵام کوا؟؟؟

چـەند جـارێکی دیکـەیش لـەم گۆشـەدا جڵـەوی سـۆزم بـۆ بـەژنوباڵای پێشمەرگە بە گشتی و ئەیلوولیـەکان بـە تایبـەتی شلکردوە، کەچـی بەدەست خـۆم نیـە کـاتێ لـە ماجـەرای دنیـادا رووبـەرووی قسەوکارێکی نارێـك لەسـەر پێـشمەرگە دەبمـەوە .. ئـۆقرە نـاگرم تـا لـە حەژمـەتان دوو دلۆپـە فرمێـسکی گەرم نەرێژمە سەر کاغەز .

لە هەفتەی رابرد .. پێـشمەرگەیەکی هـەردوو شۆڕشـی مـەزنی ئـەیلوول و گوڵانی تەواوکەر لە دانیشتنێکدا بە چاوێکی قەتیس بۆی گێڕامـەوەو گووتی : زۆرجـار لـەکاتی پرسـیارکردنی خەڵکدا بـۆ ئـەوەی روخـسارم لـە پـێش چـاوان دزێو نەبێ بە شەرمەوە دەڵێم : (بیلامانێ ) پێشمەرگە بووم!!!

کاتێ گوێم لەم قسەیە بوو، بێ ئـەوەی وورتـەم لێوەبێـت .. بوڕکـان ئاسـا لە ناخمدا تەقیمەوەو لە هەناومدا دەمگووت :

" *هەموو کەون و کائیناتم لاچەپەڵە .. لاگلاوە .. لاگلاوە* "

ئاسوودەم بـەوە کـە ئـەو رسـتە شیعرەی سـەرەوە تـا ئـەزەل .. لـە فـەزای ئاسمانی کوردستاندا بۆ گەندەڵچیەکان دەبێتە دێوەزمە .

# بەرشەلۆنە ..

کاتێ بە چڵۆانێ وەك برایمی زێندینان لەولات ڕاونرام .. خۆم لەولاتی کیژجوانان دۆزیەوە، کەچی لەو (١٠) ساڵەی غوربەت و نامۆیی و دەربەدەریمدا ئەو دڵە گرینۆکەم بۆ ساتێکیش بێت ئۆقرەی نەگرت!

چاوی هەردەم قەتیسم تەنیا لە دەوروبەری سێبەری جەستەی شەکەتمی دەڕوانی، بۆ ماوەیەك لەزەتم دەگەڵ خەم، ئێش و ئازار، غوربەت دەبینی، دنیا دەبەرچاوان ڕەش، لەبیرکردنەوەیشدا ڕەشبین!

ئێمەی کورد دەمێکە دەگەڵ هاوخەمی خۆمان هاوسۆزین . بەلام لەدژواری ژانی خۆماندا ئاگامان لە ئازاری خەڵکی دیکە نەبوو،

هەرچەندە لەدنیای وەرزشدا بەزێدە نابەڵەدم کەچی گۆشەی (خۆزگە) لە ناوەراستی هەشتاکاندا لەسەرلاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کاروانی وەرزشدا لەدایك بوو .

دنیای ئەدەب، ڕۆژنامەگەریی و کەلەپووری باوان بۆ من پێگەی کوردایەتی، ناساندن و ئارامیی باوەشی کۆمەڵگای کوردەواری بوو.

لەرۆژانی تاریکە شەودا خەڵکم بە شعر خوێندنەوە مەست دەکرد! زۆرجار گرێکۆرەی بوخچەی دڵدارنم دەکردەوە .. گەلێجار خەمی جوامێرانم دەڕەواندەوە! دروشمی دنیا کارکردنم خۆی لە (ژیان، خۆشەویستی، سەرفرازی بۆ هەمووان) دەدۆزیەوە .. هەورازو نشێوم بینی، میوانی ئەو بنەماڵانە بووم کە (سەردەرەیان) بەرزبوو، لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا سەرزەنشتی بۆرە پیاوانم زۆرکردوە لەوەیان دۆمانی هەڵکەوتووم"ئەوەی دەیبینم دەیگێڕمەوە , ئەوەی دەیخۆم دەرشێمەوە "

لەساڵانی تەمەنـدا ئـەو (١٠) ساڵەی ژیـانی نێـوان چـوار دیـواری دەنگـبێ ئـەژمار ناکـەم .. لەبـەر هێنـدێ هـەردەم سـەبەبکارم وەبـەر دوعـاو نیـزام دەکـەوێ، کەچـی چاکەو مێرخاسـی ئـەو جوامێرانـە لـەیاد ناکـەم کەبوونەتـە هۆی ئەوە کە لـە شـەوی بەرشـەلۆنەدا ببمـە هـەوێنی خۆشەویـستی کۆمـەڵگای کوردەواری بە گشتی و هەوادارانی وەرزش بە تایبەتی .

من لەبەرزایی شارێکدا قسەم بـۆ دنیـا کـرد کـە لەپیـشەسازیدا سەرکێـشن، لەخەباتی بێوچانیاندا بـۆ سـەر بـەخۆیی نەتەوەکەیان ماندوونەناسـن، لـەنێو وڵاتی ئسپانیا، لەپایتەختی هەرێمی کەتەلونیادا بـەزمانی دایکی خۆیـان نـەبێ دروشمەکان ناڵێنەوە!

لـەوێ گـووتم .." وەرزش و هونــەر"ڕەشمــاڵێکی گـەورەن بۆیــە هــەموو نەتەوەکانی دنیا لەژێریدا شوێنیان دەبێتەوە ، ئێمـەیش وەك کـوردی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق بـۆ بەشـداربوونمان ئامـادەبووین، خۆزگـەش دەخـوازین ڕۆژێـك دابێـت هەڵبـژاردەی هـەردوو هـەرێمی کوردسـتان و کەتـەلونیا لێـرە و لەکوردستان پێکەوە یاری بکەن "

بـەڵی ئێمــە بەهیمـمــەتی خـودی ئەنجومــەنی کـارگێری هـێمن گــروپ لەکوردسـتاندا نوێنـەری میللـی کـورد بەجلوبـەرگی کـوردی و ئـاڵای کوردسـتان لەدەسـت .. دەگـەڵ ئـەو (١١٠) سـەتودەهەزار خەڵکـە بـۆ بینینـی یـاری تـۆپپێ بەشـداربووین، کەچـی لـەیاری گـەورەتر بـوو .. ئێمـە ئامـادەی کەڕنـەڤاڵێك بـووین کـە هـەموویان بەیـەك دەنـگ دروشمـی"ئێمـە تـەنیا کەتـەلۆنین"یـان، دەگوتەوە .

لەگـەڵ هـەرگۆڵ کردنێکـدا خـەڵکی دەوروبـەرم لـەنێو یاریگـادا ئـاڵای کوردستانی لە دەستمدا ماچباران دەکرد! وەڵڵا بـە هەرسێ عورفـان کڕنۆشـیان بۆ ئاڵای کورستان و ڕانکوچۆخەی بـەرم دەبـرد! لـەو کاتـەی ئێـستا خـەڵکانێك هەن لەم کوردستانەدا ڕێز لەئاڵاو کەلەپووری باوان ناگرن

# کیژمان ناوی نارنجۆکە ..!

لە گووند .. خەڵکمان هەبوو تا مردیش چاوی بە شار نەکەوت! خانەوادەی ئەوتۆیشمان هەبوو بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پێویست ساڵێ جارێ، دووجار .. سەفەریان بۆ شار دەکرد! بەڵام پەستی (حمدامین سمایل) ڕۆژانە لەگەڵ کازیوە لە قورشاغلو بەرەو دووگردکان، ترپەسپیان، پڵینگە، مێرخوزار ئینجا شارێگای (هەولێر – مەخموور) هەولێر خۆت بگرە کرمانج هاتن ..

هەفتەی جارێ یان دووجار (خارە عەدۆی کوتاڵفرۆش) بازاڕی هێلکە باران دەکرد! خەڵکی شاریش بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی فڕووج، مریشك، کەڵەباب، هەنگوینیدا بوون، کاتێ دەگەڵ گەنفرۆشان ڕێکدەکەوت بۆ ڕۆژی پاشتر عەنتەڕناشی هەولێریان بە گەنموجۆی نێو عەمبارو چاڵەکانی تژی دەکرا .. بە پارەکەی کوتاڵ، شەکروچا، سابونی کۆڵێ، داوودەزی لە پەستی گووند باردەکرا .

ئەوانەی زوو زوو هاموشۆی نێو شاریان دەکرد لە خەڵکی دیکەی گووند چاوکراوەتر بوون، بۆ ماجەڕای ناوشار گوێگریان هەبوو، لە قسەکردندا لاسایی خەڵکی شاریان دەکردەوە، چەندان زاراوەی نێو شاریان ئەزبەر دەکرد .. هەوڵیان دەدا ئەو فێربوونەی نێوشار لە گووند یان لەنێو خانەوادەی خۆیان پراکتیك بکەن! بە مانایەکی دیکە لە خەڵکی تری گووند بەرچاوتر بوون .

ئێستایش لە سایەی پەرلەمان و حکومەتی کوردان ئەو هەلە بەنرخە بۆ کورد ڕەخساوە .. کە ڕۆژانە خەڵکمان پەیتا پەیتا بەرەو دنیای هەمەڕەنگ بۆ

خوێندن، بازرگانی، خولی مەشقکردن، گەشتوگوزار سەفەر دەکەن، هەر لەبەر دەرگای فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتیەوە بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن بە قسەو هەڵسوکەوت لاسایی ئەو شوێنە بکەنەوە کە بۆی دەچن ئەمەیان بەزێدە شتێکی باشە .. لەنێو هۆڵی چاوەڕوانیدا ئینجا ترانزێت، دانیشتن لەنێو فرۆکە، لەکاتی هاتنەخوارەوە بە هیچ شێوەیەك موو ناپسێنن! جگەرە کێشان قەدەغەیە، شت فڕێدان کارێکی ناشارستانیە، هۆڕن لێدان ئەمەیان لووتکەی دواکەوتنە!! هێمنی و بێدەنگی بە تایبەت لەکاتی سڕەگرتندا میدالی سەر سینگی مرۆڤی پێشکەوتوخوازە .. بە هەموو شتێکی ئەوێ مەدهۆش دەبن! هەوڵدەدەن لاساییان بکەنەوە تا بەرەو قووڵایی دەچن .. لە لاساییکردنەوە ئیفرات دەکەن! کەچی لەوکاتەی کێچی گەڕانەوە بۆ زێدی بابوباپیران دەکەوێتە کەوڵیان، خدوویی پێشتریان دەبێتە مێمل، هەر کە قاچیان خستەوە سەر ئاخا کوردستانا دەلال لە شوێنی گشتیدا سیگار دادەگیرسێنن، لەنێو تاکسیدا قوتووی ببسیی چەپوراست دەهاوێژن، بە هۆڕن لێدان هەلهەلە لێدەدەن بە بینینی ئاوەدانکردنەوەی شار قەڵس دەبن! لەخووت و خۆڕایی هەموو هەوڵێکی ئاوەدانکردنەوە توانج باران دەکەن، لە یەکەم شەوچەرەی گەڕانەوەیدا بۆ ئەو خەڵکە لەسەر چۆك دادەنیشێ تاکو بە بەژنوبالای ئەو شوێنەدا هەڵبلێ! بە هیچ شێوەیەك باس لەخۆی ناکات کە بۆ هەولنادا ببێتە دەستپێشخەر ئەگەر لەنێو خانەوادەی خۆیشیدا بێت، دەمێکە لە کوردەواردا بۆ ئەمجۆرە کەسانە گوتراوە :"*کیژمان ناوی نارنجۆکە، ماڵیشمان بۆن گووی لێدێ*"!

تێشماندا هەیە بە تایبەتی ئەوانەی ماوەیەکی دووردرێژە لەوێ ژیاون لە گەڕانەوەیاندا لە بەدبەختی کوردانـدا لەنێوان بەرداشی هەردوو کلتووردا دەبنە ئاردی ناو دڕکان .

# Navigatie

ئـەم ئـامێرە لـە جیهانـدا بـە ( Navigation نافیگەیـشن)ناسـراوە، لـە هۆڵەنـدا پێـی دەڵـێن : نافیخاتـسی .. بـەر لـە گەڕانـەوەی یەکجاریمـدا بـۆ کوردستان ئەو ئامێرە هەبوو بەڵام بە فراوانی بـەکار نـەدەهات .. لـە سـەردانی ئەمجارەمـدا هەرچـەندە بـۆ چارەسـەرکردن بـوو بـەڵام چـێژی گەشـتوگوزار دەگەڵ کوڕگەلان لەسەر ئاوازی دەنگی ئەو کچۆڵەیە کە لـەنێو ئامێرەکـەدا لـە ڤیەننا بەرەو بـەرلین، ئەمـستردام، بڕۆکسل، پـاریس، بەرشـەلۆنە ببـوو بـەڕێ نیـشاندەرمان .. لـەزتێکی دیکـەی خـستە سـەر گەڕانەکـەمان کە بەلەزەتەکـەی خـۆی لـەو چـەند سـاتە دۆزیـەوە کـە بـە شـاڵی کـوردەواری و سـەروجامانەی دزەییـاتی و ئـاڵای کوردسـتان لەدەسـت لـەنێو یاریگـەی بەرشـەلۆنە لەبـەردەم کـامێرای تەلـەفزیۆنی (الجزیـرە سـپۆرت) بـەنێوی کـورد قـسەمان لەسـەر ئامـادەبوونی کوڕگـەلان کـرد، کـە لـە دوای چـەند چـرکەیەك ئـەو ڕووداوە بروسکە ئاسا لە راگەیاندنی کوردستاندا رەنگی دایەوە .

کـاتێ لـەنێو فەرهـەنگی هۆڵەندیـدا بـەدوای مانـای نێـوی ئـەو ئـامێرە دەگەڕام .. بـە (ملاحـه، ابحار)خـۆی دەرخـست، کەچـی لـە کـوون وکەلەبـەری زماندا بە (رێ نیشاندەر – دلیل) خۆی حەشاردابوو .

گوایە شەش ئەسـتێرەی دەسـتکرد دەخزمـەت ئـەو ئـامێرە دەسـت لەسـەر سـینگ راوەسـتاون .. دوا هـەواڵی پێـشکەوتنی ئـەو ئـامێرە خـۆی لـەوە دەدۆزێتەوە کە ئەو جۆرەی لەمەودوا دێتە بازاڕ هـەردەم لـە حاڵـەتی (زینـدی) دا، دەبێـت بـە واتایـەکی دیکـە هـەر کووچـەو شـەقامێکی نـوێ لەمـەودای ئامێرەکە دروست بکرێت .. بێ سێ و دوو دەکەوێتـە بـەر سیرەی ئـەو ئـامێرە

سەیروسەمەرەیە، بۆیە لەهەر تەنگانەیەکدا بۆ دۆزینەوەی شوێنی مەبەست پەنامان بۆ دەنگی ناسکی کچۆڵەی (نافیخاتسی) دەبرد .. رووی سپی بێت درێغی دەگەڵ کەس ناکات!

هەرچەندە ئەو ئامێرە لە رێگەی ئەو ئۆتۆمبێلە زێدە پێشکەوتوانە گەیشتۆتە هەرێمی کوردستان بەلآم بەداخەوە تا ئێستا کلتووری ئامێرەکەو ئۆتۆمبێلەکەیش نەگەیشتۆتە نێو کۆمەڵگای کوردەواری بۆیە هەموومان بە خۆزگە بووین رۆژێك دابێت کۆمپانیایەکی تایبەتمەند .. هەرێمی کوردستان (پۆستکۆد postcod) بکات، تاکو میوانان و خەڵکی کوردستان لەسەر ئاوازی دەنگی ناسکی کچۆڵەیەکی کورد بە ناخی کوردستان شۆڕببنەوە .

ئەوەی لەم سەردانەمدا لەنێو کۆڕومەجلیسی رەوەندی کوردیدا سەرنجی راکێشام .. گەیشتنی زۆربەی رەوەندی کورد بەو قەناعەتە کە حکومەتی کوردان لە خزمەت کۆمەڵگای کوردەواری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا درێغی ناکات، کەچی بەر لە ئێستا زۆربەی خەڵك لە خووت وخۆڕایی بەردیان لە کاروانی نەگەڕاوەی حکومەتی کوردان دەگرت! بەلآم سوپاس بۆ خودا ماوەیەکە خەڵکی خۆمان هەوڵدەدەن بە ویژدان بێ جیاوازی قسە لەمەڕ ئیشوکاری حکومەتی کوردان بکەن .. هەرچەندە تا ئێستا خەڵکانێك هەن دۆڵ بۆ بەرژەوەندی نەیارانی کورد لێدەدەن .

نابێ ئەو خۆشیە بێ سنوورە بشارمەوە کە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی کورداندا لە رۆژی گەڕنەوەمدا لە ٥ / ١ / ٢٠٠٩ لە نێو فڕۆکەی هێڵی ئاسمانی نەمساویدا گوێم لە دەنگی ناسکی کچۆڵەیەکی کورد بوو دەیگووت : ئازیزان .. دوای چەند چرکەیەکی دیکە فڕۆکەکەمان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر (اربیل) دادەبەزێ .. سەفەرێکی خۆش! منیش لە خۆشیاندا موچڕك بەلەشمدا هات و خۆزگەی زێدەو زێدەم لە خودا دەخواست .

# دایـنگــــــه ..

دنیـای شارسـتانیەت .. سـەرەڕای لـە دەسـتدانی هەنـدێ کلتـووری میللـی کۆمەڵایـەتی خـۆی لەخۆیـدا بەهەشـتێکە! ژیـانی تێـدا ئاسـوودەیە، لایەنیـشی هەیە قوزەڵقورتە! بەڵام باشەی لە خراپەی زیاترە!

لەلای خۆمان .. هەمووومان دژ بە یاسا دەجولێینەوە بۆیە لـە دامودەزگـای راپەڕاندندا دەترسین، کەچـی لـە هۆڵەنـدا ڕێـك بـە پێچەوانەیە، لـەوێ منـداڵ لەسەر پرۆگرامی پەروەردە بەخێو دەکرێ .. واتـە رۆڵـی سـەرەکی پێگەیانـدنی مرۆڤ ئەو پرۆگرامەیە کە لە تەمەنی سێ ساڵیدا پەیرەو دەکرێ .

لەبەر ئەوەی داینگە یەکەم قۆناغی پەروەردەیە بۆیە لە هۆڵەنـدا بەزێـدە گرینگـی پێـدەدرێ .. شـوێنێك چـەندی بلێـی لـە رووی پاکوخـاوێنی و ڕێـك وپێکی بۆ ژیان شیاوە، کۆمەڵێك (نابێ) پێویستە لە کارمەنـدی داینگـەدا بێت، بـە هـیچ شـێوەیەك نابێـت کەسانێك کـاری تێـدا بکـات ئەگـەر لـەو مەیدانـەدا پسپۆر نەبێت، هیچ نـەبێت بـۆ ماوەیـەك لـە شـوێنێکی هاوچەشـندا پراکتیکـی کردبێـت، نـابێ نەخۆشـی دەروونیـان هـەبێت، نـابێ روخـساری دەرەوەیـان شێوابێت، نابێ جنێودەر بێت، نابێ دەست وەشێن بێت .

لەوێ کەسـانی ئـەکادیمی ڕێگـەیان پێـدەدرێ لـەنێو مـاڵی خۆیانـدا دایـانی بکـەن کـە پێـی دەگـوترێ ( oppas) لـەمجۆرە شـوێنانەدا خانـەوادەی منـداڵ بۆیان هەیە سەردانی ماڵی دایانەکە بکـەن چـونکە خانـەوادەی بوسلمان رازی نـابن بەچـکەی خۆیـان بنێرنـە ماڵێـك سـەگی تێـدا بـەخێو بکرێـت، جگـە لەمەیش زۆر خـاڵی تـر هەیـە دەتـوانرێ لـەنێوان داینگـەو خانـەوادەی منـداڵ

قسەی لەسەر بکرێت، پیاو بۆ خوا بڵێ ئەوان بێ ئەوەی دەست بۆ سمێڵان ببەن لە سۆزوپەیمان پاشگەزنابنەوە .

خەڵك یان کۆمپانیایەك دەتوانن داینگەی تایبەتی (ئەهلی) لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی دەزگای تایبەتمەند دابمەزرێنن کە پێی دەگوترێ ( gast ouders) بەلام داینگەو باخچەی ساوایانی گشتی کە بە ( kinder opvang) دەناسرێ، منداڵ لە یەك مانگیدا تا چوار ساڵی لە کاتژمێر (٧ بەیانی تا ٥ ئێوارە) بە نرخێکی زێدە گونجاو دەنێردرێنە ئەوێ، ئەوانەی لەسەر چاودێری کۆمەلایەتیدا دەژین لە کۆتایی ساڵدا ئەو پارە گونجاوەیان بۆ دەگەڕێننەوە .. ئەمجۆرەی لە سەرەوە باسمانکرد پابەندیی زۆر تێدا نیە، بەلام کاتێ قۆناغی چوار ساڵە دەست پێدەکات جۆرێکی دیکە دێتە پێشەوە .. قوتابخانەی سەرەتاییە بەلام بۆ دوو ساڵی پێشەوە واتە (چوارو پێنج) پێی دەگوترێ ( kleuter zaal ) کە بە هیچ شێوەیەك نابێ فێری نووسین بکرێن .. تەنیا هەڵسوکەوت و ڕەنگاورەنگ کردنی وێنەکان .

ئەگەر هاتوو لەنێوانیاندا منداڵی تێدا هەبوو نەخۆشی دەروونی هەبێت یان فسە زمان بێت لە دوای بڕیاردانی دەزگای ( consultater buro) کە تایبەتە بە کۆنترۆڵکردنی منداڵ لە گەڕەکەکەدا، پێویستە ئەمجۆرە مندالانە هەفتەی جارێ یان دووجار بۆ کاتژمێرێك لەلایەن پسپۆران فێربکرێن و کۆنترۆڵ بکرێن کە شوێنەکە بە ( peuter speel zaal) ناسراوە .

لە کۆتاییدا خۆزگە دەخوازم لایەنی پەیوەندار لە وەزارەتی پەروەردەو کاروباری کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی ئەو لایەنە گرینگانە بکەن، چونکە ئەو شوێنانە مەڵبەندی دروستکردنی مرۆڤی دوا ڕۆژی کوردستانن .

# رەشپێستەکان ..

کاتێ شێوەی کڕین و فرۆشتنی بەندایەتی ئەو رەشپێستانەی ئەفریکی لەنێو فلیمەکانی ئەمریکی دەبینین کە چۆن لەنێو گەورە پاپۆڕاندا دەئاخێنرێن ئینجا بە دەست وپێ سندمکراوی دەبردرێنە ئەمریکاو لەنێو کوشندە کاری کشتوکاڵ، خەڵوزو زێڕ دەرهێنان دەتلێنەوە "کورد گوتەنی *کافر بۆیان بوسلمان دەبێ!* "

کێ هەبوو لە ئێمەمانان چەپڵەی بۆ ئەو رەشپێستانە لێنەدابێ؟ کە رۆژانە بۆ وەدیهێنانی مافەکانیان دەڕژانە سەر شەقامەکانی ئەمریکا، نەوەی ئێمە هەردەم گوێچکەی لەسەر دەنگی (مارتن لۆسەر) ڕاهاتبوو کە رۆژانە لەبەردەم مایکرۆفۆندا بۆ چاککردنی باری کەسێتی و گوزەرانی رەشپێستان .. یاسانوسانی کۆنەپەرستی سەرزەنیشت دەکرد .

لەلای دیکەوە کێ هەبوو رۆژانە گوێی لە هەواڵی ماندێلاو لۆمۆمبا نەدەبوو؟ ساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی بیست ساڵی داواکردنی مافی رەشپێستان بوو، کێ هەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە رۆژێك دادێت ماندێلای بەندی هەتاهەتایە ئاوا بەسەربڵندی لە بەندیخانەوە بەرەو کورسی سەرۆکایەتی ئەفریکای باشوور هەنگاو دەنێ .

پاوڵ لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێ :"لە منداڵیمدا بە هیچ شێوەیەك بۆمان نەبوو لە قوتابخانەی سپیپێستان بخوێنین .. بۆمان نەبوو بە هەندێ شەقامدا بچین کە تایبەت بوو بە (وان) چێشتخانەو سینەماو یاریگەی منداڵانی ئێمەو ئەوان جیاواز بوو!!"بەڵام لە دوای هێندە ساڵەی خەباتی بێوچان توانیان یاسای بنەڕەتی وڵات بەمجۆرەی ئێستا بگۆڕن .. بۆیە رۆژگار پاوڵی کرد بە گەورە سەرداری گەورە سوپای دنیا، جگە لەمەیش ئەو خەباتەیان میللەتی ئەمریکای گەیاندە ئەو قەناعەتە تاکو پڕ بە دڵ خەڵکی رەنگاوڕەنگی وڵات

پەنجەمۆر بۆ ئۆبامای رەشپێست لێبدەن تاکو ببێتە یەکەم رەشپێست لەنێو کۆشکی سپیەوە حوکمڕانی دنیا بکات .

بۆ خودی خۆم ئیرەیی بە ئۆباماو رەشپێستەکانی دەستڕۆی ئەمریکا نابەم! بەلام ئەوەی سەرنجی من و خەڵکانێکی ڕاکێشا ئەو (ئووبەهەی) ئاهەنگی ئالوگۆڕکردنی سەرۆکایەتی گەورە وڵاتی دنیا بوو! نازانم بۆ هێندە بە پیرۆزییەوە سەیری ئەو حەشاماتەمان دەکرد؟ کەی ئێمە گوێچکەی مۆزیکیمان هەبوە تا ئاوا گوێ لەو پارچە مۆزیکە رابگرین؟!

سێزدە هەزار هونەرمەند لەوێ ئامادەبوون!! مەگەر لای خۆمان ئاوا رێز لە هونەرمەند بگیرێ؟!! ئەو دەست لەسەر سینگ دانانەی خەڵك لە کاتی سوێندخواردندا هەیبەتی کتێبی پیرۆزو بەڵێنی جوامێرانی تێدا بەدی دەکرا .

ئەوەی بە زێدە ئێمەمانانی مەدهۆش کرد ئەو چەند رستە زێدە کوورتانەی ئۆباما بوو کە ئیشوکاری چوار ساڵەی دادێی حکومەتی دەست نیشانکرد :

- عێراق بۆ خەڵکەکەی جێدێلین .
- شێوەیەکی نوێ بۆ جیهانی ئیسلام دەگرینەبەر .
- ئابووریمان زۆر لاوازە! پێویستە بلەز چارەسەری بۆ بدۆزینەوە .
- رێبەرایەتی دنیا مەرج نیە تەنیا بە تانگ و مووشەك بێت بەڵکو ...

(ئاوان بێنەو دەستان بشۆ!!)

گرینگ نیە لەسەر دەم تەتلەیی یان پاشوپێشکردنی رستەیەك بووبێت .. دووبارەبوونەوەی سوێندخواردنی کاك ئۆباما دووندی سەرنج راکێشانی دنیا بوو! کەی شتی وا روویداوە؟ نازانم بۆ هێندە باس لەو ئینجیلە دەکرا کە لەکاتی خۆیدا یەکەم سەرۆکی ئەمریکا سوێندی لەسەر خواردوە! تۆ بڵێی رۆژێك دابێت ئێمەیش ئاوا رێز لە پیرۆزیەکانی خۆمان بگرین؟

# پەندی کوردی

هەر رۆژێ دنکە تەسبێحێك بۆ سەر تەمەنی خۆم ئاودیو دەکەم .. بەزێدەو زێدە دەست لەسەر سینگ بۆ دێرینی میللەتەکەم رادەوەستم! تۆ بڵێی رۆژێك دابێت نەوەی دادێ .. وەك بەندە شانازی بە ئێستای ئێمە بکەن؟ بەدووری دەزانم! چونکە ئێمەمانان سەرەڕای بەرەوپێشچوونی دنیا شتێکی ئەوتۆمان نەکردوە تاکو جێگەی شانازی نەوەی دادێ بین!

کەچی باپیرانمان سەرەڕای ژیانی سەخت و بێسەوادیان کەچی لە ئەدەبیاتی سەرزارەکیدا داهێنانیان کردوە، هیچ شتێك نیە لە ژیانیاندا چیرۆکێکی نەبێت کەچی وەك ئێمە هێندە دادڕ! واتە زۆربڵێ نەبوون، سەربردەیەکی نێو کۆمەڵگای کوردەواریان بە دوو نیوە دێر پاکنووس کردۆتەوە کە ئەمڕۆ بە پەندی کوردی هەندێجاریش بە قسەی نەستەق تاریف دەکرێ .

راستە تا ئێستا کتێبخانە کوردی لە فەلسەفەدا هەژارە .. بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە کەسانمان هەس گەرەکیانە لەو مەیدانەدا پێ لە رکێفی سەگلاوی خۆیان بدەن .. بۆیە لە ئێستاوە بەو ئومێدەم ئەو تەکانە بۆ وەرگێڕان و کاوێژکردنی قسەی خەڵك نەبێت بەڵکو بۆ دۆزینەوەو پشکنینی رۆحی فەلسەفی لەنێو کورددا بێت .

ماوەیەك بەر لە ئێستا لەم شوێنەدا قسەم لەسەر تیووری (هەوارە بەلۆ) ی، کورد کردوە کە لە دنیای شارستانیەتدا بە (بافلۆف) ناسراوە! هەروەها لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا لەوکاتەی نامیلکەی لیڤی شتراوس (الاسطورة والمعنی) کە باس لە تیووری (الشفة الارنبية و التوأم) دەکات، خوێندمەوە

.. بۆ کوڕە کرمانجێکی نیمچە خوێندەواری وەك من سەرنج ڕاکێش نەبوو! چونکە ئەو باسەم لە ناوەڕاستی شەستەکاندا لە ئافرەتێکی داهێنەری گوندی قورشاغلو بیستبوو! یان داهێنانی کورد لە بواری دورستکردنی ئامێری مۆزیك بە تایبەتی فوودارەکان وەك شمشاڵ و نای، یان ژێدارەکان وەك تەنبوورو کەمانجەی دۆمان کە سەرەتا سوودیان لە کلکی وڵاخ دەبینی، مەسەلەی دۆزینەوەی مافوور، لباد، کڵاش و شاڵ دروستکردن لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری ئەوانە هەموو بە داهێنانی تاکی کورد دادەنرێ .

ڕۆژانە ئەو وەسواسیە کە خۆم نێومناوە (شانازی کردن بە دێرین) مۆرانە ئاسا مێشکم دەهاڕێ، بۆیە لەوکاتەی گوێ لە دەنگی زوڵاڵی محمد عارف جزیری ڕەحمەتی رادەگرم بە تایبەتی گۆرانی :

**دنیا دۆلابلهەوایە**

**روژکی بو مەیە، نیوروژ بو هەوەیە**

کاتێ دەڵێ :

**هندك ساخن یێ مرینە**

**هندك مرینە ئەو یێ ساخن**

هەموو فەلسەفەی دنیا لە ئاست ئەم فەلسەفە کوردەواریەدا چۆك دەدا (بۆ خۆم وای دەبینم!) بە راستی کورد چاکی گوتوە : خەڵکانێك هەن مردوون بەڵام لەنێو دڵ و دەروونندا هەر دەمێنن .. بە مردووییش لە سێبەریاندا دەحەسێینەوە، کەچی خەڵکی ئەوتۆیشمان هەیە ڕۆژانە دەگەڵ ئێمەدان و لەبەر چاوانن کەچی لە ڕیزی مردووان ئەژمار دەکرێن، بە دەست خۆیان نیە بە هیچ شێوەیەك نابن بە رەقەم! بۆیە داوا لە خوێنەری ئازیز دەکەم لە روانگەی ئەو پەندەوە سەیری بۆرە پیاوانی ئەمڕۆ بکەن .. هەردەم بە کەلەمێردو جوامێرانی نەتەوەکەتان شانازبن .

# ئامۆژگاری

خەڵكانێك هەن لە ملهوڕیاندا نەیانتوانیوە دەخزمەت دایك و باوكیان دابن .. بۆیە ئەمڕۆ پەنجەی پەشیمانی دەگەزن و بەئومێد بوون دایك و باوكیان لە ژیاندابوایە تاكو بتوانن هەندێك خولامەتیان بۆ بكەن، لەمبارەیەوە لە ڕێگەی نەوەی خۆمدا ئامۆژگاری نەوەی ئێستا دەكەم .. كەسێ من (لاس و مەم) ئەوەی بە ئێمە نەكرا فەرموون ئێوە بیكەن، تا لە تواناتاندایە ڕێز لە گەورەكان بگرن و بەزەییتان بە بچووكەكاندا بێتەوە، دڵنیاتان دەكەمەوە خۆشی و ئارامی مرۆڤ لەنێو ماڵ دەست پێدەكات .. هەر كەسێكیش گەیشتە ئەو لەزەتە دنیەوییە، مەحاڵە لە دنیای ئەبەدیشدا (ئەگەر بڕواتان پێیەتی؟!) هەمدیس لە شوێنێكی خۆش و ئارامدا دەگیرسێنەوە .

تا دوێنێ هەزاران كیژۆڵەی كورد بە ئاگری عیشقی ئەو جحێلانە دەسووتان كە بە جلوبەرگی كوردەواری بە تایبەتی جلی خاكیی پێشمەرگایەتی دەگەڵ دۆی داوەتێ پێچە شاییەكیان دەكرد، كوڕانیش هەردەم لێویان بۆ ماچی سەرگۆنای نەشمیلێكی فستان دەبەر یان شكاكی دەبەر تەتلەی دەكرد! كەچی ئەمڕۆ بێئەوەی هەست بە گەورە تاوانی خۆیان بكەن لە هەردوو ئیحساسدا بێبەشن .. ئەوینی دامێن پاكی كوردانەی نێوانیان و خۆشەویستی و مەنزڵەتی جلوبەرگی كوردەواری، دڵنیابن ڕۆژێك دادێت خۆتان و نەوەكانتان بە دوای كوورتەكی مۆری بەپەمۆ یان دەلینگی حاجی حسێنی وێڵ دەبن! هەموو بۆن و بەراتی گوڵە نێودارەكانی هۆڵەنداو كارگەكانی فەڕەنسا وەك بۆنی سۆتكەو قەنەفری گەردەنی كیژانی كوردەواری

لووتتان نازووریێنتەوە!

جاران لەرینەوەی هەردوو بسکی بەتەشی لوولدراوی حەیامەندانی کورد ئۆقرەی لە جحێلانی گووند هەڵدەگرت، کەچی ئەمڕۆ سەرەڕای ئەو هەموو (بێ جلوبەرگیە) هەستی کپکراوی جوامێرێك نابزوێنێ!!

من نالێم وەرن دژە شەپۆڵ مەلە بکەن! چەند هەوڵدەن بۆ بەرەوپێشچوون هێشتا کێمە بەلام پێویستە نەوەی دادێ شارەزایی لە فەرهەنگی کورددا هەبێت، کاتێ باس لە جەنجەڕ، شەغرە، دڕدۆنگ، سەکشیر، بێشە، زبارە، چێشتە هەینیانە، پێشمەرگە، بڕنۆ دەکرێ سەرسام نەبن، پێویستە ئێوەیش بزانن زاراوەی (نێرەکەری دەشتی هەولێر) ناونیشانی عینفەوانی جوامێرانی (هێزی دەشتی هەولێر) بوو، دەبێ بزانن هەندێجار وشەی نابەجێ بۆ قارەمانێتی و جەربەزەیی و پێهەڵدان بەکار هاتوە، من دڵنیام لە زمانە زیندووەکانی دنیاشدا ئەو جێگۆڕکێیە لە ماناوگووتندا هەیە

پێویستە نەوەی ئێوە بزانن ئەگەر دایە حەلیمی خاوەن شەش کوڕە شەهید، خەجەباوە، عەیشێ عەلی تەکتریۆف، لەعلیخانێ گۆڤەیی لەیلا قاسم، خوشکە بەیان نەبوان .. ئەو میللەتەی ئێمە نەدەگەیشتە ئەو قۆناغە، ئەوەتە ئێمە شانازی بە ژنانی خۆمان دەکەین، کەچی ئەمڕۆ نەوەی ئەو حەیامەندانە لە کوردستاندا تووشی تووندوتیژی دەبنەوە .

بە نەوەی ئەمڕۆ نالێم : وەرن بچینە دروێن، بەلام پێویستە ئەوە بزانن کە تا دوێنێ مەلەغان، داس، قەیناغ، هەسان، گاسن کەرەستەی چاندن و کۆکردنەوەی دانەوێڵە بوون، بە مانایەکی دیکە داواکارم فەرهەنگی زمان، کەلەپوور، زانست دەوڵەمەند بکەن تاکو لە دەوڵەتبونماندا سەرکەوتووبین .

# یەکسانی

ڕۆژێکیان مامۆستای زمان لە ماجەڕای باسکردنیدا لەسەر یەکسانی نێوان نێرومێ لە هۆڵەندا گووتی : هێشتا ماومانە! ئێمەیش بەسەرسوڕمانەوە گووتمان : هێشتا ناڕازین! ئەی بە ئافرەتی کۆمەڵگای ئێمە چ دەڵێن؟! گووتی : مێژووی کۆمەڵگای ئێمەیش ڕۆژانی تاریك، زوڵم، ناعەدالەتی، سوخرەی بەخۆوە بینیوە! خەڵکانی ئێمە بۆ گەیشتن بە (ئەمڕۆ) بەزێدە ماندووبوون! کەچی تا ئێستایش ناڕێکی لێرەو لەوێ سەرهەڵدەدا، بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشیمانە دۆزینەوەی بلەزی ڕێگەچارەی ئەو ناڕێکیەیە! منیش گووتم : مامۆستا تەنیا یەك نایەکسانی خۆت و مێردەکەتمان بۆ باس بکە .. گووتی : لەبەر ئەوەی ئەو نێرە!! هەفتانە (٤٠) کاتژمێر کاردەکات، کەچی من تەنیا (٢٥)! منیش لە ناخی خۆمدا سەت حەیف و مخابنم بۆ زەرێخی دایکم و پلکە گەرعەی حاجی حەمەدم کێشا .

لەوێ مۆڵەتەکانی فەرمی و نافەرمی، ئاینی و نیشتمانی دیارن و لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژژمێرەکان بلاودەکرێتەوە، هەرچەندە پادشا (بیاترێکس) لە ٣١ / ١ / ١٩٣٨ لە دایك بوە، بەڵام ڕۆژی (٣٠) نیسان بوەتە ئاهەنگێڕانی میللی هەموو هۆڵەندا .. چەند ساڵێکە ئەو ڕۆژەم بە ڕۆژی مەعشەری هۆڵەندا ناوزەد کردوە چونکە خەڵکەکە لێکڕا بۆ بەشداریکردن لە ماڵ دێنەدەر، وەك ئێمە نین .. ئەوان پادشای خۆیان بەزێدە خۆشدەوێ و ڕێز لە بنەماڵەکەیان دەگرن، لە ڕاپرسی ساڵانەدا ڕێژەی ٦٣٪ بەڵێن بۆ مانەوەی پادشایەتی دووپات دەکەنەوە پێنجی ئایاریش ڕۆژی سەربەخۆیی هۆڵەندایە .. لەو ڕۆژەدا

خەڵكی هۆڵەندا بە چەپڵەڕێزان دەنگ بۆ لای ئەڵمانەكان هەڵدەبڕن و دەڵێن : لە مارەیی دایكمان خۆش بین لە پایسكلی باپیرانمان خۆش نابین!! پێویست ناكات بە هیچ شێوەیەك باس لە مۆڵەتی نێوان (٢٢ كانوونی یەكەم – ٧ كانوونی دووەم) بكرێ، چونكە زۆر بە ڕێزوتەقدیرەوە ئاهەنگی لە دایك بوونی حەزرەتی (عیسا) دەگێڕن بە پێچەوانەی ئێمەن .. ئەوان لە ئاهەنگەكاندا بە تایبەتی ئاینیەكان هەوڵدەدەن بازاڕ خۆشكەن بۆ ئەوەی هەموو كەسێك بتوانێ بەشداری ئاهەنگەكە بكەن، كەچی لە ڕۆژانی بەر لە جەژندا بازاڕی وڵاتی ئێمە ئاگر دەگرێ، بۆیە خەڵكی بەلەنگاز ناتوانن بە ڕێك وپێكی بەشداری خۆشیەكان بكەن .

لەوێ شەممەو یەكشەممە مۆڵەتی هەفتانەیە، بۆیە هەموو كاركەرێك لە هۆڵەندا پێنج ڕۆژ هەر ڕۆژەی هەشت كاتژمێر كاردەكەن، لەوێو لێرەیش لە هەندێك شوێندا پەیرەوی سێ پلووخی ( ploeg) واتە سێ وەجبەیی دەكرێ چونكە گەلێ كۆمپانیاو دامودەزگای خزمەتگوزاری وەك نەخۆشخانە، پۆلیس، ئاگرگوژانەوە هەن بە بەردەوام لە خزمەت خەڵكیدان ئەمەیش لە ڕوانگەی یاسای كاركردندا چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە، واتە هەر كەسێك لە هەشت كاتژمێر زیاتر یان لە ڕۆژی مۆڵەتدا كاربكات پێویستە بە ڕێژەی دیاریكراوی نێو یاسا پارەی بۆ ئەژمار بكرێت ، كەچی چەند ساڵێكە لە وڵاتی ئێمەدا بڕیاردراوە مۆڵەتی هەفتانە ببێتە هەینی و شەممە .. بەڵام لە شەمموواندا خوێندنی باڵا، پەروەردە، تەندروستی دەوامی ئاسایی خۆیان دەكەن، كەچی تا ئێستا چارەسەرێك بۆ ئەو نایەكسانیەی (دوو ڕۆژ مۆڵەت) و (یەك ڕۆژ مۆڵەت) نەدۆزراوەتەوە ، تۆ بڵێی پسپۆران و شارەزایانی یاسای كاركردن لە لاتی ئێمەدا نەبێت؟!

# دکتۆری

هەرچەندە جاران پیشەی زێدە پیرۆزی دکتۆری تەنیا بۆ کوڕوکچانی دەوڵەمەند بوو، بەڵام خەڵکانێکیش هەبوون بە ئومێدی جلی سەوزو سوێندی پیرۆزی دکتۆران .. کوردەواری گووتەنی بیریان بە دەرزی لێدەداو شەووڕۆژیان لێکگرێدەدا! چونکە پیشەی دکتۆران لە هەموو پیشەکان پیرۆزتر بوو، هیچ بۆنێك نەبوو بە بۆنی دکتۆران بچێت! دەست وپەنجەو روخساریان بە پیاوچاکان دەچوو .. جاران دکتۆرەکان بەقەد گەورەیی پیشەکەیان مرۆڤایەتیان لێ دەباری، بۆیە خەڵك بۆیان دوعاخواز بوون، کەچی ئەمڕۆ کەس بە چاکە باس لە دکتۆران ناکەن!

لە هەفتەی رابرد .. برادەرێك گووتی : دوێنێ لە کاتژمێر دوازدەو چارەگی شەودا لای دکتۆر بووم! کەچی هێشتا چەند نەساغێکی دیکە لەوێ رونیشتبوون .. لەپێش خۆمدا دەمگووت : ئەو دکتۆرانە کەی دەخەون؟ کەی دەچنە دەوام؟ چۆن بەمشێوەیە ئامادەی ژووری نیشتەرگەری دەبن؟! چۆن و چۆن؟؟لەوەبگەڕێ، تۆ بۆ هێندێك باس لە مەسەلەی تەندروستی لە وڵاتی هۆڵەندا ناکەیت؟

براڵە .. تا ئەم وڵاتەی ئێمە رێگا بۆ دامەزراندنی دەزگای (دڵنیاکردنی تەندروستی – التأمين الصحي) خۆش نەکات کۆمەڵگای ئێمە ئاوا بە دەست نرخگرانی دکتۆرەکان، تاقیگەی پشکنینی نەخۆشەکان،پشکنینە جۆراوجۆرەکانی تیشکەکان، نیشتەرگەریە تایبەتەکان هەروەها دەرمانە خراپەکان دەناڵێنێ!

ئەگەربێتو سەیری ئەو گۆڕانکاریەی لێرە بەسەر پیشەی دکتۆراندااهاتوە

بکـەین، کەچـی لـەویٚ بـە پێـچەوانە .. پیـشەی دکتـۆران بـەرەو (تەقـدیس) هەنگاوینـاوە!

هــەر کەســێك مۆڵــەتی مانــەوەی لــە هۆڵەنــدا هــەبێت پێویــستە لــە کۆمپانیایەکی (دڵنیاکردن) ناونووس بکرێت، لەویٚ هەموو خانەوادەیـەك (ژن و مێرد) مانگانە (٩٥) یۆرۆ لە مووچەیان دەبڕدریٚ (*منداڵەکانی خوار هەژدە ساڵی بەخۆڕایین*) چەندین خانـەوادە لـەلای دکتۆرێـك نـاونووس دەکـرێن کـە پێی دەگوترێ ( Huisarts) واتە دکتۆری خانەوادە .. تۆ دەزانـی لە هۆڵەنـدا نورینگـەی تایبـەتی نیـە؟! هـەموو نەخۆشـێك لـەکاتی پێویـستدا لـە رێگـەی دکتۆری خانەوادە رەوانـەی نەخۆشخانە دەکـرێن تـاکو پـسپۆرەکان پـشکنینیان بۆ بکەن .

جاران ٢٠٪ لە نرخی دەرمانەکانمان دەدا، بەڵام کـە پـارتی سۆسـیاڵ (SP) حـوکمڕانی گرتـە ئەسـتۆ ئـەو بـڕە پارەیـەش نـەما، ئەگـەر گیروگـرفتی ددانـت هـەبێت کۆمپانیـا لـە ٧٥٪ بـۆت وێـر دەکـات بـەڵام ئەوانـەی لەسـەر چاودێری کۆمەڵایەتین لەمەیشدا سۆسیاڵ بۆیان دەست لەسەر سینگە!

دەربـارەی پێداویـستی پەککەوتـەکان .. ئەوانـەی تەمـەنیان لـە (٥٥) سـاڵ بەرەو سەرەوەیە بەخۆڕاییە، ئەوانی دیکە بـە نرخێکـی زێـدە گونجاو دەتـوانن سـوود لەبـەکارهێنانی کەلوپـەلی پەککـەوتان ببیـنن، بـە مانایـەکی دیکـە بـێ ئـەوەی بـیرە نـەوتێك لـە هۆڵەنـدا هـەبێت .. گیروگرفتێـك نیـە بـە نـاوی تەندروستی یان نیشتەجیٚ!

براڵە .. ئەو غەیرەدینانە کە رۆژانە لێرەوە هـەزاران جنێـوو تیروتـوانجی رەوشتییان ئاراستە دەکریٚ لەنێو هەسـتی مرۆڤایەتیـدا تواونەتـەوە! ئـەوەی لـە دەسـتیان بێـت بـۆ خۆیـان و خـەڵکی مـشەختی دنیـا درێغـی ناکـەن! بـەهیچ شێوەیەك لـە دەلاقـەی ئـاین و رەنـگ سـەیر ناکـەن بـەڵکو لـە روانگـەی ئاسـۆی بەرفراوانی مرۆڤایەتیەوە هەڵسوکەوت دەگەڵ گیانلەبەر و مرۆڤ دەکەن .

# بەدبێژی ..!

لە خۆزگەی (٤٩) میندا، کە لێرەکانێ لە ٢٨ / ١٠ / ٢٠٠٨ بە ناونیشانی (شعبنا الکوردی) بڵاوبۆتەوە تێیدا سەرکۆنەی زڕبرایانی کودەتام کردوە، هەروەها ناوی سێ داخ لە دڵی وەك (نوجێفی، حەنینۆك، داینی) بە نموونەم هێناوەتەوە کە رۆژانە حیقدوکینەی خۆیان بەسەر کورد ئەڕێژن!

نوجێفی لە هەموو دیدارەکانیدا بەتایبەتی لەسەر لاپەڕەکانی بڵاوکراوە کوردیەکاندا دەڵێ :" ئێمە دۆستی میللەتی کوردین، بەڵام دەگەڵ سەرکردەکانی حیزبەکان ناکۆکین! ئەو حەرامزادەیە بەم (شەکرشکاندنەی) وەك سەرانی پێشو دەیەوێ درز بخاتە نێو کۆمەڵگای کورد .. وەك نەزانن ئەو حیزبانە لە منداڵدانی کۆمەڵگای کوردەواری لە دایکبوون، بەمەیش رانەوەستا بەڵکو تۆمەتی کوشتن و دەربەدەرکردنی فەلەکانی موسلی دەخستە ئەستۆی ئێمە! بەڵام خودای گەورە پاشۆڵی بزنانی بۆ هەموو دنیا وەدەرخست و لەنێو کۆڕومەجلیسی سیاسەتی ئەمڕۆدا ریسوای کرد

حەنینۆك کە تا دوێنێ لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆندا لە دۆزینەوەی رەچەڵەکی شەبەکدا هەردەم بیروبۆچوونەکانی بەرەو کوردوکوردایەتی لەنگەری دەگرت .. کەچی ماوەیەکە ئەویش جڵەوی بەرەو عوربچیاتی شلکردوە! *سیاسیین اخر زمن*!!

محەمەد داینیناموبارەك لەکاتی خۆیدا لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمریکیدا سوێندی سێ بە سێی فرێداوە کە گوایە پێشمەرگە (١٣) هەزار خانەوادەی عەرەبی لە پارێزگای دیالە شاروەدەر کردوە! هێندەی نەبرد خوای کوردان ئەویشی بە بەشداربوون لە تەقینەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و گەلێ

شتی دیکە ریسوا کرد! کورد دەمێکە گوتوویەتی :"*پیاو بەدبێ بەڵام بەدبێژ نەبێ*".

ئەو بەدبێژانەی سەرەوە نەکوردن نەکوردیشیان گەرەکە .. ئەگەر تا دوێنێ ئەوانمان بە برای چاوڕەشی خۆمان زانیوە، ئەوەتە ئەمڕۆ بوونەتە زڕبرا! ئەگەر لەدوارۆژدا نێوانمان توونـدتر بێت .. جغارە لە کیسەی یەکتر تێناکەین و دەڵێین : "*مانگا مرد دۆ بڕاوە*!"بەڵام بۆ کوڕانی ئۆمەری ئامۆزاو بەجیسی دۆتمام چ بڵێین کە رۆژانە لە روانگەی (*ئازادی بیروڕا دەربڕیندا*) تۆی نەیاری لەنێو کۆمەڵگا بڵاودەکەنەوە .. تێیاندا هەیە "*بەردی بە گوو دادەدا*!"راستە ئەمجۆرە کەسانە لەنێو کۆمەڵگادا (نەکیرن) بەڵام بە قسانەیان دڵی هەزاران خەڵکی کوردەواری دەڕەنجێ، ئەو خەڵکەیش لە روانگەی بەرژەوەندی گشتیدا (قانیان) دەداتێ یان ناچارن پەیرەوی ئەم پەندە کوردیە بکەن کە دەڵێ :"*بۆ خاتری یەك دەنکە گەنم سەت دەنکە زیوان ئاو دەخواتەوە* ".

لە هەفتەی رابرد .. لەوکاتەی لاپەڕەکانی هەندێ بڵاوکراوە (*ئەوانەی خورمژ دەخۆن!*) ئاوەژوو دەکردەوە، هەندێ مانشێتم کەوتنە بەرچاوان سەت خۆزگەت بە ژەهر رشتنی زڕبرایانی کودەتا بۆ نموونە :"*لە هەولێر سرودی رێی بارزانی دەگوترێتەوە*"ئەمەیان جگە لە تۆی دووبەرەکی زیاتر چی تێدا بەدی دەکرێ؟! تەنیا بۆ زانین .. لە هەولێرە حەیاتەکەی کوردانـدا سرووودی ئەتاتورك، شمسە زریقڵەی فەلەکان، ئێمە ئێزدینە .. هەمی بەحەشتینە دەگوترێتەوە .

ئەگەرهاتوو رۆژێك ئەو مانشێتانە کەوتنە بەرنووکی قەڵەمی توێژەر بە دڵنیاییەوە دەڵێ : بە هیچ شێوەیەك ئەو ناونیشانانە خزمەتی بارودۆخی هەرێمی نەکردوە !

# مۆژده ..!

دەمێکە لە ڕێگەی نووسینەکانماندا باس لە بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستان دەکەین و خۆزگان دەخوازین لە پاڵ ئەو هەموو ئوتێل و مۆتێل و سوپەرمارکێتانە .. کارگەی گەورەو بچووکی هەمەجور لێرەو لەوێی کوردستاندا دروست بکرێت تاکو گەنجانی وڵات حەزی لەمێژینەی خۆیان تێدا بشکێنن! چونکە خەڵك بە ئیشەوە جوانن، کورد دەمێکە لەمبارەیەوە وتوویەتی *"ئێشکەری ماڵێ خۆتبە، خۆشەویستی خەڵکیبە* "هەروەها لە ڕوانگەی ئاینیشەوە دەمێکە گوتراوە *"ان لرّنين الفأس مكانته عند الله"* ئەوەتە جارێکی دیکەیش بۆ هاندانی گەنجانمان ئەم قسە نەستەقەی زەمانی خۆی وەبیر گەنجانمان دێنینەوە کە دەڵێ: *"لا خير في امة تأكل أكثر مما تنتج"* ئەمەیان سەرکۆنەیە بۆ خەڵکانی زۆرخۆرو تەوەزەڵ!

لە نوسینی (دەست ڕەنگینی کورد) کە لە ڕۆژنامەی (خەبات) لە ڕۆژی ٩ / ١١ / ٢٠٠٦ دا، بڵاوبۆتەوە باس لەو هەزار بە هەزار کەلوپەلانەی نێو سوپەر مارکێتەکان دەکەم و بە خۆزگەی ئەوە بووم کە ڕۆژێك دابێت چەندان و چەندین کەلوپەل لەسەری بنووسرێ (made in Kurdistan) هەرچەندە ئەوکات تەنیا یەك بەرهەمی دروستکراوی لبنانیم بینی کە بە ئاڵای کوردستانەوە نوسرابوو (*فول مدمس خلطة كوردية*) چەندی بڵێی دڵخۆش بووم کە پەیڤی (*کورد*) و (*ئاڵای کوردستان*) وەك ڕیکلام بۆ فرۆشتنی ئەو بەرهەمە بەکارهاتبوو .

شەوی ٢ / ئاداری لە (هایپر مارکێتی BRZ) چاوم کەوتە سەر (*ماستی هەولیر لبن اربيل خومالی تازەی سروشتی دروستکراوە بە شێویکی*

***<u>تەندروستی یەکجار تامی بکەیت هەموجار داوای دەکەیت بەرهەمی کارگای</u>*** ***<u>AV هەولیر – کوردستان – عیراق</u>***) چەندی بڵێی شادومان بووم .. هەرچەندە بەداخەوە ئالآی کوردستانی لەسەر نەبوو! کوردیەکەی بەزێدە خراپ نوسرابوو!! نازانم خوشك و برایانی کارگەی (AV) لە رووی نووسین و نەخشەسازییەکەوە بۆ هێندە کەمتەرخەم بووینە، سەرەڕای ئەو کەموکوورییانە دەستخۆشیان لێدەکەین و دوعاخوازین نموونەیان زۆربێت، بۆ کارگەکەیان شانازی بوو ئەگەر قەڵا یان منارە یان زوورگەزراو ببوایە (*مارکة مسجلة*) ی، بەرهەمەکانیان لە ماست، دۆ، ماستاو، پەنیر، لۆر ئیدی بە هەقیقەت دەبووینە هەولێرە ماست!

ئێستاش بە پێویستی دەزانم موژدەی هاتنەدی خۆزگەیەکی دیکە بدەینە خوێنەران و کۆمەڵگای کوردەواری کە بریتیە لە گەیشتنی ئەو بەرهەمە خۆماڵیە بۆ نێو دنیای مینی مارکێت، سوپەرمارکێت، هایپرمارکێت .

چیی تێدایە ئەگەر ئەم پێشنیازەیش بخەینە بەردیدی لایەنی پەیوەندار لە سانیدیکای کارەمللیەکان (*ئەگەر هەبێت*) هەروەها وەزارەتی رۆشنبیری و بازرگانی و ژووری بازرگانی بۆ ئەوەی هەوڵێك بدرێت بۆ دروستکردنی بازارێك بۆ کڕینەوەی کاری خۆماڵی یان کردنەوەی بەشێك لەنێو سوپەرمارکێتەکان بەنێوی (*بەرهەمی خۆماڵی*) تاکو هەموو کەلوپەل وەك کڵاش، کر – شاڵ - بەروبەرگووز، مافوور، جاجم، دووگرد، لباد، کڵاو، جامانی و گوڵینگەی، خواردن بە هەموو جورێکەوە تێیدا بفرۆشرێت .

لێرەوە جارێکی تر خۆزگە دەخوازین وڵات بەزێدەو زێدە ئاوەدان بێت .

# جیاوازیەکان ..!

چـەندین سـاڵ بـەر لـە ئێـستا میللـەتانی ئێـران توانیـان شۆڕشـێکی جەماوەری دژ بـە شـای ئێـران بـەرپا بکـەن و عەرشـی داکوتـاوی هـەزار ساڵەی ئاریـامیهر هەڵتـەکێنن! ئـەوەی بـۆنی ئـەو رژێمـەی لێـدەهات تـەفروتونکران، ئێرانیـان سـەرلەنوێ دامەزرانـدەوە کەچـی ماوەیەکـە لەسـەر رێککەوتنامـەی جەزایر درِدۆنگی کەوتۆتە نێوان عێراق و ئێـران بـە تایبـەتی لەسـەر (یـەکاوی عەرەب) .

ئەگەرهاتو ئەو پرسیارە ئاراستەی کاربەدەستانی ئێـستای ئێـران بکـەین و بڵێین : ئێـوە بـە هـەموو شـتی کـۆن و نـوێی حـوکمڕانی شـا رازی نـەبوون .. کەچـی خێـرە هێنـدە لەسـەر ئـەو رێککەوتنامەیـە مـوکڕن کـە مـۆری خـودی شاهنشای لەسەرە؟ من دڵنیام (صدرالاسلام) بە نموونە دێننـەوەو دەڵێن : ئـەو داب و نەریتانـەی زەمـانی الجاهلیـەیش بـە تایبـەتی ئەوانـەی دەگـەڵ ئیـسلام دژوار نـەبوون وەك خـۆی پـەیرەو دەکـرا، بۆیـە ئێمـەیش لـەو روانگەیـەوە تەعامولْ لەگـەڵ شـتەکانی زەمـانی زوو دەکـەین هەرچـەندە خـەڵکیش تـوانجی بانێك و دوو هەوامان لێدەدەن!

ئـەو زرِبرایانـە کـە ئێـستا لەسـەر کورسـی حـوکمڕان دانیـشتوون .. لـە زەمـانی زوو لێـرەوە لەسـەر ئاخـا (شمالنـا الحبیـب) هـەردەم ناوونـاتۆرەی حوکمڕانی بنەماڵەیی و عەشایرییان دەخستە پاڵ رژێمی گۆرین!! بـۆ خۆشـیان (وأمرهم شوری بیـــنهم ) ببـوە وێـردی سـەرزاران، کەچـی ئـەمڕۆ ئـەوەی پـەیرەوەی نەکـەن ئـەو ئایەتـە پیرۆزیـە، لـە لایـەکی دیکـەوە ئـەو عێراقـە

مۆدێرنەی ئێستاکێ .. ڕۆژانە کۆنگرە بۆ عەشایرەکان دەبەستێ وەك ڕۆژانی زوو پارە بەسەر مەدداحەکان دابەش دەکەن بەزێدە پابەندی (کلام اللیل یمحوه النهار) ن، لە کۆنگرە بەستنی (العبید) سەرەکوەزیرانی عێراق لە ڕوانگەی "*بووکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گێت لێبێت*"دەیگووت : نابێ کەس بیر لەوە بکاتەوە کە لەم عێراقەدا شوێنێك لە شوێنێك خۆشترە، ئاوەدانترە، پێشکەوتوترە .. پێویستە هەموومان لە سنوور بۆ سنوور لەژێر دەوڵەتی قانوون دابین! کەس نابێ بڵێت ناوچەکەی من ئارامەو ئەویدیکە ئاژاوەی تێدایە، ئەو هەموو تیروتوانجانەی دەهاوێشتە کوردستانی خۆشەویست و خەڵکەکەی! کورد دەمێکە وتوویەتی :" *پیاو نابێ بەرد فڕێداتە ئەو کانیاوە کە ڕۆژێك ئاوی لێخواردۆتەوە* "سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفتانەی لە بەغدا بۆمان دروست دەکرێ کەچی خەڵکانێکمان هەس باس لە تورەبوونی سەرەکوەزیرانی عێراق دەکەن و دەڵێن : ئەگەر ئەو نەهاتە کوردستان .. با سەرەکوەزیرانی هەرێم لە دەرگای بدات!!

هەر لەسەرەتاوە ئەو دنیا فانیە لەسەر دوو جەمسەری دژ بە یەك دامەزراوە بۆیە لە ژیانی بەنی بەشەردا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتە دوو شاعیری ناوداری عەرەب (**أبي الفراس الحمداني و أبي الطیب المتنبي**) کە لە یەك زەمەن، لەسەر یەك خاك، یەك ئاین ژیاون کەچی لەبۆچوونیاندا دوو جەمسەری دژوارن : یەکیان لە دوو دێرە شیعردا دەڵێ : خوایە لەبەر ئەوەی من تێنووم ئومێد ئەکەم پشکێ باران نەباریێ! ئەویتریان دەڵێ : خوایە من تێنووم بەڵام دوعاخوازم باران بەسەر خەڵکیدا بباریێنی!

ئیدی خوێنەر بۆ خۆی سەرپشکە .. چۆن بەراورد لەنێوان ئەو جیاوازیە مرۆیی و نامرۆییە ئەبەدیانە دەکات .

# جارێکی دیکە دکتۆرەکان ..!

لـە هزرمـدابوو ئـەم نوسـینە لـەژێر ناونیـشانی (مافیـای دکتـۆران) بڵاوبکەمەوە! بەڵام لە روانگەی مەترسی بۆ سەر ئاسایـشی نەتەوایـەتی ئـەوەی ئێستام پێچاکترو هێورتر بوو!

دوای بڵاوبوونـەوەی بابـەتی (دکتـۆری) یـەکێك گـووتی : تـۆ دەزانـی لـەم کوردستانەی ئێمـەدا مافیـای دکتـۆران دروست بـوە؟! منـیش گـووتم : براڵـە .. کاتێ منداڵبووین تەنیا (ئیتاڵیا و مافیا) ئاوێتەی یـەکتربوون، لـە دوای نـەمانی یەکێتی سۆڤیەت ئـەو زاراوەیـە بـە زەقـی لـەوێ سـەریهەڵدا .. ئێـستاش دەگـەڵ باهۆزی عەولەمە لە گوند، شار، وڵات، دەریاو زەریا مافیـای هەمـەجور دروست بوە، لە بەردەوامی قسەکانیدا گووتی : لەنێو خەڵکدا واباوە کە بازرگـانی ئێمـە دەچـنە وڵاتـی (چـین و ماچـین) چ کەلوپـەلو ئـامێری خـراپ هەیـە بـۆ کوردسـتانی دێـنن! کـە ئەمەیـشیان هۆکارێکـە بـۆ داڕمـانی ژێرخـانی ئـابووری نیـشتمانی! گوایـە رۆژێکیـان ئـەو کەسـەی دەرمـانی بـۆ کوردسـتان هێنـاوە .. باوکی نەساغی دەباتـە لای دکتۆرێـك، لـەدوای پـشکنیندا بـە دکتۆرەکـە دەڵـێ : تکایە فلانە دەرمان بۆ باوکم مەنووسە!! ئیدی دکتۆرەکـە تێـدەگات بۆیـە لـەو رۆژەوە بە هیچ شێوەیەك ئەمجۆرە دەرمانە بۆ کەس نانووسـێ (خـودا تەمـەنی هەموو دکتۆرێکی بە ویژدان درێژ بکات بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگاکەی) .

برادەرێکی دیکـە گـووتی : خـەڵکانێك لێـرە پەیـدابوون لـە دروسـتکردنی کۆمەڵگەی پزیشکی پسپۆڕ، راستە کردنەوەی ئـەمجۆرە شـوێنانە کـاری چـاکن بـەڵام چـۆنیەتی ئامـادەکردن و هێنـانی ئـەو دکتۆرانـە رووی پیرۆزی دکتـۆری

خـراپ كـردوە .. خـانووی ئامـادەكراو، مووچـەو ڕێـژەی قـازانجی فـاحیش، خۆشـگوزەرانی هەمـەجوور بۆیـان دابـین دەكـەن كـە لـە ئەنجامـدا ئـەو زێـدە مەسـرەفە دەكەوێتـە ئەسـتۆی نەسـاغی وڵاتەكـەم (خـودا هـەموو كەسـێكی لـەڕێلادەرو خـراپ چـاك بكـات بـۆ ئـەوەی بگەڕێتـەوە كـۆڕی مرۆڤایـەتی بـۆ خزمەتكردنی كۆمەڵگا) .

هەروەها گووتی : دكتۆری ئەوتۆمان لەمشارەدا هەیە ئەگەر هاتو ئاسمان و ڕێـسمان لێكبـدات ڕۆژانـە تـەنیا پـشكنین بـۆ (١٠) نەسـاغ دەكـات، دكتـۆری دیكەیـشمان هەیـە لـە دوای دانیـشتن و پـشكنینی ورد لـە ڕوانگـەی زانیـستەوە كەمترین دەرمان بۆ نەساغ دەنووسێ بـەڵام ئـەم دوو نموونـە باشـەی دكتـۆران بە هەموو شێوەیەك ئاستەنگیان بـۆ دروست دەكـرێ چونكە ڕێـز لـە سـوێندی پـیرۆزو پیـشەكەیان دەگـرن .. بۆیـە داواكـارم لـە خـەڵكی خۆمـان هەوڵبـدەن سەردانی ئـەمجۆرە دكتـۆرە بـە ئەمەكانـە بكـەن چونكە شـەرەفی پیـشەییان لـێ دەبارێ .

ئەویتریان گووتی : بنووسە نیشتەگەرێك كە ڕۆژانە خەڵك ڕۆحـی خۆیـان تەسـلیم دەكـەن بـە دەرمانخانەیـەكی غـەیرە ئیـسلامی گوتـوە .. ڕێژەیـەكم بـۆ تـەرخان بكـە! منـیش لـە بـری ئـەوەدا بـۆ هـەر نەسـاغێك دوو دەرمـان زێـدە دەنووسـم! غــەیرە دینەكـەیش لـە وەڵامـدا دەڵـێ : ڕەوشـتی كۆمەڵایـەتی و ئاینەكەم ڕێگام پێنادا ئەو كارە قێزەوەنە بكەم!!

منیش لە خەمی شەقامی پزیشكان، ژانی بێسنووری خـۆم ژبـیر كـردو لـە ناخمـدا ڕووەوە ئاسمـان گـووتم : خودایــە بـۆ خـاتری ئـاهونیزای هـەتیوانی كوردسـتان ئـەوەی بـێ وێـژدانی و خیانـەت دەگـەڵ میللـەتی خـۆی دەكـات .. قاڕوون ئاسا نغرۆی بكەی و ببێتە سۆدرەی دنیاو قیامەت .

# چاودێری کۆمەڵایەتی

چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە رۆژانی زێدە گرانی کوردستاندا، لەخوانەترسێك دایك و کچێکی کرێچی لە کۆنە خانوێك دەرکردبوو! ئەو دوو کۆسکەوتوانە دەگەڵ چەند بوزگوڕێکیان بۆ چەند رۆژێك لەبەردەم بالاخانەی پەرلەماندا گیرسابوونەوە .. لە رێگەی راگەیاندنی کوردستاندا گوێ بیست بووین کە پەنابەرێکی کوردی نیشتەجێی (سوێد) گیروگرفتی ئەو دوو ئافرەتەی بەچەند سەت دۆلارێك بۆ بژێوی ژیان و کرێی خانوێکی دیکە چارەسەر کردوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەو چەند وشە جوانانە بوو کە پەنابەری خێرخواز لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەدا بە گوێی هەموو دەوڵەمەندو کاربەدەستانی وڵات چرپاندبووی (*من و خەڵکانێکی دیکەی کورد چەندین ساڵە وڵاتی سوێد بوەتە خانەخوێمان بە هەزاران کرۆن هاریکارمان بوون ، بۆ خودی خۆم لەسەر بوودجەی ئەوان لە وڵاتێکی دیکە پلەیەکی زێدە بەرزی خوێندنم تەواو کردوە .. چیی تێدایە ئەگەر بەچەند سەت دۆلارێك بتوانم دوو ئافرەتی وڵاتی خۆمان لەو میحنەتە دەرباز بکەم*) .

لە روانگەی قسە کاریگەرەکانی پەنابەری خێرخوازو کەمەشارەزاییەك لە ژیانی زۆربەی پەنابەرانی کورد لە ئەوروپا .. هۆڵەندا بە نموونە ئەم پوختەتان پێشکێش دەکەم : تا ئێستایش زۆرینەی کورد لەسەر سۆسیاڵ دەگووزەرێنن واتە مووچەی دەزگای چاودێری کۆمەڵایەتی وەردەگرن کە لێرەدا بە (هەژارانە) بەنێوبانگە و لە لایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەدرێتە زێدە زێدە هەژارانی وڵاتەکەم!

بۆ هەموو (ژن و مێردێك) بە مەرجێ پێکەوە بژین .. رەوایە تا زمان

فێر دەبن مووچەی سۆسیاڵ لە شارەوانی (خمێنتـە) وەربگـرن، لـە سەرانـسەری هۆڵەندا مووچەکە لە سنووری (١٢٠٠) یۆرۆ دایە .. سەرەڕای ئـەم مەبلەغـەیش بە پێی ژمارەی منداڵ هاریکاری کرێـی خـانوو دەکـرێن کـە ڕێژەکـەی دەگاتـە ٥٠٪ کرێیەکە، هەروەها مەبلـەغێکی دیکـە وەك هاریکـاری دەخرێتـە سـەر ئـەو بـڕە پارەیــە کــە تــۆ وەك ئەنــدامێکی کۆمپانیــای (دڵنیــاکردنی تەندروســتی) دەیــدەیت، شــایانی باســە هــەردوو ســاڵ جــارێکیش لەســەر ئــەرکی ئــەوان چاویلکەت بۆ دەکرێ .

لـەوێ بــۆ هــەموو کەسـێك ڕێــژەی بــەکارهێنانی کارەبـا یــان ئــاو بــۆ خواردنەوە، ئاودەست، خۆشوشـتن، گـەرمکردنی ژوورەکـان دیـارکراوە .. ئەگـەر بە ووردی ئەو (تەرحوزەڕبە) بکەین هەموو ژن و مێردێـك بـێ ئـەژمارکردنی مووچـەی منداڵـەکان مانگانــە لــە ســنووری (٣٠٠ – ٤٠٠) یــۆرۆ بــۆ خــواردن و خواردنـەوەو تەلـەفۆنیان دەمێنێتـەوە، ئەوەیـشمان لـەیاد بێـت هـیچ کەسـێك نیە لە هۆڵەندا خانووی سەربەخۆی نەبێ! بە واتایەکی دیکـە لـەوێ کـەس بـێ سەقف ( zonderdak) نیە .

کەچی ماوەیەکە لێرە لە ڕێگـەی دیـدارەکانی تەلـەفزیۆن یـان لاپـەڕەکانی ڕۆژنامـە گـوێ بیـست دەبـین کـە هەژارانـە لـە وڵاتـی ئێمـە تـەنیا (٣٠) هـەزار دینارە!! خـەڵکانێکیش هـەن کـە تـا دوێـنێ بـە گیـانی خۆیـان کوردسـتانیان لـە دەستدرێژی نەیاران پاراستوە مووچـەی مانگانـەیان بـە هـیچ شـێوەیەك ناگاتـە سەت یۆرۆ!

تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوە .. هۆڵەندا یـەك بـیرە نـەوتی تێـدا نیـە، تـۆ بڵێـی ڕۆژێـك دابێـت ئـەو نیعمەتـەی بـۆ کـوردان بوەتـە نقمـە! داهاتەکـەی بەسـەر خەڵکی داماوی خۆمان دابەش بکرێت .. ئیدی ئەوەیش هوڕێنە خۆزگەیە .

# شاری یاری

دوورنیـه لـه ژیانمـدا چانـسی دیـدەنی و گـەڕانم لـه هاوتەمەنـەکانی خـۆم زیاتر بـۆ رەخـسابێ .. لەکاتی خۆیـدا بـۆ رێگـای بەغـدا دەبوایـه بـه شـوێنێك تێپەڕیت که به (فتحه) ناسـرابوو، کەچی بـۆ خـۆم لـه ناوەڕاسـتی شەسـتەکان به رێگای نوێ چوومەته بەغدایێ که ئەوکات به (خالص) دەگوترا (دێلتاوە) .

راسـتە مـن لـه هـەولێر شـەمەندەفەرم بینیبـوو بـەلام وێـستگەی شـەمەندەفەری بەغـدا لـه چـاو ئـەوەی هـەولێر گـەلێ زەبـەلاح بـوو! لـەو سـەردانەماندا خزمـەکان ئێمـەیان بـردە (شـاری یـاری) عنـدرعۆپ، چـەرخ وفەلەك، رێگەی مردن، ژووری ترسناك، سیارەی قۆچقۆچانێ، هەرچـەندە لـه رۆژانـی جـەژن ئێمـەی منداڵه کرمـانج بـه ترسـەوە دەچووینه (بنلـەلووگان) بەلام دەگەڵ شاری یاری بەغدایێ بەراورد ناکرێ! کورد گوتـەنی تـا ئێـستایش" *تامی دەزارمدا ماوە*"ئەوەی نەمدیبوو له بەغدا بینیم!

هەرچـەندە ئێمـەی دەشـتەکی لـه گۆمـاوێ زیاترمـان نـەبینیبوو کەچـی دایکه دەشـتەکیەکان هـەردەم دەیـانگووت :" *ئـاوو ئـاگر لـه کـەس نـەبی حـازر* "بۆیـە ئێستایـشی دەگەڵـدابێت لـه ئـاو دەترسـم و فێـری مەلـەوانی نـەبووم، کەچی دەبەغـدایێ رووبـارم بـینی دەتگـووت شامارە شـاری کردۆتـه دوو لـەت! هـەر لـەو سـەردانەدا بـاغی گیانلەبەرانیـشم بـینی .. تـا ماوەیـەك لـه ترسـی خـەون دیتـنم بـه شـێرو پڵـنگ و زەڕافـەکان تامیـسەکەی تـرس لەسـەر لێـوانم دیاربوو .

له هۆڵەندا شـارێکی یـاری زێـدە گـەورە لەسـەر ئاسـتی کیـشوەری ئـەورووپا

هەیە پێی دەگوترێ (ئێفتلینگ eftling) لە سنووری بەلچیك نزیكە .. ئەوروپاییەكان بە لێشاو سەردانی دەكەن، لە باكووری هۆڵەندا شوێنێكی دیكە بە نێوی (هێلندۆرن Helendoren) هەیە كە تەنیا لەسەر ئاستی وڵاتدایە .

شاری یاری واتە شوێنی خۆشی، رابواردن، یاریكردن .. پلیتی چوونە ژوورەوە بۆ یەك كەس (١٧) ئیرۆ بوو، بەڵام لە كاتژمێر نۆی بەیانی تا پێنجی ئێوارە سواری هەر یارییەك ببیت بەخۆڕاییە .. ئەو برە پارەیە بۆ ئەو خەڵكانە زۆرە كە لەسەر مووچەی چاودێری كۆمەڵایەتی دەژین! بۆیە سەنتەرو رێكخراوە هەزار بە هەزارەكانی ئەوێ بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن خەڵكی ئەوێ لە دیدارو دیدەنی ئەمجۆرە شوێنانە بێبەش نەبن، هەر یەكە لەراستەخۆیدا ئەوجوورە سەردانانە بە كۆمەڵ رێكدێخن بە تایبەتی ( VVN) كە تەنیا لە یەك كەس پێنج ئیرۆ وەردەگرن و بە جوانترین ئۆتۆمبێلی گەشتوگوزار دەبردرێنە شاری یاری، ئیدی هەر خانەوادە خواردن و خواردنەوەی دەگەڵ خۆی دەبات و لە شوێنە زێدە سەوزەكانی نێو شاری یاریدا قاوڵتی دەكەن، لە وێش گوێم لە كزەكزی سەماوەری كوردەواری بوو، جا چۆن بۆ دامودەزگا خێرخوازەكانی هۆڵەندا دوعاخواز نەبم؟ كە تینیوی حەزی ناخمان دەشكێنن!

بەر لەوەی هێزی ناهۆشیاری ئاسەواری نەهێڵێ .. هەولێریش بۆ ماوەیەك ئاشنایی دەگەڵ شاری یاریدا هەبوە .. ماوەیەكە هەواڵی شارێكی گەورەی یاری دەژنەفم .. ئێمە دڵنیاین بەم شتە جوانانە شارن دەڕازێتەوە بەڵام ئەوەی بەزێدە دڵی كۆمەڵگاكەمان خۆش دەكات ئەوەیە كە كلتووری ئەو شتە جوانەیش بێتە وڵات .

# هذا من فضل ربي

سـەرەتا خوێنـەری گۆشـەکەم دڵنیـا دەکەمـەوە کـە لـە ژیانمـدا بـۆ هـیچ شتێك ئیرەییم بە کەس نـەبردوە، بـەڵکو ئەوانـەی لـە نزیکـەوە ئەمناسـن زۆر بـاش دەزانـن کـە هـەردەم بـۆ مرۆڤـچاکانی وڵاتەکـەم دوزعـاخوازم بـە تایبـەتی دەوڵەمەندی چاوتێر، ئەوانـەی هـەردەم هەوڵـدەدەن لـەنێوان خۆیـان و خـوای خۆیان هاریکاری خەڵکی بـێ دەرامـەتی کوردسـتان بکـەن .. جا چۆن لێـرەوە پـڕ بـە گـەروو هـاوار ناکـەم و نـاڵێم : خودایـە بەزێـدەو زێـدە رزقـی حـەلال بەسەر دەوڵەمەندی خێرخواز ببارێنە، وە لە هەمانکاتدا لـە هـەموو شـوێنێکی بەرزونــشێودا سەرزەنیــشتی دەوڵەمەنــدی چاوچــنۆك و قرچــۆك دەکــەم .. دڵنیایان دەکەمەوە کە لەدوا رۆژدا ئـەم ئایەتـە پیرۆزەیـان بەسـەردا ئەچەسـپێ **"و الذين يكنزون الذهب و الفضة ولا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب اليم "**.

بارزانی نەمر فەرموویەتی : بە هیچ شێوەیەك مێژوو باسـی ئـەو کەسـانە ناکات کە لـە ژیانیانـدا خـواردنی خۆشـیان خـواردوە یـان لەسـەر پێخـەفی نـەرم خەوتوون بەڵکو باس لەو کەسانە دەکات کە خزمەتی میللـەتی خۆیـان کـردوە، ئەگەرهاتوو سەیری وێنەکانی بارزانی نـەمر بکـەین کـە ئـەو جلوبەرگـە زێـدە سـاکارەی دەبەردایـە و گـوێ لـە خـەڵکانی نزیکـی ئـەو زاتـە رابگـرین کـە لـە خواردنـدا هـیچ جیاوازیـەکی دەگـەڵ پاسـەوانەکانی دەوروبەریـدا نـەبوە ئینجا بـەراوردێك دەگـەڵ ناووسـەدای ئـەو کەلـەمێردە بکـەین هـەموومان دەگەینـە ئـەو هەقیقەتـە کـە سـەروەتی راسـتەقینەی مـرۆڤ قـسەوکردارەکەیەتی .. پێـشینان بـە هەوەنتـە نـەیانگوتوە : خـەڵکانێك هـەن مێـژوو بـۆ خۆیـان و

میللەتەکەیان دروست دەکەن، خەڵکی دیکەیش هەس مێژوو دروستیان دەکات!

هەروەها سەیری مێژووی مەهاتماگاندی، ماو، جمال عبالناصر، عبدالکریم قاسم، هۆشی منۆ، جیڤارا، ماندێلا بکەین کە چ مێژوویەکی سەرفرازی بێ پارەوپووڵ و کۆشك و باڵاخانەیان بۆ نەوەی دادێ جێهێلاوە!

دەوڵەمەندبوون کارێکی دزێو نیە، بە پێچەوانە لە دنیادا لەوە خۆشترنیە پیاو بتوانێ خۆی ماندوو بکات تاکو دەوڵەمەند بێت .. ئەوەی دوێنێ بۆی مەیسەر نەبوە ئەمڕۆ بۆ خۆی وماڵومنداڵ و دەوروبەری مەیسەر بێت، ئەگەر هاتوو دەگەڵ ئەو دەوڵەمەندەیش خێرکەر بێت ئەوە چانسێکی دوو زەردێنەیە! بەڵام ئەوەی جێگەی ڤێزەوەنی کۆمەڵگایە .. خەڵکانێك هەن تا دوێنێ خاوەنی فرۆشێك نەبوون و ئیشکەرێکی زیرەکیش نەبوون میراتیماڵەباوانیشیان بۆ نەماوەتەوە کەچی ئەمڕۆ بەناشەرعی بوونەتە خاوەنی چەندان ڤێلاو باڵاخانەو کارگەی هەمەجۆر! پێویستە حکومەت هەڵوەستەیەك لەسەر ئەمجۆرە کەسانە بکات .

لە مێژووی دەسەڵاتی ئەمەویدا نوسراوە کە (**ابوذر الغفاري**) رەخنەی لە خەلیفەی ئەمەوی گرتوە : ئەگەر ئەو کۆشك و باڵاخانانەی دەبینرێ لەسەر بوودجەی (**بیــت المـــال**) بێت؟ ئەوە زێدەڕۆیت کردوە، ئەگەر دەباخەڵی خۆتانە .. ئەوە دزیە!!

هەر بەم بۆنەیەوە ئەو سەربردە کۆمێدی و تراژیدیە ئامێزە بۆ خوێنەری گۆشەکەم دەگێڕمەوە : گوایە رۆژێکیان شەیتان لەژێر کۆشك و باڵاخانەیەکی یەکجار گەورە دانیشتوەو دەگریێ! لێی دەپرسن بۆ دەگری؟ ئەویش دەڵێ : چۆن نەگریم من ئەو قورمساغە بێ وەفایەی خاوەنی ئەو باڵاخانەیەم فێری دزی و جەردەیی کردوە کەچی لەسەر باڵاخانەکەیدا نوسیوە : **هذا من فضل ربي!**

# ژینگـــــه ..!

خـودای گـەورە نیعمـەتێکی زێـدە مـەزنی بـە وڵاتـانی غـەیرەدینی دابێـت ئەو بێ بیابانیەی کیشوەری ئەوروپایـە .. لـەنێو پێـنج کیـشوەری دنیـادا تـەنیا کیشوەری ئەوان بێ بیابانە! سەرەڕای ئەو باهۆزە بەتینانە هەست بـە تـەپوتۆز نـاکرێ چـونکە خاکەکـەی هـەردەم تـەڕە .. کـاتێ گەشـتیار بـە پایـسکڵ، ئۆتۆمبێـل، فڕۆکـە، شـەمەندەفەر لـەنێوان وڵاتـانی ئـەوروپادا سـەفاوەروا دەکـات جگـە لـە سـەوزایی هیـچی دیکـە بـەدیناکات، ئـەوروپا بریتیـە لـە ئـاو، دارستان، سەوزایی .

له هەموو کوون وکەلەبـەرێکی هۆڵەنـدا گـوڵ چاندراوە، واتـە وڵاتێـك لـە گوڵ .. کلتووری ئەوێش رێگا نـادات ئەگـەر منـداڵیش بێـت دەسـت بـۆ گـوڵی شوێنە گشتیەکان درێـژ بکات، لـەوێ خـەڵك و حکومـەت ژینگـە دۆسـتن بۆیـە پێکەوە هەوڵدەدەن لە نێوان ئاسمان و رێسماندا ژینگەی وڵات بپارێزن .

دامودەزگا پەیوەنـدارەکانی ئـەوێ رێگـا بـە کارگـە یـان دەزگایـەك نـادەن ئەگەر سەت لە سەت پابەندی رێنماییـەکانی ژینگـە نـەبن بـۆ نموونـە : لـەوێ ساڵانە بەزێـدە گرینگـی بـە نوێکردنـەوەی ساڵانەی ئۆتۆمبێـل (سـنوی) دەدەن کە لە هۆڵەندا پێـی دەگـوترێ ( APK) کـە لـە هـەموو روویێکـەوە بـە ووردی ترومبێـل دەپـشکنن بـە تایبـەتی (صالنـصە – گـزۆز) ئامێـرێـك دەخەنـە نێـو کوونی گـزۆز وەك پێـوەری دەرچـوونی دووکـەڵ کـە هـۆی سـەرەکی پیـسکردنی ژینگەیـە! کـاتێ لـە کوردسـتان بـاس لـە گـزۆز دەکـرێ .. زۆرجـار دەگـوترێ (بطیخـە) کـەی، دڕاوە یـان نـاوی کـەوتوە! لـەوێ هـەموو ترومبێلێـك جگـە لـە (بطیخـــە) ئـامێرێکی دیکـەی پێوەیـە کـە نرخەکـەی لـە سەرتاسـەری گـزۆز

گرانتره كه پێی دەگوترێ (كاتاليساتۆر)، هەر ئۆتۆمبێلێك ئەو ئامێرەی نەبێ .. رێگای پێی نادرێ بێتە ئەوروپا ئەگەر ئەو ئامێرە عەیبداربێت (ئاپیكەی) بۆ نوێ ناكرێتەوە !

يازده ساڵ بەر لە ئێستا لە گۆڤاری گولاندا بابەتێكم لەسەر پایسكلسواری بلاوكردۆتەوە، ئەوەتە ئەمجارەیش بە بۆنەی پڕۆژەی پایسكلسواری لە هەولێرو رۆژی ژینگە لە كوردستاندا چەند قسەیەك لەسەر ئەو لایەنە دەكەم : لە رۆژانی لووتبەرزی رژێمی گۆڕبەگۆڕدا لەكاتی خۆماڵیكردنی نەوتی عێراق بە تايبەتی كە نوێنەری بیاترێكسی پادشای هۆڵەندا هاتە لای سەدام تاكو بەشی پادشا لە نەوتی موصل دەستكاری نەكات، صدامیش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆندا قاچی خستە سەر قاچ و نوێنەری پادشای بە نائومێدی ناردەوە! لە دوای چەند رۆژێك تەلەفزیۆنی بەغدا چەند وێنەیەكی پایسكلسواری لە هۆڵەندا نیشاندا .. صدامیش بە توانجەوە دەیگووت : لەوەتەی نەوتمان خۆماڵیكرد بەنزین لە ئەوروپا نەماوە بۆیە سواری پایسكل دەبن!

لە دوای هێندە ساڵ كە لە هۆڵەندا نیشتەجێ بووین ئینجا بۆمان بەدیاركەوت كە ئێمە چەند دنیانەدیدەین! دەمێكە لە هۆڵەندا پایسكل لێخوڕین بوەتە كلتوور، مەگەر لە رۆژانی مۆركردنی رێككەوتنی (ماسترێخت) نەمانبینی كاتێ سەرۆكەكانی دنیا لە دوای واژۆكردن بە پایسكل بەرەو چێشتخانە رۆیشتن .

كاتێ لەنێو كەمپی پەنابەریدا خۆمان دۆزیەوە، لەنێوان خۆماندا دەمانگووت : ئەوانەی تا دوێنێ لە كوردستان چەندان ئۆتۆمبێل وەك پارێزگاری بەدووایانەوە بوو .. ئێستا لە هۆڵەندا پایسكلی چەند (خلدن)بایی، لێدەخوڕن!!

# فەلەستین

یەکەمجار لەنێو کۆڕو دانیشتنی ژنانی گەڕەك کە رۆژانە لە سێبەری دیواری ماڵی (عەیشێی نێرگزەی) دادەنیشتن گوێم لە ناوی فەلەستین بوو .. کاتێ ئەو ئافرەتە سەرتاپا جلڕەشەی گەڕەکی ئۆرمزیاران دەیگووت : چاوی خوشکت کۆرە بیی برام، مەیتیان لە فەلەستین بەجێهێلای!

کاتێ باخۆش بووم لەنێو مەجلیسی پیاواندا گوێم لە ناوی قودس و فەلەستین دەبوو .. کاتێ (مام سولتان) سەربردەی سەفەری (حاجی زێندینی) دەگێڕایەوە کە چۆن بە سواری (کەرێ سپی) حەوت حەجی کردوە .. سەرەتا چوونەتە شام لەوێشەوە بۆ زیارەتی (قودس) ئینجا بۆ ماڵی خودا، لەوێوەیش بۆ مزگەوتی پێغەمبەر (د، خ) مام سولتان بە دڵنیاییەوە دەیگووت : لە کتێبی مەلایاندا نوسراوە .. ئامادەباشی بۆ سەفەر تەنیا بۆ ئەو سێ شوێنە پیرۆزە پەسندە .

کاتێ باوکم رادیۆو پاتری تەڕی بۆمان هێنا .. ئیدی رۆژانە من و هاوتەمەنەکانم گوێمان لە ناوی فەلەستین، عبدالکریم قاسم، روبێعی، مەهداوی دەبوو .. ئێستایش لەکاتی یادکردنەوەدا زەردەخەنە سەرلێوم بەرنادا کاتێ زەرێخێ دایکم دەیگووت : توخوا بە سەعدی عەلی بڵێن : حەیرانی ئازیکەندی بندیانان بڵێ!!!

لە قۆناغی خوێندندا هەردەم گوێ بیستی فەلەستن، ئەحمەد ئەلشوقیەر، ئەنگۆلا، کوبا، دوورگەی بەرازان، خرۆشۆف، ڤێنام، جیڤارا و کاسترۆ دەبووین .. تا گەیشتینە نسکۆی ساڵی ١٩٦٧! لە ناخەوە جۆرج حەبەشم خۆشدەویست .. گۆڤاری (الهدف) م، دەخوێندەوە .. لە نزیکەوە

ئاگاداری (ایلول الاسود) بووم چونکه ئەوکاتە من لە ئوردن سەرباز بووم، خەڵکێکی ئێمەش بە تایبەتی چەپەکان بەشداریان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەلەستین کرد .. شەهیدیشمان هەبوو، ئێستا خەڵکانێك دەناسم لەو هەولێرە دەکوردێنن لەکاتی خۆیدا (فیدائی) بوون! زۆرجار گلەیی لە شاعیرانی ئێمەکراوە کە بۆ شیعرێکی لەسەر فەلەستین نیە! لە وەڵامدا وتوویانە : لەبەر ئەوەی برینەکەمان گەلێ بەسۆیە بۆیە هەستمان بە ئازاری خەڵکی دیکە نەکردوە .. هەمانە بە تەلزەعتەری شیعراندوە کەچی سەرزەنیشتکرا .. ئیدی ماڵی ئەو خەڵکە خراپ بێت بە هیچ رازی نابن! لە رۆژانی زوو هەموو کوردێك هاوسۆزی فەلەستینیەکان بوون، بۆ خۆم لەوەتەی سەربردەی هاوکاری یاسر عەرەفات لە رۆژانی هەوڵدانی تیرۆرکردنی کاك مەسعود بارزانی ئینجا هاوکاریان لە رێخۆشکردنی گەڕانەوەی تەرمی بارزانی نەمر بۆ (شنۆ) هاوسۆزیەکی بەتینم دەگەڵ عەرەفات هەیە، بەڵام نابێ ئەوەیش لە یادبکەین کە فەلەستینیەکان و مەسەلەکەیان سەرئێشەیان بۆ زۆر وڵاتانی دنیا دروستکردوە .. محمد حسنین الهیکل دەکتێبێکیدا ئامۆژگاری مەلیك عبدالعزیز السعود بۆ منداڵەکانی دەگێڕتەوەو دەڵێ : لە کۆمەککردنی فەلەستینیەکان درێغی مەکەن .. بەڵام هێنانیان بۆ نێو وڵات هەڵەیەکی زێدە گەورەیە!

عەرەبەکان گلەیی لەو سەردانەی سەرۆکی فەلەستین بۆ کوردستان هەبوو .. خاوەنی رۆژنامەی القدس العربی دەیگووت : محمود عباس بۆ ئەو سەردانەی پرسی بە کەس نەکردوە! پێویست بوو لەبری خۆی وەزیرێکی بناردبوایە!! بەداخەوە ئەو زڕبرایانە سەرەڕای ئەو نائەمواریيەی تێیدا دەژین .. سەردانێکی لەمجۆرەیشمان پێڕەوا نابێنن، هەرچەندە دڵنیام هەموویان (یاسر عەرەفات) نین، نەهەموویان (ملازم محسن) ن، بەڵام ...

# ئیشکەرت بمری، تەکبیرکەرت نەمری

قــسەکانیان چــڕوپووخت، دەم بــە پێکــەنین، جلوبــەرگێکی ســاکار، راوەستانێکی شلومل، روخسار گرژ نین، بـە لوتفـەوە قسە دەگـەڵ بەرامبـەریان دەکــەن، لــەکاتی قــسەکردنیاندا پەنجــە بــەرەو رووت هەڵناشــەقێنن، لــە قسەکردندا ئاگایـان لەخۆیـە بۆیـە پـەیڤی جـوان بـەکاردێنن، هەوڵـدەدەن مـەراحم بـن نـەك مـوزاحم .. کـاتێ سـەیری دەمـوزاری بەرپرسـانی رۆژئـاوایی دەکـەم هێنـدەی نـامێنێ لـە بەدبـەختی خۆمانـدا دەهـۆڕژنی گریـانێ بـدەم، روخـساری ئێمـەمانان لەسـەر شاشـەی تەلـەفزیۆن و لەبـەردەم مایکرەفۆنـدا هـەردەم گـرژە! هێنـد درێـژدادڕین بەکاتـژمێرێك و دووان تێـر قـسە نـابین! قسەکانمان دووبـارەو سـێبارەیە، نـەك پەنجە بـەڵکو لـەکاتی قسەکردندا شـان هەڵدەتەکێنین .. هەردەم بۆ خەڵك موزاحمین!

لەبـەر ئـەوەی نوێبوونـەوە بەردەوامیـەتی ژیانـە بۆیـە بـۆی دەخـەبتین، بــەڵام چــۆن خــەبات کردنێــك؟ بــۆ زێــدە خۆشــکردنی ژیــانی خــەڵك یــان ماڵوێرانی؟ بۆ بەرەوپێشچوون یان پێکۆرکردن؟ بۆ چاندنی تـۆی خۆشەویـستی یـان دڕدۆنگـی نێـو کۆمـەڵگای کـوردەواری؟ ئـەوەی ئێـستا بـۆ بـەناو گـۆڕان و نوێکردنەوە روو دەدات بەهیچ جۆرێك دڵخۆشکەر نیە، لەبـەر هەنـدێ ئومێـدم بە نەوەی دادێی میللەتەکەمان هەیە بتوانن وەڵامی ئـەو پرسـیارانەی سـەرەوە بدەنەوە

لە دوو قۆناغی هەڵبژاردندا لەوێ ئامادە بـووم، کەچی پڕوگەنـدەیان بـە شـێوەی ئێـرە نـەبوو .. حکومـەت رێـزی لـە بیروبۆچـوونی خـەڵك دەگـرت، حیساب بۆ دەنگی تاکی وڵات دەکرا، لەکارکردندا درێغیـان نـەکرد چونکە ڕای

خـەڵك بەهەنـد وەردەگـیرێ، هێنـدێجار پلانـی دەوڵـەت شكـست دێـنێ بۆیـە ماوەیـەك لـە حـوكمڕانی دوور دەخرێنـەوە، ئەوانـەی دژ بـە حكومـەتن یـان دەوری بەرهەڵستكار دەبینن .. بەوپەڕی هۆشیاریەوە تەعامولّ لەگـەلّ شكـستی حكومـەت دەكـەن، هـەر هێنـدە بـاس لـە رابـردی حكومـەت دەكـەن تـا دەنگـی هەڵبـژێر بـۆ خۆیـان مـسۆگەر دەكـەن، بـەهیچ شـێوەیەك سـنووری ئـاداب و ئاسایـشی نەتەوایـەتی یـان نیـشتمانی وەك ئێمـە نابـەزێنن، سـەت حـەیف و مخـابن بـۆ ئەوانـەی تـا دوێـنێ بـە نازونیعمـەتی ئـەو حكومەتـە لافوگـەزافیان لەسـەر ئـەو خەڵكـە لێـدەدا، كەچـی ئـەمڕۆ بێویژدانانـە كەوتونەتـە گیـانی حكومەتی كوردان .. ئەو حكومەتـەی بـە خـوێنی هـەزاران شـەهید دامـەزراوە، لەو بارودۆخە زێدە ناسكەی وڵات لەبەر هەر هۆیەك بێت خۆیـان لـە كـاروانی بەرەوپێشچوونی كوردستان لاتەریك كـردوە، لـەبری ئـەوەی پێداچـوونەوەیەك بەخۆیاندا بكەن كەچی هەوڵدەدەن شتە جوانەكانی وڵات لەبـەر چـاوی خـەڵك دزێـو بكـەن! كـورد چـاكی گوتـوە "ئیـشكەرت بمـری، تەكبیركـەرت نـەمری "بەراسـتی ئـەو خەڵكانـە پێویـستیان بـە كەسـانێك هەیـە رێوشـوێنی چـاكەوخراپەیان نیـشان بـدەن .. شـایانی بیرهێنانەوەیـە : ئـەوێ سـاڵێ لـە ئەنجامی شەڕێكی خۆتڕێندا سـەرۆكی فۆكلانـد دەسـتی لەكاركێشاوە! بەمـەیان سەرەڕای دۆڕاندنی رابردی خۆی دەپێش چاوان جوان كـردەوە! چـەند سـاڵێك بەر لە ئێستا لەوكاتەی ئـاگر لـەبیرە نـەوتێكی بـاكووری كوێـت بـەربوو .. هـەر ئـەو شـەوە لـە شـەرمەزاریاندا كـاكی وەزیـر دەمـاڵێ روونیـشت، ئێـستاشی دەگەڵدابێت لەنێو دیوەخانەكانی وڵات باس لە شـەهامەتی بەرپرسـیارەتی ئـەو پیـاوە دەكـەن، ئـەرێ بـۆ نایـەن لاسـایی ئـەو هەڵوێـستە جوانانـەی خـەڵك بكەینەوە؟ ئەگەرنا دوعـاخواز دەبم كـە دوا رۆژی وڵات نەكەوێتـە دەسـت بـۆرە پیاوان .

# سەرقەڵەمدار ..!

هێشتا قەوارە سیاسیەکانی کوردستان بۆ تۆمارکردنی ناوەکانیان نێوی خولاَیان لێ نەهێنابوو کاتێ ( KNN , Newa , Rojname) تەقەیان لەسەر پشتی پارتی و یەکێتی و حکومەتی کوردان دەست پێکرد .. بۆ ئێوارە برادەرێکی ئێمەیش نوقرچێکی لێدان! کوردستانی نوێش بە زنجیرە " *ئەوەی ژێر بەرەی هێنایە سەر بەرێ* " بۆ رۆژی پاشتر ئەوانەی خۆیان بە چاودێری سیاسی دەژمێرن لەنێو راگەیاندنەکاندا هەندێك گووتیان : مەبەستی هێرشەکانی (گۆڕان!) تەنیا بۆ ئەوە بوو کە گۆمەکە بشلەقێنن تاکو راگەیاندنی پارتی و یەکێتی بۆ نێو گۆڕەپانەکە راکێشن! ئەوانی تریش گووتیان : دەمڕاستی (گۆڕان!) بەهیچ شێوەیەك وەلامیان ناداتەوە تاکو هەستی هەڵبژێر بۆ خۆی راکێشێ .

هۆڵەندی گووتەنی : (یامەر) واتە بەداخەوە ئەمجارەیش چاودێرەکانمان نەپێکان ! ئەو برادەرە نەك وەلامی نەدانەوە بەڵکو لەمکاتە زێدە ناسکەی کوردستاندا دەستی بۆ بابەتێکی قێزەوەن درێژ کردوە کە دەبوایە لەکاتی خۆیدا بیکردبوایە چونکە لەمکاتەدا سەرهەڵدانەوەی (پۆخە بیر) جگە لە بۆگەنی هیچی دیکەی تێدا بەدیناکرێ .. من دڵنیام چەندان پرسیار لە ناخی هەڵبژێر دەخولێتەوەو دەڵێ : لە کولاندنەوەی کۆنە بڕینان کوا بەرژەوەندی نەتەوایەتی؟! ئەوەی بە (٤٣) ساڵ تەمەنی بزێوی بۆت نەچۆتەسەر دەتەوێ بەو چەند ساڵەی ماوتە قەندیلم بۆ هەڵتەکێنی؟! ئەمحاڵەتە سەربردەیەکی کوردەواری خستەوە یادم کە دەڵێ :

کچێك هەر زوو لە ماڵەباوان خۆی دەدۆڕێنێ! کاتێ شوو دەکا لە شەوی بووکینیدا زاوا ئاگاداری باوکی دەکاتەوە کە بووك دۆڕاوە! باوکی زاوا ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکاو دەڵێ : رۆڵە گیان ئەو نهێنیە مەدرکێنە تاکو خودا لەدوا رۆژدا نهێنی تۆ نەدرکێنێ، ئەگەرنا ئابڕووی ماڵەباوانی دەچێت و کچەکەیش دەکوژن! زاواش لەم روانگەیەوە بەردێك دەخاتە سەر مەسەلەکە، لە دوای ماوەیەك بووك بە خۆزگەی لووت کوونکردن پرس بە مێردەکەی دەکات بەڵام پیاوەکەی رازی نابێ بۆیە ئەویش بە گریانەوە دەچێتە لای خەزووری و مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە .. خەزووریشی پێی دەڵێ :

ئەوەی لێرە دەیسمی لە ماڵەباوانت بسمیبا

ئەوەی لە ماڵەباوانت سمی لێرەت بسمیبا

خۆزگە شتێکم لە کۆمەڵناسی بزانیبوا تاکو دیراسەیەکم لەسەر بەدبەختی کۆمەڵگای کوردەواری بنوسیبا کە بۆ " *هێندە حیزە بەختی کورد* "لەنێو عورفی کوردەواریدا شەرتی شوانی ساڵێکەو ساڵی شوانایەتیش هەشت مانگ بوە، هەر وەکو چۆن ساڵی (بەندان) نۆ مانگیە! کەچی شەرتی ئەمجۆرە بەرپرسانەی کورد بە چڵ ساڵیش تەواو نابێ! لەدوای هێندە ساڵە تازە بەتازە خۆیان لێمان دەکەنە (حەمەدە رووتی سەرقەڵەمدار) ئەمەیش سەربردەیەکی دیکەی کوردەواریە بفەرموون :

لە زەمانی عوسمانیدا خەڵکی وڵات لەو حەمەدە زۆر بە گلەیی دەبن چونکە ئازاریان بەدەستەوە چێشتوە! جارێکیان لەکاتی ناشتنی مردووێکی گوند، کاتێ مەلا لە مەراسیمی ناشتن تەواو دەبێت داوا لە خەڵکەکە دەکات پەرتەی بکەن کەچی حەمەدەرووت دەڵێ : مەلا تەواوت نەکرد چۆن بڕۆین؟! کوا بە مردووەکەت گووت سڵاو لە مردووەکانی پێش خۆی بکات و پێیان بڵێ چاویان لە دنیای فانی نەبێ هەر حەمەدەرووت سەرقەڵەمدارە؟؟!!

# تەمتەمەبەکوون !

لەوەتەی کۆچ و کۆچبارمان لە بناری چیاکان داکوتاوە .. لەبەدبەختی کوردانـدا کـەوی خۆخـۆر بوەتـە رەمـزی نەتەوەکـەمان! ئەگـەربێتو بـە پەلـە سەیری رابردی خۆمان بکەین مەسەلەی خۆخۆری کورد بە کورد لە هەموو قۆناغـەکانی مێژوومانـدا بەزێـدە رەنگـی داوەتـەوە .. ئەوەتـە ئـەمڕۆیش لەمبارودۆخە زێدە ناسکەی کوردستاندا خەڵکانێك هەن بێئەوەی حیسابێك بۆ بەرژەوەندی باڵای نەتەوە بکەن بە هەموو جۆرێك و لەژێر ناونیشانی بریقەداردا هەوڵدەدەن ئەو دەستکەوتەی میللەت بەفیڕۆ بدەن، لە کێم ئەقڵیماندا .. نەیاریش لە ڕاوکردنماندا داهێنان دەکەن .

تۆ بڵێی ئەو خولبسەرییەی ئێمە لە گیانلەبەرەکانمان بۆمان نەمابێتەوە؟! کاتێ لەسەر گوفەکاندا بۆ ماڵوێرانی خۆیان یان لە ماڵوێرانی خۆیاندا خۆڵ بەسەر خۆیاندا دەکەن!! کورد گووتەنی "مارانگەز لە گوریسی رەش دەترسێ " بۆیە ناهەق نیم ئەگەر لە رۆژانی تەنگانەی میللەتدا رەشبینبم! چونکە نەوەی ئێمە گەلێجار تووشی مارانگەزی هاتووین! لەلایەکی دیکەوە یەقینم بەو سەربردەو پەندە کوردیانە کە لەمبارەیەوە بۆمان ماوەتەوە کە دڵخۆشکەر نین .. ئەی ئەوەنیە لەدووتۆی کتێباندا نوسراوەتەوە :

" *حەیران لە (تەمتەمەبەکوونی) نەئەمە کرمانجین نەئەتوش مەزنی .*

*بەران تارماییەکی لەبەر چاوی دوژمنی* "

ئەو پەندەی سەرەوە کوورتکراوەی ئەمەی خوارەوەیە کە دەڵێ : گوایە گوندێك بەنێوی (تەمتەمەبەکوون) لە نزیك (بانەمان) نێوان شارێگای

(هەولێر – پیرمام) هەبوە کە ئێستا ئاسەواری تێدا نەماوە .. لەو گوندەدا دوو بنەماڵە هەبوە کە هەردەم دەگەڵ یەك دڕدۆنگ بووین، بۆیە لەسەر شتی گەورەو بچووك بوەتە شەڕیان! گەلێکیان لێك کوشتوە تا گەیشتۆتە ئەو رادەیە کە لە بنەماڵەیەکدا تەنیا پیاوێکی نەخۆشیان ماوە! ئافرەتێکی بەساڵاچوویان دەڵێ : بۆ ئەوەی نەیارمان نەزانن پیاومان نەماوە، هەروەها ورەی خۆشمان بەرزکەینەوە (فلانی) کە لەسەر جێگا کەوتوە بێنن لەسەر پشتی وڵاخی دابنێن .. راستە هیچی پێناکرێ بەڵام وەك تارمایی سوارێك دێتە پێش چاوی نەیارانمان!!

ئێمە بەو خەڵکانە دەڵێین کە تا دوێنێ لەسەنگەری خۆماندابوون .. ئەو میللەتە ستەمدیدە تاڵی و سوێری دەگەڵتان چێشت! لە سەرماو گەرما هاوخەمو هاوژیانتان بوون! تەحەمولی مەزاجی دڕندایەتی! فستقی! دەمدەمی! ئێوەمانان بوون .. تا دوێنێ فشەتان بە پیرۆزی ئەو کۆمەڵگایە دەکرد! کەچی ئەو میللەتە لە روانگەی بەرژەوەندی باڵای میللەتدا چاوپۆشیان لە موهاتەرەکانتان دەکرد! هەر رۆژەو بە بیانوێك، بەجۆرێ، بە تیورێ، بە ئایدۆلۆژێ، بە رێبازێ، ئێمەی بەستەزمانتان لەخشتە دەبرد!! هەموو جار ئێوە لە ژیانی سیاسیتاندا هەلە بوون .. بەڵام بۆ چاوی کوردان لەبری ئێوە خۆمان بەهەلە دادەنا لەنێو سیاسەتدا سەفاومەرواتان پێکردین! بۆ بە ناهەقمان دەزانن ئەگەر ئەمڕۆ پڕبەدەم هاوار بکەین و بڵێین : پێزی جانم، لەو گەمە بێ لەزەتەی ئەمجارەتان میللەتی ئەمڕۆمان ئەوەی دوێنێ نیە! لاپەڕە شاراوەکانیش دەخوێننەوە بۆیە دەڵێین بەڵێ بۆ بەرەوپێش .. نا بۆ ئەوماڵوێرانیەی ئێوە ! چونکە بۆنی تۆڵەکردنەوەی لێ دێت .

# بەدوعا ..!

هـەموو جارێـك ناونیـشانی خۆزگـەکان دەخەمـە دوای تـەواوبوونی نووسـینەکانم، کەچـی ئـەمجارەیان بێئـەوەی هەسـت بـەخۆم بکـەم پـەیڤی (بـەدوعا) م، نووسـی وەك دوا ئەلقـەی خۆزگـە .. کەچـی بەداخـەوە لەوکاتوساتەدا زەنگێکم بۆهات .. ئێستایش نازانم بۆ خرپە بەدڵمدا هات؟

دەمێکـە زاناکـان باسـیان لـەمجۆرە هەسـتانە کـردوە، ئـەمجارەیش وەك زۆرجاری دیکە کوورتی هێنا! بەکۆچی ناوەختی (هەژار کاکۆ) ی، جوانەمـەرگ هـەواڵێکی تـری نـاخۆش کەوتـە نێـو هەکبـەی هەواڵـە ناخۆشـەکان! مـن وەك برادەر.. برادەری ئەو جوانەمەرگە نەبووم .. ئەو خووڕەوشت بـەرزە بـرادەرو هاوتەمـەنی نـسکۆی کـوڕم بـوو .. کـاتێ بـە (مـام) بـانگی دەکـردم بـە بـەرزی خووڕەوشتیەوە مامباران و ڕێزبـارانی دەکـردم، هـەواڵی کۆچـی نـاوەختی کاکـە هـەژار بەهـەموو مانایـەك ئێـشاندمی، هەرچـەندە دڵنیـام خـەڵکێکی زۆری ئێشاندوە! بەڵام بۆ دڵدانەوەی خۆم دەڵێم : هـەژار گیـان تـۆ لـە ژیانـدا هێنـد ڕەوشـت بـەرزبوویت بۆیـە لـە مردنیـشدا بوویـت بـە نموونـەی وەفاداری نێـو کۆمـەڵگا، بـە کۆچـی تـۆ هـەمووومان غـەمبار بـووین .. تـۆ تـەنیا کۆسـتی خانەوادەکـەت نـەبووی بـەڵکو بـە کۆچـی تـۆ کۆسـتێکی دیکـە کەوتـە نێـو جەماوەری پارتەکەت، لەبەر هێندێ ئێمەمانان بە خۆزگەی ئـەوەین لـە دوای خۆمانـدا وەك تـۆ مـۆرکی خۆشەویـستی و ڕەوشـت بـەرزی لـەنێو کۆمـەڵگادا جێهێڵین ..

لەزۆر شوێنی دیکە باسمکردوە کە گۆشەی (خۆزگە) لـە سـاڵی ١٩٨٦ لەسـەر

لاپــەڕەکانی ڕۆژنامــەی (کــاروانی وەرزش) ســەریهەڵداوەو لــەدوای (دوازدە) ئەلقە پایدۆستیان پێکردووم .

خۆزگە لە ١٦ ئاداری ١٩٩٣ تا ٢١ حوزەیرانی ١٩٩٤ سیی و پێنج ئەلقەی لە ڕۆژنامەی (برایەتی) بڵاوکراوەتەوە .

دوا بــەدوای پەڕاگەنــدەیی هێنــدە ســاڵەم لــە وڵاتــی غەریبیانــدا ئینجــا گەڕنەوەی یەکجاریم بۆ زێدی بابوباپیران ئــەوە (حەفتاوشەشــەمین) ئەلقەیــە کە لە ڕۆژنامەی (هەولێر) بڵاودەکرێتەوە .

خۆشەویــستی هـــەولێر خـــۆی لەچـــەند شـــتێکدا دەدۆزێتـــەوە، وەك هەولێریــەك، وەك نوســەرێکی هــەولێر، وەك دابەشــکارێکی هــەولێر .. ئــەو خۆشەویستیە لەخوتووخۆڕایی نەهاتوە، من ڕۆژانە تـەعامولّ دەگـەڵ (٢٥٠٠٠) هەولێر دەکەم بە مەرجێ هەر هەولێرەك شوێنی خۆی لە باوەشـی خوێنـەرێك بکاتەوە ، بۆ پووختەیی هەولێر چەندانجار لەشیرینەخەودا بـۆ ئـەو چاپخانە ڕاپەڕیوم کە هەولێری لێ لە دایك دەبێ، هەر لێرەوە دەست لەسەر سینگ بـۆ بــەرزە ڕەوشــتی سەرنووســەرو بەڕێوەبــەری نووســین و گــشت هاوکــارانم لــە ڕۆژنامــەی هــەولێردا .. ڕاســتە ئــەم ئەلقەیــە دوا ئەلقــەی خۆزگــە دەبێــت .. خوایاربێت بەجۆرێکی تر بۆ هەولێر تێهەڵدەچمەوە .

لــە گۆشــەی خۆزگــەدا باســم لــە هــەموو شــتێك کــردوە، وەك ئاشــق بــە حکومەتی کوردانمدا هەڵگوتوە! سووکە گلەیشم ئاراستە کـردوە، شـەڕم دەگـەڵ نەیارانی کردوە، ئەشهەدووم بـۆ یارودۆسـتانی کێشاوە، دەسـتم لەسـەر بریـنان داناوە، داواکار بوویم بۆ زێدە خزمەتکردنی کۆمەڵگای کوردەواری، سـەرکۆنەی کارمەنـدانی بێروکـراتم کـردوە، هـەردەم بـە خۆزگـەی ئـەوە بـوویم یاسـا بـۆ خزمــەتی میللــەت پــەلکێش بکرێــت نــەك بــە پێچەوانە ! ڕوخـساری خۆزگـە بەناخ و دەروونی خۆم دەچێ، واتـە ئێشوئازاری لـەدایکبوونی هـەر ئەلقەیـەك

به ئێشوئازاری کۆمەڵگای کوردەواری دەچێ .

خوا دەزانێ ئیرەییم بە هیچ کەسێ نەبردوە! بەڵام لە مەیدانی خۆمدا ئیرەیی بە رۆشنبیرانی میسر دەبەم کاتێ گوێ بیست دەبین سەرەککۆمار بە تەلەفۆن فلان و فلان بەسەر دەکاتەوە یان لەسەر بوودجەی دەوڵەت ڕەوانەی دەرەوەیان دەکەن و بەردەوام لە هەواڵیان دەپرسێ ..... تاد

هێندەو هێندەش ئیرەیی بەو نووسین و فلیمانە دەبەم کە لە ئاڵوگۆڕکردنی یاساکانی وڵاتدا شوێن پەنجەیان دیارە .. نەك وەکو ئێرە کە ئەو توێژە ناخوێننەوە ! بەڵکو بە چاوێکی زۆر سووکیش سەیر دەکرێین .

# داعش
# ئەو ناوەنامۆیەی کۆمەڵگای کوردەواری

ئەگەرهاتوو سەیری وشەو زاراوەی داعش بکەین چەندی بلێی دزێوە! لەبیستنیشدا رەگێکی مۆسیقای پێو دیار نیە! باشەئەگەر داعش لەهەموو رووێکەوەهێندەنامۆو دزێو بێت .. چۆن بەهەمووومان بەرەنگاری نابیننەوە؟

پێویستەبۆ کۆمەڵگای کوردەواری شیکەینەوەکەئەوانەبێ دینن! بێ ئابڕوون! تێکدەرن! خۆیان لەژێر ئاڵای پیرۆزی ئیسلام حەشارداوە، کەئیسلام بەهەموو مانایەك لێیان بێ بەرییە!

ئەرکێکی پیرۆزەلەسەر شانی هەموو کەسێك نێرومێ لەشوێنی خۆی چی لەدەست دێت بۆ پووچەڵ کردنەوەی مەرامی گڵاویان درێغی نەکرێت .. ئەوانەنەخۆشی دەروونیان هەیە.. دەبێ هەوڵبدرێت ئەو دەردەدژوارەنەیەتەنێو جەستەو بیروهۆشی تاکی کۆمەڵگا چونکەدەگەڵ ئاین و نەریتی ئێمەناگونجێ، ئێمەرێز لەئاینەپیرۆزەکان دەگرین، ئێمەجیاوازی لەنێوان بەشەریەت ناکەین .. هەموومان بەندەی خواین .. ئێمەرێز لەئافرەتی حەیامەند دەگرین، بەزەییمان بەبچووك دێتەوەو رێز لەگەوران دەگرین .. ئەوانەرێك بەپێچەوانەی ئێمەن جا چۆن بەهەموو توانایەك دژیان نابین؟

دەبێ لێکڕا بڵێین خەیاڵی داعش و ئەوانەی دەپشت داعشەوەن گۆڕحەشار دەکەین، دەبێ کوڕگەل بەزێدەئاڵای کوردستان لە هەموو بەرزاییەکی وڵات بشەکێننەوە. دەبێ کوردستان بکرێتەگۆڕستانیان! چۆن وا

ناکـەین .. ئێمەعــشقێکی قەقنەسـیمان دەگـەڵ وڵـاتی خۆمـان هەیـە.. وەرن ببینن چ پیلانێکی گەورەدژ بـەکورد دانـراوە، لەجەلـەولاو سعدیەو خورمـاتوو داقوق.. لێوار لێوار بـەرەو پـشدێنەی کـەرکوك تـا مخمـورو گـوێڕو گۆپچـەلی و عەلیەرەش و تلکێف و ڕەبیعەتا سەرلووتکەی چیای شنگاڵ .

بـەڵام نرکـەو نەعرەتـەی پێـشمەرگەی کوردسـتان هەرەسـانی لـەداعش و ئەوانــەی لەپــشت داعــشن هــەلگرتوە، لــەو بــاوەڕەدا نــەبوون ئێمــەبتوانین ســـنوورێك بـــۆ لێـــشاوی هەمەجیانـــەی ئەوانـــەدابنێین، ئەوانەمێـــژووی چەرمەســەری کوردیــان نەخوێندۆتــەوە! ئێمەوچــیاو تفــەنگ هاوســەنگەرو هـاوبیرین، مەحاڵـە کـورد چـۆکبدا .. لەوانەدڕنــدەتر کەوتنــەگیانمان بۆیـان نەچوەسـەر، بـۆ ئەوانـەو هـی تـریش ناچیتەسـەر .. تـا دونیـا مابێـت نـاوی پێـشمەرگەوەك ئەسـتێرەیەکی گەشـاوەی ئاسمـانی کوردسـتان دەمـێنێ، نـابێ ئـەوەش لـەیاد بکـەین هـەردەم هێـزی میللـی سـەنگەری نـاوەخۆ بەسـەنگەری بـەرگریکردن لێـك دەبەسـتێتەوە، دەمێکـەکورد گوتوویـەتی : ئیـشکەرت بمـری تەکبیرکەرت نەمرێ سوپاس بـۆ خـودا ئێمەتەکبیرکـەرمان هەیـەو پێـشمەرگەو میللەتیش پابەندو گوێڕایەڵی گەورەی خۆمانین .. پشت بـەخواو میللـەت ئـەو هەورازەیش دەبڕین .

**ئەو کەسە ئەلفێکی بەسە**

# له شێخ عوبێدوللای نەهریەوە[1]
# تا مسعود بارزانی

گەورە شێخی نەهری دەمێکە لە مانای وشەو پەیڤی (کورد)ی، کۆلیتەوە .. بە عیشقەوە فەرموویەتی : کافەکەی زاراوەی کورد لە کەمالەوە هاتوەو رائەکەی لە رەئفەتەوە، دالیش لە دینەوە .. وەرە سەیری ئەو لێکدانەوەی شێخ بکە، دەلالەت لە عومقی خۆشەویستی تێکهەلکێشانی نێوان ئاین و ولاتە، ئەوەتە بێداری شاعیر لەو رووەوە دەڵێ :

**بۆ کەعبەی نەزانم گیانەکەم گەر تێبفکری**
**ئەی نالێن حوبی وەتەن تێکەڵ بە ئیمانە**

گۆڕتان پڕ لە نوور بێت شێخ و مەلایانی کوردستان .

گەورە شێخی نەهری لی تەمموزی ١٨٨٠وە، ئەو خۆشەویستی و فیداکارییەی بۆ کوردستان تێکەڵ بە فیکرو بازووی دەست کردو کۆنگرەی عەشایری کوردی هەرچوار پارچە سازکردو لە ئەنجامدا ڕاپەڕینی چەکداری هەلگیرساند.. ئا لەو رۆژەوە تا ئێستایش نەتەوەی کورد لە هەورازو نشێودایە .. جۆگەلەی خوێنی بۆ سەرفرازی و سەربەخۆیی کوردستان رێشتوە، قۆناغ بە قۆناغ مێژووی سەرفرازی کورد باس لە دەست بە دەستی ئەو ئالایە

---

(١) لەسەرەتای هاتنی داعش بۆ شنگاڵ کاتێ بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی کوردستان بووم (١٧ / ٧ / ٢٠١٥ تا ١ / ١٢ / ٢٠١٥ بەرنامەیەکی رۆژانە بە نێوی (هورێنە) ئامادەوپێکێش دەکرد تا (٣١) ئەلقە .. داعش، شێخ عوبێداللا، نامەکا کریف  کە ئەوانە بەشێکن لە هورێنەکانم .

کـردوە، لـە سـەرەتای سـەدەی بیـستەوە شـێخی منـەوەری نەتـەوەی کـورد عبدالـسلام بـارزانی بـە جـۆرێکی گـەرموگوڕتر هاتـە مەیـدانی بـەرگری و بەرەوپێشـچوون .. ئـا لەوکاتـەوە دۆسـیەی کـوردی بـەرەو جیهانیـەت بـردو سنووری دبلۆماسیەتی فرەوان کـردو گەورە وڵاتـانی دونیـای لـە مەزلوومیـەتی کـورد ئاگـادار کـردەوە، بـەردی بناغـەی بـیری نەتەوایـەتی و داوا ڕەواکـانی چەسپاند کە تا ئێستا بوەتە جەدەلی بیرمەندی ئەو کەلەمێردە!

ئەوەتـە قۆنـاغی شـێخی نـەمر (مـەلیك کوردسـتان) مێژوونوسـان مانـدوو کردوە کە لەو قۆناغە دژوارەی ئەوکاتدا دەنگی مەزلوومیـەتی کـوردی گەیانـدە هەموو دوورگە دوورە دەسـتەکانی دونیـا .. تـا ماوەیـەك شـێخ محمـودی حفیـد لەسەر خاکی هندوستان دەست بەسەر بوو .

نابێ نەوەی نوێ ئـەو دوو گیـان وروٚحیەتـەی نۆبـەرە کۆمـاری کـوردان و شۆڕشـی بـارزان فـەرامۆش بکـەن، کـە لـەو ڕۆژەوە قـازی پێـشەوا بـەر لـەوەی بـچێتە سـەرپەتی سێدارە!! ئـاڵای کوردسـتانی بـە ئەمانـەت ڕادەسـتی سـەرۆکی هەمیشەیی نەتەوەی کوردو کوردستان مەلا مـستەفا بـارزانی کـرد، کـە بـۆ نیـو سـەدە هـەوێنی خۆشەویـستی و جانفیـدایی ڕۆڵـەکانی هەرچـوار پارچـەی کوردسـتان بـوو، لـە زەمـەنی ئـەو نـەمرەدا وشـەی کـوردو بـارزانی بـوون بـە تێکهەڵکێش .. واتە بـارزان یـانی کـورد، کـورد یـانی بـارزانی، ئـەو جوامێرە بـۆ کورد لە دایك بوو، بۆ کورد ژیا، بۆ کورد سەری پڕ لـە جەوهـەری نایـەوە .. تـا دونیـا مابێـت قوتابخانـەو ڕێبـازی کوردایـەتی یـان باشـتر وایـە بڵـێم ڕێبـازی مرۆڤایـەتی لـە نـاخ ودەروونـی کوردسـتانیاندا پـەرە دەسـێنێ، ئـا لەوکاتـەی گەلـەکۆییان لـە کـوردان کـردو پیلانـی نێـو دەوڵـەتیان بۆمـان نەخـشاند .. جارێکی دیکە نـسکۆیان بـە ئـاوات وئومێدی کـوردان هێنـا .. کـورد بـە گـشتی شێخانی بـارزان بـە تایبـەت پـێ لـە ڕکێـف چوونە سـەرخانی زینـی سـەگلاوی کوردایـەتی ئەوەتـە لەوکاتـەوە بـە جووتـە ئیدریـسی هـەردەم لـەیاد دەگـەڵ

مسعودی هێژا پلانی پووچەڵکردنەوەی پیلانی نێو دەوڵەتیان دەنەخشاند .. نرکەو نەعرەتەی شۆڕشی گوڵان وەك تەواوکەری شۆڕشی مەزنی ئەیلول لە دۆڵ وچیای کوردستان دەنگی دایەوەو هەرەسانی لە دوژمنان ونەیارانی کورد هەڵگرت .. وەك کحێل تۆزو غوباری ئەنفال وکیمیاویمان لەسەرشان لادا .. خواکورکمان کردە داستان تاکو لەنێو مێژووی کورد بدرەوشێتەوە ..

**" بە قەد بەرزایی شاخەکانی کوردستان جەوهەرتان لێ دەبارێ "**

بوەتە میدانی سەرسینگی هەموو پێشمەرگەیەکی کوردستان، بۆیە پێشمەرگەو میللەت دەست لەنێو دەست ڕاپەڕینی سەرتاسەریان بەرپا کردو پەرلەمان وحکومەتی کوردانیان دامەزراند .. تاکو خۆمان دەخزمەت خۆمان بین .. پێکەوە ژیاین، پێکەوە خەباتمان کرد، پێکەوە کوردستانمان پاراست .. بووین بە نموونەی پێکەوە ژیاین لەمەیاندا زەربول مەسلین و ئەشهەدومان بۆ دەکێشن، هەوڵماندا دڕدۆنگی لەنێو خۆماندا نەهێلین باوەشن بۆ یەکتر کردەوە، لەسەر خاکی ئێمەی کوردان جیاوازی نێوان ئاینان نیە،جیاوازی لە نێوان میللەتان نیە، خەڵکی کوردستان لە کورد، تورکمان، ئەرمەن، کلدان، ئاشوری، عەرەب، ئیسلام، ئێزدی، مەسیحی، کاکەیی هەموومان بەندەی خواین .. لە زێدە خزمەتکردندا کێبڕکێ دەکەین، نابینن ئەوەتە لەو میحنەتەی ئێستاکێدا کاتێ داعش ئەو ناوە نامۆیەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەك دەردە تاعون هاتن و مشئومیەتی و حقدوکینەی کۆمەڵایەتیان بڵاوکردەوە، ئەو کوردستانیانە وەك دیوارێکی پۆڵاین بەرامبەر ئەو باهۆزە نائینسانیە ڕاوەستان وکوردستانیان کردە گۆڕستانی داعشەکان، هێزی میللەت وەك قەڵا لە پشت پێشمەرگەی کوردستان ڕاوەستان و هەموو کوردستانیان گوێڕایەڵ و هاوپەیمانی سەرۆك وپێشمەرگە مسعود بارزانین .

**بژی کورد .. بژی کوردستان**

# نامەکا هێمن ژ کریفێ وە ..

**فەلەکێ دونیایێ، دونیا مولکێ تەعالایێ**
**من دیت فەجارا سبێ لێدا .. فریجەکا داعش دانینە چیایێ شنگالێ .**

ئێوە .. کوردانی ئێزدی ژنومێر، گەورەو بچووکتان فرچکتان بە سترانا کۆچك ودیوانا کوردەواری گرتیە، هەردەم شانازی بە لاوکی (نەواخا برایم پاشا)دەکەن بە تایبەتی بە دەنگی برۆیێ شەرقی یان لەزگین بابێ فیصل .

چۆن شانازی ناکەن چونکە ڕابردووتان بوەتە هەوێنی لاوکی شەڕوشۆڕ ..کێ هەیە لە کوردانی ئیسلام یان ئێزدی یان شەبەك یانژی کاکەیی و فەلە، شانازی بە دەروێشی عەڤدی ناکەن شۆڕە سواری مەیدانی سەرفرازیتان، کێ هەیە لە ئێمەمانان گلەیی لە عەدولێ ئاین ئیسلام بکات .. کاتێ جڵەوی عیشقی بەرەو دەروێشی عەڤدی ئێزدی هەڵدەدا؟ چونکە دەروێش تەنیا دەروێشی ئێزدیان نەبوو، بەڵکو دەروێش پاسەوانی عێل وعەشیرەتی کوردان بوو، جا ئەو کوردە ئاین ئیسلام بێت یان ئێزدی یان فەڵە!

**هۆ.. شنگالیەکان ..**

من دەزانم ئێوە دەمێکە لە دەرگای فەرمانەکان کەوتوونەتە نێو مێژووی کوردان .. ئێوە دەمێکە بە دەست ئازارو ئەشکەنجەی شەمشەمە کوێرەکان دەتلێنەوە، دوا کارەساتتان لە سەدەی بیست ویەك لە شنگال ڕوویدا .. ڕاستە شەمشەمە کوێرەکانی ئەم زەمەنە وەحشن، داعشن، ڕەشو پیسن، دڵڕەقن، دزێون .. ئێوەیش دڵتان وەك کراسە سپیەکانتانە .. ئەی هەر ئێوە نین لە دوعاو نیزاتاندا ناڵێن :

**ئەم ئێزدینە، جلك سپینە**
**ب نانێ جەهی ڕازینە، ئەم هەمی بەهەشتینە**

ئەمجارەیان بە تەنیا نەمانەوە، ئەگەر کەمتەرخەمیشمان هەبوو‌بێت .. ئەوەتە هێزا بارزانی سۆزوپەیمان دەدا کە دەست لە بستێك خاکی کوردستان هەڵناگرێ، جگە لەمەیش کەمتەرخەمان سزا دەدات تاکو ببنە پەندو عیبرەت! بۆ خاتری ئێوە .. بۆ ئەوەی بتوانێ برینەکانتان، کە برینێکی ناخی ئەوە سارێژ بکات، نەعرەتەی شێرانەی بۆ دونیا لێداو سەروبنی دونیای لێکگرێدا .. ئەمریکاو ئەوروپای هێنایە مەیدان، بە هەموو دونیای ڕاگەیاند پێویستە تۆڵەی نامووسی ژن وئافرەتی کوردانی ئێزدی لە داعش و ئەوانەی لە پشت ئەوانەوەن بکرێتەوە .. دەبێ شنگالیەکان تا زووە دەشتی کاکی بە کاکی شنگال ئاوەدان بکەنەوە، دەبێ چاوی شنگالیان بە مەرقەدی شێخ شەرفەدین روون بێتەوە، ئەی دەمێکە نەگوتراوە :

**جوابێ دەن کوردستانێ**

**بلا قایمکەن ئیمانێ**

**شەرفەدین میرە ل دیوانێ**

بەڵێ شێخ، کوردستانیان بۆ هاوکاری وهاوخەمیتان ڕاوەستاون .. مسعودی هێزا لە خانێ زینی سەگلاوی دانابەزێ تا سوکنای دڵی هەموو ئێزدیان نەیەت ..

چۆن وا ناکات چۆن؟

مەگەر مێژوو بۆمان ناگێڕێتەوە کاتێ لە سەدەی هەژدە جارێکی دیکە کارەساتیان بەسەر کوردان داهێنا .. ئا.. ئەوکاتیش وەك ئێستا هەموو کورد بۆ دژایەتی داعش بوون بە یەك دەنگ، بوون بە یەك هەڵوێست، ئەوکاتیش پیاوماقوڵانی کوردە ئێزدیەکان :

- حسێنی قەنجۆ ڕەئیسێ دنایێ .
- ئەیۆی محمود خلف مالا عەبدی ئاغا عەگیدی شەرقیا ڕەئیسێ ئێزدیایێ .
- حەسەنێ حاجۆ .
- محۆیێ کەلەشا

واتە کوردانی ئیسلام، ئێزدی، فەڵەوکاکەیی بۆ بەرەنگاری و بەرخودان دەست بە ڕم بە سواری ماینان کەوتنە سەر خاکی کوردستانێ

**برا دەبینێ خۆبدێ هەزارو هەفسەت خۆرتێ کورداو شەرقیاو ملاو دناو ئێزدیا تەمام عۆلبونە سەردارێت ڕمایێ .. هێڤیا گال گالو گۆتنەکا مەزنێ کوردانن .**

هۆ کوردانی ئێزدی، ئیسلام، فەڵە .. ئەوەتە مێژوو جارێکی دیکە لەسەر خاکی کوردستان لە بناری چیایی شنگالیان لە دەوروبەری مەرقەدی شێخ شەرفەدین بەنیازن داستانێکی دیکە بۆ ڕۆژانی دادێ بە فەرمانی مسعودی هێژا تۆمار دەکات ..

هێمن بن، هێور بن، ساکن بن، ئۆقرە بگرن .. بە قسەی ئەموئەو نەکەن چەند ڕۆژێکەو ئێوەو گشت کوردەکان بە دیداری شنگال شاد دەبینەوە .. ئەو ئێشو ئازارەی چێشتمان دەبێتە هەقایەتی بەرئاگردانی گوندەکانی شنگال .. ئێوە وەك چیای شنگال سەربەرزن .

**هۆ .. شنگالیەکان ..**

ئێوە .. ئێزدیانی دونیا، ڕۆژێك ودوو ڕۆژ نیە بەڵکو لەوەتەی کورد هەیە گیانی تەبایی و برایەتی ئێمەو ئێوەو گشت کوردستانیان بوەتە هەوێنی مێژوومان، هەر ئێوە نین لەدێرزەمانەوە هاوسۆزو هاوپەیمانی بارزانی نەمر بوون؟ هەر ئێوە نین سەر لە نوێ دەگەڵ مسعود بارزانی هاوسۆزیتان نوێکردەوە؟ بۆیە ئەویش ناخ و دەروونی ئۆقرە ناگرێت تا لە ئۆقرە بوونتان دڵنیا نەبێت .

- **سەرفرازی بۆ شنگال**
- **ڕووڕەشی بۆ داعش و ئەوانەی لە پشتەوەی داعشن**
- **سەرشۆڕی بۆ نەیارانی پارتی و بارزانی**

# له نێوان تیۆری و پراکتیکدا
## " کەرم تێمەوە " (١)

برادەرێك بۆی گێڕاینەوە گوتی : ڕۆژانی دوای نسکۆهێنانی ساڵی ١٩٧٥ بوو، کۆمەڵێك پێشمەرگەو کادیرانی شۆڕشی ئەیلوول لە نێو خۆماندا گازاندەمان لە چارەنووسی شۆڕش دەکرد، هەموو سوێندی گەورەمان دەخوارد تۆبە بکەین و جارێکی تر خۆمان تووشی گێژاوێکی وا نەکەینەوە! لە نێوانماندا برادەرێك ورتەی لێوە نەدەهات .. گوتمان : فلان بۆ قسەیەك ناکەیت؟ لەسەرەخۆ گوتی : برا ئەگەر بەم زووانە تەقە لە چیا دەست پێ بکاتەوە من خۆم پێ ڕاناگیرێ، کەرم تێمەوە! ئەم قسەیە وەك کونەکێك گرمە لە هەڤالانی هەڵدەستێنێ هەموو دوای تێر پێکەنین دەڵێن : ئەشهەدوبیللا کەرین و تێینەوەش!

دڵنیا بووم ئەگەر ئەم قسەیە بێگانەیەك بیکردایە لە دوای هێندە ساڵە بە هەردوو شێوەی (تاك و کۆ) وەك (تیۆری – نظریة) خۆی لەدووتوێ کتێبێکدا دەدۆزیەوە بە بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و ناوونیشانی بە کۆمپیوتەر نوسراو (نەزەرییەی کەرم تێمەوە)لە تەنزیری پرۆفیسۆر فلان دەگەیشتە بەردەستی خوێنەری تامەزرۆی کوردو چەندان دانیشتنی سەر مێزی یانەو چایخانەی لەسەر دەکرا، ماوەیەکیش ڕۆژنامە چاولێکەرەکانی هەرێمی کوردستان .. بگرە کۆڕو مەجلیسی کوردانی (سوێد)یشی پێوە مژوول دەبوون!

لە ئەنجامی ئەو هەموو دانیشتنانەدا کوڕ گەل لە نێوان خۆیاندا

---

(١) لە گۆڤاری گوڵان ژمارە (٤٨) لە ٩ / ٧ / ١٩٩٥ بڵاوبۆتەوە .

دەیانگوت : هەبێ و نەبێ فلان پرۆفیسۆر ماوەیەك لەناو کوردانـدا ژیاوەو لەژێر ڕووناکیی کولتووری ئێمەدا ئەم نەزەرییەی تەنزیر کردوە ئەگەرنا چۆن زانیویەتی کورد بوونەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکانی خۆیان یان چۆنی ژنەفتوە سەرکردەکانمان لەسەر"درێژو کورتیی کلکی ولاخ" یەکتریان داوەتە بەر خەنجەران؟! ئەگەر ئەو زاتە تە نێوماندا نەژیابێت چ ئەقڵ و مەنتیقێك قەبووڵ دەکات میللەتێك بە دەستی خۆی پەرلەمان و حکومەتی خۆی دروست بکاو پاشان بە هەوەسی شەلاتییانەی چەند جاهلێك شاپترێنیان بکات؟!

لە چ دەورو زەمانێك بوە پەیمانی ستراتیجی ئەوها ستراتیجی! مۆر بکرێ و هێشتا پەیمان مۆرکەران نەگەیشتبنەوە ماڵ ڕێگە بگیرێ و قەتلوعام دەست پێ بکاتەوە .. کەسیش بە پیاو نەزانن! زەرەرمەندی سەرەکیش کەس نەبێ بە غەیری کوردی هەشبەسەر!

هەموو شتێك لێرە سەرەوژێرە تا دوێنێ ئێمەیان فێر دەکرد دەرەبەگ مرۆڤ دەچەوسێننەوە، حزبی شۆڕشگێڕیش خەبات دەکات (!) لە پێناو ڕزگارکردنی گەل .. کەچی ئەمڕۆ لە سایەی مۆدێرنزمی و"هەموو شت"نزمیدا گەل بەرەو هەڵدێر دەچێ! ماوەیەك بوو خۆشکە خۆشکەمان بوو ئێمەیش خەڵك ئاسا بووینەتە خاوەن جالییە"جالییە!!" لەنێوان هەردوو شەڕی خۆترێندا بۆ هەموو لایەکمان دەرکەوت "گەندە لە مەندە چاتر نیە ".

لە دوای گفتوگۆو تەتەڵەو لێکۆلینەوە (!) لەسەر تیۆری " کەرم تێمەوە "(لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ بەسەرهاتە کۆنەکە چونکە ئەویان بەبێ پاداشت وبەرات بۆ کوردایەتی بوو) بۆم دەرکەوت تەواو ئەم تیۆرییە سەت لە سەت ڕاستەو کورد داینـاوەو هەر لەسەر کوردیش پراکتیك دەکرێ .. ئێمە بۆ هەموو شت بە تایبەتی بۆ خراپەکاری"کوریین و تێینەوە ".

# جارێکی دیکە تەنزیری من ! [1]

عەیامێك بەر لە ئێستا بە تەواوی لە یەکەم شەڕی خۆتڕێنی کورد بابەتێکم بەسەردێری (تەنزیری من!) لە ڕۆژنامەی"برایەتی"ی، ڕۆژانە بڵاوکردەوە .. لەو ڕۆژەوە بەخۆمم دەگوت : (من و سیاسەت کوجا مەرحەبا!)کەچی ئەمڕۆ بە هەمان ناونیشان دەگەڵ سەرباری (جارێکی دیکە) هوڕێنان دەکەم و هەر لە ئێستاوە دەڵێم : (کوردو سیاسەت کوجا مەرحەبا) .

لە مانگی کانوونی یەکی ساڵی ١٩٩١ وە، گوتوومە : دیموکراتیەت وەك (دێوی) نێو ئەفسانەی کوردەوارییەوە بە ئەستەمی دەزانم کورد بتوانێ خۆی لەقەرەبدات شوکر بۆ خوا لە گەڵ خۆمدا ڕاستگۆ بووم .

جارێکیان لەنێو عەشاماتێکی زۆر لە ڕۆژی دووشەممە دوعاونیزای خۆمم لە ڕێگای بەرۆکی ئافرەتێکی چلەداری داوێن پاك بۆ ئاسمان بەرز کردەوە .. کە جارێکی دیکە کورد تووشی نسکۆهێنان نەبێتەوە بەڵام حەیف داری خۆزگە بێبەرە بۆیە دەرگای ئاسمان بۆ دوعاکەم والا نەکرایەوەو نسکۆی دوو زەردێنەی هێنا!

چەند ساڵێکە بە شاهێدی خەڵکی کوردەواری خۆم مژوولی ئەوە کردوە کە بتوانم هێندێك نەریتی ڕەسەنی باب وباپیران دەور بکەمەوە .. ئەوە خوایە خەڵکانێك هەبێت ئەشهەدووم بۆ لێبدەن و فەنتازی و بەد ڕەوشتی ئێستاکێ بە دوێنێی کۆنەپەرست ودواکەوتوو بگۆڕنەوە، کەچی لە ملهوڕی خۆیانەوە بەرەو فەنتازیەتێکی ئەوتۆ هەنگاویان نا .. کە لە قوتووی هیچ

(١) لە گۆڤاری گوڵان ژمارە (٤٣) لە ٣٠ / نیسان / ١٩٩٥ بڵاوبۆتەوە .

عەتارێكدا نییە، ئەویشم چش!

لــە ڕۆژانــی نۆبــەرە هەڵبژاردنــە خوالێخۆشــبوەكەی زەمــانی خۆیــدا هەزارانی وەك من پیك ودووزەلەی بۆ جەژنی جەژنانی كورد (هەڵبژاردن) لێداو سەرچۆپی ڕەشبەڵەكم بۆ كیژێ لە كیژانم زێدە جوان (هەڵبژاردن) دەگرت، هەروەك چلۆن دایك بە بەژن وبالای منداڵی خۆیدا هەڵدەڵێ .. ئاوا بە بەژن وبالای حزبەكانمان هەڵدەگووت بەلام هاوار بە ماڵی كوردان! شەرمەزاری دونیاو قیامەتیان كردین، پەرلەمانە ساواكەی كوردان، خوا عەوێزەی دەكاتەوە .. ئێمە خۆش!

دەربـارەی حكوومەتـە (حـەیات)ە كـەی، هـەرێمی كوردسـتانیش هـەر هێنـدەی دەوێ ژنەكـە ئاسـا لەسـەر دووڕیانێـك ڕاوەسـتم ودەسـت لەسـەر نێوچەوان تا دەروێشێكی گەڕیدەی دەف لە شان ببینم و پێی بڵێم : كێخوای كاولـە گوندەكـەمان چـۆنە؟ حـاجی گەرعـەی مـەڕدۆش هۆبـەو هـەواری شەوبەكێی لە چ لایەكی زوورگەزراو هەڵدایە؟ ئۆمەرەخێلی ناندەرو میوان ڕاگر لەسەر ناندەری خۆی ماوە؟ تۆ بڵێی حاجی صالحی بانگدەر دەنگی وەكو خۆی مابێت؟ ئینشاڵلاو ڕەحمان مامۆستا مەلا تایەر دەتوانێ سوورەتی (یس) بۆ سەرەمەرگی خەڵكی گوند بخوێنێ؟ توو ئەو خوایە دەروێش عومەر هەروەكو جاران لە سێبەری دیوەخانێ سپی مەجلیسی گەرمە؟

مام دەروێشیش بە مەولوولی و فرمێسك لە چاوان قەتیس پێم بڵێت : كێخوا خوا بەسەری كردەوەو مرد، زوورگەزراویش وەكو جاران شەوبەكێ بەخۆیەوە ناگرێ! ئۆمەریش لەبەردزان پەرپووت بوە! كێخوای ئێستای گوندەكەتان قورقوشمی لە گەرووی حاجی صالح كردوە، نەدەنگ نەخووست! هاوار بە ماڵی كوردان شەوێك مامۆستاشیان لەگەڵ پەڕی قورئانێ سوتاندو دوو منداڵە دایك هەتیوەكانی دەروێشی شوون بزر بووینەو دەروێش

عومەریش لە سووان هەردوو چاوی کوێر بوونە!

- باشە مامە دەروێش تۆ دەڵێی کێخوای ئێستای گوندەکەتان .. کێ بوەتە کێخوا؟

- بۆ نازانی حەمەدی برات بوەتە کێخوا؟!

دەورن گەلی کوردی ستەمدیدەی دوێنێ و ئەمڕۆ بەهەردوو دەستتان وەکو ژنان لەسەری خۆمان بدەین و هاوار بکەین و بڵێین : لە خۆمان بێکەسێ لەخۆمان سەر بەهەشێ، پیاو لە دونیا نەماوە بۆیە حەمەدی برا کێخوایەو کاکیشم تەنزان دەکات .

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| لە نێوان عەلی حەریری و عەلی عاشق دا | ٦ |
| هەڵەبجە لە نێو دڵی کوڕە کرمانجێکدا | ١٣ |
| مەبەستی دوورو نزیکمانە کوردایەتی رێ نیشاندەری کاروانمانە پارتایەتی | ١٥ |
| مەرحەبایەك لە کۆنگرەی دادێی فۆلکلۆر | ١٧ |
| پێشکێشە بە Gregory B. Craig سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی گرووپی قانوونی | ٢١ |
| لەشیناوێ بۆ شیلاناوێ | ٢٣ |
| یەکەم شاری شەهید | ٢٦ |
| سوبحانەڵلا لە کاری تۆ .. خودایە | ٢٨ |
| بۆ خوشکە لەیلا | ٣١ |
| ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە ١٩٩٢/٥/١٧ | ٣٣ |
| ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە ١٩٩٢/٥/١٨ | ٣٦ |
| ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە ١٩٩٢/٥/٢٠ | ٣٨ |
| ئافرەت و پاراستنی کەلەپوور | ٤١ |
| خدرۆکی خمچی | ٤٤ |
| داستانی مێژوویی | ٤٦ |
| حەسەن وحسێن | ٤٩ |
| چۆن بەخێرهاتنی مەدام میترانم کرد | ٥١ |
| توێژی رۆشنبیران | ٥٣ |
| بەسەرکردنەوەی گۆشەی خۆزگە | ٥٦ |
| ئامارکردنی خەڵکی هەرێم | ٥٨ |
| بە ئەندامانی کۆنگرەی یازدەمینی پارتیمان پێشکێشە | ٥٩ |
| موژدەی هاتنەدی خۆزگە | ٦٢ |
| بۆ گەڕانەوەی تەرمی عەزیزان | ٦٣ |
| کاتێ خووڕەوشت دەبێتە میداڵی شەرەف | ٦٥ |
| بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پەنجەی پەشیمانی نەگەزین | ٦٨ |
| حەمکێ ومیری بۆتان | ٧١ |
| کچی کافرۆش | ٧٣ |
| گۆشـــەکان | ٧٤ |
| تیمساح ئاسا بۆت دەگریم | ٧٦ |
| بە فرمێسکەوە خواحافیز ١٩٩٣ بە فرمێسکەوە بەخێرهاتی ١٩٩٤ | ٧٨ |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٨٠ | کوندێرە .. بەشەو ماندوو، بەرۆژ شێرە |
| ٨٢ | کاروباری کۆمەڵایەتی |
| ٨٤ | کاتێ زاراوەی "دایکسالاری "م کەوتە بەرچاوان |
| ٩٣ | حەیرانی من |
| ٩٦ | نەواخا برایم پاشای مللی |
| ٩٩ | بۆ ئەوەی وەبەر نەعلەتی مێژوو نەکەوین |
| ١٠١ | بە دوای عاتیفە نەکەون |
| ١٠٣ | تەنزیری من |
| ١٠٥ | شۆڕشی کۆمەڵایەتی |
| ١٠٧ | بە یادی ئازیزان |
| ١١٠ | جارێکی دیکە خانەنشینەکان ..! |
| ١١٢ | دەست ڕەنگینی کورد |
| ١١٤ | گۆشت بۆ تۆ .. ئێسقان بۆ من |
| ١١٧ | لە بەدواداچوونێکی دیکەدا |
| ١٢٥ | خوێندن .. مامۆستا .. قوتابخانە |
| ١٢٨ | دیدارێك لەسەر (تاتێ پان) |
| ١٣٣ | لە جیاتی پێشەکی |
| ١٣٧ | مۆبایلی شوفێران |
| ١٣٨ | بۆ وەك ئەوان نەبین؟! (١) |
| ١٤٠ | بۆ وەك ئەوان نەبین؟! (٢) |
| ١٤٢ | بۆ وەك ئەوان نەبین؟! (٣) |
| ١٤٥ | بۆ وەك ئەوان نەبین؟! (٤) |
| ١٤٨ | بۆ وەك ئەوان نەبین؟! کۆتایی |
| ١٥٠ | کاروانی حکوومەتت ئۆغر نەوەی بارزانی نەمر |
| ١٥٣ | بەرەو گوندو زۆم (١) |
| ١٥٧ | بەرەو گوندو زۆم کۆتایی |
| ١٦٠ | فێرتاوکردن .. بەڵام |
| ١٦٢ | منیش فێری سەرپێچی بووم |
| ١٦٩ | ئەسعەد عەدۆ لە نامۆییدا پەیڤی شەرمەزاری لە شەرمەزاریدا دەتوێتەوە |
| ١٧٣ | کەی ئەمە ڕەوایە |
| ١٧٥ | تاشینی وشەی نوێ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| مارشی ناشتن | ١٧٧ |
| ئەم گلەییە کێ دەگرێتەوە | ١٧٩ |
| بەرنامە راستەوخۆکانی سەتەلایت | ١٨١ |
| کێشەی کوڕی پادشای هۆڵندا و کۆچبەرانی کورد | ١٨٦ |
| کۆچکردن .. بەڵام لەڕوانگەیەکی دیکەوە | ١٨٩ |
| جارێکی دیکە راگوێزراوەکان | ١٩٤ |
| بیرەوەری سریفەوانێك | ١٩٦ |
| مالیکی وهاوبیرانی لەبیرەوەریمدا | ١٩٩ |
| رێزلێنان .. بەڵام | ٢٠٨ |
| شەهید عەمەراغا دۆلەمەری .. ئەوانەی تەنیا بۆ کوردو کوردستان ژیان | ٢١٠ |
| کاکی کوردان | ٢١٦ |
| ناصریە لە بیرەوەریمدا | ٢١٨ |
| لیستی ١١٠ | ٢٢٤ |
| ئاسایش، ئاژانس پاراستن | ٢٢٦ |
| خـۆزگـە | ٢٢٨ |
| پڕۆژەی کەلەپووری نەتەوایەتی | ٢٣١ |
| نەریتی کوردەواری | ٢٣٤ |
| جارێکی دیکە بەرەو گوند | ٢٣٧ |
| پێشمەرگە، نەعرەتەی هەلۆ رابن | ٢٤٠ |
| ئارت ئان ئارت aard aan aard | ٢٤٣ |
| نائومێدی | ٢٤٦ |
| ئافرەتی کوردەواری | ٢٤٨ |
| پردێك بۆ دەست لە ملانێ | ٢٥٠ |
| پیاوی کورد | ٢٥٢ |
| جارێکی دیکە پێشمەرگە | ٢٥٤ |
| بارێگران نێچیرڤان | ٢٥٧ |
| نانی کوردان بێ خێیە | ٢٦٠ |
| ئەوێ و ئێرە | ٢٦٣ |
| پیلانی جەزایر | ٢٦٦ |
| نەوەی کۆن و نوێ | ٢٦٨ |
| دەستیشم بە هەویرە هەر ئەوەندەم لەبیرە | ٢٧١ |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| تێکدەرانی وڵات | ٢٧٤ |
| تەنیا تێکدەران | ٢٧٦ |
| دروستکردنەوەی تاکی کورد | ٢٧٨ |
| گەندەڵی ئەخلاقی | ٢٨٠ |
| بوودجە، کارەبا، سووتەمەنی و ئاسایشی نەتەوایەتی | ٢٨٢ |
| نــەورۆز لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا | ٢٨٤ |
| ترافیکی درۆ | ٢٨٦ |
| ڕۆژنامەی هەولێر | ٢٨٨ |
| عیشقی ئەوێ | ٢٩٠ |
| فیقهی واقع (١ – ٢) | ٢٩٢ |
| جارێکی دیکە ڕۆشنبیرانی میللەتەکەم | ٢٩٤ |
| ٦ / کانوونی دووەم | ٢٩٦ |
| ماف ، سەگ، وەڕین | ٢٩٨ |
| ڕێزلێنان | ٣٠١ |
| ئیشکەری ماڵی خۆی خۆشەویستی خەڵکی | ٣٠٣ |
| پێشنیاز | ٣٠٥ |
| ئەقڵێك باشە دوو باشترە | ٣٠٧ |
| خودانێ مولکی نابەردا خولکی | ٣٠٩ |
| برا لە پشت برا بێت | ٣١١ |
| بێخمەی یارو نەیار | ٣١٣ |
| گازاندە لەبرایانی چاو ڕەش | ٣١٥ |
| گازاندە لە برایانی هەولێر | ٣١٧ |
| بۆ ئەوەی نان بۆ قەساب نەبێت | ٣١٩ |
| هوڕێنەکردن | ٣٢١ |
| وەبیرهێنانەوە | ٣٢٣ |
| چەم بێ چەقەڵ نابێ .. بەڵام | ٣٢٥ |
| ڕەمەزانی پیرۆز | ٣٢٧ |
| تەتەری ئەیلوول | ٣٢٩ |
| خوێندنەوەیەك بۆ دوێنێ و ئەمڕۆ | ٣٣١ |
| شعبنا الکوردی | ٣٣٥ |
| وێنەکان دەدوێن | ٣٣٧ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| هەرێ .. قان .. عاپوولّ | ٣٣٩ |
| جوامێری حکومەت | ٣٤١ |
| سێبەری لوولە تفەنگی پێشمەرگە | ٣٤٣ |
| بەرشەلۆنە | ٣٤٦ |
| کیژمان ناوی نارنجۆکە | ٣٤٨ |
| Navigatie | ٣٥٠ |
| داینگــە | ٣٥٢ |
| رەشپێستەکان | ٣٥٤ |
| پەندی کوردی | ٣٥٦ |
| ئامۆژگاری | ٣٥٨ |
| یەکسانی | ٣٦٠ |
| دکتۆری | ٣٦٢ |
| بەدبێژی | ٣٦٤ |
| موژدە | ٣٦٦ |
| جیاوازیەکان | ٣٦٨ |
| جارێکی دیکە دکتۆرەکان | ٣٧٠ |
| چاودێری کۆمەلایەتی | ٣٧٢ |
| شاری یاری | ٣٧٤ |
| هذا من فضل ربي | ٣٧٦ |
| ژینگــە | ٣٧٨ |
| فەلەستین | ٣٨٠ |
| ئیشکەرت بمری، تەکبیرکەرت نەمری | ٣٨٢ |
| سەرقەڵەمدار | ٣٨٤ |
| تەمتەمە بەکوون | ٣٨٦ |
| بەدوعا | ٣٨٨ |
| داعش | ٣٩١ |
| لە شێخ عوبێدوللای نەهریەوە تا مسعود بارزانی | ٣٩٣ |
| نامەکا هێمن ژکریفێ وە | ٣٩٦ |
| لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا " کەرم تێمەوە " | ٣٩٩ |
| جارێکی دیکە تەنزیری من | ٤٠١ |


*** وێنەی سەر بەرگ لە نزیک فرۆشگای شارۆچکەی چۆمان لە ١٩٧٤/١١/٢ گیراوە**